مەسەلەی تونتەکە

3

# پاشەکشێی هەرزان
# ڕۆژگاری سیاسەتی "گۆڕان"

(2008 – 2010)

ستران عەبدوڵڵا

2011

- ناوی کتێب: **مەسەلەی توتنەکە** (3)
- ناوی نووسەر: **ستران عەبدوڵلا**
- چاپی یەکەم: **کوردستان**
- دیزاین: **شۆڕش ئەحمەد**
- تیراژ: **(500) دانە**
- چاپخانە: **چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی**

زۆرمان دی ویستی دۆستی خۆی بخا
کاتێکمان زانی وەک دیوار رووخا
هەندێک بەدایم دەست بەتێڵایە
نازانێ رۆژان رۆژی لەدوایە

**پیرەمێرد**

# پێشەکی

ئەمە بەشی سێیەم و دوا بەشی (مەسەلەی توتنەکە)یە.

هیچ نەبێ لەم قۆناغەدا کە پێم وایە گوڵبژێرێکی وتارەکانی خۆم تێدا کردووە. ئەگەر لە ئاییندەدا هەرسێ بەشم چاپکردنەوە ئەوا یان ئی دیکە دەخەمە سەر سێ بەش یاخود بەشێکی چوارەم دەخەمە سەر سێینەکەی (مەسەلەی توتنەکە).

ئەم بەشی سێیەمە ناوی (پاشەکشێی هەرزان- رۆژگاری سیاسەتی گۆڕان (2008-2010)، بەشی خەم و خەفەتەکانی کوردایەتییە دوای پێکهاتنی بزووتنەوەی گۆڕان کە مەیلێکی بەرتەسکی ناوچەیی هەیە و سیاسەتێکی میللیگەرایی رەچاو دەکات. هیچ نەماوە لێرە بیڵێم لە دەمێکدا سێ ساڵە وەك نووسەر و کادیر و پێشمەرگەیەکی بچووکی کوردایەتی خەباتێکی میدیایی و سیاسیم بۆ بەرچەدانەوەی ئەو بزووتنەوەیە و کەمکردنەوەی ئاکامی سیاسەتە خراپەکانی لەسەر کوردستان دەست پێکردووە. ئەو خەباتە لە چوارچێوەی دیموکراسیی وڵات و بەقەڵەم و کاغەز و زمانە، بەندە و هاوکارە رۆژنامەنووسەکانم هەر ئەم کەرەستەیە شك دەبەین بۆ خەبات و بێ دوودڵیش خستوومانەتە گەڕ.

دەشێ لە کتێبی شەخسیدا پێشەکی نوسین دەرفەت بێت بۆ ئەوەی نووسەر ئازار و مەینەتییە شەخسییەکانی خۆشی باس بکات، بەڵام ئەز لێرەدا هیچم نییە بیڵێم لەوە زیاتر کە لەم گوڵبژێرەدا باسم کردوون.(شایەنی باسە ئەم نووسینانە تەنها نووسینەکانی ماوەی نێوان 2007 بۆ کۆتایی 2010 دەگرێتەوە). لێرە بۆ مێژوو تۆماری دەکەم سا بەڵکو پێچەوانەی قسەکانی نووسەر بسەلمێ و ئیجتهادی ئێمە سەر چیغ چوو بێت؟

بەو حاڵەشەوە کە ئیجتهادمان سەر چیغ چوو بێت، دەمەوێ خوێنەر ئەوە بزانێت لەسەر ئەم نووسینانە نرخی زۆر لە ئاستی شەخسی و لە ئاستی بنەماڵەییش

دراوە. ناشـــرینترین خەســـڵەتی حـــزبەکەی نەوشـــیروان مـــستەفا هەڵمەتـــی خاچپەرستانەیانە دژی هەر کەسێك رەخنەی لێیان هەبێت. ئەمەش جۆرێکە لە ئیرهابی فیکری و مەعنەوی، جۆرێك لە تیرۆریی رۆحییە کە لە پەناو پەسێوی سایتەکان و بە ناوی ئاشکرا و خوازراوەوە لە میدیاکانی خۆیان و میلیشیا میدیاکانی سەر بە خۆیان و دۆستی خۆیانەوە بەرپای دەکەن.

هەڵـــبەت نـــابێ ئەم هەڵـــمەتە خاچپەرســـتانە بمانترســـێنن و لێـــرە وتەیەکـــی رۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی دێنمەوە کە لە فیلمی (هیتلەر-هەڵکشانی شەڕ)دا فیلمەکەی پێ کۆتایی دێت: ((خێر بۆ سەرکەوتن پێویستی بە هاوکارییە، بەڵام شەڕ بۆ ئەوەی سەربکەوێت هەر ئەوەندەی بەسە لێی بێدەنگ بیت))بۆیە با لێی بێدەنگ نەبین.

**ستران عەبدوڵڵا**
2011/4/23
**سلێمانی**

هەواڵنامەی کتێب

بەشی سیانزەیەم

# دونیای پێش 2009/7/25!

## (ئێمەو ئەوان) دابەشکردنێکی دینییە

مەسەلەی کوردستان وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی بندەست دەورانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. ئەوی ئەمڕۆ بەدەستهاتووە لەسەرووەری و لە کەموکوڕیش بەرهەمی تێکۆشانی رابردوو و هەوڵەکانی ئەمڕۆیە. لەسەر دینگەی ئەوە دەتوانرێ کار بۆ ئایندە بکرێت. هەر سیاسەتێکی ئەمڕۆ هەڵتۆقیوی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو لەسەر ریڕەوە ئەسڵییەکە بەڕێوە دەڕوا. لە چاکەکانی دوێنێ بەهرەمەندە و ئەگەر پێشتر کەموکوڕییەکانی باش چارەبکرایە، ئەمڕۆ نەوەیەکی نوێ لە سیاسەتکاران سەرقاڵنەدەبوون بەدابینکردنی پێویستییەکانی سەرکەوتنی.

ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە بۆ کەس ماڵی ببوایە نەدەگەیشتە خەڵکی تر و ئەگەر ئەوانەشی کە خۆیان دەڵێن ئێمە مشوری باشیان بخواردبایە، نەدەگەیشتە نەوەیەکی نوێ کە لە عیراقی دوای سەدامدا یاریدەی مام جەلال عەرابی کوردایەتی هاوچەرخ، بدەن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنە سیاسی، یاسایی و دەستوورییەکانی یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە. مەعلوم ئەگەر ئەوانەی پێش نەوەی نوێ لە گۆڕەپانەکە هەر رۆژ بە بیانوویەکی ناجۆرەوە پاشەکشەیان نەکردبایە فرمێسک و خوێنێکی زۆر و کاتێکی زیاتر بۆ کورد دەگەڕایەوە.

بەڵام بەکێ دەڵێی کە دڵ تەنها بە شکاندنی رۆڵی خەڵکانی تر ئاو دەخواتەوە؟ بەکێ دەڵێی کە چاویان بەرایی نایات پێشمەرگەی نەبەردی سیاسیی نوێ ببینن؟ چۆن قبوڵ دەکەن خەڵک ئەو مەیدانە پڕ بکاتەوە کە ئەوان لەسەر ویستی خۆیان چۆڵیان کردووە؟ ئەمە ئەو فەسڵە شاراوەی تەختی شانۆی کوردستانە کە ئەوی لەوان (یانی لەئێمە) نەبێت دوژمنیانە و ئیرهابی مەعنەوی لە دژ بەرپا دەکەن. ئەو فەسڵە شاراوەیە نایەوێت سیاسەتی

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان کارەکتەریی نوێ خزمەتی بکەن و لەم پەستانی خوێنە دەربازی بێت بۆ ئەوەی تا ئەبەد بیانووی تانە لە کەموکوڕییەکانیان هەبێت.

## لەپانتایی خۆڵەمێشیدا

هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نییە کە خۆت لە قەڵایەکدا قایم بکەیت و شاگردەکانت هان بدەیت تانە لە نیشتمانپەروەریێتی و ڕۆڵی خەڵکانی تر بدەن کە تا دوێنێ هاوسەنگەر و هاوڕێبازت بوون. وەک بڵێی خەتمی نیشتمانپەروەریی و دڵسۆزی تەنها موڵکی دەستەیەک بێت.

لەوە ئاسانتر نییە ئەوەی لە مەیدانی نەبەردیدا ماوە و کاردەکات بە بەرژەوەندیخواز لە قەڵەم بدەیت وەک بڵێی بەرژەوەندی شەخسی تەنها لە بەغدا مەیسەربێت. هەموو عاقڵێک دەزانێ ئەوی لە بەغدا مشەخۆرێکی کورد بێت، ڕەقیبە عەرەبە سوننە و شیعەکان لەسەری دەیکەنە هەڵڵا. بەڵام ئەوی لە کوردستان بینای دەوڵەت و زەویوزاری وڵات بۆخۆی "مسادەرەی شۆڕشگێڕیی" بکات، ئەوا کەس لێی ناپرسێتەوە، چونکە کوردستان شاخ و داخە و ساغکردنەوەی ئەم شتانە وەک جیاکردنەوەی شەکر و خوێیە لەیەکتری. بەکێ دەڵێی کە کێ کیسەی ئاشکرا و کێ پەنهانە مادام لە کوردستان میدیا یان بەمیللیگەرایی "شەعبەویەت" کاردەکات، یان لە پەناوپەسێوی سایتەکاندا بە دەموچاو پێچراوی خۆی شاردۆتەوە.

بێگومان ئێستا شاگردەکان ئامادەی ڕەشنووسێکن کە بڵێن ئێمە بەم وەزعەوە ماندووبووین و هەقی خۆمانە بێ ئەملاولا بەشی خۆمان هەبێت، بەڵام ئەم حوجەتە ئەگەر بۆ ئەوان راست بێت بۆ هەموو کەسێکی تری ماندوو راستە، ئەڵڵاهومە مەگەر وەک خانمی ڕێکخراوێکی خانمان لە پاکانەی چەند ژنەی سەرکردەی حزبەکەیاندا وتبووی ئاخر ئەم شتە هەر لەخۆی دێت! شاگردەکان دەتوانن بڵێن ئەو ئیستسنائە هەر لەخۆمان دێت. بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئیستسنا یەکەم پاچە کە لە تەلاری چاکسازی و عەدالەت دەدرێت.

جا ئەبێ شاگردەکان بۆمانی ڕوونبکەنەوە بۆچی دەبێ ئەوی لەودیو حەمرین بوو و داکۆکی لە کورد کرد کورسی پەرست و بەرژەوەندخوازە، لێ ئەوی

چەند ساڵە لە کوردستان خەباتگێڕەکانی بە ململانێی ناوخۆوە مژوڵکردووە و "ناکۆکی لاوەکی ناوخۆی هەناوی بزووتنەوەکەی لە جێی ناکۆکی سەرەکی کە ململانێی ساغکردنەوەی بەشی کوردە لە عیراق داناوە" پاکژو بێ کەموکوڕییە؟ بۆچی ئەوی لەناو تۆڕی ئیرهاب و ململانێی قەومییە عەرەب و ئیسلامییە توندڕەوەکاندا سەنگەری پێشەوەی داکۆکی لە کوردی ئاوەدانکردۆتەوە بەدیار مەنجەڵی بەرژەوەندییەکانەوە دانیشتووە، بەڵام ئەوەی بەناوی گۆڕانەوە شەڕی دەسەڵات دەکات بەدیار چییەوە دانیشتووە؟

**مانەوە یان وازهێنان؟**

هەن دەیانەوێ هەموو خەمساردی و بێتاقەتییەک بە ئازایەتی و دەستبەرداربوون لە پلەوپایە بناسێنن، بەڵام تەجروبەی سیاسی چەند دەیەی کوردستان پێماندەڵێت هەموو کشانەوەیەک زوهد و تەوازوع نییە و هەموو مانەوەیەکیش لەمەیدانی نەبەردیدا مانەوە بۆ بەرژەوەندی و کەڵەکەکردنی دەسکەوت نییە. بەڵکو تەجرەبەی کوردستان پێماندەڵێت هەندێک پاشەکشە هەیە هی کەم تەحەمولی و هی بێتاقەتییە، هی ئەوەیە لەگەڵ کاری دەستەجەمعیدا هەڵناکەیت و خەڵکت پێ گەمژەیە تا ئەو ڕادەیەی تەحەممول ناکرێن. لەم حاڵەتەدا مانەوە لە مەیدانی نەبەردی سیاسییدا ئازایەتی و بەجەرگیی راستەقینەیە.

دۆخی کوردستان لەوە ئاڵۆزترە بە دوانەی ئێمە و ئەوان، بە تەفسیری "هەموو پلەدارێک گەندەڵە و هەموو ئۆپۆزسیۆنێک فریشتەیە" پۆلین بکرێت. ئەوە گشتاندنێکە بۆ شاردنەوەی ململانێیەکی تر لەنێوان نەوەکان. دوانەی دەسەڵاتی بەرژوەندخواز و رەخنەگرانی "رومەت گەشی وەکو گوڵی بێگەرد" دابەشکردنێکی دینییە تا دابەشکردنێکی سیاسیی کە سیاسەت شەئنێکی دونیاییە. لەوە نزیکتر لە واقیع ئەوەیە سیاسەتیی کوردی ئاوسە بە تەکنیک و ستایڵی نوێی سیاسیی. بەڕێز مام جەلال رابەری رێگەخۆشکردنە بۆ ئەم ستایڵە تا کوردایەتی هەمیشە گەشاوە بێت و بەشی ئەرکەکانی ئایندە وزە و تینی کاری پێببێت. ستایڵێک دەڵێ قەرار نییە کورد هەر لە قەدەری گۆشەگیری و

دابڕاندا بمێنێتەوە، بەڵکو کاتێتی کورد توخمێکی تازەی سیاسەتی ناوچەکە بێت و لەم ڕێگایەشدا تووشی تەنگژە و گرفت دەبێتەوە.. ڕێی دروست هاوکارییە لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو تەنگژانە نەک کردنی بەبۆنەیەک بۆ موزایەدە و گاڵدانی خەڵک لەسەر شێوازی کەناڵی جەزیرە.

نیشتمانپەروەریتی و ڕۆڵگێڕان مۆنۆپۆلی دەستە و تاقمێک نین. مەسەلەی کوردستان موڵکی کەس نییە بە تاپۆ و میرات بۆی مابێتەوە. لەجێی ڕەخنە لەخۆگرتن کە لەبەغدا پشوویان کورت بوو لەیارمەتیدانی مام جەلال و لەکوردستانیش نەیانتوانی ئەرکە حزبییەکانی ئەو رایی بکەن. کەوتوونەتە تانە لە کارو کۆششی مام و بگرە هانی شاگردەکان دەدەن کە بەناوی ڕەخنەو دیموکراسییەوە پەلاماری بدەن بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی پەلاماردانی مام جەلال لە هەمان کاتدا پەلاماردانی زیاتر لە سی ساڵ خەباتی هاوبەشە.

ئەوی کاردەکات بێگومان کەموکوڕی هەر دەبێت، لێ بەس نییە ئەوە هەوڵێکە بۆ خزمەت. جا ئەمێنێتەوە ئەوەی خۆی مەیدانەکەی چۆڵکردووە و لە دوورەوە دەرسی خەڵکی تر دەدات. لەجێی ئەوەی بە خیبرەو ئەزموونی خۆی بێت بەشداری بکات، دەچێ لە مینبەرە گشتییەکانەوە تانەیان لێدەدات. بێگومان کوردایەتی بەزمانی شیرینی کوردی لەم هەلومەرجەدا لێی ئاسانتر نییە، بەڵام کوردایەتی بەزمانی عەرەبی و لەناو گێژاوی عیراقدا کوردایەتییەکی زەحمەتە. ئەوی جۆری دووەم لەژێر گوشاری عروبە و ئێستاش خەنجەری هاوسەنگەرەکانی دوێنێدا ڕێگا بۆ هیوا دەکاتەوە. خەنجەری هاوسەنگەران خەریکە حەز بکات ئاساری لەسەر پاتاری نەمێنێت تا بڵێن نەمانوت؟ چیتان وت جیاواز لەو ئەدەبیاتەی تانە لە دڵسۆزی خەڵکی تر دەدات؟ چیتانوت کە مەسەلە کاری دەوێت نەک گوتار؟ چیرۆکی کوردایەتی و داخوازییەکانی بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە، لێ ڕێگای گەیشتن بە کۆتایی چیرۆکەکە گرانە و هونەری ڕاستەقینە لەوەدایە. لێ ناشێ هەر ڕۆژەو بەزمێکی بۆ سازبکرێت. ڕێگای کۆتایی چیرۆکەکە پشوودرێژی دەوێت، ئامادەسازیی دەوێت، ئەوەی دەوێت پشتی بەرەکە سارد نەکرێتەوە، ناکۆکی لاوەکی جێی سەرەکی

نەگـرێتەوە و کەرکـوک نەکـرێتە فەلەسـتینێک بـۆ پاکتـاوکردنی حیـساباتە سیاسییەکان.

**ڤیتارەکە بەردەوامە**

ئەمە بەس لە کوردسـتان دەقەومێـت کە هەنـدێک لەوانەی بەهـۆی کەم حەوسەڵەییەوە بزووتنەوەی سیاسییان بەم دەردە بـردووە بکەونە تانە لەوانەی هەوڵدەدەن ئەوی ماوە لە ئەرکەکانی کوردایەتی تەواو بکەن.

تێکۆشـانی سیاسـیی و هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریتی هێڵـی شـەمەندۆفەرێکی دوورودرێــژە، ئەوی هــیلاک دەبێــت دەتوانێــت دابەزێــت و هــی دیــکە سـەردەکەون. بەڵام ئیتـر پێویـست ناکـات دوای دابەزیـن نەفـرەت لە کـاپتنە مــوحەنەکەکە، لە یاریــدەدەرەکانی، لە شــەمەندۆفەرەکە و سەرنــشینەکانی بکرێــت. دونیــا بچــووکە، ئەوی ئەمــڕۆ تــانەی لێــدەدەیت خوانەخواســتە بێدەسـەڵاتیش بێـت دەسـت و دەم و قەڵەمـی هەیە و ئەویـش دەتـوانێ بە راسـتەو پرگـاڵی ئێـوە مەسـەلەکان بپێـوێ. ئەویـش دەتـوانێ لە دیموکراسـیی کوردسـتان بەهرەمەنـد بێـت. کە وا ناکـات ئەوا لە مـافێکی خـۆی خـۆش بـووە نەک لەبەر ئەوەی حوجەی لاوازە.

جا پێش ئەوەی دەروێشەکان دەست بەلێدانی دەفی تەکفیـر بکەن لەسـەر ئەوانەی وەک ئەوان بیـر نـاکەنەوە و تێڕامـانێکی جیاوازیـان هەیە بـۆ ڕێـڕەوی رووداوەکانی کوردستان، بـابزانن خەڵکی جیـاواز لە ئێـوە حـورمەتی رابردووتـان دەگرێت و ئوسوڵی شۆڕشگێڕیی و ئەقدەمیەت ڕەچـاو دەکەن، لێ ئەمە دەبێ دەرکەوتێکی دوو سـەرەبێت. یـانی دەبێ پـێش هەمووکەسێـک خـاوەنـانی تێـزی (ئێمەو ئەوان) حورمەتـی ڕەوتـی هاوخـەباتیی لـەگەڵ مـام جـەلال بەگەشـاوەیی بپارێزن تا نەوەی نوێش بڵێن "منکم نتعلم".

*گۆڤاری هەفتانە" ژ: 22 لە 8/2/ تەشرینی دووەم 2008.

# مانەوە لە مەیدانی نەبەردی

ئەگەر لە کوردستان قاعیدە و نەزم و ئوسول و حیسابی با، چۆن بەم ئەنارشیزمە ڕازی دەبووین کەقاعدین موزایەدە بەسەر موجاهیدینەوە بکەن؟

لە کوردستان سیاسەتێکی ژیرانەمان پێویستە کە مەزندەی تەرازووی قازانج و زەرەر بکات لە هەر هەنگاوێکی سیاسییدا، واتا سیاسەتێک ڕۆڵی کارەکتەرەکان هەڵبسەنگێنێ وهەقی خۆیان بداتێ. ئەوی چاکی کردووە چاکوچۆنی وماندوونەبوونی لێ بکرێت وئەوی خراپی کردووە یارمەتی بدرێت کە بچێتە سەر تەرازووی هەڵسەنگاندنی زیان وقازانج. بۆیە زۆر دۆسێ لەم وڵاتەدا یەکلایی نەبۆتەوە. چونکە پێوەرێک نییە کە بتوانیت بیکەیتە پایەی بەراورد لەنێوان ئەوەی دەبوایە بکرێت و ئەوەی کارەکتەرەکان لە مێژووی هاوچەرخماندا کردویانە.

ئەمە جۆرێکە لە ئیزدواجیەتی سیاسیی کە مرۆڤ سیاسەت تەنها لە ڕەخنە و نوقورچ و توانجگرتندا کورتبکاتەوە. سیاسەتی کارای ئەمڕۆ سیاسەتی بەشداری و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و لەهەمانکاتیشدا پێداچوونەوەی ڕۆژانەیە بەوەی کراوە و بەوەی ماوە. بێکەس وتەنی (کوردایەتی خورمایە بۆچی یان قسەی شەیتانییە؟).

لە کوردستان سروشتێکی کۆمەڵایەتی خۆی خزاندۆتە ناوی کایەی سیاسییمان: ئەوی کار ناکات و قایل نییە ناونیشانێکی بەرپرسیارێتی هەبێت لە هەموو لایەک زیاتر رەخنە وگلەیی لە ئەدائی سیاسەتی رەسمی کوردستانیی هەیە، چ لە کوردستان وچ لە بەغدا.

ئەوی کار ناکات بێگومان لە ڕووکەشدا بێ کەوکوڕییە، چونکە کار ناکات تا هەڵیبسەنگێنین و لەتەرازوی زەرەر و قازانجدا هەقی خۆی وەربگرێت. بەڵام

ئەگەر لێی وردبینەوە گەورەترین کەموکوڕی پاشەکشێیە لەدۆخێکدا دەبێ لە ڕیزی پێشەوە بین.

ئەوەشی کار دەکات بێگومان بێ کەمووکوڕی نییە، بەڵام گەورەترین دەسکەوتی هیمەتی کارکردن و لە مەیدان مانەوەیەتی لەوەختێکدا ئەوانی تر بێتاقەت دەبن. هیچ نەبێ کارگەر کۆششی (ئیجتیهاد)ی بۆ حیساب دەکرێت. (فضّل الله المجاهدین علي القاعدین درجة).

دەرکەوتنێکی دیکەی نەبوونی پێوەر لە کوردستان ئەوەیە فێڵی سیاسیی هەمـوو تـوانج و ڕەخنەیەکـی نـاجۆریش بەشۆڕشـگێڕیتی و ئـازادیخوازیی دەناسێنێت. لە بەرامبەریشدا هەموو بەرەنگارییەک بۆ ئەرکە گشتییەکان و چۆڵنەکردنی مەیدان تا نەبەردییەکە بەلایەکدا دەخرێت بە بەرژەوەندی دەسەڵات و مانەوە لە کورسی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەخوێنێتەوە.

ئەمەش ئەوپەڕی ئەنارشیزم و شەعبەویەتە.

دەبێ لە سیاقی هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا سەیری (پاشەکشێ) و (لەمەیدان مانەوە)بکرێت، نەک هەر بە پچڕ کراوی. سیاقی گشتی قازانجی گشتی مەسەلەی سیاسیی کوردستانە. ئایا ئەم ئاڕاستەیە خۆدزینەوە دەخوازێت یان مانەوە لە پێگەی دەسەڵاتداریتی بۆ ململانێکاری لەڕێی بەرژەوەندی نەتەوە و وڵاتدا؟

هەر لەم چوارچێوەیەشدا دەبێ مانەوە، یان پاشەکشێی کورد لە بەغدا هەڵبسەنگێنین. نەک لەچوارچێوەی پاکتاوکردنی حیساباتی باڵباڵێنە وململانێی شەڕی کۆنەقین، یان لەچوارچێوەی هەڵچوونی ناسیونالستیدا. چونکە هەر بۆ نموونە، پێگەی دەسەڵاتداریتی وای کرد ڤیتۆی پیلانی 22تەموز بکرێت و لەتەنگژەی خانەقیندا کێشەکە لەسەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی دیبلۆماسیدا لەبەغدا چارەبکرێت. نەک لەناو قسەلۆکی میدیا لۆکاڵییەکاندا.

لەم سیاقەدا دەزانین هەموو پاشەکشێیەک زوهد و هەموو مانەوەیەکیش بۆ بەرژەوەندی شەخسی و دەسکەوتی ماددی نییە.

ئەمە تەفسیرکردنێکی دینیانەی دونیایە کە بە پێوەری مۆراڵی خێر و شەڕی موتڵەق ئەدائی کارەکتەرەکان بپێورێن، کاری وا لە سیاسەت، کە شەئنێکی

دونیـاییە، هەرگیـز نابێـت و ناتوانێـت وێنەیەکـی سـاغمان لەسـەر ململانێکـانی هەناوی کوردایەتی بداتێ.

ئەمە نیفــاقێکی سیاســی گەورەیە بەرژەوەنــدخوازیی تاکەکەســی تەنهــا لە پێگەی دەسەڵاتدارێتی رەسمی تەماشا بکرێن. دەشێ بەرژەوەندیی لە شوێنی دیکەش بپارێزرێت.

دەشــێ هــەنــدێک جــار بــەرژەوەنــدی لــەوەدا مــەیــسەر بێــت کــە "تیــپ هەڵبوەشێتەوە" بۆ ئەوەی کەس نەزانێ تۆپ و کەرستەکانی یاری جێ لێهات و کێ دەستی بەسەر دەگرێت؟

بـۆ دەبـێ تێکۆشـان لەودیـو حەمـرین دانیـشتن بێـت بە دیـار بەرژەوەنـدییە کەڵەکەبووەکانەوە. ئای کوردایەتی بەزمانی عەرەبی چەند دژوار و ئاڵۆزە، وەک شەڕ کردن لەسەر زەمینی نەیاران وایە.

گرنـگ ئەوەنیـیە لەکوێ دەجەنگینـی گرنـگ ئەوەیە جەنگەکەمـان رەوا و بـۆ کوردایەتی ودیموکراسی بێت.

*هەفتانە: ژ:17 لە 21-27ی ئەیلولی 2008.

هەموو نامەی کتێب

# بونیادی شکست

شکستی پـرۆژەی کـاک نەوشـیراون لەبونیـادی پرۆژەکەیـدایە. ئەم بیروبۆچـوونە گەلێـک جـار لەگەڵ کەسـە نزیکەکـانی گروپـی کـاک نەوشـیروانیش گفتوگـۆم لەسـەر کردووە. پرۆژەیەک لەبونیادی خۆیدا گرفتی هەبێت جۆری دروشم و بانگەوازەکانی بـا کەمتـرین یـان زۆرتـرین رەوایەتیـشی تێـدابێت ناتوانێـت پارسـەنگی بـۆ بـداتەوە. کەموکـورِی لەبونیـاددا دەبێـتە لەمپەرێکـی گەورە لەبەردەم سـەرکەوتن بە هەمـوو جۆرەکانی سەرکەوتنەوە: زاڵبوون بەسەر ئەوانیتر یان ناچارکردنیان بەوەی تێزەکـانی ئەو قبـوڵبکەن یـان تەنـانەت خۆجیـاکردنەوە لەرووی ئۆرگـانی و بەرنـامەو کارکردنیشەوە. هەڵبەت لێرە بەو گریمانەیە قسە دەکەم کە بە فیعلی پرۆژەکەی کاک نەوشیروان (ریفۆرم) بێت نەک داوا بۆ پاوانکردنی دەسەڵات. لێرەدا هەوڵـدەدەم چەنـد لایەنێکی ئەو بونیادە شیبکەمەوە.

هەولێرنامەی کتێب

### 1

### ریفۆرم یان چاکسازیی بە ئامرازی جیاواز دەکرێت

لەیەکەم یاداشـتەوە لەسـاڵی 2004 تـا دوا نووسـینی لە 2008دا، کـاک نەوشـیروان بـژارەی کودەتـاو بەکارهێنـانی تونـدوتیژی رەتنەکـردۆتەوە. رەنـگە ئەمە لای خـــۆی و لایەنگرانـــی بە جۆرێـــک لەتەمـــومژێکی بونیـــاتنەرانە لێکبـدرێتەوە، جـۆرێکە لەچانـدنی تـرس لەدڵـی ئەوانیتـرو خـۆ نمایـشکردنێکی هێـزدارییە تـا (لایەنگرەکـان) بمێـنن و هەسـت بە هێـزی خۆیـان بـکەن و نەیارەکانیش (بترسن)، بەڵام لەراستیدا ئەم تەمومژە لەحاڵەتی وادا بنیاتنەرانە نییە، بەڵکو روخێنەرو مـایەی تەکاندنەوەی لایەنگـران و ئەستووربوونی باسـکی (نەیارەکـان)ە، چـونکە ئەمە وا لەوانە دەکـات کە جیـاواز لەو بیـردەکەنەوە

ئەوانیش تەگبیری خۆیان بکەن و لێنەگەڕێن کودەتا بەسەر تەجرەبەیەکی کوردستانیدا بکرێت کە دەیان ساڵە کورد خەباتی بۆ دەکات و خوێنی بۆ دەڕێژێ. مەسەلەی ئەوەی کاک نەوشیروان بەشدارێکی کاریگەری ئەو خەباتەیە نابێتە پاساو بۆ مافی کودەتا بەسەرکردنی. نابێ لەبیریشمان بچێت کە (شۆڕشگێڕێکی راست و رەوان) و ریفۆرمیستێکی راست و رەوان ئەگەرچی بۆ ئامانجی رەوا تێبکۆشن، بەڵام لەشێوازی کارکردندا گەلێک جیان. بە تایبەتی ئەگەر کارکردن بۆ ئامانجەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی خۆماڵی تازە جێگیرکراوبێت (حزبی کوردی و دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردی) کە لەباری نەتەوەییەوە تازە لەخەم رسکاوەو لەباری ئەزموونیشەوە بە قۆناغێکی ئینتیقالی دیموکراتیدا تێپەڕ دەبێت. زوو یان درەنگ بڕینی قۆناغەکەش، ئەگەر کەموکوڕیش، بێت کاک نەوشیروان ناتوانێت خۆی لەو کەموکوڕییانە بێبەری بکات. ئەویش کوڕی هەمان فەزای سیاسییەو پێویست دەکات لەچەند نموونەیەکی پراکتیکیدا دەریخات کە دیموکراتخوازێکی جیاوازە. جا لەحاڵێکی وادا ریفۆرمیست هەم لەباری ئەو کایەی ریفۆرمی تێدا دەکات و هەم بە سروشتی ریفۆرمخوازی خۆی دەبێ دژی توندوتیژی و کودەتاکردن بێت. کودەتا هێزی دەوێت و ئەوەی هێزی لایە ئەگەر بەشداری پرۆسەیەکی وا بکات دەبێ: 1- لەسروشتی کاری خۆی لابدات، بە تایبەتی بۆ پێشمەرگە کە راستە وەکو سوپای نیزامی نییە، بەڵام ئەرکەکەی هەمان ئەرکی پاراستنی کوردستانە، هەروەک بۆ هێزە ئەمنییەکان چ لەحکومەتدا بن یان لەئاستەکانیتر، ئەوانە قەرار نییە وەزیفەی یەکلایکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان بگێڕن. 2- لەهێزە هاوشێوەکانی خۆی لەسەر بنچینەی وەلا بۆ کاک نەوشیروان جیابێتەوەو ریزی هاوسەنگەرەکانی خۆی بشەمزێنێ. 3-هێزی چەکداری ئەگەر موخاتەرەی وا بە خۆیەوە بکات کە لێپرسینەوەو سزای سەربازی و پێشمەرگانەی توندی بەدواوە بێت، بێگومان دەبێ لەحاڵی سەرکەوتنی کودەتادا دەستکەوتی لەوە گەورەتری پێببڕێت کە لەموخاتەرەی کودەتاکردنی زیاتربێت. مەرجیش نییە ئەو دەسکەوتەی بە دەستی دێنێت یان پێی دەدرێت لەپاداشتی کودەتاکەدا، رەواو دادپەروەرانە بێت. ئەمەش واتا

کودەتایەک هەم دۆخی سیاسی وڵات و ئارامی کۆمەڵ دەشێوێنێ و هەمیش بە پێچەوانەی ئیدعاو دروشمی جێبەجێکارانەوە نارەوایی و ناعەدالەتییەکی نوێ بەرهەم دێنێتەوە کە دەشێ ناوی (گەندەڵی کودەتایی) لێبنێین. 4-دیارە لەژینگەی کودەتاو بەرنامەڕێژی بۆ هەڵکوتانە سەر دامودەزگاکانی دەوڵەتدا پڕۆژەی (ریفۆرمخواز)ی ناتوانێت ریفۆرمیستە هێمن و لەسەرخۆو شێنەییەکانی کۆمەڵگە بۆ لای خۆی کەمەندکێش بکات و ناشتوانێت چاکسازیخوازە راستەقینەکان لەدەوری پڕۆژەکەی کۆبکاتەوە. رەنگە ئەمەش تەفسیری ئەوەمان بۆ بکات بۆچی پڕۆژەکەی کاک نەوشیراون نەیتوانیووە چاکەخوازو گۆڕانخوازەکانی ناو حزب و فراوانتر لەوەش ناو کوردستان، بگەیەنێتە قەناعەتی باوەڕهێنان بە (بەرنامەکە)ی. بۆیە سەرەنجام ئەم بەرنامەیە مەیلێکی فەوقی و تاکە کەسی لەخۆگرتووە کە لەغیابی پشتیوانییەکی میللیدا پەنا بۆ کودەتا دەبات، نەک گۆڕانی شێنەیی. تێکەڵکردنی دوو تێزی کارکردنیش شکست و شێوان بەرهەم دێنێت.

2

## لۆکاڵ یان کوردستانیی؟

(ریفۆرم) پرۆسەیەکی سەرتاسەریی کوردستانییە: گۆڕان و ریفۆرم یان تەنانەت هەر پڕۆژەیەکی سیاسی دەبێ وڵاتگیر بێت. واتا سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە لەکاتێکدا کارەکتەری پڕۆژەی (ریفۆرم) لەچەندین ئاستدا گرفتی لەگەڵ روانینی سەرتاسەریدا هەیە. ناتوانرێت پڕۆژەکەی بەپڕۆژەیەکی سەرتاسەری وڵات بزانرێت. ئەگەرچی کاک نەوشیروان یەکێک لەتیورسێنەکانی ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێیە کە شۆڕشێکی سەرتاسەریی کوردستانییەو دیدی ئەم شۆڕشە لەسەر کوردستانی عیراق، پرسی عێراقێتی و پرسی بەشەکانی تری کوردستان روونە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا لەدوو ئاستدا هەست بەپاشەکشێ و پاشگەزبوونەوە دەکرێت لەو مەنزومە فکرییەی کاک نەوشیروان: ئاستی تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ چالاکەکانی شارەکانی کوردستان: هەولێر، کەرکوک و لەگەڵ فەیلی و ئێزدی و بادینی. ئاستی

دیکەش تەرکیزکردنە سەر جوگرافیای سلێمانییە بۆ کارکردن. ئەم دەستنیشانکردنە شتێک نییە بەندە پەیم پێبردبێت و کەس پێی نەزانێت، بەڵام شتێکیش نییە لەنووسینێکی ئاشکرای کاک نەوشیرواندا هاتبێت. ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵتر دەخوازێت تا لەنووسینەکاندا ئەم مەیلە دەربخرێت، بەڵام لێرەدا دەمەوێ دوو خاڵ باسبکەم: یەکەم: لەهەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیدا هەرێمێک یان شارێک بەهۆی ئاستی پێگەیشتنی رۆشنبیری و سیاسی، هەڵکەوتی جوگرافی، مێژووی دروستبوون و گەشەکردنی رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەپێکهاتن، لەگەشەکردن، لەسەنترالیزەبوون و ئینجا لەسەرکەوتن و یەکلاییکردنەوەی بزووتنەوەکەدا. لەبەرئەوە ئەم شارە دەبێتە ناوەندێکی چڕکردنەوەی تواناو وزە سیاسییەکانیی بزووتنەوەکە. شاری سلێمانی لەبزووتنەوەی کوردایەتییدا ئەم پێگە گەورەیەی بۆخۆی دابینکردووەو شایستەشێتی. لەبەرئەوە ناولێنانی پایەختی شۆڕشگێری کوردستان (شاری هەڵمەت و قوربانی) نازناوێک نییە پێی بەخشرابێت، بەڵکو ناونیشانێکە بەخوێن و فرمێسک و دڵۆپی ئارەقی ماندوبوون بەدەستهاتووە. هەروا ئەم قەدەرەی سلێمانی گرێدراوی قەدەری جوگرافیای کوردستانە. سلێمانی بۆئەوەی هەمیشە پایەختە سیاسییەکە بێت، بۆئەوەی بەسیما، جەوهەرو ناوەڕۆکیش سلێمانی بێت، دەبێ لەکوردستان و مێژووی خەباتی شارەکانی دیکە دانەبڕدرێت. رووتکردنەوەی سلێمانی لەخەسڵەتە کوردستانییەکەی تێنەگەیشتنە لەدینامیکیەتی پێکهاتنو گەورەبوونی سیاسی سلێمانی. بەتایبەتی بۆ رۆڵی سلێمانی لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا. پاراستنی سەنگی سلێمانی لەکوردستانو پێشڕەوایەتی لەکوردایەتی و کوردەواریدا بەوە نابێت کەلەهەموو ململانێیەکی سیاسی نێوان حزبەکان، لەناو هەناوی حزبەکەدا سلێمانی ببێتە دەسکەلای دابەشکردنی ململانێکان. وەکو چۆن تایبەتمەندێتی کەرکوک وەک ناوچەیەکی زەوتکراوی کوردستان لەیادەوەری سیاسەتی کوردیدا مانای ئەوە ناگەیەنێت کەرکوک ئەم تایبەتمەندییەی خۆی بکاتە دەسکەلا بۆ (دەسکەوتی بەرتەسک) لەناو حزبەکەدا. چونکە بەمە لەجێی ئەوەی کەرکوک بێتە خاڵی ململانێمان لەگەڵ نەیاران، دەبێتە خاڵی ناکۆکی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی. لەراستیدا

ئیشی سەرکردە سەرتاسەرییەکان نییە کە شارێتی بکەنە نیازی کارکردن. خزمەتی شارەکان کاری ئەنجومەنەکانی شارەوانی و پارێزگاکانە یانی ئیشی سەرکردە لۆکاڵییەکانە کە بێگومان ئیشێکی زۆر زۆر گرنگە، بەڵام جێی بزووتنەوە نیشتمانییەکە ناگرێتەوە. ئەگەر کەسێک بخوازێت لەسەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی بێت دەبێ هەموو نیشتمان کێوماڵی سیاسەتکردنی بێت. شارەکانمان خۆشەویستن و هەرکەس شاری خۆی خۆشنەوێت ناتوانێت خزمەتی نیشتمانە گەورەکەی بکات، بەڵام ئەمە جیاوازە لەئاراستەی ناوچەگەرێتی و شارێتی کە گوزارشتە لەپاشەکشێیی روانینی کوردستانی نەک لەپێشکەوتنی. هەروەکو خزمەتکردنی سلێمانی وەک شاری ناوەندیی بزووتنەوەی شۆڕشی نوێ بەدەستبەرداربوون لەیەکێتییەکەی سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو بەمانا لەناو ئەو یەکێتییەو پەرەپێدانی دابێت. دووەم: رۆڵی هەرێمو شارەکان لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیدا مێژووی جیاجیای هەیە لەنەبەردی و سەرووەریدا. کۆمەڵی هیچ نەتەوە یان وڵاتێکیش سەد دەرسەد هۆمۆجین نییە، بەڵکو لەو وڵاتانەی خەر هی نەتەوەیەکیشن ئەگەر باش لێی وردبینەوە فرەیی چ لەکەڵچەر، چ لەمەزهەب و لەئەتنیکیش دەبینین. ئەمەش وادەکات رۆڵیان جیاوازبێت لەبزوتنەوەی رزگاریخوازیدا، بەڵام رۆڵێکی بێ کاریگەر نییە. سڕینەوەی رۆڵی گروپە جیاوازەکان لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی بۆ هەر گروپێک بە بیانووی جیاجیا بزوتنەوەی رزگاریخوازی تەنگ دەکاتەوە، لەوزەی یەدەکو ناوچەی فراوانی تێکۆشان بێبەش دەکات. ئەمە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتیش راستە وەکو چۆن بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبیش هەر راستە. ئەزموونی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەچەند وێستگەیەکدا کارێکی وایکرد بزووتنەوەکەی یەکسان بێت بەعەرەبی سوننەو لەناو ئەوانیشدا عەرەبی سوننەی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو. بەمەش شیعە، عەرەبی مەسیحی و...هتد کرانە دەرەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبییەوە. بەداخەوە مەیلێک هەیە کە دەخوازێت بزوتنەوەی کوردایەتیش والێ بکات گروپە پەرتەوازەکانی خۆی دووربخاتەوە. بەشێک لەسیاسەتە تازەکانی کاک نەوشیروانیش دەچێتە هەمان جۆگەلەی بەرتەسککردنەوەی سیاسەتی

کوردییەوە. جا سیاسەتی بەرتەسکی وا نەدەتوانێت بزووتنەوە رزگاریخوازییەکە فراوان بکاتو نەدەشتوانێ لەبارەی چاکسازی ناوچەرگەیی بزووتنەوەکەوە (ریفۆرمە)کە فروان بکات و بیکاتە خەمێکی کوردستانیی سەرتاسەر. بەداخیشەوە ئەم مەیلەی کاک نەوشیروان بۆ بەرتەسکردنەوەی رووبەری بزووتنەوەی کوردایەتی بە مانشێتی تایبەت بەشەبەک یان تەنانەت کردنی کێشەی کەرکوک بە دەسکەلایەک بۆ رەخنەگرتن لەسیاسەتی رەسمی کوردایەتی، نا شاردرێتەوە.

3

**(ریفۆرم) لەحزب، سەرەتایە یان کۆتایی؟**

پرۆژەی کاک نەوشیروان بە داوای ریفۆرم لەناو حزب دەستیپێکرد، بە هەڵبژاردنکردن لەناو حزب بەپێی هەیکەلێکی نوێی رێکخراوەییدا تێپەڕی و لەقۆناغی دوای جیاکردنەوەی حزب و حکومەت (گۆڕان لێرەوە دەست پێدەکات)دا گیرسایەوە. تا ئێستا لەئەگەرەکانی گۆڕان (کۆتاییەکی کراوە)دا گیری خواردووە. ئەم قۆناغەش ئەوەندەی گوزارشتکردنە لەشڵەژانو پێکەوە نەگونجانی بیرۆکەکان ئەوەندە گوزراشت نییە لەپەرەسەندنێکی فکری یان سیاسی، چونکە لەباری فکرییەوە کاک نەوشیروان بێ ئاگا نییە لەم رێوشوێنە جیاجیانەی دەشێ بۆ گۆڕینی سیاسی رەچاو بکرێت. واتا لەو کاتەی ئەو داوای ریفۆرمکردنی ناو حزب دەکات بێئاگا نییە لەبایەخی جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت. بێ ئاگا نییە لەرێوشوێنە کراوەکانی دیکە بۆ گۆڕین (وەک لەدوا وتاریدا هاتووە)، بەڵام لەیەکەم، کە ئەوکاتەی یەکەمە تاقە سیناریۆی قابیلی گفتوگۆ نەکردنە، بێ ئومێد دەبێت ئینجا لەناکاو دووەم دەبێتە تاقە رێگای تازەو لەهەردووکیشیان بێ ئومێد دەبێت ئینجا (کۆتاییە کراوەکان) دەبنە فریادڕەس، بەڵام کۆتایی کراوە ئەگەر لەسینەماو رۆماندا مایەی فراوانکردنی ئەندێشەو بیرکردنەوە بن، ئەوا لەواقیعدا، تایبەت لەواقیعی سیاسیدا، کۆتایی کراوە یان کردنەوەی دەرگا لەبەردەم هەموو ئەگەرەکانو سپاردنی دوا رۆژ بە قەدەر لەجێی گرتنەدەستی ئەو دوا رۆژەو کارکردن بۆ ئاراستەکردنی، خۆشی

ریفۆرمی راستەقینە، وەک هەر کردەیەکی ئیجابی و هەر دەستپێشخەرییەکی سیاسییانە، یانی خاوەنداریتی لەئاییندە لەجێی رۆژ بەریکردن تا ئاینده خۆی لەدەرگامان دەداتو ئاراستەمان دەکات، بەڵام با ئێمە واز لەدەرکەوتی شڵەژان بێنینو بەدوای وێستگەکانی گۆڕان لای کاک نەوشیرواندا بچین: وێستگەی گۆڕان لەحزبدا حزب ئامرازی تێکۆشانە نەک ئامانج، بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێین ئەم ئامرازە کێردێکی بێ رۆحو گیان نییە، بەڵکو ئامرازێکی لەگۆشتو خوێن دروستکراوی ئەو ئەندامانەیە کە لەمیانی خەباتدا یادگارو سەروەری قاڵیان دەکاتەوەو هەندێک جاریش بەتایبەتی بۆ ئەزموونی شۆڕشی نوێ، پاراستنی ئەم ئامرازە کە هەڕەشەی نەیارانی لەسەربووە خۆی لەخۆیدا ئامانجێکی پیرۆز بووە، بەڵام ئەم دەرکەوتنی پیرۆزییەش هەر بۆ ئەوە بووە ئامرازەکە بپارێزین بۆ ئەوەی لەهەلومەرجێکی تردا بۆ ئامانجە راستەقینەکە بەکاربێتەوە کە ئامانجی رزگاری کوردستانە، بەم پێیە پاراستنی یان دەمەزەرکردنەوەی ئامرازی تێکۆشان (حزب) یان بۆ ئەمڕۆ چاکسازیکردنو ریفۆرمکاری تێیدا بۆ ئەوەیە چاکتر رۆڵی خۆی لەکوردستانو کوردەوارییدا بگێڕێت. جا کە دەخوازین کوردەواری زنجیرەیەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست، پێوەری دیموکراتی، دادپەروەریو ئینساندۆستی تێدا بەرقەراربێت بێشەک دەبێ لەئامرازەکەوە دەستپێکەین بۆ ئەوەی لەکۆمەڵدا بگیرسێینەوە (وەختێک حزبی کوردی خۆی بۆ چاکسازی و گەشەپێدان ئامادە دەکات، دەبێ بەو زهنیەتە کار بکات چاکسازییەکە لەئاستی چاکسازیی حزبدا قەتیس و کورت نەکاتەوە، بەڵکو بیگوازێتەوە بۆ ئاستی چاکسازیی دامەزراوە رەسمییە نەتەوەییەکانی وەک پەرلەمان و حکومەتی داهاتووو دامەزراوە دەوڵەتییەکان لەکوردستاندا. تائێستا روانین دەربارەی ئیسلاح روانینێکی کلاسیکی حزبییەو نەیتوانیوە تەجاوزی جاران بکات- روانینێکی تر بۆ چاکسازیی ئاسۆ-2005). بە کورتییەکەی دەبوو ریفۆرم لەناو حزبدا سەرەتا بێت نەک کۆتایی، واتا چاکسازی لەناو حزبدا سەرەتایە بۆ ریفۆرم لەکۆمەڵدا کە ئامانجی کۆتایی تێکۆشانی حزبە وەکو ئامرازێک. زۆر وەستان لەئاستی ریفۆرمکردنی حزبدا دەبێتە دابڕانی ئامرازەکە لەکۆمەڵ، چونکە بە گرفتێکی ناوخۆییەوە مژوڵا

دەبێـت. هەروەک دەشـبێتە مـایەی پەککەوتنـی پـرۆژەی ریفـۆرمەکە لەنـاو کۆمەڵـدا، چـونکە تواناکـانی لەنـاو ئـامرازەکەدا ژەنـگ دەبێـت. ئەم دەرکەوتە وایکـرد باسوخواسـی ریفـۆرم لەنـاو یەکتێیـدا دابـڕاو بێـت لەکـۆمەڵو تـائەو ئەندازەیە بـڕژێتە ناو کۆمەڵەوە کە کارەکتەرەکانی وەکو حیکایەتێکی سیاسی لەنـاو خەڵکـدا قـسەی لەسـەر بـکەنو رەدو بەدەلـی لەسـەر ببیـستین. ئەمەش لەجێـی بەهێزکردنی حزبەکە کە ئامرازی خەباتی سیاسی و ئامرازی گۆڕینە لەکۆمەڵـدا بـووە مـایەی دەرکەوتنـی حـزب وەک ئـامرازێکی درزدارو مـایەی کەموکـوڕی کە خەڵـک بـاس لە (کێـشەو کەموکوڕییەکـانی) دەکـات. بەمەش لەجێـی بەهێزکردنـی ئـامرازەکە وەک (لاوازێـک) دەرخـرا. بەڕای بەنـدە ئەوە پاکـــانە نیـــیە بڵێـــین ئەمە رۆشـــنگەرایی‌یەو گـــوایە ئەوەی داوا دەکـــات ئەم باسوخواسـانە تـا ئەو رێوشـوێنەی پەیوەنـدی بە نـاوخۆی حـزبەوە هەبێـت، لەچوارچێوەیەکی حزبیدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەو کەسە هەوڵی (تاریکانـدن) دەدات، لەحـاڵی وادا لەجێـی ئەوەی حـزب ئامرازێـک بێـت بـۆ گـۆڕینی کـۆمەڵو دەستکاریکردنی رەوای میکانیزمەکانی کارکردنی، بە پێچەوانەوە کۆمەڵ ناچار دەبێت دەخالەت بکات بۆ گۆڕین و دەستکاریکردنی میکانیزمەکانی کارکردنی ئـامراز (حـزبەکە). بێگومـان دەشـێ بـۆ خـاوکردنەوەی گـرژی ئەم دەرکەوتە ناخۆشە بڵێین ئەمە پەیوەندییەکی دیالکتیکی نێوان (ئامرازو ئامانجە)، (حـزب و کـۆمەڵ) کە کارلێـک بـکەن! بەڵام هەشتبەسـەر حزبێـک لەجێـی پێـشڕەوایەتی، خۆی بداتە دەست ژینگەکەی خۆی تا هەڵسوڕێنێ! لەراستیدا ئەو ئەندێشەیە ریفۆرمی لەحزبدا کردبووە ئامانجی کۆتایی، بۆیە هەر لەحزبدا قەتیسی خـوارد، چـونکە ئەمە زادەی هەمـان دونیـابینییە کە حـزب بە بکەری یەکەم و کۆتـایی هەموو گۆڕانێک لەکۆمەڵ دەزانێت. دونیـابینی وا ناتوانێت حـزب و حکومەت لێـک جیابکـاتەوە، بەڵکو لەبـری ئەوە حـزب دەکاتە سـەروەری یەکەمو تاقانەو حکـومەتیش دەکـاتە یەک لەدەیـان بەشو لقـی حـزب. دەتـوانین بەمە بڵێـین جیـــاکردنەوەی حـــزب لەحکـــومەت، بەڵام جیـــاکردنەوەیەک بە دیـــوە نێگەتیڤەکەیدا، چونکە ئەگەر تێکەڵکردنی حزبو حکومەت وەک دەستەواژەی تێکەڵکـردن مانـای ئـاوێتەبوونێکی یەکـسان بگەیەنێـت کە هیـوا بـۆ دوارۆژ

بهێڵێتەوە ئەم دوو دەزگا یەکسانە تێکەڵاوە بەیەکسانی لێک جیابېنەوە، ئەوا لەئەندێشەی (ریفۆرمخوازیدا) حزب و حکومەت جیاناکاتەوە، بەڵکو دەیخاتە بندەستی خۆیەوە. بۆیە لەماوەی دەسەڵاتی جێگرایەتی کاک نەوشیرواندا ئێمە بەناوی (کۆ بڕیاری)و گێڕانەوەی هەیبەت و دەسەڵات بۆ مەکتەبی سیاسی لەهەلومەرجێکدا کە سکرتێری گشتی دەچێتە سەنگەری شەڕەکانی بەغداوە، شاهیدی گەڕانەوەی مەکتەبی سیاسیین لەقەڵاچوالانەوە بۆ ناوجەرگەی شار، شاهیدی بوونی حزبین بە مەرجەعێک بۆ ئیدارەی یەکێتی لەحکومەتدا چ ئەوکاتەی دوو ئیدارەو یەک پەرلەمانین و چ ئەوکاتەی یەک حکومەتین. لەجێی ئەوەی (ریفۆرمخوازی) تەشویقی گەڕانەوەی حکومەت بۆ بەردەم لێپرسینەوەی پەرلەمان بکات خۆی لیژنەی سەرەوەیی بۆ چاودێریکردنی حکومەت دادەنێت. ئەم دەرکەوتە زادەی بیرکردنەوەی سەروەرکردنی حزبە بەسەر حکومەت کە دەزگای تەنفیزی گشتییە. زادەی بە گەورەتر زانینی ئامرازی خەباتەکەیە بەسەر دەزگای بەڕێوەبردنی وڵاتەوە.

4

**حزب سالاری**

جا ئەگەر بزانین هەژموونی (حزب سالاری) لە دەورانی سەرکردایەتی کاک نەوشیرواندا هاوکاتی دوو خولی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عیراق: هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانو دانانی وەزیرەکانی کابینەی یەکگرتووی کوردستانو دوو کابینەی حکومەتی عیراق بوو. ئەوا دەبێ بێتەوە یادمان کە دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان، لە ئەنجومەنی پارێزگان، لە دوو پەرلەمانی عیراقدا لە دۆخێکدابوو کە(ئەوان) شەریکەبەشێکی گەورە، ئەگەر نەڵێین سەرەکی، بڕیاردان بوون. ئەی کەوابێ کوردستانێک (ئەوان) نوێنەرەکانیان دیاریکردبێت عەیبی لە چیدایە؟

باوەڕم وایە کە ناکرێ داوای سۆپەرمانێتی لە ئەدائی ئەو نوێنەرانە بکەین، بەڵام بۆ شرۆڤەکار زەحمەتە کە بزانێت دەستنیشانکراوانی پرۆژەکەی کاک

نەوشـیروان، لەو دەزگـا دەوڵەتیـانەدا "لەچیـدا ئەدائیـان جیـاوازبووە لە بـرا "ریفۆرمنەخوازەکانیـان"؟ هەموویـان بە ئەنـدازەی جیاجیـا، بەچـاک وبە کەموکوڕییەوە رۆڵیان گێراوە وئەمەیان جێی باسی ئێمە نییە. بەڵکو ئەوەی دەبێ رۆشنبکرێتەوە ئەوەیە ئەندێشەی حزب سالاری جیهازی دەوڵەتداری بەحکـومەتو پەرلەمـانو ئەنجـومەنی پارێزگاکـانەوە زۆر لەوە بە لاوەکـی تـر دەزانن کە خۆیان لەسەرەوە، لەئاستە باڵاکانەوە، بچنە ناوییەوەو لە رێی ئەو دەزگا دەوڵەتدارییە شەرعییانەوە چاکسازی لە کۆمەڵدا بکەن. ئەم ئەندێشەیە وادەکـات لەجێـی بەشـداریی راسـتەوخۆ لە پـلە گەورەکـانی حکومەتـدا، دەسەڵاتداریتی ناو حزب، رێکخستنەکان و سەپاندنی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان لەناویدا بەگرنگتر دەزانێت لە حکومەت، سەرۆکایەتی پەرلەمان یان ئەندامێتی پەرلەمـانو ئەنـدامێتی کابینەی وەزاری. بەمجـۆرە ئەندێشەی حـزب سالاری حـزب بەیەکەم و تـاقە دەزگـای بڕیـاردەری بڕیـاری سیاسـیی، قەزائـی و رۆشنبیریی تاریفدەکاتەوە، چونکە هەژمونی لەناو حزب بەتاقە رێگای "گۆڕان" دەزانێـت جـا ئیتـر حکـومەتو دەزگاکـانی دەوڵەت گرنـگ نـین. لەکاتێکـدا پەرلەمان دەتوانێت دەزگای پێشنیازکردنی دەستکێک پرۆژەی یاسایی بێت لە هەمـوو بوارەکانی ژیانـدا لەوانە: پـرۆژە یاسای قەڵاچـۆکردنی گەنـدەڵی، پـرۆژە یاسـای بـودجە، حزبەکـان، رێکخراوەکـان، یەکخـستنی دیـوانی چـاودێری و دامەزراندنەوەی دەزگای نەزاهەت لەجێی ئەوەی حـزب ببێتە وەکیلی دادگاو دەوڵەتو دیوانی لێپرسینەوەو موحاسەبە دابنێن.

لەم وێستگەیەدا حـزب سـالاری کە دەخوازێـت حـزب پـاوانی کـۆمەڵ بکـات کـارێکی وایکـرد مـادام حـزب یەکسانە بە کـۆمەڵ نەک یەک لە کارەکتەرەکانێتی، کەواتـا کـۆمەڵیش مـافی خـۆیەتی دەخـالەت لە حـزب و ژیـانە رێکخـراوەییەکەی بکـات مـادام ئەو حـزبە خـۆی بە تـاقە ئـامرازی گۆڕان لە کـۆمەڵ دەزانێت، رەنـگە ئەمەش ئەو دەرکەوتەمـان بـۆ تەفسیر بکات کە بۆچی حیکایەتەکانی حزب بوونەتە حیکایەتی هەموو کۆمەڵ و تا ئەو ئەنـدازەی هەمـوو کایەکـانی کـۆمەڵ هەق بەخۆیـان دەدەن نوتقیـان هەبێت لەسەری.

لەڕاستیدا کاک نەوشیروان لەو قۆناغەدا نەک بە پرۆژەکەی خۆی، ئەم ئەندێشەی وەرنەگێڕاوە، بەڵکو قوڵتریشی کردەوە.

**وێستگەی هەڵبژاردن:**

لەوێستگەی هەڵبژاردنەکانی ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا سێ ئاماژە گرنگن:

1-هەڵبژاردن بۆچی؟

2-بەکام تەفویز؟

وێستگەی هەڵبژاردن ساتەوەختی کۆتایی هاتنی وێستگەی یەکەمە. وێستگەی یەکەم دەسەڵاتداریتی کاک نەوشیروانە لە ناو حزب، بەڵام لەناو حزبەدا ئەوە نەبووە مایەی گۆڕان، لە ناو کۆمەڵیشدا نەیتوانی "کێشەکانی خەڵک" چارە بکات وەکو قەرارە هەموو پرۆسەیەکی ریفۆرم کاری بۆ بکات. لەم ساتەوەختە بێئومێدەدا کاک نەوشیروان "بیرۆکەی" هەڵبژاردنی حزبی بۆ دێت وەک فریاڕەسێک لەوێستگەی بێ ئاکامی یەکەم.

بەڵام لەڕاستیدا بێ ئومێدی لە وێستگەی یەکەم تاقە هۆکاری دەستپێکردنی وێستگەی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو ڕێکخستن و هەیکەلی تا پێش هەڵبژاردنی مەڵبەند وکۆمیتەکان، هەژموونی کاک نەوشیروان بەسەر حزب لە قۆناغی حزب سالاریدا جێبەجێ ناکات. دەڵێم هەژموونی، چونکە لە ئەندێشەی حزب سالاری کاک نەوشیرواندا حزب لە حکومەت گەورەترە. هەر کەسێک دەخوازێت بزانێ بۆ کاک نەشیروان پلەوپایەی دەوڵەتی ناوێت لە فەرهەنگی حەز نەکردن لە پلەوپایە بەدوایدا نەگەڕێت. لە فەرهەنگی حزب سالاریدا بەدوایدا بگەڕێت. حزب دەسەڵاتی گەورەیەو بەم پێیە گۆڕینی هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب ئەو (دەسەڵات)ە بۆ هێڵی کاک نەوشیروان دابین دەکات کە لە شوێنێکی تردا رقی لێیەتی، چونکە دەسەڵاتداریتی لە دەوڵەت، لەپەرلەمان بۆ ئەو گرنگ نین مادام ئەوانە (بەشێکن) لە دەسەڵاتی حزب و حزب (دیارییان) دەکات.

لەم تەفسیرەدا دەبێ دانی پێدا بنێین ئەم داخوازییە بۆ دەسەڵات خۆی لە خۆیدا خەوش نییە، هەموو کەسێک حەز دەکات دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەوەی

پرۆژەکانی پێ جێبەجێ بکات. لێ ئەوەی جێی ڕەخنەیە تێڕوانینی ڕیفۆرمخوازی دەبێ دونیابینی بۆ دەسەڵات دونیابینییەکی جیاواز بێت لە دونیابینییە کلاسیکییەکان. ئایندە لە عیراق و کوردستاندا ڕووی لە دامودەزگای دەستوورییە کە ئەمە درەنگ یان زوو دەسەڵات دەگوازێتەوە بۆ ناو دەوڵەت. بۆیە ئەوی دەخوازێت گۆران لە سیستەمی کۆمەڵ بکات دەبێت ئایندەی ڕەوتی دەسەڵات ڕەچاو بکات. تا ئەو شوێنە بەدیار گۆڕان لە حیزبدا دانیشێت کە ئامرازە گەورەکەی تێکۆشانە بۆ دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی. ئەمی دواییش ڕێگا بۆ ریفۆرم و گەشەپێدان لەکۆمەڵدا خۆش دەکات، چونکە لە دۆخێکدا عیراق و لە ناویا کوردستان ڕوو لە وڵاتێکی دەستووری دەکەن چیتر حزب ناتوانێت ویستی گۆڕان یان تەنانەت نەگۆڕانیش بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت بەسەر ئەندامەکانیدا جێبەجێی بکات. دەوڵەت دەسەڵاتی شەرعی بە قانوونکردن و بە سیستمکردنی پرۆژەکانە.

جا دەگەڕێمەوە سەر دەورانی هەڵبژاردنی مەڵبەند و کۆمیتەکان. لێرە دوو سەرنج دەخەمە بواری گفتوگۆوە:

-ئەو گۆڕانە بنەڕەتییە لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی یەکێتی بە چ تەفویزێک کرا؟ قسە لەسەر دەستکارییەکی ئاسایی هەیکەلی ڕێکخراوەیی یەکێتی نییە کە دەستکارییەکی کەم بێت و دەشێ سەرکردایەتی چ بە تەفویزی وەزیفەی خۆی وەکو سەرکردایەتی و چ بە ئیعتباری مەعنەوی وەکو سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسیی، لە تەمەنی شۆڕشی نوێدا، بڕیاری لێ بدات، بەڵکو قسەم لەسەر دەستکارییەکی بنەڕەتی ئەوتۆیە کە بچم و ناوەرۆکی ڕێکخراوەیی یەکێتی وا بگۆڕێت لەو هەیکەلەی جاران نەچێت. کە هەموو هەڤاڵە بەشدارەکانی یەکێتی لە کۆنگرەی دووەمدا دەنگیان لەسەردا. ئەم گۆڕانە دراماتیکییە لەسەر پێشنیازی کاک نەوشیروان پەسەند کراو کەمترین دەستکاری تێدا کرا.

زۆر باشە ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە هەر ئەندامێکی کۆنگرەی دوو کە کۆنگرەی بەجێهێشت بڕیاری لە جۆرێک ڕێکخستن داوە و کە ئێستا ئاکامی

هەڵبژاردنەکان دەبینێت لە جێی ئەوەی پڕۆژەکەی کاک نەوشیروان حزبی بۆ پوخت و پۆشتە و پەرداخ بکاتەوە، دەبینێت هەموو قەزایەک مەڵبەندێکە.

ڕاستییەکەی من لە ڕۆڵی پرەنسیپی مەعنەوی سەرکردەکان لە دروستکردنی بڕیار تێدەگەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەگەر قەرار نییە لە کۆنگرەدا یان لەهەر وەرچەرخانێکی گشتیدا هەموو کەسێک یەکسان بێت بەیەک دەنگ؟

لە کۆمەڵە دیموکراتەکاندا پاپا و قەشە و شێخ و سەرکردەکان ڕۆڵی گەورەی ئیعتباری خۆیان لە نەخشەکێشان، لە ڕێبەریکردن دەگێڕن و دەپارێزن و خەڵکیش ئەمەیان بۆ دەسەلمێنێ، بەڵام لە دەنگداندا هەموولا یەکسانن بە تاقە دەنگی خۆیان. ئەگەر لەهەر وێستگەیەکدا بڕیاری وا بنەڕەتی لەهەر مەسەلەیەکدا بدرێت ئەی کوا پرەنسیپی وەک یەکی هەڤاڵێتی کە هەموو هەڤاڵێک یەکسان دەکات بەدەنگی خۆی. ئەم ڕاستییە دەبێ پێش هەموو شتێک قیبلەنومای ئەوانە بێت کە چاکسازی و گۆڕانیان کردۆتە دروشم. ئەوانە پێش هەر کەسێکی تر داواکراون لە هەر وێستگەیەکدا بەجوڵەیەکی سیاسیی مەسجێک بنێرن. ئەمە چ ڕیفۆرمێکە بێ گەڕانەوە بۆ ئیرادەی هەڤاڵان و وەرگرتنی تەفویزیان "بأمر دبر في ليل" گۆڕانی دراماتیکی دەکاتە تاقە بژارەی هەڵبژاردن.

-ئەم گۆڕانە لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی کە ژمارەی مەڵبەندەکان زیاد دەکات دەشێ وا تفسیر بکرێت دروستکردنی دەسەڵاتی خۆجێیەتی حزبە لەناوچەکان و دەشێ واش بکەویتەوە کە بۆ وەرگۆڕانە لە هەیکەلەیەکی ڕێکخراوەیی پێشین کە یاریدەی کۆنترۆڵکردنی حزب نادات.

جا ئیتر لەدوای ئەم ڕێڕەوە لە هەوڵی دیتنی حزب وەک سەروەر بەسەر هەموو دەزگاکانی ترەوە، تێزی گۆڕان "لە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەتەوە دەست پێدەکات" بژارەیەکی درەنگ نییە؟

درەنگ نییە کە ڕۆژێک حزب وا وێنا بکرێت کە هەموو دەسەڵاتێکی لادەست دەکەوێت بۆ گۆڕان و ڕۆژێکی تریش، لەدوای کشانەوە لە

بەرپرسیاریێتی، وا نیشان بدرێت کە سایەیەکی هێندە قورسە هەر بۆ ئەوە باشە لە هەموو دامودەزگاکان بکرێتە دەرەوە؟

هەوالنامەی کتێب

*سێ بەشی یەکەمی ئەم وتارە لە ژمارەکانی (4714 – 4715 - 4716) لەرۆژانی (2-11، 3-11، 4-11/200) لـە کوردسـتانی نوێـدا بڵاوبۆتـەوە. بـەشـی چـوارەمـی ئامـادەی بڵاوبوونەوە بوو، بەڵام هەندێک لە دۆست و لایـەنگرە (دیموکراتییـەکانی) باڵی ریفۆرم کـە کەمترین رەخنە لەسەرکردەی دەیموکراتخوازی خۆیان قبوڵ ناکەن لە بەرپرسێکی گـەورەی یەکێتی پارانـەوە کـە بڵاوکردەنـەوەی ڕابگرم. لـەبـەر خـاتری ئـەو و لـەبـەر ئـەوەی دەمزانی دەرفەتی تر لەپێشە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، بەقسەم کردن و وا لێرەدا لـەگـەڵ هـەرسێ بەشدا بۆ مێژوو دەینووسمەوە.

# ئایا دەستمان لە مەسەلەی کەرکوک شتووە؟

خوێندنەوەی بابەتێکی بەڕێز بابەکر دڕەیی لەژێر ناونیشانی "کەرکوک و وەزیرەکانمان لە بەغدا" لە ژمارەی (61)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە رۆژی 2007.9.17 دا، چەند سەرنجێکی لا گەڵاڵەکردم. کە دەمەوێ لە سێ بواردا پۆلینی بکەم:

یەکەم: نەفەسی دادگایەکی مێژووییانە بێ بوونی ئامرازو فاکتی پێویست بۆ ئەو دادگاییە و هەلومەرجێکی دادپەروەرانەی دادگاییەکی لەو بابەتە تا سەرەنجام حوکمەکە جێی خۆی بگرێت.

دووەم: فەزای سیاسیی پشتو دەوروبەری نووسینەکە.

سێهەم: وەرگرتنی قسەی نەیارێکی پرسی کەرکوک، د. ئیبراهیم جەعفەری وەک سەنەدێکی قەتعی و دینگەی سەرەکی حوکمدانەکەی. لە کاتێکدا د.جەعفەری نەک هەر تەرەفێکی کێشەکەیە بگرە پەیوەندی وی بەکێشەی کەرکوکەوە پەیوەندییەکی بارگاوییە بە ئیلتیباسو گومان.

### یەکەم: کێ لەسەر چی وچۆن حوکم ئەدا؟

لە نووسینەکەیدا بەڕێز دڕەیی ئەوە دەسەلمێنێ کە بەشێکی پرسی هەڵسەنگاندنی ئەدائی وەزیرەکانی کورد لە بەغدا پەیوەندی بە مێژوونوسانو لێکۆڵیاران، یانی پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنێکی شێنەیی ترو پێویستی بە زەمەنێکی زیاتر هەیە، بەڵام لەدرێژەی قسەدا چاوەڕێی لانی کەمی ڕابردوویی ئەو مێژووەش ناکاتو بەنەفەسی دادگای مێژوو و دادوەرێک، کە ڕەوایی حوکمدانی کۆتایی پێ درابێت، ڕەهایانە حوکم دەداتو مەسەلەکە دەبڕێنێتەوە.

لەسەرەتادا ئەوە دەسەلمێنێت، بۆیە چاوەڕوانی دروست لێی ئەوەیە هەڵسەنگاندنە هەنووکەییەکەی هەڵسەنگاندنێکی ڕەها نەبێت، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی ڕێژەیی بێت، بەشی گفتوگۆو پاشەکشێو پێ سەلماندنی تێدا بمێنێتەوە، تەشویقی لایەنی دووەم بکات کە ئەگەر (پێیان وایە ئیبراهیم جەعفەری بوختانیان بۆ دەکاتو ئەمانە لە چوار ساڵی ڕابردوودا چوارجار پرۆژەیان هەبووەو کەس لێی قبوڵ نەکردون با لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو دەزگاکاتی تری ڕاگەیاندنەوە باسی بکەن- وتاری ناوبراو) ئەمەش بۆچی؟ ئەمە نەک بۆ ئەوەی ئەگەر بابەکر هەڵسەنگاندنەکەی هەڵەبوو پێداچوونەوەی تێدا بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی وەزیرەکان (فایلە پڕ لە کەمتەرخەمییەکان پاک بکەنەوە). کەواتا لای نووسەر (تاوانبار بێ تاوان نییە، هەتا ئیدانەکەی دەسەلمێ) بەڵکو تاوانبار (تاوانبارە) و حوکمی (فایلدارێکی پڕ کەمتەرخەمی) لەسەرە هەتا ئەو (فایلە) پاک دەکاتەوە. ئەم حوکمە ڕەهایە لەم ساتەوەختەدا کە (دادوەر) و (تاوانبار) لەیەک زەمەنی مێژوویی دا پێکەوە دەژین ڕەهاییەکەی ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کە بزانین بابەکر تەنانەت بچوکترین کاری (چاکی) ئەو کەسانە نابینێت کە "میللەت دەسەڵاتی پێبەخشیوون" و کەچی ئەوان بە "ئەمانەتەوە" ئەرکەکانیان جێبەجینەکردووە! لە کاتیکدا هەرخۆی لەسەرەتادا بەڕاستو دروستی دەیسەلمێنێت کە دەگونجێ مێژوونوسانو لێکۆڵەران (ڕەهەندە باشو خراپەکانی) کارنامەی وەزیرەکانو ڕۆڵی ئەو "تاقمە مرۆڤە" بۆ ئێمەو نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەن.

بەڵێ ئێمە ناتوانین چاوەڕێی مێژوو بکەین بزانین چی هەڵسەنگاندنێک پێشکەش دەکات، چونکە ئێمە قسەمان لەسەر پرۆسەیەکی بەردەوامی سیاسییە کە هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەی پێویستە. بابەکرو دەیان هەڵسوڕاوی گەورەو بچوکی سیاسیش، لەم وڵاتەدا، مافی خۆیانە هەر ئەمڕۆ، لە پرسێکی هەستیاری وەکو پرسی کەرکوکدا، قسە لەسەر ئەدائی ئێستاو چەند ساڵی ڕابردووی وەزیرەکانمان لە بەغدا بکەن، بەڵام دیسانەوە هەر لە بەر ئەوەی ڕەخنەکانی ئەمرۆ لە منداڵدانی پرۆسەی سیاسەتی ڕۆژەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئا لەبەر ئەوە دەبێ هەڵسەنگاندنەکەمان ڕێژەیی بێت، نەک ڕەها، و حوکمی

کۆتـایی بـۆ (دادوەرێکی بێ لایەن) بە جێبێڵـین‌و بەم پێـیەش هەڵسەنگاندنی ئێمە هیچ نییە جگە لە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی هەڵسوڕاوێکی ڕۆشـنبیریی یـان چـالاکوانێکی سیاسـیی کە بـۆ (حوکمـدانی مێژوویـی) هەڵـسەنگاندن ناکـات، بەڵکو:

1ــ یـاخود بـۆ سـزادانی سیاسـیی لە پێنـاو پێـنەدانەوەی متمـانە بەوانەی ئەمانەتەکەیان جێبەجێنەکردووە لەهەر هەلومەرجێکدا کە جارێکی تـر مـیللەت دەسەڵات (دەبەخشێتەوە).

2ـ یان بۆ ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی کارێک کە بۆتە مایەی (فایلێکی پڕ لە کەمتەرخەمـی). لەمەشـدا بـابەکرو بەنـدەو ئێـوەش وەک هەر هـاوڵاتییەک‌و کارەکتەرێکی سیاسیی (هەقییەتی‌و هەقمانە) ئەمما دەبێ ئەو هەقە بە خەڵکی تریش بدەین کە لێپرسینەوە لە ئەدائی ئێمەش بکرێت لەو گۆرەپانەی کاری تێدا دەکەین. لێپرسینەوەیەکی ڕێژەیی واوەتـر لە سەلماندنی شـەرمن و تەوس ئـامێزانەی ئەوەی (خەڵکـی تـر لێـی بێ ئاگـابووە.. لە کوردسـتان پاڵیـداوەتەوەو ڕووداوەکانی پایتەختی چاودێری نەکردووە).

بەو حاڵەشەوە ئەگەر (حوکمـدانە مێژووییەکەی) نووسـەریش بسەلمێنین و وەک لێکۆڵیارو مێژوونووسی بێ بەرژەوەندی سیاسیی لێی بڕوانین، نەک وەک هەڵسوڕاوێکی سیاسیی کە دەشێ ئێمەی هەڵسوڕاو بەریئو بێ مەبەست نەبین، هێشتا چەند پرسیارێک چاوەڕێی وەڵامە. بۆ نموونە:

- ئەمە چ هێزێکی پەنهانە وا دەکات هەر وەزیرێکمـان چـووە بەغـدا دەبێتە خـاوەنی (فـایلێکی پـڕ لە کەمتەرخـی) و ئەمە چ سـیحربازێکە سـتاف لە دوای ستافی وەزیرەکانمان بێ بەهرە دەکات‌و ناهێڵێ لە پرسی کەرکوکدا چوار پرۆژە بخەنە بەردەم ئاغای جەعفەرییەوە؟

- لە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بـۆچی وەزیـرە کەمتەرخەمەکانمـان نەگۆڕی‌و بـۆچی ئەوانەی هـاتنە جێـی گۆڕاوەکـان تووشـی داوی سـیحربازەکەی بەغدابوون کە فووی کەمتەرخەمی بە ڕۆحی برادەرانماندا دەکات؟ بۆچی ئێمە عەیامێکە لێیـان بێـدەنگین‌و لە هێکڕا کەوتە بیرمـان کە (دەشـێ ئێمە چاوەڕێ نەبین تاکو مێژووی دەیەکانی داهاتوو ئەو کوردە بەڕێزانەی لە بەغدای ساڵانی

2003 تا 2007 دا وەزیرو کاربەدەست بوون مەحکوم بکاتو ناسنامەکانیان بخاتە ڕوو).

ـ ئایا ئەدائی وەزیرەکان هەر هەمووی لەیەک ئاستو ئایا هەر هەمووشیان، بەجیاوازیو تایبەتمەندیتی وەزارەتەکانیانەوە، کارەکانیان وەک گۆشتو خوێن گرێدراوی پرسی کەرکوک بوو؟ ئایا گشتگیرکردنی حوکمدان خۆی لە خۆیدا سڕینەوەی کۆششتێک نییە کە دەشێ لێرەو لەوێ وەزیرێک نواندبێتی و ئێستا بەو حوکمە موتڵەقە مایەپوچ دەردەچێت؟

**دووەم: لەم فەزایەدا نووسینیش بێ وەی نییە**

ڕەنــگە هەڵوەســتەکردن لە ئاســتی ئەو فەزا سیاســییەی دەوروپــشتی نووسینەکەی داوە باشتر رەوتی هەڵسەنگاندنەکەمان بۆ ڕوونبکاتەوە.

وتــاری نــاوبراو دوای زنجیــرەیەک وتــارو لێــدوانی سیاســی کــارەکتەرە سیاسـییەکانی کوردسـتان دێـت کە لەگەڵ نزیکبـوونەوەی تەواوبـوونی مـاوەی پراکتیزەکردنی ماددەی 140 دا میدیاکانی وڵاتی تەنیووە. بەشێک لەو لێدوانو وتارانە

هـاوارو پەرۆشـییەکی لە مێـژینەیە بـۆ پرسـی کەرکـوکو بەشێکیـشی لە چوارچێوەی بزاوتی ململانێی حزبو گروپو دەستە سیاسییەکانەو لە هەمـوو ئەو وڵاتانەی بزاوتی سیاسیان ئەکتیڤە شتی وا هەر ڕوو دەدەن وهەر دەبن.

بەمجــۆرە لەگەڵ ڕووداوی ناخۆشــی تەواوبــوونی مــاوەی مــاددەی (140) ڕووداوی دڵخۆشی وەک هاتنەسەر هێڵی نووسەرو کارەکتەری سیاسی دیکەش دەبینـین کە ئەوانـیش، لەپەرۆشـیان بـۆ کەرکـوکو هەروەهـا لەبەر تینوتـاوی ململانـێ سیاسییەکە، چالاکانە درێـژە بە گفتوگۆی گەڕان بەدوای چارەسـەری کەرکوکدا دەدەن، ئەم برایانە وەکو پرەنسیب وکرداریش هەقی خۆیـانە رەخـنە بگــرن، بەڵام ڕەخــنەی مــن لەوەیە کە ئەو فەزا سیاســییە لەجیــاتی ئەوەی مەســەلەی کەرکــوک، وەک مەســەلەیەکی یەکــخەری ســتراتیژیی، بکــاتە دەرفەتێک بۆیەکخستنی تواناکان، کردویەتییە بۆنەیەک بۆ پەرتبوونێکی زیـاتر لەوەی کە هەیە، لە جیـاتی ئەوەی ڕەخنەگرتنـی ئەدائـی وەزیرەکـان لە بەغـدا

بکـــاتە بـــۆنەیەک بـــۆ پێـــداچوونەوەو ڕێنـــویێنی ئەو ئەدائەیـــان داواکردنـــی ڕوونکـــردنەوە لەســـەر کارەکـــان، کـــردویەتییە دەرفەتێـــک بـــۆ نیـــشاندانی کەمتەرخەمی (ئەوانی تر) لە بەغدا. واتا ئێمە ئێستا دوو جۆرین: جۆرێک لە بەغدا کە هیلاکییەکی "بێ ئەندازەیان" نە"چەشتووە". جۆرێکی تر لە کوردستان کە نووسەر ناڕازییە لەوەی بە پاڵدەرەوە ناو ببرێت وژێربەژێر وەک کارا و پاڵنەدەرەوەیەک لەبەردەم کەمتەرخەمەکانی بەغدا رایگرتوون.

وا دەبینین باسی ستراتیژیی وەکو کەرکوک، کە دەبێ بە کوردستانییو بە بەغداییەوە ببینە دەسکەلای بزوانـدنو چارەسـەرکردنی، کەچـی لە پاکتـاوی قەرزی سیاسییدا کردوومانە بەدەسکەلای (من منۆکێ) و (ئەی من نەمگووت) و (خەتای ئێوەیە ودەستی منی تێدانییە). کردومانە بەیەک خاڵ لە دەیان خاڵی لیستی تێبینیو نوقرچ لەیەکتری گرتن.

ئەم فەزا سیاسـییە پەنگخـواردووەی ئەمـرۆ دەیەوێ پێمـان بڵـێ کەرکـوک تەواو لە دەسـتچووەو کـوڕ ئەو کـوڕەیە وەک بەرزەکـی بانـان بـۆی دەربچـێو کەمتەرخەمییەکە لە ئەستۆی خۆی لاببەو بیخاتە ئەستۆی ئەوانەی، بە حـوکمی ئەوەی لەبەغدان، مرۆڤ ئەتوانێ زیاتر لە پاشـەملە باسیان بکات تا ئەوەی لە کوردستان بنو بۆ هەموو (سەلامێک) عەلیکومێکیان هەبێت.

بەڵام ئایا بەڕاستی مەسـەلەی کەرکـوک لەدەست دەرچووەیـان ئەمـرۆ لە هەموو کاتێـک زیـاتر پێویستمان بەوەیە ئیمـان بە ڕەوایـی مەسـەلەکەی بهێنینەوە تا هێزی سەرخستنیمان بە گوڕ تربێت؟ بەڕاست (تاوانبـار) ە کە دیـاری کـراوەو هەر مـاوە دەسـتگیربکرێت ؟یـانی ئیتـر چـاوەڕێی حـوکمی مێـژوو نـاکەین تـا بـزانین جـگە لە وەزیرەکانمـان کێـی تـریش نـاوی لە لیستەکەدا دێت؟

بەڕاست، مێژوو تەنیا حوکم لەسەر بەغدا دەداتو لە ئەنـدازەی پایەداری بزوتنەوەی سیاسیی کورستانو دامودەزگاکانی ناپرسێتەوە کە دەبێ پاڵپشتێکی چاوەڕوانکراوبێـت بـۆ ئەو بەشـەی بـزوتنەوەکە لە بەغـدا؟ ئەی کارەکتەرەکانی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا خەریکی فوتبـۆڵێن بـوون وهـیچ ئەرکێکیـان نەبوو بەرامبەر کەرکوک.

راستە (تاوانی کەرکوکییەکان ورۆژنامەکانی کوردشتان نییە)، یان خانی گوتەنی خەتای (ئەمیرەکانە) نەک (شوعەراو فوقەرا)، بەڵام ئەم دەستەواژەیەش نابێت بە موتڵەقی وەربگیرێت لە کوردستانێکدا کە فەقیرو هەژارەکانی دوێنێی، بەخەبات و تێکۆشان، بوونەتە سیاسەتمەداری حوکمڕانی ئەمڕۆ. لە کوردستانێکدا کە دەشێ ڕۆژنامەنووسێک سبەی ببێتە سیاسەتمەدارو بە پیچەوانەشەوە، هەروەها "کەرکوکییەکان"یش وکو سلێمانییەکان و هەولێرییەکان چەند چینێکن و ناکرێ بەرەهایی شەرەفی خەبات کردنیان بۆ کەرکوک بە نسیب نەبێت و بەوپێیەش ئەگەری لێپرسینەوەیان لە ئاست کەمتەرخەمییان (تەواو خەمی) لێ دوور بخرێتەوە؟ کەرکوکییەکانیش هەریەک بە ئەندازەی خۆیان شەرەفی پێشکەوتنی کەرکوک ورەخنەی پەککەوتنیان بەر دەکەوێت.

دەزانم! خەتای کاک بابەکر نییە! خەتای فەزا سیاسییەکەیە کە دەرفەتی مانۆری شرۆڤەکردنی لەبەردەمدا تەسکردۆتەوەو خۆی لە گۆشەیەکی راڤەکردن ووەزیرەکانی لە گۆشەیەکی تاوانبارکردندا قەتیس کردووە. دەنا دەشێ هەڵسەنگاندنی تۆزێک مەوزوعی ئەوەبێت کە لە مەسەلەی کەرکوکدا، وەک هەر مەسەلەیەکی سیاسیی تر ئەم خالانەش هەن:

أ- سیاسەتی موتەکامیل ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕێت.: واتا سێگۆشەی "کوردستان، کەرکوک وبەغدا" پێکەوە رۆڵی سەرەکی لە هەر پێشکەوتن یان دوا کەوتنێکی پرسی کەرکوکدا دەگێرن وپاڵپشتی یەکترن. سیاسەتی کوردیی یەک سیاسەتە، پایەداربوون لە کوردستان کار لە پایەداربوون لە کەرکوک و لە بەغدا دەکات وپێشکەوتنیش لە بەغدا کار لە پایەداری زیاتری کوردستان دەکات. ئیرادەی هێزی کورد وهێزی عیراقییەکانی تر لە ماددەی 58 و140دا بەریەککەوتن وململانێکەش هێشتایەکلایی نەبۆتەوە. لە راستیدا ئێمە هێشتا لەرێگای چارەسەری پرسی کەرکوکین وبێگومان کەموکوڕی و کەمتەرخەمی هەیە، بەڵام ئێمە لە مێژووی کورددا نموونەیەکی دیکەی وەک کەرکوکمان نییە بیکەین بە مۆدێل وکۆششی ئێستامانی پێ بکەین وبزانین لەچ ئاستێکداین

وئەگەر فایلی کەرکوک لە دەست بابەکر وبەندە وبەندە بوایە چۆنمان ئیدارە دەکرد؟

ب ـ واتا سیاسەتی هێزو ململانێ لەگەڵ هێزەکانی عیراقو ئیقلیمیو نێودەوڵەتی، پێشکەوتنو پاشکەوتن لەو ململانێیەدا ڕۆڵ لە ئاراستەکردنی ئیرادەو توانای لایەنەکاندا دەگێڕێ. ڕاستە کورد ماددەیەکی دەستووری هەیە، بەڵام هەر وەکویوستت هلترمان بەرپرسی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دیدارێکی " ڕۆژنامە" دەڵێت " کورد لەوەدا ڕاست دەکات کە لەم کەیسەدا دەستوور پاڵپشتیان دەکات، بەڵام دەبێ بزانن کە سیاسەتیاسا نییە" ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە54 لە ڕۆژی 2007.9.6". سیاسەتیاسا نییەیان بە تەنیایاسا بڕیاری لێ نادات. دەنا ئەگەر هەریاسا و دەقی ڕێککەوتنەکان بوایە دەمێک بوو بەندەکانی سێڤەر جێبەجێ دەبوو ورۆژمان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت.

**سێیەم: جەعفەری لە تاوانبارەوە دەبێتە شایەد**

فەزای سیاسیی مرۆڤ وا لێدەکات بۆ هێنانەوەی بەڵگە سەر بەماڵی نەیارەکانیشیدا بکات کە جەعفەری ولێدوانە پێک ناکۆکەکانێتی، بەڵام نەک تا ئەو ئەندازەی بونیادی هەموو وتارەکە لەسەر لێدوانێکی (ڕاستگۆترین سەرۆک وەزیرانی عیراق) بینابکرێت (1). چونکە هەر خودی جەعفەری پتر لە لێدوانێکی هەیە لەسەر کەرکوک کە هەر خوایان یەکەو تەنیا لە ئامانجی خۆدزینەوە لە ئەرکی چارەسەری کێشەکەدا ایەکدەگرنەوە.

ڕاستە، جەعفەری بەدیوێکدا "ڕاستگۆترین سەرۆک وەزیرانی عیراق"ە! چونکە کەس وەکو ئەو لە لاوەعی خۆیدا، بێ ئاگا، دانی بە کوردستانێتی کەرکوکدا نەناوە (نەدەکرا وە دوای کێشەی کەرکوک بکەوم، ئەوە ئەرکی وەزیرە کوردەکان بوو کاری لەسەر بکەن- ڕۆژنامە ژمارەی 61)، چونکە لاوەعی جەعفەری پێمان دەڵێ کەرکوک هی کوردستانو هی وەزیرە کوردەکانە، بەڵام وەعی بە ئاگای جەعفەری ڕاستگۆیانە دژی کەرکوکە تاڕادەی ئەوەی جارێک، هەر لە قەلاچوالان، پارێزگاری کەرکوکو ئیدارەی

کەرکوک تاوانبار دەکات (سەفەری پێشووی کە بۆ نوێکردنەوەی کابینەکەی خۆی هاتبوو). جارێکی تریش هەر لە قەڵاچوالان، بە گوێرەی ریوایەتی درەیی، بەڵام ئەمجارە وەزیرە کوردەکان تاوانبار دەکات. هەر ئەو جەعفەرییە (بە پێی هەواڵێکــی رۆژنــامەی رۆژنــامە، ژمــارەی 22 لە رۆژی 2007.7.24) لەم دوا سەردانیدا بۆ کوردستان وتویەتی ئەو " لە کاتی دەسەڵاتیشیدا رێگر نەبووە لە جێبەجێکردنــی ئەو مــادەیە، بەڵکــو ســەرۆکی لیژنەکــانی 140 لە وکــاتەدا کەمتەرخەم بوون بەوەی مۆڵەتیان وەرگرتووە"

ئەی موســڵمانان وەرن ئێــوە قەزاوەت بــکەن. ئەم پیــاوە کەی لە کــابینەی خۆیدا لیژنەی پێکهێنا تا سەرۆکی هەبێ وئینجا سەرۆکەکە کەمتەرخەم بێ ومۆڵەت وەربگرێت؟!

لەگەڵ ئەوەشــدا جەعــفەری ڕاســتگۆترینە، چــونکە، بە پــێچەوانەی فەزای سیاسی باوی کوردستانەوە، لای ئەم پیاوە هەر کورد، بەئیدارەی کەرکوکو وەزیرە کوردەکانی عیراقەوە، تاوانبارن و بەیەک چاو تەماشا دەکرێن و وەکو ڕەد وبەدەلی سیاسیی کوردستان پۆلێنیان ناکات.

مــن بەو قــسانەی جەعــفەری ڕازیــم، چونکەیــارمەتی دام بیروڕاکــانم ڕونبکەمەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە جەعفەری لەو لێدوانەیدا، کە نووسەری بابەت وەک بەڵگە هێناویەتییەوە، بەلای مەسەلە سیاسییەکەی کەرکوکدا ناچێــت و ئەو پرســە گــرنگە ســووک وچــروک دەکــات، چــونکە وەکــو موستەشــرقێک ئەیکــاتە پرســی (چــوار پــرۆژەی ئــاوەدانکرنەوە) هەروەک پێشتریش لە چەند لێدوانێکدا ئاماژەی پێدابوو، لە کاتێکدا مەسەلەی کەرکوک مەسەلەیەکی سیاسیی یاساییە لە چوار چێوەی ماددەی (140) کە بریتییە لە هێنانەوەی ئاوارەو ناردنەوەی هاوردەو گێڕانەوەی سنووری ئیداریو ئامارو ڕاپرسی. چش با ئیتر وەزیرە کوردەکان هیچ پرۆژەیەکی ئاوەدانی پێشنیار نەکەن !

هەڵبەتە من بایەخی ڕۆڵی ئاوەدانکردنەوە لە نزیکخستنەوەی چارەسەری سیاسیی کەمناکەمەوە، بەڵام ئەگەر جەعفەری قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی ڕەچاوکردبا، کە ئەو قانوونە ڕێ بە کەرکوکی وەزیرە کوردەکانو کەربەلای

شاری (ڕاستگۆترین سەرۆک وەزیر) دەدات بێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەیان پڕۆژەی خزمەتگوزاری سازبکەن، ئەگەر ئەو قانوونەی ڕەچاوکردبا، چ پێویستیمان بەوە بوو وەزیری کورد سەرۆک وەزیر بە پێشنیاز سەرقاڵ بکەنو لێنەگەڕێن بەپرسیاریێتی خۆی لە چارەسەری کێشەکانی (هەموو عیراق) جێبەجێبکات." ماشەڵڵا!

بێگومان نەک وەزیرەکان، بەڵکو هەموو ئەو سەرکردایەتییەش تاوانبارن کە نامەیان نووسیو گوشاریان خستەسەر جەعفەریو داوای پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئاسایکردنەوەی کەرکوکیان لێکرد، هەموو ئەوانە تاوانبارن کە فایلێکی پێچەوانەیان لای من هەیە (2) و بە کیتابونا کیتابکەمو گوشاری سیاسیی داوای لیژنەی 58یان لە ئاغای جەعفەری کرد؟ داوای (25) ملیۆن دۆلارەکەی کەرکوکیان کرد کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا بدرابایە پێویستی بە چوار پڕۆژەی هیچ وەزیرێکی کورد نەدەکرد، پێویستی بەهاتوچۆی ئیدارەی کەرکوک نەدەکردو بێگومان جەعفەریش دەپەرژایە سەر لێپرسراوێتی کێشەکانی هەموو عیراق و وەکو ئێستا بۆ کابینەی دوای خۆی بەجێی نەدەهێشت!

حەیفە ئەگەر ئێمە ئەوەمان لەبیر بچێت ئەسڵەن ئەو قسانەی جەعفەریو ئەوانەی لەمەوپێشی لەسەر کەرکوک تەحەدا نییە، بەڵکو بەرپەرچدانەوەیە بۆ تەحەددا وقسەو ڕوونکردنەوەکانی پێشووتری کورد کە توانیان گوشار بخەنە جەعفەریو هەر لەداخی کەرکوک نەهێڵن جارێکی تر ببێتە "ڕاستگۆترین سەرۆک وەزیران".

لە کۆتاییدا بێگومان وەزیرە کوردەکان وتەبێژی خۆیان هەیەو دەتوانن بۆ تەواوکردنی وێنەکە فاکتی خۆیان بخەنە پاڵ فاکتی جەعفەریویارمەتی هەموومان بدەن داوەرییەکی عادیلانە ببینین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لە ترسی دەستەواژەی "هەرکەسێک داکۆکیان لێبکاتو پیایاندا هەڵبلێ" نەتوانین، ئەگەر وردە زانیارییەکمان لابێت، باسی بکەین.

هیوادارم ئەم دەمەتەقێیەی بەندەش کەلێنەکانی بونیادی وتارەکەی کاک دڕەیی چارە کردبێت.

**پەراوێز:**

1. هەڵبەت دوای نووسەر چەند نووسەرێکی تریش سرەیان گرت و وتاریان لەسەر هەمان برگە وبەڵگەی جەعفەری هێنایەوە و رەنگە ئەمەش رێکەوتبێت

2. ئەم فایلە بریتییە لە نووسراوو پەراوێزەکانی کە داوای دەستبەکاربوونی هاورێ حەمید مجید موسا دەکەن وەک سەرۆکی لیژنەی کەرکوک و ئەو دەستی دەستییەی "ڕاستگۆترین سەرۆک وەزیر" دەردەخەن کە هەرجارەی بیانوویەکی بۆ حەواڵە بە گەواڵەی مەسەلەکە هێناوەتەوە. بێگومان فایلەکە نیشانی بابەکری هاورێم دەدەم، بەڵام کۆپیەکەی هەڵدەگرم تا ئەو مێژوو نووسە بە ئینسافە دێت کە رەهەندە "چاک وخراپەکان" دیاریدەکات وئیفادەی هەموو لایەک وەردەگرێت نەک تەنها هی جەعفەری.

*ئەم وەڵامە لەژمارەیەکی پایزی ساڵی 2007دا لە رۆژنامەی (رۆژنامە) بڵاوبۆتەوە.

# یاریکردن بە مەسەلەی کەرکوک

یاریکردن بە ئازادای رادەربڕین و گەمەی (راشکاوی) قسەکردن گەمەیەکی ترسناکە. ئەوی دەستی بۆبرد دەست بۆ شمشێری زۆرانبازی دەبات و دەبێ وەک سوارچاکێکی گۆڕەپانەکە پێی ئاسایی بێە خەڵکی دیکەش شمشێریان پێیەو نەبەردی زۆرانبازین. بەرێز مامۆستا جەلال جەوهەر وەک مافێکی سیاسی و دیموکراسی خۆی لەچەند بوارو دەرفەتێکدا هاتۆتە مەیدانی یاری ئازادی رادەربڕینەوە، بە تایبەتی لەپرسی کەرکوکدا. بەندە لەرووی هەرەمی سیاسییەوە بە (شاگردی) ئەو دەشێم دەمەوێ گەمەی بە راشکاوی قسەکردنی لەگەڵدا بکەم. هیوادارم لەم گەمەیەدا هەم ئەدەبی رێزگرتن و هەم ئەرۆکی شیکردنەوەی هەڵوێستەکانی ئەم دوایەی بەجێبگەیەنم. جارێ ئەوە کە ژمارەیەک هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی لەسەرپەڕی رۆژنامەکان بیروڕای ئازادانەی خۆیان بەیان دەکەن، لەگەڵ بیروڕاکانیان بین یان نا، ئەو دیاردەیە دەرفەتێکی چاک بە شاگردە داماوەکانی وەکو ئێمە دەدات لەپەناوە سەرنجی خۆمان دەردەبڕین. غەڵەت و سەهوی لەبابەت ئەوەی پرەنسیپە حزبییەکانیش پریشکیان بەربکەوێت هەقە لەسەر وان حیساب ببێت چونکە تا کۆنگرەی دادێت ئەوان رێنوێنن و عەرەب گوتەنی (منهم نتعلم).

*لەم دەریچەوە دەچمە سەر دەرکەوتێکی نوێ کە بەرۆکی کێشەی کەرکوکی گرتووە (سەرباری گرفتی پیلانگێران لەماددەی 140و نەخشەی چارەسەری ناوچەکانی جێی ململانێ) ئەویش بەکارهێنانی پرسی کەرکوکە وەک دەسکەلایەک بۆ تانە لێدانی لایەنەکان لەیەکتری و بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی سیاسی دروست وەک ئەوەی عەرەب کە کێشەی فەلەستین دەکەنە دەسکەلای ململانێ لەگەڵ یەکتری و لەرێی ئەو پرسە چارەسەر نەکراوەو تانە

لەنیشتمانپەروەریێتی و هەڵوێستی جیددی یەکتری دەدەن. ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئیتر کێشەی کەرکوکیش پیرۆزی خۆی لە دەست داوەو وەک هی فەلەستین دەبێتە مارکەی بازرگانی پێوەکردن؟ هیوادارم وا نەبێت، لێ دەزانم دابیی سیاسی وایە هەر کێشەیەک دواکەوت و لەوێستگەیەکدا پەکخرا ئیتر نێوەندە بەرپرسەکانیش دەکەونە گیانی تۆمەتبارکردنی یەکتری بەو مەزەندەی ئیتر مێژوو هەر ئەمە دەنووسێتەوە کە مانشێتی رۆژنامەکانن و ناچنە ناو وردەکارییەوە.

بەڵام لەراستییدا مێژوو تایتڵە لاوەکییەکان و ناوەرۆکی رووداوەکانیش تۆمار دەکات. لەپرسی کەرکوکدا تەنها ریوایەتێک نابێتە قسەی کۆتایی و لەپاڵ هی مامۆستاکان، خەڵکانی تریش، شاگردانی کەرکوکیش و قسەی نوختەو فاریزەیان دەبێت. ریوایەتێک هەیە کە بەرێز م. جەلال جەوهەر لەچەند دیدارێک و لەژێر چەند تەوەرەیەکدا کۆی کردۆتەوە:

1/نەدەبوایە سەرکردایەتی کورد راپرسی لەسەر ناوچەکان قبووڵ بکات.

2//ریزکردنی هەیکەلی بەرپرسیاریێتی کورد لەبەغدا هەر لە سەرۆک کۆمارەوە بۆ جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان کە ئەمانە بەرپرسیارن لەبەرامبەر جێبەجێبوونی ماددەی 140و پێشنەکەوتنی پرسی کەرکوک.

3/کێشەی کەرکوک بە پارەو بڕیار چارە دەکرێت.

4/ئێستاش لەکوردستانی نوێ ژمارە 4256 لەرۆژی 2008/3/20 داوا دەکات ئەوی (کەرکوکییەکان) لەکوردستانێتی کەرکوکدا بە دەستیان هێناوە لەدەست نەدرێت.

ئەم تەوەرانە بە موجەرەدی گرفت نین، هەموو کەسێک دەتوانێ لەروانگەی خۆیەوە گرفتەکان نیشان بکاو ئەوانەش ناوبنێت کە بەرپرسی مەلەفەکانن.

بەڵام دەبێ بزانین ئەوەی ئەم تەوەرانە دیاری دەکات شرۆڤەکارێکی سیاسیی ناو رۆژنامەیەکی بێ لایەن نییە، بەڵکو کارەکتەرێکی سیاسی هەرە دیاری پرسی کەرکوکەو ئەویش بە دەوری خۆی (بەرپرسیاریێتی) چاک وخراپی دەکەوێتە سەرشان. بەرپرسیاریێتی وەک:

ئەگەر ئەم بیرۆکانە لەمێژە هەن بۆ نەتخستنە بەردەم جەنابی مام جەلال، بەردەم سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کە خۆشتان ئەندامی لیژنەی باڵای یەکێتی و پارتی بوون؟ بەشی بەرپرسی یەکەمی حزبێکی گەورەی وەکو یەکێتی لەکەرکوک لەم نێوانەدا چییە؟ بۆچی م. جەلال کە (هێڵی گەرمی) لەگەڵ مام جەلال هەبوو و (بە حوکمی پێگەی سیاسی و هەستیاری بەرپرسیارێتییەکەی لەکەرکوک و هیچ حسابێک لەنێوان خۆی و سکرتێری گشتیی و سەر کۆماردا نەبوو) بۆچی وردەکاری ئەم پارە پێویستەو ئەم بڕیارە پێویستیانەی نەخستە بەردەم عەرابی کوردستانێتی کەرکوکەوە؟ -ئەگەر بەشێکی ئەم بیرۆکانە هی ئاستی کارکردنی لۆکاڵین (لەچوارچێوەی کەرکوکدا) بۆ م. جەلال خۆی کاری نەکردو شاگردانی وەک ئێمەشی نەخستە خزمەت ئەو پرۆسەوە کە ئێستا بانگەشەی بۆ دەکات.

-ئەگەر بەشێکی ئەم بیرۆکانەی نوێن، بۆ درەنگ هاتن؟ بۆ زووتر فریای پرۆسەی چارەسەری کەرکوک نەکەوتن؟ بۆ هەتا وادەی راپرسی ئێکسپایر نەبوو مامۆستای ماددەی (140) و راپرسی بە دەسکەوت دەزانی و کە زەمەن تێپەڕی ئەم بیرۆکەیەی تەبەنی کرد کە راپرسی خراپە؟

جا ببینن یاری (بە راشکاوی قسەکردن) چەند مەترسیدارەو چی یاری تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟ (زۆرانبازییە) دیموکراسییەکەم لەگەڵ م. جەلال شرۆڤەی پشت لێدوانەکانیشی گەرەکە: لەچی هەلومەرجێکدا مامۆستا ئەم رەخنانە دەگرێت؟ ئەمەش بۆخۆی روونکردنەوەی زیاتر دەدات. بەشێکی بەرچاوی رەخنەکانی مامۆستا پەیوەندی بە کێشەی دەروون حزبییەوە هەیە، بە ئاکامی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانی یەکێتییەوە هەیە کە لێرەدا تەفسیلی زیاتری نادەمێ. لێ هەر ئەو دۆخەیە (هەڵوێستگرتنی)ی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. (واتا لە هەڵبژاردنی 2006دا هێڵی مامۆستا جەلال دۆڕاندی و ئەمەش بوە مایەی لاوازبوونی پێگەی جەوهەر لەناو هێڵی گشتی یەکێتیدا و سەرەنجام هەڵگەڕانەوە بەرەو لای گۆڕان.. تێبینی نووسەر لە ساڵی 2001).

ئاکـامی وەک ئەوەی ئەدائـی حزبـی لەمـاوەی کـابینەی مامۆسـتا جەلال لەکەرکوک چەند توانی بە پلەی یەکەم لەزمەتی پرسی کەرکوک و بە پلەی دووەمیش لەخزمەتی پەرەپێدانی جەماوەرێتی ئەو حزبە بێت لەشارەکە؟

یـاری (هەڵـسەنگاندن و لێپرسـینەوەش یـارییەکی مەترسـیدارە) خەڵکـی تـریش دەتـوانێ ئەم یـارییە لەگەڵ م. جەلالـدا بکـات، (نـامەی ئەعمـال)ی کەرکوک لەکوێیەو چۆنی هەڵبسەنگێنین؟ ئایا بە راستی ئەوە کێ بوو پێی باش بـوو هەڵبـژاردن نەکرێت و ئەگەر کرا کورد بەشداریی تێدا نەکات نەوەک بیـدۆڕێنین، کەچـی کـورد بردیـشییەوە؟ لەوەش زیـاتر م. جەلال دەتـوانێ بیـرۆکەی نـوێ بێنێـت وەک بیـرۆکەی (نەدەبـوایە بە راپرسـی کەرکوک رازی بین) بەڵام لەراستییدا ئەم بیرۆکەیەی مامۆستا دەیخاتە روو جـا گونجـاو یـان نەگونجـاویش بێـت، نـوێ نیـیە، یـان هـیچ نەبـێ زادەی بیرکردنەوەی نوێی مامۆستا خۆی نییە، ئەم بیرۆکەیە پێش ئەو بە ماوەیەکی کەم هەڵسوڕاوی تـریش خستیانە روو، وەک هەر بیرۆکەیەکی تـر لایەنگرو لایەن نەگریـشی هەس. (ئـەمـە ئاماژەیـە بـۆ نـەوشیروان مستەفا کـەدواتـر حزبێکی دروستکرد).

بەوەدا کە م. جەلال درەنـگ ئەم بیـرۆکەیەی تەبەنـی کـردووە، مـرۆڤ دەتوانێت پێشبینی بکات کە (بۆچی تەبەنی کرد؟) و ئەم تەبەنی کردنە تـا چەند پەیوەندی بە پەرەپێدانی ئەدەبیاتی فیکری کوردەوە هەیەو تـا چەندیش پەیوەندی بە ریزبەندییە حزبییەکانی ئەمڕۆوە هەیە؟

درێـژەی نـادەمێ، چـونکە هەنـدێک جـار پەنهانی لەنوسـیندا مانـای فراوانتـر دەدات (لە روونکـــردنەوە) و پیـــت لەســـەر دانـــان، بەڵام بە تێگەیـــشتنی موتەوازیعـانەی خـۆم وایـدەبینم نەچـوونە نـاو ریزبەنـدی نوێـوە پێویـستی بە تیـورەزکردنی نـوێ هەیەو نە خۆجیـاکردنەوە لەریزبەنـدی کۆن پێویـستی بەوە هەیە پرســی کەرکــوک بکــرێتە دەســکەلا بــۆ نــوقرچگرتن لەهەڵوێــستی سەرسەخترین داکۆکیکاری کوردستانێتی کەرکوک، یانی ئەو پیاوەی لەهەمـوو کــۆنگرەیەکی کــۆمەڵەی روونــاکبیریی کەرکــوک و هەروا لەســەر مێــزی ئەنجـومەنی حوکمـدا مـورافەعەی خـۆی پێـشکەشکردووە. یـانی ئەو پیـاوەی

ماموستا جەلال لەدوا وتاری کوردستانی نوێدا ئاوەها رەخنە لەخۆی و شاگردەکانی لەبەغدا دەگرێت:

(ئێستا کە نوێنەرەکانمان لەبەغدا لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەدان کە ئایندەی کوردستانی لەسەر بونیادنراوە، چونکە (خەڵکی کەرکوک) لەدوو هەڵبژاردندا کەرکوکی بردەوەو (داوا دەکەین) (ئەوان) لەبەغدا کەرکوک نەدۆرێنن) وشەکان لەلایەن منەوە خراونەتە ناو کەوانەوە.

هەڵبەت بۆ ئەوانەی لەمەجازو جەفەنگی نوسین تێدەگەن دەزانن مەبەستی ماموستا لەخەڵکی کەرکوک کێیەو ئەوە کێیە بە ناوی کێ-وە داوا دەکات (لەوان) کە نەکەن کەرکوک بدۆرێنن و گومانەکەی نووسەر راست دەربچێت؟ واتا لێرە پۆلێنکردن هەیە لەنێوان ئێمەی براوەو ئەوانی روو لەدۆڕاندا.

هەڵبەت ئەو بیرۆکانەم لەسەر بیرو ڕاکانی ماموستا لەمێژە نووسیبوو، بەڵام بڵاوکردنەوەیانم دواخست، گوتم لەوانەیە هەڵمەتەکەی لەسەر کەرکوک تەکتیکی و بۆ کاتێکی سنووردار بێت، بەڵام کە بینیم لەیادی رزگارکردنی کەرکوک و لەرۆژنامەی حزبدا م. جەلال هەمان مافی حزبایەتی خۆی بەکاردێنێت و هەمان رەخنە دەگرێتەوە، گوتم: بۆ نا؟ هەموو گۆڕانە گەورەکان لەفیکرو سیاسەت و شارستانییدا بە رەخنە دەسپێدەکەن. رەخنەو رەخنەی پێچەوانەش. لەبەر ئەوە منیش بەشی خۆم لەو مافە بەکارهێنا.

*(بەهاری 2008) لەسەر داوای رۆژنامەنووسێکی کەرکوکی بڵاوکردنەوەی ئەم وتارەم لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دواخست. هەرچەندە بڵاونەکردنەوەکە نەبووە مایەی بەلارێدا نەچوونی حزبیانەی بەرێز جەلال جەوهەر و سەرەنجام وازهێنانی لە یەکێتی، بۆیە واخستمە دووتوێی ئەم کتێبەوە هیچ نەبێ بۆ مێژوو بمێنێتەوە.

## من چ جیاوازی نەدیت!

ئەمە قسەیەکی خۆشی ئارامۆیە لە بەرنامەی (من جیاوازم)ی کەناڵی زاگرۆس. لێ قسەیەکە نە تەنها بۆ بواری بەرنامەی فەرەحنایی و هەمەڕەنگ دەستدەدات، بەڵکو بۆ بواری جەنجاڵی سیاسەتیش دەشێت، مادام کۆمیدیا باڵی بەسەر سیاسەتی کوردستانیشدا کێشاوە.

سەیری دۆخێک بکەن کە نەک تەنها دوێنێ و ئەمڕۆمان بەیەک ڕەنگی بیرکردنەوە کێوماڵ دەکات، بەڵکو دەخوازێ خەونی گۆڕان و هیوای نوێبوونەوەشمان لێ زەوت بکات. دەی ئەوە پاسەوانی کۆنە و بەناوی جۆراوجۆرەوە دێتەوە گۆڕەپان. چۆلەکەی بەستەزمانمان بە نرخی کەناری ڕەنگاوڕەنگ پێدەفرۆشێتەوە، مەکی کۆنمان بە نرخی تازە بە سەردا ساغدەکاتەوە. وەک بڵێی ئەم وڵاتە "نەوەی نوێ" ئیدارەیان دابێت و ئەوان بێ گوناهو بێوەی بووبن و دەسەڵاتیان نەبووبێت.

کابرایەکی کورد چووە بەغدا لە بابولموعەزەم گوێی لێ بوو یەکێک هاواری دەکرد: مەی بارد، مەی بارد. وتی دەبێ ئەو شلەمەنییە چی بێت کە فرۆشیارەکەی بۆی بەجۆش و خرۆشە؟ پەرداخێکی خواردەوە و زانی: تومەز ئەم مەی بارده هەر ئاوە ساردەکەی لای خۆمانە؟ تومەز ئەم لیستە جیاوازە هەر ئاوە ساردەکەی خۆمانە و بەسەردا قلّپ دەکرێتەوە. تومەز ئەم گۆڕانە هەر پاڵەوانەکانی دوێنێ دەکاتەوە کوێخاو بەرنامەو روانینەکانیان نەگۆڕاوە. خۆیان ئەم دۆخە سوننەتییەیان هانداوە و خۆیان فەزا سیاسییەکەیان دروستکردوە. لە ناوەوەی بن یان لە دەرەوەی، ێشتا ئارەزووی درێژەکێشانی هەمان فەزای سیاسیی دەکەن، لێ بە بۆیاخێکی ترەوە.

(بەخـودای مـن چ جیـاوازی نەدیـت) و هەمـان کارەکتەرەکـانی جـاران دەکاتەوە دەم سپی ئاوایی.

وەک چۆن بە قسەی ئارامۆ دەستمان پێکرد، دەبێ بەقسەی دکتـۆرە بلقـیس دوایی پێ بێنین.

ئەتو شتێکی نوێت پێ نەبوو. سەماکەشت حەرەکەی تێدا نەبـوو، ئەگەر وایە ئەمن لەتۆ باشتری دەڕەقسم!

*گۆڤاری هەفتانە: ژ: 44 لە 26ی نیسانی 2009دا.

## وەک (مام) تان پێناکرێت

بەڵێ مام جەلال چووە بۆ گەرمیان، بۆ قەڵادزێ و رانیەو هەڵەبجەو پێنجوێن تـا خەڵکـی ئەو ناوچـانە هانبـدات بەشـداریی هەڵبـژاردن بـکەن، دەنـگ بەکوردسـتان و لیـستەکەی بـدەن. چـونکە مـام جەلال کوردسـتانییەو بەکوردستانیی دەمێنێتەوە. ئەم ناوچانەش بەشێکن لەکوردستان و لەگەرمیان و هەڵەبـجەو قەڵادزێ و رانـیەش بەشـەر دەژیـن، کـورد دەژیـن، دەنگـدەری بەروومەت و سەربەرز دەژین کەهەقی ئەوەیان بەسەر سەرکردەکانەوە هەیە بەسـەر بکـرێنەوە. بەڵـێ مـام جەلال بەبـۆنەی هەڵبـژاردنەوە چـووەتە کفـری، چـووەتە حـزوری کەسـوکاری شـەهیدانی هەڵەبـجەو بەردەرگـای مـاڵە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، چووە داوای نوێکردنەوەی شەرعیەتی دیموکراسی و دەرفەتـی چـوار سـاڵی دیـکەی خزمەتیـان لێـدەکات، ئەوە چـی عەیبەیەکـی تێدایە؟. بۆچی عەیبە سەرکردەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لەجێی کودەتاو بەزۆر خـۆ سـەپاندن بچێتە بەردەم میللەتەکەی و بـۆ خـولێکی تـری خـزمەت داوای شـەرعییەتی دیموکراسـییان لـێ بکـاتەوە؟. بـۆچی عەیـبە بەدیـداری کەسـوکاری خـۆی لەپێنجـوێن شـاد ببێـتەوە، ئەو شـارەی یەکەم شـاری رزگارکراوی شۆڕشی کوردستان بوو لەسەر دەستی فەرماندەی گەنج : مام جەلالدا؟ بـۆچی خەوشـە مـام جەلال زێدی یادگارییەکانی شەهید شـەوکەتی حـاجی موشـیر، شـەهید عەلـی نەبـی و شـەهید مەحمـودی مـام عەزەو شـەهید د.ئەتێلا بەسەر بکاتەوە؟. سـەرکردەیەک دەچێت بـۆ جۆشدانەوەی پەیوەنـدیی دێرینـی خـۆی لەم گەرمیـان و کوێـستانەی بەرد بە بەردی دەیناسـن، تـاک بەتـاکی کەسـوکاری شـەهیدەکانی ئەم دەڤەرانە دنیـابینی و پێـشبینییەکانی ئەویان لەیادە کە لەناو قوڕاوی نائومێدی (هەندێکدا) ئەم مژدەو قسەی خـۆش

و هیوای پێدەبەخشینەوە. مامی میللەتەو میللەتی خۆی بەسەر دەکاتەوە، بۆچی خەوشە؟ سەرکردەیەک کەشەرعییەتی شۆڕشگێڕی هەیە، هەیبەتی مێژوو و رەوایی سەرکەوتنی هەیە، کەچی دیموکراسی دەکاتە دەرفەتی دەورانێکی تری بەڕێوەبردنی وڵات. بۆچی عەیبە بچێتە ماڵی شەهیدەکان، دایک و پیرێژنی ئەنفال بەسەر بکاتەوە؟ بۆچی عەیبە بۆنەی هەڵبژاردن ببێتە دەرفەتی جۆشدانەوەی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا؟. خەڵکی تر کەئیدعای گەورە گەورە دەکەن نەئێستاو نە ئەوساش لەخۆیان ناگرن سەردانێک بکەن، بچنە خزمەت دایکی شەهیدێک، دەستی ژنە ئەنفالکراوێک ماچ بکەن. کەدەسەڵاتداریش بوون پێشنیازێکیان نەکرد کەمێک دۆخیان چاک بکات، کەچی ئێستا فرمێسکی تیمساحیان بۆ دەرێژن. خۆیان پێیان ناکرێ وەکو مام بەهیممەت بن، رەخنە دەگرن. دەئێوە چاکتری بکەن!. کەسانێک هەن تەنیا لەتەلەفزیۆنەکانەوە (مژدە) بەخەڵک دەدەن، تەنیا بەوتاری رۆژنامەکان دایکی شەهید دەدوێنن، ئەمانە تەنانەت لەخۆشیان ناگرن بۆ هاندانی (جەماوەر)ەکەیان لەبورجی عاجی خۆیان بێنە خوارەوە، بۆ هەڵبژاردیش بێت سەردانێک بکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4924 لە 2009/7/16دا.

# لیستێکەو نابێت بەدووان

لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم هەڵبژاردنەی دادێ و لەهەموو هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازدا یەک لیستەو نابێت بەدووان، لیستێکە کەخەیاری سیاسیی یەکێتی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندیی یەکریزیی ناو یەکێتی و یەکریزیی بزووتنەوەی کوردایەتیی شکڵ و شێوەکەی دیاریدەکات. لیستێکەو نابێت بەدووان جا ئیتر لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی کوردستانی لەگەڵ پارتیدا، وەک لەرێککەوتنی ستراتیژیدا هاتووە، یان لەچوارچێوەی هەر ناوو ناونیشانێکی تردابێت. یەک لیستەو نابێت بەدووان، هەڤاڵانی یەکێتی دەزانن خەیاری سیاسیی یەکێتی یەکەو نابێت بەدوو، یەکێتی حزبێکی شاراوەو رێکخراوێکی نهێنی نییە تا خەیارو بڕیارەکانی دوودڵی و شاشی دروستبکەن. یەکێتی بەکوردییەکی راست و رەوان کوردایەتی دەکات و بانگی هەقیشی بەئاشکرایە کەبانگەوازی دیموکراتییەکی پارێزەری ریزەکان و یەکێتییەکی دابینکەری دیموکراسی و ململانێی هەڵبژاردنە. یەکێتی لەململانێی سیاسی و لەهەڵبژاردنی دیموکراسی سڵ ناکاتەوە، لەم پێناوەدا با سەد گوڵ لەباخی دیموکراسیدا بپشکون، بەڵام هەر گەمەیەکی دیموکراسی بۆئەوەی پاک و بێگەردبێت دەبێت یاریزانەکانی موشەخەس بن و تیپەکانی هەریەکەیان بەرەنگێک بێنە مەیدانی یارییەوە. فانیلەو ژمارەکانی یەکێتی ئاشکراو دیارن و کەسی تر بۆی نییە جلوبەرگی یەکێتی لەبەربکات و یاریگاکە بشێوێنێت و تەماشاکاران تووشی شڵەژان و دوودڵی بکات. یەکێتی لەگەمەی لیست و حزب، (گۆڕان و دۆڕان) ناترسێت و ئەوانەی بەشێکی ئەو مێژووە بوون دەزانن ئەوان بەیەکێتییەوە شت بوون و سەرمایەی مەعنەوی و بەرجەستەی ئەوان هی ئەوەیە لەیاریگاکانی یەکێتیدا

گەورەبوون، بگرە ئەوانەی ئەمڕۆش لەناو یەکێتین دەزانن بەیەکێتییەوە شتن و بەناوی یەکێتییەوە دەرەقەتی هەموو شەڕێکی دیموکراسی دێن و هەموو نەبەردییەکی کوردایەتی دەبەنەوە. بۆ ئەوانەشی لەخۆیان گۆڕاون دەڵێین: دە ساڵ بەر لەم بەزمی لیست و گۆڕان و ریفۆرمە مام جەلال وتوویەتی: ئەگەر مام جەلال لەیەکێتی دابڕێت تەنیا پاریزەرێکەو لەنووسینگەکەی خۆی لەکەرکوک بێ حەول و قووەت دانیشتووە. جا مام ئەوە بۆ خۆی بڵێ خەڵکی تر بۆ خۆیان لێ بووەتە سۆپەرمان؟یەکێتی بەو یەکێتی بوونەیەوە سەربەرزانە دەڵێت: ئەی دیموکراسی و ململانێکانی تۆ بەخێربێی!. یەکێتییەکان بەیەکێتیی ناو یەکێتییەوە دەنازن و کەلیمەی سڕی بردنەوەی یەکێتی لای ئەوانە. هەرکەس بڕواو بەجێی بێڵێ نهێنی شەوی لا نامێنێت و ناتوانێت پاسۆوردی سەرکەوتنی یەکێتی لەگەڵ خۆی ببات، بۆیە بەو دڵنیاییەوە دەزانن لیستی یەکێتی یەک لیستەو نابێت بەدووان. یەکێتییەکان ئەوەندە دیموکراتخوازن کەهەموو باس و خواسێکیان لەسەر یەکێتی پێ قبووڵەو لەم مەیدانەدا بەسەبرو تەحەمول بوون، بەڵام کەباس بگاتەسەر یەکێتی ناو ریزەکانی یەکێتی ئەوەندە رقیان لەلیستکارییە لەناو یەکێتیشدا حەز بەلیستی ئەم و ئەو ناکەن چ جای ئەو لیستانەی ببنە کارتی گوشار لەسەر لیستی راستەقینەی یەکێتی لەهەڵبژاردنێکی گشتی دەرەوەی یەکێتیدا. یەکێتییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەروابوون و هەرواش دەمێنن: سەرکردەکانیان خۆشدەوێت، چونکە بۆ سەرکەوتنی یەکێتی رێبەرایەتیان دەکەن، بەڵام چەکێکی سپیان بۆ بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئیمزا نەکردووە کە لەڕاست و هەڵەدا شوێنی کەون، یان باوەڕیان بە(دێواندن)ی کەسێک هەبێت کەئیش بۆ (تاریکاندن)ی رێی دیموکراسی و حزبایەتیان بکات و بە(گەوجاندن) یان لیستی دەرەوەی یەکێتییان بەنرخی لیستی یەکێتی پێ بفرۆشێتەوە. یەکێتییەکان وەڵامیان هەیە بۆ ئەمجۆرە تاریکاندنە: لیستێکەو نابێت بەدووان. بەمزووانە کاک نەوشیروان و هەڤاڵەکانی تووشی موفاجەئە دەبن کەدەبینن کبریائی حزبییانەی کادیرانی یەکێتی قبووڵناکات دوای پەیامێکی دژە حزبیانە بکەون کەهەر رۆژەو وزەی ئەوان لەشەڕێکی بێ مانادا تووشی تەلەف دەکات. خەڵک ئازادە لیستی

هەبێــت لەدەرەوەی لیــستی رەســمی یەکێتــی (شــوێنی دیــکە زۆرن بــۆ گاڵتەوجەڤەنــگ). بــا بچــن لەدەرەوەی یەکێتــی بەدوای دەنگــدا بگەڕێــن. وێستگەکانی ململانێی ماوەی داهاتوو دەریدەخەن کەئەو یەکێتییانەی کاک نەوشــیروان، وەک مەرجەعێکــی دیینــی، ویــستی بەنــاوی ئــێمەو ئەوانەوە ریزەکانیان شەقوپەق بکات، قسەیەکی جیاواز لەسەر لیستی (تەجزیئەت تەلەب) دەکەن و بەدەنگی دلێرو هەر لەو گۆڕەپانی دیموکراسییەی نەیارانی یەکێتی وا دەزانن هەر خۆیان لێی بەهرەمەندن، پڕ بەدەنگیان هاوار دەکەن: لیستێکەو نابێت بەدووان.

چەند وێستگەیەکی ململانێی داهاتوو کاک نەوشیروان تووشی شۆک دەکەن وەختێک ئەو یەکێتییانەی لەچەند ساڵی رابردووی هەژموونی کاک نەوشیروان و هاوڕێکانیدا پەراوێز خرابوون، یان هەوڵی موسادەرەی ئیرادەو ویستیان کراوە، قسەی راشکاوانەی، یەکێتییانەی خۆیان دەکەن، بەڵێ بۆ هەموو جۆرە گەمەو چەلەحانێیەک لەناو یەکێتیدا، بەڵێ بۆ سەد لیستی جیا لەدیموکراسییە پەرلەمانییەکەی کوردستاندا کەتێیدا یەکێتی یەک لیستی هەیەو نابێت بەدووان. لەچەند وێستگەی داهاتوودا، یەکێتییەکان بەهەموو باگراونــدو بــنچەو هێڵــی فیکریــانەوە بەکــاک نەوشــیروان دەڵــێن: کەئێــوە لەهەڤاڵەکانی خۆتان رازی نەبن و ئەوانە پەسندبکەن کە لەهێڵی ئوسوڵی و ئیسلامیی سیاسی نزیکتربن تا هێڵی دیموکراسی و ریفۆرمخواز، کەئێوە خاوەنانی رستەی شۆڕشگێڕانەو نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە بەگۆڕانخواز بزانن تا هەڤاڵە واقیعبینەکانی چل ساڵ لەسەنگەریاندا بوون، ئیتر یەکێتییەکانیش هەقی خۆیانە بڵێن: (بەپەیمانێ کەداومانە بەکوردو خاکی کوردستان، لیستێکەو قەد نابێت بەدووان).

چاوەڕێبن وێستگە نزیکەکان تەنیا وێستگەی گەشەی ململانێی دیموکراسیی کوردســتان نــین، بەڵکــو شــانۆی نمایــشی ئــازایەتی و ئــازادیی هەڤــاڵان و تێکۆشەرانی یەکێتیشن کەچیتر رازی نابن هەر رۆژێک بەناوێکەوە هەوڵی لەخشتەبردنیان بدرێت و شەڕەکەش هەر بۆئەوەیە یەکێتی بکەنە بارمتەی میزاجێک کەتاسەر بەفەلاکەتێکدا نەکات وازناهێنێت. لەبەرامبەر ئەوانەی

فشەیان بەبڕیاری سەربەخۆی هەڤاڵانی ئاسایی و جەماوەری یەکێتی دێت، بەمزووانە بڕیاری (لیستێکەو نابێت بەدووان) دەبیستین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4855 لە 2009/4/27دا.

# پشت لەگۆڕانکاریی و لەستایشی جێگیریدا

گەورەترین گۆڕان کەدەشێ لەژیانی سیاسیی کوردستاندا بەدیبێت، ئەوەیە بتوانین گۆڕانکاری بکەینە راستییەکی (جێگیر)، بیکەینە پێدراوێکی نەگۆڕو بەردەوام بەجۆرێک ئیتر بانگەواز بۆ گۆڕانکاری پروپاگەندەیەکی پێکەنیناوی بێت، گەیشتن بەم وێستگەیە لەژیانی سیاسییمان شتێکی ئەستەم نییە، پێش هەموو شتێک سەروەرکردنی دڵنیایی و پایەدارکردنی جێگیرکردنی گەرەکە، با بۆچوونەکەم زیاتر روون بکەمەوە: بەپێچەوانەی بیری باوەوە، زۆرینەی بێدەنگ لەگەڵ نەگۆڕاندایە، لەگەڵ شۆک و موفاجەئەدا نییە، ویستی گۆڕان و موفاجەئە ویستێکی رووکەشە، دەشێ ناجۆریی ژیان و نەبوونی دادپەروەری دیوێکی قووڵی پێببەخشێ، لەبنچینەدا ئەوی خۆی بەگۆڕانکاری و دەستکارییەوە سەرقاڵدەکات (دەستەبژێرێکی دیاریکراوی سیاسییە) کەخۆی بەشێکە لەچینی سیاسیی، جا لەناو حکومەتدا بێت یان لەناو حزبە دەسەڵاتدارەکان، یان لەناو ئەوەی پێی دەڵێن ئۆپۆزسیۆن. ئەم دەستنیشانکردنەش بۆ بەکەم گرتنی ویستی گۆڕانکاری نییە، بەقەدر ئەوەی وەبیرهێنانەوەی واقیعێکی بەرجەستەیە کەدەستەبژێر زیاتر پەیوەندارن بەشەڕی چەمکەکان و رێبازەکانی سیاسەتەوە تاعەوامی خەڵکی، زۆرینەی بێدەنگ کەدەشێ لەپرۆسەیەکی دەنگداندا بێنە دەنگ، لەگەڵ جێگیری و ئارامی سیاسییدان، حەز بەگۆڕان و شۆکێکی سیاسیی وا نەکەن کەمەنزومەی ژیان و بەرژەوەندییەکانیان تێکبدات، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگانەی رێڕەوی سیاسیی لەرێڕەوی ئیداری جیانەکراوەتەوە، فەلسەفەی حکومڕانی و رێبازی بەڕێوەبردنی شەئنی گشتی راستەوخۆ گرێدراوی نان و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکە. زۆرینەی خەڵکی، بەپێچەوانەی دەستەبژێری سیاسییەوە، بژارەکانی بەردەمی بۆ دروستکردنی تۆڕی

بەرژەوەنـدیی کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی زۆر کەمەو هـی ئەوەنیـیە لەوێـستگە سیاسییەکاندا بیخـاتە ژێـر هەڕەشـەوە، بـۆیە لەکـۆمەڵگەی وادا زۆریـنە درەنـگ دەتـوانن مەنزوومەیەکـی دیـکەی خـۆپـاریزی بۆخـۆیـان دروسـت بـکەن و ببـنە بەشـێک لەتـۆڕێکی نـوێی بەرژەوەنـدی کە جێـی تـۆڕە کـۆنەکە بگـرێتەوە، بیرمەندی گەورەمان، مامۆستا مەسعود محەمەد، تێک لەم بابەتە دەستنیشان دەکـات وەختێـک دژی شۆڕشـکردن دەوەسـتێتەوە، چـونکە بەدیـدی ئەو تویژەکانی خـوارەوە زەرەرمەنـدی یەکەم دەبـن لەشـۆڕش، کە ئەو کەمە یاساو ریسایەی دەشێ مافی هەژارەکان بپارێزێ، لەهەر وەرگۆڕانێکی (شۆڕشداریدا) نەمێنێت. لەواقیعیـی واشـدا خـاوەن نفوزەکـان لەغیـابی یاساشـدا بەهێـزو نفـوز دەتوانن تۆڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام هەژارەکان پێوە دەبـن، بێگومـان دەزانـم هەن بیروڕاکـانی مەسـعود مـحەمەد بەکۆنەپەرسـتی دەزانـن، جـا موجـادەلە لەگەڵ ئەوە نـاکەین مـادام هەرچۆنێـک بێـت بەشـتی کۆنەپەرستی لەم بـابەتەش دەڵێن بیـروبـاوەڕ، بەڵام لەکوردستـانێکدا بیـروڕای ریفۆرمخـوازی وەک بژارەیەکی کودەتایی چاوی لـێ دەکرێت و تەگبیـری بـۆ دەکرێـت، ئاسـاییە لەو ئاکـامە نزیـک ببیـنەوە کەبەڵـێ گۆڕانکـاری دراماتیکی وەک هەنـدێک رەملـی بـۆ لـێدەدەن، کودەتـایەکی ئـاقیبەت نەزانـراوەو رێـی تێناچێ زۆرینەی بێدەنگ و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵ لەسـەر کاغەزێکی سپی ئیمزایان بۆ بکەن. دەگەڕێینەوە سەر باسوخواسی سەرەتا کە وتمان گۆڕانکارییی بۆ ئەوەی ببێتە واقیعێکی جێگیر، پێویستی بەپلەیەکی دیاریکراوی گەرما هەیە لەنێـو تـاقیگەیەکی باشـدا. واتـا پێویـستی بەدرێژەپێـدانی گەشـەی کوردسـتان و کەڵەکەکردنی دەستمایەی سیاسیی هەمەلایەنە هەیە.

جێگیری هەر خۆی دەتوانێ جێگیریمان بۆ مسۆگەر بکاو لەرێی ئەمەشـەوە گۆڕانی خوازراوە لەکوردەواریـدا بکەیـنە پرۆسـەیەکی بەردەوامـی بێ راوەستان، لەراسـتیدا ئەوی پرۆسـەی گۆڕانکـاری لەرێـی ریفـۆرم لەپرۆسـەی گۆڕانکـاری لەرێی شۆڕش و کودەتا جیادەکاتەوە، تەنها ئامرازەکانی بەکارهاتوو نییە، بەڵکو قەناعەتکردن یان قەناعەت نەکردنە بەزوو، یـان درەنـگ، دەرکەوتنـی ئاکامی پرۆسەکە. پرۆسـەی گـۆڕان لەرێی ریفـۆرمەوە پرۆسـەیەکی گوناه، بەشـێنەیی و

لەسـەرە خـۆیە. پرۆسـەی گـۆڕان لەرێـی شۆڕشـەوە پرۆسـەیەکی رادیکـاڵ و دراماتیکییە کەهەمـوو شـتێکی زوو بەزوویـی دەوێـت و ئەمەش ئەو شـتەیە توێژەکانی خوارەوە لێی دەترسن و لەرێی پابەندێتییان بەهێزەکانی جێگیریی و دڵنیاییەوە کەزۆربەی جار خۆیان لەناوەندەکانی دەسەڵاتدا دەبیننەوە، لەقاوی دەدەن و پشتی تێدەکەن. ئەم خەڵکەی لەگەڵ جێگیـری و ئۆقرەیی سیاسییدا هەڵدەکەن دەبنە کەرەستەو ئامانجی هێزەکانی گۆڕانکاری بەردەوام و شێنەیی، دەبنە ئامانجی ئەوانەی کار بۆ کردنی گۆڕانکاری بەواقیعێکی جێگیر دەکەن. ئەمەش بەچەند شێوەیەک دێتەدی: -لابردن و چارەسەرکردنی ئەو ناجۆری و نادادپەروەرییەی دەشێ ببنە هـۆی تەوەلابـوونی زۆرینەی بێـدەنگ لەواقیعـی جێگیر، هەموو واقیعێکی جێگیر جێی سەرزەنشت نییە، بەڵکو واقیعی جێگیری نـادادپەروەر هەقـی بەرپەچـدانەوەی هەیە. لەحـاڵی وادا ویـستی چارەسـەری کەموکوڕییەکان تەنها نابنە بەڵێنێکی سیاسیی هێزەکانی جێگیری لەململانێی هەڵبژاردندا، بەڵکو دەبنە ئیستحقاقێکی سیاسیی کەبێ وی مومکین نییە ئەو هێـزانە موەفـق بـن. -بەرنـامەی هێزەکـانی جێگیـری بنمیچێکـی مـوتەوازیعی هەبێت کەگوزارشت لەنییەتێکی راستگۆیانە بکات، نیەتی جێبەجێکردنی. دەبێ بەرنـامەی وا بەرنـامەی تەنهـا چوارسـاڵی کـارکردن بێـت کەمـاوەی خـولێکی پەرلەمــانی دروســت و کــابینەیەکی حکــومەتە. بەرنــامەی چوارســاڵە هەم پابەنـدێتییە بەجێگیـرییەوە، هەم داننـانە بەپرەنـسیپی ئـاڵوگۆڕی دەسـەڵات و هەمـیش رێزگـرتنە لەدەنگـی جەمـاوەرو بەکارهێنـانێتی بـۆ یەک دەورانــی هەڵبـژاردن. راستییەکەی دیاریکردنی بنمیچی خواست و پابەندبوون بەکاتی هەر دەورانێکـی هەڵبــژاردنەوە بـۆنەیەکی تـرە بـۆ خۆجیـاکردنەوەی هێــزی گۆڕانخواز لەچوارچێوەی جێگیریی سیاسییدا لەهێزی (گۆڕانخوازی دراماتیکی). هەر لەهەلــومەرجێکی واشــدا دەتــوانین گۆڕانکــاری بکەیــنە ئاســاییترین و رۆتینتـرین کـردار بەجۆرێـک لەواقیعـدا هەبێ و لەقسەی کیتابیـدا هەر نەیەتە سەرزاران. ئەگەر بتوانین ئەمە بکەیـن چیتـر ویـستی گۆڕانکاری نابێتە پەتای وەرزێکی سیاسیی دیاریکراو کە لەوەرزێکی تردا چ خەبەرو باسێکی نەبێ.

*گۆڤاری هەفتانە: ژ: 27ی حوزەیرانی 2009دا.

# سوێندی پێش دەرچوون

(ئەوە خـووی رێکخـراوە داخراوەکـانە کە ئەنـدامەکانیان سـوێند دەدەن و لەدەرەوەی قانوونی گشتی وڵات، پابەندی قانوونی تایبەتییان دەکەن) عادەتەن پەرلەمانتار کەدەردەچێت، ئینجا سوێنددەخوات کەنوێنەری راستەقینەی گەل بێـت، نـوێنەری راسـتەقینەی ئەوانە بێـت کەدەنگیـان بـۆداوە، نـوێنەری ئەو ناوچەیەش بێت کەئەو لێوەی هاتووە، با تەنانەت خەڵکێک هەبێت لەهەمان ناوچە دەنگیان بەو نەدابێت، پەرلەمانتار کەدەبێتە نوێنەر لەپەرلەماندا بۆئەوەی بتوانێـت ئەرکـی پەرلەمـان جێبەجێبکـات، مەحکـومە بەئیئـتلاف، مەحکـومە بەکۆکردنەوەی دەنگی پەرلەمانتارەکانی تر بۆ پرۆژە یاسایەک، بۆ بیرۆکەیەک کەبخوازێت لەپەرلەمان بیوروژێنێت، پەرلەمانتـار هەرخـۆی بێت یان بەشێکی فراکسیۆنێک بێت، بۆئەوەی رۆڵی کاریگەری هەبێت، دەبێت گونجانێـک لەگەڵ بیـروڕای خـۆی، بەرنـامەی فراکسیۆنەکەی و بەرنـامەی پەرلەمانتارەکـانی تـرو فراکسیۆنەکانی تـر دروستبکات، هیـچ پەرلەمانتارێـک ناتوانێـت سـەد دەرسـەد هەمـــوو شـــتێک تێپەڕێنێـــت و بـــسەپێنێت، مەگەر ئەوە نەبێـــت ئیـــرادەی پەرلەمانتارەکانی تر ئاودیو بکات، مەگەر ئەوە نەبێت پێشوەخت بڕیاری دابێت پەرلەمان لەجێی ئەوەی گۆڕەپانی دیمـوکراتی بێت، تەنیا مینبەرێـک بێت بـۆ گوتاری ئەو و بڕیاری فراکسیۆنەکەی. لیستی کۆمپانیای وشە بیدعەیەکی نوێی نادیموکراتی داهێناوە، ئەویش سوێندخواردنی (پەرلەمانتـار)ە پـێش ئەوەی گەل بڕیاری لێبدات و لەسندوقی دەنگداندا مـۆری ئیـرادەی خـۆی بخاتەسـەر. وەک بڵێـی پێـشوەخت ئاکـامی هەڵبژاردنەکانیـان یەکلایـی کـردبێتەوە، کەئەمەش فشەکردنە بەرۆژی دەنگدان و بڕیاری جەماوەر کەچۆن و دەنگ بەکێ دەدەن. رەنگە هەبن هۆکاری ئەمە بگێڕنەوە بۆ دیـاردەی وازهێنـانی زیـاد لەکاندیـدێکی

ئەو لیستەو کشانەوەیان، ئەمەش وەک ریگرتنێک لەوازهێنانی تر کەشتی لەم بـابەتە لەهەمــوو بزاوتێکــی سیاســیی دیموکراتیــدا دەقەومــێن و (ســەنگەر گواســتنەوەش) خــوویەکی ئاسـایی نـاو کوردسـتانە، بەڵام لەراسـتیدا شـێوەی سوێندخواردنی پێشوەخت و ئەو وێنەیەی لەگەڵ هەواڵەکەدا لەسایتی سبەیدا بڵاوکـــراوەتەوە، ئامـــاژەی مەترســـیداری ترمـــان پێـــدەڵێن کەتەجـــاوزی پەرچەکـرداری دیـاردەی وازهێنـان دەکەن: *لیـستی وشـە لەلایەن خـۆیەوە یەکلایـی کـردۆتەوە کەهەر دەبێـت هەڵبـژاردن بـبەنەوەو هەر بەو ریـژەیەش بیبەنەوە کە لەهەواڵەکەدا هاتووە (نزیکەی حەفتا کەس دەبن)، بێ لەوە ئەوان ئامادەنین ریژەیەکی تـر قبـووڵ بکەن و هەر دەرکەوتێکیش تووشی شۆکیان بکات، رەتیـدەکەنەوە، (بۆ نمـوونە ئەگەر 6 یـان 60 کورسی بێنن ئەوە شتێکە قـابیلی قبـووڵ نیـیە) ئەمجـۆرە مەراسـیمی سـوێندخواردنە خـووی تەشـکیلاتە سیاسییە داخراوەکانە، ئەوانەی لەدەرەوەی ریورەسمی تەشکیلانە رەسمییەکانی وڵات بـۆنەی وا سـازدەکەن کەبەریەککەوتنـی تێـدایە لەگەڵ بـۆنەی دەزگـا رەسـمییەکان، پەرلەمانتـاران تەنیـا دەزگـای رەسـمیی پەرلەمـان و لەبـۆنەیەکی رەسـمیی پەخـشکراوی کـردنەوەی دەورەی نـوێی پەرلەمانـدا سـوێند دەخـۆن. ئەویـــش ســـوێندێکی بەدەق نووســـراوی ئامـــادەکراوی پرۆتۆکـــۆڵی. هەر مەراسـیمێکی تـر رەسـمی نیـیەو ئەگەریـش گوزارشـت بـکەن لەئیلتیزامێکـی رەمــزی، ئەوا ئیلتیزامێکــی رەمــزی تۆتالیتــارییە بــۆ ســەردەمی (رێکخــراوە بانگەوازخوازە نهێنییەکان) دەست دەدەن و لەسەردەمی کرانەوەو دیموکراسیی و یاسا سەروەریدا مانای ناجۆر دەدەن بەدەستەوە.

وەک لەوێنەکەدا دەردەکەوێت هەموو کاندیـدەکان سوێندیان بۆ بەرنامەی لیستی گۆڕان خواردووە کەبەرنامەیەکە هەرگیز لەچوار ساڵدا جێبەجێ نابێت، چـونکە بەرنامەیەکە تەجاوزی چـوار سـاڵ دەکات و پێویـستی بە (سـووتاندنی قۆناغەکــان) هەیە. هەمووشــمان دەزانــین تیــوری (ســووتاندنی قۆناغەکــان) لەنموونەی زۆر شوێنی دنیادا شکستی هێناوە، لەوانەش ئەوروپای خۆرهەڵات کەزۆرجار دەبێتە وێردی سەر زمانی بەرێز نەوشیروان مستەفا ئەوکاتەی تانە لەدابونەریتی حزبایەتی کوردستان دەدات. یان دەشێت پێویستی بەوەبێت ئەم

هەفتا پەرلەمانتارە (دەرچووە) بەو ئیعتیبارەی (70) کورسی پەرلەمانیان لایە، بڕیار بدەن ماوەی پەرلەمان درێژ بکەنەوەو بیکەنە (پەرلەمانێکی چەندین دەورە بەسەرچوو) تا بەرنامەکەی لیستەکە جێبەجێ دەبێت.

خاڵی سەرجڕاکێش ئەوەیە سەرۆکی لیستەکە خۆی لەپشتەوە وەستاوەو چاودێری دەست هەڵبڕینەکە دەکات وەک ئەوەی ئەسڵی مەقسەد سوێندخواردنی کاندیدەکان بێت بەوەی لەقسەی سەرۆکی لیست دەرنەچن. ئەم سوێندە پێمان دەڵێت بەو بانگەشانە نەخەڵەتێن کەداوا دەکات پەرلەمانتار سەربەخۆبێت و گوێ بەقسەی سەرکردەکان نەدات. باقی وەلسەلام.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4929 لە 2009/7/22دا.

# گۆڕان لەسیاسەتی کوردی، یان پاشەکشێی هەرزان؟

بەڵێ ئێمەش گۆڕانمان گەرەکە لەسیاسەتی کوردستانیدا، بەڵام گۆڕانێک کەپرسی کوردستان بەرەوپێشەوەبەرێت، بنمیچی داوا کوردییەکان لەو ئاستە نەهێنێتە خوارەوە کە لەگەڵ پێوەرە دەستوورییەکان و پێدراوە مێژوویی و جوگرافییەکان دەگونجێت، ئێمەش گۆڕانێکی چۆنایەتی دەخوازین کەسیاسەتی کوردستانی ئەم قۆناغە مەییوە تێپەڕێنێت و دەستپێشخەری وەدەست بهێنێتەوە، بەڵام نەک گۆڕانێک بێت بۆ پاشەوە، گۆڕانێک تیلەبازی لەگەڵ شۆڤێنییەکاندا بکات و ئاو بکاتە ئاشی نەیارە سیاسییەکانی پرسی کوردستانەوە. گۆڕان بۆ پاشەوە، پاشەکشێ پێکردنێکی هەرزان و لەخۆڕاییە بەپرسی کوردستان. بچووکردنەوەو قەتیس کردنێتی لەهەندێک ویستی لۆکاڵی شەرمندا، مرۆڤ و گروپەکان ئەگەر لەڕەوتی سیاسەتکردندا تووشی پاشەکشێی ناچاری واش بێن هەرگیز بە بەلاش و بێ نرخ هەرزان فرۆشی ناکەن، دەبێت یەک شرۆڤە هەبێت بۆ ئەم جۆرە پاشەکشێیە: بێتاقەت بوون و کەم حەوسەڵەیی.

لەمێژووی سیاسەتیشدا وەک چۆن کەم نین ئەوانەی (موزایەدە) دەکەن، ئاوەهاش ئەوانە زۆرن کە لەپرسە سیاسییە چارەنووسسازەکاندا (موناقەسە) دەکەن، کێبڕکێ دەکەن لەسەر قەبارەی پاشەکشێ و دەستهەڵگرتن لەجێگیرییەکان. ئەمە هەر بۆ دەستکەوتنی مافی ئەمارەتکردنە لەسەرزەمینێکی دیاریکراودا. سەرزەمینێک کەس گرەنتی ناکات ئەگەر بەسنووری تەواوەتی خاکی کوردستان پەرژین لەدەوری نەکرێت تاکەی و تا چەندی تر بەلانکی سیاسەت و رۆشنبیریی کوردستانیی دەمێنێتەوە؟ هیچ ئیعتبارێکی جوگرافی و ستراتیژی ئەوەمان بۆ ناسەلمێنێت، ئەگەر تەعریب تابناگوێی بان مەقان بێت

کێ دەڵێت تەکیەو بازیان واوەتریش، شارەکەی شێخی نەمر، لەم سەودایە بەسەلامەتی لێی دەردەچن؟. هەمووولایەک حەزدەکەن ئەم چەقە لەچەقبەستوویی قوتاری بێت، بەڵام نەک بەڕاکردن بۆ پاشەوە، بەڵکو بەتەکبیری چوونە پێشەوەیەکی مەحکەم کەبارتەقای قوربانییەکانی ئەم بزووتنەوە دوورودرێژەی کوردایەتی و دیموکراتی بێت. نەتەوە ژیرو داناکان، بزووتنەوە رزگاریخوازە حەریفەکان ئەگەر ناچاری پاشەکشێش بکرێن نرخ بۆ ئەم پاشەکشێیە دادەنێن و بێ پەروا نایدەنە ئەم و ئەو. نرخی ئەم سیاسەتە شەرمنەی بەناوی وەرگۆڕأن لەئەندێشەو رێبازی کوردایەتی خۆی دەنوێنی لەکێ وەردەگیرێت؟ لەم بێ عەهدو بەڵێنانەی سەد تەپکەیان بۆ ناوینەتەوە؟ ئەم موناقەسەیە لەپرسی کەرکوک و لەماددەی (140)و ئەم چاوبازییە لەگەڵ کێ دەکرێت کەڕیزەکانی کوردایەتی پەرت دەکات و جێگیرییەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتی کەچەند دەیەیە پێی گۆش دەکرێین و خەڵکی بۆ بەکوشت دەدرێت، بنکۆڵ دەکات؟.

ئەمجۆرە سیاسەتە هەرزانە وا دەزانێت دیموکراسی و مافی جیاوازی تا ئەو سنوورە هەقی هەڵگەڕانەوەیان دەداتێ کەپشت لەپرسە ستراتیژییەکان بکرێت و جێگۆڕکێ بەناکۆکییە سەرەکی و لاوەکییەکان بکرێت. سیاسەتی هەرزان دەستکاری سیاسەتی کوردستانی لەوەدا کورتدەکاتەوە کەببێتە سیاسەتێکی بێ ئەندێشەی سەنگین، ئەم سیاسەتە لۆکاڵییە سیاسەتێکە لەسەر بنچینەی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیف بۆ پرسی کەرکوک یان پرسی فیدرالی و دەستوور کار ناکات، بەڵکو خۆی لەم باسە دەدزێتەوەو خەڵک بەسووککردنی سیاسەتە پەیرەوکراوەکانەوە مژوڵ دەکات، خیتابی میدیایی ئەم جۆرە سیاسەتە ناڵێ خۆمان چیمان پێیە بۆ پرسی کەرکوک؟ نەخێر! دەڵێت (جا ئەوە کەی سیاسەتە بۆ چارەسەری پرسی کەرکوک گیراوەتەبەر؟) ئەمە سیاسەتێکی بێ بەهرەیە، موزایەدە بەسەر هێزە رەسەنەکانی کوردایەتییەوە دەکات و لەچاوبازی لەگەڵ نەیارەکانی کورددا موناقەسە دەکات. لەگەڵ خۆمان گران جان و بۆ نەیارەکان هەرزانی دەکات. نالی ئاماژەی وای هەیە کەلەکن من چەندە مەغرووەرەو لەکن خەڵک چەندە مەجبورە؟

لێیان دەپرسی چیت پێیە بۆ کەرکوک دەڵێت: ئم م، خۆی لەڕاستیدا.... لەڕاستیدا کاتی بەرنامەکەمان تەواوبوو!. ئێمەش گۆڕانمان گەرەکە لەسیاسەتی کوردستانیی، گۆڕانێکی راستەقینە. بەڵام ئایا ئەم قەوارە سیاسییەی کوردستان ماڵە باجێنەیە کەسبەینان پێک بێت و وەختی نانخواردنێ تێکبدرێ؟

قەوارە سیاسییەکان، هێزو دامەزارەوە حەریفەکان بەچی لەخەڵکی عەوام جیا دەبنەوە ئەگەر بەوە نەبێت کۆمبەسی هەڵسوکەوتی سیاسییان گرێدراوی ستراتیژێکی دوورمەودا بێت؟ ئەمەی دەیڵێین گۆڕان نییە لەسیاسەتی کوردستانی. ئەمە دەستهەڵگرتنە لەسیاسەتی کوردستانی، شتێکە سەد دروشم و هاوارو ئاڵاوسێدی تۆمارگەکان ناتوانن پەردەپۆشی بکەن، ناتوانن سەنگەری رەخنەی وان لەهی شۆڤێنییەکان جیابکەنەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4921 لە 2009/7/13دا.

# هێڵی سوور، دەنگی تاک

دەبــێ لەم ململانــێ دیموکراســییەدا هەنــدێک بــابەت ســاغ ببێــتەوە. موفرەداتەکانی وەک دیموکراسیی، هەڵبـژاردن، بـردنەوە و دۆڕان، دەنگـدان و دەرنەچـوون لە موفرەداتەکـانی کـۆمەڵی مەدەنـین.لە موفرەداتەکـانی ژیـانی سیاسیی هاوچەرخن، ئەوی پێی قبوڵ بێت یان بیکات بە دەسکەلای دەستی خۆی لە کاری سیاسییدا. دەبێت لە دڵودەروونەوە، لەقەلب و قاڵبەوە قبوڵیان بکات و پێیان ڕازی بێت.

موفرەداتە سیاسییەکان دابەش نابن، ئەوی حەزمان لێیەتی و لە قازانجمانە وەربیگــــرین و ئەوی ئیمکــــانی هەیە بە کەڵکمــــان نەیەن دژی بــــین و دەستبەرداری بین. ئەوی دیموکراسیی دەکاتە دروشم و گۆڕان دەکاتە تایتڵی کـارکردنی پێویـستە بەر لەوانـی تـر پابەنـدی ئەم دروشـم و تایتڵانەبێـت، لە دیموکراسـییدا هەر فەردێـک یەکـسانە بە دەنگێـک لە هەڵبژاردنـدا، جـا ئەو فەردە پادشـای وڵات یـان گەدای بەردەرگـای مـاڵی پاشـا بێـت، لە حزبـی دیموکراســییدا، لە لیــستی دیموکراســیی و لە ململانێــی دیموکراســیانەی گروپەکاندا کەس فەزڵی بەسەر کەسی ترەوە نییە، لە دەمەتەقێی نێوان دوو ئاراسـتە لە بیرکـردنەوەدا مەنتیقـی قـسە و بەڵـگە و بەڵێننامەکـان فـاکتەری یەکـلاکەرەوەن، کاریزمـایی یـان باگراوەنـدی سیاسـیی ئەوە مەسـەلەیەکە بـۆ تەقدیری دەنگدەرەکان دەمێنێتەوە، بۆ مێـژووی میللەت و ویژدانی نەوەکانی ئاینـدە دەمێنێـتەوە کە بەشـی هەر کەسـێک لە سـەروەری و سـەربەرزی یـان شکست و دۆڕان بدات.

ئەگەر ڕەوتی بەڕێـز نەوشیروان مـستەفا و هـاو ڕێبازەکانی لەگەڵ گۆڕان و دیموکراسیین دەبێ واز لە پڵنگانـدن، یـان لە دەسـتەواژەی "کـاک نەوشـیروان"

ڕەقەمێکی گرنگە بێنن، (ئەم قسەیە هی بەڕێز عومەری سەید عەلییە کە لەدیدارکدا وتی: کاک نەوشیروان ڕەقمێکی گرنگە، تێبینی نووسەر ساڵی 2011دا) چونکە لە بەردەم سندوقەکانی دەنگداندا کاک نەوشیروان دەتوانیٖ‌یەک دەنگ بدات و لە گفتوگۆی دیموکراسیشدا دەنگێکە لە دەنگەکان، لە بنچینەدا ڕیفۆرم لە حزبدا بۆ ئەوەیە هەموو هەڤاڵێک دەنگێک وگفتوگۆیەک بێت، ڕەقەماندنی سەرکردەیەک یان بە کاریزماکردنی لەگەڵ ئیدعای ریفۆرم، عەدالەت و بە موئەسەساتکردندا وێک نایەتەوە.

ئایا ئەو بەڕێزانە لە بیریان دەچێتەوە کە لە کۆمەڵی دیموکرات و شەفافدا کاک نەوشیروان لە دەرەوەی بازنەی ڕەخنە و لۆمە نابێت؟

دیارە هەموو دەزانین لە ململانێی هەڵبژاردن جا هی ناو حزب بێت یان هی ناو میللەت (بۆ پەرلەمان)، هەر لایەنە دەتوانێت سەرمایەگوزاریی مەعنەوی لە مێژووی گەورەکانی خۆی، لە ڕابردوو و دەسکەوتەکانیان بکات و لە بەردەم دەنگدەراندا سونبلی هێزەکەی بن، بەڵام دیسانەوەش دەنگدەرێک هەریەکسانە بەیەک دەنگ و پاڵێوراوێکیش، با چەند کاریزما بێت، هەر بە کۆی ڕەقمەکان دەبێتە ڕەقمێکی گەورە نەک خۆی هەموو شتێک بێت.

ئەگەر لە بچووکترین مشتومڕی دیموکراسیدا برادەران عاجزبن و زویربن ئیٖ خۆ هەر دەستیان لەم موفرەداتانە نەدابایە باشتربوو.

ئەگەر تەنها شەرعیەتی شۆڕشگێڕی ڕابردوویان یادگاری شیرین سەرمایەگوزاری ئەوان بێت جا باسی (دیموکراسیی، گۆڕان و ڕیفۆرم و موئەسەساتیان) لەچی؟

کە ئەم ناونیشانە هی سەروەرکردنی ئیرادەی میللەت و ئیرادەی ئەفرادەکانی بێت، بۆچی لە دەرهاویشتەکانی سەغڵەت دەبن؟

من دەزانم ڕابردوو و سەروەرییەکانی چەند کاریگەرن لەمرۆماندا، بەڵام ئەی بۆ ئەم مافە لە خەڵکی تر، لەیەکێتییەکانی قەدەغە دەکەن و بۆخۆتانی پاوان دەکەن؟

ئەگەر وایە بۆ لە بن باڵی کاک نەوشیروان و لە ڕەوتەکەی ئەوەوە پەلاماری بەڕێز مام جەلال و مێژووییەکی زیاتر لە پەنجا ساڵەی تێکۆشان دەدرێت کە لە مرۆ و بۆ سبەینێش درێژەیان هەیە؟

ئەگەر سەرکردەی کاریزما بۆ ئەمڕۆی کوردایەتی گرنگن و هەرواشە، ئایا ڕەواتر نییە لە پێشدا ئەو بەڕێزانە لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و لێنەگەڕێن (کل من هب ودب) لە خۆڕایی گێچەڵ بەیەکەمین سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئەم وڵاتە بکات؟یانی ماشەڵڵای لێبێت لە ڕەخنە و ڕەخنەگرمان کە من تا هاوڕێکانی دوێنێی مام جەلالیش بەناوی دیموکراسییەوە، بەناوی ڕەخنەوە، پەلاماری نارەوای بدەن؟

دیارە لە فەزای دیموکراسیدا مام جەلالیش لە دەرەوەی ڕەخنە نابێت، بەڵام ئایا ڕەوایە ئەمە ببێتە خوویەکی ڕۆژانە وستراتیژێکی روخێنەر وبە ئەنقەست وبۆ ئەمە سەر بەماڵی هەموو نەیارێکی یەکێتی دا بکەن تا لە جەنگی خاچپەرستاندا دژایەتی مێژووی مام جەلال بکەن، وەک بڵێی ئیتر بابەتی تر چنگ نەکەون بۆ نووسین؟

ئەمە چ جۆرە دیموکراسییەکە؟ چی نەما بەیەکێتی نەکەن.

کەیەکێتیش دەڵێ برایان لە دیموکراسیدا ئێوەش رەقەمێکن لە هەزاران ڕەقم، پێی قەڵس دەبن؟

ئەگەر قەرارە مەرجەع هەبێ، ئەگەر قەرارە هێڵی سوور هەبێ لەیەکێتیدا ئەوا مەعلومە کێ لە پێشترە؟ وەکتریش با ململانێکە دیموکراسیی بێت: با هەر تاکێک یەکسان بێت بە دەنگێک و نیوە دیموکراسیی، نیوە ڕیفۆرم و نیوە کۆمەڵی مەدەنی نایخوات.

برایان یارییەکە بە شێوەیەکی ئینتیقائی مەکەن، ئەگەر وەکو جاران بە قوربان و بە ساقەیە ئەوا هەموو لایەک ڕێزتان هەیە، ئەگەریش گەمەیەکی دیموکراسیی مۆدێرنانەیە ئەوا لە رکابەریتی دیموکراسییدا:

*نابێ فشەتان بە بەرامبەرەکانتان بێت

*نابێ کە ڕەخنەتان گرت، بە هاتنە جواب و ڕەخنەی بەرامبەر قەڵس بن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4858 لە رۆژی 2009/4/30دا.

# پاڕانەوە بۆ دەنگ

تەوزیفکردنی ئایین، لەقازانجی گرووپ و دەستەکاندا دیاردەیەکی کۆنی ئایین و ئاینزاکانە. هەتا بەشەریش مابێت دەستبەرداری ئەو خووە نابێت. خوای گەورە ئایین دەنێرێت بۆ چاککردنی چەوتیی مرۆڤەکان و ڕێنوێنیکردنیان، کەچی ئەم بەشەرە سڵ لەتەوزیفکردنی ئەو پەیامەش ناکات کەبۆ چاکسازیی خۆی نێردراوە، هەتا مرۆڤ دەرەقەتی ئەم تەوزیفکردنە دێت، قسور ناکات کەئایین و پەیامەکەی لەگەڵ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیدا بگونجێنێت. هەر ئەم بەشەرەبوو کەحەشرێکیان بەکچ و کوڕانی ئالی بەیتی پێغەمبەر کرد، قوڕەیش جەسارەتی نەکرد پێیان بکات. گرووپ و دەستەکان هەر مەیلیان وایە خوداو پەیامەکەی بۆ قازانجی خۆیان بخەنەگەڕ، بەڵام زانای کۆمەڵناسی عیراقی، د.عەلی وەردی دەڵێت: گرنگ نییە کێ ئیدیعا دەکات خوای لەگەڵدایە، گرنگ ئەوەیە خوای گەورە خۆی لەگەڵ کێدایە؟ شتێک تا ڕۆژی قیامەت پێی نازانین، چونکە خوا دوا پەیامی خۆی بەخۆشەویستی خۆی، موحەمەددا، نارد.

لەدەروازەی چوونە ناوشاری کەرکوکەوە لەقۆڵی قەرەهەنجیر-چەمچەماڵ-سلێمانییەوە، ئایەتێکی قورئانی لەسەر دیواربەندی دەروازەکە نووسرابوو (رب اجعل هذا البلد يَمنا)، بەعس ئەو ئایەتەی بۆ ئەوە لەوێدا نووسیبوو تانیشانی بدات لەقۆڵی سلێمانییەوە، لەقۆڵی کوردەوە، هەرکەسێک دێتەشارەوە دزو جەردەو داگیرکەرە، کوردی پێپەتی و پێشمەرگەی موخەڕیبە، بۆیە هیوای دەکرد شاری تەعریبکراو لەم (بەڵا کوردستانییە) پارێزراوبێت. ئەوی جوانتر ئەم نییەتە ناپاکەی بەعس دەردەخات ئایەتێکی هەڵواسراوە لەدیواربەندێکی تری دەروازەیەکی تردا، دەروازەی کەرکوک-حەویجە. بەعس لەوێ ئەم ئایەتەی

تەوزیـف کـردووە (ادخلوهـا اَمنـین)، یـانی ئەی بەشـەری هـاتوو لەحەویـجەو تکـریتەوە، ئەی عەرەبـی تەعریـب، بەوپەڕی ئاسـوودەیی و ئـارامییەوە وەرە ژوورەوە، وەرە کەرکـوک تەعریـب بـکە، تەخریبـی بـکەو تـۆ بەئـایەتێکی تـر لەدەروازەی چەمچەماڵەوە لە(کوردستانییە داگیرکەرەکان) پارێزراویت!.

بەعــس و تەڵەکە بازییەکـانی رۆشــتن. کەس وەکــو بەعــسی پێناکرێــت لەتەوزیفکردنی دین و دنیا بۆ بەرنامەکەی خـۆی. ناشکرێت قەت هیچ کەس و دەستەیەک بە بەعس بشوبهێنرێت، بەڵام خووی تەوزیفکردنی دیـن لەلایەن دەسـتەیەکی ئیمانـدارەوە لەدژی دەسـتەیەکی ئیمانـداری تـر، خـوویەکی کۆنترە لەبەعس و دوای گۆڕ بەگۆڕبوونیشی هەر بەردەوامدەبێت.

لەم سەروبەندەشدا خووەکە تیژتر بووەتەوە، تەوزیفەکە تەوزیفێکی شـەعبییە مـادام روومـان لەهەڵبـژاردنە، لیـستی نـادینی وا پەیـدابووە کە بەشـی لیـستە دینییەکـانی نەهێــشتووەتەوە لەدیــاردە دینییەکانــدا، بــۆ دەنگێــک لەئاســمان دەپارێنەوەو قورئانیـان لەسـەر چاوانە، بـۆ دەنگێـک ئەم ئـایەتی قورئـانە دەکەنە پۆستەر (بسم الله الرّحمن الرّحیم، إنّ الله لا یغیـروا مـا بقـوم حتـی یغیـروا مـا بأنفسهم). بەنـدە پێمـوایە دەبێـت رووی پۆسـتەرەکە لەخۆیـان بکەیـن و بڵێـین: جـارێ خۆتـان بگـۆڕێن، ئینجـا روو لەخەڵـک بـکەن. چـونکە پێغەمـبەری خـوا کەخەڵکـی بـانگەوازکرد بـۆ ئیـسلام لەنزیکەکانی خـۆیەوە دەسـتپێکرد. هێـشتا چەنـد رۆژ بەسـەر ئەم پۆسـتەرەدا گـوزەری نەکـرد وێـنەی هاووڵاتییەکیـان بڵاوکردەوە کەچوارچێوەیەکی بەدیاری هێناوە، بەخەتخۆشی لەسـەری نووسیوە (بسم الله الـرحمن الـرحیم وسیعلم الـذین ظلمـوا اي منقلـب ینقلبـون) وتـم ئەم دیارییە کەبـۆ لایەنێـک هـاتووە حەتـمەن هەرەشـەیەکی پەنهانە لەلایەنێکـی تـر کەپێیوانییە شەڕەکانی دنیا لەسەر بنچینەی هەق و ناهەق و ئێمەو ئەوان بەرپا دەبـن، بەتـایبەتی شـەڕێک لەچوارچێـوەی هەڵبـژاردن و دیموکراسـیدا. رەنـگە لەڕۆژی هەڵبژاردنـدا ئەو هەمـوو تەوزیـفە ئـایینییە دادیـان نەدات و لەبیریـان بچێت کەخودا هی هەموومانەو هەموو بەندەکانیشی بۆیـان هەیە رووی دووعـاو داواکاری لێبکەن. برادەرێک وتـی: ئەوکاتە دەبێـت ئەو ئـایەتە پیـرۆزە دووبـارە بکەنەوە (وما ظلمناهم ولکن انفسهم کانوا یظلمون).

*کوردستانی نوێ: ژ: 4925 لە 2009/7/17دا.

# بەڕاست کورد هیچی نەکردووە؟
# بەڕاست کوردستان هەڕەشەی لەسەر نەماوە؟

خیتابی عەوام فریوی خیتابێکە بۆ دەسکەوتی کاتی دروست بووە، بۆ چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵک. خیتابێکی شەعبەوییە و بۆ فەوزای یەک دەقیقەش بێت ئامادەیە ساڵێک لە تەمەنی میللەتی خۆی بسووتێنێ. خیتابی عەوام فریوی دەست بە پووشی ئەو بابەتانەوە دەگرێ کە خۆی لە بنچینەدا باوەڕی پێی نییە. خیتابی وا باوەڕی بە پرسی کەرکوک نەماوە، کەچی بابەتی کەرکوک دەکاتە دەسکەلا لە ململانێ ناوخۆییەکاندا، باوەڕی بە ناوچەگەرێتییە، کەچی لە جەلەولا کارەبا ببڕێ دەیخاتە ئەستۆی یەکێتی و حکومەتەکەیەوە، خیتابی وا باوەڕی بە گەنجەکان نییە و بە شوێن ڕابردووی دێرینەوەیە کەچی دەخوازێ شیکی بەتاڵ بە گەنجەکان پڕ بکاتەوە. باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەڵام ئامادەیە ئەم دروشمە بکاتە بۆنەی هێرشبردن بۆ سیاسەتی ڕەسمی بزووتنەوەی کوردایەتی.

خیتابی عەوام فریوی هەندێک جاریش تێدەکەوێت، ناکۆکی بەرهەمدێنێ، چونکە لە هەڵپەی هێرش و پەلاماردانی ئەندا کون و کەلەبەری لێ دەبێتەوە. بۆیە "شتێک" دەکاتە دەسکەلای ئەمڕۆ کە سبەی "دژەکەی" دەسکەلای ڕۆژی داهاتوویەتی، شتێکە لە بابەت ئەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانیی لوبنانی لە بارەی کارەکتەرێکی سیاسیی وڵاتی خۆیان وتویانە: "بیر لە شتێک دەکاتەوە، کەچی شتێکی تر دەڵێ و دواجاریش شتێکی جیاواز لە هەردووکیان جێبەجێدەکات".

خیتابی ڕۆژ لە میدیای عەوام فریویدا، دوێنێ وتوویەتی: هیچ بۆ کورد لە بەغدا نەکراوە، ئەمەش بۆ تانەیە لە سیاسەتی رەسمی کوردایەتی لە بەغدا، تانە دەڵێ: بەڵگەمان بۆ ئەوەی هیچ نەکراوە ئەوەیە ماددەی 140

جێبەجێنەکراوە، دەستوور هەڕەشەی لەسەرە، یەکێتی و پارتی لە بەغدا لاوازن و ناتوانن مافەکانی کورد لە هەڕەشە بپارێزن.

خیتابی دوێنێی عەوام فریوی وا پێویستی دەکرد هەڕەشەکانی سەر کورد لە قەبارەی خۆی گەورەتر بکرێن تا ببنە دەسکەلا بۆ نیشاندانی (لاوازی) کوردایەتی لە بەغدا.

ئەم خیتابە لە بیری دەچێ کە خۆی دوورتر لە دوێنێ، وتوویەتی: 140 خاکمان دەخاتە ڕاپرسییەوە وچۆن دەبێ خاکمان بخەینە ڕاپرسییەوە

لە بیری دەچێ، بۆیە چەند ڕۆژێکە بەیتوبالۆرەی ئەوە لێدەدات کوردستان هەڕەشەی دەرەکی لەسەر نەماوە!

ئەمەش بۆ ئەوەیە بڵێ: هەقمە لە ناوخۆ هەڕەشە بکەم، چونکە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر کوردستان نەماوە. وەک بڵێیی کوردستان شایانی ئەوە نییە لە دیموکراسیشدا، دوور لە هەڕەشە، بژی.

ئەم بیەتوبالۆرەیەش بۆ ئەوەیە بڵێین کوردایەتی لە کوردستان لاوازە، بۆیە باسی هەڕشەی دەرەکی دەکات.

باشە بۆ لەو عەوام فریودەرانە نەپرسین:

-ئەگەر وایە کوردایەتی لە بەغدا (هیچی) بۆ کورد نەکردووە، ئایا ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت "کوردستان "هیچی بۆ نەکراوە" و مافەکانی هەڕەشەی لەسەرە؟

-ئەگەر وایە سیاسەتی ڕەسمی کوردایەتی لە کوردستان بوختانی هەڕەشەی دەرەکی دەکات، تا نەیارەکانی پێ بترسێنێ، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بۆیە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر کورد نەماوە، چونکە لە بەغدا ئیشی بۆ کراوە و هەڕەشەکان بەرپەرچ دەدرێنەوە؟

ئەمانە پرسیار و گریمانە بوون بۆ عەوام فریودەرەکان کە مەسەلەکان تەنها لە کونە دەرزی ململانێ نەخوازراوەکانی ناوخۆ وە دەبینن، ئەگینا بۆ کەسانی هۆشمەند و بابەتخواز ڕوونە کە پرسی تێکۆشان بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکانی کورد، وەک هەر پرسێکی تر و تێکۆشانێکی تر، هەنگاو بە

هەنگـاو کـاری لەسـەر دەکرێـت. نە ئەوەیە هـیچ نەکرابێـت و نە ئەوەشـە لە پرێکدا هەموو داواکان جێبەجێبکرێت.

میللەتـی کـورد بـۆیە خەبـاتی خـۆی قۆناغبەنـدی کـرد، چـونکە دەزانـێ لە مێژووی هیچ میللەتێکدا نەبووە لە کونفەیەکونێکدا هەمـوو کێشەکان چارەسـەر بـبن و هەمـوو ئاواتەکـان بێـنەدی. هەر بەمەش هەڵـسەنگاندنی مەوزوعـی لە خیتابی عوام فریوی و سیاسەتی کورتبینی ڕۆژ جیادەکرێتەوە. خیتابی مەوزوعی ئاواتەکان و ئاستەنگەکان دەبینێ.

ئازایەتی و ئازارەکانیش هەڵدەسەنگێنێ، بەڵام خیتابی ڕۆژ کە هەموو شتێک دەخـاتە خـزمەت نـاکۆکیيە لاوەکییەکـانەوە، ئەم تـوخمە سیاسـییانەی نـاکۆکی سـەرەکی بـۆ کەم بـایەخکردنی بـزوتنەوەی ڕەسـمی کـوردایەتی بەکـاردێنێ، بە ڕاست و چەپدا بابەت گوڵبژێر دەکات با تەنانەت لەگەڵ یەکتریـشدا نـاکۆک بن.

ڕاسـتییەکەی کـورد شـتی زۆر کـردووە بـۆ دابینکردنـی دەسـکەوت و تۆکمەکردنی ئەو دەسکەوتانە بە مەنزومەیەکی پارێزگاریی درێژخایەن، بەڵام چـونکە قۆناغەکـە قۆنـاغێکی ئینتیقـالییە نەک بـۆ کـورد، بەڵکـو بـۆ هەمـوو عیـراقیش، بـۆیە دەبینـین لە هەنـدێک جـومگەدا دەسـکەوتەکان دەڵەمەن، لە هەنـدێک دەرکەوتـدا هەڕەشـەکان نەبـڕاونەتەوە و ئەم دۆخە ئینتیقـالییەش پێویـستی بەیەک ڕیزییەکـی دیمـوکراتی سـەنگین هەیە بە جۆرێـک نـاکۆکی ناوخۆیی وا شۆڕ نەبێتەوە کە ناکۆکییە سەرەکییەکانی کوردمان لەبیر بباتەوە.

برایـان! نە کـورد وا کەمبـایەخ سـەیربکەن کە هیچـی نەکـردووە و نە بە دوژمنەکانیش وا خۆش باوەڕ بن کە چیتر هەڕەشە نین بۆسەر کوردستان.

شتمانکردووە، نـاکرێ نادیـدە بکرێن، زۆریـشمان مـاوە، نـاکرێ هەڕەشـەکانی سەری نەبینین.

# رۆژی دوای (7/25) چاو بەچاو دەکەوێتەوە

باروودۆخ دوای (7/25) زۆر نۆرماڵ و ئاسایی دەبێت. رۆژی (7/26) خۆر لەهەمان شوێنی خۆیەوە هەڵدێت. بەگوێرەی پێوەرەکانی کەشناسی، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و لیستە رکابەرەکان، چاودێرانی هەڵبژاردن و میدیا، بەئەهلی و سەربەخۆ، بە حزبی و دەوڵەتییشەوە، بەکوردستانی و عیراقی و نێودەوڵەتییەوە، یەک تۆزقاڵ ناتوانن کار لە پلەی گەرما یان رێژەی خۆڵبارین و نەبارین بکەن. رۆژی (7/26) هەر یەکشەممەیە، نەک هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەڵبژاردنەکانی ئەوروپا و ئەمریکاش ناتوانن کەشی ئەو بەرواره بگۆڕن و دەست لەکاروباری خوای گەورە لەدابەشکردنی رۆژو مانگ و ساڵەکان وەربدەن. رۆژی (7/26)، رۆژێکی زۆر ئاسایی و سادەو ساکار دەبێت وەک باقی رۆژەکانی تەمموز، وەک باقی رۆژەکانی ساڵ.

رۆژی یەکشەممە دوکاندارەکان دوکانەکانیان دەکەنەوە، پاسەکان خەڵک دەگوازنەوەو ئەگەر پێشنیازی پشووش نەکرێت، فەرمانبەران بەشێوەیەکی رۆتینی دەچنەوە سەرکار. دایکان منداڵە تەمبەڵەکانیان لەخەو هەڵدەستێنن و هاووڵاتیان بازاڕی خۆیان لەناوجەرگەی شار دەکەن.

یانی (7/26) یەکشەممەیەکی گەرمی تەمووزە گەرمەکەی خۆمان دەبێت. سەد شوکور بە بەشت خودایە. (7/26) وەک (7/27) دەبێت و هیچ لەگۆڕێدا نییە. هەڵبژاردن تەواو بووەو لافیتەکان هەندێکیان با دەیانباو هەندێک قەوارەو حزبەکان وێنەی کارەکتەرە سیاسییەکانی خۆیان دەپێچنەوەو بارەگای حزبەکان و قەوارەکان وەک جاران دەکرێنەوە، هەن دەست بەخەبات و هەشن دەست بەزەمی خۆیان دەکەنەوە. بەشەو خوا داویەتی! رۆژێکی ئاساییە، بەڵام بۆیە وەبیری دێنینەوە چونکە هەندێک کەس رۆژی (7/25) وا وێنا دەکەن کە

رۆژی وەرگەڕان و وێستگەی سەراوبنکردنی ژیانی کوردەوارییە، چونکە هەندێک لەوانە ململانێی ئاسایی دیموکراسییان لێ بووەتە رۆژی حەشری نێوان دوو قۆناغ: یانی قۆناغی دوای (7/25)، رێک رۆژی (7/26)، قۆناغی دەورانی ئەوانە. وەک بڵێی ئەم رۆژە رۆژی پێش زایین و دوای زایینییە لەتەمەنی مرۆڤایەتیدا.

وەبیرهێنانەوەی ئاساییبوونی ژیان بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو بەڕێزانەیە کە وا دەزانن، یان وا لەخەڵکی دەگەیەنن، رۆژی (7/26) رۆژی پراکتیزەکردنی مانیفێستی کۆمۆنیست، رۆژی حەشری نێوان کوفرو باوەڕمەندییە. ئەمانە وا لەدیموکراسی و ململانێی هەڵبژاردن نارِوانن کە وێستگەیەکە لەدەیان وێستگەی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان. هەن وەک نازیستەکان دەخوازن لەغەفڵەتێکدا دیموکراسی بکەنە دەسکەلای دیکتاتۆری و سواری سەری ئەم میللەتە ببنەوە، هەشن وەک جەبهەی ئینقازی جەزائیری پەیڕەی دیموکراسیی رۆژی (7/25) دەکەنە دەرفەتی گەیشتنە سەربانی حوکمڕانی کە دواتر ئەو پەیژەیە بشکێنن، یان بیسووتێنن، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە مەرام و نیازیان بێتەدی.

رۆژی (7/26) رۆژێکی ئاساییە، تەنانەت پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای پۆلێنکردنی سندوقەکانی دەنگدانیش ناتوانن لەو رۆژەدا ئاکامی هەڵبژاردن ئاشکرابکەن، بۆیە کەس لەو رۆژەدا رۆژێکی جیاواز نابینێت، کەس جانتای خۆی ناپێچێتەوە، کەس ناچێتە سۆپەر مارکێت تا قاتێکی لایق بەتیف تیفەی پەرلەمانتار بکرێت. رۆژێکی زۆر نۆرماڵە، تەنانەت ئەگەر لەدوو چرکەدا ئاکامی هەڵبژاردن رابگەیەندرێت، لەدوو چرکەدا پەرلەمانی نوێ دابنیشێت و لیستی براوە تەکلیف بکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەدوو چرکەشدا حکومەتی نوێ دەستبەکاربێت، هێشتا نابێت کەس خەیاڵی وا پەرتوبڵاوبێت بە جورێک وابزانێت ئێوارەی ئەو رۆژە بەرنامەو بەڵێنەکانی هەڵبژاردن دێنە دی.

ئەی ئەو کەسەی بەڵێنی سەراوژێرکردنی ژیانت بەخەڵک داوە، لەبیرت بێت رۆژی (7/26) رۆژێکی زۆر نۆرماڵەو دەبێت سەری بەڵێنە قەبەکانت کز بکەیت، لەبیرت بێت رۆژی (7/26) وەک باقی رۆژەکانی خوا تەنها (24)

سـەعاتەو نەزەمەنـی مـوعجیزە مـاوەو ئەگەریـش هاوشـێوەی موعجیزەکـان بقەومێت، ئەوا لە (24) سەعاتدا جێیان نابێتەوە. ئەی ئەو پۆلپۆلیستەی خەڵک چەواشە دەکەیت و بنمیچێکی بەرزی بەڵێن و چاوەڕوانی لا دروست دەکەیت، رۆژی (7/26) رەنگە لە شـەقامێکی گشتیدا رووبەڕووی ئەو عەرەبانچییە، ئەو کارگوزارو کرێکارە ئابڕوومەندە ببیتەوە کە باوەڕی وایە دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. کەچی تۆ بەڵێنی قەبەت پێداوە. چاوی بە چاوت دەکەوێتەوە.

ئەی ئەو کەسـەی پێتـوایە خـوای گەورە تەنیـا پـشتیوانی لیستەکەی تـۆیە و یـاریی ئاسـایی دیموکراسـیت لێکـردووین بەجەنگـی مەغلـوبەی نێـوان کـافرو ئیمانداران. رۆژی (7/26) رۆژی حەشر نییەو حزبەکان چەند ئوسوڵی و چەند ئیدیعای ئیمانداری بکەن، ناتوانن قسە لەکاری خوا بکەن و بەرواری حەشری بگۆڕن. ئەی ئەو رووناکبیرەی پێتوایە چارەنووسی خەڵک و ژیان و گوزەرانیان تەنها شـەترەنجێکی فیکرییە، رۆژی (7/26) رۆژێکی هەر زۆر ئاسایی دەبێت، رۆژنامەکـان دەردەچـن و کتێبەکـان لەسـەر رەف و لەبەر شۆسـتەکانن. رۆژی (7/26) هەموولایەکمان یەکتر دەبینینەوە. ژیانێکی خـۆش و ئاسوودە، رۆژتـان باش!

*کوردستانی نوێ: ژ:4919 2009/7/10دا.

# کەتۆ هێشتا لەدیموکراسی ناگەیت؟

ئەمڕۆ وەک هەمـوو ڕۆژەکانی تـر سـەیری ڕۆژنامەکانی وڵاتـم کـرد، سـەرە هاتە سەر ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، چـی ببیـنم کە گەشـەی بەرۆحـی نـوکتەو گیـانی سوبعەتچێتیم-دا:

ڕۆژنـامەی ڕۆژنـامە نووسـیوەیەتی (یەکێتـی و پـارتی بەر لەوادەی یاسـایی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دژایەتی لیستی گۆڕان دەستپێدەکەن)!

پێکەنیم و وتم خودایە ئەم سیاسـەتە چەنـد دووڕووەو چـۆن وامـان لێـدەکات بەدیار مانشێت و ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکانەوە گیر بخۆین؟

یانی خۆت مەزڵوم نیشان دەدەیت، کەفیتنەی حەوت دەوڵەتانی؟

سـاڵێک زیـاترە نـوقرچ دەدەیـت و سـێ مـانگە هەڵمەتـی هەڵبژاردنـت بەرپاکردووە، کەچی سەبر لەدوو وتاری کوردستانی نوێ ناگریت!

ئەمە چ جـــۆرە دیموکراســـی و گـــۆڕانێکە تەحەمـــولی دوو هەڵوێـــستەی بەرامبەرەکانت نەکەیت؟ ئاخر ئەزیـزم کەتـۆ هێـشتا لەدیموکراسی نـاگەی و لەمانای هەڵبژاردن نازانی، ئەم بەردە گەورەیە بۆ هەڵدەگریت؟

ئاخر کاکی برا کە ڕقت لەدیموکراسییەو تەحەمولی بیروڕای جیاواز ناکەیت بـۆ خـۆت لەو مەنـگەنەی دیموکراسـییە دەدەیـت؟ کەجەنابتـان لەگفتوگـۆو میتینگـدا تـووڕە دەبـن، دڵنیاشـم لەمونـازەرەو ڕووبەڕووبـوونەوەی هەڵمەتـی هەڵبژاردن قەلس دەبن و لەوانەیە دۆو دۆشاو تێکەڵ بکەن.

بۆ خۆت تووشی ئەم بەزمە کرد؟ ئەی خودایە پەنـدێکی کوردیم بەخەیاڵدا نـایە کەخەمـی ئەم مانـشێتە کۆمیـدییەی ڕۆژنـامە چـارە بکـات، ئەوە نەبێـت بەعەرەبییەکی ڕەوان دەگوترێت: چربنی و بکی سبقنی وأشتکی!

کوردستانی نوێ: ژ: 4857، 2009/4/29.

# بەبزەی لێوان

هەڵمەتی چەواشەکاری دژ بەلیستی کوردستانیی، تانە لێدان لەسەرۆکی ئەم لیستە لەم ماوەیەدا چڕتر بووەتەوە، نەیارەکانی نوێبوونەوەو ئاوەدانی، توانجگرتن لەسەرۆکی لیستەکەیان کردووەتە ئامانجی یەکەم، لەگەڵ دکتۆر بەرهەمدا سەد دەعواو شەڕیان هەیە، جاران ئەم شەڕە ژێربەژێرو نوقرچگرتن بوو، وەک دەڵێن شتێکیان تێدا هێشتبووەوە، بەڵام لەوە دەچێت گەرمکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن لای ئەم دەستەیە یەکسان بێت بەهیستریای هەڵبژاردن، بێ پەروا دەستیان داوەتێ، چونکە دکتۆر بەرهەم نوێنەرایەتی تەرزێکی نوێ دەکات لەسیاسەتی کوردستانیی، تەرزێک کەئەوان ئیدیعا دەکەن تەنها خۆیان دەتوانن قسەی لێ بکەن و بەرگی بانگەشەکردنی بۆ لەبەربکەن.

لەبەر ئەوە دکتۆر بەرهەم بووەتە ئامانجێکی سەرەکی نەیارانی لیستی کوردستانی، چونکە دەرکەوتنی د.بەرهەم بەشی زۆری بیانووەکانیان دەبڕێت.

کەسایەتییەکی مۆدێرن، دڵسۆزو خزمەتگوزار، لەیادەوەری خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی سلێمانیش بەتایبەتی نموونەی حکومەتێکی خزمەتگوزارو ئاوەدانی پێشکەشکردووە، ئەوکاتەی سەرۆکی حکومەتێکی کەمدەرامەت و ئابڵوقەدراو بوو.

کەسایەتییەکی دبلۆماتی کوردستانی، عیراق و جیهانی ئەکتیف لەبەغداوە بۆ کوردستان، بۆیە دەیانەوێ وێنەی لای خەڵک بشێوێنن، لەگەرمەی کێبڕکێی هەڵبژاردندا بوختانی بۆ بکەن، تا ئەم کۆسپە لەرێی خۆیان لابدەن.

نەیارەکان وێنەی مەزڵومێکی دڵسۆزی هەژاران، دڵسۆزی کوردستان و سلێمانییان بۆ خۆیان داتاشیوە، هاتنی د.بەرهەم هاتنی وێنەی راستەقینەی دڵسۆزییە بۆ سلێمانی، بۆ کوردستان و هەژارو شەهید و ئەنفالکراوی، بۆ گەنج

و خوێندکار و خوێندەواری، بۆیە جاران خۆیان لەپەلاماری د.بەرهەم دوور دەگرت، لێ ئێستا شەڕەکەیان گەرم بووە، ئامادەن هەموو پیرۆزییەک پێشێل بکەن و بوختانی ناڕەوا بۆ هەموو کەسێک دروست بکەن.

خەڵک فریودەرەکان ئەم هەڵبژاردنە وەک یەکێک لەدەیان وێستگەی پرۆسەی سیاسی کوردستان سەیر ناکەن، بەڵکو وەک کودەتاو وەرگۆڕان لێی دەڕوانن، هاتنی د.بەرهەم حیساباتیان لێ تێکدەدا، بۆیە دەیانەوێ حیسابات لە د.بەرهەم و لەو لیستەی ئەو نوێنەرایەتی دەکات، تێکبدەن.

چەواشەکاران پەلاماری هەموو کەس دەدەن و بوختان بۆ هەموو سەرکردایەتی و بنکردایەتی لیستی کوردستانیی دەکەن، بەڵام شەڕیان لەگەڵ د.بەرهەم شەڕێکی خاچپەرستانەیە.

خەفەتی لێدەخۆن کەزمانی رەخنەیان کورت دەکاتەوە، بۆیە لەبەرنامەیاندایە خەمی لێبخون.

ئەمە هەڵبژاردنە، دیموکراسییە، یان خێرو خۆشی و شادییە، ئەم هەموو خەفەت و خەم و مۆنییەی بۆچییە؟ وەک د.بەرهەم مامەڵەی لێڵدا بکەن: بزیەک لەسەر لێوان و قسەی دڵنیاکەرەوەو کردار لەمەیدان، زۆر نۆرماڵ بن، وەک لیستی کوردستانیی ئیش بۆهەڵبژاردنەکە بکەن، وەک لیستی کوردستانیش گۆرانی و ئاهەنگی بۆ بگێڕن.

*هەفتانە: ژ: 56 لە 29 – 25ی تەموزی ساڵی 2009دا.

# ئاوی کەوسەریان هەیە

ئێـــوە شـــەمس ئەلباروديتـــان لەبيـــرە؟ خـــانمە ئەکـــتەری میـــسری کە لەشەستەکان و حەفتاکان و تاسەرەتای هەشتاکان شاشەی سینەمای میسری بەفیلمە وروژێنەرەکانی داگیرکردبوو؟
شەمسی بەبنەچە سووری بەسەر دەورانی سێ سەرۆک کۆماری میسردا گوزەری کرد، کەهەریەکەیان میزاجێکی هەبوو لەحکومڕانیدا، ناسر، سادات و موبارەک، کەچی خانم هەر ریتمی فیلمەکانی خۆی نەگۆڕی، ماچ و قاچ و دەست لەملانێ.
شەمش لەناکاو کەوتە بیری خوا هەقە، وەک عومەر ئیبن ئەبی رەبیعەی کرد کە لەپیریدا بۆی دەرکەوت شیعرە بەرەڵاکانی تۆبەیەکی درەنگ وەختی گەرەکە، شەمس کەخۆری جوانی لەسینەما ئاوا بوو، سەرپۆشی لەسەر ناو باڵا پۆشی هەڵبژارد.
ئیتـــر کەس لەفیلمێکـــی دیکۆمێنتیـــشدا نە یبینیـــیەوە، تەنـــانەت لەزنجیـــرە تەمسیلییەکی ئاینیشدا دەرنەکەوت وەکو حەسەن یوسفی مێردی کردی کەتا نەوجەوان بـــوو شـــەقاوەی فیلمەکـــان بـــوو، کەپیـــر بـــوو شـــەعراوی زنجیـــرە ئاینییەکانی بەنسیب بوو، کەوتە نمایش لەدرامای درۆو دەلەسەی تەلەفزیۆنە دینییەکـان، شەمـسی شـەمس لەسـینەما ئـاوابوو، بەڵام لەئەدەبیـاتی تـاریکی سەلەفییە توندڕەوەکاندا بووە مانگی تابان، ئیسلامییەکانی میسر تۆبەی ئەویان کردە پەرچەمی سوپای گێلکردنی خەڵک و گێڕانەوەیان بۆ چەرخی جاهیلیەت.
بانگەوازیان دا: کچان و ژنان تۆبە بکەن وەک شەمس و دەستەخوشکەکانی سوهێر رەمزی، سوهێر بابلی و سوهێرەکانی تر کردیان، ئیتر کەس لەکچان و ژنانی خێر لەخۆنەدیوی توێژە هەژارەکانی میسر نەیانپرسی: ئاخۆ تۆبە لەچی

بکەین، وەختێک ئێمە لەواقعیدا ئەوەمان نەکردبێت کەشەمس لەفەنتازیای سینەمادا کردی؟ هونەرو شێوەکانی نواندن لەسینەما ئەنگێزەی رەخنەی ئێمە نییە لەشەمس ئەلبارودی، ئەوە توێژینەوە هونەرییەکان دەتوانن قەزاوەتی تێدا بکەن، لێ پرسیاری ئێمە لەئەدەبیاتی گێلکرن، ئەوەیە بۆچی دەبێ خانمێکی وروژێنەری سینەما تاجی سەری ژنانی میسر بێت، تەنها لەبەرئەوەی سەنگەری گواستەوە لەپەناو پەسێوی نمایشی ستۆدیۆکانەوە بۆ پەناو پەسێوی نمایشی دینداری درۆزنانەی ئیسلامییەکانی ئیخوانی میسری؟ بۆ دەبێ فەزڵی شەمس بەسەر (عەتیات و فەکیهەو مهەلەبیە)دا بدرێت، تەنها لەبەرئەوەی سەنگەری گواستووەتەوە؟ ئەدەبیاتی گێلکردن تەنها خووی ئیسلامییەکان نییەو تەنها لەمیسریش نەقەوماوە، لەکوردستانیش هەن سەنگەر گواستنەوەی کادیرێک، کارەکتەرێک بەکافی دەزانن تا لەهەموو گوناهە ئایدیۆلۆژییەکانی پاک ببێتەوە.

کابرا خراپە، گەندەڵ و مەسڵەحەت چییە تا لەگەڵ خۆمان نەبوو، کە لەگەڵ خۆمان بوو باش و چاک و مەبدەئی وەک خۆی نییە.

ئەمە ئاکامی بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژییە، نەریتی ئەدەبیاتی گێلکردنی خەڵکە کەکابرای پیسمان لێ دەکات بەئەولیا تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆیانە.

لای خۆیان ئاوی کەوسەری لێیە، شەمس لەگوناهەکانی پاک دەکاتەوە.

*گۆڤاری هەفتانە: ژ: 52 لەرۆژی 21-27 – 2009/9/6دا.

# بەلاغی ژمارەیەکمان نەگەرەکە

تـائەوەی نەکەوتبـوووینە بەردەم تـاقیکردنەوەی (18)سـاڵی لەخاوەنـداریتی ئەزموونێک، شانازیمان بەخۆوە دەکردو پێمان وابوو لەسیاسـەت و لەململانێدا سۆپەرمانین و هەر ئەوەنـدەمان بەسە هەلێکمـان چنگ کەوێت، ئیتر دنیای شایەدی بـۆ کارەکتەرگەلێکی کوردی وا دەدات بـۆڕی مـیللەتە خواپێداوەکان دەداتەوە.

زۆری پێنەچـوو خۆمـان بەڕووت و قـووتی بینیـیەوە، بەتـایبەت کە لەکـاری هەنـدێک دەسـتەبژێری سیاسـی و روونـاکبری رادەمێنـین و بەپێوەرەکـانی سیاسـەت و روونـاکبیری لەمەمـالیکە پێـشکەوتووەکان بەراوردی دەکەیـن، وێرانەیەکە هەر مەپرسن!

(18)ساڵ کورد دامەزراوە دادەمەزرێنێ کەچی هێشتا کلتووری دەوڵەتداری لای ئێمە وەک ئەفسانەو جادوو تەماشا دەکرێت، هەژدە ساڵە بـۆ جێگیریی و ئارامیی تێدەکۆشین کەچی ئۆقرەیی سیاسی و بەردەوامی بەخەوش دەزانین و پێمان وایە ژیانمان ناتەواوە، چونکە ئێستا لەسـەر ریتمێکی جێگیرو شێنەیی بەڕێوەدەچێت، دەیان ساڵە خەبات بۆ ئارامی و هێمنایەتی دەکەین کەچی ئەمە بەمەترسی دەزانین لەسـەر کورد و کوردستان، سـەدان ساڵە کـورد کـۆچەرو کۆڵ بەکۆڵە، نزیکەی دوو دەیە رووی لەئاوەدانی و مانەوەو جێگیرییە، کەچی هێستا ئەمە بەزۆر دەزانین، میللەتێکین حەز بەئەزێتی خۆمان دەکەین.

میللەتان شۆڕش بۆ خەونی ئارامی و هێمنایەتی و رێکخستنی ریتمی ژیان دەکەن، کەچی ئێمە شـۆڕش بـۆ شـۆڕش و گـۆڕان و جوڵەمـان بـۆ تێکدانی ئەو کەمە ئارامی و هێمنایەتییە دەخەینەگەڕ کەشۆڕشەکانی رابردوومان خەونیان پێوە بینیوە.

بەشێکی ئەم دەستەبژێرە کوردییە هێزێکی لەڕادەبەدەری رووخان و تێک و پێکدانی لەخۆیدا حەشارداوە، هەر ئەوەندەی بەسە مانفێستێکی، چوون مانفێستی شیوعی، یان بەلاغی ژمارە یەکی گوێی لێ بێت، ئیتر غایەلەو ئاژاوەگێڕی تێدا قوولپدەدات.

تاکەی ئەم میللەتە بەنەفەسی (با بژی و بروخێ)، بەنەفەسی (یان کوردستان یان نەمان) (یان هەموو شتێک یان هیچ) (یان ئێمە یان ئەوان) جۆشدەدەین؟ بۆچی یان کوردستان، یان کوردستان بۆ ئێمە، هەمووان نەبێت؟

تاکەی دە ساڵ جارێک بن لادنێکی سیاسی، یان فیکری کۆمەڵێک گەنج و لاوی ئەم وڵاتە بکاتە پەسیچی ئامانجە نارەواکانی خۆی و کەپەشمیانیش بۆوە، بێ داوای لێبوردن چەک دابنێ و قەڵەم بەلاوە بخاو لەو سەری مەجلیسەوە وەعزی ئەزموون و خیبرەداری بەخەڵک بدا؟

دە ساڵ جارێ: عەدنان قەیسییەک بازاڕی شانۆیەکی سیاسی و فیکری گەرم دەکاو دەستەبژێرێکی بێ بەهرەو هیچ لەبارا نەبوو، دوای دەکەون و دە ساڵ لەعومرو سەرمایەی ئەم میللەتە بێ سەرمایەیە بەفیڕۆ دەدات؟

کێ قەرەبووی ئەم تەلەفە مەعنەوی و جەستەییە بۆ ئەم میللەتە داماوە دەکاتەوە؟ ئەمە نەزیفێکی فیکری و سیاسییە کەتووشی داوەشین و دارزینمان دەکات، تەلەف و خەسارەتێکی بێ وێنەیە کەرێگە لەوە دەگرێت دەستەبژێرێکی ئاقڵمەند بێت و وەبەرهێنان بکات لەتواناو وزەی کوردستانی گەنجدا.

ئەم فەرهەنگە کەم حەوسەڵەیە دینامیکیەتی گۆڕانکاری و جێگیریی ناناسێتەوە، بۆیە بەبەلاغی ژمارە یەک و دەستەواژەی رەوانبێژی بێ دەستمایەی سیاسی دەخوازێت هێزی خەوتووی رامالین و سڕینەوەی یەکجارەکی لەکۆمەڵی دواکەوتوو وەخەبەر بێنێتەوە.

کوردستانی گەنج دەستەبژێرێکی ئاقڵی گەرەکە حورمەت بۆ دوو چەمکی گۆڕانکاری و جێگیری بگێڕێتەوە.

نەجێگری یەکسانە بەمەیین و مەنگی و بێدەنگی لەکەموکوڕی و گەندەڵی و نەگۆڕانکاریش یەکسانە بەتێکدان و چەواشـەیی و تەنگنەزەری و پەرەپێدانی سیاسەتێکی فاشیستانە دژی بکەرە جیاوازەکان.

دەستەبژێرێکی ئاقڵ و گەنج دەتوانێت ئەم فەرهەنگە ئینقلابچییە لەقاو بدات کەبواری رووناکبیری و سیاسەتی کوردی تەنیوەتەوە.

دەستەبژێرێکی ئاقڵمەندمان گەرەکە کەئیرادەی گۆڕینی هەبێ و ستایشی جێگیری و هێمنایەتیش بکات.

*گۆڤاری هەفتانە: ژ: 50 لە 7-13ی حوزەیرانی 2009دا.

# مەرجی بنەڕەتی

چەنـد مەرجێکـی بنەڕەتـی هەن بـۆ سـەرکەوتنی پرۆسـەی هەڵبـژاردن لەکوردسـتان، مەرجەکـان سـادەو سـاکارن، بەڵام لەوە دەچێـت هەوڵ لەئـارادا بێـت بـۆ ئـالودەکردنی ئەو مەرجە بنەڕەتییـانە بەدووکەڵـی چـڕی ململانـێ، دووکەڵی ململانێی سیاسی، بەم ئاستە خراپە لەخۆنواندن و ئیدارەدان، ژینگەی هەڵبژاردنێکی دروست دەشێوێنێت و بەداخەوە لەوانەیە پرۆسـەکە ئەسڵەن بۆ پایەدارکردنی دیموکراسی و نوێکردنەوەی بژارەی خەڵکی کوردستان بڕیاری لێدراوە، بەلاڕێدا ببات.

مەرجە بنەڕەتییە سادەو ساکارەکان ئەمانەن:

-ناوبژیوانی ئەم گەمەیە دەبێ لەدەرەوەی تانەلێدان بێت.

هەمـوو گەمەیەک بـۆ ئەوەی ملکەچـی قاعیـدەو نەزم بێـت دەبێـت ناوبژیوانەکانی دیار بن، رێزلێگیـراوی لایەنەکانی ململانێ بن، چـونکە ئەو ناوبژیوانانە دوا قسە لەسەر وێکهاتنەوەی ململانێکە لەگەڵ قاعیدەو نەزمی گەمەکەدا دەکەن، ناوبژیوانەکـان لەهەڵبژاردنـی کوردسـتاندا دەشـێ (چاودێرەکـان بەنـاوخۆیی و دەرەکیـیەوە، کۆمـسیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن، میدیاکان و دەزگاکانی ئەمنیەت و پۆلیس بن) ئەمانە ناوبژیوانی پاکێتی و سەرخستنی پرۆسەکەن.

بـۆیە دەبـێ لەدەرەوەی تانەلێـدان و تـوانج بـن لەلایەن قەوارەو کیـانە سیاسییەکانەوە، ئەگەر هەر لەئێستاوە گومان لەسـەر ئەمـانە هەبێت ئەی کێ دەبێـتە نـاوبژیوان لەدەمـی سـەرهەڵدانی ناکۆکیـدا؟ ئەمـانە مەرجەعـی راستگۆیی و ناڕاستگۆیی پرۆسـەکەن کەهێـشتا دەستیان پێنەکردووە، چۆن تانەیان لێبدرێت؟

**میدیاو هەڵوێستی**

باش و چاک رووماڵکردنی میدیا بۆ ئەم هەڵبژاردنەش مەرجێکی ترە، لێرە قسە لەسەر بێ لایەنی ناکەم، چونکە هەموو میدیایەک مەیلێکی هەیە لەم پرۆسە سیاسییەدا، بەڵکو لێرە باسی ئەوە دەکەین میدیا جیاوازی بکات لەنێوان دەربڕینی هەڵوێستی خۆی لەلیستەکان و لەنێوان رووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، هەموو میدیایەک دەتوانێت لەوتارو بیروڕایدا پشتیوانی بکات، بەڵام نابێ ئەم مەسەلەیە لەیەر حسابی روماڵکرنی رۆژنامەوانی رووداوەکان بێت، بەڵکو دەبێ لەیەک مەسافە لەنێوان لایەنەکاندا بوەستێت و هەلی روماڵکردنی چالاکییەکانی بەهەمووان بدات.

-بەرنامەی لیستەکان بەرنامە بن بۆ چوار ساڵی داهاتوو، بەرنامەی خەیاڵی نەبن کەچەندین دەورەی هەڵبژاردن و چەندین دەورەی حکومڕانی بگرێتەوە، رێزگرتن لەدەنگدەر بەواقیعیەتی بەرنامەکانی هەڵبژاردن و دوورکەوتنە لەخەیاڵبازی و بەڵێنی نەکردە دەبێت، چونکە دەنگدەر تەنها بۆ چوار ساڵ متمانەو تەفویز دەدات بەقەوارەی دڵخوازی خۆی، دیموکراسی هەر لیستێک و باوەڕبوونیشی بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات لەمەدا دەردەکەوێت کەبەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بۆ چوار ساڵ بێت، نەک بۆ چل ساڵ، کەنەتوانێت لەماوەی ئیستحقاقی هەڵبژاردندا جێبەجێیان بکات.

*گۆڤاری هەفتانە: ژ:46 لەرۆژی 16ی مایسی 2009دا.

# هەمیشە سەربەرز بە ئەی هەڤاڵی یەکێتی

هەمیشە سەرت بەرزکەرەوە ئەی ئەندامی یەکێتی، تۆ هەر ئەندامە دلێرو ئازاو بەجەرگەکەی زەمانی شۆڕشی نوێیت، ئەوی زەمانی مەفرەزە سەرەتاییەکان، ئەوی لەزیندانەکاندا دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانت لەسەر دیوارەکان نووسی.

هەمیشە سەرت بەرزکەرەوە ئەی هەڤاڵی نەبەردییەکانی حەمک و داستانی قەیوان-ماوەت و سەری رەش و رزگارکردنی قەرەداغ، تۆ هەر سەربەرزو سەربڵندەکەی جاران و ئێستا و داهاتووشی کە لەڕاپەڕیندا داگیرکەرانی وڵاتت راماڵی و لە ئازادیشدا بوویتە سەرمەشقی دیموکراسی ولە مرۆشدا دەبیتە سەرمەشقی لە خۆبردوویی و سینگفراوانی. سەربەرز بە تۆ هەر کوڕە ئازاکەی کە نازناوی کوڕانی یەکێتیت بەنسیب بوو، دۆش دا نەمێنی تۆ هەر وردەکارە بەتەگبیرەکەی رێکخستنە پۆلایینەکانی شاری، ئەوی بەعس زەفەری بەئەڵقەیەکیشی ببردایە سەرەداوی ئەلقەکانی تری لێ بزر دەبوو و سەرەنجام خۆی دەکەوتە دوای رێکخستنەکانی یەکێتییەوە، وەک هەمیشە سینگ دەرپەڕێنەو سەرت بەرزبێت کە تۆ کوڕو براو خوشکی ئەو یەکێتییەی بەعس بەزێن و دوژمن بەزێنەی. تۆ پایەدارتری لەو دووڕوو و دوو دڵانەی بەقەت حیبری نووسینی ناو جەریدەکانیان شەهیدت هەیەو خوێنت بەخشیوە، کە تۆ لە چیاو دۆڵەکاندا پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست بووی، ئەم فس فس پاڵەوانانەی، کە ئیشیان تەنیا پەلاماردان و سووکایەتییە بەحزبی شەهیدان، لەکوێ

خۆیان حەشاردابوو؟ لەکام گۆشەی هاوکاری و گۆڤاری ئۆتۆنۆمیدا درۆو دەلەسەیان بۆ سەدام دەهۆنییەوە؟

هەمیشە سەربەرزکەرەوە ئەی تێکۆشەری نێو ریزەکانی یەکێتی، تۆ ئەندامی سۆشیال ئینتەرناسیۆنالی، تۆ ئەندامی ئەو حزبە کوردییەی کە یەکەمین سەرۆک کۆماری هەڵبژێدراوی کوردی بەخشییە مێژوو.

سەیریکە چ حزبێک لەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەدا بەقەدەر حزبی تۆ پێشمەرگەی ئازاو کادیری ژیرو بەجەرگی هەیە؟

پێکراوی؟ بریندارو خەنجەر لەپشت دراوی؟ زەخمی ئەمجارە هی تیری ژەهراوی کرمی خۆماڵییە؟ بریداری پاشقول و فیتنەی ناوخۆی؟ هەقتە کە زامت بەسوێ بێت، بەڵام کەپێکراوی خۆ نەبەزیوی و هەر بە ورە بە ورەکەی کە لێت ڕادەبینرێت کاروانەکە بێ پشوو سەربخەیت. ؟ هەمیشە بە پێوە قایم لەسەنگەرەکەت بە گوێ بەو ناکەس بەچانە مەدە کەتۆ، بەهەموو پۆخڵەواتەکانیانەوە، بەمیهرەبانی قبوڵیانت کرد، کەچی ئەوان لووتی غروریان قبوڵی نەکرد سایەت بپارێزن؟ ئەوانەی سایەی تۆیان لێ ببوە بە سێبەرێکی گەورەی خۆیان و هەر کەلێت تەوەلـلا بوون سەرگەردان بوون و لە بیریان چوو کە "مانەوەیان، سەربەرزیان بەندە بەیەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە"

هەمیشە بالأت بەرز بێت ئەی کادیری سەربەرزی یەکێتی، گوێ بەجەنگی موخابەراتی دەستکێشی دوژمنانی کورد مەدە کە لە هەندێک میدیای درۆ و دەلەسەوە دەیانەوێت لەهەیبەت و سەنگت بدەن.

دائیمەن لە مەیدان بە ئەی هەڤاڵەکەی یەکێتی، پشوو درێژ خاوەن سەبری ئینقیلابی بە، ئەو یەکێتییەی لەسوپای بەعس نەترسابێت و کیمیاوی گۆڕەپانی پێ چۆڵ نەکردبێت، چۆن سیاسەتی چەواشەکاری و بوختانی شەڕی دەروونی نەیارەکانی ناو پرۆسەی سیاسی خۆماڵی زەفەری پێ دەبەن؟

وەرە با چیتر ئەم بەندوباوە ناڕاستە پەسەند نەکەین و لەسەر هەقی خۆمان، ناوبانگ و سەنگی خۆمان، بێینە جواب و ئەوەی شێتانە بەردمان تێبگرێت بەوپەڕی ژیری و مەنتیقەوە بەرقی تێبگرین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4945 لەرۆژی 2009/8/9دا.

بەشی چواردەیەم

## دونیای دوای 2009/7/25!

# میدیاش لەدەرەوەی رەخنە نابێت

لەقۆنـاغی نوێـدا میـدیای کـوردیش، بەرۆژنـامەی ئەهلـی و نـائەهلییەوە، بەسەربەخۆو سەربەگۆبەندەوە ئەرکی لەسەر شانە، ئەرکی پیشەیی و ئەرکی نیشتمانی و دیموکراتی، میدیای کوردستانیش لەهەسارەیەکی ترەوە نەهاتووە تـائەرک و بەرپرسـیاریتی نەکەوێـتە سەرشـان، ئەویـش وەک کـارەکتەرێکی شەئنی گشتی ولاتەکەمان لەقۆناغی سێیەمی دیموکراسی کوردستانیدا، قۆناغی سێیەمین هەڵبژاردن، دەبێت بکەویتە ژێر چاودێری و هەڵسەنگاندنەوە. میدیا ئەگەر دەیەوێت دەسەلاتی چوارەم بێت، ئەگەر دەیەوێت ویژدانی زیندووی میللەت بێت، دەبێت رۆڵێکی نوێ بگێرێت و قبووڵیشی بێت ئەویش بکەوێتە ژێر نەشتەری رەخنەوە. بۆچی گرنگترین دوو دەسەلاتی ئەم ولاتە، دەسەلاتی تەشریعی و تەنفیزی، قابیلی رەخنەو ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوەبن کەئەمە رێ بۆ پـایەداربوونی زیـاتری دەسـەلاتی قەزائـیش خـۆش دەکـات، بەلام میـدیا، دەسەلاتی چوارەم، خۆی لەسەرووی رەخنەو بازنەی هەڵسەنگاندنەوە دابنێت؟. میدیای کوردستانیش مادام کارەکتەرێکی گشتییە، دەبێت نێوەندو دەزگای هەبن بۆ چاودێریکردنی ئەدائی. زیاتر لەیاساو دەستوورو پەیڕەوی ناوخۆی سـەندیکای رۆژنامەنووسـان، کەئەمـانە پەرژینـی پارێزگـاری لەئـازادی رۆژنامەنووسییان دابینکردووە، بواری رۆژنامەنووسی و میدیای ئێمە گەرەکە میـساقی کـاری رۆژنامەنووسـیش پەیـڕەو بکـات و بەپێـوەرە گـشتییەکانی میدیایەکی ئازادو بەرپرسەوە پابەند بێت. میساقێکی ئەوتۆ نەریتی پیشەیی نەشونما پێ بداو بیکاتە سەروەر بەسەر رۆژنامەنووسان و نێوەندەکانی میدیاوە، هەر تەنیـا لەکەشـێکی واشـدایە رۆژنامەنووسـان پـێش یاسـاو پابەنـدییە قانوونییەکـان، خۆیـان نابەرپرسـیاریتی و ناپیـشەیی و ئەدائـی خراپـی

هاوپیشەکانیان لەقاو دەدەن و خۆیانی لێ بێبەری دەکەن. هەموو چوونە بەردەم دادگایەکی ڕۆژنامەنووسان سەربەرزی و پاڵەوانێتی نییە بۆ بواری ڕۆژنامەنووسی. ڕۆژنامەنووسیش، وەکو دکتۆر، ئەگەر هەڵەی کردو درۆو دەلەسە، یان بوختان و تەشهیری پەیڕەو کردو ناوی تاکەکانی کۆمەڵی لەخۆڕا زڕاند، دەبێت سەندیکاکەی، هاوپیشەکانی پێش یاسا سەرزەنشتی بکەن و بەپەرۆش بن بۆ پاکێتی و پیشەگەریی بوارەکەیان. ئەمڕۆ لەکوردستان ئینتباعێکی گشتی خراپ باوە کەهەر لێپرسینەوەیەکی قانوونی لەمیدیا وەک پێشێلی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لێکدەدرێتەوە، تاسەرەنجام خەڵکانێک کەمیدیای ناپەسند پێشێلی مافەکانیان و پێشێلی ناوبانگیانی کردووە نەوێرن لەدەوڵەتی قانوون و دیموکراسیدا پەنا بۆ دادگاش ببەن. ئەمڕۆ لەکوردستان میدیاگەلێکی ئەوتۆ هەن بیروڕا تێکەڵی هەواڵ دەکەن و ژەهر دەکەنە ناو هەنگوینەوە، ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکدەدەن و هانی توندوتیژی و ناوزڕاندن و شێوانی متمانەی نێوان خەڵک دەدەن و ئەمەش بەئازادی لەقەڵەمدەدەن، میدیا هەیە قسەی نەیارانی کورد لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی بەشایەد دێنێتەوەو کەسیش نییە بپرسێت خەرجی ئەم زەحمەتییە لەکێ وەردەگیرێت؟ میدیا هەیە شانازی بەدیداری تیرۆریستانەوە دەکات و ئەمە بەپێشبڕکێی ڕۆژنامەنووسی دەزانێت، هەشیانە بەمەزندە ئەم کارەکتەری سیاسی بەبن عەردا دەباو ئەویان دەگەیەنێتە کەشکەلانی فەلەک، لەم مەیدانەشدا نێوەندێکی هەڵسەنگاندنی ئەدائی میدیا، مۆنیتەرێکی پیشەیی نییە کەکێرڤی شکست، یان سەرکەوتنی ئەو کارانەی میدیا، یان ئەویتریان، بپێوێت؟ لەکاتێکدا لەخۆرئاوا، کانگای دیموکراتی و ڕۆژنامەگەریی ئازاد، دەیان و سەدان دەزگای مۆنیتەرو ناوەندی پێوەری میدیایی بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنداری یان بێلایەنی، پیشەیی یان ناپیشەیی دامەزراون کەسەرەنجام میدیا، کەئەرکی چاودێرییە، خۆی دەکەوێتە بەر تەلیسکۆبی چاودێرییەوە. ئەگەر جاران میدیا پاکانەی بۆ ڕۆڵی ناپیشەیی و سیاسییانەی خۆی ئەوەبوو (ئۆپۆزسیۆن نییەو ئەم ئەرکە بەسەر شانی ئێمەوەیە) ئەوا ئیتر قۆناغی سێیەمی دیموکراسی کوردستانیش ئۆپۆزسیۆنی لێیەو هەقە میدیاکان بچنەوە سەربازگەکانی خۆیان

و مەیدانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوانە بەجێبێڵن کەئەرکی ئەوانە. لەقۆناغی دادێت پێویستە چیتر میدیا مامەڵەی کارەکتەری هەسارەکانی تری لەگەڵدا نەکرێت و یاساو پێوەرەکانی دیموکراسی، میساقی شەرەفی کارکردن و پیشەیی بوون بەباڵای ئەویشدا ببڕێت.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4946 لەرۆژی 2009/8/10.

# یەكێتی تۆڵە لەخۆی ناكاتەوە

نووسیویانە (یەكێتی تۆڵە لەسلێمانی دەكاتەوە) ئەرێ خەڵكینە كەستان بینیوە تۆڵە لەخۆی بكاتەوە؟ حزبێكی حەیات و شۆڕشگێڕتان بینیوە تۆڵە لەشارە حەیاتەكە بكاتەوە؟ نووسیویانە كەیەكێتی، چونكە لەسلێمانی دەنگی نەهێناوە، بۆیە تۆڵە لەشاری سلێمانی دەكاتەوە!. چونكە ئەمانە بەناوچەو گەڕەك و گردەوە خۆیان دەناسنەوە وادەزانن كەهەموو هێزێك وەك ئەوان بیردەكاتەوەو وەكو ئەوان دنیا لەكونجی شارەوانییەكەوە هەڵدەسەنگێنێ و لەكونی دەرزییەكەوە لەدۆخەكە رادەمێنێ. یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كەپێكهاتەیەكی سەرەكی لیستی كوردستانییە ناوەكەی بەخۆوەیەتی، كوردستانییە لەحزب و لەلیست و لەحوكمڕانیدا. نووسیویانە (یەكێتی تۆڵە لەسلێمانی دەكاتەوە)، چونكە ئەوان سلێمانی تەنیا لەگردو تەپۆڵكەیەكدا كورت دەكەنەوە، چونكە ئەوان (هاوڵاتی) تەنیا لەلیستێكی هەڵبژاردن و لە(وشە)یەكدا كورتدەكەنەوە. سلێمانی تەنیا لەكۆڵانێك و لەچەند كارەكتەرێكدا كۆدەكەنەوە. ئافەرین بۆ خیتابێكی ئیعلامی كەنیشتمان و نەتەوە پەرت دەكات. ئەوان هەرگیز رۆحی زیندووی سلێمانیان نەناسیوەو قەد سەنگی سلێمانییان بەقەپانی زێڕینی مێژووی سلێمانی نەپێواوە. سلێمانی دایكی سیاسەتی كوردستانی و باوكی ئەدەبیاتی سیاسیی كوردایەتییە. لەم شارەوە كوردایەتی مۆدێرن سەری بڵندكردەوەو بەردەركی سەرای كردە وێستگەیەكی چۆنایەتی لەرێی رزگاری كوردستاندا، لەم شارەوە، گەلاوێژی ئەدەب و هونەر هەڵهات و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیەك نەشونمای كرد، لەهیچ بەڵگەیەكی مێژوویدا نەمانخوێندووەتەوە كەگۆران شیعری بۆ گردێكی سلێمانی وتبێت. گۆران لەسلێمانییەوە بەكوردستان و بەئەدەبیاتی كوردستاندا بڵاوبۆوە. نەمان

خوێنـدەوە بـێکەس تەنیـا مەبەسـتی رزگـاری مامەیـارە بـوو ئەوکـاتەی، لەمامەیــارە، بەشــیعری (27) ســاڵە تەحەدای ئەدمــۆنزی کــرد، بەڵام لەمێـژوودا خوێنـدوومانەتەوە کە لەم سلێمانییەی بەمەسافە لەکوردستانی بــاکوورەوە دوورە لقــی خۆیبــوون دامەزراوەو پیرەمێــرد، ریفۆرمخــوازی حەقیقــی، بــۆ (کوردەکــانی شــیمال گریــاوە). لەم شــارەوە رۆژنــامەی کوردســتانیی دەســتپێکردو رووبـاری داهێنـان هێنـد بەخـورِ بـوو بەشـی گۆڤـاری هاواریـشی دەکـرد کەمیـری بەدرخـان لەشـامەوە ئـابوونەی بـۆ سلێمانی کۆکردبـۆوە. لەم شـارەوە ئەیلـول گەشـەی کـرد، لێـرەوە یەکێتیـی نیشتمانیی کوردستان، بەکۆمەڵەو مەفرەزە سەرەتاییەکانییەوە، بەبڵاوکراوەو رێکخــستنەکانییەوە، هەمــوو کوردســتانی گــرتەوەو بــوو بەو یەکێتیــیە کوردستانگیرەی گەرەکچی و گردچییەکانی تێپەڕاندو لەبەغدای پایتەختدا کوردی سەروەرکردو لەناو پیشانگەی شارو پایتەختەکاندا سلێمانی کردە پایتەختی سیاسیی کوردستان.

ئەوانە سـلێمانی لەخۆیانـدا کـورت دەکەنەوە، بـۆیە وادەزانـن یەکێتـی تـوڵە لەسـلێمانی دەکـاتەوە، ئەوانە سـلێمانی بچـووک دەکەنەوە بـۆیە لەچوارچێـوەی نەخـشەی شـارەوانیدا قەتیـسی دەکەن. ئەوانە دوژمنــی سـلێمانین کەنـاهێڵن سـلێمانی لەسـایەی ئەو کوردسـتانەی تێکۆشـەرانی سـلێمانی سـەر قـافڵەی رزگارکردنی بـوون بحەسێتەوەو لەدەستکەوتەکانی سـەرکەوتن بەهرەمەندێکی شـایان بێـت، تـا شـەڕیان بـوو لەسـەر دەسـتکەوت و بەنزینخـانەو گـردۆڵکەو تەپۆڵکە سلێمانیان لەیاد نەبوو، ئێستا فرمێسکی تیمساحی بۆ سلێمانی دەڕێژن. ئەوانەن کەسـلێمانی بچـووک دەکەنەوە، تەنگـی دەکەنەوەو پەنجەرەکـانی لـێ دادەخەن و نـاهێڵن وەک جـاران شـارە میهرەبـانەکەی شـێخی نەمـر، مـستەفا سائیب و شیهاب و ئارام بێـت. ئەوانەن کەرۆحی سلێمانییان نەخوێنـدۆتەوەو نـازانن سـلێمانی ئەو کـاتەی (سـلێمانچێتی)یـش بکـات هەر بەکـوردایەتییەوە دەنازێ و شانازیی بەبەشی سلێمانییەوە دەکات لەکوردایەتیدا. ئەمە ئەو شتەیە خیتابی ئیعلامی لۆکاڵی لێی تێناگات. ئەوانە سلێمانی لەشەخسی خۆیاندا کورت دەکەنەوە: کەخۆیان باشبن سلێمانی عەیبی نییە، تەنانەت ئەگەر خەراباتیش

بێـت، کەخۆیـان خـراپ بـوون ئەوا گـوایە (سـلێمانی تـۆڵەی لێـدەکرێتەوە) بـا تەنانەت بشبێتە بەهەشتی خودا کەئێستا بەهەشتی سەرزەمینە.

قەدەری سلێمانی بەکوردستانەوە گرێدراوە، چـونکە سلێمانی خـۆی کانگەی کـوردایەتی و خەونێکـی کوردسـتانییە. سـلێمانی خـۆی کوردسـتانە، کـێ تـۆڵە لەنیشتمانی خۆی دەکاتەوە؟. کێ تۆڵە لەخۆی دەکاتەوە؟ مەگەر ئەوانە نەبێت کەڕقیان لەژیانەو دەخوازن ئینتحاری سیاسی بکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4949 لە رۆژی 2009/8/13

# دەیگۆڕین

دەیگـۆڕین ئەممـا گـۆڕانێکی راسـتەقینە، گۆڕانێـک کە لەقـازانجی خەڵکـی و لەقـازانجی ئـاوەدانی و پرۆژەکـانی سـلێمانی بێـت، ئـێمە دەیگـۆڕین و سـڵی لێنـاکەینەوە، ئەو هەلـومەرجە دەگـۆڕین کەوای کـردووە کـارو پرۆژەکـان لەسلێمانیدا پەنابخرێن بۆ ئەوەی نارەزایی خەڵکی بگاتە تینیان و لەو حزبە زوویربین کە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی بەدەستەوەیە، لەو حزبە زوویر بن کە وەک گۆشتوئێسقانە لەگەڵ سلێمانی وکوردستاندا. بەڕاستی دەیگۆڕین نەک بۆ دروشمی هەڵبژاردن و جیاکاریی حزبی و سیاسیی، بەڵکو بۆ دابینکردنی قازانجی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری. گۆڕانێکی راستەقینە، گۆڕانێکە بۆ وەرقەی سیاسیی نییە وەک گەورەکانیان دەیڵێن. دەشێت گۆڕانی تر بۆ وەرقەی سیاسیی باسی گەندەڵی و ئیختیلاسی کردبێت. گۆڕانی راستەقینە ئەوەیە مرۆڤ لەلای خۆی و لەنزیکەکانی خۆیەوە دەستپێبکات، نەک گەندەڵی بکاتە دەسکەلای سیاسی و سەرچاوەی بێزاری خەڵکیش لەکارو کردەوەی نزیکەکانی ئەوەوە سەرچاوەی گرتبێت. دەیگۆڕین! ئەو پارێزگارە بۆ ئەوەی خەڵکی سلێمانی پارێزگارێکی شیاوترو بەپەرۆشتریان هەبێت. دەیگۆڕین، ئەمما گۆڕانێکی راستەقینەی وا ئەنجومەنی ماوە بەسەرچووی پارێزگای سلێمانی گومانی لانەمێنێت کە کاتی گۆڕانێکی دیموکراتی هاتووە لەنزیکترین دەرفەتی هەڵبژاردندا. گۆڕانی راستەقینە لەوێوە دەستپێدەکات کە خەڵکی ئەم شارەو ئەم پارێزگایە خاوەنی پارێزگارێک بەن بەیەک چاو سەیری هەموو هاوولاتیان بکات، نەک بەچاوی لایەنداری و بەچاونوقاندن لەئاستی گەندەڵی دیوانەکەیدا. دەیگۆڕین و پارێزگارێک بۆ سلێمانی جێگیر دەکەین کە پێشمەرگانە پرۆژەکان جێبەجێبکات و ئازایانە بەرەو ڕووی کەموکورییەکان ببێتەوە و بە تەوازوعەوە

بچێتە بەردەم  دادگا ، پارێزگارێک جێگیر دەکەین کە بۆ سلێمانی کاربکات نەک بۆ گردێک، بۆ کوردستان کاربکات نەک نەزاهەی بەغدا بێت و تانە لەدادگای کوردستان و لەدیوانی چاودێرییەکەی کوردستان بدات.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4968 لە رۆژی 2009/9/4

# ئێمەو ئەوانێکی تر

## 1
### ئەی جیاوازییەکانی ئێمە لەسەر چین؟

بەڕێزان لەکۆمپانیای وشەو قەوارەی گۆڕان، زوو زوو پێ لەسەر جیاوازیی نێوان (ئێمەو ئەوان) دادەگرن. ئەمەش دۆخێکی سروشتییە بۆ هەر دەستەیەک کە لەڕێکخراوێک جیادەبنەوەو لەقۆناغی یەکەمدا هەوڵدەدەن پاکانە بۆ خۆجیاکردنەوەیان بدۆزنەوە تا جیابوونەوەو ئینشقاقەکە بخەنە چوارچێوەی باسوخواسێکی گشتییەوەو خەڵک و چاودێرانی سیاسی وا لێی نەڕوانن کەنیازو ڕێبازی شەخسی لەپشت ماڵ جیاییان هەیە. بەڕێز نەوشیروان مستەفا لەزنجیرە وتارێکدا وەک پەرچەکرداری ئەوانەی بەرنامەو سیاسەتی ئەویان بەنارۆشن دەزانی، بەراستەو پرگاڵ جیاوازییەکانی خۆی و ئەوانەی تری دیاریکرد، ئەگەرچی ئەو سەردەمە، ساڵی 2007، هێشتا زوو بوو کەئەم جیاوازییانە هێندە قووڵ ببنەوەو ناوبراو و کارەکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕانیش قاچێکیان لەناو سەنگەری جاران و قاچێکیشیان لەناو سەنگەری تازەدا بوو، بەڵام وردە وردە ماڵجیایی بەفیعلی سیاسەت و راوەدوونانی جیاوازی لێکەوتەوەو مەرجیش نییە سیاسەتی جیاواز هەموو جارێک مانای سیاسەتێکی پێشکەوتووتر، نوێتر، بگەیەنێت. لەگەرمەی باسوخواسی جیاوازییەکانی کۆمپانیای وشە لەگەڵ ئەوانی تردا، زانرا (ئێمە) مەبەستیان لەخۆیانە، بەڵام روون نەبوو لەدەستەواژەی ئەوان مەبەستیان کێیە؟ یەکێتی، یان حکومەتی هەرێم بەگشتی، یان ئیدارەی حکومەت لەسنووری سلێمانیدا؟ رۆژان دەریانخست کە(ئەوان) تەنیا مەبەستیان یەکێتییە، جا وەک حزب بێت یان وەک فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمان، یان وەک دەستەی وەزاری یەکێتی

لەحکومەتی هەرێم، بەکوردی لەهەر سازمانێکی کوردستانی، عیراقی و رەنگە دواتــریش نێودەوڵەتیــدا کەیەکێتــی جێگەیەکــی هەبێــت، ئەوان ســێبەرێکی لەبەردەمــدا قــووت بــکەنەوە. جیاوازییەکــانی ئەوان لەگەڵ یەکێتــی ســەرەتا دابەشکردنێکی دینی بوو یان وەک نەوشیروان خۆی وتبووی: لەهەمـوو دنیادا شــەڕ لەنێــوان بەرەی هەق و نــاهەقە، شــاگردەکانیش لەخــوارەوە وایــان تەفسیرکردبوو خۆیـان بەرەی گەلـن، ئەممـا تـاریفی دووەمیـان قـووت دەدا کە بەرەی (نــا) گەلە. بەو حــاڵەتەوە جیاوازییەکانیــان وا قــووڵکردەوەو دەســکێک نووســراو و ئەدەبیـاتی وایـان بەرهەمهێنـا کەئیتـر دوای چەنـد سـاڵ بـۆ خـوێی چێــشتیش نــاچێتەوە ســەر ئەدەبیــاتی بــاوکە دامەزرێنەرەکــانی کــوردایەتی هـاوچەرخ و ناشـچێتەوە سـەر ئەدەبیـاتی کـوردایەتی پێـشکەوتنخواز کە بەڕێـز نەوشیروان مستەفا لەڕێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەشدارێکی باشی داڕشــتنی بــوو لەحەفتاکــانی ســەدەی رابــردووەوەو لەم پێنــاوەدا کتێــب و لێکۆڵینەوەی هەن. ئەم ئاماژەیەش ئەوەنـدەی دەستنیـشانکردنێکی راستوڕەوانی پاشەکشێیەکی فیکری و سیاسی نەوشیروانە، ئەوەنـدە تۆمەت بەشاندنەوە نیـیە لەگەرمەی ململانێی سیاسی گەرمی ئەمڕۆی قەوارەی گۆڕان لەگەڵ یەکێتیـدا. تەشخیسێک کە بەڕێز نەوشیروان نایەوێـت دانی پێدا بنێـت و لەدوا دیـداری (KNN)دا خستییە قاڵبی ناولێنانی رێکخراوەییەوە وەختێک ئاماژەی بەکۆمەڵەی رەنجدەران دا وەک ئامرازێکی گونجاوی خەبات لەسـەردەمی پێشوو کەئێستا (خەبــات) بەئــامرازێکی نــوێ دەکەن و ئەو ئــامرازە بــزووتنەوەی گــۆڕانە. راستییەکەی ئیشکالەکە ئەوەنییە سـەرۆکی قەوارەی گـۆڕان بـاوەڕی بەئامرازی نـوێیە بـۆ خەبـاتکردن لەپێنـاو هەمـان ئامانجـدا، بەڵکـو راسـتییەکە ئەوەیە ئەو باوەڕی بەئامانجەکانی جاران نەماوە. گرفـت رێبازەکە نییە، گرفـت نیـازەکەیەو ئەمەشـە کەئـێمە بـێ سـێ و دوو دەتـوانین بڵێـین جیاوازییەکـانی ئەمڕۆیەتـی لەگەڵ (ئەوان)ەی دوێنـێ بـۆ یەک ئامـانج لەگەڵیـان تێدەکۆشا. ئامڕاز یەکێتـی بێ و لەناو یەکێتیدا کۆمەڵە، یان ئامڕاز گـۆڕان یـان هەر قەوارەیەکـی تـر بێـت، ئەمە نـابێتە هۆکارێـک بـۆ (ئـێمەو ئەوان)ێکـی پـتەو. بەڵکـو (نیـاز)و ئامـانج و گـۆڕانی سـتراتیژی ئەسـڵی جیاوازییەکانە کە لەچەنـد سـاڵی رابـردوودا سـەری

هەڵدەداو کپ دەبۆوە، یان بەشێوازی ماچکردنی ئەملاولاو سوێندی بەڕیشی تۆ قەسەم کەعەرەب پێی دەڵێن (دبلوماسیە تبویس اللحی) خاو دەکرایەوە. دەستەواژەی جیاوازییەکانی ئێمەو ئەوان بەگەمەیەکی سیاسی دەستی پێکردو لەگەرمەی ئەو گەمەیەدا کەس نەی پرسی، ئەی جیاوازییەکان لەدیدی ئەوانەی قەوارەی گۆڕان لەگەڵیان جیاوازە خۆی لەچیدا دەبینێتەوە؟. ئەکتەری کۆچکردووی ئەمریکی جاک لیمۆن لەدیالۆگێکی جوانی فیلمی (نرخ)دا بەکوڕە ناڕازییەکەی دەڵێت: (هەمیشە گلەیی دەکەیت من ئەو باوکە نەبووم کەتۆ دەتەویێت، ئەی هەرگیز بیرت لەمە نەکردووەتەوە لەوانەیە تۆش ئەو فەرزەندە دڵخوازەی من نەبیت؟). بەڕێز نەوشیروانیش هەمیشە ناڕازیبوو لەدۆخەکەو قسەی لەسەر جیاوازیی خۆی و ئەوانی تر بوو، بێ ئەوەی بۆ ساتێک بیر لەوە بکاتەوە کە لەوانەیە ئەویش بەسیاسەت و رەوتاری هەمیشە جێی دڵخوازی یەکێتی نەبووبێت، بۆیە دواجاریش کەدەستی دایە گەمەی قووڵکردنەوەی جیاوازی لەخۆی نەپرسی دەبێ جیاوازییەکان لەدیدی یەکێتییەوە چۆن بێت؟ ئەی دەشێ ئەندامێکی یەکێتی، جا مەکتەبی سیاسییەک بێت، یان ئەندامێکی لاچەپی شانەیەکی هەڵوەشاوە، چ ریوایەتێکیان بۆ کێشەکان هەبێت؟

2

## تێکەڵکردنی رێڕەوەکان یان جیاکردنەوەی؟

جائیتر مادام باسوخواس هاتەسەر جیاوازی نێوان دوو بەرە، بۆچی ئێمەش جیاوازییەک باس نەکەین؟ واباسی دەکەم: بۆ هەر تەماشاکارێک لەدەرەوە وادێتەبەرچاو یەکێتی و گۆڕان هیچ جیاوازییەکیان نییە، من لەگەڵ بەڕێزانی گۆڕاندام کە بەڵێ جیاوازی هەیەو زۆریش قووڵە، راستە هەمووموان یەک زنجیرە چەمک و دەستەواژەی سیاسی بەکاردێنین، بەڵام راستییەکەی ئەولەویاتەکان و ریزبەندی بایەخ و بەهاکانی هەردوولا ئەم جیاوازییانە دەردەخات. یەکێتی و قەوارەی گۆڕان هەردووکیان باسی دیموکراسی، کوردستان، مەسەلەی کەرکوک، دەستووری عیراق، پەرلەمان و حکومەت، لامەرکەزی و هتد... دەکەن، بەڵام ئایا هەردووکیان لەیەک دیدەوە سەیری

ئەم چەمکە هاوبەشانە دەکەن، لە(گۆڕان)ەکان بپرسی خۆیان دەڵێن: نەخێر، بەڵام بەڕیـوایەتێکی جیـاوازەوە باسـی دەکەن. گـۆڕان لامەرکەزی بەنرخـی هەڵوەشـانەوەی دامەزراوە نەتەوەییەکـانی کوردسـتان دەفرۆشـێ. لای ئەوان لامەرکەزی یەکـسانە بەفیـدرالی پارێزگاکـان و بـۆ ئەمەش فیـدرالی پارێزگاکانیان تەنها بۆ سلێمانی ناوێت وەک هەندێک کەس لێی حاڵی بوون، نا ئەوان ئەم (خێرەیـان) بـۆ کەرکـوکیش گەرەکە! بـۆیە لەگەرمەی پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردندا بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەیـوت ئـێمە لایەنگری لامەرکەزیـن بـۆ هەمـوو پارێزگاکـان، یـانی لەجێی لەقاودان و بەرپەرچـدانەوەی لەلامەرکەزێتی نزیـک بەشـارچێتی کەئەوی پـێ تاوانبـاردەکرا، وەڵامـی ئەوەبـوو: لامەرکەزی بۆئەوانی تـریش دابینـدەکەین. ئەمەش یەک مانا دەبەخشێت تەنها ناخوازین سلێمانی کەرت و پەرت بکەین و لەکوردستانی دابڕین، بەڵکو بـا کەرکـوک و هەولێـرو شـارەکانی تـریش والێـبکەین و سـەرەنجام کوردسـتان لەتـوپەتبکەین. باشـە بەرپەرچـدانەوەی ئەم سیاسـەتە مانـای وایە یەکێتـی دژی لامەرکەزی؟ رقـی لەسـلێمانی و رەقـی لەکەرکـوکەو قینـی لەهەولێـر دەبێـتەوە؟ ئەی خـۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات بۆ کام (ستان) دەکات، ئەوی پاکستان یان هیندستان؟ یەکێتی خەبات بۆ کوردستان دەکات و ئەم (وڵاتـی کوردانە) رێـک لەو پارێزگایـانە پێکـدێت کەبـزووتنەوەی گـۆڕان پەرتیـان دەکـاو هەریەکەیـان رەوانەی بەڵای ناگەهـانی فیـدرالێتێکی پارێزگاکـان دەکـات. ئەم کوردسـتانە مەیـدانی هاوبەشـی بەریەککەوتنـی سیاسـیی لامەرکەزێتیـیەکەی یەکێتی و گۆڕانەو ئەم چوار پارێزگایەش ئامانجی (خزمەت و کاری) سیاسی هەردوولایە. گۆڕان لەزاری بەڕێـز مـستەفاوە داوای بەهەرێـم کردنـی سـلێمانی دەکـات جـا ئەگەروایە بـۆچی بە بیـستوپێنج کورسـییەوە چـوونە نـاو پەرلەمـانی کوردستانەوە کەدامەزراوەیەکی یەکگرتـوویی نەتەوەیـیە بـۆ هەمـوو شاروشاخ و دۆڵەکـانی ئەم وڵاتە؟ ئەم دەرکەوتە دەریـدەخات ئەوان بەشـداری لەم پەرلەمـانە نەتەوەیـیە تەنهـا بەئامرازێـک دەزانـن بـۆ تێکشکانی هێـزی نەیاریـان نەک وەک هەلێـک بـۆ خزمەتـی خەڵکـی کوردسـتان بەخەڵکـی سلێمانیـشەوە. پەرلەمـان لەدیـدی گۆڕانەوە وێستگەیەکە بـۆ هێنانەپێشەوەی دۆخـی هەرێمـی

کەرکـوک و هەرێمـی سـلێمانی و هەرێمـی هەولێـر. یـانی دۆخێکـی وا کە بەعەمەلی هەرێمی کوردستان نەمێنێ بەپەرلەمـان و حکومەتییەوە، بەدەزگاو دایەرەو دوکانییەوە. گۆڕان لەجێی ئەوەی ڕێـڕەوی هەر یەکێک لەو چەمکانە، دیموکراسـی، لامەرکەزی، خزمەتگـوزاری، پارێزگـاو کوردسـتان لەیەکتـری جیابکاتەوەو هەریەکەیان بخاتە سیاقێکی مـاقووڵی خۆیانەوە، تێکەڵیان دەکاو ماناکانیان دەشێوێنێت، لەکاتێکدا دەکرێ و دەبێ. -کوردستان یەک قەوارەی فیدرالی بێت لەچوارچێوەی عیراقدا، یەک دامەزراوەی یەکگرتوویی نەتەوەیی هەبێت لەحکومەتی هەرێم و پەرلەمان و هەمـوو دەزگا نیشتمانییەکانی تر. - پارێزگاکان لەناو قەوارەی کوردستاندا خاوەنی لامەرکەزییەکی گونجاوبن کە نەسـلێمانی و دهـۆک و لەئایندەشـدا کەرکـوک، لەسـەر بڕیـارێکی ناوەنـدی حکـومەتی هەرێـم پەکیـان بکەوێـت و نە بەنـاوی تایبەتمەنـدێتی هەر پارێزگایەکیـشەوە قەوارەی نەتەوەیـی حکـومەت و دەسـەڵاتی سیاسـی لەکوردستان کلک و گوێ بکرێت و وەک ئەوەی لێ بێت کە ساڵح موتڵەگ و وائیل عەبدوللەتیف و نجێفی دەیخوازن. -پەرلەمان، سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم وەک سێ پێکهێنەری دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان تایبەتمەندبن بە بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی سیاسی لەهەرێم، تەشریع بۆ دانان و نەخشەکێشان بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان و لەبەرامبەریشدا ئەنجومەنی پارێزگاکان، شارەوانییەکان تایبەتمەنـدبن بەئیـدارەی لامەرکەزی و دابینکردنـی خزمەتگـوزاری و ئـاوەدانکردنەوە. هەر بەمجـۆرە دەتـوانین لەدەسـەڵاتێکی سیاسـی تـۆکمەی کوردسـتانی بەهرەمەنـدبین بـێ ئەوەی خزمەتگـوزاری و لامەرکەزی و دیموکراسی ناو هەناوی پارێزگاکان فەرامۆش بکەین و ئینجا بەپێچەوانەشەوە دەتـوانین بـێ لەدەسـتدانی قەوارەی نەتەوەیـی کوردسـتان، حـوکمی خۆمـاڵی و خۆبەخۆ، خزمەتگوزاری و ئاوەدانی لەپارێزگاو ناوەنـدی شارەکانیدا پێکبێنین، ئەمەش جـۆرێکە لەگونجـانی نێـوان دوو ڕێـڕەو یـان چەنـد ڕێڕەوێکـی جیـاواز کەقەت گونجـان روونـادات لەنێوانیـان ئەگەر رەوت و ئامـانج و سروشـت جیـاوازی هەریەکەیـان دیـاری نەکرێـت: -ڕێـڕەوی سیاسـی بـۆ ئیـدارەدانی سیاسـەتێکی کوردسـتانی، لەڕێـی سـەروەرکردنی قەوارەی نەتەوەیـی کـوردو

دارشتنی بژارە ستراتیژییەکانی لەبواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا. -ڕێڕەوی ئیداریی بۆ بەڕێوەبردنی لامەرکەزی و گەشەپێدانی بەڕێوەبردنی پارێزگاکان، شارەوانییەکان و پەرەپێدانی سیستمی نوێنەرایەتی جەماوەر لەئیدارە لۆکاڵییەکاندا. -ڕێڕەوی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژەکان، شارو شارۆچکەو پارێزگاکان و پەرەپێدانی دادپەروەرانەی بەشی هەر پارێزگایەک لەئاوەدانی و خزمەتگوزاریدا. ئەمەش ڕێڕەوێکی دروستە کەوای تێدەگەم، هەردەبێت ڕێڕەوی یەکێتیش بێت و کاری لەسەر بکات. ئەم ڕێڕەوەش جیاوازە لەهی بزووتنەوەی گۆڕان کەهەرسێ ڕێڕەو وەک کارتی یاری تێکەڵدەکات و هەر جارەی بەکارتێکیان یاری بەوی تریان دەکات. ئینجا لەم گێژاوەی بۆتە هۆی تێکەڵبوونی ڕێڕەوەکان و جێگۆڕکێ بەئەولەویاتەکان هەرکەسێک گفتوگۆی ئەم بژارە هەڵانەی (گۆڕانەکان) بکات تۆمەتی ئامادەیی بۆ هەڵدەبەستن و دەڵێن: -دەیەوێت بەناوی نەتەوەو نیشتمانپەروەرییەوە دیموکراسی و لامەرکەزی نەهێڵێت. -دەیەوێت بەناوی مەسەلەی کوردستانەوە ئەولەویەتی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی بخاتە دواوەو سیاسەت و کوردایەتی بخاتە جێی نان و گوزەران. -دەیەوێت بەناوی قەوارەی نەتەوەیی کوردەوە مەرکەزیەت دروست بکات لەکوردستان و لەعیراقیش داوای دیموکراسی دەکات. -ئەمە جیاوازییەکی زەقی نێوان ئێمە (یەکێتی) و ئەوان (گۆڕان)ە، ئەوان لەگەڵ ئێمە لێکدەچن لەباسکردنی ئەو سێ ڕێڕەوەدا، بەڵام تێکەڵیدەکەن بۆئەوەی بەگژ یەکیاندا بکەن ( دیموکراسی بەگژ قەوارەی نەتەوەیی کورد، لامەرکەزی بەگژ کوردستان، خزمەت و ئاوەدانی بەگژ سیاسەتی کوردستانیدا بکەن) لەکاتێکدا یەکێتی ئەم سێ ڕێڕەوە (سیاسی، ئیداری و خزمەتگوزاری)یە لێک جیادەکاتەوە بۆئەوەی لەدوا وێستگەدا بڕژێنە ناو یەک ئامانجەوە کەخزمەتکردنی کوردستانە بەپارێزگاو شارییەوە، بەدیموکراسی و لامەرکەزییەوە، بەخزمەت و ئاوەدانی و سەروەریی نەتەوەییەوە. ئەمی یەکێتی جۆرێکە لەدابەشکردنی ئەرک و کار، جۆرێکە لەدیاریکردنی ئەولەویاتەکان و هەر ئەمەشە سیاسەتی مۆدێرن و هەر ئەمەشە گونجان و سیاسەتی ژیرانە

کەتەواو جیـاوازە لەسیاســەتی تێکەڵکردنــی کـارت و ڕێڕەوەکـان، لەسیاســەتی شڵەژانی ئەولەویاتەکان و سـەرەنجام سیاسـەتی هەڵەشـەیی لەبەگژیەکداکردنی فاکتەرەکانی هێزی کورد. بەڕاستی ڕاستیانکرد، ئێمەو ئەوان لێک جیاوازین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4996 لە ڕۆژی 2009/10/3دا.
*کوردستانی نوێ: ژ: 5004 لە ڕۆژی 2009/10/21دا.

# پەلاماردانی ناوبژیوانەکان

خاڵی جیاوازیی نێوان ئەنارشیست و ئۆپۆزسیۆن چییە؟ دوو ڕیانی لێک جیابوونەوەی نێوان مودەعی زوڵم و زوڵملێکراوی راستەقینە چییە؟ چۆن بتوانین تەشەقەڵە فرۆشێک لەخاوەن بیروڕای جیاواز جیابکەینەوە؟ بۆ هەر سێ پرسیارەکە یەک وەڵام هەیە: رازیبوون بەناوبژیوانێک، قایلبوون بەبنەماو یاسایەک قسەی فەسڵ و یەکلاکەرەوەی پێ بێت لەنێوان لێک جیاوازەکاندا. دنیاش هەر ئاوەها رێکدەخرێت، سیستم ئاوەها دەچەسپێت، وڵاتیش ئاوەها لەفەوزاو تێکدان دەربازی دەبێت. دوو تیپی فوتبۆڵ یاری دەکەن هەریەکەو بردنەوەی بۆ خۆی دەوێت، هەریەکەو گۆڵی گەرەکەو خاڵ و وێر کۆدەکاتەوە. کێ ئەم یارییە یەکلایی دەکاتەوە؟ ناوبژیوان و لاینمەنەکان و لەپێش ئەمانەشەوە بنەماو یاساکانی تۆپی پێ.. ئەم بنەمایانە فاوڵ دەگرن، تۆپ بەدەستگرتن سزا دەدەن، فیکە بۆ ئۆفسایدلێدەدەن و سەرەنجام ئاکامی یارییەکە رادەگەیەنن. لە هەڵبژاردندا، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ناوبژیوانە، یاساکانی هەڵبژاردن کە لەوڵاتە دیموکراتەکاندا بنەماو رێوشوێنی هەڵبژاردن دیاریدەکەن، پەرلەمان دەریان دەچوێنێت و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن جێبەجێیاندەکەن. لەپرسی پاراستنی سامانی گشتیدا، لە دۆسێی گەندەڵیدا دیوانی چاودێری دارایی لێکۆڵینەوە دەکات، دادگا بڕیار لەسەر دۆسێی گەندەڵی دەدات و بەمجۆرە یاساو بەندەکانی و لەوێشەوە دادوەر و دادگا و یاسا بەدەستەکان ناوبژیوانی پرسی گەندەڵی دەبن و من و تۆو ئەم و ئەو بۆمان نییە قسە لەقسەی یاساو یاساپەروەران و یاسا جێبەجێکاران بکەین. دیارە تا کوردستانیش دەستەی نەزاهە دادەمەزرێنێ دیوانی چاودێری و یاسا ودادگا تێری پێویستییەکانی ئەمڕۆ دەکەن. لەهەڵبژاردندا ناوبژیوان هەیە،

لەژیـانی سیاسـیدا نـاوبژیوان هەیەو لەپرسـی سـامانی گشتیـشدا هەروا. ئەوەی ناوبژیوانەکانی قبووڵ نییە، ئەوەی بنەماو یاساکانی قبـووڵ نیـیە لەڕیـزی جیـاواز جیا دەبێتەوەو دەبێتە تەشقەڵەفرۆش. ئەوەی نـاوبژیوان و بنەماکانی نـاوبژیوانی قبـووڵ نیـیە نـابێتە ئۆپۆزسـیۆن، دەبێـتە ئەنارشیـست، نـابێتە زوڵملێکراوێـک کە دەیەوێت مافی پێبدرێتەوە بەڵکە دەبێتە مـودەعی زوڵـم. ئەوانەی لەهەڵبژاردنـی (7/25)دا تـانەو تەشـەریان لەیاسـای هەڵبژاردنـی کوردسـتان دا، کە پەرلەمـان دەریکــردووە، ئەوانە دژی بنەمــاو گەمەی هەڵبــژاردنن، ئەوانەی دژی بەشــی زۆری کارو هەنگاوەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبـژاردن بـوون، لەو هەڵبـژاردنەدا، ئەوانە دژی نـاوبژیوانەکەن، دژی نەریتـی نـاوبژیوانی و دژی یەکلاییکـردنەوەی یـارییەکەن و نزیکتـرن لە تێکـدان تـا بینـاکردن. ئەوانەی دژی یاسـاو بنەمـاو ناوبژیوانەکانی هەڵبژاردن بوون هەر ئەوانەن ئەمڕۆ پەلاماری دیوانی چاودێری دارایـی دەدەن کە نـاوبژیوانی دۆسـێی گەنـدەڵییە. ئەوانەی یـاری شـێواوو ولاتـی شەمژاویان دەوێت، هەر ئەوانەن بەیاساو ناوبژیوانەکانی کوردستان رازی نـین. ئەوانە بـۆ ئەوەی رکابەرە سیاسییەکانیان بکەنە دەرەوەی گەمەیەکی سیاسـیی دیمـوکرات و قانونمەنـدەوە لەپێـشدا پێویـستیان بەوەیە  ناوبژیوانەکـان بـکەنە دەرەوەی گۆڕەپانەکە، لەپێشدا دەیانەوێت گەمەی سیاسی بێ قانوون و ئوسـوڵ و نەزم بێــت، کە ئەمەیــان کــرد ئیتــر نە گەمەی  سیاســی دەمێنێــت و نە دیمـوکراتی و نەچاکـسازیش دەکرێـت.  ئیتـر بەمجـۆرە، کوردسـتان (گـۆڕان) بەخـۆوە دەبینێـت، ئەممـا گۆڕانێـک بـۆ دواوە. گۆرانێـک لە جێـی ئەوەی یاسـا سەروەرتر بکات ئەوی هەیە نابود دەبێت.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4972 لە رۆژی 2009/9/9دا.

# قۆناغی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە کارکردن

بەڕاگەیاندنی ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان و بەوەی کە لیستە دەرچووەکان ئاکامی ڕاگەیەنراویان قبووڵە، ئیتر دۆسیەی پرۆسەی هەڵبژاردن دادەخرێت و دەورانێکی تر لەژیانی سیاسیی کوردستان دێتەکایەوە کەدەورانی کارو کرداری چۆنایەتییە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێن و مژدەکانی بەکۆمەڵانی خەڵک دراون. بۆ ئەم دەورانە دەبێت لیستە براوەکان، فراکسیۆنە هەمەڕەنگەکانی پەرلەمانی داهاتووی وڵات کارەکتەری چالاک و دڵسۆزو لەکایەدا بن، سازو ئامادەی نەبەردی گفتۆکان و تەشریع و هەڵسووڕانی لیژنەکانی پەرلەمان بن. لەمڕۆوە ئیتر هەموو ململانێکارانی هەڵبژاردن دەبێت مەشقی دیموکراسی و پشوودرێژی زیاتر بکەن و هەر کەسەو بەگوێرەی قەبارەو قەوارەی خۆی بەرپرسیارێتیی سەرشانی جێبەجێبکات: حکومەت، کەهی لیستی یەکەم، لیستی کوردستانییە، بۆ حوکمێکی وەفاداری بەرنامەی نوێبوونەوەو ئاوەدانی و ئۆپۆزسیۆنیش بۆ پێگەی ئۆپۆزسیۆنێکی سەنگین و کاراو لەبەرچاو کە لەچوارچێوەی یاساو پرۆسەی سیاسی و نەریتە دیموکراسییەکاندا کاربکات و مەیلی پەنهانی و ناڕوونی و شەعبەویەت لەقاو بدات. قۆناغی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەسەروەختی بانگەشەو ماجەرای هەندێک توندوتیژیی سەرجادەوە تا هەندێک شکاتکردنی بێ بنەما بۆ لەکەدارکردنی پرۆسەی دیموکراسی هەرێم، قۆناغێک بوو رۆیشت و دەبێت ئیتر لیستەکان ببنە خاوەن خەمی هاوبەش بۆ خزمەتکردنی ئەو میللەتەی هاتە مەیدانی بەرشدارییەکی بەجۆشی سیاسییەوەو دەنگی بۆ دان، دەبێت لیستە هاوپەیمانەکان هاوپەیمانییەکەیان لەخزمەتی میللەتدا تۆخ بکەنەوەو لیستە رکابەرەکانی ململانێی هەڵبژاردنیش، سەرەڕای جیاوازیی روانین و بەرنامەیان، لەگەڵ یەکتری رابێن و هەڵبکەن.

ئیتر قۆناغی تێبینی لەسەر پرۆسەکە بەسەرچوو، چونکە ئەگەر باس باسی تێبینی بێت، لیستی کوردستانیش تێبینی زۆری هەیە، لێ لەبەر کوردو کوردستان، لەبەر ناوبانگی ئەم ئەزموونەی دۆست و نەیار ئاماژەیان بەسەرکەوتنی دا ئەو تێبینییانەی پێچایەوەو بەرژەوەندیی گەلی خستە سەرووی هەڵپەی مسۆگەرکردنی کورسییەکی زیاترەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4945 لە رۆژی 2009/8/9دا.

## ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنیش لەسەرووی ڕەخنەوە نین

ڕێكخراوەكـانی كـۆمەڵی مەدەنـیش لەبەردەم بەپرسـیاریێتی، ڕەخـنەو هەڵسەنگاندندان، ئەوانیش بەدەر نابن لەچاودێری و ڕەخنەو لێپرسینەوە لەڕۆڵ و كاریگەرییـان لەكۆمەڵـدا. ئەگەر میـدیاو ڕێكخـراوە NGO كـان هەمیـشە سەركۆنەی ڕێكخراوە پیشەیی و دیموكراتییەكانی حزبەكان دەكەن. ئەگەر ئەم ڕێكخـراوە پیـشەیی و دیموكراتییـانە لەدەرەوەی ڕەخـنەو سەرزەنـشت نـابن چ لەلایەن حزبەكـانی خۆیـان و چ لەلایەن ئەنـدامان و لەلایەن ئەو تـوێژانەی نوێنەرایەتییـان دەكەن، ئەوا ڕێكخـراوە NGO كـان، چ ئەوانەی سـەربەخۆو خۆمـاڵی و چ ئەوانەی لەلایەن ڕێكخـراوە بیـانییە دەسـتە خوشـك و هاوشـێوەكانیانەوە پـشتیوانی دەكـرێن، ئەوانـیش بەدەرنـابن لەهەڵـسەنگاندن و ڕەخـنە، ڕێكخـراوی كـۆمەڵی مەدەنـی لەبنچیـنەدا بـۆ فراوانكردنـی بـازنەی دیموكراسی، بۆ نوێنەرایەتی توێژو دەستەكان، بۆ گەشەپێدانی كۆمەڵی ئەهلی و كەمكـردنەوەی هەژمـوونی دەسـەڵاتی سیاسـی بەسـەر كایەكـانی وڵاتەوە دادەمەزرێـن، هەروەک دەشێت گروپـی گوشـار بـن لەسـەر حكومەت، یـاخود نێـوانی حكـومەت و توێژەكـانی كـۆمەڵ ڕێكـبخەن و دەیـان ئەركـی تـر كە لەكـۆمەڵە دیموكراتەكانـدا لەڕێكخـراوی مەدەنـی چاوەڕێـدەكرێت. شـێوەی پێكهـاتن و دروستبوون، سـەرچاوەی پـارەداركردن و پەیـڕەو و ئاراسـتەی كـارو ئەدائی ئەم ڕێكخراوانەو مەودای پابەندبوونیان بەڕێساو یاسا دیموكراتییەكانی كـاری ڕێكخـراوەییەوە دەبێـت بەشـێك بێـت لەدەورانـی هەڵـسەنگاندن و چـاودێریكردنی ڕێكخراوەكـان. كـۆمەڵێكی شـەفاف و دیمـوكرات و دادپەروەر تەنیـا ئەو كۆمەڵە نییە كەدەسـەڵاتە تەشریعی و تەنفیزییەكانی دەكەونە ژێـر گوشـاری پابەنـدبوون بەشـەفافیەت و دیموكراسـی و دادپەروەریـیەوە، بەڵكـو

ڕێکخراوەکان، کەبنچینەو مەغزاو ئاراستەی دروستبوونیان لەم ڕێگەیەدایە، دەبێت خۆیان لەپێش کایەکانی ترەوە ئەم ڕێبازو نیازە پەیڕەوبکەن، نیازیان دیموکراتیزەکردن و شەفافیەت و دادپەروەرییە، بۆیە دەبێت ڕێبازیشیان هەر وابێت، تا گوفتارو ڕەفتار لێک بچن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی مەسافەیەک لەسیاسەت نزیک دەبنەوە تا ئەو ڕێوشوێنەی سیاسەت و دەسەڵاتەکەی دوور یان نزیک دەکەوێتەوە لەدیموکراسی یان پێچەوانەکەی، بەڵام ڕێکخراوەکان کەبوونە کارەکتەری سیاسی تەواو، ئەوا وەزیفەی خۆیان لەدەست دەدەن. لەگروپی گوشاری دیموکراتییەوە دەبنە ململانێکاری سیاسی و مەرجەکانی ململانێی سیاسییان بەسەردا جێبەجێدەبێت، ئەوانیش دەبنە کارەکتەری سیاسی کەدەمامکی پیشەییان پۆشیوەو لەجێی ئەوەی لەفێستیڤاڵی دیموکراسی بەشداربن لەکەرنەڤاڵی دیموکراسیدا کارەکتەر دەبن و مانای ڕاستەقینەی کەرنەڤاڵیش (حەفلەی تەنەکورییەکە) کەدەموچاوی کەس دەموچاوی ڕاستەقینەی خۆی نییە. لەکوردستان ئەو بەیتوباڵۆرەیە کۆن بوو کەباسی پاشکۆیی ڕێکخراوە پیشەییەکان دەکەن بۆ حزبەکان، ئێستا هەندێک ڕێکخراو پەیدابوون کەپاشکۆی ئەم یان ئەو شەپۆل و ئاراستەی سیاسین، لەبنەوە نەک بەئاشکرا، بەتەکنیکی پەنهان و جادوویی، بەناو توێژو دەستەکاندا بڵاوبوونەتەوەو بەناوی سەربەخۆیی ڕێکخراوەییەوە دژی ئەم حزب یان ئەویتر کاردەکەن، باسی شەفافیەت دەکەن، خۆیان پڕۆشۆری دامەزراندنیان نییە، باسی سەربەخۆیی دەکەن و خۆیان بەحەبلی سرپی گرێدراوی قەوارەی سیاسیی جیاجیان، ئەگەر ڕێکخراوە پیشەییەکانی حزبەکان بەئاشکرا بەشێکی کایەی حزبەکانی خۆیانن ئەوا هەندێک لەم تازە بابەتانەی چەند ساڵی ڕابردوو لەم هەڵبژاردنەدا خۆیان نمایشکرد کە لەشانۆگەرییەکدا دەورێکیان پێ سپێردراوەو هەر کەئەو دەورەیان گێڕا دەرهێنەر لەشانۆی نمایش دووریان دەخاتەوەو فەسڵێکی تری شانۆگەرییەکە بەکارەکتەرێکی تر دەسپێردرێت. لەم هەڵبژاردنەدا لەتەلەفزیۆنەکانەوە چالاکوانی هەندێک ڕێکخراو بینراون بەخۆی و منداڵی باوەشەوە ئاهەنگی بۆ قەوارەیەکی دیاریکراو گێڕاوەو بێلایەنی خۆی لەبیرچووەتەوە، ڕێکخراو هەیە زۆربەی چالاکییەکانی دژی دوو حزبی

پێکهێنەری حکومەتەو هەمووشی لەقازانجی قەوارەیەکی ترە، ئایا ئەمە وەسف و تاریفی کۆمەڵی مەدەنی بەسەردا جێبەجێدەبێت، یان ئەمە دەمامکە بۆ رۆڵی دیاریکراوی حزبایەتی؟. ئێمە پێویستمان بەمۆنیتەری هەڵسەنگاندن و قرساندنی کۆمەڵی مەدەنی و کارەکتەرەکانی هەیە، لەکۆمەڵی دیموکراتدا کەس لەسەرووی رەخنەوە نییە، بەرەخنەگرەکانیشەوە، کەس لەسەرووی چاودێرییەوە نییە، بەرێکخراوە چاودێرەکانی کۆمەڵی مەدەنیشەوە. لەکۆمەڵی دیموکراتدا کەس کاسکێتی کەسی تر لەسەر ناکات و کەس دەمامک ناپۆشێت و کەسیش دەموچاوی بەجامانە ناپێچێتەوە، کارەکتەری سیاسی بەشێکە لەململانێی سیاسی و مەرجەکانی ململانێکاری سیاسی بەسەردا جێبەجێدەبێت، کارەکتەری رێکخراوی NGOش بەشێکە لەگروپی گوشار، لەناوبژیوانی نێوان دەسەڵات و کایەکانی کۆمەڵ و قەد هاوسەنگی خۆی لەدەست نادات.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4952 لە رۆژی 2009/8/17

# چیـــتر قبووڵ ناکرێت

هەمــوو کوردیــان مژوڵکــردووە بەدرۆو دەلەســەی نــاوخۆییەوە، بەبوختــان هەڵبەســتن و ســوکایەتیکردن بەخەڵــکەوە. کە بچــووکترین وەڵام دەبیــنن و دەخوێننەوە لەرزو تا دەیانگرێت، دونیا تێدەگەیەنن: زمانتـان زبـرەو هەق نییە وامـان پێبڵێن. بە میـدیای حزبەکان دەڵێن تەقلیـدی بەعس دەکەنەوە، گاڵتە بەسەرکردایەتیی کورد دەکەن و بێحورمەتی وایـان بەرامبەر دەکەن بەعس و داگیرکەرانی کوردستان شتی وایان نەکردووە. کە پێیان دەڵێی کاکە؛ خەڵکیش قەڵەمــی هەیەو قەڵەمــیش وەڵامــی پێــیە، باوکەڕۆیــانە کە ناوبژیوانێـک بێـتە نێـوانەوە. خۆیـان لەمینبــەرەکـانی ئیعلامیـی وشـەوە داکـۆکی لەحزبـی گـۆڕان دەکەن، کەچی بەیتوبالۆرەی قەڵەمەکانی دەسەڵاتیان وەک قاز لەبەرکردووە. ئەوە گۆڕانکارییە کە تا هێزت تێدا بێت بەسەر خەڵکدا هاوار بکەیت و بوختان و دەلەسەی بەناوەوە بڵاو بکەیتەوە؟ کە یەکێکیش پێیوتن خەڵکیش لەگۆشت و خوێن و ناوبانگەو لێتان قبووڵناکرێت تاسەر وابکەن، تووشی شـۆک دێن. ئەو زەمــانە چــوو کە لەدرۆو بوختــان و هێرشــەکانتان بێــدەنگ بــین، خەڵــک لەداگیرکەرانی قبووڵنەکرد، بۆ لەئێوەی قبووڵ بکات.

*کوردستانی نوێ: ژ:4943 لە رۆژی 2009/8/6دا.

# خولی نوێی پەرلەمان وێستگەی سێیەمی دیموکراسیی کوردستانی

دوێنێ بەڕەسمی دەستپێکردنی دەورانێکی نوێ لەئەزموونی دیموکراسیی کوردستان بەسوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی و سوێندخواردن و هەڵبژاردنی دەستەی نوێی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکردو پێشبینی دەکرێت لەماوەی چەند رۆژی داهاتووشدا سەرۆکایەتیی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش یەکلایی بکرێتەوە. گەلی کوردستان لەهەڵبژاردنی (25)ی تەمموزدا نوێنەرەکانی خۆی بۆ سێیەم خولی پەرلەمان دەستنیشانکردو جارێکی تر متمانەی خۆی بەلیستی کوردستانی و پاڵێوراوی ئەو لیستە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم دایەوەو دەرفەتێکی گونجاویشی بۆ پێشکەوتنی نوێی دیموکراتی لەڕێی هەمەڕەنگی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە رەخساند، دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانیش نمایشێکی رەسمی ئەو ئیرادە کوردستانییە، دیموکراتخوازەی گەل بوو کە توانی لەیەککاتدا سیستمی دیموکراسیی ناوخۆ نوێ بکاتەوەو هەمیشە یەکێتیی ریزەکانی بەپێدانەوەی متمانەی شایان بەیەکێتی و پارتی پتەوبکاتەوە تا کوردایەتی لەچوار ساڵی داهاتووشدا دەرەقەتی ئەرکە گرنگەکانی خۆی بێت لەبەغدای پایتەختی عیراقی دیموکرات و فیدراڵ و لەئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشدا. پەرلەمانی نوێی کوردستان وێستگەیەکی دیکەی خەرمانی ئەزموونی پەرلەمانی لەپشتەو بەشێوەی پێکهاتەکەی دەبێتە پەرلەمانێکی گەرموگوڕو لەسایەی گومبەزەکەیدا جیاوازی و ئاراستە جیاجیاکان دەتوانن ململانێی دیموکراتی و هاوکاریی پێویستی خۆشیان ئیدارە بدەن و لەو دەزگا تەشریعییەوە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن بێ جیاوازیی بیرکردنەوەی سیاسی و بنەچەی پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان.

ویـستگەی سـێیەم  پەرلەمـانی نـوێ، هەروا وێـستگەیەکی تازەشـە لەکـاری ئۆپۆزسیۆن ئەگەر قەوارەکانی ئۆپۆزسیۆن رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجـابی بگێـڕن و قۆنـاغی تـای هەڵبــژاردن بەرەو نـوێنەرایەتییەکی دەسـتەی جەمعـی خەڵکـی کوردستان تێپەڕێنن و پەرە بەکاری ئۆپۆزسیۆنی بـدەن کە لەدەورانـی پێشووی پەرلەمانیشدا ئۆپۆزسیۆن هەر هەبـوون و ئێـستا پانتـاییەکی فراوانتریـان لەپێشە تا بتوانن بەبەش و سەنگی خۆیان ئەزموونی دیموکراسیی وڵات پێش بخەن و پەرەپێدەرو مۆتوربەکارو پشتیوانی بەرنامەی حکومەتی نوێبوونەوەو ئاوەدانی بـن کە بەرنـامەی لیـستی کوردسـتانییەو بەشـی زۆری داخوازییەکـانی کـۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی، بۆ  چوار ساڵی داهاتوو، لەخۆگرتووە. لەدوێنێوە، وێستگەی سێیەمی دیموکراسیی کوردستانی دەستیپێکردو وڵاتەکەمـان رووی لەبزاوتێکی سیاسیی تـازەیە. ئومێدی گەل لەم وێستگەیە ئەوەیە خێـرو خۆشـی و ئاوەدانی زیـاتری پێبێـت و ئەرکەکـانی مـاونەتەوە جێبەجێبکـات بەئەرکـی بەشـداریی کوردسـتانیانی نـاوچە دابڕاوەکـان لەم پرۆسـە گەشـاوە دیموکراسـییەدا بـۆ هەڵبژاردنی چوار ساڵی داهاتوو.

*کوردستانی نوێ: ژ:4906 – 2009/8/21

# دەمەزەردکردنەوەی دیموکراسی و نوێکردنەوەی متمانەش

چالاککردنەوەی  جموجوڵە سیاسییەکان لەئاستی عیراقدا دەبێتە ناونیشانی قۆنـاغی داهـاتووی سیاسـەتی کوردسـتانیی، ئەمەش دوای چەنـد مانگێـک لەکـارکردن بـۆ سەرخـستنی هەڵبرژاردنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتیی هەرێـم دێـت. قۆنـاغی داهـاتوو قۆنـاغی گەڕانەوە بـۆ (دۆسـێ عیراقییەکان) دەبێت جا چ ئەوانەی پەیوەندییان بەتەوەری هەرێم-بەغدا و چ ئەوانەی پەیوەنـدییان بەتەوەری رۆڵـی کـورد لە پرۆسـەی سیاسـیی عیـراقەوە هەیە. دیداری لوتکەی دوکان لەنێوان سەرۆک مام جەلال، سەرۆک بارزانی و سـەرۆک وەزیـران مـالکی بەشـێکی ئەو جموجـوڵە بـوون و چەنـد رۆژێکیـشە لەکوردستانەوە دیدارە عیراقییەکان چڕتر بوونەتەوە (کۆبوونەوەی جەنابی مام جەلال لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبی ئیسلامی و لەگەڵ تارق هاشمی جێگری سـەرۆک کۆمار) هەڵبژاردنی کوردستان تواناو وزەیەکی شایانی دەویست بۆ نـوێکردنەوەی پرۆسـەی سیاسـی و رێکخـستنەوەی نێومـاڵی کـوردی. دەزانـین هەڵبـژاردن و دیموکراسـی لەعیراقـی نوێـدا، لەکوردسـتان و (بەغـدا)، ئـامرازی پەسندکراوی پەرەپێدان و گۆڕانکاری سیاسیین، بـۆیەش سـەرکردایەتیی کورد، هەردوو حزبـی هاوپەیمـان یەکێتـی و پـارتی، ئازایـانە هەنگاویـان بـۆ ئەم بـژارە دیموکراسـییە نـا و جـارێکی تـر نـوێنەرایەتیی کوردسـتانیان بەدەسـتهێناوە، کۆمەڵانی خەڵک متمانەی پێدانەوە تا لە دەورەی داهاتوو بۆ سیاسەتی ناوخۆیی و بۆ سیاسـەتی عێراقیش داکۆکی لەبەش و مافەکانی کورد بکەن. نوێنەرانی کوردستان بەدڵگەرمیی و دڵنیاییەوە شان دەدەنە بەر ئەرکە پێسپێردراوەکانیان ، چونکە گەل ئەو تەفویزە نەتەوەییەی پێداون و پێکهاتەکانی دیکەی عیراقیش ئەم راستییە دەزانـن، بـۆیە پێشبینی دەکرێـت لەمەودوا بێ دوودڵـی گفتوگۆی

هەڵپەسـێردراو دەسـتپێبکاتەوە.هەر لەچاکـسازی پرۆسـەی سیاسـیی عیـراق، دۆسێی کەرکوک و پێشمەرگەو باقی دۆسێکانی تر تا باسوخواسی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراق و ئەگەرەکانی ریزبەندی و هاوپەیمانێتی و ململانێ لەو پێنـاوەدا. هەڵبژاردنـی کوردسـتان لەجێـی ئەوەی ببێـتە وێـستگەیەک بـۆ شێوانی یەکریزی کوردستانیی وەک هەندێک نەیار کیسەیان بۆ دووریبـوەوە، بووە وێستگەیەکی چۆنایەتی بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی تازە لەئەرکە نەتەوەییەکان و ئەرکە دیموکراسییەکان لەئاستی عیراقدا. کوردستان دیموکراسییەکەی خۆی دەمەزەردکـردەوەو متمانەشـی بەنوێنەرەکـانی خـۆی دایەوە تـا ئەرکەکـانی ماونەتەوە، رایی بکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4943 لە رۆژی 2009/8/6دا.

# گلەییەک لەکاک حەمە تۆفیق

گلەیی بێت برا، ئەی مەسئولی قەدیم و رکابەری سیاسیی ئێستا، گلەیی بێت لەتۆ.. لەهاوڕێ سەرکردەکانت، کەئێستا رکابەری حزبی دێرینی خۆتانن، گلەیی لەکاکەکان: قادری حاجی عەلی و نەوشیروان مستەفا-ش، گلەیی بێت کەهەریەک لەئێوە چەند ساڵ مەنسولمان بوون و فێرتان نەکردین (حکومەتی سێبەر) یانی چی؟

گلەیی بێت کەئێوە کابینە لەدوای کابینە ئیعلامی یەکێتی-تان برد بەڕێوە، یان سەرپەرشتیتان کرد، پێتان نەوتین کە (حکومەت) یانی چی و (سێبەر)ی ئۆپۆزسیۆنی سەر کاغەزی رۆژنامەکان کەئامادەی جەلسەی پەرلەمان نابن، یانی چی؟

گلەیی بێت کەئێوە هەر رۆژەی بەزم و مۆدێلێک باسدەکەن و کوردستان بەکێڵگەی تاقیکردنەوە دەزانن، رۆژێک مۆدێلی چەپەکانی ئەوروپا، رۆژێک باسی ریفۆرم، رۆژێکی تر گۆڕان و جارێکی تریش حکومەتی سێبەر، شتێکتان نەوت کە هەڵقوولاوی پێویستیەکانی ئەم میللەتە بێت، رەنگدانەوەی ویستی چاکسازی و گۆڕانکاری و دیموکراسیی کوردستان بێت.

رۆژێک چاو لەمۆدێلی ئەمریکا دەکەن و (گۆڕان)ەکەی ئۆباما بەقەرز وەردەگرن، کەچی لەملاوە هەڕەشە دەکەن ئەگەر وەزعەکە بەدڵی خۆتان نەبێت وەک مۆدێلی ئێران دێنە سەر (خیابانەکان).

جارێک دەڵێن لەحزب پێمان نەکرا، دەچینە پەرلەمان، کەدەچنە پەرلەمان لەوێش ئامادە نابن! چونکە ئەرکی گرنگترتان لەپێشە، ئەرکی حکومەتی سێبەر، کە لەبنچینەدا مۆدێلێکی بەریتانییە.

گلەیـی بێـت کەسـەرتان لەخەڵـک شـێواندووە بەمـۆدێلی گـۆڕانی ئەمریکی دێنە ژوورەوە، بەمۆدێلی خۆپیشاندانی ئێراندا گوزەر دەکەن و ئێستا لەمۆدێلی حکومەتی سێبەری بەریتانیدا گیرساونەتەوەو خوا رەحم بکات کە بەمۆدێلی ئەڵمانی هی بسمارکی، یان هی تر، کۆتایی پێنەهێنن.

گلەیـی بێـت کەفێرتـان نەکـردین حکـومەتی سـێبەر یـانی چـی؟ فەرهەنگێکی سیاسیتان نەخستینە بەردەست تا بزانین چۆن لەماوەی کەمتـر لەشـەش مانگـدا بەو هەمـوو مـۆدێلە ئەمـریکییە، ئێـرانییە، بەریتانییە، گوزەر دەکەن و وڵاتەکەتان دەکەنەماڵە باجێنە، تێکیدەدەن و دروستیدەکەنەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4963 لە رۆژی 2009/8/28.

# جەنابەكان ئێوەش؟

*لــەژیانی سیاسـی خۆمـدا چەنـد جـار تووشـی كەسـانێ بـووم، لایـان وابـووە كـوردایەتی لەو ڕۆژەوە دەسـتپێدەكات كەئەوان دەسـتیان پێكـردووە. نەوشـیروان مستەفا لە كتێبی (كوردستانی عیراق- سەردەمی قەڵەم و موراجەعات).

*پـاوانكردنی بەرهەمـی سـەروەرییەكانی رابـردوو، پـاوانكردنی پیرۆزییەكـانی گەلەكەمـان، لە لایەن هەر هێـزو كەس و خێـزان و بنەمـاڵەیەكەوە بێـت دژی سـەرەتاكانی دیموكراسـی و ئەلفبێـی هـاوولاتیبوون و نیـشتمانپەروەرییە.(پەیـام و بەرنامەی لیستی گۆڕان).

***ناو هەواسان سەدای باوكەڕۆ،**
**ئینەم خاسترە لە برایەتی، تۆ.**
**هەوای هەواسان ناسانەی سەرتافە،**
**خاسترەن لەحوكم رەئیس بێ ئەنصافە**

(مەلا فەتاحی جەباری)

هەنـدێک کەس کە لەگەڵیـان ئەچـمە شـەڕی گفتوگـۆی دیموکراسـییەوە وجەولەیەک یـان دوو جەولەی شـەڕەکە دەدۆڕێنن، لەجیـاتی ئەوەی مەشـق و ڕاهێنـانێکی تـر بـکەن تـا لەجەولەیەکـی تـردا بە شـێوەیەکی دیموکراسـییانە بمبەزێنن، ئەبینـم سـەرەنجام باسـەکە ئەبەنەوە سـەر بـاوکم و چیرۆکـی تائێـستا پەنهانی کوشتنی لەسپێدەیەکی ڕۆژی 1984/6/14دا لەکەرکوک، لەشۆڕیجە، لەبەردەم دوکانەکەی و لەبەرامبەر گەڕەکی شوڕتەی تەعریبکراودا. بەنـدە وا نـاکەم، بە تەجـرەبەی مـوتەوازیعی خـۆم لەبـواری میـدیادا هەر گفتوگـۆیەکم دۆڕاندبێ دەچمە قۆناغی مەشقی یۆگاوە و هەوڵدەدەم خۆم لەغروری نەفسی

ئەمارە بەسوئـ پـاک بـکەمەوە، ئەگەر بـاوک و دایـک و خوشـک و بـرا و ژن و کچی گفتوگۆکاری بەرامبەرم بناسم لەجێی ئەوەی پەلاماریان بدەم و بیانکەمە ئامـانجی تیروکەوانـی لاسـار بـۆ شـاردنەوەی دۆڕانە دیموکراسـییەکەم، ئەوان دەکەمە میانگیر تا لەگەڵ گفتوگۆکاری بـرادەری مـن و کەسی ئەوانـدا پێکمـان بێننەوە. سـەرەنجام ئـێمە ئاشـت دەبینـەوەو حەسوود مـاڵی ویـران بێـت. گوتم (هەنـدێک کەس)، کەوا بـێ ئەوانەش کەم نـین کە گفتوگـۆیەکی نۆرمـاڵم لەگەڵ دەکەن و وەک سـوارچاکێک مـن بە ترۆتفـاقی خـۆم و ئەوانـیش بەترۆتفـاقی خۆیـانەوە تـا هـیلاک دەبـین و بەلایەکـدا دەکەویـن، شـەڕی دیموکراسـی یەکتـری دەکەیـن و کـوڕی کەسـیش بەکوشـت نـادەین، بەینـی خۆشمان بێت جاری وا هەیە لەو شەڕانە توانجی شیاوی سیاسییم لێدەدەن و حـوجەم لاوازە، هەر لە بنچیـنەدا نـاچمە شـەڕەکەوە و جنێـوێکی مـزری سلێمانییانەی بە سەردا دەکەم: قورمساخە باشی کوتاوم.

لەبارەی پەلاماری باوکمەوە لێرە باسم لەسـەر هەندێک لەو کەسانەیە کە بەخـۆم نـاوێرن دەچـن پەلامـاری گـۆڕی مردووەکـانم دەدەن، لەجێـی ئەوەی کەموکـوڕی و نوقسانی نووسـینەکانم دەربخەن، کە هەر خـۆم دەزانـم چەنـد کەموکورییان تێدایە، دەچـن پەلاماری باسوخواسی کوشتنی بـاوکم دەدەن، کە ئەگەر بـاوکم بمابـایە دەشێ مەسئول بێـت لە هەڵسوکەوتی مـن، چـونکە مـن کـوڕی ئەوم، ئەممـا مـن مەسئول بـم لەبـاوکم؟ شـتی وا لەگەڵ پێغەمـبەری مـسوڵمانانیش نەکـراوە کە عەرەب دەڵـێ (الامثـال تـضرب ولا تقـاس) راسـتییەکەی مـن قەت حاشـام لەبـاوکی خـۆم، لەدایـک و بنەمـاڵەی خـۆم نەکـردووە، بـۆیە کە نـاوی سـتران-یـشم وەک نازنـاوی نووسـین هەڵبـژارد ئەو هەقەم بەخۆم نەدا ناوی باوکم لە نازناوەکە بکەمەوە، بەمجۆرە ساڵح عەبـدوڵلا تەنها لەتۆمـاری ئەحـوالی شەخسیدا مـایەوەو کـوڕەکەی مـام عەبـدوڵلا بـووە: ستران. ئەمانەش شتێک نین لەیەکێتی و مەسئولەکانی، بەوی ئێستا لە یەکێتی ماون و ئەوانەشی ئێستا لێی هەڵگەڕاونەتەوە، شاراوە بن، شتێک نین لەکۆمەڵە دێرینەکـان، لەسۆشیالیـستەکان و خەتـی گـشتی شـاراوەبن، هـیچ شـتێکم نـیـە بیشارمەوە. هیچ مـاڵوموڵکێکی دونیـا و هـیچ پـلەو پـایەیەکی سیاسـی دونیـایش،

کەجەماعەت زۆر شەڕی لەسەر دەکەن و لەسەر ئەمە جەنگی مەغلوبەیان بەرپاکردووە، ئەوە ناهێنێ من حاشا لەئەسڵ و فەسڵی خۆم بکەم. جا کە قسەم لەسەری نەکردووە، چونکە باسی کوشتنی باوکم وەک دەیان باسی کوشتنی تر وتوندوتیژییەکانی شۆرش وخەباتی میللەتی کورددا لە دەروونی مێژوودا ماوەتەوە کە هەر رۆژێک دێت (بکەرە نادیارەکانی) ئاشکرا دەبن. من و کەسوکارم بەحوکمی مێژوو رازین و بە بەشی خۆشمان لەم دونیاو لەو دونیاش رازین، هەر لەبەر ئەمەش لەکەس نەپاڕاینەوە یارمەتیمان بدات لەچارەی ئەو دۆسیێیە، نەشهاتین نەمێژوویەکی درۆ بۆ باوکمان دابتاشین و نەوەک کوڕو نەوەیەکی بێ وەفاش حاشای لێ بکەین و (تف لەرابردوو)ی خۆمان بکەین، هیچ شتێکیش نابێتە باعیسی پەشیمانیمان لەکوڕێتی (سەید عەبدوڵڵا)، نەپلەو پایەو نەئەسبابی تەداروکاتی گفتوگۆیەکی دیموکراتییانە. ئەمەش نەک وەک تەحەددایەک، بەڵکو ئەمە قەدەرەو خوا هەر ئەو بەشەی داوە.

باسم لەسەر هەندێک لەو کەسانەیە کە لەگەڵ خۆم بڕ ناکەن و پڕدەدەنە گۆڕی باوکم، پڕ دەدەنە بەیتو بالۆرەی باوکە بەعسییە کوژراوەکەی (ساڵح)ی عەبدوڵڵای موختاری گەرەکی شۆڕیجە.

## دەمانچەکەی من و وشەکەی مام رۆستەم

بەمەش دەیانەوێ نەوەیەکی تازەی کوردستان بخەڵەتێنن کە نازانن وەختێک باوکی من کوژرا تازە تەمەنم دەچووە ناو پانزە ساڵییەوەو تەمەنی واش (لەدایکبووی 1969م) هی ئەوە نییە، بەدڵو بەگیان دوای باوک بکەوێت تەنانەت بۆ سەردانی خزمان لەجەژندا چ جای ئەوەی دوای بکەویت بۆ بەعسیاتی کردن. بەمەش دەیانەوێ نەوەیەکی تازە پێگەیشتووی دوای راپەڕین بخەڵەتێنن کە کوڕی تازە هەرزەکاری تەمەن 14ساڵ ونیو لە نیوەی یەکەمی ساڵی 1984 دا چۆتە سەر تەرمی باوکی و دەمانچەکەی بەرزکردۆتەوە: شەرت بێ تۆڵەت بۆ بکەمەوە!. گوایە کێش (پشتڕاستی) ئەم رووداوە دەکاتەوە؟ مام رۆستەم فەرماندەی دیاری پێشمەرگایەتی، (کاک

حەسـەن)ی شـاگرد نـانەوای بـاوکم کە ئەو کـاتەی بـاوکم لەشـار کـوژرا ئەو لەشـاخوداخەکانی کوردسـتان بەنـاوی (مـام رۆسـتەم)ەوە پێـشمەرگە بـوو. هەر ئەمەش بەسە وەک بەڵگەیەک کە بڵێم ئەو لەشوێنی رووداوەکە نەبووە، جا ئەی کـاک حەسـەنی پرۆلیتاریـای جـاران و فەرمانـدەی دێرینـی شـۆڕش و ئەندامی ئێستای ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە ، کە کۆمپانیایەکی رۆژنامەوانییە، بمبـورە کەپێـت بڵـێم نەمنـی رۆژنـامەنووس لەهەڵگرتنـی دەمـانچەدا شـارەزام و نەتۆی پێشمەرگەش لەیەکەم تاقیکردنەوەی رۆژنامەوانیـدا سـەرکەوتوو بوویـت لە(پشت ڕاستکردنەوەکەت)دا.

**کوردستان پۆست لەرۆژنامەدا**

دەچـمە گفتوگـۆی دیموکراسـییەوە لەگەڵ هەنـدێک. تـا بیروڕامـان لێـک دەچێت کوڕی باشـم و عەیبم نییە ، کە تۆزێـک بیروڕامان جیاواز بـوو چەکە سواوەکە لە کالان دەردێنێت: (ئەم سترانە سەگبابە بەعسییە!). دەستخۆشی بـۆ ئەم زانیـارییە تـازەیە، ئەی جـاران بـۆ قـسەت نەکـرد. *** ئینجـا دێـمە سـەر نووسـینەکەتان لە ڕۆژنـامەی رۆژنـامە، ژمـارە شـەرمهێنەرەکەی هـی ئەوەیە راپێچـــی دادگاتـــان بـــکەم لەســـەری و هـــی ئەوەیە بەپێـــوەری ئەخلاقـــی رۆژنامەنووســـیش ســـەرکۆنە بکـــرێن ژمـــارەی (544) رۆژی دوو شـــەممە 2009/8/31.

سـەرەتا پیرۆزبـایی لەخـۆم و هەمـوو هاوکارانم لەڕاگەیاندنی یەکێتـی دەکەم کە هەڵمەتـی پێـشمەرگانەمان لەمـاوەی رابـردوودا وای لەجەمـاعەت کـرد دەستەکەیان کەشف بکەن و بەهەڵە ، یان لە شپرزەییدا، نووسینێکی خۆیان لەکوردسـتان پۆسـتەوە بگـوازنەوە بـۆ نێـو (رۆژنـامە)، شـتی وا هەر روو دەدەن! منـیش جـار بەجـار لـێم تێکـدەچێت کە بـابەتێکی هـونەری دەنێـرم بـۆ بەشـی وەرزش. جەمـاعەتیش (کە لەبەردەم خەڵـک و لەڕۆژنامەکەیانـدا خۆیـان بە بۆینباخ و ئەفەندێتییەوە نیشاندەدەن و هەر خوا دەزانێت شـەویش بەبیجامەوە بـۆ کوردسـتان پۆسـت دەنووسـن) هەر شـتێکی وایـان لێقەومـاوە، ئەم نووسـینە لەجێی ئەوەی بۆ بەشی (کوردستان پۆست) بـڕوات رەوانەی بەشـی (رۆژنـامە)

کـراوە! دەمـێکە بەحـوکمی هاوپیـشەیی بەدۆسـتانی کۆمپانیـای وشـەم وتـووە سـەلامەت بـن ئەوەنـدە سـەرقاڵی (کوردسـتان پۆسـت)ن، تۆزێـک بـایەخ بە(ڕۆژنامە)کەتـان بـدەن و پێشی بخەن. بەڵام ئوستادەکانی دوێنـێم لەبەردەم رای گشتیدا بە بەڕێز بەڕێز بانگی خەڵک دەکەن و لە ژێرەوەش سوکایەتی بەکەسـێتی نەیارەکانیـان، بەخوشـک و دایکـی هەمـوو بیـروڕا جیاوازێـک دەکەن، یانی بەکورتییەکەی ئوستادەکانی دوێنێم وەک حکومەتی فیعلی و حکـومەتی سـێبەر کـاردەکەن، لەسـەرەوە ئیعلامێکـی ئاشـکراو لەبـنەوەش ئیعلامێکی سێبەر ئیدارە دەدەن (وما خفي كان أعظم). ئەوی شاراوەیە پەنهـانترەو ئەوی ئاشکرایە ئەوەیە پێـشمەرگەی دێـرین (جەبـار مەولـود) وەڵامی منی داوەتەوە.

**بۆ کاک جەبار مەولود لەهەر کوێیەک بێت**

کـاک (جەبـار مەولـود) لەهەر کـوێیەک بیـت ڕێـزو حـورمەتم هەیە بـۆ خەبـات و تێکۆشـانت، بـۆ خەبـات وتێکۆشـانی هەمـوو تێکۆشـەرانی کـورد لەشۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە تـا شۆڕشـی نـوێی گەلەکەمـان کە هەندێک لەوانەی تۆ لەنووسینەکەتدا داکۆکییان لێدەکەیت و دوێنـێ لە پاڵەوانەکانی شۆڕش بوون، ئەمڕۆ دەیانەوێ لەنیوەی ڕێدا پەکی بخەن. برام !من تۆ ناناسم و نووسینەکەی مـن و گلەییەکانیـشم رووی لەتـۆ نەبـوو کەئەو وتارەت، بەشیر موشیر وتەنی، بۆ تەئلیف کراوە، تـۆ پێشمەرگەیت، پێشمەرگەش بەتەبیعەت پیاوێکی ئازادیخوازەو لەخوتوخـۆڕایی تـۆمەت بـۆ خەڵـک دروسـت ناکـات، تـۆ پێـشمەرگەیت و پێـشمەرگەش شـوێنی نەبەردیـیەکەی دیـارە، مەهـێڵە خـوێن بـڕژێ و لـێگەڕێ جیلـی ئـێمە، پێشمەرگەی قەڵەم لەگەڵ ئوستادەکانی دوێنێماندا قەڵەم و کاغەزو حیبـر بە خەسـار بـدەین، جامـانەکەی سـەرت مـاچ دەکەم تۆزێـک خـۆت لادە، رووی گلەیـی ئەمجـارەم لەکـاک قـادری حـاجی عەلیـیەو لەگەڵیـشیدا دیـسانەوە، لەکـاک حەمە تۆفیـق و کـاک نەوشـیروانە کە کـورد هەم بـۆ ڕێـزی تەمەن و خەبـات و هەمـیش بـۆ مـافی هـاووڵاتیبوون بە نەیـارە

سیاســییەکانی خــۆی دەڵێــت: کــاکە، کــاکەی پێــشمەرگەی دێــرین (گۆڕان)ەکان خۆیان دەڵێن باپێشمەرگە لەدەرەوەی ململانێ سیاسییەکان بێت، بۆیە بفەرموو بۆ سەنگەری پێشمەرگانەی خۆت و لێگەڕێ نەوەکان لەگەڵ یەکتریدا ململانێی سیاسی خۆیان بکەن.

### گلەییەک لەکاک قادری حاجی عەلی

کاک قادر جارێکی تر بەسەر وتارەکەمدا چوومەوەو تەئکید بووم باسی باوکی کەستانی تێدا نەبوو، باسی من لەشێوەی تەنز ئامێزدا لەسەر تەنگژەیەکی سیاسی و فیکری ئێوە بوو، کە لەم مۆدێل بۆ ئەو مۆدێل بازمان پێدەدەن و لەشوێنێکدا ناگیرسێنەوە. ئەی تۆ خۆت چەند هەفتە پێش ئێستا باسی کاڵبوونەوەی فیکرت نەکردبوو لەناو یەکێتیدا؟ ئەمە چ پەیوەندیی بەوەوە هەیە سەرکردەکانی دوێنێ و نەیارە سیاسییەکانی ئەمڕۆ منیان (فێری وانەی شۆڕشگێڕیی) نەکردووە؟ چونکە گوایە من (لەو بارودۆخەدا نەبووم بگەمە لاتان). من باسی وانەی سیاسی و جۆرەکانی سیستمی سیاسی لەوانەش حکومەتی سێبەر دەکەم کەمەعلومە هەر سێرچێکی گوگڵ بکەیت دەیان دەستەواژەو زاراوەت بۆ شیدەکاتەوە، تەنزی من بەتەنز وەڵام دەدرێتەوە نەک بە باسی زوڵفی یار و باسی عەنتەرە ژنە یان پیاو؟ تەنزی فیکری بەتەنزی فیکری وەڵام دەدرێتەوە نەک بەباسی باوکی ئەم و ئەو. من باسی ئەم کاکانەی ناو شۆڕش ناکەم لەدەمی شۆڕشدا، من باستان دەکەم کە مەسئولمان بوون لەناو ئیعلامی دوای راپەڕیندا: تۆ ماوەیەک و کاک حەمە تۆفیق چەندین ماوەو کاک نەوشیروانیش لەچەندین موحازەرەدا. تەنزی من تانە لێدان نییە لەشۆڕشی کوردستان کەتەمەن یارمەتی نەوەی ئێمەی نەدا نە بەشداری تێدا بکەین و نە دژی بوەستینەوەو ببینە جاش و بەعسی. باسی من لەسەر ئەو خەباتە نییە کەوا ئێستا من داکۆکی لێدەکەم و هەندێک لەوانەی ئەمڕۆ هاوسەنگەری (گۆڕان)ەکەی ئێوەن، هەر باوەڕیشیان پێی نییە، چونکە ئایدیۆلۆژیایەکی غەیری کوردایەتییتان هەیە، جا ئیسلامی سیاسیی بێت، یان بان چەپێتی. رووی گلەیی من لە تۆیە کاک قادر وکاکەکانی تر کە واز لەم

کەلتووره سەقەتە ناهێنن: تا لە گەڵمانی ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتووی و کە لەگەڵمان نەبووی باوکت بەعسییەو خۆشت بەعسیت. باشە من باوکم موختارێکی کوژراوە و بۆیە پێم رازی نابن، ئەی بۆ منداڵەکانی شەهیدی سەرکردە خاڵە شەهاب پاساوتان چییە کە چونکە لە گەڵتان نین لە کەی ئێن ئێنەوە پلارتان تێگرتن و هاوشانی ئەوەش لەسایتەکاندا هەر مەپرسە. ڕووی گلەیی من لەم کەلتوورەیە کە هەقی پێداون کوردستان ونەوەکانی بە گیانلەبەری تاقیکردنەوە بزانن و هەر ڕۆژەی دەرمانێکی فیکرییان بەسەردا تاقیبکەنەوە، ڕووی ڕەخنەی توندی من لەم کەلتووره پڕ خەوشەیە کە داتان هێناوەو نەوەی ئێمەش بەپێخاوسی تێیکەوتووین. ئەرێ بەس نییە لەعومری سێ نەوەی کوردایەتییتان خواردووە هێشتا هەر خەریکی تاقیکردنەوەی فیکرین؟ لە خۆتان دەپرسم کاک قادر، کاک حەمە تۆفیق و کاک نەوشیروان و برایانی ڕۆژنامە ئەمە، گۆڕان و ریفۆرمە هەر کەسێک دوو ڕەخنەی لێگرتن باسی باوکی دەکەن؟ عەرەب سەدان ساڵ پێش ئێستاو لەگەرمەی دەرەبەگایەتی ڕۆژهەڵاتیدا بەشیعر وەڵامی ئەم بیرە دواکەوتووانەی مانەندی بیرکردنەوەی ئێوەی داوەتەوە: لیس الفتی من قال کان ابی * ان الفتی من قال هائنذا واز لە وکەلتووره دواکەوتووە بهێنن. چەند سەدە پێش ئێستا شۆڕشی ئەمریکاو فەرەنساو رابوونە دیموکراتییەکانی ئەورووپا وەڵامی ئەم پرسەیان داوەتەوە: تاک مەسئولە لەخۆی نەک لە عەشیرەت و باوک و بنەماڵەکەی. ئێوە لە سەدەی بیستویەکەمیندا باسی (گۆڕان) دەکەن، لەبەرنامەکەتاندا دەنووسن (پابەندبوون بەهەموو مادەو بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و ڕێگری لەهەر پێشێلکارییەک دژی ئەو بەندانە) کەچی کە یەکێک شۆخیەکی فیکریتان لەگەڵدا دەکات خەتی ڕاست و چەپی بەسەردا دێنن و تۆمەتی بەعسی بوونی دەخەنەپاڵ. برایانی ڕۆژنامەو سەرکردەکانی ریفۆرم و گوایە دەستپێکێکی سیاسی نوێ، نیوەی کارمەندانتان لە وشە هاوپیشەو هەڤاڵی کاری میدیایی منن کەوەک ئاوێنە لەبەر دەمیاندا بووم، لەگەڵیان ژیاوم و دەمناسن و دەیانناسم،

خۆشتان کاکەکان مەسئولم بوون و دەمناسن، توخوا کاک محەمەد تۆفیق و کاک نەوشیروان و کاک قادری حاجی عەلی عەیب نییە دەستبەرداری ئەو کەلتووره نابن کەهەرکەس سواری کەشتی نوحەکەی ئێوە نەبوو (انه لمن الظالین)ه؟

## شەڕی جەنتڵمانی فیکری و سیاسی وادەکرێت؟

دەی با نەوەی هاوتەمەنی من لەناوتاندا بزانن کە لەم ململانێ فیکرییەدا ئەگەر تۆزقاڵێک ئێوەش لەگەڵیان نەبن، لەگەڵ ئەو حەرەسی قەدیمەدا نەبن، مردووەکانتان لەخەو بەخەبەر دێننەوە. ئاوەها جیلێکی تازە پێدەگەیەنن، رووی رەخنەم لەئێوەیە کاکەکان کە(گۆڕاون)، نەوەی ئێمە نەوەی راپەڕین و بەروبوومی ئازادی کوردستانین، نەک نەوەی بەعس، ئێوە لەئەدەبیاتی کوردایەتیدا شتێکتان پێوتین و ئێستا لەگۆڕاندا شتێکی تر دەکەن. ئێمە هیچمان نەکردووە، موجەڕەد وەفاداری عەهدو پەیمانەکەی جارانین، عەجەب یاران ئێوە گۆڕاون؟ نەشبوینەتە دەمڕاستی ئەو یەکێتییەی ئێوە خۆتان چۆڵتان کردووە و ناشتانەوێ کەسی تر خەباتی تێدا بکات، عەجەب ئێمە درەنگیش بێت هاتین بۆ کوردایەتی و وا هەژدە ساڵە پێشمەرگەی ئەو رێبازەین، ئەی ئێوە بۆچی دەستبەرداری کوردستانێتی بوون و لەگردێکدا خۆتان قایم کردووەو کەوتوونەتە ململانێی شەخسی لەگەڵ سەرکردەی ئەو شۆڕشەی ئێوە لەبەردەم نەوەی ئێمەدا خۆتانی پێوە بادەدەن. وەرنە خوارەوە برا، وەرن با لە چوارچێوەی دیموکراسیدا گفتوگۆیەک لەسەر فیکری کاڵبۆوە بکەین کە بەمجۆرە ئیرهابە فیکرییە، رەفتار فاشییە، قەت تۆخ نابێتەوە. بەتۆمەتی بەعس بوون مەمانترسێنن، وەرن گفتوگۆیەکی سیاسی بکەین.
داعیکم:

العائد الی ربە ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد عەزیز مەلا فەتاحی جەباری کەبەلێکردنەوەی ئەلقاب گەل شیرین دەبێتە (ستران عەبدوڵڵا).

*کوردستانی نوێ: ژ: 4967 لەرۆژی 2009/9/3دا.

# خۆیان کردیانە دەسکەلا

هاواریـان لـێ هەسـتاوە، بەمـلاو بەولادا هەڕەشـەو پـاڕانەوە دەنێـرن، گـوایە فایلیان لایە، گوایە یەکێتی فایلی گەندەڵی بۆ بەسیاسیکردن بەکار دێنێت وەک بڵێی خۆیان بۆ کەیف و سەفا گەندەڵییان بەکار هێناوە، وەک بڵێی گوایە ئەوان فـایلی گەنـدەڵییان بـۆ ئۆڵۆمپیـاد بەکارهێنـاوە؟! ئەوان تـا ئەو ڕێوشـوێنە لەگەڵ بەرپەرچـدانەوەی گەنـدەڵین کە لەخۆیـان دوور بێـت، تـا ئەو سـنوورە دژی گەنــدەڵین کەدەســکەلای خۆیــان بێــت بــۆ چەواشــەکردنی جەمــاوەرو بــۆ خڕکردنەوەی دەنگ لەهەڵبژاردندا. ئەوان تا ئەو سنوورە داوای جیاکردنەوەی حزب و حکومەت دەکەن کەخۆیان لەحزب نەمان، تا لەحزب بوون دەستیان لەکاروبـاری حکـومەت وەردەدا، ڕاپـۆرتی دەزگـا حکومییەکانیـان لای خۆیـان دەستبەسـەر دەکـرد، ئەی ئەوە دەسـتوەردان نەبـوو کە بەسـیفەتی جێگـری سکرتێری گشتی ڕاپۆرتی دەزگا حکومییەکان گل بدەنەوە لای خۆیان. ئەی ئەوە دەسکەلای ململانێی سیاسیی نییە کە کێشە ئیدارییەکان بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی سیاسیی بەکار دەبەن؟ خۆیان دەیانەوێت دەسکێشی بەغدا بن و بەناوی نەزاهەو لەڕێی پەرلەمانتاری سەر بە خۆیانەوە وا بکەن بەغدا دەست لە کاروباری ئیدارەی هەرێم وەربدات. خۆیان هەمـوو شتێکیان بۆ پاکتاوی سیاسیی نـاوخۆیی خستۆتەگەڕ. پەرلەمانتـاری ئەوان لەبەغـدا لەجێی داکۆکی لەپرسەکانی کورد خەریکە پلەو پایەی خۆی بۆ کێشە ناوخۆییەکانی گۆڕانەکان دەخاتەگەڕ. ڕۆژێک کاکم لیژنەیەکی بۆ (140)و کێشەی کەرکوک پێکنەهێنا، کەچـی لیـژنەی نەزاهە بـۆ سلێمانی دێنـێ تـا دۆست و ئەحبـابی خۆیـانی پـێ دەرباز بکەن. دیارە چاودێریی دارایی کوردستان چاودێرییەکی (سێبەر)ە تا مەعشەری گۆڕان پێی قایل نەبن و بچن ئەسڵەکەی بەغدا بێنن. وەک بڵێی ئەوەی کوردستان پاک و بێگەرد نەبێت؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 4970 لەرۆژی 2009/9/7دا.

## ئەی کێ لەئێوە بپرسێتەوە؟

لەشوێنی دوور لەئاگرو لەجێی حەوانەوەی خۆیەوە، سەرۆکی لیستی گۆڕان جەنگێکی تری دەستپێکرد کەجەنگی پێشوەختی هەڵبژاردنی عیراقە. جەنگی قەوارەی گۆڕان لەبەرامبەر یەکێتیدا. سەرۆکی لیستی گۆڕان دەپرسێت چ دەزگایەک هەیە بۆ لێپرسینەوە لەنوێنەرانی کورد لەبەغدا، چ ئەوانەی لەئەنجومەنی نوێنەرانن، هاوپەیمانیی کوردستان و چ ئەوانەی لەپۆستە وەزارییەکاندان لەسەرۆکایەتیی کۆمارو لەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیراندان، ئەم پرسیارەش بۆئەوەی نەوشیروان مستەفا بناسێ پرسیاری راگوزەرانەی پەرۆشێک نییە بۆ کارو کۆشش و نوێنەرایەتیی کورد لەبەغدا، بەڵکو ئەمانە لەکاتی نزیکی هەڵبژاردن و لەوەختی پێویستیی سەنگەربەندیی سیاسی بەرزیان دەکاتەوە. چەند مانگێک پێش هەڵبژاردنی کوردستان ئەم پرسیارەی کردو دوای هەڵبژاردن لێی بێدەنگ بوو، ئێستا کەکاروان بەرەو هەڵبژاردنی عیراق بەڕێکەوتووە نەوشیروان مستەفا ئەم باسەی لەچەکمەجەکەی دەرهێناوە. بەڵام وەڵام بۆ پرسیارەکان باسکردنی ئەو دەستکەوتانە نییە کەنوێنەرایەتیی کورد بەدەستیهێناوە چ لەدەستوورو چ لەبودجەو چ لەدۆزینەوەی میکانیزمی دەستووریی مەسەلەی کەرکوک و چ لەسەنگی کورد لەبەغدا کەئەمانەو چەندانی تر ئەرکی تیمی کوردستانییە لەبەغدا هەر لە مام جەلال سەرۆک کۆمار بۆ د.بەرهەم ئەوکاتەی جێگری سەرۆک وەزیران بوو و بۆ فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لەوەزارەت و لەپەرلەماندا، وەڵام بەڕیزکردنی ئەو دەستکەوتانە نییە کە بەدەستهاتوون، یان ئەو پیلان و نەخشانەی دژی کورد کراون و پووچەڵکراونەتەوە، بەڵکو وەڵام پێشوازیکردنە لەداوای نەوشیروان مستەفا بەدامەزراندنی دەزگای لێپرسینەوە ئەمما بادەزگاکە فراوان بێت و پرسیاری تریش بکات. پرسیار لە نەوشیروان مستەفاش بکات:

-وەختێک ئێوە لەبەغدا بوون چیتان بۆ کورد کرد؟ بۆ ئەوکاتەی بەغدا لاوازبوو پرسی کەرکوک و خانەقین-تان نەبردە پێشەوە؟ بۆ رازیبوون خاک بخرێتە راپرسییەوە؟. -بۆ بەغداتان بەجێهێشت و لەو ململانێیە بێ تاقەت بوون کەبۆ کوردو کوردستان و کەرکوک زەرووری بوو؟

-ئەو ماوەیەی ئێوە لەبەغدا بوون چیتان کرد بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کورد لەگەڵ دەرەوە؟ لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپاو دنیای عەرەب؟

-ئەو ماوەیەی لەبەغدا بوون، چیتان کرد بۆ قەناعەت پێکردنی عەرەب بەشیعەو سوننەیانەوە بەویست و داواکانی کورد کە لەگەڵ شیعەکان بەشەڕ هاتن و خەریک بوو ریسی کورد لەبەر باسوخواسی سیستانی بکەیتەوە بەخوری؟

-کە بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم لەسەرکردایەتیی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان-تان لەبەغدا بەوەزیر دانا، ئەم وەزیرە بەڕێزە چی بۆ باری سەنعەتیی کوردستان کرد؟ پاچێک، تەرەکتۆرێکی هێنا بۆ کوردستان؟ کێ لەم دەورانەی بوونی ئێوە لەبەغدا بپرسێتەوە؟. ئەی چەند دۆستێکی کەمی پەنهانتان هەیە لەناو لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا ئەوان چیان کردووە لەم چەند ساڵەدا؟

کەهاتنەوە بۆ کوردستان ئەم گیروگرفتە سیاسییە چی بوو کەدروستتان کرد؟ بۆچی چەند ساڵی قەرارو سیاسەتتان لەناو یەکێتیدا پەکخست؟ کەئێوە حوکمڕانی ساڵانی ریفۆرم بوون، بەشێکی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز ئێوە داتان نان، ئەی کێ لەئەدائو توانای ئێوە بکۆڵێتەوە؟ پرسیارەکانی بەردەم دەزگای لێپرسینەوەو فایلەکانی بەردەمی زۆربوون، تکایە نۆرەبڕی مەکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ:5002 لەرۆژی 2009/9/19دا.

# هەڵمەتێکی کۆنەپەرستانە دژی حزب و حزبایەتی

هەڵمەتێکی کۆنەپەرستانەی نەخشە بۆ کێشراو لەدژی حزبایەتی بەرپاکراوە کە ریشەکەی بۆ چەند ساڵێک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. دەڵێین کۆنەپەرستانە، چونکە حزبایەتی لەدیاردە بنچینەییەکانی هەر ژیانێکی سیاسی هاوچەرخ و تەندروستە. بێ حزب و حزبایەتی دیموکراسی دەبێتە گەمەیەکی سیاسی بێ یاریزان و ململانێی گروپ و دەستە کۆمەڵایەتییەکان لەناو خۆیاندا بێ سەر قەپاغێکی سیاسی دەمێنێتەوە بەو پێیەی حزب گوزارشت لەبەرژەوەندیی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکات. ئەوانەی ئەم هەڵمەتە کۆنە پەرستانەیان بەرپاکرد هاوپەیمانێتییەکی نا پیرۆزبوون لەو کارەکتەرانەی هەریەکەو مەبەستێکی جیاوازییان هەبووە، بەڵام لە ئامانجی هەوڵدان بۆ و نابوودکردنی ژیانی سیاسی کوردستان و ئالودەکردنی بەئەنارشیزم و بێ هودەیی دا یەکیان گرتەوە. نابوودکردنی حزبایەتی وەک تەکتیکی سیاسی بەشێک لەوانە نابوودکردنی حزبایەتیان وەک تەکتیکی سیاسی بەکارهێنا بۆ پاکتاوکردنی حساباتێکی سیاسی دێرین کەبریتی بوو لەزاڵکردنی تەکەتولێکی نارەوا بەسەرکۆی حزبدا بەو خەیاڵەی لێدانی حزبایەتی پرۆسەیەکی کاتی بێت بۆ کودەتای رێکخراوەیی. بۆ ئەمەش تانەیان لەفەزایەکی حزبایەتی دەدا کەخۆیان پێش هەر کەسێکی تر بەشداربوون لەڕەنگرێژکردنی، هەندێک دیاردەی ژیانی حزبایەتی کوردستان و دەرکەوتی کۆمەڵایەتی سیاسەتی کوردستانییان دەقۆستەوەو وەک نموونەی (شکستێکی بنچینەیی) حزب نمایشیان دەکرد. وتەزاکانی وەک (ئەم مۆدێلە حزبییە دوا کەوتووە.. مۆدێلی حزبی ستالینی... هتد) بەشێک بوون لەپڕوپاگەندەکانیان. لە بەرامبەریشدا گێڕانەوەی ئیمتیاز بۆ ژیانێکی تەندروستی حزبایەتی، گەڕانەوە بۆ رێوشوێنە ئوسوڵی و

دیموکراتییەکانی چاککردنی ژیانی حزبایەتی لەنزیکترین دەرفەتی وەرگرتنی دەسەڵات و هەژموونی سیاسی، لەسەرەوەو تاکڕەوانەو ستالینیانە، بەهەڕەشەو گوڕەشەی لێکترازانی حزب، تەشکیلەیەکی نوێی ڕێکخراوەییان سەپاند. تەشکیلەیەک لە خوارەوە وەک فراوانکردنی بازنەی پێکهاتەکانی حزب خۆی دەردەخست، بەڵام نیەت و نیاز لێی پەرتکردنی حزب و فشۆڵکردنی تەشکیلاتەکانی بوو بۆ ئەوەی زووتر لەلایەن دەستەی تەکەتولی خۆیانەوە کۆنترۆڵ بکرێت، کە ئەمەیان بۆ نەچووە سەر کنەیان لەناو حزبدا کرد تا لە(ڕەگ)ەوە دەریبهێنن و سەرەنجام لەم مەیدانەشدا شکستیان خوارد بۆیە دروشمی(گۆڕان)یان کردە ناونیشان بۆ ناوەڕۆکێکی ئیرتاجعی لەسیاسەت و کۆمەڵیشدا. لەم مەقتەعە زەمەنیەدا بوو کە هاوپەیمانێتی نێوان ئەم دەستە ماڵجیایی خوازە لەگەڵ درێژبووەکانیان لەناو میدیای مانەندی هاوڵاتی و هەندێک لەزرە ئۆپۆزسیۆنی نێوەندە روناکبیریی و سیاسییەکەی کوردستان گەڵاڵە بوو:(پێکەوە لەپێناو ناوزڕاندنی قەوارەی حزبایەتی و کارەکتەری حزبایەتی لەناو دیموکراسی کوردستاندا).

## دروشمە سەرنج ڕاکێشەکەی دوورخستنەوەی حزب لەحکومەت

کۆمپانیای وشە کەناوێکی تر بوو بۆ تەکەتولەکەی نەوشیروان مستەفا، سەرکردایەتی ئەم هاوپەیمانێتییەی گرتە ئەستۆ. دروشمە سەرنج ڕاکێشەکانی (دوورخستنەوەی حزب لەحکومەت، حزب هەموو کایەکانی ژیانی داگیر کردووە) شتێک لەبابەت (کلمە حق یراد بها باگل) بوو، چونکە ئەوانە تا خۆیان لەحزب بوون حزب و لەناو حزبیشدا خۆیان بەمەرجەعی هەموو دەزگا رەسمی و دەستوورییەکانی وڵات دەزانی. کەدەستیان لەترێی دەسەڵاتدارێتی بۆوە کەوتنە پڕوپاگەندەی ئەوەی (ئەم ترێیە ترشە). نەوشیروان مستەفا خۆی خاوەنی ئەو سیاسەتەیە (دەبێ حکومەت هەفتانە بێتە بەردەم مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی موحاسەبەیان بکەین و تەعلیمات وەربگرن). لەم کاتەدا بوو لە چەندین راگەیاندراوی سیاسییدا کەوتنە تەقە لەجۆرێک لەجۆرەکانی حزبایەتی بۆ ئەوەی شەرعیەت بەخەت رەجعەی خۆیان بدەن وەختێک روو لەوە بکەن

کە تەکەتولەکەی خۆشیان بکەنە ڕەوتێکی سیاسی و بۆ ئەوەی ئەمڕۆش ڕەوتەکەیان بکەنە جۆرێک لەڕێکخستنی سیاسی. مەبەستی نەوشیروان مستەفاش لەدەربڕینی (هەرگیز مۆدێلی حزبی ستالینی دووبارە ناکەینەوە) ڕێک ئەوەیە خۆیان ئامادە بکەن بۆ حزبایەتی و ئەم لێدوانەش پەڕینەوەیە لەتولەڕێی ئەو ئیحراجەی خۆیان دروستیان کرد: لەلایەک نابوودکردنی حزبایەتی و لەلایەکی تریشەوە ڕووکردنە دروستکردنی حزبێکی تایبەت بەخۆیان. بەمجۆرە نابوودکەرەکانی حزبایەتی، خۆیان ڕوو لەحزبایەتی دەکەنەوە، وردە وردە دەمامکی بەشێک لەو کارەکتەرانەش کەوتە خوارەوە کە بەناوی ڕەخنەگرتن لەفەزای سیاسی کوردستانەوە بوونە بەشێک لەهەڵمەتی دژە حزبایەتی و کەچی لەنزیکترین دەرفەتدا واوەتر لەهەر کادیرو ئەندامێکی تازەی ژیانی حزبایەتی وەک هەڤاڵێکی دەمارگیر کە تەنیا ئەدەبیاتی حزبەکەی خۆی ئەزبەر کردووە دەرکەوتن. ئێمە لەم ڕێڕەوە پڕپێچاو پێچەی دژە حزبایەتی کوردستاندا چەند وێستگەیەک دەبینین (ئیدیعای چاککردنی حزب بۆ خۆسەپاندن، هەوڵدان بۆ بنکۆڵکردنی، نابوودکردنی ئەو کارەکتەرانەی حزب کە لەگەڵ ڕەوتی ئەوان نین، نیشاندانی لادانی لایەنگرانی خۆیان وەک پاڵەوانێتی بیروڕای جیاواز، جیابوونەوەو نابوودکردنی حزبایەتی بەهەموو جۆرەکانییەوە، کەمێک پاشەکشێ و جیاکردنەوەی دووجۆر حزبایەتی یەکێکی باش و یەکێکی ستالینی، دەرکەوتنی خۆیان لەشێوەی حزبێکدا) وا ئێستاش دەبینین ئەم گۆڕانخوازانەی گوایە ڕەخنە لەشێوە ستالینییەکەی حزبایەتی دەگرن خۆشیان نموونەیەکی شێواوی ستالینزم دووبارە دەکەنەوەو جگە لەکارەکتەری سەرەکی کەسی بڕیاردەرو قسە گوێ لێگیراو نییە، سەرکردەی نا ستالینی منەتی بەکەس نییە وتەزای (نەمناردووە بەشوێن کەسدا) سیاسەتێکی ڕۆژانەیە. دیارە ئێمە کە دەستنیشانی ئەم پیلانگێڕییە لەحزبایەتی کوردستان و لەناو ئەو دەرکەوتەشدا لەحزبایەتی یەکێتی دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین ژیانی حزبایەتی، دابوو ڕەسمی حزبایەتیکردنی ژیانی حزبایەتی لەناو یەکێتیشدا تەواو ساغو سەلیمەو کەموکوڕی نییە، یان پێویستی بەگۆڕانکاری و چاکسازیی نییە، یان حزب وەکو شەئنێکی گشتیی و

دامەزراوەیەکی گەورەی کۆمەڵگە شایانی رەخنەلێگرتنی خاسوعەوام نییە، بەڵام بۆ هەموو کەسێکی وریا لەدۆخی سیاسەتی کوردستانیی و ململانێکانی ناو هەناوی، کردنی ئەم کێشەو گرفتانە بە دەسکەلا بۆ پاکتاوکردنی حساباتی سیاسی شتێکی شاراوە نییەو ئێمە لێرەدا تەنها کردومانەتە سەر کاغەز.

### حزبەکانی کوردستانیش کێشەیان هەیە

حزبایەتی لەکوردستان و دیرۆکی پێکهاتنی حزب لەکوردستاندا بێ کێشەو گرفت نییەو حزبەکانی کوردستانیش کێشەیان هەیە، کێشەیان دروستکردووەو کێشەشیان بۆ دروستکراوە. حزبی کوردستانی زادەی هەلومەرجی داگیرکراوی کوردستان و ئەو ئاستە لەپێگەینی کۆمەڵی کوردەوارییە کە لەقۆناغە جیاجیاکانی گەشەی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیدا پێیگەیشتووە. هەر لە بچوکترین نموونەدا حزب لەرۆژئاوا بەرهەمی گەشەکردنی سیستمی هەڵبژاردن، گەشەکردنی ژیانی سیاسی و ململانێی نێوان چین و توێژەکانە کە یەکگرتنی کەس و دەستەو کارەکتەرە سیاسییەکانی لێکەوتۆتەوە، لەکاتێکدا حزب لەکوردستان بەرهەمی تێکۆشانی کوردایەتییە (رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت بەشێک لەئایدۆلۆجیستە کۆنەپەرستەکان رقیان لەحزبایەتی بێت، چونکە پێیانوایە بەلێدانی حزبایەتی لە مەنزومەی کوردایەتی و گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی دەدەن و مێژوویەک لەئەدەبیاتی سیاسیی دەپێچنەوە)، بەرهەمی حزبایەتی نهێنی سیاسی و موقاوەمەتی چەکداری گەلی کوردستانە لەپێناو ئامانجەکانیدا، حزبی کوردی بە رێکخراوێکی قەدەغەو لەیاسا دەرچوو ئەژمارکراوەو نارەوایە بێ پێشەکی و بەراوردکاری هەموو پێوەرەکانی حزبایەتی لەوڵاتێکی گەشە ئاسایی رۆژئاوای بەسەردا پراکتیزە بکرێت. حزب لەکوردستان رێکخراوی پۆلاینی گەل، بزووتنەوەی بەرینی نارەزایی نەتەوەیی و دیموکراتی بووەو تەنها لەدوای راپەرینی 1991 وە دەرفەتی ئاساییکردنەوەی ژیانی خۆی بۆ لواوە، ئەم جیاوازییە لەپێکهاتن و گەشەکردنی نەدەبێ بکرێتە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لەئەرکە دیموکراتییەکانی نوێکردنەوەو چاکسازیی حزبی و نە دەشبێ بکرێتە

باعیسی نائومێدی کە ئیتر مادام حزبی کوردی وایەو وا هاتووە کەوابێ بابڕوخێ حزبایەتی و حزبەکانی کوردستان و کارەکتەرەکانی حزبەکانیش دەبێ سووک بکرێن و لە ژیانی گشتیی کۆمەڵ دووربخرێنەوە.

### هاوپەیمانێتی ناپیرۆز

هاوپەیمانێتی ناپیرۆزیی هەڵمەتی کۆنەپەرستانەی دژایەتیکردنی حزبایەتی لەوەختێکدا ئەو بەیت و بالۆرەیە لێ دەدەن کەژیانی سیاسی حزبایەتی لەکوردستان رووی لە دیموکراسی و کرانەوەی زیاترە. ئەمەش وەک ئەوە وایە زەماوەندێکی گەورە سازبکرێت و لێنەگەرێی بوک و زاوا وەک کارەکتەرە سەرەکییەکان و بۆنەی زەماوەندەکە ئامادەی زەماوەندی خۆیان بن. ئەوانەی دژی حزبایەتین کەموکوڕییەکانی حزبایەتی لەکوردستان دەکەنە بیانوو بۆ مەیلێکی ئەنارشیزمی، بۆ مەیلێکی کودەتایی لەرێی دەستبەسەرداگرتنی سیاسەتی حزبایەتیدا، ئەمانە هاوپەیمانێتییەکی ناپیرۆزییان پێکهێناوە، بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت لەکوردستان سیاسەتێکی سەنگین، گەشەکردو و نوێباو، سەربکەوێت دەبێت ریزەکانی خۆیان پتەوبکەن و وەڵامی دروستی ئەم هەڵمەتە بدەنەوە کە دەیەوێت بزووتنەوەی سیاسی کوردستان ئالودەو نابوت بکات. هەر لەبەر ئەمەش کوردستانی نوێ لەماوەی داهاتوودا دۆسییەی گەشانەوەی حزب و حزبایەتی دەکاتەوە بۆ پاراستنی دیموکراسییەکەی کوردستان کە هیچ پەرژینێک نایپارێزێت جگە لەحزب و حزبایەتی و جگە لەململانێی دیموکراتی حزبەکان لەناو خۆیاندا.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4990 لەرۆژی 2009/10/5دا.

## هكذا تكلم... جەلال جەوهەر!

**بەخەم رازین، خەم بەئێمە ناڕازییە**

ئەمە پەندێکی عەرەبییە کەدەقەکەی بەم شێوەیەیە (رضينا بالهم والهم مارضي بينا).

ئێمە چەند سالْ رازی بووین جەلال جەوهەر بەرپرسی بالا دەست بێت لەیەکێتی، پارێزگاری کەرکوک بێت، وەزیری سەناعەو چوار سالْی وشکەسالْیش لێپرسراوی مەلْبەندی یەکێتی بێت لەکەرکوک، لەهەستیارترین سالْەکانی کەرکوک و مەسەلە سیاسییەکەیدا.

چوار سالْ دەیتوانی خزمەتی شارەکە بکات، پشتگیریی ماددی و مەعنەوی سەرکردایەتی سیاسی لەگەلْ بوو، زۆریان هانداو گەلێکیان پفدا، کەچی چونکە لەجەوهەردا جەلال و شکۆیەکی سەرکردایەتی نەبوو، سەرەنجام ئەو هەموو پشتیوانی و پفدانە بەهەدەرچوو (له لا مالا یەعنیدا).

جەلال جەوهەر بەهەموو توانای دارایی بەردەستییەوە نەک پشتگیریی لەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی نەکرد، بەلْکو پشتگیریی تیپێکی فوتبۆلیشی نەکرد، قاتێک جلی بۆ مندالْە هەتیوێک بەدیاری نەنارد، دەیان کادیری مەلْبەندەکەی لەخۆی زویر کرد، سەدان کادیری لێوەشاوەی کەرکوک کە لەهەندەران بوون و ئامادەی سەرمایەگوزاری و ئاوەدانی کەرکوک بوون، لەداخی جەلال جەوهەر، سەرلەنوێ ولاتی غەریبییان بەباشترزانی لەخەم و خەفەتی ژیان لەسایەی جەلال جەوهەردا.

**که لەمەڵبەند لابرا بووە ریفۆرمیست**

جەوهەر دژی ئەوەبوو کورد هەڵبژاردن بکات، کەچی کورد کردی و بردیـشییەوە، جەوهەر دژی گفتوگـۆو کـرانەوە بـوو بەرووی تورکمـان و عەرەبـدا تادواجـار عەرەب و تورکمـان لەداخـی سیاسـەتی وەک ئەمەی جەلال جەوهەر لەکورد تەوەللا بـوون، جـا خـۆ کوردیش هەر زوو لێـی کەوتن بەقیندا، بۆیە کەس نەما جەلال جەوهەر نوێنەرایەتییـان بکـات و لێپرسـراویان بێـت لەمەڵبەنـد، لەداخـی لابردنـی لەپۆسـتی لێپرسـراوی مەڵبەنــد کەوتە پرتەوبــۆڵەو گــوایە ئەمــیش داوای ریفــۆرم دەکــات، ماوەیەک پۆستێکیان بۆ داتاشی و مەکتەبێکیان بەقەدبڕ بۆ کردەوە.

**لەجیاتی مەکتەب رێکخستن بۆ رۆژنامە ئەهلییەکان**

کــاری ئەوەبــوو گــوایە مەڵبەنــدەکان هەڵبــسەنگێنێت، لەجێــی هەڵـسەنگاندن، نهێنـی رێکخـستنەکانی پەخـش کـرد، هەڵـسەنگاندنیش لەجێـی نـاردن، بـۆ مەکتەبـی رێکخـستن (بەهەڵە) نـاردی بـۆ رۆژنـامە ئەهلییەکـان، بەمجـۆرە هەر مەڵبەنـدێک گەر بیویـستبایە حـاڵی چـۆنە دەبـوایە بـۆ وەرگرتنـی کـۆپییەک لەراپـۆرتەکەی م. جەلال، سـەردانی نووسینگەی رۆژنامەکان یان پەیامنێرانیان بکردایە.

**ئەوەی سەردانی نەوشیروانی بکردایە گوشاری دەخستەسەر**

ئیتــر لێــرە بەدواوە جەلال جەوهەر ســیحری میــدیای بــۆ دەرکەوت، چونکە بەدرەنگەوە داری سیحراوی میدیای ناسی، بەدەست و بەکەوچ کەوتە قسەدان، بووە پەیامنێری نهێنی گشت رۆژنامەکان، ئەم پیاوەی رێکخستنە  پۆڵاینەکان کەدژی فاریزە لابردنیش بوو لەپەیڕەوی حزب، درەنگ تۆڵەی خۆی لەحزب و پەیڕەوەکەی کردەوە، ئەمێک کەچەند ساڵ بوو باربوو بەسەر حزبەکەیەوە ئینجا بەکێتیش رازی نەبوو، لێی هـاتە دەرەوە، ئەمێـک کە لەداخـی ئەو ژمـارەیەک گەنجـی کەرکـوک

لەسیاسەت و لەرێکخستن دوورکەوتنەوە هەر کەیەکێتی جێهێشت کەوتە شین و گەرمەشین بۆ گەنجان و لاوان، ئەمێک ئەوی سەردانی نەوشیروان مستەفای بکردبایە هەڕەشەی لێدەکردو بەدزییەوە گوشاری دەخستە سەر، خۆی دایە پاڵ نەوشیروان، تا یەکێتی بانگی بکاتەوەو بەڵکو خوایە هەمان دەورو دەورانی بۆ بگێڕێتەوە، کەچی کەس نەچوو بەدوایدا، کەس نەینارد بەشوێنیا تا لەپڕ لەچەمچەماڵ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی کۆنیدا داوای (نویێ) کردنەوەیان کرد.

**بەنیازی هەرێمی ئارابخایە**

ئێستا جەلال جەوهەر سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوەو داوای گۆڕان دەکات، لەکاتێکدا خۆی (گۆڕان) بەفیعلی روویدا کاتێک ئەویان لابردو گۆڕییان!

کەرکوکییەکان چەند ساڵێکیان ویست تا لەجەوهەری جەلال بگەن، کەچی سەرۆکی کارخانەی وشە ئومێدی پێیەتی کەرکوکی بۆ بگۆڕێ، سەیر لەوەدایە سەرۆکی وشە جاران دەیگوت ئەم جەلالە جەوهەرە بەناوی مەسەلەکەی کەرکوکەوە ئازووقەی ئاوارەو پلەوپایەی خەڵکی سلێمانی داگیرکردووە، ئێستا ئەم م. جەلالەی کردووە بەنووشتەی گۆڕان و لەناو گردەکەی زەرگەتە حەشاری داوە تا ئەو رۆژەی، ئەی خوایە نەیبینین، لەقەڵای کەرکوک عەرشی هەرێمی سەربەخۆی (ئارابخا)ی بۆ دادەمەزرێنێت، جا جەلال جەوهەر کیسەی بۆ ئەو رۆژە هەڵدوریووە، رۆژی عەرشێک کە بەخوێنی مەسەلەی کوردستان و مەسەلەی کەرکوک سووربووە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4957 لە 2009/8/23دا.

# تای ململانێی هەڵبژاردن بەریان دەدات؟

پرۆسەی سیاسی لەکوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، کەدەبێ هەموو لایەنەکان لەئاستیدا بن، لەقۆناغی رابردوو یەکێتی و پارتی وەک دوو هێزی سەرەکی جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک ئەم ئەرکەیان سەربەرزانە راییکردو وڵاتەکەمانیان بەم قۆناغە گەیاند کەئەمڕۆ هەموو کەسێک حەز بکاو بوێری خاوەنداریێتی لێ بکات، لەوێستگەی هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا کوردستانییان جارێکی تر متمانەیان بەم دوو هێزە کردەوە، دەرکەوتنی پەراوێزێکی چەندایەتی بۆ ئۆپۆزسیۆن وێڕای ئەوەی گەواهی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی هەڵبژاردن و نیشانەی ئەمانەتی یەکێتی وپارتییە لەگواستنەوەی کوردستان بۆ وێستگەی نوێ، بۆنەیەکی چاکیشە بۆ تازە سەرهەڵداوەکان تائەگەر بیانەوێ بگەنە ئاستی بەرپرسیارێتی قۆناغەکەو شانازی خاوەنداریێتی لێکردنی.

ئەگەر ئەمانە بخوازن وەک لیستی کوردستانی بەشیان هەبێت لەسەروەری و رۆڵی سەنگیندا پێویستە لەگەڵ هەردوو حزبی متمانەپێکراو شانبدەنە بەر ئەرکەکان و دەربەستی ئیستحقاقاتی قۆناغی نوێ بن، بەمەرجێک تازە سەرهەڵداوان خۆیان لەقۆناغی ئۆپۆزسیۆنی چەندایەتییەوە بگوازنەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی چۆنایەتی بەرپرس، خاوەن دابونەریتی سەنگین، ئۆپۆزسیۆنێک ئەدەبیاتی قیلوقال و منمنۆکێ جێبێڵێت و ئەدەبیاتێکی نوێ تەبەنی بکات کەشایانی پرۆسەی سیاسی وڵاتی ئێمەو شایانی هۆشیاریی سیاسی میللەتەکەشمان بێت.

ئیستحقاقاتی قۆناغی نوێ، ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی چۆنایەتی گەرەکە کەخۆی لەبەرپرسیارێتی نەدزێتەوە، لەڕارەوی پەرلەماندا سست نەبێ و

لەبەردەم میدیاکانـدا ئەم سـستی و بـێ بەهـرەییەی خـۆی بەقسەی زل پەردە پـۆش نەکـات، خەڵـک دەنگـی داوەو هەقـی خـۆیەتی دووانەی (حکـومەتێکی بەرپـرس و بەهێـز+ ئۆپۆزسـیۆنێکی سـەنگین و چـاودێر) لەکـایەدا بێـت، نەک حکـومەتێکی خزمەتگـوزار و (ئۆپۆزسـیۆنێکی) بـێ دەربەسـت کەمینـبەری مـوزایەدەو موناقەسـەی سیاسی لەجێی چوستی لەکـاری پەرلەمـان و دەسـکێک پـڕۆژە یاسـا، دابنێـت، ئۆپۆزسـیۆنی وا پێـشتریش هەبـووەو حەوجەی بەهەڵبـژاردن و دەنگـدان و هیلاکـی دیموکراسی نەدەکرد.

لەمەودوا ئێمە گەرەکمانە بەدۆسێ و بەرنامە مامەڵە بکرێت، بەلیـژنەو تەگبیرو تیمی هاوبەش لەبوارەکەدا بن.

ئیـستحقاقی قۆنـاغی نـوێ چاکـسازی سیاسـی و ئیـداری دەوێـت، پتەوکردنـی دامـــەزراوەکانی چـاودێری و دانـانی هـی نـوێی وەک نەزاهـــەی دەوێت کەدەرمانی دەوڵەتی بۆ ئـــەم کێشانە بدۆزێتەوە نەک بیانکاتە دەسکەلای سیاسی بەدەست ئـــەم و ئەوەوە، قۆناغی نوێ لەئاسـتی نـاوخۆدا تەواوکـــردنی ژێـــرخانی وڵات و چاکـــکردنی زیاتـــری ژیـان و گـوزەران و چارەی مـــەسەلـــەی نیشتەجێبوون و چـــارەی کێـــشەی لاوان و ژنـــانی دەوێـــت، هـــــەموو ئـــــەو ئـــەولـــەویاتانەی دەوێـــت کە لەبەرنـــامەی تێروتەســـەلی لیـــستی کوردستانیدا هاتوون.

لەئاستی پەیوەندیی نێوان و هەرێم و بەغدا، واتا رەهەنـدی نەتەوەیی کێشەکانمان، قۆناغی نوێ، یەکڕیـزی گەلەکەمان و پابەنـدبوون بەهـێڵە گشتییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەخوازێت.

قەدەری کوردستان وایە پرسی گەشـەی دیموکراسی لەپرسی ویستە نەتەوەییەکـان جیانـاکرێنەوەو دەبـێ دەرکەوتنـی ئۆپۆزسـیۆنیش بەو ئاڕاسـتەیە بێـت کە دیموکراسـی نـاوخۆ پێـشبخاو لەئاسـتی دەرەوەی هەرێمیشدا دەرفەت بۆ موناقەسەو موزایەدە، موغازەلەی ئەم و ئەو، یان هیوا پێ بردنی، نەهێڵێتەوە.

لەئاستی ناوخۆدا، لەچوارچێوەی دیموکراسی و یاسادا چی دەکەن بیکەن، لەئاستی عیراقیشدا دەرفەت بۆ گیانبازی کراوەتەوە، بێگومان گیانبازی بۆ کوردایەتی و دیموکراتیزەکردنی عیراق، نەک بۆ بنکۆڵکردنی جێگیرییە نەتەوەییەکانی وەک نەخشە ریگای مەسەلەی کەرکوک کەخۆی لەماددەی 140دا دەبینێتەوە.

سەرکردەکانی لیستی گۆڕان ئەگەر دەیانەوێ سەرکردەی دۆڕانی مۆڕاڵی نەبن دەبێت خۆیان لەم بەرپرسیارێتییە نەدزنەوەو لەبیریان بێت ئەوانیش، کەبەشێکن لەچینی سیاسی وڵات، ئەو کاتە دەتوانن بەکەڵک بن کەدەربەست بن.

یاخوا ئەم دەرکەوتنە خراپانەی لەدوای 7/25ەوە لێتان دەرکەوتووە تەنها لانسی سەردەمی ململانێی هەڵبژاردن بێت و زوو بەزوو پەتای هەڵمەتی هەڵبژاردن بەرتان بدات، تا بزانن سیاسەت جگە لەگوفتار، کرداریشی پێویستە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4942 (6) لە 2009/8/5دا.

## ناولێنانی سەرۆکی حکومەت

ئەمڕۆ پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان ناوی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح وەک سەرۆک و ئازاد بەرواری وەک جێگری سەرۆک دەستنیشان کردو چاوەڕێدەکرێت دوای جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەکلیفی پێکهێنانی کابینەیان لێ بکات بۆئەوەی لەماوەی یەک مانگدا ڕاوێژو تەگبیر بکەن لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانداو ئیتر کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستان دەست بەکار بێت. بەناو لێنانی سەرۆکی کابینەش دەورانێکی نوێ لەژیانی سیاسی و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان دەستپێدەکات. ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان وێستگەی دوو دەورەی پەرلەمانی و پێنج کابینەی حکومەتی بەڕێکردووە. لەم وێستگانەدا ماوەی پچڕان و دوو ئیدارەییش هەیە، بەڵام لەتەمەنی (18) ساڵی ئەو حوکمڕانییەدا بەشانازی و سەربەرزییەوە ڕۆژو مانگ و ساڵەکانی تەبایی و پێشکەوتن و ئاوەدانی لەپەککەوتن و لادانە کاتییەکان زۆرترن و ئەمێستا لەکابینەی پێنجەمەوە بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی (کابینەی یەکگرتنەوەو ئاوەدانی) ڕوو لەکابینەی شەشەم دەکەین بەسەرۆکایەتیی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح کەکابینەی نوێبوونەوەو ئاوەدانییەو بەرنامەی لیستی کوردستانی لەسێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کردۆتە کارنامەو ڕێنوێنی خۆی. بەمجۆرە ئەم ئەزموونە حوکمڕانییەی کوردستانی باشوور دەبێتە درێژترین ئەزموونی حوکمڕانی لەمێژووی نەتەوەی کورددا. لەوەختێکدا دۆخێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی وا دروست بووە کەدۆست و بێگانە خۆیان بەپەیوەندیدار دەزانن بەپرسی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی خۆبەخۆییش لەئیدارەدان و خاوەنداریتی لەخەڵک و خاکی خۆمان بۆتە بابەتێکی نۆرماڵ، دانپیانراو

لەدەستووری عیراق و ریز لێگیراو لەسەوداو مامەڵە نێودەوڵەتییەکاندا. کەوابێ ئەزمـوونی کوردسـتان بەئیـدارەی حـوکمڕانی و بەپێـشکەوتنی کـۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی بۆتە واقیعێکی جێگیـرو پێ بەپێی پێکهاتنی حکومەت و پەرلەمـانی نـوێ دەسـتکەوتی زیـاتر کەڵەکە دەکـات و ئەرکـی تـازەی دێـتە سەرشان کەدەبێ وەڵامدەرەوەیان بێت. کابینەی شەشـەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتبەستوو بەئەزمـوونی (18) ساڵە، کەرەستەو شارەزاییەکی زۆری لەبەردەستدایە کە دەتوانێت لەڕاییکردنـی کارنامەکەیدا بیانخاتەکار، هەروەک پـشت ئەسـتوورە بەپـشتیوانی لێبـڕاوانەی سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان، جەنـابی مـام جەلال و جەنـابی کـاک مەسعودو سـەرکردایەتی هەردوو حزبـی هاپەیمانی ستراتیژی، هەروەها هیـواو ئـاواتێکی جەمـاوەریی گەورە کە هانـدەرن بـۆ هـیممەت و چـالاکی، بەڵام لەهەمانکاتیـشدا تەحەداو بەرپرسـیارێتییەکی قوورسیـــشی لەڕێـــدایە کە دەبێـــت دەســـتووپەنجەیان لەگەڵ نەرم بکـــات، ئۆپۆزسـیۆنێکی بەرێـژە بەرچـاوی لەبەرامـبەر راوەسـتاوە کە هێـشتا ئەجێنـداو شێوەی کاری پەرلەمانی دەرنەخستووەو بەهەر بارێکدا بێت پێویستە حکومەتی د. بەرهەم هەڵبکات لەگەڵی و بەمەسافەی نزیکییان لەویست و داخوازییەی دیمـــوکراتی و ئاوادانییەکـــانی خەڵـــک، کە خـــۆی لەبەرنـــامەی نوێبـــوونەوەو ئاوەدانیدا دەبینێتەوە، لێیان نـزیکببێتەوە بەو شـێوەی چالاکی و دەستکەوتەکانی حکـومەتی هەرێـم ببێـتە ئاراسـتەکار بـۆ مـۆدێلێکی نـوێی پەیوەنـدی نێـوان حکومەتێکی چالاک و ئۆپۆزسیۆنێکی بەرپرس تـا سـەرەنجام کردارو خزمەتـی خەڵک ببنە سەنگی مەحەک بۆ شایەتدانی میللەت و حوکمی مێژوو.

گەلی کوردستان شایانی حکـومەتێکی کـاراو چالاکە کە بارتەقای گیانفیـدایی بۆ ئازادی بێـت (وەک لەڕێڕەوی خەباتی میللەتی کوردا دیارە)و بەئەنـدازەی پەرۆشـــی بـــۆ دیموکراســـی (وەک لەدوا هەڵبژاردنـــی پەرلەمانـــدا دەرکەوت) خزمەتی بکات و گوزەرانی بـاش بکـات و وڵاتـی ئـاوەدانترو دیمـوکراتتر بکـات. حکومەتی تازەش، کە لەسەر وێستگەی خـزمەت و دەستکەوتی حکومەتەکانی پێـــشوو دامەزراوەو بەتەجـــرەبەی دیـــارو ســـەرکەوتووی د. بەرهەم موتـــوربە دەکرێت، شایانی وەرگرتنی چانسێکی سەنگینە بـۆ جێبەجێکردنـی بەرنـامەکەی،

بۆ کەڵەکە کردنی دەستکەوتی زیاترو چارەسەری کەموکوڕییەکان و چاکسازی لەسەرجەم کایەکان.
دوای جەژن نوقڵانەیەکی خێر دەبێت بۆ کوردستان و دەستپێکی قۆناغێکی چۆنایەتییە لەکوردستانێکی نوێدا.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4979 لەرۆژی 2009/9/17دا.

## هەڵیبێنە، پڕوپاگەندەی داهاتوو چییە؟

هەتا توانیان پڕوپاگەندەیان کرد لەسەر ئەوەی حکومەت نادرێتەوە یەکێتی. کەیەکێتی وتی: ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان هەیە، وتیان پارتی بۆ بێدەنگە؟ کەپارتی لە بەرزترین ئاستدا وتی: پابەندی ڕێککەوتنی ستراتیژیین، وتیان: ئیعلانی بکەن. وترا د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی داهاتووە.

بەمجۆرە دەورانی هەڵبژاردنیان ئالوودەکرد بەفێڵکردن لەخەڵک. هەڵبژاردن تەواو، وتیان یەکێتی (لێی قەوماوە)و حکومەتی نادرێتێ، کەزانییان بەڵێ نۆرەی یەکێتییە، وتیان دوو ساڵ بۆ یەکێتییە. نەخێر چوار ساڵ بۆ یەکێتی دەبێت، بەڵام پارتی وەزارەتە سیادییەکانی گەرەکە. بیستیانەوە پارتی و یەکێتی لەوە هاوپەیمانترن باسوخواسی ئەم، یان ئەو وەزارەت، کار لەڕەوتی یەکگرتوویيان بکات. ئێستا بەیت و حەیرانیان گۆڕیوە: ماوەیەک بۆ باری گلاوی یەکێتی، یەکێتی دەبێتە سەرۆکی حکومەت، دوا بەیت و باڵۆرەیان ئەوەیە دەدرێتە یەکێتی و سەرۆکی حکومەت د.بەرهەمە، بەڵام ئیفلیج دەبێت و دەسەڵاتی کەم دەبێت! جا هەتا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەدرۆو دەلەسەکانیان دێنە دەست، ئەوان خۆیان بۆ چەواشەکاری تر ئامادەکردووە. بۆ ئەمەش میلیشیای میدیای چەواشەکارییان خستووەتەگەڕو هەر لەئێستاوە دەرسیان دادەدەن داخۆ (فشە)ی داهاتوو چی بێت؟!

(فشە)ی داهاتوو هەرچی بێت ئەم ڕێبازە لەکارکردن یەک وشە گوزارشتی لێدەکات: درۆ بکە، درۆ بکە، تا خۆت، نەک خەڵک، باوەڕت پێدەکەن و بەدەردی چەواشەکاری خۆت دەتلێیتەوە. دەڵێن نەقڵی قەول کفر نییەو پەندیش بۆ چاولێکردن نییە، بەڵکو بۆ عیبرەت و بەراوردە، لەو بەسرەیەی خوارووی عیراق حیکایەتێک دەگێڕنەوە، خانمێکی خانەدان هەبوو، نەیارو

ناحەز دەیانوت لەوە ناچێت مێردێکی بەنسیب بێت، خانم بەخت یاری بوو، کورێکی سەیزادەو ئەشراف هاتەداوای و خواستی، وتیان: با شووش بکات، خانم هەر سکی نابێت، خوا کارسازی کارانەو ژنەی خانەدان نیشانەکانی نەوزادێکی لێ دەرکەوت، نەیار وتیان: حەملی کازبەو هیچی لێ شین نابێت. سەبری خانەدانیی دوو منداڵی رەشئەسمەری بەسراوی بەدوای خۆیدا هێنا. ناحەزان هیچیان بۆ نەمایەوە وتیان: بەخوا ئەو کچ و کوڕە لەوە دەچێت سەرەخۆرە بن. حیکایەتی بەسرە تەواو و حیکایەتی حکومەتی نوێبوونەوەو ئاوەدانی لەمەودوا دەستپێدەکات. نەیارو ناحەزو تووشی شۆک دەبن و سەرەنجام کوردستان سەرفرازەو ئەوانەی فاڵدەگرنەوە کاسبیەکەیان رەواجی نامێنێت.

## وەڵام لەخەبەری سێیەمدایە!

نەریتێکە قەت ناگۆڕێ، نەک بچنە پەرلەمان، بچنە ڕێکخراوی وڵاتانی بێ لایەن، ببنە ئەندامی هەمیشەیی لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ببنە ئەندام لەفیفاو لیژنەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتیش هەر کەیفیان بەقسەو قسەلۆکی ناو ڕۆژنامەو ناو کوچەو کۆڵانەکان دێت. بەڵگەی هەموو دونیایان لابێت، هەر حەزیان لەپرتەوبۆڵەیە. ئەمە کلتورێکە بەم زووانە ناگۆڕێت و نایگۆڕن، چونکە نانیان لەم شێواوییەدایە، چونکە سەد جار بچنە پەرلەمان هەر حەزیان لە(حەچی جەرایدە)، حەزیان لەچەلەحانێی نێو (هاوڵاتی)و (سەرچاوەیەک نەیویست ناوی ئاشکرابکاو سەرچاوەیەکی نزیک لەو، سەرچاوەیەکی تایبەت وتی و سەرچاوەیەک بەباشی نەزانی ناوی بڵێ نەکا پێی بڵێن ڕاستت نەفەرموو)ە.. هەر حەزیان لەم بەیتەو باڵۆرەیەیە. بەشێک لەم میللەتە دەنگی پێداون بە(25) کورسییەوە چوونەتە پەرلەمانەوە، کەچی هەر خوویان بەهەواڵی میزەڵان و هەواڵی بڵقی سەر ئاوەوە گرتووە. کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێت شپرزەو شێواون، لەتە وەرەقەو کاغەز بۆ یەک دەنێرن و لەکاتی بڕیاردا شپرزەن، هێشتا پەرلەمان کۆنەبۆتەوە بۆ کابینە تا ڕایان بپرسێ، بەخەڵکدا خەبەر ڕەوانەدەکەن و هەڕەشە بە(هاوڵاتی) دەسکەلای ئیعلامییان لەقۆناغی ڕابووردوو لەقۆناغی دادێیاندا، دەنێرن. ئەگەر ئەوان فایلی گەندەڵیی حکومەتیان لایەو نایکەنە دەسکەلای سیاسیی بۆ پەکخستنی حکومەت، بۆچی ئێستا باسی دەکەن، بۆچی نایبەنە پەرلەمانەوە؟ بۆ سەبر ناگرن تا پەرلەمان لەسەر حکومەت دوو سێ ڕۆژی تر کۆدەبێتەوە؟ وەڵام ڕوونە، پەرلەمانی ڕاستەقینەی ئەوان، سەکۆی چەلەحانێی (هاوڵاتی)یە، قیلوقالی ناو کۆڵانانە، نەک گفتوگۆو مشتومڕی ناو پەرلەمان. ئەوان هەر لەئێستاوە لەدەنگۆو ناوبانگی

کابینەی نوێ ترساون، لەچاکسازیی راستەقینەی لیستی کوردستانی ترساون، بۆیە هەر لەئێستاوە فاڵی بۆ دەگرنەوە، رۆژێک پێشبینی شکست و رۆژێک هەڕەشەی پێشوەخت و رۆژێکی تریش چ زۆرە؟ بوختان. سەیری هەواڵەکەی هاولاتی بکەنەوە، هی یەکەمیان کەهیچیان بەناوی خۆیانەوە نییەو هەمووی (سەرچاوەی نزیکە)!، ئینجا سەیری ئەم قسە (بەرزو بەنرخە)ی سەرچاوەکە بکەن کە لەقوتووی هیچ فەرهەنگێکی سیاسیی لەهیچ مەمالکێکی دونیادا نییە (هەر لەئێستاوە ئەوە بەدیدەکرێت کەحکومەتەکەی دکتۆر بەرهەم لەسەر بنەمای پسپۆڕی و لێهاتوویی دروست ناکرێت، بەڵکو شەرعیەت لەو رێککەوتنە وەردەگرێت کە لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە- هاولاتی ژمارە 558 لەڕۆژی 2009/9/9دا). باشە سەرچاوەکەی گۆڕان ئەگەر حورمەتی جەماوەرەکەی بگرێت قسەی وای لەدەم دێتەدەر؟ رۆژنامەیەک ئەگەر حورمەتی کڕیارەکەی بگرێت و بخوازێت پارەی فرۆشەکەی حەڵاڵ بکات، قسەی وا بڵاودەکاتەوە؟ فاڵتان گرتۆتەوە؟ ناوی کابینەتان لایەو ئێمە پێمان نەزانیبێ؟ لیستی کوردستانی بایی ئەوەندە دەنگی لەپەرلەمان هەیە کەحکومەت بەدەستبێنێ و شەرعیەتی پەرلەمانی وەربگرێ، ئیتر ئەم (دۆزینەوە گەورەیە)ی ئێوە بۆ چییە کە (شەرعیەت لەڕێککەوتننامەکەوە وەردەگرێت) یانی لەهەموو دونیادا هەر وانەبووەو هەروا نابێت کەحزبەکان یەکدەگرن و ئیئتلاف دەبن؟ بیبەنە پەرلەمان، چیتان هەیە بیبەن، تا خەڵک بزانێ، ئەگەر لەکابینەدا گەندەڵیش هەبێ ئەوا هی ئەوانەن کەئێستا لای خۆتان میوانن و گلتان داونەتەوە. چیتان هەیە بیبەنە پەرلەمان تا میللەت ببینێ و بیزانێ و سەرەنجامیش کابینە هەر دەڕواو بە(25) دەنگی ئێوە (کە میللەت بۆ بیناکردن، نەک رووخان، پێیداون) پەک ناخرێت. وەڵامی مانشێتی هەواڵی یەکەمتان لەهەواڵی سێیەمدایە، چۆن شکستتان هێنا لەهەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، ئاوەهاش شکست دێنن لەڕوخانی حکومەتی نوێبوونەوەو ئاوەدانیدا. مەسەلەکە زۆر ئاسانە، لەپەرلەمان شتەکان بەدەنگدانە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4974 لەرۆژی 2009/9/11دا.

# فاڵگرتنەوەی لیستی گۆڕان جێی کرداری حکومەتی نوێبوونەوەو ئاوەدانی ناگرێتەوە

کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەدگارەکانی سیاسەتی داهاتووی خۆی لەسەر چەند تەوەرەیەکی گرنگ دیاریکردووە کەبریتین لەپرۆژەیاسایەکی ئامادەکراو بۆ پەرلەمان، کەپرۆژەیاسای دەستەی نەزاهەی کوردستان، هەمووارکردنی یاسای حزب و کۆمەڵەکان، گورو تینندانی زیاتر بەپرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی، خزمەتکردنی ناوچەکانی جێی ناکۆکی لەوانەش کەرکوک.

بەگوێرەی زانیارییەکانی کوردستانی نوێ، کابینەی تازە کابینەیەکی دەستپێشخەر دەبێت لەجێبەجێکردنی بەرنامەی لیستی کوردستانی و بەرنامەیەکی چڕوپڕی هەیە بۆ خوردکردنەوەو قۆناغبەندکردنی ئەو بەڵێنانەی بەخەڵکی داوە. ئەم بەرنامەیە لەکارنامەی لیستەکەوە گەڵاڵەدەکرێت و ئامادەکردنیشی دەرەنجامی گفتوگۆو هاوئاهەنگی هاوبەشی یەکێتی و پارتیی و گفتوگۆی کاندیدی لیستی کوردستانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح لەگەڵ فراکسیۆن و لایەنەکانی پەرلەماندا دەبێت. سەرۆکی هەرێم زنجیرە کۆبوونەوەیەکی بۆنە جیاجیای لەگەڵ پاڵێوراوان بۆ سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت کردووەو لەکۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسیدا لێکگەیشتن لەسەر ئەرک و فرمانەکانی قۆناغی نوێ هەبوو، بەوپێیەی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووش لای یەکێتی دەبێت، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لەزنجیرە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەدا لەسلێمانی و کەرکوک بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال، پێشتیوانی لەبەرنامەی حکومەتی داهاتوو و سیاسەتی دیاریکردنی ئەولەویاتەکانی ئەو

حکـومەتە کـردووە. حکـومەتی نـوێی کوردسـتان جێـی کـابینەی پێـنجەم بەسـەرۆکایەتی نێچیرڤـان بـارزانی دەگـرێتەوەو لەسـەر دیـنگەی متمـانەی دروستکراوی نێوان یەکێتی و پارتی و ئەو شەقاوانەی پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئیدارە بەخۆیەوە بینیویەتی دەستبەکاردەبێت و خۆشی نوێنەرایەتی قۆناغێکی نوێی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی دەکات لەکوردستان و دەبێ ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی ئەم قۆناغەبێت.

**قۆناغبەندیی بەرنامەی حکومەت**

گرنگتـرین خەسـڵەتی کـارکردنی حکـومەتی داهـاتوو بـزووتنەوەیە بەچەنـد ئاراسـتەیەک: -ئاراسـتەیەک پـرۆژە خزمەتگوزارییەکـان و پرۆژەکـانی ئـاوەدانکردنەوە. -ئاراسـتەیەک کـارکردنە لەسـەر کۆمەڵێـک پرۆژەیاسـای پێشکەشکراو بەپەرلەمان لەسەر:

أ-پرۆژەیاسـای تـایبەت بەژیـانی سیاسـی هەرێـم وەکـو یاسـای حـزب و کۆمەڵەکان، یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

ب-پرۆژەیاسـای تـایبەت بەرێـرەوی چاکـسازیی ئیـداری وەکـو دەسـتەی نەزاهەی کوردستان – یاسای قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، یاسای سیاسەتی دارایی لەهەرێم و ...هتد.

جـ-پێـشکەشکردنی سـاڵانەی بـودجەی هەرێمـی کوردسـتان بەپەرلەمـانی کوردسـتان کەبـودجەیەکی شـەفاف و روون بێـت و خەرجـی و دەرامەتەکـان بگـرێتەوە، ئەمەش وەکـو نەریتێکـی سـوننەتی کە لەکـات و وادەی خۆیـدا پێشکەشبکرێت، بۆئەوەی پەرلەمـان دەرفەتـی زیـاتری گفتوگۆ لەسـەرکردن و موناقەلەو پەسەندکردنی هەبێت.

د-پـرۆژە سـتراتیژییەکانی لەمـاوەی چـوار سـاڵی داهـاتوودا تەواودەکـرێن و ئەوانەی لەمەودوا دەستی پێدەکرێت.

هــ-پرۆژەکـانی وەکـو کێـشەی نیـشتەجێبوون و بەرزکـردنەوەی ژیـان و گوزەرانی هاووڵاتییان و کەمکردنەوەی جیاوازیی لەئاستی ژیان و لەڕێی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا.

و-پیادەکردنی نەخشەی حکومەتی دروست کەماوەیەکە حکومەتی هەرێم بەرنامەڕێژی بۆکردووە.

ســـەرکردایەتی لیـــستی کوردســـتانی مـــاوەیەکە گفتوگـــۆی چڕوپـــڕی دەستپێکردووە لەسەر ئەم قۆناغبەندییەو ئەم خاڵە سەرەکییانەی هی قۆناغی یەکەمی دەستبەکاربوونی حکومەتن، بەڵام وردەکاریی کارنامەکەو دەستپێکی بۆ دوای گەڵاڵەکردنی تەکلیفی رەسمی و پێکهاتنی حکومەتەکە هێڵراوەتەوە.

## ئۆپۆزسیۆن خۆی لەگێلی دەدات، یان پەلەیەتی؟

لەبەرامـبەر کـاری تەگبیـرو شـێنەیی سـەرکردایەتی یەکێتـی و پـارتی و سەرکردایەتی لیستی کوردستانیدا، کەدەخوازن گفتوگۆکانی پێکهاتنی کابینە، دانوسـتاندن لەگەڵ فراکـسیۆنەکانی پەرلەمـان، داڕشـتنی بەرنـامەی کـابینەی داهاتوو لەلایەن تیمێکی هەڵبـژاردەوە مەودای راستەقینەی خۆیـان وەربگـرن و تێـری ئەو ئەرکە قورسـە بکـات کە لەسەرشـانی یەکێتـی و پـارتییە وەکـو دوو پێکهێـنەری حکـومەتی تـازە. لەبەرامـبەر هەمـوو ئەم بەرپرسـیارێتییە مەزنەدا ئۆپۆزسیۆنی تازە سەرهەڵداو خەریکی کامپینێکی سەرلێشێوانە کەبەداخەوە هەر لەسـەرەتاوە وێنـایەکی ناشـیرین لەسـەر کـاری ئۆپۆزسـیۆنی وەک دیـاردەیەکی نوێ لەناو سیاسەتی کوردستانی پێشکەشدەکات. لیستی گۆڕان سەرقافڵەی ئەم کـامپینە ناشـیئانەیەو بەبەرنـامە کـار بـۆ تێـوەگلانی لیـستی چاکـسازی و خزمەتگـــوزاریش دەکەن تـــا لەم هەڵـــمەتە خاچپەرســـتانەدا دژی لیـــستی کوردسـتانی و حکـومەتە هێـشتا لەدایـک نەبـۆکەی بەشـداربن، تائێـستا لیـستی چاکسازی و خزمەتگوزاری کەژمـارەی کورسـییەکانی لەوەی گـۆڕان کەمتـرە، بەڵام دابـی ئۆپۆزسـیۆنبوونی دێرینتـرە، ملـی نەداوە بـۆ ئەو خواسـتەی لیـستی گـۆڕان ئەگەرچـی بەشـی میـدیایی ئەم کـامپینەی گـۆڕان لەڕێـی ئەفسانەی (راپـۆرتی شـیکاری)و هەواڵـی (سـەرچاوە نادیـارەوە) دەیەوێـت بەوەرگـرتن و ئیقتیباسی لێدوانی بەرپرسانی لیستی چاکسازیی، ئەوانیش بەم جەنگەوە ئالودە بکات. رۆژنامەی (هاوڵاتی)ی  هاوپەیمانی گردەکە لەم کامپینەدا رۆڵی واوەتـر لەڕۆڵـی رۆژنـامەیەکی ئەهلـی دەگێڕێـت، هەر بەتەواوەتـی بـۆتە بڵنـدگۆی

نەوشیروان مستەفاو لەخزمەتی کامپینەکەدایە. لێرە قسەکردن لەسەر لایەنداری هاولاتی ئەو دۆخە تەقلیدییەی تێپەڕاندووە کەجاران بەهاولاتی دەوترا دەستچێنی نەوشیروانە، سیاسەتی ئەم دوو مانگەی ئەم رۆژنامەیە دوا پەردەی لەسەر هەر گومانێک لابردو خوێنەر پێویستی بەوە نییە گرەوی (100) هەزار دۆلاری بباتەوە یان بیدۆڕێنێت تائەمەی بۆ دەرکەوێت، لەژمارەی (547)ە تاژمارە (558)ی رۆژی (2009/9/9)، بەژمارە (231) هەواڵ و راپۆرت و ریپۆرتاژو وتار لەدژی یەکێتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی و لەقازانجی گۆڕان بڵاوکراوەتەوە، تەنیا کوونبوونی چینی ئۆزۆن نەخراوەتە ئەستۆی یەکێتییەوە. نەوشیروان مستەفا خۆی رێبەرایەتی ئەم کامپینە دەکات و هاولاتی، رۆژنامەو هەندێک کارەکتەری تەکەتولەکەی جارانی نەوشیروان لەناو یەکێتیدا رۆڵێکی لاوەکی دەگێڕن. ئەم کامپینە کاردەکات بۆ:

-لێدانی پێگەی یەکێتی لەناو هاوپەیمانێتی خۆی و پارتیداو لێدانی رێبەرایەتی مام جەلال لەم نێوەندەدا.

-لێدانی یەکێتی و سەنگی لەسلێمانیدا. -لێدانی حکومەتی هەرێم و سەنگ و بەشی یەکێتی لەناو ئەو حکومەتەدا.

-لێدانی سەرۆکی ئەو حکومەتە د.بەرهەم. -فرمێسکی تیمساحی بۆ رەوشی یەکێتی. جاری وا هەیە لەیەک هەواڵدا لەجێی رەگەزەکانی هەواڵ، پێکەوە هەموو ئەم رەگەزانەی لێدانی سیاسیی تێدایە. جاری واش هەیە بەگوێرەی رۆژو پێویستییەکانی، یەکێک لەم رەگەزانە زاڵدەبن، هێشتاش دەستی رۆژنامەو گۆڤارو سایتە هاوپەیمانەکانی کۆمپانیای وشە لەم کەمپینەدا ئاشکرا نەبووە، بەڵام مرۆڤ زیرەکییەکی ئەوتۆی نەگەرەکە تاپێشبینی ناوەڕۆکیان بکات. بۆئەم مەبەستەش کارەکانی گۆڕان بەپێنج ئاڕاستەیە:

-ئاڕاستەیەک بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە لەسەر پێکهاتەو بەرنامەی حکومەتەکە.

-ئاڕاستەیەک سووککردن و بێ نرخکردنی ئومێدی خەڵکە بەحکومەتەکەو بەو هاوسەنگییەی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە هەر لەگفتوگۆکانی دەستپێکەوە تادروستکردنی حکومەتەکەش. -ئاڕاستەیەک فاڵگرتنەوە، قسە

فرێدانی هەڕەشە ئامێز لەسەر نیەتی لیستی گۆڕان بەرامبەر بەحکومەتی داهاتوو.

-لێدانی کەسایەتی سەرۆکی حکومەتەکە لەناو سلێمانی و لەکوردستاندا.

-ئاراستەی بەرپەرچدانەوەی هەر روونکردنەوەو راستییەک لەیەکێتی لەبەرامبەر بوختان و درۆکانی ئەواندا دەیخاتە بەردەم رای گشتی. جا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە مینبەری پەرلەمان کەمترین شوێنی داگیرکردووە لەم کامپینەدا، چونکە لەبنچینەدا پەرلەمان و گفتوگۆ مەدەنییەکانی، جێگەی مەتەڵەبی گۆڕان و سەرانی گۆڕانی نییە. هەروا تێبینی دەکرێت ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان پەیڕەو، چاوەڕێ ناکات حکومەت بەرنامەی خۆی بڵێت، چانسێک وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکان، چونکە ئەوەی سیاسەتی ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەڵدەسوڕێنێت، حوکمێکی پێشوەختی بەسەر هەموو شتێکدا داوە.

## حکومەت چی بکات، لیستی کوردستانی چی بڵێت؟

بێگومان باشترین هەڵوێستی سەرکردایەتی حکومەتی تازەو فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمان ئەوەیە بەم کامپینە شپرزەنەبن، چونکە رۆژەکان زۆریان بەبەرەوە ماوەو کامپینی بەپەلەپڕوزێی پێشوەخت زوو دەنیشێتەوەو هەناسە کورت دەبێت. لەجێی ئەوە لیستی کوردستانی راگەیەندراوی رەسمی هەبێت لەسەر هەموو هەنگاوێکی، روونکردنەوەو رێنوێنی بداتە جەماوەر لەسەر ئەوەی کەپێکهاتنی کابینەو حکومەتی تازە دەبێ مەودای خۆی وەربگرێت، هەروەها میدیای سەنگینی کوردستانیش رەهەندەکانی دابونەریتی دروستکردنی حکومەت و هەنگاوەکانی روونبکاتەوە. میدیای یەکێتی و پارتیش ئەو ئاستە بەرزە لەگفتوگۆو دانوستانەکانی هەردوو حزب بۆ پێکهێنانی حکومەت دەربخەن کەئیشی حکومەت لەسەر وەزیرێک، پۆستێکی دیاریکراوی حکومەت بۆ ئەمیان یان ئەویتریان پەک ناخرێت و ئێستا مەسەلە هاوبەشەکان و ستراتیژی سیاسەتی کوردستانی لەو بەربەستە بچووکە تێپەڕی کردووە. کاری حکومەتی داهاتوو و فراکسیۆنی کوردستانی و لەسەرووی هەردووکیشیانەوە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی، دوای پێکهێنانی حکومەت دەستپێدەکات کە:

-حکومەت مەسافەیەکی نزیکایەتی و دوورایەتی لەنێوان خۆی و لیستی کــــوردستانی دابنێــت. نزیکـایەتی بــۆ لێکگەیــشتن و هــــــاوئاهەنگی و روانــدنی پــرۆژەو بڕیارەکـانی کـاری حکومــــەت گــــــەشەپێدەدەن. دوورایەتـیش بـــــۆئەوەی فراکـسیۆنی کوردسـتانیش پـێش نەیارەکـانی حکـومەت ئەدائـی حکـومەت هەڵبـسەنگێنێت و چـاودێری و چـاککردنی لەگەڵدا پەیڕەوبکات.

-فراکــسیۆنی کوردســتانی مەســافەیەک لەنێـــوان خــۆی و فراکــسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لەنزیکایەتی و دوورایەتی دابنێت.

-نزیکایەتی بۆ مەسەلە هاوبەشە پەرلەمانییەکان کەئەمە ئەگەرێکی لاوازە، چـونکە رەفتـاری فراکسیۆنی گـۆڕان تائێـستا رەفتـارێکی مـوژدە بەخـش نیـیە کەفراکسیۆنێکی بنیاتنەربێت.

-دوورایەتـی، چـونکە فراکـسیۆنی گـۆڕان مەبەسـتی رووخـان و شـێوانی حکومەت و سیستمی سیاسییە، نەک بیناکردن و رەخنەکاری.

### کردار شەرتە

لێ باشترین شتێک کەفراکسیۆنی کوردستانی دەتوانێت بیکات ئەوەیە بەپــلەی یەکەم گــۆڕان رابکێــشێتە مەیــدانی گفتوگــۆیەکی مــۆدێرن و بنیاتنەرانەو دۆستانەی ناو پەرلەمانەوە کەواز لەخوی پاڵەوانێتی دەرەوەی پەرلەمـان و فـس فـس پـاڵەوانی نـاو هۆڵەکـانی پەرلەمـان بێـنن. بـۆئەمە باشـترین چارەســەر گواسـتنەوەی راسـتەوخۆی دانیـشتنەکانی پەرلەمـانە، کەدەبێـت ببێـتە مەیـدانی پرۆژەیاسـای حکـومەت و لیـستی کوردسـتانی و پرۆژە یاساکانی کوردستانی ببنە دەستپێشخەرو بنەما نەک چەلەحانێکانی گـۆڕان. هاوئـاهەنگیی نێـوان حکـومەتی د.بەرهەم و لیـستی کوردسـتانی و لیــستە دۆســتەکانی زۆر گــرنگن بــۆ تەواوکردنــی بڕکردنــی یاســای پرۆژەیاســاکان و دەستپێــشخەری لەچاکـسازی و نوێبـوونەوەو ئاوەدانیـدا، هەروەها لەگەڵ دەستپێکی حکومەتدا پێ بەپێی هەنگاوەکانی حکـومەت لێدوان بۆ رای گشتی هەبێت کە:

-تیمی پێکهێنەری حکومەتی سیڤی و پێوەری هەیە بۆ پلەو پۆستەکان. -گەندەڵی بەبەرنامە چارەسەر دەبێ و پرۆژە یاساکان لای لیستی کوردستانییە نەک لای لیستێکی (25) کەسی کەناتوانێت بیانڕوێنێ.

-حکومەت خۆی بەتەرشیق و چاکسازی دەستپێدەکات کەژمارەی وەزارەتەکانی (21) وەزارەتە.

-ئاوەدانی و بووژاندنەوەی زیاتر بەکردارە نەک تەنیا بەدروشم و قسەی بریقەدار. فاڵگرتنەوەش هەرگیز جێی راستی ناگرێتەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4947 لەرۆژی 2009/9/11دا.

# بۆ سەربڕینی چۆلەکە دەگرین و دەستیشیان بەخوێنی سوورە

خـۆی ئەگەر وابـێ و بەڕێـز نەوشـیروان مـستەفا سـەرۆکی لیـستی گـۆڕان دەستی لەیەخەی یەکێتی کردبێتەوەو یەکێتی بـۆ خاوەنەکانی جێهێشتبێ، ئەوا دەبێت دەستخۆشی لێبکرێت، چونکە بەمە هێڵی پێویستی جیاکەرەوەی نێوان دوو قەوارەی سیاسی دەکێشێ و دەرفەتی مامەڵەو سەودای سیاسی دەکاتەوە، هەرچەنـدە بەدرەنگیـشەوە بێـت، هەرچەنـدە لەگەرمەی هەڵبژاردنـدا ئەمەی نەکرد بـۆ ئەوەی شـێوانێک لەنێوان سـەنگەری یەکێتـی و سـەنگەری قەوارەی گۆڕان دروست بکات، بەڵام ئەم لێدوانە درەنگ وەختەش هەر باشە ئەگەر:

-بەفیعلـی راسـپاردە بـداتە هەڵـسوڕاوان و ئەنـدامانی گـۆڕان کە چیتـر دەمودەسـت لە کاروبـاری یەکێتـی وەرنەدەن و لانـیکەم نەریـت و ئەتەکێتـی سیاسی فرە حزبی رەچاو بکەن.

-ئەنـدامەکانی بـاڵی بەنـاو ریفـۆرم راسـپێردرێت بەو نـاوە چەواشـەکارییەوە لێـدوان نەدەن و خاوەنـداریتی لەیەکێتـی نەکەن و بە(جەمـاوەری گـۆڕان) بڵـێن ئەگەر ئێوە دوای گوزارشتێکی دیـکەی یەکێتـی کەوتـوون، ئەوا گـۆڕان یەکێتـی نییەو گۆڕانەکان یەکێتییان بۆ خاوەنەکانی بەجێهێشتووە.

-گۆڕان بەچاوی رکابەری سیاسی ئاساییەوە مـامەڵە لەگەڵ یەکێتـی دا بـکەن نەک بەچـاوی هەوێ و شــەڕکەر لەســەر نازنــاوی یەکێتــی و مێژووەکەی.

بەڵام بەداخەوە ئەوی تائێستا ئەوان دەیکەن هەموو شتەکان دەبەنەوە سـەر (یەکێتی) نەک دەسەڵات کەبەشی یەکێتی و پارتی و خەڵکی تریشی تێدایە. ئەوی هەڵـسوڕاوانی ئەوان دەیـکەن قـسەیە لەسـەر دۆخـی نـاوخۆی یەکێتـی، کێـشەکانی، ئەگەرو نەگەری کـۆنگرەو پلنیـۆمی، بەهێـزی یـان لاوازبـوونی، کە

هەموو ئەمانەش کێشەی دەروون حزبین و بۆ هەڵسوڕاوانی قەوارەیەکی تر نییە قسەیان لەسەر بکات، بۆ قەوارەیەکی تر جوان نییە قسە لەسەر کێشەکانی ماڵە دراوسێ بکات و سنووری ململانێی سیاسی و دیموکراتی ببەزێنێ و بچێتە ناو وردەکاریی ژیانی ناوخۆیی قەوارەیەکی ترەوە. تائێستا هەڵسوڕاوانی گۆڕان وەک ئەو دڵدارە ڕەفتار دەکەن کە لەداخی دڵدارە کۆنەکەی دڵدارێکی تری لەهەمان گەڕەک گرتووەو بەدەنگی بەرز وەسفی دەکات و بەتیلەی چاویش لێیە داخۆ کاردانەوەی یاری کۆن لەپێکهاتن لەگەڵ یاری تازەدا چۆنە وچییە؟ کاری سیاسی دەکەن یان شیکاری سیاسی؟ هەتا ئێستا ئێمە دەبینین هەڵسوڕاوانی گۆڕان لەجێی کاری سیاسی، کاری شرۆڤەی سیاسی دەکەن:(یەکێتی وای لێهات، یەکێتی واوە چوو، یەکێتی فکری کاڵبۆتەوەو یەکێتی تەنازولی بۆ پارتی کردووە. بەداخەوە یەکێتی وای لێهاتووە، داخی گرانم ناچارین خراپتری لێ بکەین!) کە ئەم جۆرە قسانە یان سۆزو پەشیمانین بۆ یەکێتی و ئەنجامی گرێیەکی دەروونییە کەپاشقولیان لەیەکێتی گرتووە، یاخود بۆ بەئاگا هێنانەوەی یەکێتییە کە دۆخی خۆی هەڵبسەنگێنێ لەکاتێکدا هیچ قەوارەیەکی سیاسی لەخوتووخۆڕایی (کەموکوڕییەکانی) ڕکابەرەکەی دیاری ناکات وبە ئاگای ناهێنێتەوە تا چارەسەریان بکات! کاری ڕۆژانەی هەڵسوڕاوی سیاسی ئەوە نییە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا شرۆڤەی دۆخی حزبی سیاسی ڕکابەری بکات.

جا یان لەناو تەیاری گۆڕاندا کەس بە کەس نییەو کێ زووتر لەخەو هەڵسێ زووتر لێدوان دەداو سیاسەتی ئەو ڕۆژە دیاریدەکات، یان دەبێ سەرۆکی لیستی گۆڕان دەسەڵاتی بەسەر ڕەوتەکەیدا نەشکێ و هەواڵی جەمسەرگیرییە تازەکانی ناو گۆڕان ڕاست بێ، یاخود ئەمە جۆرێک لەدابەشکردنی ڕۆڵ وئەرکی لەپشتەوە بێت کە ئێمە ئەم گریمانەیە بەسەنگینتر دەزانین، ئەگەرچی هەموو دیاردەکانی تر لەسیاسەتی ئەم ڕەوتەدا ڕەنگی داوەتەوە.

**سیاسەتی خەت رەجعە**

دەمێکە ئەوە روون بۆتەوە کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا لەسیاسەتیدا بەشێک بۆ پاشەکشێ و ئیزدواجیەتی سیاسی دەهێڵێتەوەو ئەمەش پەراوێزی مانۆڕو پەشیمانی بۆ فەراهەم کردووە، کەزۆرجار کەسە نزیکەکانی خۆشی تووشی ئیحراجی و بێ دەسەڵاتی دەکاتەوە. ڕێی تێدەچێت بەڕێز نەوشیروان مستەفا هەندێک لەکارەکتەرەکانی گۆڕانی راسپارد بێ ئەم جۆرە قسەو لێدوانانە لەسەر یەکێتی بدەن بۆ ئەوەی: -تاڵە دەزوویەک لەگەڵ جەماوەری یەکێتیدا بهێڵێتەوە، بۆ هەر کاتێک پێویستی کرد.

-هەندێک لەسەرکردە دەسەڵاتخوازەکانی باڵی بەناو ریفۆرم رازی بکات بەوەی ئومێدێکیان لەدڵدا بچێنێ کە ئەوان هەر سەرکردایەتین و پلەو پایەیان پارێزراوە. -بۆ ئەوەی بەشی پارێزراوبێت بەتایبەتی ئەو خۆی کە تینی بۆ دێنن داوای بەش و خاوەنداریێتی دەکات، لەکاتێکدا بەشێنەیی باس لەهەڵوەشاندنەوەی سیستمی بەش دەکات و رەخنە لەم جۆرە حزبایەتییەی کوردستان دەگرێت.

-زیهنیەتی یەکێتی پەرت بکات لە نێوان لێدوانی جیاجیادا بۆ ئەوەی یەکێتی لەسەر ئەندێشەیەکی دیاریکراو نەگیرسێتەوە: داخۆ ئەمانە مونشەقن و هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی ئۆرگانییکی یەکێتی و دەبێ لەڕووی حزبییەوە بەرەنگاریان ببێتەوە، یاخود بەپێچەوانەوە ئەمانە قەوارەیەکی جیاوازن و پێویستە یەکێتی لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسی و یاسادا مامەڵەی ئاساییان لەگەڵدا بکات؟ لەڕاستیدا بۆ یەکێتی ئاساییە لەگەڵ هەر حزب و قەوارەیەکدا مامەڵەو سەودای سیاسی بکات ئەمەش لەچوارچێوەی باوەڕبوونی یەکێتی بە ئازادی سیاسی و فرەیی، لەچوارچێوەی دەستووری عیراق و دابونەریتی سیاسی کوردستاندا، بەمەرجێک بۆی ساغ ببێتەوە، ئەمە قەوارەیەکی جیاوازە نەک ئۆرگانێکی شارەوەی حزبی کە تەماعی لەدۆخی دەروون حزبی یەکێتییە و کنەی تێدادەکات. لەبەرامبەر ئەم پەراوێزی رەفتارو گوفتارەی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بەستافی هەڵسوڕاوانی گۆڕانی داوە، بۆ

ئەوەی دڵی یەکێتییە دوودڵەکانی ناو گۆڕان رابگریێت، شەخسی خۆی رۆڵێکی تر دەگێرێت بۆ راگرتنی بەلانس لەگەڵ ئەو ئەندامانەی قەوارەی گۆڕان کە یەکێتی نین و پێیانوایە بە چوونە ناو گۆڕانەوە سیاسەتێکی جیاواز دەبینن و لەگەڵ نەوشیروان مستەفایەکی نوێدا مامەڵە دەکەن کە هەموو کەشتییەکانی دوای خۆی، لەگەڵ رابردوودا، سووتاندووە، ئەمانە بەگوێرەی وەسفی بەڕێز نەوشیروان مستەفا خۆی، لەدیدارەکەی KNNدا، ژمارەیان لە ژمارەی (یەکێتییەکانی) ناو گۆڕان زۆرترە. مەسجی بۆ نایەکێتییەکانە نەک یەکێتی ئەم گۆڕان-تەڵەبانە زۆر خۆیان پابەندی کێشەکانی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی ناکەن و زوو دەبێ لەوە دڵنیابکرێنەوە مێژووی بەڕێز نەوشیروان و لایەنگرانی لەناو یەکێتی مێژوویەکی کۆچکردووە. باشترین کەسێک ئەم دڵنیایەیان پێ بدات نەوشیروان خۆیەتی، بۆیە بەشێکی مەسجی ئەو دەربارەی جێهێشتنی یەکێتی بۆ خاوەنەکانی ئەوەندەی دڵنیاکردنەوەی نایەکێتییەکانە تا وەک وزەی سیاسی لەبەردەستیدابن، ئەوەندە بۆ دڵنیاکردنەوەی یەکێتی نییە کە ئەو دەستبەرداری کێشە نانەوە لەگەڵ حزبی پێشووی بووەو دەخوازێ مامەڵەی سیاسی و ئاسایی لەگەڵ یەکێتیدا بکات.

بێگومان ئەم دابەشکردنی رۆڵ و ئەرکە پیشەی ئەو تەیارە سیاسییە نا رێکخراوانەن کە هەڵسوڕاوەکانیان قسە لەسەر هەموو شتێک دەکەن، کەچی خۆشیان ناکەنە خاوەن لە هیچ لێدوانێک، لەنموونەی عیراقیدا وێڕای جیاوازیی ئەزموون و پێکهاتن، بەلام لیستی گۆڕان زۆر لەڕەوتی سەدر دەچن. چۆن؟

هەموو دەزانین لەچەند ساڵی رابردوودا هەڵسوڕاوانی رەوتی سەدر قسەیان لەسەر هەموو شتێک دەکردو کە هەڵەش دەردەچوون راستەوخۆ سەرکردایەتییەکەیان نەفی دەکردەوە، هەموو جارێکیش پاساو بۆ ئەم دووفاقییە سیاسییە ئەوە بوو گوایە تەیاری سەدری تەیارێکی بەرفراوانەو زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێت. دەبێ لەبیرمان بێ لیستی گۆڕان لەکاتی ئاژاوەکانی تووی مەلیک، لەشاری سلێمانی، پاساویان بۆ پەلاماردان و ئاژاوەنانەوە بەوە دەهێنایەوە گوایە گۆڕان تەیارێکی جەماوەریی بەرفراوانەو بەوان کۆنترۆڵ ناکرێت!

## تیۆری پیلانگێڕان

ئەگەر بــشێ گەواهییەکــی ئاشــکرا لەســەر ئەوە بــدەین کە بەڕێــز نەوشــیروان مــستەفا لە لێــدوانی (وازهێنــان لەیەکێتــی بــۆ خاوەنەکــانی) ئەوەنــدەی مەبەســتی دڵــدانەوەی لایەنگــرە نــا یەکێتییەکــانی گــۆڕان بــوو ئەوەنــدە مەبەســتی دڵنیــاکردنەوەی یەکێتــی نەبــوو، دەتــوانین ئامــاژە بە پاساوەکانی بدەین لەسەر هۆکاری ئاسایی نەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕان و یەکێتی وەکو دوو قەوارەی سیاسی. بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئاماژە بەوە دەکات ئەوان ،واتا یەکێتی، دوژمنایەتیان دەکەن، تۆمەتباریان دەکەن بە پەیوەنــدیی مــــــوخابەراتی، بەئینقلابچــــی و بەوەی دەســــتی بەغدایان لەپشتە. لەکاتێکدا ئەمانە مشتێکی خەرواریکن لەکردەوەکانی خۆیان:

-بەڕێــز نەوشــیروان مــستەفا خــۆی لەنووســینێکدا ئامــاژە بە ئەگەری توندووتیژی وەک یەکێک لەئەگەرەکانی گۆڕان دەکات و ئەم ئەگەرەش نە سەرکۆنە دەکات و نە لەقاویشی دەدات، بەڵکو وەکو کۆتاییەکی کراوە دەیهێڵێتەوە. لەسەر ریتمی هەوڵێکی پێشووتری بۆ دەست بە سەراگرتنی یەکێتی، بۆ بنکۆڵکردن و (رەگ) دامەزراندن و باڵ دروستکردن.

-بەڕێز نەوشیروان خۆی لەدیداری پێش ئەم دیدارەدا ستایشی هێنانی دەستەی نەزاهەی بەغدا دەکات بۆ ناو کاروباری ئیداری و دارایی کوردستان. ئەوی دەیەوێ ئەم دەستەیە بێنێت بۆ کوردستان وتەجاوزی هەموو دەزگا چاودێری وئیدارییەکانی کوردستانی پێ بکات، پەرلەمانتار ( ئازاد چالاک)ە کە ئێستا هەڵسوڕاوێکی گۆڕانە و پێشتر لەسەر بەشی یەکێتی لە هاوپەیمانی کوردستان و بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد و پتەوکردن وفراوانکردنی پانتایی سەربەخۆیی سیاسیی وئیداریی هەرێمی کوردستان نێردراوەتە بەغدا کەچی ئێستا ئەرکەکەی لێ (گۆراوە) و شوێنی خۆی بۆ نیازی قەوارەی گۆڕان لەرێی گێرانەوەی دەستوەردانی ئیداریی ودارایی وسیاسیی بەغدا لە کاروباری هەرێم بەکاردێنێت.

هۆکاری هەوڵی هێنانی ئەم دەستەیەش بۆ داکۆکیکردنە لەخۆیان، گوایە یەکێتی دۆسێی گەندەڵی (کەچەند ساڵە ئەمان کردوویانە بە دەسکەلای سیاسی) بۆ مەرامی سیاسی بەکاردێنێت. هەڵبەتە تەشخیسی ئێمە بۆ مەیلی قەوارەی گۆڕان لەهێنانی دامودەزگا ئیدارییەکانی بەغدا بۆ کوردستان مانای بە چاوی دوژمن سەیرکردنی ئیدارەی فیدرالی بەغدا نییە کە کورد بەشدارە تێیدا، بەڵکو بۆ ئەوەیە سنوور و سەلاحیاتەکانی هەردوولا ببینین وبناسینەوە.

پەیوەندیی موخابەراتیش باسێکە ئەوان خەڵکی تریان پێ تۆمەتبار کردووەو دوژمنایەتیش سیاسەتێکی بەردەوامی چوار ساڵە بووە بۆ بنکۆڵکردنی یەکێتی و لاوازکردنی و سەرەنجام دەستبەسەراگرتنی، لەکاتێکدا ئەوان بچووکترین بەڵگەیان لا نییە لەسەر دەستوەردانی یەکێتی لەکاروبارەکانیاندا.

**نەغمەی خۆ بە(بەستەزمان) نیشاندان**

هەموو سیاسەتکارێک دەستەواژەی تایبەتی خۆی هەیە. دەستەواژەی (بەندەی بەستەزمان) دەستەواژەیەکی بەڕێز نەوشیروان مستەفایە کە لەچەند شوێنێکی نووسینەکانیدا بەکاری هێناوە، بەڵام پێدەچێ ئێستا هەوڵێک هەبێت بۆ تەماهی ، بۆ تەقەمموسی ئەو حاڵەتە، واتا بەفیعلی خۆ بە(بەستەزمان) نیشاندان، لەسەر ڕێوشوێنی ئەو پەندە عەرەبییەی دەڵێ: (ضربني وبكي سبقني وأشتكي).

ئەوەش دیسانەوە بەشێکە لەدابەشکردنی ڕۆڵەکان:

-دەستەیەک بە سەرۆکایەتی بەڕێز نەوشیروان هەفتانە لەڕووبەڕوودا (تۆمەتەکان) ی یەکێتی ڕەتدەکەنەوە.

-دەستەیەک لە میدیای KNN و ڕۆژنامەو گۆڕان هێرش دەبەن و بە تقەنیاتێکی بەرزەوە بوختان دەکەن.

-دەستەیەک لە میدیای (سەرچاوەیەک کە نەویست ناوی ئاشکرا بکات) دەکەنە نووشتەی هەواڵی موخابەراتی. وەک هەواڵی ( نەوشیروان بەشی روخانی حکومەت بەڵگەی لایە) کە دزەیان بەم مانشێتەکرد ورۆڵی دواتری بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئەوە بوو نەفی دزە پێکردنەکە بکات.

-دەستەیەک لە قادەو پیاوماقوڵان ریزیان بەستووە بۆ خزمەت. ئەمانە زمانی هێمن بەکاردێنن و گوایە دەپارێنەوە میدیای حزبی بەم زمانە قسە نەکات. وەک بڵێی رەوتەکەی خۆیان سەمفۆنیا لێ بدەن.

-دەستەیەک لەپەناو پەسێوی سایتەکاندا ناخی راستەقینەیان دەردەخەن.

-جار بە جاریش باڵی (سەربازی) کۆمپانیای وشە مانۆڕی لێدوان و هەڕەشە دەخەنەگەڕ.( وەک لێدوانەکانی مام رۆستەم وعوسمان بانی مارانی و م جەمال محەمەد).

ئەمە تائێستا سیاسەتی بەستەزمانی ئەوان بووەو رۆڵەکان وا دابەشکراون.

بەو حاڵەشەوە مرۆڤ دەبێ گەشبین بێت، بەڵکو خوا بکەم هیوای گەشبینی ئەم شرۆڤەکردنە رەشبینی ئێمە بە درۆبخاتەوە؟ جا تا ئەو کاتەی گەشبینی بە نیەتی چاکەوە چاویلکەی رەشبینی رادەماڵێ، بەم (هۆنراوە وەرگێڕدراوە)* کۆتایی بەم راپۆرتە دێنین:

**تۆ نەڵێی خۆرم خۆش نەوێ کەچی پەردەکان دا نەخەی!**

**نەڵێی بارانم خۆش نەوێ کەچی چەتری بۆ هەڵنەدەی!**

**نەڵێی با م خۆش نەوێ، بەڵام، پەنجەرەکان پێوە نەدەی!**

**تۆ خۆت نەڵێی کیانلەبەریشم خۆش نەوێ کەچی هێشتا سەریان نەبڕیت و نەیانخۆی!**

**ئێستا تێکەیشتی بۆچی نەترسم کاتێ نەڵێی خۆشم نەوێی؟!**

*هۆنراوەی ژنە شاعیری دانیمارکی کاترین سنیلمان کە د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجیی شاعیر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4983 لەرۆژی 2009/9/25دا.

## هەژدە ساڵە هیچ نەکراوە، و تەزایەکی مەترسیدارە

میوانداری لایەنداریکی (گۆڕان)یان کرد لەKNN گوایە باسی واقیعەکەی پیرەمەگرووەنمان بۆ دەکات، میوان چونکە لایەنگری گۆڕانە لەجێی ئەوەی باسی دەردەدڵی پیرەمەگروون و پێویستیی رەوای خەڵکی ئەو دەڤەرە بکا، هاتە سەر دەردەدڵی (گۆڕان)ەکان، کە خوداو خەڵک و (پیرەمەگرون) دەزانن ئەم دوو دەردەدڵە چەند لێک جیاوازن.

دەردەدڵی پیرەمەگروونییەکان بۆ ماف و خزمەتگوزارییەو سووتانی سەیارەو بەردەفڕکانێ ئەم ویستە رەوایە ناشارێتەوە، (گۆڕان)ەکان و مینبەرەکەیان، KNN، بۆ مەرامی سیاسی و چەواشەکارییە، بۆ قۆستنەوەی داواو نارەزایی دیموکراتی خەڵکە لەحکومەتەکەی خۆیان.

باشە بەچی دەزانین میوانی KNN، رەفتاری چوون گۆڕانەکانە؟ بەقسەو لەفزی شیرینی وەختێک بەتەشەنوجەوە دەیگوت: (18) ساڵە هیچ نەکراوە.

(18) ساڵە هیچ نەکراوە! ئەمە کۆدی پەیوەندی ئەو میوانەیە بەو میوانداروەوە، ئەمە کورتەی خیتابی (گۆڕان)ە لەهەڵسەنگاندنی دۆخی زیاتر لە هەژدە ساڵی دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستان و بەسودفە نییە کە کەوتۆتە سەر زاری ئەو بێلایەنە لایەنگرەی گۆران، بەڵکو سەرکردەکانی گۆران خەڵک بەم ئەدەبیاتە گۆش دەکەن.

(18 ساڵە هیچ نەکراوە) زادەی چی بیرکردنەوەیەکە؟

زادەی بیرکردنەوەی ئەوانەیە کە فشەیان بە هەژدە ساڵ ئازادی ئەم ولاتە دێت، چونکە چێژیان لێ نەبینیوە، دەنا شرۆڤەی هەژدە ساڵی ئازادی بە هەژدە ساڵ کە هیچی تێدا نەکراوە، یەک مانا دەبەخشێ. دیارە دۆخی پێش ئەم هەژدە ساڵە، کە دەکاتە پێش راپەڕین، شت کراوە، بەمجۆرە گوتارە سیاسییە

پێمان دەڵێن رۆژەکانی کورد لەسایەی زوڵم و زۆرو داگیرکاری بەعسدا شامی شەریف و رۆژەگاری شت کردن بووە.

پیرەمەگرون کە رۆژگاری تاڵی راگواستن و ئۆردوگای زۆرەملێ بووە گەشەتر بوو لەرۆژگارێک خەڵک دەتوانێ بەئازادی دەنگ هەڵبڕێ و داخوازی بەرزبکاتەوە.

زادەی بیرکردنەوەی ئەوانەیە کە دەخوازن کۆششی ئاوەدانی و بیناکردنەوەی ئەم ولاتە با زۆر یان کەمیش بێت یەکسان بکەن بەسفر تەنها لەبەرئەوەی یان خۆیان بەشداری ئەو شانازییە نەبوون یان میزاجیان گۆڕاوەو هەژدە ساڵ لەکۆشش و خەباتی سەردەمی ئاوەدانی و ئازادی بە یاری منداڵ تێدەگەن.

(18) ساڵی هیچ نەکردن تاریفێکە دوژمنانی کورد ئامادەن خەرجییەکی زۆری لەپێناودا بکەن و وەک دیکۆمێنتێک لەدژی کۆی تەجرەبەی خۆبەرێوەبردنی کورد بەکاربێنن.

ئەم بۆچوونە دەکرێ تەنها وەک شاشی و هەڵەوپەڵەیەکی فیکری سەیر بکرێت ئەگەر یەکجار بگوترێت، بەڵام دووبارەکردنەوەو چەند جار گوتنەوەی، کەوتنە سەر زاری کادیرانی گۆڕان ئیتر نیشانەی ئەوەیە مەنزومەیەکی فیکری لەپشت ئەم روانینەوە هەیە.

ئەگەر هەژدە ساڵە کوردستان نەزۆکەو هیچی تێدا نەکراوە، ئەی ئەم گۆڕانە چۆن لەدایک بوو؟ ئەی ئەم روانینە (پێشکەوتووە)ی ڕای وایە هیچ نەکراوە، چۆن خەملێ؟

*کوەردستانی نوی: لەرۆژی 2009/12/28دا.

# کێ حزب و حکومەتی تێکەڵکرد ؟

گرفتی تێکەڵکردنی کارەکانی حزب و حکومەت گرفتێکە بەرۆکی حوکمڕانی کوردستان و سیستمی حزبایەتی و سیاسیی وڵاتی ئێمەی گرتووە، بەڵام چارەسەری ئەم گرفتە بەڕێوشوێنی سیاسیی ژیرو پرۆژەی قۆناغبەندی وەکو ئەوەی بەڕێز مام جەلال دەبێت تا ئەوەی بەموزایەدەی سیاسی و خەڵک تێگەیاندن و گەورەکردن بێت. کەس بەقەدەر بەڕێز نەوشیروان مستەفا لەناو فەزای حزبایەتی و سیاسەتی کوردیدا حزبی نەکردۆتە سەروەر بەسەر حکومەت و دەزگاکانییەکانەوە، ئەو بۆ خۆی تا جێگری سکرتێری گشتی بوو بەو دەسەڵاتەی کەهەیبوو نەک حزبی لەحکومەت جیانەکردەوە ، بەڵکو خاوەنی ئەو تێزەش بوو کەدەبێ حکومەتی هەرێم (ئەوسا ئیدارەی سلێمانی بوو) بێتە بەردەم مەکتەبی سیاسیی حزب و حزب لەجێی دەزگای تەشریعی (پەرلەمان) موحاسەبەی بکات، لەجێی سەرۆکایەتیی وڵات بڕیارو راسپاردەی بۆ دەربکات. لەڕاستیدا ئەو خاوەنی تێزێکی پێچەوانەبوو بۆ جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت، بەوەنا هەردووکیان بەیەکسانی لێک جیابن، بەڵکو بە بەرزکردنەوەی حزب لەسەرووی حکومەتەوە، ئەمەشی لەو ماوەیەدا پیادەکرد کە کولفیکوللی دەسەڵاتی سیاسی بوو لەناوچەی سەوز لەساڵانی (2005-2006)دا. واتا رێک لەو ماوەی بەڕێز مام جەلال لەو کاتەدا سەرقاڵی ئەرکی سەرۆک کۆماری بوو و کاک نەوشیروانیش نەک جێگری سکرتێری گشتی، بەڵکو سکرتێری گشتی موکەڕەر بوو و هەموو دەسەڵاتێکی پێدرابوو، جا لەجێی جێبەجێکردنی (ریفۆرم) کەوێردی سەرزمانی (گۆڕانخوازەکانی) ئێستا بوو، حکومەتی خستە ناو هەیکەلەیەکی واوە کەرۆژانە بگەڕێتەوە بۆ حزب. بچێتە ماڵی بەڕێزی و راسپاردەو بڕیاری لێوەربگرێت. ئەوەتا بەڕێز جەلال سام ئاغا

سـەرۆکی دیـوانی چـاودێریی دارایـی کە نە حـزبییەو نە بەشـێکی ململانێـی سیاسیی کوردستانیشە، هەر لەخودی (رۆژنامە)دا جوان ئەم باسە شیدەکاتەوە (بۆ ماوەیەک لەهەردوو ساڵی 2005- 2006 حکومەتێکی بچووک حکومەتی مصغر- کە لەبەڕێزان نەوشیروان مستەفا-عومەر فەتاح و وەزیری دارایی و سـەرۆکی ئەنجـومەنی راژەو بەنـدە پێکهێنـرا. دانیـشتەکانمان لەمـاڵی جەنابتـان دەکرد- مەبەستی بەڕێز نەوشیروان مستەفایە-زۆری پێشنیازو رەخنە لەلایەن بەنـدەوە بـوو وەک سـەرۆکی دیـوانی چـاودێریی، ئەوەبـوو هـیچ کارێکمـان نەچەسپاند کەدووربووبێت لەیاساو رێنماییەکان)-(رۆژنامە- ژمارە 551 رۆژی سێشەممە 2009/10/13). ئەمەش روونکردنەوەیەکی روون و رۆشنە لەسەر تێـزی دەسـتوەردانی حزبـی، کەچـی دوای ئەوە بەسـاڵێک، رێـک لە(2007)دا بەڕێـز نەوشـیروان مـستەفا لەزنجیـرە وتـارە (رەخنەییەکانییـدا): (گـۆڕان لێـرەوە دەسـتپێدەکا...جیـاکردنەوەی حـزب لەحکـومەت) دژی ئەم نەریـتە وەسـتایەوە کەنەریتێکە دەبێ چارەبکرێت، بەڵام بەوانە ناکرێت کە بەچڕی و لەبەرزترین ئاست تا رادەی پێکهێنـانی حکـومەتی موسـەغەر پیادەیـان کـردووەو دواتـریش بەداوای درەنگ وەخت بیکەنە تایتڵ و دروشمی پەیامی گۆڕانیش. هەروەک چـۆن بـووە بەشـێک لەئاماژەی نووسـینی (ئێمەو ئەوان)ەکـانی کەتێیـدا بەدەق دەڵێت: (ئێمە دەمانەوێت دەستوەردانی حزب مەکتەبەکانی و مەڵبەندەکان و کۆمیتەکـانی لەکاروبـاری رۆژانەی دامودەزگاکـانی حکـومەت و زانکـۆو دادگـاو رێکخراوەکــانی کــۆمەڵی شارســتانی دوور بخەیــنەوە. ئەوان دەیانەوێــت دەستتێوەردانی حزب لەکاروباری حکومەت و هەموو بوارەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکدا توندتر بکەن- نەوشیروان مستەفا- ئێمەو ئەوان ناکۆکییەکان لەسەر چـــین؟ لاپەڕەکـــانی 59-60). لێـــرەدا پرســـیار ئەوەیە (گـــۆڕان) لەکوێـــوە دەسـتپێدەکات؟ لەشـاردنەوەو دیـزە بەدەرخـۆنەکردن راسـتییەکانی مـاوەیەک لەدەسـەڵاتداریێتی سـەرانی گـۆڕان، یـان لەدانـنـان بەکەموکوڕییەکانی خۆیـان و کارکردنی شێنەیی و ژیرانە بۆ جیاکردنەوەی فیعلی حزب لەحکومەت. خـۆ لەئاکامیشدا کردار شەرتە.

*کوردستانی نوێ لەرۆژی 2009/10/18دا.

# بزاوتێکی گەرم

لەماوەی داهاتوودا کوردستان بزاوتێکی سیاسیی چڕوپڕ بەخۆیەوە دەبینێت، کەزادەی ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردن و دەرکەوتەی دوو فاکتەری تریشە: فاکتەری یەکەمیان: لەو هەڵبژاردنەوە هێزی نوێ هاتنە ئاراوە، کەچونکە تازەن هێشتا بڕیاریان لەسەر شێوەی هاوپەیمانێتی یان سەنگەرگرتنی دیموکراسی یان ئۆپۆزسیۆنێکی چۆنایەتی نەداوە. فاکتەری دووەمیشیان: سایەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەسەر ئەم بزاوتە تازەیەی رووی لەپێکهێنانی حکومەتی تازەی کوردستان و شەقلی سەنگەربەندیی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانە.

حکومەتی داهاتوو، حکومەتی بەرنامەی یەکێتی و پارتی، بەرنامەی نوێبوونەوەو ئاوەدانی دەبێت و ئەم تایتڵە لەژێر چاودێری پەرلەمانێکی بزۆزدا دەبێت. بۆیە تایتڵێکی جددییە، هێزەکانی دەرەوەی حکومەت چۆن مامەڵەی دەکەن؟. لەماوەی داهاتوودا بەڕێز سەرۆکی هەرێم پەرلەمانی کوردستان رادەرسپێرێ بۆ یەکەم کۆبوونەوەی دەورانی تازەی خۆی، هەر ئەو ماوەیەش چاوەڕێدەکرێت یەکێتی و پارتی وەک دوو حزبی پێکهێنەری لیستی کوردستانی لەڕێی زنجیرە کۆبوونەوەیەکەوە پۆستە سیادییەکانی ئیستحقاقی خۆیان یەکلایی بکەنەوە. مژولبوون بەم ئەرکەوە رێی لەوە نەگرتووە لیستی کوردستانی لەڕێی دیداری لابەلای سەرکردایەتییەکەشییەوە بێت دەمودووی لیستە دەرچووەکانی تریش تاقیبکاتەوە، کەداخۆ دێنە حکومەتی داهاتووەوە یان لەپەرلەماندا وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوەو ئەگەریش ئۆپۆزسیۆن دەبن دابونەریتی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی پەیرەودەکەن کە بەپێی پرەنسیپی (ململانێ و هاوکاری) کار دەکات یان دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی رێگر لەبەردەم هەر پرۆژەو

بڕیارێکی حکومەتی نوێدا؟. هاتنەناو حکومەت بۆ هێزێکی دەرچوو لەگەڵ خۆی ئیستحقاقاتی تر دێنێت وەک ئەوەی ژمارەی وەزارەتەکان کە کەمدەبنەوە چۆن بەشی هێزە بەشدارەکانی دەرەوەی لیستی کوردستانی لێدەدرێت و ئەگەر بەم پێیە حکومەتی کوردستان حکومەتی ئیئتیلافی بێت ئایا موئتەلیفەکان دەشبنە موئتەلیف لەپەرلەماندا با فراکسیۆنی جیاوازیش بن؟. مانەوەش لەدەرەوەی حکومەت وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی دیسانەوە رێگە لەوە ناگرێت ئۆپۆزسیۆنەکان هەمەچەشن و ئەمپەڕی چەپ و ئەوپەڕی راست بن (دیارە لەباری سیاسییەوە، نەک فیکرییەوە)، یانی دەشێت لەحکومەت نەبن، بەڵام لەبڕیارە چارەنووسسازەکان، لەتەشریعاتە سەرەکییەکاندا هاوپەیمانێکی سنووردارى فراکسیۆنی لیستی کوردستانی بن (فراکسیۆنی یەکێتی و فراکسیۆنی پارتی)، ئەمەش جۆرێک لەپاداشت دەخوازێ هەر لە خواچاکەتان بداتەوە تا دەستخۆشی و تا رەچاوکردنیان لەپێشهاتە سیاسییەکاندا، لێرەوە سێبەری هەڵبژاردنی داهاتووی عیراقیش لەم پرسە بەدوور نابێت، رەنگە لیستی یەکەمی براوەی هەڵبژاردنی کوردستان پەراوێزێکی تریشی لەپێش بێت لەگەڵ لیستەکانی تردا بۆ ئەوەی هەڵوێستی کوردستان لەبەرامبەر هێزەکانی بەغدا وەکو جاران بەهێز بێت بۆ نموونە بەشدارییپێکردنی لەهەریەک لەحکومەت و پەرلەمان، لەبڕیاری حکومڕانی ناوخۆییدا بەمەرجی یەکهەڵوێستی کورد لەپەرلەمانی داهاتووی عیراق (جا لەمانەوەی یەک هاوپەیمانی بێت یان جۆرێک لەنزیکایەتی). پێموایە لیستی کوردستانی بڕیاری پێشوەختی، نییە لەسەر جۆری هاوپەیمانێتییەکان و بەمپێیەش دیارە دەرگاکانی والایە، بۆیە دەبێت وەک کاری شرۆڤەکاریی سیاسیش دەرگا بەوالایی بهێڵینەوەو مەزەندەمان خێربێت لەسەر هەمووولایەک، یانی لیستەکان بەحکومەت و ئۆپۆزسیۆنەوە ئاوێتەیەک لەبەرژەوەندیی نیشتمانی و ئیستحقاقی هەڵبژاردن دروستبکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4948 لەرۆژی 2009/8/13دا.

## لەمێژە لەگەڵمان لە دەعوان!

لەمێژە لەگەڵ راگەیاندنی یەکێتی لەدەعوای، لەمێژە بەراگەیاندنی بەعسی دەشوبهێنی و لەبەردەم میدیای نەیاری یەکێتیدا هەرزان فرۆشت کردووە، وەختێک خەڵک وەک بەرپرس دەهاتە لات یەکەم قسەو دوا قسەت شکاندنی میدیای یەکێتی و تێکۆشەرانی بوو، تەنانەت ئەو کاتەی لەیەک سەنگەریشدا بووی لەگەڵ وان، شکاندن و سوکایەتیکردن پەیڕەوی زمانت بوو. لەمێژە لەگەڵ راگەیاندنی یەکێتی لەدەعوان، چونکە یەک لەو قەڵایانە بوو کە نەتانتوانی بیگرن، درزی تێبخەن و بیخەنە ژێر رکێفی خۆتانەوە، بۆیە هێشتا هەر لەگەڵیدا بەقینن، هێشتا رقێکە دەبڵ، چونکە راگەیاندنێکە دەستەمۆتان نەبوو، چونکە راگەیاندنی حزبێکە دەستەمۆتان نابێ، روونکردنەوەی بزووتنەوەکەتان باعیسی رووداوێکی نوێیە ئەمما بنەچەکەی شەڕێکی کۆنە قینە. شەڕێک کە کەی ئێن ئێن وا توندی کرد ناچار بەڕێوەبەری پێشووتان لابرد، چونکە خۆتان وتەنی (ماڵ و منداڵی لەدەرەوەیەو ئێمە تووش دەکات). شەڕێک کە بەچەندین شێواز کردتان و دوایینجار لەڕوونکردنەوەی بزووتنەوەکەتاندا بەئاشکرا پەردەتان لەسەر هەڵماڵی و بەبێ ئاگایی لەدووتوێی رستەکانی ئەو روونکردنەوەیەدا درکاندتان کەئێوەن لەپشت سایتی کوردستانپۆستەوە، ئێوەن ئەندازیاری سوکایەتیکردن و تەشهیرکردن بەخەڵک بەناوی خوازراوەوە، ئێوەن کەئیتیکی نووسین و کاری راگەیاندنتان دابەزاندووە بۆ نزمترین ئاست کەئینسان قێزی لێدەکاتەوەو کەشێکی ئیرهابی فیکریتان بڵاوکردۆتەوە لەباخچەی پشتەوەی ئیعلامە رەسمییەکەتان. ئێستاش دەتانەوێت بەخشکەیی بیگوازنەوەو بیکەنە مۆدێلی کەناڵە ئاشکراکانتان. تۆ لۆمەی راگەیاندنی یەکێتیت دەکرد کە لەوەی بەعس

دەچێت وەختێک هەر خۆت لەو حزبەدا بڕیار بەدەست بوویت، ئەی ئێستا وەڵامت چییە کەخۆت خاوەنی ڕاگەیاندنێکی ئەسڵەکەی دەچێتەوە سەر کوردستانپۆست، پێدەچێ هات و هاواری ئەو ڕوونکردنەوەیەشتان بۆ ئەوەبێت شەرعیەت بدەنە ئەو پیلانەی بەدەستانەوەیە بۆ گشتاندنی ستایلی مۆدێلی کوردستانپۆست بەسەر کۆمپانیای وشەو کەناڵەکانیدا، چونکە پێدەچێ بەو هەموو توندی و تەشەنوجەوە دڵتان ئاو نەخواتەوە کەڕاگەیاندنەکەتان کاری پێدەکات. پێدەچێ بەرنامەتان هەبێت شەڕی کۆنەقین بخەنە ئاستێکی دیکەی ترسناک کەئارەزووی رق و کینەتان زیاتر تێر بکات. لەمێژە لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکێتیدا لەدەعوان، چونکە بۆتان نەلوا ئەوەی ئێستا لەگردەکە دەیکەن لەوێ بیکەن. بۆتان نەچووە سەر ئەوەی ئێستا بەناڕاستەوخۆ لەکوردستانپۆست و هاوڵاتی و هەندێ کەناڵی دیکەدا دەیکەن، لەوێ جێبەجێی بکەن، بۆیە بەهی بەعستان دەچوواند. دوایی دەرکەوت زۆرتر و زیاتر تینووی دەرکەوتنن، زیاتر سەرقاڵی سیاسەتی دێواندن و قەرزاوی کردنن کەئێستا وەکو یوسف قەرزاوی هەفتانە لەتەلەفزیۆنەکەتانەوە دەردەکەون و وەعزی هەمەچەشن دەدەن و تەنزیر بۆ دابەشکردنی کوردستان و لێکدابڕانی دەکەن. لەمێژە لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکێتی لەدەعوان کەوا چەند ڕۆژە سیاسەتێکی نوێ دادەڕێژێ، ئەمما دەعوای گەورەتان لەگەڵ یەکێتی خۆیدایەتی کەئێستا رووی لەپلنیۆمی ڕێکخستنەوەی ریزەکانی خۆیەتی رووی لەچاکسازیی و تاودانەوەی تێکۆشانی سیاسییەتی. هاوارتان بۆ شێوانی کەشی سیاسی یەکێتییە کە چیتر قبوڵی ناکات بڕیاری سیاسی پەکبخرێ و دەستێکتان لەناو هەناویدا بێ و دەستێکیشتان لە دەرەوەی بێت بۆ پیلانگێڕی لەدژی. هاوارتان بۆ تیۆری پیلانگێڕانەو خۆشتان دوو دێڕ دواتر باسی بۆنی پیلانێک دەکەن.... نەخێر پیلان نییە، نەخشەیەکی سیاسی ڕاست و دروستە کە چیتر سوکایەتی بەیەکێتی و ڕاگەیاندنی یەکێتی قبوڵ ناکات. پیلان نییە، بەڵکو ئیرادەیەکە تەنها ڕاستییەکان بۆ خەڵک ڕووندەکاتەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4999 لەرۆژی 2009/10/15دا.

بەشی پازدەیەم

# موزایەدە و ململانێ

# کوردستان لەپێشوازیی هەڵبژاردنی عیراقدا
# هەڕەشەو تەحەدا، خەبات و ئاسۆی سەرکەوتن

سەرەتا یان نیوەی یەکەمی ساڵی 2010 وڵاتی عیراقی رزگاربوو لەدەست دیکتاتۆری سەدام حسێن، سێیەمین هەڵبژاردنی گشتی خۆی بەرپا دەکات، ئەم هەڵبژاردنە هەتا بڵێی لەچەند سەرێکەوە گرنگە بۆ دوا دارشتنی شێوەی دەوڵەتی عیراق و دوور لەوەسفە گشتییەکان بەڕاستی نێوی (چارەنووسساز)ی قابیلە، چارەنووسسازە بۆ کوردستان، بۆ عیراق و نێوەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش ئەمەش سەبارەت بەو ئومێدەو چانسانەیە کەهەموو کارەکتەرە پەیوەندیدارەکان بەدۆخی عیراق بەم هەڵبژاردنەیان هەڵچنیوە، هەڵبەت بەو کاراکتەرانەش کەباوەڕیان بەیەکلایکردنەوەی دیموکراسی کێشەکان هەیەو بەوانەش وا لەدیموکراسی هەڵبژاردن دەڕوانن، کە تەنیا پەیژەی سەرکەوتن یان دەستکەلایەکی کاتییە، بۆ پاکتاوکردنی حساباتی سیاسی و ئەمجۆرە کاراکتەرانەش لەبازنەی ناوخۆیی (کوردستان)و سەرتاسەری وڵات (عیراق)و بازنەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش سەرەتاتکێیانەو تێبینی دەکرێن، هەڵبژاردنی داهاتووی عیراق لەدۆخێکی ئینتیقالی ئاڵۆزدا سازدەکردێت، بۆیە سایەی ئەو دۆخە بەسەر هەموو قوشبنێکی هەڵبژاردنەکەوە دیارە، هەر لەتەگبیری یاسای هەڵبژاردنەوە تا پێکهاتنی قەوارەو هاوپەیمانێتییەکان، تا هەڵمەتی چاوەڕوانکراوی هەڵبژاردن و رێوشوێنی سازکردنی هەڵبژاردنەکەش لێرەداا تەنها چەند خەسڵەتێکی سەرەکی دەستنیشان دەکەین:-

-کۆمەڵێک کێشەی بەمیراتی ماوەی دەوڵەتی عیراق، کەتائێستا چارەسەر نەکراوە.

-کۆمەڵێـک کێـشەو گرفتــی نـاو پرۆســەی سیاســی عیــراق، وەک هەر پرۆسەیەکی سیاسیی لەوڵاتێکی دیموکراتیدا.

-کێشەو گرفتە هەوکردووەکانی دەمی هەڵبژاردن و گەرم بوونی ململانێکانی ناو هەناوی.

جا هەتا ئەم سێ خەسڵەتە پێکەوە سەیر بکرێن و تێکەڵ بکرێن زەحمەتە بتوانرێ هەم لەشرۆڤەکاری بۆ نووسەران و هەم لەدۆزینەوەی چارەسەر، بۆ کاراکتەرانی سیاسی دەرەقەتی بێین، ئەم دۆخە ئینتیقالییە بەر لەهەموو شتێک پێویستی بەپۆلێنکردنی کێشەکانی قۆناغی ئینتیقالی هەیە تا هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی هەڵبژاردنی جێی باس بابەتی بێت و بەکەڵکی ئەوە بێت رووناکی زیاتر بخاتە بەر رێی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و هێزە پێکهێنەرەکانی بەتایبەتی هێزەکانی (کوردایەتی پێشکەوتنخوازو دیموکرات) لەوێستگەیەکی تری ململانێی سیاسی لەعیراق.

## هەندێک پرەنسیپی سەرەتایی

باسکردن لەدۆخی ئینتیقالی ئاڵۆز لەعیراق، مانای تانە لێدان لەپرۆسەی سیاسی یان بێئومێد بوون لێی ناگەیەنێت، دۆخی ئینتیقالی دۆخێکە تێپەڕ دەبێت و هەر بەلایەکدا دەشکێتەوە، زەنگ لێدان بۆ ئەم دۆخە ناپاکانەیە بۆ کەموکورییەکانی، نە خۆترساندنە لەئاڵۆزییەکانی و بێگومان بەکەم تەماشاکردنی لەمپەڕەکانی پرۆسەی سیاسی عیراق و سایەتی ئەو پرۆسەیەش بەسەر هەڵبژاردنی داهاتووەوە نییە، گوایە بڵێین دۆخەکە ئینتیقالییەو ناوەکەی بەخۆوەیەتی و گوزەر دەکات، بەڵکو دەبێت بزانین هیچ رێگەیەکی ئاوریشمی نییە بۆ سەرکەوتن و ئەم دۆخە ئینتیقالییە بەلایەکدا دەشکێتەوە، ئەمما داشکاندنەکە بەندە بەخەبات و تەداروکاتی پێویستەوە.

دەبێت هەر لەسەرەتاشەوە ئەو بیرۆکە شێواوە لەقاو بدەین کە بەشێوەیەکی ماتماتیکی بێ رۆح و بێ گیان هەڵسەنگاندن بۆ ئەم دۆخە ئینتیقالییە دەکات و بەگوێرەی پێویستی رۆژانەیی مامەڵەی سیاسی توند، یان شلی دەکات، رۆژێک قەبارەی مەترسییەکان و هەڕەشەکانی سەر کورد وا بچووک دەکاتەوە، کە

قودرەتمەنـدی دەوڵەتـی عیراقمـان لێـدەکاتە قودرەتمەنـدی بـێ کەڵکـی یەک لەکۆمارەکـانی مـۆزو دۆخـی هاوکێـشەی (کوردسـتان/ عیـراق) وەک شـامی شـەریف نیـشان دەدات و رۆژێکـی تـریش لە (مەعـرەزی حـاجە)ێکـی تـردا سیاسەتی کوردستان وابچووک دەکاتەوە، کەدەرەقەتی بچووکترین ململانێی ناو سیاسـەتی بەغـدا نـایەت یـاخود لەکەیـسێکی تـردا چەنـدین ئاسـتی شاشـی و نارۆشـنی سیاسـی دەردەخـات، لەنێـو نەعـرەتەی مـوزایەدەی نەتەوەیـی بەزمـانی کـوردی و موغـازەلەی پـان عیراقیزمێکـی شـۆڤێنی نەتەوەیـی سەردەسـت کەجیاوازە لەیەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی چوارچێوەی عیراقێکی دیمـوکرات و فیدراڵ.

یـان وەک لەهەنـدێک هەڵـسەنگاندندا دەیبینـین کەدەمێـک هەمـوو عیـراق بەچـاویلکەی رەش و دوژمنانـانە سـەیر دەکـات و دەمێکـی تـر بەغـدای لـێ بووەتە قەزایەکی پەمەیی لەدیموکراسی و لەدۆستایەتی و لەمەرجعیەتدا.

راستییەکەی هەڵسەنگاندنی بابەتی ئەوەیە پەیوەندی جەدەلی نێوان مەترسی و تەحـداکان لەلایەک و چانس و ئاسۆی پێشکەوتنێکی نوێ لەلایەکی تـرەوە بـدۆزینەوە، هەڵـسەنگاندنی بـابەتی لەقـاوەدانی مـوزایەدەو جیـاکردنەوەیەتی لەپێداگری نەتەوەیی، لەقاودانی پشی پشی بـۆ شـۆڤێنییەکان و جیـاکردنەوەیەتی لەسازان و تەوافـوق لەم چوارچێوەیەدا لەهەر کوێیەکی ئەم زنجیـرەیەدا باسی هەڕەشـەو مەترسـییەکان دەکرێـت. بـۆ تـرس و چۆکـدادان و پاشەکـشێی کوردایەتی نییە، بەڵکو بۆ ناسینەوەی هێزی خۆمانەو مامەڵەی ژیـرانەیە لەگەڵ دەرکەوتەکاندا.

ستایـشی هێـزو توانـای کـورد بـۆ بەهەدەردانـی نیـیەو سـەرکۆنەی لاوازییەکانیشمان نابێت بیانوو بێت بۆ پشوو کورتی و دەستبەردار بـوون. دیـارە ناسـینەوەی ئەم خەسـڵەتانەش لەنـاو پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتان و عیراقـدا هێزەکانی کوردایەتی جیادەکاتەوە.

## سڵاوێک لەئێوەش روبەیعی

ساڵی 2005 دیدارێکی دوورودرێژم لەگەڵ د.موەفەق روبیعی کرد، هاتبووە کوردستان و بەدوای دۆستایەتی کورددا دەگەڕا بۆ برا شیعەکانی خۆی، لەدیدارەکەدا وتی: کەرکوک بەشێکە لەکوردستان و بەمناڵی لەگەڵ دایکم کەدەهاتمە ئەم ناوچانە هەر لەحەمرینەوە هەستم دەکرد کەشوهەواو جوگرافیایەکی جیاواز دەستپێدەکات کەکوردستانە. دیدارەکەم تێروتەسەل بوو، هەرچی بیروڕای روبەیعی بوو، بەوی بەدڵم بوو، بەوی لەگەڵیشی نەبووم بڵاومکردەوە.

جوگرافیاو کەشوهەوای سروشت وەکو خۆیەتی، بەڵام کەشوهەوای سیاسی ئامانی بۆ نییە، روبەیعی لەبەغدا دۆسێی ئەمنی قەومی گرتە دەست، ئەم ئەمنی قەومییەش هیچ ئیقاعێکی مۆسیقی نییە تادڵم پێی خۆش بێت، روبەیعی دوورو نزیک هەر دۆست مایەوە، تەنانەت لەدوا دیداریشدا کەڕۆژنامەی ئاوێنە سازیکردووە هەر دۆستانە قسەی کردووە، بۆیە منیش رەخنەکانم دۆستانەیە. -رەخنەم هەیە لەبەڕێز روبەیعی کەدەڵێ لەجێی حکومەتی کوردستان بم بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ دەکەم و ئەم بەرە لەژێر پێی ئەوان دەردێنم، لەکاتێکدا حکومەتەکان بۆ ئەوە متمانەی خەڵک بەدەست دێنن و دروست دەبن کەبەرنامەی خۆیان جێبەجێبکەن نەک بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن، ئەمەش ئاسایی و نۆرماڵترین دابی سیاسییە لەهەر وڵاتێکدا. - گلەیی دووەمم واتێگەیشتم دۆخی هەڵبژاردنی کوردستان بەهەل دەزانێ تابڵێ دەرکەوت خەڵک فیدراڵی ناوێ و 140ی مەبەست نییە، خەڵک کارو کەسابەت و گوزەرانی دەوێت. دەزانم دوایی راستی دەکاتەوە (راستە ئەم ماددەیە، ماددەی 140، گرنگە، بەڵام) لەمە بۆنەکەم کەرێزدار د.موەفق

روبەیعی خۆشحاڵە ئەگەر خەڵکی کورد خەریکی گوزەران و ئازوقەی بایەعێکە بێت و دەستبەرداری فیدراڵی و 140 ببێت، ئەمە موژدەیەکە بۆ ئەوان  کە نەیانتوانی خۆیانی لێ لابدەن، ئەم قسانەی ئەم دۆستەمان زەنگێکە بۆ کوردستانییان کە لەپاڵ گوزەران و چاککردنی خزمەتگوزاریی مەسەلە سیاسییەکانی خۆیان لەبیر نەکەن. ئەگەر کورد کەرکوک و فیدراڵی بەئازوقەو کارەباو خۆشگوزەرانی دەگۆڕێتەوە ئەوا دەیان ساڵ خەباتی خوێناوی نەدەویست و حکومەتی عیراق، هەر حکومەتێک بێت، ئامادەبوو بەهەزاران ئەم خزمەتانە لەپارەی کورد خۆی، دابین بکات، بەڵام بۆ کورد نەیکرد، چونکە مەسەلەی کورد مەسەلەی بایعێکە نییە؟ بۆ حکومەتەکانی عیراقیش نەیانکرد، بۆ توتنەکەیان لەکورد نەدەکڕییەوە، چونکە دەیانزانی مەسەلەی کوردو مەسەلەی توتنەکە دوو شتی جیاوازن باهەردووکیان بۆ یەک مەبەستیش بەکاربێن.

*کوردستانی نوێ: لەرۆژی 1-2009/9دا.

## مەسەلەکە لەکوێ گیرسایەوە؟

ئێمەش دەمانەوێت کەڵک لەدیموکراسی وەربگرین و رەخنەتان لێ بگرین.

سەیری میدیای گۆڕان بکە هەست دەکەیت نزیکەی پەنجا پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی خەوتبوون و سێ و چوار (گۆڕانخواز)ە خۆشاردووەکەی ئەوان لەناو لیستی هاوپەیمانیدا هەموو شتێکیان کردو نووستووەکانی ئێمەیان وەخەبەر هێنایەوە.

سەیری میدیای برایانی یەکگرتوو بکە هەست دەکەیت پێنج برادەرەکەی لیستی یەکگرتوو سیحریان کردو سیحری یاسای هەڵبژاردنیان بەتاڵکردەوە، ئەمە لەکاتێکدا هەر حیسابی ژمارە بکەیت (50) کەس دەنگیان دلێرترە تا (5) کەس جا ئیتر ئەو پێنجە (گۆڕان) بن، لەبەرگی ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانیداو لەخۆیان گۆڕابن، یاخود یەکگرتوو بووبن، لەمەیدانی جەنگی سەربازیدا دەشێ فیئەیەکی قەلیل لەفیئەیەکی گەورەتر ببەنەوە، بەڵام لەمەیدانی دەنگدان و دیموکراسیدا یان دەنگ یان سازانێکی ژیرانە سەرکەوتوو دەبێت، برایانی یەکگرتوو جاران ئەمانەیان دەزانی، لێ لەوەتەی گۆڕان پەیدا بووەو ئەوان داڵغەی لەدەستدانی پێگەی یەکەمی ئۆپۆزسیۆن پێکاونی، خەریکە دۆخی میانڕەوی تێدەپەڕێنن وەکو گۆڕانەکانی جاران یەکێتی بوون توندبوون و نوقرچیان لەنوقرچی دۆست تێپەڕی کردووە، وەک بڵێی ئەوی (گۆڕان) دەیکات مادەم وەک یەکگرتوو نایکات کەوابێ سەرکەوتووترە بۆیە بەرێزێکیان گوتبووی: (ئەم دەرگایە بەپۆستاڵی گۆڕان دەشکێ نەک بەکاڵای ئێمە).

خوا لەبەڵای پێڵاوو کاڵا دورمان بگرێت جا ئیتر هی یەکگرتوو یان گۆڕان، هی مونتەزەر زەیدی یان هی سەیف و ئەلخەیات بێت.

**قسە ناچێتە گیرفانەوە**

با لەباسەکە زۆر دوور نەکەوینەوە، ئێمە ئێستا دوای ئیمزای سەرکۆمار (هاوڕێیان و برایان) بەڤیتۆی جێگری سەرکۆماریان گۆڕیەوە، شایەتی دوا مشتومڕی هەموارکردنی یاساکە بووینەوە، برادەران باوەڕیان بە عەرەبی زانییەکەی لیستی هاوپەیمانی نەکردو خۆیان چوونە بەغدا، لەوسەرەوە بە (43) کورسی موستەحەق بۆ هەرێم و هەڵوێست نامەکەی نایندەی گۆڕانەوە گەڕانەوە کە هەر قسەی رووتەو قسەش ناچێتە گیرفانەوە.

بەینی خۆمان بێت یەک زەرە باوەڕم بەهەڵوێستنامەکەی (گۆڕان) نییەو ئەو بەڵێنە دووپاتکراوەی ئەمریکام پێباشترە با تەنانەت بە خەواجە خوازم لەقەڵەم بدەن.

ئێستا لەم بازاڕی موزایەدەدا، چ شمەکێکمان دەست کەوت؟ دوو هێزی ئۆپۆزسیۆن شەڕیانە لەسەر ئەوەی کامیان لەپێشتر بوون لەسەرکۆنەکردنی هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستاندا، ئەمما پێیان نەوتین دەستکەوتی دوای هەڵای ناو میدیای لۆکاڵی کوردی چیبوو؟ هەر نەبەردییەکەی هاوپەیمانی براوەتر نەبوو لەبەغدا تا نەبەردی شەڕ لەسەر توانج گرتنە نوێنەرانی کورد؟

نەمدەویست نوقرچم دوو سەرە بێت، لەگۆڕان و لەیەکگرتوو، بەس مادام برادەرانی یەکگرتوو بەوپەڕی تواناوە کەڵک لەدیموکراسی کوردستان وەردەگرن و ماوەیەکە کێرڤیان لەرەخنەدا کەیف سازە، ئەی ئیتر بۆ ئێمەش لەو دیموکراسییەی وڵاتەکەمان بەهرەمەند نەبین و نەپرسین: برایان چاکە ئێوە لەگەڵ هاوپەیمانی بوون لەزۆربەی هەڵوێستەکاندا، بەڵام ئەگەر قەرارە ئەمە ببێتە منەت ئەوا ئێوەش کوردن و ئەم کوردایەتییەتان لەئەدەبیاتی چاکە خوازی کوردایەتیدا بۆ دەنووسرێت، نەک لەتۆماری هاوپەیمانی کوردستاندا، مەسەلەی کوردەو لەکورد قەوماوە، جا ئەو کوردانە یەکگرتوو بن یان هاوپەیمانی، یاخود تەنانەت گۆڕانیش.

لەکۆتایشدا هەموومان ساباتی دیموکراسی کۆمان دەکاتەوەو هەمووشمان دەتوانین رەخنە لەیەکتری بگرین و لەم ئازادییەی بەخوێنی شەهیدان و

ڕەنجی ماندوونەناسانەی پێشمەرگە بەدیهاتووە بەهرەمەند بین و بشپرسین ئەرێ باسەکە لەکوێ گیرسایەوە؟ کێ بەکاڵاو کێ بەپێڵاو یوسفی لەبنی بیرەکە دەرکردە دەرەوە؟

*کوردستانی نوێ: ژ:5043 لەرۆژی 2009/2/9دا.

# فره لیستی، کورد پەرت دەکات و
# عەرەبیش لەئیلتیزامەکانی پەشیمان دەکاتەوە

ڕوومان لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراقەو ئەم پرسەش بەچەندین دەرکەوتی سیاسی و ڕووداوی هاوزەمانی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکە دەورە دراوە، وا دەبینین لەئاستی عیراقدا ئەم تیرۆرو تەقینەوانەی کە بەغدایی و موسڵاوی و ماوەیەک پێش ئێستا کەرکوکییەکانی تووشی فەلاکەت و ئەزیێتدان کرد، سەرئەنجام کار لەسەر پێکهاتەو ئاراستەی هاوپەیمانێتییەکان دەکەن، ئیئتیلافی تازەی شیعە پێکهات و مالیکیش تادوا چۆری دواخستن دەستی دەستی بەهاوپەیمانە مەزهەبییەکانی دوێنێی خۆی کردو کەچی هەر نەهاتە ژێر بار، بەڵام ئەم تەقینەوانەی دوایی پێش هەموو کەسێک مالکی لەگەڵ واقیعێکی نوێدا ڕووبەڕوو دەکەنەوە. وەک شرۆڤەکارێکی سیاسیی لەبەغداوە سەرنجی پێدام مالکی هەر دەسکەوتی چاککردنی ڕەوشی ئەمنی هەبوو پێیەوە بنازێ و ئێستاش ئەم دەسکەوتە لەبنەوە هەڵتەکا، خەڵک زیان و زەرەرێکی زۆری کردو کاردانەوەی خاوخلیچکی دەزگا ئەمنییەکان و سەرهەڵدانەوەی باسوخواسی دزەکردنی ناحەزان بۆ ناو دەزگا ئەمنییەکان خەریکە سەرۆک وەزیران بگێڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی سەرەتا، دەستوبرد نەبوون لەپەرچەکردارو دروستنەبوونی جەمسەرگیرییەکی چۆنایەتی لەدەوری حکومەت کە یارمەتی بداو هاوخەمی لەگەڵدا بنوێنێ، ئەمانە هەمووی دەرەنجامن بۆ لا تەریککەوتنی نوری مالکی. مانشێت و سەروتارەکانی ڕۆژنامە سەنگینەکانی بەغدا، ئەوی لەگەڵ حکومەتن و ئەوی لەدژین و ئەویشی مەسافەیەکی چوونیەکیان لەنێوان حکومەت و نەیارەکانی داناوە، هەموویان سەرنج لەو لا تەریککەوتنە دەدەن. سێبەری هەڵبژاردن لەتەقینەوەکاندا

ڕۆژنـامەی ئەلـمەدا لەسـەروتاری سەرنووسـەرەکەی، فەخـری کەریـم، تـوانج لەکاردانەوەی حزبیانەی دەستەبژێری سیاسیی بەغدا دەدات لەبەرامبەر ئەم تەقینـەوانە کە بـۆنی هەڵوێـستی ململانێـی هەڵبژاردنـی لێـدێت تـا پەرۆشـی و دڵنەوایی بۆ کەسوکاری قوربانییەکان. میدیای ڕەسمی: ڕۆژنامەی سـەباح و تـۆڕی میـدیای عیراقـی و تەلەفزیـۆنی ڕەسـمی ئەلعیـراقیە تـۆپەکە فڕێـدەدەنە گۆڕەپـانی سـوریاوە، بەڵام تەنـانەت ئەوانەش نـاتوانن بەربەسـت لەو تێبینیـانە بکەن کەڕەخنەو سەرزەنشتی مالکی دەکەن داخـۆ بـۆچی پرۆسـەی ئاشتەوایی سیاسیی تەواو نەکـرد تـا لەگەڵ ئارامی و هێمنایەتیـدا فەزای وڵات والێبکرێـت کەیفـی بەدەسـتپێکردنەوەی تیـرۆرو تەقەکـردن نەیەت؟ لەوە ناچێـت چیتـر دەستەبژێری سیاسیی لە تەنگـژەدا کاغەزی سپی بـۆ مـالکی ئیمـزا بـکەن کە دواتــر هەڵچــوونەکە نیــشتەوە، ئەو خــۆی بکــاتەوە بە خاوەنــداری هەمــوو دەســتکەوتەکان. تەنهــا ســەرۆک تاڵەبــانی لەدەرەوەی کــاریگەریی پەتــای هەڵبژاردنـی داهـاتوو لەگەڵ ئەم پرۆسـەیەدا مـامەڵەی کـردو لەگەڵ دەسـتەی سەرۆکایەتی کۆمار کەوتە تەکبیـری یەکڕیـزی عیراقییەکان و دەستکردنەوەی راسـتەوخۆ بـۆ چارەسـەری بەدوا هـاتووە جـۆراو جۆرەکـانی تەقینەوەکـان. لەم هەلـومەرجەدا مـالکی دەسـتمایەی دەسـکەوتی ئەمنـی لە دەسـتکراوەتەوە تـا ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون یان ئیئتیلافی مالکی لەگەڵ (خـۆی و خـۆی و خۆیـدا) بکاتە ئیئتیلافێکی دەنگ دلێر بەسـەر ئیئتیلافە سوننەتیەکەی شیعەکاندا. ئەم رەوشە ناجێگیرە ئەمنییەش سەرۆک وەزیران بایی ئەوەندە دەشڵەژێنێ لێـدوانی پەرتـکەرو تونـد بـدات و پرشـکی بەر ئەو هاوپەیمـانە گریمانـانە بکەوێـت کە مـاوەیەک بەری نهـا ئـارەزووی هاوپەیمـانێتی و یەک ماڵییـان لەگەڵ مـالکی نیشاندا، وەک بنەماڵەی ئەبوریشە لە ئەنبارو هەندێک هێـزی تـری سوننەکان. مـالیکی لە نـاو داوەکەدا خیتـابی تونـدی مـالکی لەدژی بەعـسییەکان و هێـزە سـوننەتییەکانی سـوننە کە گەرایـان لەنـاوچەی رۆژئـاوای عیـراق دانـاوە ئەم کارەکتەرە سوننایانەی ئارەزووی هاوپەیمانێتی مالکیان هەیە پەست دەکات، چـونکە ئەوان چاویـان لەدۆسـتایەتی سـەرۆک وەزیـران بـوو لەبەر چەنـد هـۆیەک: -چـونکە لە تونـدڕەوە شیعەکانی دا. -چـونکە لەگەڵ کـورد کێشەی

هەیەو گرەو لەسەر ناوەندێتی حوکم دەکات. -چونکە ئەمریکا پشتیوانی لێکرد لەجێگیرکردنی ئاسایش و دابینکردنی کەشێکی وا تا هێزەکانی ئەمریکا بتوانن باس لەئەگەری کشانەوەو ئاشتکردنەوەی شیعەو سوننە بکەن. جا رووداوەکانی ئەم دواییە ئەم (چونکە) سوننایەنەی پووچەڵکردەوە، بۆیە داشکانی بەهێز بەو لایەدایە مالکی جۆرێک لەنزیکایەتی لەئیئتیلافی شیعەکان پەیرەو بکات بۆ کاتکوشتن تا دووکەڵی تەقینەوەکان تەواو دەبن و نیعمەتی لەبیرچوونەوە باڵ بەسەر یادەوەری عیراقییەکاندا بکێشێتەوە، چونکە دەزانێ ئەگەر بەتەواوی بچێتەوە ناو ئیئتیلاف دوای خۆ دوورگرتن  و لەم دۆخەی دەسکەوتەکانی بەحەوادا چوونە، بەلاوازی دەچێتەوەو ئەگەریش نەچێتەوە ئیئتیلافی دێرین ئەم شەمزاندنە ئەمنییەی ئێستای لێ دەکەنە خاڵی لاوازی و وەک کاڵای هەڵبژاردن لەدژی بەکاری دێنن. بەڵام لەهەر ئەگەرێکدا زانراوە شیعە لەم هەڵبژاردنەی دادێ یەک ریزو یەک ئامانج نین تەنانەت ئەگەر لەدوایشدا لەئەنجومەنی نوێنەران یەکیان گرتەوە. ئەوەش ئەزعەفی ئیمانی هەڵسوکەوتی ئەم تەیارە بەرینەیە کە زۆرینەی هەر گەمەیەکی سیاسیی پێکدێنین کە سیاسەتی عیراقی دوای هەڵبژاردن لە سەری دەگیرسێتەوە.  تۆزی سوارەی کورد؟  درز  کەوتە ریزەکانی شیعەوەو هی سوننەکانیش لەگەمەی سیاسیی عیراقـــی دوای 2003وە درزبـــوون  هەر بەشـــێک بـــوو لەخەســـڵەت و سـیفەتەکانیان. ئەوەی پاڵێوراوە بۆ لەدەستدانی خەسڵەتی دیاری خۆی لەیەکگرتوویی و یەک خیتابی،  کوردو سیاسەتی کوردستانییە.  دیواری ئاسنینی کورد لەو دیو حەمرینەوە درزی تێدەکەوێت، چونکە لەم دیو بان مەقانەوە شێوەی وازییە سیاسییەکە (گۆڕاوە). هیچ شتێک جێگیر نییەو کۆمەڵی کوردستانیش وەک هەر کۆمەڵێکی تر کۆمەڵێکی چوون یەک، بێگەردو بێ درز نییە. خەون و خولیاکان بەگوێرەی بەرژەوەندی تەسک یان بەرینی ئاراستە سیاسییەکان دەگۆڕێن، ماوەی نێوان (کەفوکوڵی 25 کورسی لەناو پەرلەمان و دەرکەوتنی  تەیاری نوێی_ کۆنی گۆڕان)، لەگەڵا ماوەی تۆمارکردنی قەوارەکان بۆ هەڵبژاردنی عیراق  و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکە، ماوەیەکی کەمە بەپێوەری دۆزینەوەی تەگبیری سیاسیی ئەوتۆ کە (گۆڕان)

بێنێتە سەر قەناعەتی پێویستی پاراستنی یەکڕیزی کورد لە بەغدادا. ریتمی ئیقاعی (تازە سەرهەڵداوەکان) کەهێشتا نەشئەی(25) کورسی بەرینەداون، هەروا تێکەڵبوونی ئەم دۆخە لەگەڵ پەتای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان کە بۆ ئەم هێزەی ئاراستەیەکی لۆکاڵی هەیە زۆرانبازییەکی چارەنووسسازە، هەموو ئەمانە دەرفەت نادەن یەکێتی و پارتی ئەم هێزە بێننە پای جۆرێک لەهاوپەیمانێتییەوە لەهەمبەر بەغدا. ئەمانە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئیشیان بە دوورکەوتنەوە هەیە لەهەر هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ یەکێتی و پارتی. کەرەستەی ئەوان خۆجیاکردنەوەیانە لە یەکێتی و ئامادە نین دەستبەرداری ئەم کەرەستەیە ببن. بۆیە لە ئێستاوە ئامادەسازی بۆ لیستی جیا دەکەن لە پەرلەمانی عیراق و لە میدیا رەسمییەکانی خۆیان و میدیاکانی سێبەریان بە راپۆرت و نووسین رمین بۆ جیا لیستی دەکەن و تەنانەت ئەم ویستە حزبییە- دەخەنە قاڵبی (پێویستییەکی نەتەوەییەوە)؟ راستێکەی جیا لیستی ئەگەر لەئاستی کوردستاندا بۆ هەر هێزێک و لایەنێک بەشێک بێت لەپرۆسەی دیموکراسی ململانێی نۆرماڵ ئەوا ئەم بابەتە لە ئاستی عیراقدا هیچ پاساوێکی نەدیموکراتی و نە نەتەوەیی نییە، ئەگەر لەکوردستان فرە لیستی هەڵبژاردن دیموکراسی کوردستانی دەمەزەرد بکاتەوە، ئەوا لەئاستی عیراقدا هیچ پاساوێکی بۆ نییە چونکە: -کورد لەئاستی عیراقدا ململانێکانی لەگەڵ خۆی نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو لایەنانەیە کە دۆسێ هەڵواسراوەکانی کوردیان لەلایە، یان بەشێکن لەلایەنی رکابەری کورد لە داخوازییە نەتەوەییەکانی. -هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق کورد رووبەڕووی چەند ئاستێک لەململانێ و رکابەری دیموکراتی دەکاتەوە. لەئاستی هەرێمی تا ئێستا دانپیانراوی کوردستاندا، (سلێمانی، هەولێر، دهۆک و گەرمیان) گرفت نییە، چونکە ئەم ناوچانە زۆرینەی هەرە رەهای کوردن و ناسنامەی کوردستانییان یەکلایی کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فرە لیستی بۆ پەرلەمانی عیراق لەو ناوچانەش کورد مژول دەکات بە ململانێی ناوخۆییەوەو تواناکانی لەهەڵبژاردنی گشتی عیراقدا پەرت دەکات. -چونکە لەناوچە دابڕاوەکان ململانێی کورد- کورد، توانای کورد پەرت دەکات، کورسی لەدەستدەدات،

درز دەخاتە نێوان کوردەوە کە نەیارەکانمان لە کەرکوک، خانەقین، مەخمور شوێنەکانی تر زەفەرمان پێ ببەن. چونکە ئەزموون دەری خستووە کورد کە مژوڵی ململانێ بوو لەگەڵ خۆیدا ململانێی رەوای لەگەڵ ئەوانەی تردا سڕ دەکات. -چونکە لە بەغداش پەرتبوونی کورد کارێکی خراپە. مەسەلە کورسییەک یان دووان نییە مەسەلە لێرە کورسییەک یان چەند کورسییەک نییە کە لەدەست کورد دەردەچێت. کورد چەندین کورسی هەیە لەپەرلەمانی عیراق کە ئەندامەکانیان مەیلی(گۆڕان)یان هەیەو هیچیشیان بۆ کورد نەکردووە. بەڵام مەسەلە لێرە مژوڵکردنی کوردە بەململانێی ناوخۆییەوە، مەسەلە پەرتکردنی هێزو توانای کوردە لەململانێی لابەلادا. رەنگە هەبن موجادەلە بکەن و بڵێن فرە لیستی هەم لەقانون و دەستوورو هەم لەپرۆسەی دیموکراسیشدا رەواو رێپێدراوە. ئەمە لەباری مەبدەئییەوە راستە، بەڵام قانون و پرۆسەی دیموکراسی و دەستوور بۆ جەدوای ئامانجێکی سیاسیی دانراون. دەبێت جەدوای فرە لیستی کورد لەبەغدا لەچیدا بێت جگە لەپەرتکردنی هێز؟ دیموکراسیی بۆی خاسە ئەگەر بەزیانی میللەت تەواو بێت. سیاسەتی ژێریش هەر ئەو سیاسەتەیە کە پرسی دیموکراسیی و نەتەوەیی پێکەوە گرێدەدات. فرە لیستی شیعەو سوننە لەبەغدا، قازانجە بۆ ئەوان، چونکە ئەوان کێشەی نەتەوەیی و پرسی هەڵوسراویان نییە. بگرە لەڕێی فرە لیستییەوە دەتوانن بەبردنەوەی هەر یەکێکیان خۆیان لە ئیلتیزاماتە سیاسیی و دەستوورییەکانیان بەرامبەر بەکورد بدزنەوە گوایە ئەم وەعدو بەڵێنانە خەڵکیترو لیستی تر داویتی. لەکاتێکدا فرە لیستی کورد زیانە، چونکە کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا یەک کێشەن با لەناو کۆمەڵی کوردەواریشدا ئاراستەی سیاسیی و بەرژەوەندی جیاجیا هەبێت. ئەرکی یەکێتی و پارتی بێگومان یەک لیستی و یەکێتی کورد لەبەغدا هەروا تایتڵێکی گشتی نییە، بەڵکو پێویست دەکات یەکێتی و پارتی لەگەڵ جیا لیستییەکان قسە بکەن کە لەکوردستان بەشی سیاسییان هەبێت بۆ ئەوەی بێنە یەک هاوپەیمانێتی کوردستانییەوە لەبەغدا، لەجێی ئەوەی لەبەغدا داوای بەش بکەن وەک تایتڵی ژمارەی (541) رۆژنامەی رۆژنامە لەرۆژی 2009/8/26 وتویەتی: (لەمەودوا

پـشکی کـورد لەپەرلەمـانی عیـراق تەنیـا بـۆ پـارتی و یەکێتـی نابێـت)، هەقە لەکوردسـتان بەشـیان بـدەن تـا لەبەغـدا حەیامـان نەبەن، چـونکە ئەوان نـاڵێن لەمەودوا ئەرکی کورد تەنیا ناکەوێتە سەرشانی یەکێتی و پارتی، بەڵکو باسی پشک دەکەن!

*کوردستانی نوێ: لەرۆژی 2009/8/30دا.

# ئەم نەبەردییەشمان بردەوە

کورد ئەم نەبەردییەشی بردەوە، لەناو جەرگەی بەغدا پیلانێکی دیکەی ناحەزانی تێکشکان و دۆخەکەی بەقازانجی کەرکوک، بەقازانجی دەستوور، یانی بەقازانجی کوردستانێکی پایەدار لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ، یەکلاییکردەوە.

ئەمجارەش کەرکوک لەداوی شۆڤێنیزم، سیاسەتی پاشقولگرتن لەدەستکەوتەکانی گەلانی عیراق لەدوای پرۆسەی رزگارییەوە، دەربازی بوو، هاتەکایەکەوەو بەسەربەرزانەوە رابردووی پێش 2003/4/9ی لەقاوداو بەدنیای راگەیاند ئەو وڵاتەی شنەبای ئازادیی و دیموکراتی هەڵمژی، جارێکی تر ناگەڕێتەوە دواوەو مێژووی رەشی تەعریب و راگوێزان دووبارەناکاتەوە.

کەرکوک پێچاوپێچی لەتەڵەو تەڵەکەبازیی شۆڤێنییەکان کردو پارتیزانانە هاتەوە راستەڕێی چارەسەری دەستووری گونجاو لەگەڵ ماف و دادپەروەریی و راستییە مێژووییەکاندا، ئەم دەستکەوتەش هاتەدی، چونکە کەرکوک و کوردستانی دایک ئێستا زیاد لەپەنجا پێشمەرگەی داکۆکیکاری لەبەغدا هەیە کە ئیلهام لەمورافەعە مێژووییەکەی مام جەلال، سەرۆک کۆماری متمانەپێکراو لەسەر پاراستنی دەستوور وەک گرەنتیی نێوان عیراقییەکان، وەردەگرن.

ئەم سەرکەوتنە سیاسییەش هاتە سەر خەرمانی دەستکەوتەکان، چونکە کوردستان پەنجا مامە ریشەی گفتوگۆکاری لێزان و خاوەن حوجەو مەنتیقی لەبەغدا هەیە کە رێ لەفێڵ و تەڵەکە دەگرن، بەرپەرچی بەهانەی لاوازو بیانووی بڕ نەکەر دەدەنەوەو دۆسێیەکی دەوڵەمەند بە بەڵگەو مەنتیقیان

لەهەگبەدایەو بەدڵ و دەروونێکی کوردانەو بەزمانی شیرین و دەوڵەمەندی عەرەبی حوجە بەحوجەیەکی بەهێزتر رام دەکەن.

نوێنەرەکانی کورد لەبەغدا مەفرەزەی داکۆکیکارن لەدەستوورو لەعیراقی نوێ. کوردایەتی و دیموکراتیان وەک دروشمە دێرینەکەی شۆڕشی کوردستان کردۆتە نەخشەڕێگەی کارو خەباتیان.

ئەم شارە تەنها نییەو ئەم عیراقی دوارۆژەی لەئەندێشەی دیموکراتخوازانی وڵاتدایە بەکوردو عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشووری دیموکراتخوازەوە، سەرئەنجام دۆخی ئینتیقالی بەسەلامەتی بەڕێدەکات و مێژووی ئیستیبداد و پاکتاوی رەگەزی و سەرکوتکردن هەرگیز دووبارەنابێتەوە، ئەم ژانی جاربەجارەش هەردەبێ بۆ لەدایکبوونی رۆژێکی نوێ کە شۆڕشگێڕە باوەڕمەندەکان لەنزیکەوە دەیبینن و بەچاوی دڵ و بیری تیژەوە هەنگاوی بۆ دەنێن تا لەدوا وێستگەدا بەچکە دیکتاتۆرەکان و پاشماوەکانی بەعس کۆڵدەدەن و پاشماوەی ئیرادەیان بنکۆڵ دەبێت.

کەرکوک ئەم تەنگژە درەستکراوەشی تێپەڕاندو شەڕی خوتوخۆڕایی دوژمنانی هەڵبژاردن و دوژمنانی پێکەوەژیانی لەخۆی دوورخستەوە.

ئەم گرەوەشمان بەشێنەیی دوور لەهاشوهوشی موزایەدە بردوە، ئەمما رێگەکە دوورەو نەبەردیی سەختتر لەپێشە، پێداگریمان پێویستە لەسەر نەخشە رێگەی دەستووریی (140)و ورەمان گەرەکە بۆ درێژەپێدانی شەڕی دیموکراسی و پشوودرێژیی دانوستان و گەیشتنە تەوافوق و دادپەروەریی.

*کوردستانی نوێ: ژ:

# پێش ئەوەی ئێوەش (بگۆڕێن)، با هەق و حسابێک بکەین

ئەوانەی بەوردی چـاودێریی دۆخـی سیاسـیی کوردسـتان دەکەن، دەزانـن زۆرێک لەکارەکتەرەکانی قەوارەی گۆڕان پێشتر خۆیان بەرپرس و دەسـەڵاتدار بوون، لەحزب و لەحکومەت، لەئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عیراقدا، لەبەشی زۆری جومگەکانی دەسـەڵاتدارێتیی کوردستان و بەشی کورد لەدەسـەڵاتی بەغدا، چـونکە ئەوان دەمێک بـوو لەناو بەشـی یەکێتیـدا لەبەشـی یەکێتییـان دەخـوارد، لەدەسـتکەوتەکان شـەریک و لەکەموکورتییەکانیش خۆیـان بـێ خـاوەن و بەسـتەزمان نیـشاندەدا. سـەرۆکی کۆمپانیای وشە لەپلەی جێگری سکرتێری گشتیدا ئەمانەتەکەی نەپاراست و ئەو دەمەی دەسـەڵاتدار بـوو مـوالی و لایەنـدارەکانی خـۆی لەبەشـی یەکێتـی دانـابوو. کە بەزمـی لیـستی جیاجیایـان هێنایەکـایەوە، بەشـی خۆیـان لەدەستکەوتەکان برد، بەڵام بەشی خۆیان لەبەرپرسیارێتی بەجێهێشت، دەیان ژن و پیاوی دەسەڵاتدارییان هەبووەو بەپردی سیراتی گۆڕان خۆیان پەڕاندەوەو لەدارستانە چڕەکانی کۆمپانیای وشەدا خۆیان شاردەوە، وەک عـومەر بـن ئەبی رەبیعە، تا گەنج بوون شیعریان بەسـەر خەمـرو ساقیدا وت و کەپیـریش بـوون تۆبەیـان کـرد. ئەوانە رۆشـتن و هەرچـی قسووری و کەموکورِی خۆیـان هەیە، ویـستیان بەسـەر یەکێتیـدا سـاغی بـکەنەوە. ئەوانەی رێگربـوون لەگـۆڕانی راستەقینەو ریفـۆرمی بەبەرنـامە، بڕیـاری سیاسییان لەنـاو یەکێتـی پەکخست، خۆیـان لێکـردینەوە بەکـارەکتەری گـۆڕان (وکأنـک یـا بـو زیـد ماغزیـت). جـا لەقۆنـاغی داهـاتوودا ئـێمە روومـان لەهەڵبژاردنـی پارێزگـای کەرکـوک و هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عیـراقە، جەمـاعەت هەر لەئێـستاوە باسـی سوودەکانی چەند لیستی دەکەن لەشارێکی هەستیاری وەکو کەرکوکدا، باسی

(یەکریزیـی گەلـی کـورد) دەکەن لەچوارچێـوەی چەنـدین لیـستی (پەرتـکەری تواناکـانی کـورد)دا. ئەوانە کەیفی خۆیـانەو دیموکراسـیی کوردسـتان و عیـراق، تەنانەت رێ لەو فـرە لیستەییەش ناگرێت، کەناکۆکی کورد بەرامبەر غەیـرە دەردەخـات، بەڵام ئـێمە دەزانـین هەمـوو هەڵبژاردنێـک پێویـستی بەکەرەسـتە هەیە تـا خەڵکـی پـێ تـاو بـدەیت. کەرەسـتەی قەوارەی گـۆران خـۆ هەرگیـز دەستکەوت و سەرکەوتنێک نییە لەهەگبەکەیاندا. دەستەکەی ئەوان کەشفە: (بەیتوبـالۆرەی کـورد هیچـی نەکـردووە لەبەغـدا، کـورد هیچـی نەکـردووە لەکەرکوک)ە. باسی (چی کراوە لەبەغداو چی کراوە لەکەرکوک؟) هەڵدەگرین بۆ باسی تـر، وتـاری تـرو راپـۆرتی تـر، بەڵام ئەوەی نیـازی ئـێمەیە هەڵوەستەی لەئاسـت بکەیـن ئەوەیە لەنوێنەرەکـانی مونـشەقەکانی نـاو یەکێتـی، لەدەسـتە گوڵەکانی سەرۆکی لیستی گۆڕان کە لەبەغداو کەرکوک چاندوونی کێ ماون با جورئەتی سیاسی و شەجاعەتی ئەدەبییان هەبێت و خۆیان بناسێنن و پێمانبڵێن ئەوە ئـێمەین گـۆڕانچی ئەو دەڤەرانەیـن. بـا بەبـالۆرەی رای جیـاواز ئەوانـیش لیستی جیاوازی خۆیـان ئاشکرابکەن، بەڵام پـێش ئەوەی بـڕۆن لەدارستانەکانی وشـەدا خۆیـان حەشـار بـدەن، بـاهەق و حیـسابێک بکەیـن: بەشـی ئێـوە چەنـدە لەکەموکوڕییەکـان، خۆتـان چیتـانکردووە کە بەرەفیقەکانتـان نەکرابێـت؟. ئێـوە ئەی پەرلەمانتارەکـانی لەسـەر زیـمەی سـەرۆکی لیـستی گـۆڕانن و پـشت لەحـزبەکەی خۆتـان دەکەن، چیتـانکردووە جیـاواز لەرەفیقەکـانی فراکـسیۆنی هاوپەیمانی؟. پێش ئەوەی بـڕۆن و ئێوەش لەخۆتـان (بگـۆڕێن)، وەرن بـاهەق و حیسابێک بکەین، لای ئێمە دەستکەوت و شانازییەکانی خۆتانمـان بـۆ بنووسـن کەجیـا بێـت لەو دەسـتکەوت و شـانازییانەی هاوپەیمـانیی کوردسـتان بەکـۆو کۆشـشی دەستەجەمعی بەدەستیهێناوە. شـەرع شـەرمی ناوێـت، ئێـوە لەهەمـوو شتێکدا بەشتان داواکرد، لەمەشدا بەشی خۆتـان لەکەموکوڕی و کەمتەرخەمـی ببەنەوەو بەسەر یەکێتیدا بەجێی مەهێڵن، تا دواتر پاشماوەی هەڵەکانی خۆتـان بکەنە کەرەستەی هەڵبـژاردن لەدژی یەکێتـی، یەکێتـی بـایی ئەوەنـدە ئازایەتی تێـدایە شـانازی بەو دەسـتکەوتانەوە بکـات کەبەدەسـتی هێنـاوەو پێـداچوونەوە بەکەموکوڕییەکانیـشدا بکـات. بەڵام ئێـوەش پـێش ئەوەی رابـکەن و هەمـان

سـيناريۆی پێـشووی هـاوڕێ گۆڕانچییەکانتـان دووبـارە بـکەنەوە، مەڕۆن تـا نووسراوی ئەستۆ پاکی ئیمزا دەکەن. ئێوە ئەی دەستەی کارەکتەرەکانی گۆڕان، کەدەتانەوێت لەکەرکوکیش جیاوازی بنێنەوە پێش ئەوەی بڕۆن بەخەڵک بڵێن (هەندێکمان چەند ساڵ لەکەرکوک دەسەڵاتداربووین و هیچمان بەهیچ نەکرد، ئێـستا کەموکوڕییەکـان بەسـەر ئەو هاوڕێیـانەی دوێنێمانـدا بەجێـدێڵین کەهـیممەت و غیرەتـی کارکردنیـان گەلێـک لەئـێمە زۆرتـر بـوو). ئێـوە ئـازادن کەبڕۆن، بەڵام پێش ئەوەی لەخۆتـان بگۆڕێن، بـا مـیللەت هەق و حیـسابێکتان لەگەڵـدا بکـات. خاوەنـداریتی لەکەموکوڕییەکانی خۆتـان بـکەن. بەسـەر ئـێمەدا جێی مەهێڵن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4952 لەرۆژی 2009/8/18دا.

# نەبەردیی کەرکوک نەبەردیی دەستووری و دیموکراسیشە

پێداگریی هاوپەیمانیی کوردستان و نوێنەرایەتیی کورد لەبەغدا لەسەر مەسەلەی کەرکوک پێداگریی نییە تەنیا لەسەر بژارەی کوردستانیی ئەم شارە کە ئەمە ئەولەویەتی هەیە بۆ کوردستانییان، بەڵکو پێداگریشە لەسەر جەوهەری دیموکراسی لەعیراق، پێداگریشە لەسەر مافی دەنگدەرانی کەرکوک کە بتوانن دەنگ بەلیستی دڵخوازی خۆیان بدەن لەجێی دابەشکردنی پێشوەختی کورسییەکان، یان پێدانی دۆخێکی تایبەت بە کەرکوک. پێداگریی هاوپەیمانی داکۆکییە لەسەر دەستووری عیراق کە شاری کەرکوک وەک بەشێک لەعیراق هەڵبژاردنی وەک پارێزگاکانی تر بێت و ڕێڕەوی چارەنووسی یەکجارەکی ئەم شارە تێکەڵ بە ڕێڕەوی هەڵبژاردنی دیموکراسی دەوریی بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەعیراق نەکرێت، بەپێچەوانەشەوە شۆڤێنییەکان دەخوازن باسی کەرکوک بکەنە لەمپەر لەبەردەم هەر وێستگەیەکی تازەی دیموکراسی لەعیراقدا، لەسەروبەندی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا وایانکرد، گەلەکۆمەکێی (22)ی تەمموزیان هۆنییەوە تا وا لەعیراقییەکانی بگەیەنن کورد ڕێگرە لەئەنجامدانی هەڵبژاردن لەعیراقدا، ڕێگرە لەدیموکراتیزەکردنی زیاتری وڵات لەکاتێکدا کرۆکی سیاسەتی (22)ی تەمموز بریتی بوو لەزەوتکردنی مافی دیموکراسی دەنگدەرانی کەرکوک و دابەشکردنی پێشوەختی کورسییەکان بەبیانووی هەمەڕەنگیی نەتەوەیی ئەو شارەوە، ئەمێستاش هەروا دەکەنەوە: پرسی کەرکوک لەبەردەم خواستی دیموکراسیی خەڵکی عیراق قیت دەکەنەوە تا کارێک بکەن کەرکوک لەیادەوەریی عیراقییەکاندا وەک لەمپەری بەردەم دیموکراسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بێتە بەرچاو، تا کارێک بکەن کورد وەک دێوەزمەی پرۆسەی

سیاسی پروپاگەندەی لەدژ بکرێت و ئەو رۆڵە گەورەو سەنگینەی فاکتەری کورد لەهاوکێشەی عیراق لەکەداربکرێت.

**نەبەردیی کەرکوک**

بێگومان هەر چاودێرێکی وردبین دۆخی ململانێی ناو ئەنجومەنی نوێنەران دەزانێت بیانووی دۆخی تایبەتی کەرکوک نە بیانوویەکی دەستوورییەو نە پێشنیازێکی عەمەلییە، چونکە جێی سەرەنجە گردبوونەوەی عەرەبی و تورکمانیی کۆڵ لەم داوا نارەوایە نادات کە پێشتر دادگای دەستووریی وڵات وەک گەورەترین مەرجەع بۆ تەفسیرکردنی دەستووری دائیم رەتیکردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەسڵەن رێژەی هەر قەوارەیەکی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراق هیچ کاریگەریی لەسەر بەلانسی ئیدارەی ناوخۆیی کەرکوک دانانێت و ئەو پاکانەیەی بۆ گەلەکۆمەکێی (22)ی تەمموز دایانتاشیبوو گوایە بۆ هاوسەنگیی گروپەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە لەپرسی هەڵبژاردنی گشتیی عیراقدا پاکانەیەکی زۆر لاوازە، چونکە ژمارەی کورسیی بەدەستهاتووی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوور لە هەڵبژاردنی گشتیدا هەرچەند بێت سەرەنجام دەبێتە بەشێک لەژمارەی کورسییەکانی فراکسیۆنە جیاوازەکان و کاری بەسەر قودرەتمەندی ناو ئیدارەی کەرکوک و تەنانەت دوا چارەنووسیی سیاسیی کەرکوکیشەوە نییە. بۆیە لەشیکردنەوەی ئەم گەلەکۆمەکێیە دەورییەی دژ بە کوردو کەرکوک دەکرێت، گرنگە کورد پێ داگربێت لەوەی داکۆکی لەکەرکوک تەنها داکۆکی نییە لە ستراتیژێکی کوردستانی، بەڵکو داکۆکیشە لەشیکردنەوەیەکی راست ودروستی دەستوورو پرسی دیموکراسی لەعیراقدا، بۆیە نەبەردی نەتەوەیی بۆ کەرکوک نەبەردییەکی دیموکراسی و دەستوورییشەو هەق بەلای کوردستانییانەوەیە کە خوازیاری عیراقێکی بەفیعلی نوێ و بەراستی فیدرالی و دیموکراسین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5006 لە رۆژی 2009/10/23دا.

## ماستاوی موزایەدەچییەکان بۆ چییە؟

موزایەدە ئاسانترین دیوی سیاسەتە، بەڵام خۆی سیاسەت نییە، بەمانا عەمەلییەکەی، کەمترین توانای پێویستە، بەڵام خۆی هیچ ئەنجامێکی نییە، درۆیەکی گەورەیەو فێڵێکی دیارە، با لەقۆناغە ئینتیقالییەکاندا لێرەولەوێ دۆستی هەبێت، لەدنیای موزایەدەدا پاڵەوانی راستەقینەو فس فسەکانیش تێکەڵ دەبن، بۆیە موزایەدە لەفەزای نەزانی و بێئاگاییدا دەژی، بەدرۆی بەردەوام گەورە دەبێت، تەنها بەڕاستییەکان و وشیاریی زیاتر تێدەپەڕێنرێ، چونکە موزایەدە پەیوەندیی بەئەقڵەوە نییە، بەڵکو بەسۆزو عاتیفەوەیە.

موزایەدەچییەکان هیچ نازانن، نە ئاگایان لەکەینوبەیەنەکانی سیاسەت و نە ئاگایان لەوردەکاریی ململانێکانی ناو هەناوی سیاسەتی عیراقە، موزایەدەچییەکان هەر لەبازاڕی سیاسەتدا هاتوهاوارو کەشوفشیانە نەک لەڕاڕەوەکانی سیاسەتدا، موزایەدەچییەکان هەر چاویان لەهەوەڵ مەزات و کەمکردنەوەیە، سیاسەت لایان هونەری چەواشەکاریی و دەنگ بەرزکردنەوەیە، وا دەزانن ئەگەر لەڕۆژنامەیەکی لۆکاڵیدا بەزمانی شیرینی کوردی خۆیان بەسەر بەغدادا گیڤکردەوە ئیتر ئەمە وەتەنیات و عەنعەنات و دیفاعە لەحقوقی قەومی کورد، موزایەدەچییەکانی گۆڕان نازانن شەڕ لەگەڵ بەغدا هەر لەبەغدایەو هەر بەیەکێتی و پارتی و هێزە قاڵبووەکان دەکرێت نەک بەقارەمانەکانی گردەکە.

موزایەدەچییەکان لۆکاڵن لەسیاسەت، بەرچاوتەنگن لەتەگبیرو دانوستاندندا، زوو کۆڵ دەدەن و لەگردەکەوە، لەدەرەوەی بازنەی ململانێکە، دەستدەکەن بەهەڕەشەو گوڕەشە، موزایەدەچییەکان جارێ بەناوی ئەوەی یەکێتی تەنازولی بۆ پارتی کردووە موزایەدە بەسەر یەکێتیدا دەکەن و خەڵک لەدژی یەکێتی

هاندەدەن، جاریکی تریش بۆ تانەلێدانی یەکێتی ماستاو بۆ پارتی دەکەن داخۆ، بەڵکو لەو درزەوە هەم پارتی لایان لێبکاتەوەو هەمیش یەکێتی هەواڵیان بپرسێ، یان ئەگەر هیچ لەم ئەگەرانە نەبوو ئەوا درز بخەنە ناو هاوپەیمانی ستراتیژییەوە، ئەو هاوپەیمانییەی پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی بەفیعلی جێگیرو جێبەجێکرد، ئەو هاوپەیمانییەی گوێی بەهاشوهوشی میدیای زرە ئۆپۆزسیۆن نەدا کە دەیانووت حکومەت نادرێتەوە بەیەکێتی.

ئیعلامی موزایەدەچییەکان بۆ رۆژێکیش بێت پڕوپاگەندە بەعەمەلی دەکات و دوایی بەدزییەوە قووتی دەداتەوە، میدیای موزایەدەچی و ئۆپۆزسیۆنی موزایەدەچی هەتا پێیدەکرێت رەخنەی چەواشەو درۆ بڵاودەکاتەوەو کە لێی ببێتە وەڵام باوکەڕۆیەتی.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5036 لە رۆژی 2009/11/26دا.

## سیناریۆی ئەمجارەی ئۆپۆزسیۆنی موزایەدەچی

هەر چاودێرێکی سیاسیی ئەگەر بەوردی هەڵسەنگاندن بۆ کاروبارو ئەدائی ڕۆژانەی ئۆپۆزسیۆنی موزایەدەچی لەکوردستان بکات، دەزانێت وردە وردە وا خەریکە خەسڵەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ساوای کوردستان دەردەکەوێت کەئۆپۆزسیۆنێکی شەعبەویخوازی خەریک بوو بەباسوخواسە رووکەشییەکانە. کاری چاودێرانی سیاسییە کە ئەم ئۆپۆزسیۆنە بدەنە بەر رەخنەو هەڵسەنگاندن نەک لە بەرئەوەی نابێت کوردستان ئۆپۆزسیۆنی هەبێت، چونکە هیچ دیموکراسییەک بێ ئۆپۆزسۆن نابێت، هیچ ئۆپۆزسیۆنێکیش چوون هیچ حکومەتێک نموونەیی و کامڵ نییە، ئۆپۆزسیۆنەکان وەک حکومەتەکان لەمیانی کارو تەجرەبەی عەمەلییدا دروستدەبن و قاڵدەبنەوە، بۆیە باشترین بەشدارییەک لەپەرەپێدان و گەشەسەندنی ئۆپۆزسیۆندا بەشداریی رەخنەلێگرتن و سەرکۆنەکردنێتی تا دێتەسەر ڕێی راستیی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست و ڕێکوپێک. تا دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێک کە لەچوارچێوەی دەستوور، ئەزموونی دیموکراسی و عورفی سیاسیدا بەشدارییەکی سەنگین بکات لەسەرخستنی پرۆسەی حوکمڕانی وەک شەئنێکی گشتیی کەمافی هەمووانە قسەی تێدا بکەن و بەپراکتیکی بەشداری بن.

ئۆپۆزسیۆن هەقیەتی رەخنە بگرێ و بۆ هەر باس و خواسێک ئەڵتەرناتیڤی هەبێت و ململانێ لەگەڵ حکومەتدا بکات، چاودێرانی سیاسیش ئەرکییانە رەخنە لەئۆپۆزسیۆن بگرن وەک چۆن رەخنە لەحکومەت و حزبە حوکمڕانەکان دەگیرێت. قەوارەو کۆمەڵەو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان نە ڕێکخراوێکی خێرخوازین، نە ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنین کەکاریان بەتەنها لەڕێی خواو بۆ گوشارو چاککردن بێت. (هەرچەندە لەکۆمەڵگەیەکی

دیمـوکرات و تەندروسـتدا ڕێکخـراوە خێرخوازەکـان و ئەوانەی کـۆمەڵگەی مەدەنـیش لەدەرەوەی جـوغزی ڕەخنەگـرتن و چـاودێریکردن نـین) قەوارەو کـۆمەڵ و حـزبە ئۆپۆزسـیۆنەکان چاویـان لەدەسـەلاتداریتییەو دەیانەوێـت و هەقیـشیانە بـۆ ئەم ئامـانجە کـاربکەن، بەلام لەبەر هەر ئەم خەسڵەتەشـیان نابێت لەدەرەوەی ڕەخنەو سەرکۆنەکردن بن، دەبێت هەر لەسەرەتاوە پابەنـدی پەیمـانی ڕێوشـوێنە دەسـتووری  و دیموکراسـییەکانی ئۆپۆزسـیۆنبوون بـن و کەمێکیش سنگییان فراوانتربێت لەبەردەم ڕەخنەو سەرزەنشتدا مـادەم ئەوان ڕەخـنە بەبنچیـنەی کاریـان وەردەگـرن، دەنـا مەسـەلەکە دەبێـتە بانێـک و دوو هەوا. مافی ڕەخنەیان بۆ خۆیان گەرەکەو بەهی خەڵکی قەڵس دەبن،

بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین باشـترین بەشـداری و چـاکترین دانپیانانێـک بە ڕەوایـی  ئۆپۆزسیۆن هەر لەسـەرەتاوە ڕەخـنە لێگرتنێتی، ئەوانەی هـالەیەکی پیــرۆز لەدەوری ئۆپۆزسـیۆن دروسـت دەکەن وەک بڵێــی فریــشتەی ســەر ئەرزبــن، ئەوانە دوژمــنە ڕاسـتەقینەکانی ئۆپۆزسـیۆنن و ســەرەنجام دوژمنــی دیموکراسی و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان دەبن.

بۆیە هەر لەئێستاوە بەو ئۆپۆزسیۆنە، بەتـایبەتی بەشـە هەرە زەقەکەی، ئەوی تازە سەریهەڵداوەو جگە لەخۆی کەسی دیکەی پێ میرخاس و خانمخاس نییە دەڵێـین: بەداخەوە لەوێـستەگەکانی چەنـد مـانگی ڕابـردوودا ئەدائـو کارتـان مـوژدەبەخش نـین بـۆ دیموکراسییەکی پـایەدارترو دەرکەوتنێکـی تەندروسـتی هاوکێشەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، بەڵکـو ئەوەی بینـرا مەیلێکـی شـەعبەوییە کەئەوەندەی کەیفی بەهەڵلای نـاو میـدیاکان دێـت، کەیفی بەکاری جـددی و تەرحی نوێی عەمەلی نایەت، ئەوەنـدەی چاوی لەشکاندنی حکـومەت و حـزبە حوکمڕانەکـانە، ئەوەنـدەی چـاوی لە بەشەخـسی کردنـی مەسـەلەکان و چـاوی لەیـاریکردنە لەسـەر سـۆزی جەمـاوەر، ئەوەنـدە چـاوی لەپـرۆژەی گونجـاوی چارەســەری و ئەڵتەرنـاتیڤی پەرلەمـانی و تەگبیـری سیاسـی بـۆ چارەسـەری کێشەکان نییە.

جێـی داخە ئێـستا ئەو ئۆپۆزسـیۆنە بـابەتی  مـوزایەدەی نەتەوەیـی کـردۆتە سەرمەشقی کارەکانی خـۆی، ئەمـانە هەڵلایەکی چەواشەکارانەی (نەتەوەییـان)

بەرپاکردووە لەسەر ئەدائی کورد لەگفتوگۆکانی یاسای هەڵبژاردندا کەتەنیا مەبەستییان لێی راکێشانی سۆزی جەماوەری دەنگدەرەو هیچی تر، ئەمەش بەداخەوە گەڕانە بەدوای قازانجێکی هەرزان لەسەر حیسابی سیاسەتێکی ژیرو سەنگین، گەڕانە بەدوای قازانجێکی تەکتیکی ورۆژانەیی، قازانجێک لەسەر حیسابی مەسەلە گشتییە نەتەوەییەکان.

ئێمە لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پێشوودا شایەتی موزایەدەیەکی هاوشێوەی ئەمە بووین کە لەدۆسیێی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و تێپەڕاندنی دەستووردا شکاتیان لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم کرد و نانوپیازێکی زۆریان بەم مەسەلەیەوە خوارد، دوای هەڵبژاردنی 2009/7/25 دادگای دەستووریی بەرپەچی شکاتەکەیانی دایەوە لەبەرئەوەی شکاتێکی نادەستووریی بوو، کەچی ئۆپۆزسیۆنی موزایەدەچی لەمیدیا (سەربەخۆکەیانەوە) هیچییان لەسەر دۆڕاندنەکە نەوت، ئێستاش لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان هەڵلایەکیان دروستکردووە بەئومێدی دووبارەکردنەوەی سیناریۆی پێشوویان. کەچی دواییش هەر لەسایەی ئەو یاسایەدا بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەگەر ئەوان ئەم یاسایە بەڕاست دەزانن، ئەگەر ئەمە بەزوڵم دەزانن بۆ لەژێر چەتری ئەو یاسایەدا بەشداریدەکەن و بەدوای کورسی و پلەو پایەو دەسەلاتدا دەگەڕێن؟ خۆ باشترین هەڵوێستی مۆراڵی ئەوەیە بایکۆتی بکەن و بۆ ئەوانەی بەجێبێڵن کە بەسیاسەتی ژیرانەی خۆیان پرەنسیپی سازانیان سەرخست وبەڵێن و پشتیوانی نێودەوڵەتیان دابینکرد.

ئەمە یەک لەدەیان رەخنە لەو ئۆپۆزسیۆنەی پێیوایە ئەمجارەش هەڵلاکەی بۆ دەچێتە سەرو هەموو هەورێکی بارانی بەدواوەیە.

*کوردستانی نویێ: ژ: 5049 لەرۆژی 2009/12/16دا.

# لەکوردستان دیموکراسی و لەبەغداش نەبەردی نەتەوەیی

بەغـدا بەرەکەی پێـشەوەی شـەڕی دیموکراسـی کوردسـتانە لەپرۆسـەی سیاسـیی عیراقـدا. لەوێ شـەڕە دەسـتوورییەکان دەکرێ و لەوێ شـەراکەتی کوردو عەرەب دەچەسپێنرێ و خێرو بێری دەستکەوتەکان دەڕژێتە رووبارە ساف و بێگەردەکەی کوردستانەوە. لەکوردستانیش دەزگای رەسمی و دەوڵەتی هەن کەسیاسەتی کوردستانیش دەپارێزێ و پەرەپێدەدات. نوێنەرایەتیی کورد لەبەغـدا بەهاوئـاهەنگی لەگەڵ نـوێنەرایەتیی کوردسـتان پـێکەوە تەگبیـری بەردەوامـی هـاوبەش دەکەن و کارەکـانی یەکتـری تەواو دەکەن. کوردسـتان لەمێژە خاوەنی مەرجەعیەتی جۆراو جۆرە: مەرجەعیەتی پەرلەمان کەدەنگی شـەرعی هەیە، مەرجەعیەتـی دەزگـای سـەرۆکایەتیی هەرێـم، مەرجەعیەتـی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کەڕەوایەتی خۆی لەمێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، کوردایەتییەوە وەرگرتووەو ئێستا ئەرکەکانی خـۆی لەنێـوان هەولێـرو بەغـدا دابەشکردووە. ئەمـانە دەزگـا گەلـێکن هەم بـۆ نەبەردی سیاسی لەڕێی دیموکراسیی کوردستان و مافی رەوای خەڵکەکەیداو هەمـیش دەزگـای چـاودێری و بەدواداچـوونن بـۆ هەڵـسەنگاندنی ئەدائ و پێداچوونەوەی بەردەوام و سیستماتیک بەئەرک و فرمانەکاندا. ئەمانە دەزگای کـارو تێکۆشـانن و لەکوردسـتان دیموکراسـی و خزمەتگـوزاریی پێـشدەخەن و لەبەغداش قەت بێتاقەت نابن و لە ڕیزی پێشەوەی داکۆکیکارانن لەنەتەوەو لەداخـوازییە رەواو رەوانەکـانی. نەبەردی ئێـستای هاوپەیمـانێتی کوردسـتان لەململانێی یاسای هەڵبژاردنی گشتی لەعیراقدا دوا نەبەردییە فەقەت دوایین نەبەردی نابێت. نەبەردییەکە بۆ باسوخواسە لەمێژینەکەی ململانێی نێوان کـوردو بەغـداو کەرکـوکە. نەبەردی نیـیە بـۆ شـتی لابەلا وەک هەنـدێک

لەکوردستان کورتبینانە لێی دەڕوانن، بەڵکو نەبەردییە بۆ کوردستان و ڕێوشوێنی هەڵبژاردن لەکەرکوک کەدەبێت ڕێوشوێنێکی دەستووریی بێت نەک ڕێوشوێنی پاشقولگرتن لەدیموکراسی و هەق و دەستوور. بۆ ئەم جەنگە یاساییە، سیاسییە، دیموکراسی و دەستوورییە. کورد هەموو تواناو تفاقێکی ئامادەیە: لەدەنگدانەوە بۆ هاوپەیمانێتی، لەتەگبیری ژیرانەوە بۆ ڤیتۆی سەرۆکایەتی. ئەم سەنگەرە لەنوێنەرایەتیدا سەنگەری حزبەکانی هاوپەیمانێتییە، بەڵام لەئەرکی سەرشاندا سەنگەری هەموو هێزو حزب و کۆمەڵەکانی کوردستانە و چیتر کەس ناتوانێت خۆی لێبدزێتەوەو لەدووری مەترسییەکانەوە تەنزیرو گریمانەی بۆ بکات. ئەم نەبەردییە لەبەغدا یەکڕیزی کوردستانی گەرەکە. با دیموکراسی و ململانێ هەر هەبن، بەڵام کەئەرکی نەتەوەیی دێتە پێشەوە، پێویستە هەرکەسەو شان بداتە بەر بەشەکەی خۆی نەک بەبێ ئەرک و فەرمان لێی دابنیشێ و گومان لەسەر بەرەی ناوخۆیی دروست بکات، نەک لەگەرمەی نەبەردیدا جەدەلێکی بێزەنتی لەسەر چەمکە سیاسییەکانی مەرجەع و موحاسەبە بەرپا بکات و لەدادگایەکی شانۆییدا هەم خۆی شکاتکاری رەخنەگرو هەمیش داوەر بێت. خەڵکی ململانێی بەغدا بەچاو دەبینن و بەبیرو ئەندێشەش دەزانن کێ چەند ساڵ لەمەوبەر مەیدانی نەبەردی بەجێهێشت و گەڕایەوە؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 5003 لەرۆژی 2009/10/19دا.

# لەبارەی ئەدەبیاتی موزایەدەوە

سیاسـەت لەکوردسـتاندا لەقۆنـاغێکی ئینتیقالیـدایە، بـۆیە دەرکەوتەکانیـشی، بەتـایبەتی هـی وەک مـوزایەدەکرن و فـشۆڵی سیاسـی، دەرکەوتـی قۆنـاغی ئینتیقـالین و دەبـێ بەسـەبر بـین لەگەڵیـان تەنـانەت ئەگەر زیـانی کاتیـشیان هەبێـت، بەلام سـەبرەکە نـابێ مانـای بێـدەنگ بـوون و روون نەکـردنەوەی راسـتییەکان بـۆ کـۆمەلانی خەڵـک بگەیەنێـت. ئەرکـی هێـزە دەربەسـتەکانی کوردایەتییە کە بەتێکۆشانی سیاسی و میـدیایی، میتنگ و بەسـەرکردنەوە ئەم دەرکەوتانە لەقاو بدەن.

هیچ شتێک بەقەدەر دیاردەی موزایەدە لەقۆناغە ئینتیقالییەکاندا زیاندمەند نیـیە بـۆ پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتان و گەشـەی بـزووتنەوە نەتەوەیـیەکەی. مـــوزایەدە لەکوردســـتاندا تـــازە نیـــیە، عـــومری وی لەگەڵ ئەم قۆنـــاغی ئینتیقـالییەدایە بەرەو دیموکراسـییەکی جێگیـر تـرو تـۆکمەتر کەئەقلانیـیەت هەڵسوڕێنەری بێت. بەلام لەم مەقتەعە زەمەنییەدا موزایەدە چڕ تر دەبێتەوە، چـــونکە پەیڕەوانـــی لەم کـــاتەدا ئیـــشیان پێیەتـــی. دەســـکەلایەکیان گەرەکە کـوردایەتی پـێ نـابووت بـکەن و ژیـنگەی سیاسـیی کوردسـتان بەدوودڵـی و دڵەڕاوکێ ئالودە بکەن.

لەم مانگەدا کێرڤی موزایەدەچییەکان زیاتر لەجاران رووی لەهەڵکشان کرد. چـونکە بابەتەکانی ئەمڕۆ درزی مـوزایەدەی تێدایە. تـا لەکوردسـتانین هەمـوو یەکـین و بـانگەوازی مـوزایەدەچی دەتوانێـت بـرەوی هەبێـت، چـونکە ولاتەکە ئەمن و ئەمانەو بەدڵی خۆمانە. لێ لەبەغدا موزایەدەچی زمـانی کـورت دەبـێ و ئەگەری تەقیـنەوە رایـدەچڵەکێنێ کەواقیعـی هەمەرەنگی و سـازانی پێکهاتەکـان جیایە لەساف و بێگەردی واقیعی کوردستان. لێـرە هەمـوو کـوردین، بەکوردی

دەژین و بەکوردی دەدەین وەلامی قەبرمان. ئەمما لە بەغدا سازان گەمەی کورده لەبەردەم پێکهاتە زۆرو زەوەندەکان و کەس ناتوانێ کارتی موزایەدە بخاتە کار.

تا دیموکراسیی قۆناغی ئینتیقالی زووتر جێبێڵێ، موزایەدە سەری کز دەکاو موزایەدەچییەکان زووتر قسەکانیان قووتدەدەنەوە.

موزایەدەچییەکان بۆ رۆژێکیش بێت ئاگر بۆ موزایەدە گەرم دەکەن، خەڵک چەواشــە دەکەن و دڵیــان لەسیاســەتی راســت و دروســت و جێگیــرییە نیـشتمانییەکان کرمـێ دەکەن. ئەوەش تەنها بـۆ شـێوانی ریتمـی سیاسـەتی کوردسـتانی و تێکەڵکردنـی دۆسـێی ململانێـی سیاسـیی کوردسـتانە لەگەڵ تەحەداو رووبەڕووبوونەوەکانی کورد لەبەغدا.

مەسـەلەکە هـیچ ژێـری ناوێـت کەبڵێـین مـوزایەدەچی بـۆ شـێوانی سیاسـەتی هاوپەیمانێتی کوردی حەتمەن دەبێ موزایەدە بکات بۆئەوەی رەوتی موناقەسـە، کە مـاوەیەکە دەسـتیان پێکـردووە، سـەربگرێت. هـیچ مـوزایەدەچییەک نیـیە لەدنیادا بڵێ کارم بۆ موناقەسەیە هەر دەبێ داوای زلی بێ حاسڵ ببێتە بابەتی ناکۆکی و خۆجیاکردنەوەیان لە رەوتی گشتی سیاسەتی کوردستانیی.

ئۆپۆزسـیۆنی مـوزایەدەچی بە ئاراسـتەی جیاجیایـانەوە بنمیچێکـی بەرزی داخـوازی بەرز دەکەنەوە، ئەویـش لە کوردسـتان نەک لە بەغـدا، ئەگەر لە بەغـدا وا بـکەن ئەو بنمـیچە لەخـاڵێکی گونجـاودا رادەوەسـتێت کەقـازانجی دانوسـتانکاریی کـوردی تێـدایە. ئەممـا کە لە کوردسـتان وا دەکەن ئەوا بەرزکردنەوەی بنمیچـێکە بەسـەر سـەری کوردستانیانەوە قڵـب دەکرێتەوە و لەجێی دەستکەوت، ژینگەی سیاسیمان دەشەمزێنێ.

موزایەدەچییەکـان خۆیـان نەبـان دەکەن لەوەی گوشـاری کـورد تـا ئەو رێوشوێنە گوشارە لەسـەر پێکهاتەکانی تـرو لە پێناو مافەکانی کورددا، کە لە دژی لایەنە کوردستانییەکان نەخـرێتە گەڕ، کە گوشـار لە جێـی ناچـارکردنی یاریکەرەکانی دیکەی سیاسەتی عیراقی، بۆ دانەوانەن و سەلماندنی ویستەکانی کـورد، ببێـتە دەسـکەلای تێکـدانی ریـزی میللـی و سـەرقاڵکردنی هاوپەیمـانی کوردستان بە جەنگی لابەلاوە، ئەو کاتە گوشارەکە بەسەر خۆماندا قڵپدەبێتەوە:

لەبەغـدا بەروبـوومی نـابێ و لە کوردسـتانیش راڕایـی و بـێ بـاوەڕی لە نێـوان فراکسیۆنەکانی سیاسەتدا تەشەنە پێدەدا.

نـوێنەرانی ئۆپۆزسـیۆن لە ژێـر عەبـای تیمـی پەرلەمـانی کوردسـتاندا چـوونە بەغـداو راسـتی جەنگی تەوافـوق و فەزای سیاسـییان بە چـاوی خۆیـان بینـی و ئەدائـی دلێـرانەی لیـستی هاوپەیمانیـان تێبینـی کـرد. کەچـی ئەوانە لە جێـی سـەلماندن، هـاتن لە ریـزی ئیجمـاعی تیمـی پەرلەمـان دەرچـوون و بەلاغـی موزایەدەیـان بلاوکـردەوە وەک بڵێـی چیتـر کەس لە بەغـداوە نـایەت و رێـی هامشۆی پایتەختی فیدراڵی لە جەماوەر و لە دەستەبژێری سیاسیی گیراوە.

موزایەدەچییەکـان قەت گـوێ لەم مەنتـیقە نـاگرن، چـونکە ئیـشیان بەم قالوبەلایەیە، کاریان بە هاشوهووش مەیسەر دەبێت نەک بە نەزم و ئوسـوڵ و حیسابی سیاسەتی ژیرانە.

بەلام هەقـیقەت درەنگـیش بێـت هەر دەردەکەوێـت، بەغـدا چەنـد لەکوردستانیشەوە دوور بێت هەمان رۆژ خەبەری دەگاتەوە ولاتـی کوردەواری و خەڵـک رەش و سـپی لێـک جیـادەکەنەوەو کـاغەزی سـپیش دەخـوێننەوە. خەڵک دەزانن ئەم موزایەدەیە لە ئەسڵدا موناقەسـەیەو بە داخەوەش ئەم فـرە سیاسـەتییەی پاکـانە بـۆ شـێوانی یەک هەڵوێـستی کـورد دەکـات تەنهـا دروسـتکردنی قەرەبـاڵەغییە لەبەردەم رێـڕەوی کوردسـتانییدا لە جێـی ئەوەی پشتیوان و هاوکاری بێت.

دوا جـار ئەگەر موزایەدەچییەکان بەم بەشـەی کـورد لەیاسـای هەڵبـژاردن رازی نـین خـۆ کەمترین کاردانەوەی مـۆراڵی ئەوەیە بەشـداری هەڵبژاردنێـک نەکەن کە سەیوانەکەی ئەم یاسایە بێت.

*کوردستانی نوێ لەرۆژی 2009/12/10دا.

## دادگا تاکە ڕێگەیە

ئەو پەرلەمانتارەی لیستی گۆڕان ئەوە یەکەمجاری نییە کە لەلێدوان و نووسینەکانیدا بەپێشمەرگە دەڵێت (میلیشیا)، بەڵکو ئەو بەردەوام و بێباکانە سیمبولەکانی تری گەلەکەمان ناشرین دەکات، ئەویش یەکەم کەسێکی سەر بەو لیستە نییە کە ئەو کارە دەکات، بەڵکو لەوەتەی ئەو کۆمپانیایەو ئەو لیستە دروستبووە ئەدەبیاتی ئەندام و هەوادارانیان پێشمەرگە وەک میلیشیا وێنا دەکات و بەردەوام لەنووسین و لێدوانەکانیاندا ئەو وێنەیە لەزەینی بینەرو خوێنەردا دەچەسپێنن، بەڕادەیەک ئەگەر ئەمڕۆ لەزۆربەی زۆری هەوادارانیان بپرسی زۆر بێباکانە دەڵێن: وایە، بەڵێ پێشمەرکە میلیشیایە! کەسێکیان تیا نابینی کەڕایەکی تری هەبێت، بەڵکو ئەدەبیاتی ئەو بزووتنەوەیە لەسەرەتاوە کار بۆ ناشرینکردنی زۆر لەهێماو سیمبولەکانی ئەم گەلە دەکات،، دیارە ئەمە ئاساییە بۆ هەر گروپێک کەدنیابینییەکی شمولییان هەبێت و کەگوتارییان گوتاری (ئێمەو ئەوان)و نەفیکردنی بەرامبەر بێت تاڕادەی سڕینەوەی هەر شتێکی جوانی بەرامبەر و لەکەدارکردنی مێژووییەک کەبەشێک لەوان بەشداربوون لەو مێژووەدا، رەنگە ناونانی میلیشیا بەپێشمەرگە بۆ کەسانێک کەمێژووییەکی لەگەڵ پێشمەرگەو ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەبێت کاریگەریی ئەو وێنە خوازراوەی ئەوان تەنیا بێتە خەم یا توڕەییەک بۆیان، بەڵام مەترسی ئەو وێنەیەو دووپاتکردنەوەی بەردەوامی بەدرێژایی ئەو ماوەیە بۆتە هۆی بێ نرخکردن و سووککردنی هێمایەکی مەزنی گەل و نەتەوە لەلای توێژێک لەگەنجان و لاوان بەتایبەتی ئەوانەی لەسەردەمی راپەڕین و دوای راپەڕین لەدایکبوون، ئەوانەی یادەوەرییەکی وایان لەگەڵ پێشمەرگەدا نییەو میدیاکان و نووسەران کاریگەرییەکی زۆریان لەسەریان هەیە، لەبری ئەوەی وێنەی

پێشمەرگە جوان و بەرز لەهزری ئەو لاوانەدا راگرن، دێن بێویژدانانە سووکی دەکەن.

ئێستا یەکێک لەئەندامانی ئەو گروپە بەبەڵگەوە بەتاوانێکەوە گیراوە کەناو زڕاندنی توێژێکی کۆمەڵەو هیچ پاساوێکیشیان نییە بۆ داپۆشینی ئەو کردەوەیە، پێشمەرگەش لەبەرامبەردا بەشێوەیەکی مەدەنیانە ریپێوان و خۆپیشاندانی کردووەو لەرێی دادگاوە کەدامەزراوەیەکی یاسایی و مەدەنییە داوای یاسایی لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆمارکردووە کەئەمەش ئیجرائاتێکی یاسایی و مەدەنیانەیە، کەچی ئەو کەسەو لایەنەکەی و هەوادارەکانیشیان دێن پاساو بۆ تاوانەکە دێننەوەو دەیکەنە هەڵاو، خۆیان وەکو قوربانی و زوڵملێکراو نیشاندەدەن، یان داوای ئەوە دەکەن با بەئاشتی چارەسەر بکرێت، نازانم ئاخۆ دادگا چارەسەری ئاشتیانە نییە؟ ئاخۆ ریپێوان دیاردەیەکی مەدەنیانە نییە؟ تۆ بڵێی ئەو جەماعەتە کەخۆیان بەمەدەنی و گۆڕانخوازو مۆدێرن دەزانن نەیانەوێت لەرێی سوڵحی عەشایەرییەوە ئەو مەزوزوعە حەل بکەن؟ لەگەڵ رێزمدا بۆ عەشایەرو سوڵحی عەشایەری کە تائێستاش دەتوانێت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەمەسەلە شەخسییەکاندا رۆڵی خۆی بگێڕێت، بەڵام پێشمەرگە جگە لەوەی لەئێستادا خۆی لەسەد هەزار کەس دەداو هەزاران شەهیدیش دەگرێتەوە، لەهەمانکاتدا کەسێتییەکی مەعنەوی و رۆحیەو لەکەدارکردنی بەسوڵحی عەشایەری حەل ناکرێت، چونکە ناوزڕاندنی بەشێکی مەزن لەکەلتووری نەتەوە لەم سەردەمەدا کەدەخوازین مەدەنی بین بەدادگاو یاسا نەبێت چارەسەر ناکرێت.

کوردستانی نوێ: ژ: 5112 لە رۆژی 2010/2/28

# سەوز خۆی لەکایەدایە، ئێوە چین؟

ویستیان حزبێک بەزیندوویی بنێنە چاڵ، تەنها لەبەر خۆپەرستی و ناوپەرستی و بۆ هەوای نەفس، ویستیان حزبێک بەشەهیدو زیندوو، بەسەروەری و ئەزموونییەوە بنێنە چاڵ و لەبیابانەکانی پیلانگێڕیدا بزری بکەن، ئەنفالی بکەن و وەک گۆڕ غەریبێک لەسەر گڵکۆکەی و لەتۆماری مێژوودا بنووسن ئەم حزبە بەمەرگی خودایی مردووەو ئێمە دەستمان لەناشتینندا نەبووە، ئێمە ئەو یوسفە هیوای کوردەمان نەخستۆتە چالی بێ ئومێدییەوەو لەبازاڕەکانی نەیارانی کورددا هەراجمان نەکردووە.

ویستیان حزبێک بەزیندوویی بنێنە چاڵ، براکانی غەدرو پلانگێڕی گوایە بەشیان لێی هەیە، کەوابێ هەقیانە هەناسەی کپ بکەن و لەنیوەی شەودا بەیەک دەستی شمشێر بیکوژن تا تەنانەت تۆمەتەکەش لەسەر کەسیان ساغ نەبێتەوە. سڵیان نە لەخوداو نە لەخەڵک و نە لەدایکی شەهید نەکردەوە، لەناوەوە بنکۆڵیان دەکردو لەدەرەوەش بە پاچ شان و شەوکەتیان دادەپاچی، لەبەردەم خەڵکی دۆست فرمێسکی درۆیان بۆ دەڕشت و لەبەردەم نەیاریشدا دەیانوت ئەمە رزیوەو حەیفێ هیچی تیا بەسەر نییە.

براکانی غەدر چی نەما بەم حزبەی نەکەن؟ سر نەما نەیدرکێنن و کۆد نەما رەقەمەکەی ئاشکرا نەکەن، دوژمن نەما بەم حاڵە دڵخۆش نەکەن و بەشی نەیارانی یەکێتییان نەهێشتەوە لەغەدرو زەرەردا، پێشبڕکێیان بوو لەگەڵ یەک کەکێ زیاتر تیر لەدڵی ئەم حزبە بداو کێ زووتر بەخەڵوەتگای پیری بسپێرێت؟ ئەم حزبە هێشتا گەنج بوو، سەوز بوو بەشی چەند قۆناغی داهاتووی لەمنداڵداندا هەڵگرتبوو و هەڵگرتووە، کەچی بەتۆپزی دەیانویست

ئەم نەوزادەی بەڕێوەیە لەباربیەن و هەر خۆڕاپسکانێکی ئەم حزبەش لەدۆخی دارمان و داهێزران بەواهیمەو حەملی کازیب بناسێنن.

ئەم حزبە نرخێکی زۆریدا، نرخی سینگ فراوانی لەمامەڵەی رەخنەدا، کەچی رەخنە رەخنە نەبوو وەک ئەوەی لەپێشکەوتووترین دیموکراسیدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵکو رەخنە بۆنەیەک بوو بۆ پاچکاری و لەناوبردن.

ئەم حزبە نرخێکی زۆریدا، نرخی مامەڵەی نەرم لەگەڵ میدیای ئەهلی، کەچی هەندێک لەمیدیای ئەهلی میدیای ئەهلی نەبوو، بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی نادیاربوو لەنێوان نەیارانی کوردایەتی و نەیارانی حزبایەتی و نەیارانی هەموو شتێکی جوان لەم وڵاتەدا، پەڵپوبیانووی وا لەم حزبە دەگیرا، لەئیمپراتۆریە گەورەکان داوا نەکراوە، جوان ناشیرین دەکراو خەبات سوکایەتی پێدەبراو شەهید ریسوا دەکرا، هەندێک لەمیدیای ئەهلییە میدیایەک نەبوو بۆ جەنگی ئازادی. بەجۆرێک یەکێتی کرابووە داگیرکەران و داگیرکەرانیش تەنها لەو کاتەدا باسیان دەهاتە گۆڕێ کەببنە کەرەستە بۆ پەلامارداننێکی دیکە لەدژی یەکێتی، پەیتا پەیتا سەنتەری لایەنداری راپرسیش هەڵدەتۆقێن و دوو پروپاگەندەیان لەسەر جەماوەرێتی ئەم حزبە دەوت و ئینجا وەک مەسرەحی موتنەقیل بزر دەبوون.

ئەم حزبە نرخێکی زۆریدا، خۆی ئازادیخوازەو ئەم گیانە ئازادیخوازییەی بەلاوازی پەرت و بڵاوی وێنا دەکرا، خۆی یەکێتییەکی نیشتمانی پان و بەرینە، بەڵام لەبەرخاتری کوردو کوردستان بانگەوازی یەکێتی نەتەوەیی دەکردو بۆ ئەمەش نرخی هەمەجۆری دەدا بۆ سەرخستنی هاوپەیمانی و یەکێتی و نەتەوەیی کورد، کەچی ئەمەیان لێ کردبووە هەوڵێک بۆ بەرتەسک کردنەوەی دیموکراسی و ئازادی، کردبوویانە تانەو توانج لەوەی ئەم یەکێتییە لاوازبووە بۆیە دەست بەپووشی هاوپەیمانێتییەوە دەگرێت، بێ ئاگا لەوەی مێژووی کوردو دنیا پێمان دەڵێت باوەشێک چەند گەرم بێت هێشتا پێویستی بەپەرژینێکی ئاسنینە لەهاوبەندی و حزبێکی وەک یەکێتی چەند جەماوەری پان و بەرین بێت، هێشتا بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی کوردایەتی پێویستی بەزۆرترین دۆست و هاوپەیمانە، حزبێک بەم هەموو قوربانییەوە لەمەیدانەکەدا حزبایەتی تەسکی بەلاوە دەناو لەجێی گیران بەدوای دەستکەوت بۆ یەکێتیی

نیـشتمانیی کوردسـتان، بەدوای بەرژەوەنـدیی یەکێتییەکـی نیـشتمانی هەمـوو کوردسـتانیدا خەبـاتی دەکـرد، کەچـی نـاحەزو نەیـارو کورتبینەکـانی سیاسـەت ئەمەیـان بەلاوازی و داهێـزران لەقەڵەم دەداو خەڵکیـان لەدژی هانـدەدا کە: وەرن نەیـارانی کـوردو کـوردایەتی، هەلە! دەرفەتە! ئەم حـزبە بەزینـدوویی بنێـژین، ئەم حـزبە لەکـایەکە بکەیـنە دەرەوەو شـەهیدەکانی داگیـر بکەیـن و دەسـتکەوتەکانی بکەیـنە مـوڵکی خۆمـان و کەموکوڕییەکـانی بکەیـنە بـۆنە بـۆ ناشتنی، لەجێی ئەوەی بیکەینە بۆنە بۆ چارەسەرو پێداچوونەوە.

ویـستیان حزبێـک بەزینـدوویی بنێـژن، ئەسـتێرەو دەسـتکە گـوڵ و لۆگـۆکەی داگیر بکەن و شەهیدە سەوزەکانی بەرەنگی مۆرو بۆر رەنگڕێژ بکەن، ویـستیان حزبێک (تەگۆڕن) بکەن و بۆ ئەمەش شاهیدی تەزویـرو ئەوراقی تەزویریـان ئامادەکردبوو، بەڵام هیچ لەم پیلان و تەگبیرە دوژمنکارانە سەری نەگرت.

ئەم حزبە لەسەد لاوە خاوەنەکانی هاتنە سـەرخەت: پێشمەرگە دێرینەکانی هاتنە گۆ: تا ململانێی سیاسی و لەچوارچێوەی ماڵە گەورەکەدایە ئێمە لەبنکەو سـەنگەرەکانی خۆمـان رۆنیـشتووین، بەڵام پـیلان بگـاتە هەڵوەشـانەوەی حزبـی بەری رەنجمان قبـووڵی نـاکەین، رێکخستنە دێرینەکانی ئەم حـزبە وتیـان: ئەم رێکخـستنە بەدڵ و جەرگ و هەنـاوی دڵمـان هـۆن هـۆن شـانەکانیمان هۆنیوەتەوە، بەفرمێسک و خوێن ئاوماندواە نەک بەئاوی موقەتەر.!

نەوەی نوێ لەسەر شەقامەکان و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان لێیان هاتنە قسە: ئەگەر رابردوو سەروەرە ئەوا حزبە رەسـەنەکە هەر مـاوەو ئەگەر کار بـۆ ئایندەشە ئەوا لەسەر دینگەی ئەمـڕۆ سبەی بنیات دەنێین و چیتـر ئاینـدەمان بـۆ حیـساباتی ململانێـی دوێنێتـان مەدزن و خەونەکانمـان مەکەنە بەردەبـازی نیازی پاوانکاری.

ئەم حـزبە سـیحری خـۆی بەدەسـتهێنایەوە: رەنگـی سـەوزو دەسـکێ گـوڵی سـووری هاوپەیمـانی و کاسـکێتەکەی سـەری رەنجـدەرانی و کلێـتەی سـەری پێشمەرگەکانی بەدیهێنەری ئازادی.

چیتر ناوی ئەم حزبەو تۆماری ئەم سـەروەرییە مەکەنە بەردەبازی خواستی دیکتاتۆری و پاوان و تاوان.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5109 لە رۆژی 2010/2/25دا.

## بەڕێز جەعفەریش شایەدی بۆ سەرکردایەتیی کوردستان دا

چەند ساڵ بەر لەئێستا بەڕێز ئیبراهیم جەعفەری هاتە کوردستان و گێژاوێکی دروستکرد بەهەندێک لێدوانی شێواو لەسەر پرسی کەرکوک، بەڕێز جەعفەری لەحکومەتی ئینتقالیدا سەرۆک وەزیران بوو و پێچە بەدەورەیەکی زۆری کرد لەسەر ماددەی (58)ی قانوونی ئیدارەی دەوڵەت و بەداخەوە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەسەلماند، کەچی کەساڵی 2005 هاتەوە بۆ کوردستان تا بەدوای پشتگیریی کورددا بگەڕێ و پاکانەی بێ کرداری خۆی بەمە دایەوە، ئەو شتی کرد بۆ ئاوەدانی کەرکوک، بەڵام وەزیرە کوردەکان نەهاتن بۆ لای تا بەدواداچوونی بۆ بکەن، ئەگەر بەرپەرچدانەوەی رۆژنامەنووسێکی کورد بیخواردبا ئەوا بەندە هەر زوو بەرپەرچم دایەوە:

ئاوەدانی کەرکوک چ پەیوەندی بەئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک و دیاریکردنی چارەنووسییەوە هەیە؟

چەند مانگ دوای ئەوەی کەباڵێک لەیەکێتی ماڵی خۆی جیاکردەوەو سەرەتا بەناوی کاری راگەیاندنەوە دەستیان پێکرد، قسەکانی جەعفەری یان وەک بەڵگە نەویستێک بەکارهێنا، گوایە ئەوە نیشانەی کەمتەرخەمیی نوێنەرایەتی کوردە لەبەغدا لەئاستی مەسەلەی کەرکوکدا، بەتایبەتیش بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئەم بابەتەی کردە دەسکەلایەک بۆ رەخنەکانی خۆی لەسەر سەرکردایەتی یەکێتی کەپۆستە سیاسییەکانی نوێنەرایەتی کوردیان لابوو، ئینجا چەند نووسەرێکیش لەرۆژنامەی رۆژنامەدا لەسەر ریتمی بەڕێز نەوشیروان مستەفا هەمان قسەی جەعفەری-یان بەکارهێنایەوە بەندەش بەشدارییەکی متوازیعانەم کردو هەر لەسەرپەڕی رۆژنامەی رۆژنامە دەمە تەقێیەک لەسەر ئەو پرسە کرا (کەرکوک و وەزیرەکانمان لەبەغدا ژمارە

61ی رۆژنامە لە 2007/9/17دا نووسی بەڕێز بابەکر دڕەیی و وەڵامی بەندە- ئایا دەستمان لەمەسەلەی کەرکوک ششتووە- لەئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا) دوای سێ ساڵ لەپەنابردن بۆ ئەم بەڵگەیە، جارێکی تر بەڕێز مامۆستا جەلال جەوهەر هەڵسوڕاوی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان و بەرپرسی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکەرکوک (لە 2003وە بۆ نیوەی یەکەمی 2006) هانای بۆ جەعفەری هێنایەوەو دەفتەری لێدوانەکانی سەرۆک وەزیرانی کەمتەرخەمی عیراقی هەڵدایەوە (خودی د. جەعفەری خۆی لە قەلاچوالان لەبەردەم هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک دا رایگەیاند کەمەسەلەی ماددەی (58)و کەرکوک و کێشەکانی تر پەیوەندی بەنوێنەرەکانی کورد خۆیانەوە هەیە لەبەغدا، چونکە تا ئەمڕۆ وەزیرێک، هیچ یەکێک لەو نوێنەرانەی کورد متابەعەی مافە دەستوورییەکانی کوردیان لەئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی نەکردووە.. دیدار لەگەڵ جەلال جەوهەر رۆژنامەی رۆژنامە لەژمارە (567) لەڕۆژی (2010/2/2)، بەڵام سیاسەتکارانی وەکو جەعفەری کەنووسەرێکی گۆڕان بەڕاستگۆترین سەرۆک وەزیرانی عیراق ناوی دەبات، لەم رۆژانەدا راستی هەڵوێست و ماجەرای کەرکوکی گێڕایەوە، ئەوەتا بۆ یەکەمینجار جەعفەری لەدیداری رۆژنامەی ئەلحەیاتدا بەداخ و کەسەرەوە زەمانی حوکمڕانی خۆی دەگێڕێتەوەو بەتەحەددداوە ئێژێ بەهۆی هەڵوێستەکانم لەسەر کەرکوک، کوردەکان دژی گەڕانەوەم بوون بۆ پۆستی سەرۆک وەزیریی (رۆژنامەی ئەلحەیات لەڕۆژی 2010/2/4) ئەمەش هەمان ئەو روانینەیە کەسەرکردایەتی کورد لەبەغدا تەئکیدی لێدەکردەوە، ئێمە لەبەر کەرکوک نەمانهێشت جەعفەری ببێت بەسەرۆک وەزیران، جا ئێستا ئەگەر هەر باوەڕ بەکورد ناکەن و قسەی جەعفەری سەنەدە، لەم رەدو بەدەلەدا هیوادارم ئەم قسەیەی دوایشی هەر بەسەنەد وەربگرن.

کەرکوک دەبێتە پاژنەی ئەخیل بۆ هەر سیاسەتکارێکی عیراقی کەخۆی لەچارەسەرکردنی کێشەکەی دەدزێتەوە، جا ئەو سیاسەتکارە عەرەب بێت وەک بەڕێز جەعفەری... یان کورد بێت.

کوردستانی نوێ: ژ: 5093 لەڕۆژی 2010/2/7.

# چەند پرسیارێک لەسەید عومەر سەید عەلی

بەڕێز عومەر سەید عەلی دواجار خۆی پێنەگیراو بووە بەشێک لەماشێنی تەبلیغاتی نەوشیروان مستەفا، لەبەرئەوەی درەنگان دەستیپێکرد بۆیە زۆری هەڵەکرد، هەندێک وەڵامی شپرزەش پرسیاری تری بەدوای خۆیدا هێنا کەکاتی بەرنامەکە ڕێگەینەدا لێی بکرێت، بۆیە ئێمە داوای لێدەکەین وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدرێتەوە.

-جەنابتان هەژدە ساڵی ڕێک مەسئول بوون لەم وڵاتەو لەیەکێتیدا، ئێستا هەر مەسئولی لەگردەکە، زەحمەت نەبێ پێمان بڵێ چ (گۆڕان)ێک روویداوە؟

پێشتر مەسئول بوون و ئێستا هەروا؟

لەمەڵبەندی سلێمانی خۆتان و شەماڵ عەبدولوەفاو کوێستان محەمەد و ئێستاش بەخۆت و تەکتولەکەتەوە، چوونەتە گردەکە، زەحمەت نەبێت ئەم شارە، ئەم وڵاتە کەسی تێدا نییە کەجێتان بگرێتەوە؟ کوڕی باشێک نییە جێی شەماڵت بۆ بگرێتەوە، کوێستانێکی تر ئەم تەکەتولەت تێکیشکێنێ؟

-جەنابت دەڵێی نەوەی پەرلەمانتاری گەنج و نەوەی قیادەی گەنج، ئایا پێتانوایە نەوشیروان مستەفا پەرلەمانتار بەقیادە دەزانێ؟ یان قیادە ئەوەیە لەسەر مێزی بڕیاردان لەجێی ئێوە دابنیشێت؟

-بەڕێزتان قسەیەکی نەشیاوتان کرد کەوتتان ئەرێ ئێمە لەیەکێتی بووین ئاوەها درۆزن بووین؟ پێتانوایە ئەمە قسەی کەسایەتییەکی سیاسییە کەموخاتەبەی هاوڕێکانی پێشووی بەو شێوەیە بکات؟

بۆچی ئێوە قەشەی راستگۆیی بوون کەبەدەرچوونتان ئەم حزبە بووە بەدرۆزن؟ پێتانوایە سیاسی بەڕێز قسەی وای لەدەم دێتە دەرەوە؟

بەڕێزتان بۆ لەدیدارەکەتاندا وەڵامی ئەو (درۆیەتان) نەدایەوە کەدەڵێ رەفیقەکانت لەبزووتنەوەی گۆڕان بەناوی خواستراوەوە جنێو بەهەموو کەسێک دەدەن، ئایا میدیاکانی یەکێتی درۆدەکەن بەزمانی هەڤاڵەکانتەوە، یان هەڤاڵەکانت ئەو راستییەیان لێ شاردوویتەوەو درۆیان لەگەڵت کردووە؟ یان ئێوە کەخۆتان وەکو راستگۆ نیشاندەدەن ئەم درۆو نیفاقەیان بۆ دادەپۆشن؟

-پرسیارێکی تر، باسی رەقمی هەڵەی رێکخستنەکان دەکەیت، ئەو کاتەی جەنابت بەرپرسی مەکتەبی رێکخستن بووی ژمارە (گوایە) هەڵەکانت راست کردەوە؟ کە لەمەڵبەندی سلێمانی بوویتە باعیسی جمودی سیاسی و حزبی یەکێتی، بۆ ماوەی (10)ساڵ، جەنابت ژمارە راستەقینەکانت دابووە مەکتەبی رێکخستن و مەکتەبی سیاسی و دوای تۆ دەستکارییان کرد.ئەگەر قەرارە یەکێتی سەرکردەکانی لەسەر رێکخستن موحاسەبە بکات، جەنابت چەند ساڵ مەسئول مەڵبەندی سلێمانی و مەکتەبی رێکخستن بووی؟ مەسئولی چەند باڵی تەکەتول و چەند قەیرانی رێکخراوەیی بووی؟ دوژمنی چەند کابینەی حکومەت بوویت و ئایا کابینەیەک نەبوو کەبەداخوازی جەنابتان بێت؟ یانی بەچوونە گۆڕان دەتوانن شانی خۆتان لەبەرپرسیارێتی بشارنەوە؟

بەڕێزتان باسی گەنجیشتان کرد لەدیدارەکەتاندا، بەڕای ئێوە چەند گەنجی حزبی لەسایەی سەری تەکەتول و جمودی عەقائیدی و حزبی جەنابتانەوە تووشی سەرگەردانی و نائومێدی بوون و سەریان هەڵگرت کەئێستا لەگەڵ مامۆستا جەلال جەوهەردا بوونەتە خەمخۆری گەنجان یەکتان گەنجی سلێمانی و ئەویتریشتان گەنجی کەرکوک؟

خەڵک لەداخی ئێوە حەزی لەگۆڕانکارییەو ئێستاش ئێوە جلی گۆڕانتان لەبەرکردووە، بۆئەوەی دەورانێکی تریش سواری سەری ئەم خەڵکە بن؟

جەنابتان راستەوخۆ تۆمەتی رووداوەکانی ئەم دواییەت خستەئەستۆی دەسەلاتەوەو ناویشت نا (کوشتن و گرتن و برین)، ئایا هیچ بەلگەیەکی قانوونیتان لایەو تائێستا پێشکەشی ئاسایش و دەولەتتان نەکردووە، یان تەسلیمی بەرێز سەرکەوتی کوببەتان کردووە بەهەوای جارانەوە؟ ئایا جگە لەبەیاننامەو بەلاغ هیچ هەنگاوێکتان ناوە بۆ شکات لەبنکەی پۆلیسی و ئاسایش؟ ئایا خەتەری ئەو تۆمەتانە دەزانن کە لەکەنالێکی فەزاییەوە ئیعلانتانکرد؟

-بەرێزتان خۆتان بەخاوەن چەندین ساڵ تەجرەبەی حزبی دەزانن، ئایا چ ئوسولێکی حزبییە کە لەئاست (رەگ) دا بێ هەلوێست بوون یان ئێوە لەپشت رەگەوە بوون، کەرەگ تەکفیری سەرکردایەتی یەکێتیتان کرد، خێرە ئێوە بەلایەک داکۆکیتان لێکردن و بەلایەکی تریش وەک مەکتەبی سیاسی مانەوە؟ ئێوە کە لەرووی حزبییەوە موتەزەمیت بوون خێرە لەو هەموو پێشێلکارییەی بردنە دەرەوەی نهێنییەکانی حزب بۆ کوردستان پۆست و هاوولاتی بێدەنگ بوون و هەلوێستێکی رێکخراوەیتان نەبوو؟

-ئێوە کەئێستا لەیەکێتی نەماون بۆ خۆتان بوونەتە بزووتنەوەیەکی جیاوازو گوایە حزبیش نین و (بزووتنەوەیەکی جەماوەری و ئەوانەن) بۆچی قسە لەکاروباری رێکخراوەیی یەکێتی دەکەن؟

بۆچی برینی کۆنی تەکەتولەکانی رابردووتان دەکولێننەوە؟ ئێوە خۆتان چاک بکەن و بگۆرن و ریفۆرم بکەن و خوا بکەم تەکەتولتان لەناوخۆدا نەمێنێت، ئیتر هەقتان چییە بەسەر یەکێتییەوە؟ یان ئێوەش وەکو نەوشیروان مستەفا (رەقەمێکی گرنگن و ئەوانە)، و بریارتان داوە بیرەوەرییەکنتان بگێرنەوەو هیچ مەبەستێکی تەشقەلەکردنتان بەیەکێتی نییە؟

کوردستانی نوێ: ژ: 5069 – 2010/1/8

# گرێبەستێکی ئەخلاقیمان گەرەکە

سیاسـەتی کـوردی پێویـستی بەگرێبەسـتێکی ئەخلاقیـیە، گرێبەسـتێک کەسیاسـەتمەدارە گەورەکـان، یـان ئەوانەی ئیـدیعای گەورەبـوون دەکەن، پـێش کارەکتەرەکـانی خـوارەوە پێـی پابەنـدبن، گرێبەسـتێک بێـت بـۆ لانیکەمی ئیلتزامی مـۆراڵی بەپرەنسیپەکانی کێبڕکێی سیاسییەوە، جائیتر ئەو پرەنسیپانە عورفی سیاسی بن، یان یاساو رێسای وڵات رێکـی بخـات یاخود تەنانەت جۆرێک لەعورف و دابی کۆمەڵایەتی زاڵ لەکۆمەڵگەدا جومگەکانی کۆنترۆڵ بکات، ئەوی ئەم پێویـستییەی سـەرلەنوێ هێنـاوەتە گـۆڕێ سـکاندالی سیاسـی ئەوانەیە کەبەنـاوی خـوازراوەو دەمامکـدارەوە لەسایتە گومانلێکراوەکاندا بێ پەروا هەوڵی تیرۆرکردنی رۆحـی و فیکـری ئەوانەیـان کە لەگەڵیـان جیـاوازن و فیکـرو رێبـازی خۆیـان بەهەوای رۆژ ناگۆڕن.

لەوانەیە هەبــن ئەم ویــستە بەشــتێکی خەیــاڵپلاوی بــزانن، ئەمەش سەبارەت بەو دیدگا خراپەی خەڵکی وڵاتانی مانەندی کوردستان لەسـەر سیاسـەت و سیاسـەتکردن هەیـانە، سیاسـەت لەخەیاڵدانی میللـی ئێمەدا یەکسانە بەغەدرو فێڵی بێ ئەنـدازەو بێ پرەنـسیپێکی وا کەرێکـی بخـات، سیاســەت لەئەندێــشەی تــاکی کــورددا، کەچەســپێنراوەو رێــی کــارو کـاردانەوەی لـێ قەدەغەکـراوە، وەک شـەئنێکی گـشتی سـەیر ناکرێـت، وەک کـارکردن لەبـواری خزمەتـی وڵات و بەرێـوەبردنی دەوڵەتـداری و ئاراســتەکردنی ململانێــی کــۆمەڵایەتی و بەرژەوەنــدییە کــۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان سەیرناکرێت، بەڵکو وەک پەردەی رەشی داپۆشەری پیلان و پاشـقولگرتن و هەڵـپەی کەسـی سـەیردەکرێت و لەباشـترین حاڵیـشدا

وەک پیشەی خەڵکانی دەست بەتاڵ و تەمبەڵ سەیری دەکرێت، ڕەنگە مێژووی کوردستان بەشێکی ئەم خەیاڵدانە پاساو بداو بگرە چارەنووسی کوردی غەدر لێکراویش یارمەتیدەری پتەوکردنی ئەو وێناکردنە بووبێت، بەڵام لەڕاستیدا یەکەمین هەنگاو بۆ لەقاودانی زەرەرو زیانەکانی (سیاسەت)و بەتاڵکردنەوەی ئەندێشەی بەتاڵ لەبارەی سیاسەتەوە بەشداریکردنە لەسیاسەت و جڵەوکردنی ئەم کایەیە تا لەخزمەتی گشتی و بۆچوونی قازانجی سیاسەتێکی دروست بێت، بۆیە ئەوانەی فشەیان بەگرێبەستی مۆڕاڵی بواری سیاسەت دێت ئەوانەی بەخۆیان نەزانیوە بەشدار دەبن لەبەردەوامی فەزای پیسی ژینگەی سیاسی وڵاتدا. سیاسەت بێ مۆراڵ نابێ و ناکرێ و هەر گرێبەستێکی مۆراڵی، هی جەنتڵمان بێت، یان نووسراو، دەتوانێت لەزەرەرو زیانەکانی دیاردەی سیاسەت بمانپارێزێت، کەهەموو دیاردەیەک هەم سوودو هەم زیانیشی هەیە.

ئێمە بەر لەهەرشت پێویستمان بەم گرێبەستە هەیە بۆ زەبتی ئیقاعی سیاسەتکردن، لەوڵاتی ئێمەدا کۆمەڵی کوردستان رووی لەململانێی سەخت و ئاڕاستەی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاجیاو پێکدادەر ناوە، کەجیاوازی و ململانێ خۆی لەخۆیدا گرفت نییە، باتوندو خەستیش بێت، بەڵام ئەگەر گرێبەستێک، عورفێک و یاسایەکی مۆراڵی زەبتی ئەم ململانێیە نەکات، ژینگەی سیاسیمان لەوە زیاتر ئاڵۆزدەبێت، هەموو ململانێکارێک لەگەڵ ململانێکارێکی دیکەی سیاسی چەردەیەک پاکانەی فیکری، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی بۆ پاساودانی ململانێکەی خۆی ئامادەکردووەو ململانێکەش بەمە ئیدارە دەکرێت، بەڵام مۆراڵێک نەبێت لایەنە پێکناکۆکەکان بەرامبەر یەک بپارێزێت، ئەوە روودەدات کەئەمڕۆ لەکوردستان قەوماوە: دەستەیەک سیاسەتمەداری ناسراوی کورد بێ رەچاوکردنی مۆراڵێکی سەنگینی سیاسەتکردن دنەی فەرهەنگی جنێوفرۆشی و سوکایەتیکردنی بەخەڵک، بەنەیارو رکابەرەکانیان دەدەن، بەدەموچاوی دەمامکدارەوە، تیرۆری رۆحی و

ئەدەبی موخالیفە سیاسی و فیکرییەکانی خۆیان دەکەن و لەم پێناوەشدا سڵ لەهیچ بەربەستێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هیچ عورفێکی کوردەواری ناکەنەوە، پێبەندی دابە جوانەکانی کۆمەڵی دێرینی کوردەوارین و نە رەواجپێدەری پرەنسیپە هاوچەرخ و ستانداردە جیهانییەکانی دیعایەو تەبلیغاتن، ئەم تەرزە لەسیاسەتمەدارو سیاسەتکارە بەئیدیعای کۆمەڵێک دروشمەوە دنیایان پڕکردووە لەڕستەی شۆڕشگێڕی جوان، کەچی لەتاریکیدا نەیارەکانیان غافڵکوژ دەکەن و لەپەناو پەسێوی سایتەکاندا قسە بەخوشک و دایک و کەسوکاری نەیارەکانیان دەکەن کەئەگەر پێبگەن و تێبگەن دەزانن کۆمەڵی کوردەواری وەک ئامانجێک بۆ کارو کۆششی سیاسەتکاران سەرەنجام هەر لەو خوشک و دایک و براو کەسوکارانەی خۆیان و نەیارەکانیان پێکدێن و ئەندامەکانی لەهەسارەیەکی ترەوە نەهاتوون.

ئەگەر جاران کوردەواری کەمتر گیرۆدەی دیاردەی ململانێی سیاسی بوو بۆ ئەم باسوخواسەی پێویستی بەگرێبەستێکی مۆراڵی نەبوو، ئەوا ئەمڕۆ ئەم جۆرە ئیلتزامە بۆتە پێویستیەکی لەدواخستن نەهاتوو، پێش ئەوەی سیاسەتمەدارانی کورد لەجێی لەقاودانی دواکەوتوویی و فەرهەنگی خراپی ململانێکردن سەرەنجام خۆیان رمێن بۆ داهێنزران و داوەشینی گەورەی کوردەواری پەیدابکەن، کارێک کەداگیرکەران بەسەد داو و سیاسەتی داگیرکاری پێیان جێبەجێ نەکرا.

ئێمە ئیتر یان ئەو گرێبەستەمان گەرەکە، یان دوورخستنەوەی رەشەبای سیاسی وا کە لەجێی رامکردنی ململانێکان هەموو شتێ دەخاتە بن پێی ئەسپە مستەکانی خۆیەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5067 لە رۆژی 2010/1/6.

## نەوشیروان مستەفا
## خولانەوە لەبازنەی شڵەژان و پاشەکشێی هەڵوێستەکاندا

چەند دیداری ئەم دوایەی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان بەڕێز نەوشیروان مستەفا شڵەژان و پەرچەکردارو پاشەکشێی پێوەدیاربوو، بەتایبەتی سێ دیداری ئەمەم دوایەی لەبەرنامەی رووبەڕوودا، دیدارێکی لەگەڵ رووداوو دوو لێدوانی بەپەلەی (KNN) دا.

پێش ئەوەی لەبارەی شڵەژان پەرچەکردارو پاشەکشێکانی بدوێن، سێ سەرنج لەسەر دیدارە چڕەکانی ئەم دوایەی نەوشیروان دەردەبڕین:

-دوابەدوای (فرە لێدوانی)ی بەرپرسە باڵاو مام ناوەندەکانی کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان و فرە ئاراستەی ئەو لێدوانانە کە بوونە مایەی رەخنەو گازەندەیەکی زۆر لەنێو لایەنگرانیاندا، ئەم دەرکەوتە پێویستی بە زەبت و دیسپلینی رێکخراوەیی هەبوو، بەتایبەتی لێدوانەکانی عوسمان بانیمارانی، کوێستان محەمەد، یەکەمیان لەسەر بارودۆخی لیستی گۆڕانی دوای قەتیسبوونی لەپێگەی (نا) بۆ هەموو شتێک لەپەرلەمانی کوردستان، دووەمیشیان سەبارەت بەشڵەژان و لێدوانە بێ سەروبەرەکانی لەسەر حکومەتی نوێ و سەرۆکایەتییەکەی، لێدوانەکانی کوێستان نارەزاییەکی وای لەناو جەماوەردا دروستکرد کەکاریگەریی لەسەر ناوبانگی ئەو خانمەو لەسەر ئاراستەی کارەکانی لیستی گۆڕان لەسلێمانی دانا.

**بانیمارانی حاشای لەوتەکانی کرد**

ئەوەی ئەم قورەی خەستترکرد، دانپیانانی ئاشکرای بانیمارانی بوو بەوەی ئەوان داوای لێبوردن دەکەن کەناتوانن بەڵێنەکانی بەجەماوەریانداوە جێبەجێی بکەن، ئەم لێدوانەی بانیمارانی هەڵلایەکی گەورەی لەگردەکە نایەوە بەجۆرێک:

1-بانیمارانی ناچارکرد کەحاشا لەوتەکانی بکات و لەجێی ئازایەتی دانپیانان، کوردستانی نوێ-ی بەشێواندنی قسەکانی تۆمەتبارکرد، ئەوەبوو پەیامنێری ئامادەکاری راپۆرتەکەی کوردستانی نوێ بەناچاری دەقی وتەکانی عوسمان بانیمارانی بڵاوکردەوە، بەمەش ئیتر نەوشیروان مستەفاو تاقمەکەی یان وەکو خۆی وەسفیان دەکات (هاوڕێکانی لەبزووتنەوەی گۆڕان) تێگەیشتن ئەو فرە لێدوانییەی کە لەقۆناغی رابردوودا دەرفەتی پێدابوون بڵقی رۆژنامەوانی بتەقێنن و لەکاتی پێویستیشدا حاشای لێبکەن، چیتر بەدەردی ئەمڕۆ نایخوات و زەرەری لەقازانج زۆرترە، بۆیە بانیمارانییان تاڕادەیەک بێدەنگ کردو بڕیاریشیانوایە کوێستان محەمەد، کەبۆتە دەموچاوێکی سواوی تەکەتول لەناو گۆڕانیشدا، لەسەرۆکایەتی لیستی گۆڕان لاببەن و بۆ ئەوەش سیناریۆی هاتنە پێشەوەی دەستەیەکی نوێیان لەفراکسیۆنی گۆڕان هێنایە پێشەوەو دۆزینەوەی دەریچەیەکی ماقولیان بەڕۆژنامەی (هاوولاتی)ی ئۆرگانی نارەسمیی کۆمپانیای وشە سپاردو ئەویش قسوری نەکرد.

2-لەبەرامبەر کپکردنی فرە لێدوانیدا دەبوایە ناوەندێک هەبێت بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتەکانی ئەم دواییەی کۆمپانیای وشەو گۆڕان، نەوشیروان خۆی بڕیاریدا ئەم مەیدانە پڕکاتەوە تاوەکو وتەبێژێک دیاریی دەکەن، کاتی دانانی ئەمەشی بەنادیار سپارد وەکو کاتی نادیاری رێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، ئیتر بەناوی چارەسەرکردنی کەموکوڕی فرە لێدوانییەوە خۆی گۆڕەپانی تەلەفزیۆن و رۆژنامەی رۆژنامەی پاوانکردووە!

3-دەرکەوتنی لەبەرنامەی رووبەڕووەوە کەگوایە وەڵامی پرسیارەکانی خەڵک دەداتەوە، ئیتر نەوشیروان مستەفا لەدارێژەری تاک و تاقانەی ستراتیژی گۆڕانەوە بووە تاقە وتەبێژو تاقە شیکەرەوەو فەتوادەری تەکتیک و ڕێبازی رۆژانەو ستراتیژی دوارۆژی گۆڕان و (هاوڕێکانی لەبزووتنەوەی گۆڕان) ئەمڕۆ تەنیا مافی تەفسیرو روونکردنەوەی زیاتری بیروبۆچوونەکانی ئەویان هەیەو مافی ئیجتیهادیان وەک کۆلکە مەلایەکیش لا نەماوە، بۆیە دوای هەر لێدوان و دیدارێکی نەوشیروان ئیتر تاقمەکەی دەکەونە پەسەندکردن و پیاهەڵدان و خوردکردنەوەی بیروبۆچوونی ئەو سەرکردەیەی باوەڕی بەحزبی ستالینی نییە، چونکە لەوێش هەرچۆنێک بێت، هەرەمێک لەبەرپرسیارێتی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی هەیە، لەکاتێکدا لەپێکهاتەی بێ هەرەمی بزووتنەوەی گۆڕاندا هەموو وەک یەک تاقمن و سەرکردەی تاقانە نەرکابەری هەیە نەجێگرو نە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و تەنها و تەنها دەستەواژەی تەلیسماوی (خۆم و هاوڕێکانم لەبزووتنەوەی گۆڕان) هەیە کە لەڕاستیدا هاوڕێکانی تەنها مافی ئەشهەدو مابیلاو پەسەندی بیروبۆچوونەکانی خاوەنی بەرنامەی (رووبەڕوو) یان هەیە.

بەمجۆرە دەرکەوتنەش رەنگە بەڕێز نەوشیروان مستەفا دووەم کەسایەتی سیاسی بێت لەجیهاندا کە لەکایەی سیاسەتدا ماوەو لەهەمان کاتدا بەرنامەی تەلەفزیۆنیشی هەیە، بەڕێز هۆگۆ شافیز سەرۆکی ڤەنزوێلا بەرنامەیەکی هەفتانەی هەیە کەڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک قسە دەکات و پرسیارە ئاڕاستەکراوەکانی خەڵک جواب دەداتەوەو لەبارەی هەموو شتێکەوە دەدوێ، هەر لەململانێی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمریکا تابەکارهێنانی کەمی ئاوی دوش و وازهێنان لەگۆرانی وتن لەکاتی خۆشتندا، بەڕێز نەوشیروانیش لەبەرنامە هەفتانەییەکەی خۆیدا، هەفتانە وەڵامی پرسیارە ئیفتیرازییەکانی خەڵک دەداتەوە، چونکە کاتی بەرنامەکەش زۆرەو هەفتانەشە، بۆیە دەپەرژێتە سەر باسکردنی زۆر شت، لەوانەش چالاکی رۆشنبیری نێوان شارو پارێزگاکان تا باسکردنی

تێزەکـانی عەلـی وەردی لەبـارەی ئیزدیـواجیەتی کەسـایەتی عیـراق و بێگومان بەردەوامی بەرنامەکەش سەردەکێشێ بۆ بابەتی دیکەش، وەکو چـۆنیەتی چێـشت لێنـان و رێکپۆشـی و گـۆرانی وتـن لەحەمامیـشدا، ئەم دەرکەوتە تـازەیەش لەدەرکەوتنـی چرۆپـری سـەر تەلەفزیـۆن هەم دەرفەتـی بەهەلەو نـاکۆکی لێـدوان و شـیکردنەوەکانی نەوشـیروان داوەو هەمیش بەرپەرچی ئەو لێدوانانەی پێشووتری دەداتەوە کەدژی میـدیای حزبـی بـوو، چـونکە کار لەسـەر دێوانـدنی (بەدیـۆکردن)ی سـەرکردەکان دەکات.

## نموونەی چەند هەڵەیەک

رەنـــگە زەفتـــرین نمـــوونە لەشـــڵەژان و پاشەکـــشێ لەلێـــدوانەکانی نەوشیرواندا ئەوەبووبێت کە لەسەر نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا، کابینەی نـوێی حکـومەت دابـووی، ئەم شـڵەژانەش دوای ناچـاربوونی نەوشـیروان هـات بەوەی راستەوخۆ خـۆی بچێتە نـاو شـەڕی راگەیانـدنی کۆمپانیـای وشـــەوەو ئەم ئەرکە بـــۆ دووبـــارە هەڵەی بانیمـــارانی و کوێـــستان جـــێ نەهێڵێ، بەڵام سەرۆکی گۆڕان لەجێی چاککردن، بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد.

دەربـــــارەی هەڵوێـــــستیان لەکـــــابینەی نـــــوێی دوای لێـــــدوانە شـــەرمەزارییەکەی کوێـــستان گـــوایە ئەوان (شـــت)یـــان هەیە لەســـەر د.بەرهەم، نەوشیروان ئەم هەڵەیەی بەلێدوانێکی هاوسەنگ راستکردەوە، وەختێـک لەسـەردانی د.بەرهەم و جێگـرەکەی، ئـازاد بەرواریـدا وتـی: (ئەگەر حکومەت شتی باشی کرد ئەوا دەستخۆشی لێدەکەن و ئەگەر شتی خراپیشی کرد رەخنەی لێدەگرن)، لەولاشەوە ماشێنی ئیعلامی سەر بەکۆمپانیـای وشـەو دۆسـتی کۆمپانیـای وشـەی هانـدا بـکەونە وێـزەی حکومەتێـک هێـشتا، لەدایـک نەبـووە، ئەوەش بەڕوونـی لەڕاپـۆرت و نووسراوەکانی هاوولاتی و چەند وردە گۆڤارێکی (دەفتەر رەسمی)ی نێو بـازاڕی شـێواوی میـدیای کوردیـدا دەرکەوت، پاشـان دڵـی ئـاوی

نەخــواردەوەو دیــسانەوە خــۆی هــاتەوە ســەر خەت، دوو ڕۆژ پــێش پێشکەشکردنی ناوی کابینە لەڕۆژنامەی ڕۆژنامەوە رایگەیاند گۆڕان دەنگ بەحکومەتی نوێ نادات.

ئەمەش پێش مەراسیمەکە بوو، کەچی لەڕۆژی دەنگداندا باکانەیان بۆ ئەم هەڵوێستە پێشوەختە بڕیار لێدراوە ئەوەبوو گوایە نەیانهێشتووە گفتوگۆ لەسەر وەزیرەکانی کابینە بکەن، ئەم شڵەژانە پەرلەمانییە کەجارێکیتر جەماوەری نیگەرانکرد لەمەودای جددیەتی لیستی گۆڕان و ڕێزگرتنی ڕاستەقینەی لەدەنگی دەنگدەرانی، زەربەیەکی سیاسی تر بوو وەبەر گۆڕان کەوت، بۆیە بەزنجیرەیەک ڕاپۆرتی شیکاری ئامادەکراو لەپەیوەنــدییە گــشتەییەکانی کۆمپانیــای وشــەوە هەوڵــی ڕاگرتنــی پاشەکشێکان درا.

ڕێک لەم کاتەدا نەوشیروان مستەفا لێدوانێکی ناکۆکی دا، لەجێی پاڵپــشتی شــتی چــاک و ڕەخــنە لەشــتی خراپــی ئەو حکــومەتە تــازە لەدایکبــووە، بڕیــارێکی یەکجارەکیــدا، (ئەم کــابینەیە ئەرکەکــانی پــێ جێبەجــێ ناکرێ)و بەمەش مانشێتێکی جێی سەرنجی بۆ هەفتەنامەی (ڕوودا و) دابینکرد، بەڵام سەردێڕێکیتری خستەسەر تۆماری شڵەژاندە بێ کۆتاییەکانی ئەم دواییە.

پاســاوەکانی نەوشــیروان مــستەفا بــۆ ســەرنەکەوتنی حکــومەتی تــازە ئەوەندە بێ سەروبەر بوون لێدوانەکانی بانیمارانی لەچاویدا وەک لێدوانی دیــوانی پادشــایی دەردەکەوتــن، بەڵام ئەوەی بــۆ ســەرکردەی تــاک و تەنیای گردەکە دەلوێ لەکوێ بۆ (هاوڕێیەک لەهاوڕێکانی گۆڕان دەلوێ).

## زنجیرەی بێ پسانەوەی شڵەژان

لەشوێنێکیترەوە شڵەژان سەرەتاتکێیەتی، لێدوانی زۆر، باسەرکردەی ناتقیش بیدا، دواجار سەردەکات بەماڵی بێ پەروایی و ناکۆکیدا، لەو سەروبەندەی کورد خەریکی ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانی بەغدا بوو

لەدژی کەرکوک، نەوشیروان لێدوانی بۆ (KNN)دا گوایە دەزگایەک نییە لێپێچینەوە بکات لەنوێنەرانی کورد لەبەغدا، کورد خەریکی چییە لەبەغداو ئەمیش خەریکی چییە لەگردەکەوە؟ کەمیدیاکان پرسیاران کرد بالێپرسینەوە هەمووو لایەک بگەڕێتەوە بەنەوشیروان و حەمە تۆفیقیشەوە کەماوەیەک لەبەغدا بوون، ئیتر ڕۆژنامەکەیان وا هەڵچوو هەموو دەستکەوتەکانی کوردی لەکەرکوک کردە مەدالیای گەردنی نەوشیروان بەدەستکەوتی دووبارە رزگاری کەرکوکەوە لە (10)ی نیسانی ساڵی (2003) لەچوارچێوەی پرۆسەی رزگاری عیراقدا. بەمەش نەک مافی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵکو مافی جۆن ئەبو زەیدیشیان خوارد کەفەرماندەی هێزەکانی ناوچەی ناوەڕاست بوو و سەرپەرشتی هەڵمەتی رزگارکردنی عیراقی دەکرد.

### نەوشیروان و هاوڕێکانی کەیفیان بەچی دێت؟

چەند ڕۆژ دوای ئەوە دەرکیان بەوە کرد چی هەڵەیەک لەئارادایە، بۆیە هێڵی سیاسی و فیکرییان بادایەوە، لەجێی لێدوانی ئاگرین (قبوڵ ناکرێت، کەس موزایەدەمان بەسەرەوە بکات) ڕوویان کردە (هاوڵاتی). بۆ یەکەمین جار هاوڵاتی مانشێتێکی نەتەوەیی هاوسەنگی هەبوو، ئەویشیان هەر بۆ خاتری (گۆڕان): نەوشیروان پاڵپشتی خۆی بۆ نوێنەرانی کورد لەبەغدا دەربڕی.

لەنەبوونی دامەزراوەی لێپرسینەوە، وەک مەرجەعێک بۆ لێپرسینەوە لە (نوێنەرانی کورد لەبەغدا) پاشەکشێیەکیتری جوڵاند، ئینجا لەڕووداودا وتی: پێویستە کوردیش لەهەرێمی کوردستان مەرجەعێکی سیاسیمان، هەبێت کەسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتە (ڕۆژنامەی ڕووداو-دیدار نەوشیروان مستەفا).

بێگومان بۆتە خووی نەوشیروان و هاوڕێکانی لەبزووتنەوەی گۆڕان کەکەیفیان بەوە دێت کاتێک لەسەر خەڵک دەنووسن و بێزار دەبن کەبەرپەرچ دەدرێنەوە، دیارە سبەی بەلێدوانێکیتر بەرپەرچی دەدەنەوە.

(ئەوە بەشــێکە لەو پروپاگەنــدە ناڕاســتەی کەدژی ئــێمە دەکرێــت، نەوشـیروان مـستەفا - دیـداری کەی ئـێن ئـێن)، بەڵام بەرپەرچـدانەوە هەرچۆنێک بێت ناتوانێت وێنەی ئاوێنەی تەڵخی شڵەژان و پاشەکشێ جوان بکاتەوە، شڵەژان لەلێدوانەکان و پاشەکشێ لەهەڵوێستەکان.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5026 لەرۆژی 2009/11/15.

# بۆ جەمسەری کورد خراپە؟

ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون لەگەڵ ئیئتیلافی دێرینی شیعەکان یەکی گرتووەو لیستی عیراقییە بەسەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاویش لەگەڵ کوتلەی حیواری وەتەنی هاتە سەرخت و پێکەوە یەک ڕێکخراوی سیاسیان دروستکردو لەوێشەوە ئەم ڕێکخراوەیان لەگەڵ قەوارەی تەجدید بەسەرۆکایەتی تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارو قەوارەی رافع ئەلعیساوی جێگری سەرۆک وەزیران یەکخستەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی لەچەند حزب و قەوارەو کەسایەتییەک پێکدێت بەسەرۆکایەتی حزبی دەعوە، ئیئتیلافی وەتەنی یەکگرتوو بەئەندامێتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، فراکسیۆنی جەعفەری، حزبی فەزیلەو دەیان حزبی بچووک هاوپەیمانێتی دێرینی خۆی دەمەزەرد کردەوەو کار لەسەر جەمسەرگیرییەکی تایبەت بەخۆیان دەکەن کەسەرەنجام جەمسەرگیرییەکی شیعی دەبێت.

بێگومان جەمسەرگیرییەکەی عەلاوی موتلەگەیش هەر جەمسەرگیرییەکی سوننی دەبێت با تەنانەت سەرۆکەکەی شیعە بێت کە د.ئەیاد عەلاوییەو باخۆشیان لەژێر پەردەی عەلمانی، لیبرالی و نیشتمانیدا حەشاردا بێت، چونکە خۆی نوری مالیکیش لەژێر پەردەی دەوڵەتی قانوندا کۆمەڵێک سوننەو کەسایەتی سەربەخۆی کەمەندکێش کردو خستییە لیستەکەی خۆیەوە، بەڵام دواجار بەرژەوەندی جەمسەرگیری شیعە وای لێکرد بەلای هاوپەیمانێتییە دێرینەکاندا بابداتەوە.

جاشیعە کەزۆرینەن لەعیراقداو هەموو شتێکیان بەدڵی خۆیان سازداوە لەدامودەزگای دەوڵەت و لەقودرەتمەندیدا بێ قوسورن، سوننەش

کەسەرەڕای کەمینەبوونیان لەعیراق، بەڵام دەریایەک لەنفوزی عەرەبی سوننی پشتیوانیانە، ئەمانە وەک ئاراستەی گەورە گەورە یەکیان گرتووەو هاوپەیمانێتی بنکە فراوانیان پێکهێناوەو هێزە سوننەتییە گەورەکانیان دەبنەوە جەمسەرگیرییەکەی سەرەتای پرۆسەی رزگاری عیراق، ئەی دەبێ پرسی هاوپەیمانێتی لەلای کورد چۆن بێت؟ بۆچی کورد کەجەمسەرەکانی تر جاران ئیرەییان بەیەکگرتوویی و یەک دەستیان دەبرد، ئەمڕۆ خاوو خلیچکن لەهاوپەیمانێتیدا؟

بۆچی شیعەو سوننە کەمەترسییان لەسەر نییە، کەنەتەوەی سەردەستن و فاکتەرەکانی هێز لەناوچەکە لەقازانجی ئەوانەو بۆ جێگیرکردنی داخوازییەکانیان پتر لەبژاردەی فرە لیستی و یەک لیستیان لەپێشە کەچی دەبنەوە یەک، ئەی بۆچی کورد کەفرە لیستی زیانی گەورەی لێدەداو دوژمنی کەم نییە تابێ خەم پاڵی لێبدەنەوە، خیتابی فرە لیستی تەلقین دەکرێت؟

وەڵامی ئەمە رەنگە لای ئەوانە بێت کەبەرژەوەندیی کەسی، هی حزبی و ئایدیۆلۆژی دەخەنە پێش بەرژەوەندییە میللیی و نیشتمانییەکانەوەو کاتێکیش بەهێمنی ئەم راستییەیان بۆ رووندەکەیتەوە هەڵدەچن و پەست دەبن و بەمانشێتی گەورە گەورە ئامۆژگاری کوردانە بەموزایەدە لەقەڵەم دەدەن؟.

وەڵامی ئەمە رەنگە لای ئەوانە بێت کەنموونەی باشی فرە لیستی بەفرە لیستی شیعەو سوونە دەهێننەوە (حاڵی حازر شیعەکان بەچەند لیستێک بەشدار دەبن، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە بەچەند لیستێک دادەبەزن، نەوشیروان مستەفا-بەرنامەی رووبەڕ,و) ئەی هەنوکە چ دەڵێن کە لەسەروبەندی هەڵبژاردندا وا هاوپەیمانێتی و ئیئتیلافەکان یەکیان گرتەوە؟ ئایا روونکردنەوەی پێویستی یەکێتی کوردیش هەر بەموزایەدەی ناسیۆنالیستی و خیتابی نەتەوەیی رووکەش دەزانن؟

*کوردستانی نوێ: لەرۆژی 2009/11/5.

## چیتر ناتوانن نانی موزایەدە بخۆن

چیـــتر نـاتوانن بەپــڕوپــــاگەندەی ژەهــراوی متمــانەی خەڵـک مــسۆگەر بــکەن پرســی بڕیــاری سیاســی لەکوردســتان بــۆ پرۆســە چارەنووسسازەکان بەسەر چەند دامودەزگایەکدا دابەشکراوەو بەچەندین فیلتەری بەرژەوەندی نەتەوەیی و هــەڵسەنگاندنی بابەتیدا تێپەڕ دەبێت، پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا: لەئاســتەکانی ســەرۆکایەتی، فراکــسیۆنی هاوپەیمــانی کوردســتان و نــوێنەرایەتی لەحکــومەتی ئیتیحادیــدا، ئەو دامودەزگایــانە لەشــێنەیی و لەکاتی رووبەڕووبوونەوەدا هەمیشە هەماهەنگی و هاوکاری یەکترین و ئەرکەکانی یەکتری تەواو دەکەن.

لەسـەروی ئەم هەمـوو دامودەزگایانەشـەوە، کەتێکڕایـان دامودەزگـای شــەرعین و بەڕێوشــوێنی دەنگــدانی ئــازادانەی خەڵکــی کوردســتاندا گوزەریــان کــردووەو هەڵبژێــردراون، هەردوو ســەرکردە، جەنــابی مــام جەلال و جەنـابی کـاک مەسعود بـارزانی، شـەرعیەتی ڕێبەرایەتییەکـی مێژوویــان هەیە کەرێبەرایەتیکردنــی بــزووتنەوەی سیاســی کوردســتانەو هــەردووکیشیان جگە لەم نــــاونیشانە مێژووکردەی نـاو هــــەناوی جــــــولانەوەی کــــوردایەتی، خۆشــــیان بەشــــدارن لەدامودەزگــــای حوکمڕانیدا.

بەمجــۆرە دەبینــین دەزگــاگەلێکی نــوێنەرایەتی هەڵبژێــردراو هەن کەڕەنــگە کەم بــزووتنەوەی نەتەوایەتــی هەبێــت لەدنیــادا لەمجــۆرە پێکهاتەیە بەهرەمەندبێت و بشتوانێت ئەندازەیەکی بەرزی هەماهەنگی و هاوهەڵوێستی لەنێوانیاندا دروست بکات.

یەکێتـــی و پـــارتی دوو هێـــزی ســـەرەکی پێکهێـــنەری هەمـــوو دامودەزگاکانی کوردستانن و هێزەکانی دیکەش بەقەبارەو جەماوەری خۆیان هەروا بەشدارن و ئاگایان لەکارو هەنگاوەکانی یەکترییە، پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی هەموو هێزەکانی تیای لەیەکێتی، پارتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی، نوێنەرایەتی کورد لەبەغداش، هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتوو لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقن، ئەوانیش هەروا، هاوپەیمانی لەچەند حزبێک پێکدێت و لایەنگرانی گۆڕانیش لەپەناو پەسێوی بەشەکەی یەکێتیدا خۆیان حەشارداوە، سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتی هەموو کوردستان دەکات بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، بەیەکێتی و پارتی و گۆڕانیشەوە، سەرۆک کۆماریش نوێنەرایەتی هەموو کوردستانیان دەکات لەدەوڵەتی ئیتیحادیداو نوێنەرایەتی هەموو عیراقییەکانیش دەکات، حکومەتی کوردستان و بەشی کوردیش لەحکومەتی ئیتیحادیدا نوێنەرایەتی کوردستان دەکات بەهەموو ئاڕاستەکانییەوە.

کەوابێت ئەم دەزگایانە لەڕووی پێکهات و بەشدارییەوە گرفتیان نییەو هەموو چاودێرێکی سیاسی دەتوانێت ئاستەکانی هەماهەنگی نێوانیان دەستنیشان بکات و تێبینی بڵێ و پێشنیازی بەجێش بکات لەسەر پەرەپێدانی کاری نیتۆرکی پێکەوەییان بۆ هەرچی زیاتری خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسی کوردستان و داکۆکی لەمافەکانی کورد.

گرفت لەوەدایە ئێمە لەگەڵ ئەم دامودەزگا گرنگانەی نوێنەرایەتی کوردستان کەدەتوانن تەجرەبەی دیموکراتی وڵاتەکەمان پایەدار بکەن، بەڵام دیموکراسییەکمان هەیە کەبەقۆناغێکی ئینتیقالیدا تێپەڕدەبێت و دیموکراسی ئینتیقالیش، بەداخەوە بێبەری نییە لەخەسڵەتی موزایەدەچییەتی و نوقورچی ژێر مێزو پلاری میللیگەرایی، ئەوی لەچەند رۆژی رابردوودا لەپرسی یاسای هەڵبژاردنەکاندا بینیمان بەشێکە لەدەرکەوتەکانی دیموکراسی ئینتیقالی.

موزایەدەچییەکـانی ئۆپۆزسـیۆن بەدوای ورده کێـشەدا دەگەڕێـن بـۆ قەبەکردنی، مرخیان لەجیاوازییەکی بچووکی بیرورا خۆشکردووه تادزەی لێـوەبکەن دەنـا لەهەمـوو ئەو دەزگایـانەدا نوێنەرایەتییەکـان هـی تەیفـی سیاسـی کوردستانەو دەزگایەکمـان نییە لەدەرەوەی شـەرعیەتی داکۆکی لەبەرژەوەنـــدییە باڵاکـــانی کوردســـتان، ئەمەش شـــتێکە ناشـــێ موزایەدەچییەکـان نەیـزانن ئەگەرچـی خۆیـان لەگێلـی بـدەن، چـونکە قازانجەکەیان لەوەدایە.

ئەوەی لەمـاوەی رابـردوودا لەپرسـی یاسـایی هەڵبژاردنەکانـدا بینیمـان بەشێک بوو لەشانۆگەری موزایەدەی هەڵوێستی نەتەوەیی و هەوڵێکە بۆ کەمکـردنەوە لەبـایەخی نەبەردی نەتەوەیـی کەرکـوک کەهاوپەیمـانی کوردسـتان کاری لەسـەرکردو لەنـاو تەلبەنـدی دوژمنایەتیـدا بەتـولەڕێی تەوافوقدا بـردی و ئەو یاسایەی لێدەرچوو، کەچـی موزایەدەچییەکان بۆ مەرامی دروستکردنی جەمسەرگیری هەڵبژاردنی داهاتوو هەر لەئێستاوه کاریان لەسەر شێواندنی کرد. ئیمزاکردنـی یاساکەیان تێکەڵ بەمەسـەلە تەکنیکییەکانی کردو دەیانەوێت هەر کەموکوڕییەکی هەڵبـژاردن هەبێت بەسـەر نـوێنەرانی کورد لەبەغـدا ساغی بکەنەوە، ئۆپۆزسیۆنی گـۆڕانچی گالی هەندێک رۆژنامەی بەناو ئازادی دۆستی خۆیاندا کەزەقی بکەنەوەو مەســەلەکە وا نیــشانبدەن نــاکۆکی لەنێــوان ســەرکردایەتی سیاســی کوردســتان، لەنێــوان مــام جەلال و کــاک مەسـعود هەیەو بیــروڕای ســەرۆکایەتی و پەرلەمــانی کوردســتان جیــایە لەبیــروڕای هاوپەیمــانی کوردستان لەبەغدا کەهەموو دەزگاکان گوزارشتن لەسیاسەتی پارتی و یەکێتـی و هێـزە سیاسـییەکانی تـریش و ئەگەر جیـاوازیش هەبێـت هـی پــێگەی روانیــنەو ناگــاتە ئاســتی نــاکۆکی قــوڵی چارەســەرنەکراو کەمـشەخۆرەکانی سیاسـەت و میـدیای کـوردی بتـوانن پێخـۆری بـن، ئەوەنـدە بەسـە بـۆ جەمـاوەری وشیاری کوردسـتان بـزانن کەئۆپۆزسـیۆنی مــوزایەدەچی ئەرکە قورســەکانی بــۆ نــوێنەرایەتی رەســمیی کــورد بەجێهێـشتووەو هەر لەئێـستاوه تەداروکـاتی کورسـییەکانی هەڵبژاردنیـان

دەسـتپێکردووەو سـبەینێش هەر بەو یاسـایەی هەڵبـژاردن کەهەڵـڵای لەسـەر دەکەن دەچـنە هەڵبـژاردنەوەو بەدوای کورسـی دەسـەڵاتداریتیدا وێڵ دەبن.

بێگومـان ئەم قۆنـاغە ئینتیقـالییەی دیموکراسـیش تێپەڕدەبێـت و ئەوانەی بەرژەوەنـدی و کورسـیخوازی بەرچـاوی لێـڵ کـردوون لەم هەلومەرجەدا دەزانن ئەمجارە ئەم گەمەیەیان بۆ ناچێتەسـەر بەمـوزایەدە سـواڵی دەنـگ بـکەن و کەچەنـد کورسییەکیشیان هێنا سیانی بەبەتاڵی جێبێڵن و پڕی نەکەنەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ:5032 لەرۆژی 2009/11/22دا.

# زۆر بلێی لەگردەکە

هاتن! موزایەدەچییەکان هاتن، بەسیمایاندا دیارە لەکاتی نەبەردیدا خۆیان دەشارنەوەو لەوادەی سەمای ساف و بێگەرددا ملیان قوت دەکەنەوە.

لەبەغدا دەرەقەتی یەکەم رووبەڕووبوونەوە نەهاتن و لەکوردستان (رووبەڕوو) بوختان و موزایەدە دەکەن.

هاتن موزایەدەچیەکان هاتن! بەلێدوانی ئاگرین و کرداری بێ حاسڵدا بیانناسنەوە، لێدوانی هاوشێوەی عەنتەرەکانی سیاسەتی عەرەب، رەخنەگرتن لەهەموو شتێک تەنها لەخۆیان نەبێت، کەچی لەپشتەوەش پاشقوڵ لەتەجرەبەی کوردستان دەگرن و سیاسەتیان رووی لەفیدرالی پارێزگاو گەڕەک و لاکۆڵانەکانە.

بیانناسنەوە! لەپەرلەماندا منگەمنگ و لەسەر رووپەڕی رۆژنامەو سەر شاشەی تیڤییەکاندا پاڵەوانی نەتەوەیین و لەکاتی بەرەنگاریدا هەر ئەم نوزە نوزەیان لێوە دێت: (هەرچی هاوپەیمانی پێی باش بێت ئێمە پشتیوانی لێدەکەین) یان شتێک لەبابەت ئەوەی دوو دڵەکان بەموسایان وت: (اذهب قاتل انت و ربک و نحن ها هنا قاعدون)؟ کەهەورو ساماڵی هەڕەشەش دەنیشێتەوە ئیتر ریزێک رستەی شۆڕشگێڕانە دەبنە مانشێتی (رۆژنامە)و رۆژنامە هاوسەنگەرەکانیان.

غەزلی ژێراو ژێری خۆیان لەگەڵ شۆڤێنی و نەیارانی کورد لەڕێی پێنج خشتەکی و تەخمیسیان بۆ فیدرالی پارێزگاکان و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەشتێکی ئاسایی دەزانن، کەچی تەوافوق و سازان لەگەڵ پێکهاتەکانی عیراق بۆئەوەی کەرکوک نەبێتە دۆخی تایبەت

لەیاسـای هەڵبژاردنـدا بە (وەسـتانەوەی تاڵەبـانی لەدژی خەڵکـی کوردستان) دەناسێنن.

موزایەدەچییەکان رەنگیان دیارەو دەنگیان نەعرەتەی شێرە لەدەمی ئاشـتی و شـێنەییدا، کەچـی لەتەنگـژەی وەک ئەوەی خانەقینـدا لەسـاڵۆنەکانی سیاسـەتی پـشتەوەو لەباخچەکـانی گـردەکەدا تـریقەی پێکەنینیـان دێـت بەفەرمانـدەو پێـشمەرگە دلێرەکـانی سـەنگەری گەرمەسێرو بەژەنەڕاڵی بێ ئەستێرەیان دەزانن.

مزایەدەچییەکـان بناسـنەوە، تاڵەبـانی-یـان لـێ بـۆتە مـۆتەکە: وەک شـۆڤێنی و نەیارەکـانی کـورد لەدژی وەسـتاونەتەوەو هێرشـی نـاڕەوای دەکەنەسـەر، کەچـی لەولاوە لەهاشمی دەپاڕێنەوە، لەجەنگدا لەخـانەقین نین و لەشێنەییدا خەڵک رادەسپێرن بلّقی سەر ئاو بڵاوبکاتەوە: (یەکێتی لەکەرکوک تێکدەشکێنن)؟ ئافەرین کەهەمـان ئامانجی شۆڤێنییەکانتان هەیە!.

موزایەدەچییەکـان حەزیـان لەمـاڵی شـێواوە، بـۆیە دۆسـێکان تـێکەڵ دەکەن، یاسـای هەڵبـژاردن و کاروبـاری تەکنیکـی تـایبەت بەڕێـژەی کورسـی پارێزگاکـان تـێکەڵ دەکەن، ئەوانە لەوەدا ئـازان لەگـردەکە لەڕەنجـی کۆشـشی نـوێنەرایەتی کـورد لەبەغـدا بخـۆن و شـەڕەکەش بـۆ هاوپەیمانی کوردستان بەجێبێڵن! لەکوردستانیش لەسەر سفرەی حازری هەم دەخۆن و هەم بالۆرەی موزایەدە لێدەدەن.

نەجیـب مەحفـوز بەهـاو ڕێبـازانی ئەمـانەی دەوت (زۆر بلّێیـی بەدیـار نیلەوە).

*کوردستانی نوێ: ژ: 5030 لەرۆژی 2009/11/19دا.

# تێکۆشان بۆ ئازادی بەخەسڵەتی یەکێتیانە

1

جارێکیان گوێم لە کۆندۆلیزا رایس بوو کە لەسەر ئازای پێشکەوتنی مافە مەدەنییەکان قسەی دەکرد. ئەو هێشتا لە پۆستی رەسمی خۆیدا بوو وەک وەزیری دەرەوەی گەورە ترین وڵاتی دونیا کە وتی: هێشتا زۆر مافی تر ماون کە رەش پێستەکان وەریبگرن، زۆر ئازدی تر ماون کەژنان بەدەستی بێنن و خۆم بە شەخسی پێموایە خەبات لەو رێگایەدا بەردەوامە، رێگەیەکی دووروودێژمان لەپیشە.

دوو ساڵ دوای ئەوە رەشپێستێک بوە سەرۆکی ئەمریکاو هێشتا خەبات بۆ ئازادی بەردەوامە.

لەوانەیە ئەم قسەیەی کۆندی لە باری فەلسەفییەوە زۆر قووڵ نەبێت یان زۆر کەسی تریش بتوانن قسەی وا بکەن، بەلام بۆ خوینەرانی دەگێرمەوە کە ماوە یەک لە مەوپێش کتێبێکم لەسەر خانم خوێندەوە. نووسەری سەر گوزەشتەکە دەلێ: "کۆندی بە منداڵی لە گەڵ دایک و بابی سەردانی کۆشکی سپیان کرد، کیژۆلە لە تەلبەندی دەرەوە سەیری بەرزی کۆشکەکەی کردو وتی، رۆژێک دەبێ منیش لەو کۆشکە کار بکەم. ساڵی 2001 ئەم منداڵە ژیکەلە رەشپێستە بووە راوێژکاری ئەمنی نەتەوەیی و سەرۆک بوش ئەمەندەی متمانە پێ بوو کە داوای لێکرد ژورەکەی نزیک نوسینگەی سەرۆکایەتی بێت.

خەبات بۆ ئازادی و مافە مەدەنییەکان لە گەورە ترین وڵاتی دونیا بەردەوامەوخەباتگێرەکان دەبێ کۆلنەدەن دەسکەوتی تر کەڵەکە بکەن.

## 2

خەبات بۆ ئازادی و مافە مەدەنییەکان لە کوردستانی رزگاریشدا جارێ بەردەوامەو کاروانەکە چەندی بۆ مـــەیسەر کردبین هێشتا لە چاو ئەوەی لە ئەندێشەی بزوتنەوەی رزگاریخوازانی گەلی کوردستاندا هەیە کەمەو هێشتا لە چاو ئەوەی شایەنی گەلی کوردە زۆری ترمان گەرەکە.

ئازادی وەک هەر داوایەکی تر نرخی پێدەوێت. قوربانی و شیربایی خۆی گەرەکە. میللەتی ئازا لە دوا جاردا دەبێتە میللەتێکی ئازا. جا لەبەرئەوەی دیرۆکی مرۆڤایەتی کوردی وەک میللەتێکی ئازا ناسیووە.

بۆیە خەباتی کوردایەتی بۆ ئازادی هەر دەگاتە مەنزڵ و لەم رەوتە درێژەدا کەمی بە دەستنەهێناوە تا نادیدە بگیرێت. ئەوەی ئازادی بە دەستهاتوو نادیدە بگرێت. ئەوەی ئازایەتی و رێرەوی قوربانی و خەباتی ئەم میللەتە نادیدە دەگرێتەوە سەرەنجام ناشتوانێ وێستگەیەکی ئەم ئازادییە بۆ مەودایەکی فراوانتر پاڵ پێوە بنێت.

لێرە خەباتی ئازادی نیشتمانی و ئازادی تاکە کەسییەکانمان جیا نەکردەوە، چونکە ئەم جیا کردنەوەیە لە ئەسلدا هەڵەیە مەگەر بۆ لێکۆڵینەوەی تاقیگەکان بێت کە توخمەکان دابەشدەکرێن تا وردتر سەری لێ دەربکرێت. دەنا لە واقعی ئاڵۆزی خەبات بۆ ئازادی نەتەوەی روو لە ئازادی نەتەوەیی تاکەکانیش سەرەنجام ئازاد دەبن و کۆی ئازادی تاکەکانیش یەکسانە بەئازادی دەستەجەمعی نەتەوە.هیچ نەبێ ئەمە لە تەجرەبەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەرجەستە دەبێت وەک رەوتی کوردایەتی پێشکەوتوخواز کە لە مێژووی کردارەکەیدا رزگاری نەتەوەیی لە ئازادی تاکەکەسەکانی ناو زۆنی شۆرش و ئینجا ناو هەرێمی ئازادکراوی کوردستان لێک جیانەکردەوە تا لەناوئەدەبیاتی سیاسی خۆشیدا لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمیش، لەبەرنامەو راپۆرتی سیاسی خوێدا، قورساییەکی بەرچاوی دایە دنیابینی یەکێتی لەسەر مافی تاکەکان وئازادییە فەردییەکان.

## 3

ئەگەر چی نوسینەوەی ئەو دنیابینییە لە بریارو راسپاردە چاپکراوەکانی یەکێتیدا خۆی لەخۆیدا دەولەمەندکردنی ئەدەبیاتی کوردایەتییە، بەڵام لە حیبری قەڵاەم پیرۆزترو گرنگتر، خوێنی شەهیدانی یەکێتییە کە خەڵاتە بۆ ئازادی کوردستان،یانی خەڵاتە بۆئازادی تاکەکان،کە کوردستان بێ کوردستانییانی ناوی، بیابانێکی چۆڵ و بێ فرە.

لە هەر کوێ یەکێتی لێبووبێت یان بەدەستەواژەی سیاسی باو هەر شوێنێک ناوچەی دەسترۆیشتوی یە کێتی بێت ئەوا ئەو شوێنە نیشتەنی ئازادی و مافە مەدەنییەکان و بێگومان جێی پرۆتستۆو بە دەنگی بەرز داواکاری ئازادکردنی زیاتر بوو. لە تەجرەبەی دەسەڵاتداریێتی کوردستانیشدا، گفتوگۆی ناوێ کە لە هەرجێیەک گفتوگۆ لە سەر ئازادی بە هەموو رەهەندەکانیەوە کرابێ. یەکێتی سڵاوی ئازادی بە سڵاوێکی گەرمتر جواب داوەتەوە. لەگەڵ هاوبەشەکانی هانی پەرەپێدانی زیاترو زیاتری ئازادی و مافە مەدەنییەکان و دیموکراسی داوەو نرخی ئەمانەی، بەراشکاوی بیلێن، بە سەرئیشەی زۆر و لە سەرکەوتنی زیاتر داوەتەوە، بە تایەبەت لەم ناوچەی رۆژهەڵاتەدا کەزۆر کەیفی بە ئازادی و دیموکراسی نایەت، باتەنانەت هەندێک جار لەناوخۆشدا هەبن کەوەک کێسی بۆکسێن باسکی خۆیان بەیەکێتی ئەستور کردبێت و نەشیان گوتبێت: سوپاس.

سوپاسی نەویستووە. چونکە یەکێتی دەستمایەو ئایندەی خۆی و ئایندەی کوردەواری لەئازادی و دیموکراسی زیاتردا دەبینێتەوە. تا ئەمیان زیاتر بێت ئەویان پایەدارتر و دڵنیاتر دەبێت.

## 4

بەڵام ئازادی وەک نرخی دەوێت.وەک خەباتێکی بەردەوامی دەوێت، پشوی شۆرشگێرانەشی گەرەکە، هەڵپەسازەکان زوو سارد دەبنەوە، لەمەیدانی گیانفیداریی بۆ ئازادی کۆڵدەدەن، چونکە پشویان درێژ نییە، نرخی ئازادی نادەن، چونکە نرخی ناناسن.

ئــازادی هەروەهــا ڕێوشــوێنی پتەوکــردن و تەداروکــی پارێزگــاری پێویــستە،یاساو حکــومەت ئەمەرێکــدەخەن و ئــازادی کوردســتان و (ئازادی) تاکەکانی دەپارێزن، یاسا بۆ سەپاندن نییە، بۆ پارێزگاری لە (مافەکانـە) کە ئـازادی پـلەی بڵـندی مافەکـانی مـرۆڤ و نەتەوەیە.بـۆیە ئەوانەی یاسـا بە کەم دەگـرن ڕێـگە بـۆ بـێ مـافی و لە سـەرهەڵنەدانی ئازادی خۆش دەکەن.

بەم پێـیە یاسـاو حکـومەت و دەسـەڵاتی دیمـوکراتی و هەڵبژێـردراوی گەل بەرەنگاری ئازادی نابن، بەڵکو دەرفەت بۆ پتەوکردنی ئازادی، ئەم دەزگایـانە بۆئـازادیخوازان،کە یەکێتـی دیرۆکێکـی دوورو درێـژی هەیە لە گەڵ خەبـاتی ئازادیخوازیـدا،چانس بـۆ فراوانکردنـی مەیـدانی ئـازادی و دابینکردنـی پێویـستییەکانی پارێزگـاری کـردن لە ئـازادی، وای دابینـین ئەمە سیاسـەتی یەکێتیـیەو یەکێتـی بە خەسلەتی یەکێتیـانەی خـۆی هەر ئەمەی کردووەو هەر ئەمە دەکات.

لای یەکێتـی دامـوو دەزگاکان ئامرازن بـۆ خـزمەت کردنـی ئازادی و دیموکراسـی، بـۆ دابینکردنـی کەشـێک کە ویـست نیـشاندانی بـۆ ئـازادی تیایدا فەراهەمکراوە.

## 5

دەگەرێمەوە سەرەتا: لە گەورەترین وڵاتی دونیاوە تـا هەرێـمە تـازە لە خەم رەخـسیوەکەی خـۆمـان، کوردسـتان، خەبـات بـۆ ئـازادی و مافەکـانی درێژەی هەیە، کەممان بەدەست نەهێناوە، بەڵام شەیانی زیاتریشین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5289 2010/9/26.

# مەسەلەی سەرۆک کۆمار

مەسەلەی کوردستان لە عێراقدا، لە ویسگەیەکی هەستیاردایە، باسی چەند رۆژی داهاتووە، ئەگەر کورد بتوانێت هەندێک چەمک و داخوازی بچەسپێنێت ئیتر چەسپێنراو دەبێت عورف لە ئایندەی دەولەتی عێراقدا. ئەمە بە تایبەتی بۆ پۆستە سیادییەکان راستە.

بێگومان دەستوری عێراق وەک هی لوبنان نییە کەبە دیاری کراوی پۆستە سیادیەکانی لە نێوان سونە و شیعە و مەسیحیەکاندا دابەشکردوە. بگرە پۆستەکانیشیان بە ناوەوە کراوە. ئاڵوگۆری خولەکیشیان لە نێواندا ناکرێت:سەرۆک کۆمار بۆ مەسیحی، سەرۆک وەزیران بۆ سەنە، پەرلەمانیش بۆ شیعەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک دەنگی نەشاز پەیدابوون کە بە زۆری زۆردارەکی دەستەواژەی بە لوبنانیکردنی عێراق وەک تانەو بۆ ئایندەی وڵاتەکە بە کاردێنن.وەک بڵێی لە نموونە هێنانەوەی حوکومڕانی مێژووی ناکۆکیدا بەغدا چاتر بوو بێت لە بەیروت.مۆدێلی عێراقو چەردەیەک لە مۆدێلی دیکەی عەرەبی لە مۆدێلی لوبنانی باشتر بن!

لە عیراقدا سەرەڕای تێپەرینی (7) ساڵ بە سەر گۆڕانی سیستمی سیاسی، بەڵام هێشتا دۆخەکە دەڵەمەیەو بناغەی سیستمی نوێی وڵات بە تەواوی دانەمەزراوە. لە بەر ئەوە جگە لەململانی لەسەر شتە رۆژانەیی و دەورییەکان، ململانێ سەخت بۆ رەنگریژکردنی ئایندەی وڵات بەو جۆرەی هەر پێکهاتەو گرۆێکی دەیخوازێ، ململانێی تیژو توندە. لەوڵاتی دەستوور خوازی بچەسپایە، دەبوایە ململانێی پێکهاتەکان تەنها لە سەر دەسەڵاتی تەشریعی (پەرلەمان) بوایە کەشوێنی

قانوونمەنـدکردنی دەوڵەتەکەیە. بەڵام چـونکە هێـشتا لە عیـراق هێـزی جێبەجێکردن بە سەر هێزی یاسا داریێژیدا زاڵە بۆیە ئێستا شەڕلەسەر پۆستی سـەرۆک وەزیـران و دەسـەڵاتی تەنفیـزی گەرم تـرە. چـونکە لەم قۆناغە ئینتقالییەدا هێـزی تەنفیـزی دەتـوانێ ڕەنگرێـژی ئایندە بکات و بگرە کاریگەری لە سەر جومگەکانی تەشریعیش دابنێت. بۆیە دەبینرێت عیراقییە غەیرە کوردەکان ململانێ لەسەر سەرۆک وەزیران دەکەن بێ گوێـدانە ئەوەی بەرنـامەی حکـومەتی داهـاتوو چـۆن دەبێـت و ئەو حکومەتە چۆن ئیستحقاقە دەستورییەکانی سەرشانی جێبەجیدەکات؟

لەو نێوەنـدەدا کـورد هەقیەتـی چەنـد رۆژی داهـاتوو خەبـاتی چەنـد دەیەیـی خـۆی بەپێداگری لە سـەر داخـوازییە رەواکـانی چڕ بکـاتەوە کە پۆستی سەرۆک کۆماری یەک لەو داخوازییانەیە نەک تەنها لـەبـەر ئـەو دەسەڵاتەی سەرۆک کۆمار لە هەرێمی دەسـەڵاتدا هەیەتـی، بەڵکو لەبەر ئەوە:

-کە ئەوە حالی عێراقە و بەوجۆرە هێـز بەلای دەسـەڵاتی تەنفیـزییەوە، زەرورییە کـورد ئەو بەشـەی خـۆی لە دەسـەڵاتی تەنفیـزی بە دەسـتەوە بگرێت.

-کە ئەوە حالی قۆناغی ئینتقالی بێـت، ئەوەی ئەمجارە دەچەسـپێنرێت دبێـتە عـورفی یەکـلاکەرەوە، کەوابـێ گـرنگە کـورد لەم تەگبیـرەی چەسپاندنەدا بەشەکەی خۆی وەک عورفێک بچەسپێنێت.

-هاوبەشـەکانمان لە عێـراق کە لە پۆسـتێکی دەوریـدا لە گەڵمـان قرچۆک بن چۆن ویستە نەتەوەیە دەستوریەکانی ترمان دسەلمێنین؟

بەم مانـایە لەم تەنـگەژەیە زەمەنـیەدا سـەلماندی ئەم ئیـستحقاقە نەتەوەیـیە هەم ترۆمـۆتەرەی دلنیـاییە بەوەی لە چـوار سـاڵی داهـاتوودا چـۆن داواکانمـان دەسـەلمێنین و هەمـیش(باسـکی هێـزی)دەسـتوریمان دەداتێ بۆ بەشداری لە حکومرانی قۆناغی داهاتووی عێراقدا.

مەعلـومە کـورد لە عیـراق لە هەر دەورانێکـی هەڵبژاردنـدا سـێ ئستحقاقی لای هاوبەشەکانی تری پرۆسەی سیاسی وڵات هەیە:

-پۆستێکی سیادی وەک ئیستحقاقی نەتەوەیی.
-پلەو پایەی باش لە کابینەدا وەک ئیستحقاقی هەڵبژاردن.
-داوا نەتەوەییەکان وەک مادەی (140) کە لە دەستوردا هاتووەو پەیوەندی بە چارەسەری قۆناقبەندی مەسەلەی کوردەوە هەیە.

ئەوەی دەتوانێ ئەم ئیستحقاقە دابینبکات و دڵنیایی و هێز بداتە کوردو گرەنتی راستگۆیی شەریکە عێراقییەکان بێت، پۆستی سەرۆک کۆمارییە لەم قۆناغە ئینتقالییەدا.

بۆیە پێداگری لە سەر پۆستی سەرۆک کۆمار، لەم چەند رۆژەدا، مەسەلەی مەعنەوی ناسنامەی دەوڵەتی عێراقیش تێدەپەرێنێت بەرەو رەنگرێژکردنی هاوسەنگی هێزی نێوان پێکهاتەکان و دابینکردنی باسکی دەستوری بۆ کورد لە بەغدا.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5227 لە 12/

## با تەکلیفی خۆیان رۆشنبکەنەوە

شتێکی نوێ ناڵێین کەباسی پەیوەندی نێوان نەوشیروان مستەفا و قادری حاجی عەلی لەگەڵ سایتی کوردستان پۆست بکەین. بەڵام ئەوەی داوای ئەمڕۆی ئێمەیە ئەوەیە دەبێ ئەو دوو سەرکردەیەی گردەکە هەڵوێستی خۆیان لەبارەی ئەو پەیوەندییە روونبکەنەوەو دژە بەڵگەی خۆیان لەبەرامبەر بەڵگەی ئەو پەیوەندییانە بخەنەڕوو. جا چ لەدادگای وڵات کەبەشێکی ئەو دۆسێیە پەیوەندی بەوەوە دەبێت و چ لەبەردەم دادگای میللەتدا.

نەوشیروان و قادری حاجی عەلی وا دەزانن بەخۆ بێدەنگ کردنیان لەبەرامبەر ئەم راستییانەدا دەرفەتێک دروست دەبێت کەتاوانەکەیان پەردەپۆش بکەن و لەبیر خەڵکی ببەنەوە، بەڵام ئەو تاوانە سیاسییە، ئیعلامییە قانوونییەی ئەوان هی ئەوە نییە بێدەنگی لێ بکرێت و سبەینێ، کەئەم هەڵچوونی ململانێی هەڵبژاردنە دانیشێتەوە، خەڵک هەقی خۆیەتی لەدادگا شکات تۆمار بکات و هەموو ئەوانەی لەکوردستان پۆستەوە جنێویان پێدراوەو تەشهیری خێزانی و کەسێتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان پێکراوە، داوای مافی زەوتکراوی خۆیان بکەنەوەو ئەو جووت سەرکردەی گردەکە لەپای ئەو تاوان و بوختانانە سزا بدرێن و ئیعتباری ماددی و مەعنەوەی بۆ تەشهیرپێکراوەکان بگێڕدرێتەوە.

هەر لەم پەیوەندییەدا پرسیارێک دروست دەبێت: ئایا سەرانی گردەکە کە چەندین ساڵە بەبوختان و درۆو دەلەسە لەو سایتە گومانلێکراوەوە تەشهیر بەکادیرو هەڤاڵانی یەکێتی و کۆی سیاسەتی

ڕەسمی کوردستان دەکەن و هەموو ئەمانەیان کردۆتە دەسکەلا بۆ ناشیرینکردنی ئەزموونی کوردستان و دەسەڵات سیاسییەکەی و ئەمەش سەرەنجام چۆتە جۆگەلەی هاندانی خەڵک و چەواشەکردنیان و بەکارهێنانی ئەو ناشیرین کردنە لەپرۆسەی سیاسی و تەنانەت لەوێستگەی هەڵبژاردنیشدا تالەقازانجی لیستی گردەکە کۆتایی پێ بێت.

دەبێ لەم دۆخەدا تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتەوە ئەوانەی لەسپیدەوە تا ئێوارە باسی ئەخلاقی سیاسی و ئیداری دەکەن و لەمیدیای عەرەبییدا تۆمەتی بێ ئەخلاقی دەخەنە پاڵ کۆمەڵی کوردەواری کەچی لەکوردستان پۆستەوە جنێو بەخەڵک دەدەن، پێیان بگوترێ بەچ مۆراڵێکی سیاسیەوە بزوتنەوەیەکتان لەسەر بنچینەی درۆو دەلەسەی ناشیرنیکردنی هێزە سیاسییەکان و دسەڵاتی سیاسی بینا کرد، ئایا هەقی خەڵک نییە ئەو قاعیدە قانوونییەتان وەبیر بێنێتەوە کە (ما بني علي الباطل فهو باطل).

*کوردستانی نوێ: ژ:5117 لە رۆژی 2010/3/5دا.

# چیتر کاکە نەوە نیت

هیچ خۆ سەغڵەتکردنی ناوێت، هیچ خەڵک سازدان و خۆ تورەکردنی ناوێت ئەوەی ئیدیعای دیموکراسی دەکاو لەباریدا نییە دەتوانێت لەئەوەلەوە خۆی لەم بابەتە نەداو وەکو جاران دیکتاتۆرانە لێ خوڕێت. بەڵام ئەوەی خۆی بەدیموکراسی بۆیاخ دەکات دەبێت بزانێت دیموکراسی نرخی هەیە، دیموکراسی رەدو بەدەلی هەیە، رەخنەو رەخنە قبووڵکردنی تێدایە.

تازە سەردەمی نازو فیز بەسەرچوو کەلەناو یەکێتی نیشتمانیدا موعەزەز موکەرەم رەخنەت لەهەر کەسێک و هەر شتێک بگرتبایە وەک برا گەورەیەک لێت قبووڵ دەکراو لەبەرپرسیاریێتی و رەخنەی بەرامبەر دەبەخشرای و چاوپۆشی لەقسە رەق و ناحەقەکانت دەکرا. ئەوە لەبەر خاتری یەکێتی بوو، لەبەر خاتری یەکێتی ناو یەکێتی، لەبەر خاتری زەمانی هاوخەباتی و هاوسەنگەریی بوو. ئەو زەمانە بەسەرچوو کەلەختوخۆڕایی هاوڕێ و هەڤاڵەکانت بشکێنێتەوەو لەبەر خاتری خوێنی شەهیدان و ناسکی هەلومەرجەکە چاوپۆشی لێبکرێت. چیتر تۆ هاوڕێ و هەڤاڵی ئێمە نیت کەتۆ فەزڵی هاوڕێ و هەڤاڵێتی مەلا کرێکارو ئەسیل نوجێفی و بەرەی تورکمانی بەسەر هاوڕێیەتی هاوسەنگەرەکانی دوێنێی خۆتدا بدەیت.

ئیتر تەواو! کەدیموکراسییە بۆ ئێمەش دیموکراسییە، کەهاوڕێکانی دوێنێت خوێن و فرمێسکیان بۆ ئەم دیموکراسییە رشتووە. ئەوان لەهاوڕێکانی ئەمرۆت هەقی زیاتریان بەسەر ئەم دیموکراسییەوە هەیەو مافی خۆیانە هیچ نەبێت وەک تۆ، با بەهەمان زمانی جنێو فرۆشی تۆش

نەبێــت، ئەم دیموکراســییە بــخەنە کــارو بەرپەرچــی بوختـــان و چەواشەکارییەکانی تۆو سەرانی هاوکارت بدەنەوە.
تازە ئەو زەمەنە بەسەرچوو کەکاکە ئەوە بوویت، دەمانگوت قەیناکا لەبەر خاتری مام و لەبەر خاتری کوردستان بائەم نازو فیزەش قبووڵ بکەین.
کەتۆ سەنگەری سەوزو ئاوەدان چۆڵ دەکەیت و بگرە سەنگەری لێدەگریت، ئێمەش هەقی خۆمانە رەفعی حیجابت لەگەڵ بەکاربهێنین، تــازە تەواو! فەرمــوو بــزانم بەرگەی گەمەی دیموکراســی دەگریــت کەبریتییە لەرەخنەو گوێگرتن لەرەخنەی خەڵکی دیکەش؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 5188 لە رۆژی 2010/3/5دا.

# ساروخەکەی نەوشیروان فیشەکی چرووک بوو

ئەمشەو شاشەیKNN بێگوێدانە هیچ بەهایەکی ئەخلاقی سیاسی و رۆژنامەوانی و بەبێ گوێدانە هەست و شعۆری ملیۆنان کەس لەهاوولاتیانی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە نەبەردەکان کە مام جەلال یان لەقولایی دڵیاندا هەڵگرتووە. گرتەیەکی ڤیدیۆی بەرێز مام جەلال-یان نیشاندا لەکاتێکدا کەلەدیداری وەفدێکدا تەسبیحەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە ئەوا بۆ هەڵگرتنەوەی تەسبیحەکە خۆیشی و میوانەکەی خۆرسکانە دەچەمێنەوە کەچی سەرانی کۆمپانیای وشە دەیانەوێ مانایەکی نەشیاو کەهەر لەخۆیان دەوەشێتەوە، بەو گرتەیە ببەخشن لەپێناو سواڵی سەرنجی بینەراندا.

ئێمە دەزانین ئەو گرتەیە هەمان گرتەیە کەچەند ساڵ پێش ئێستا لە(کوردستان پۆستدا) بلاوبۆتەوەو ئێستاش ئەو راستییە بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کەهەر ئەوان بوون دزەیان بەم گرتەیە کردووە بۆ سایتە جنێوفرۆشەکەیان بێ رەچاوکردنی مۆراڵی ئەوەی ئەو کات لەیەک حزبدا هەڤاڵی مام جەلال بوون و ئەگەر کەسی نزیک نەبوونایە هەرگیز نەیاندەتوانی لەکۆبوونەوەی وادا بەشداربن و رووداوی ئاسایی وابشێوێنن. ئێمە دەپرسین ئاخۆ دەبێ لەئینشقاقێکی تری ناوخۆیاندا وێنەی گرتەی کێی ترو چۆن بشێوێنن؟

بۆیە مایەی نەنگییە بۆ ئەو کەسانە کە هاورێی چەندین ساڵەی خەباتی بوون و باش شارەزای ئەخلاق و رەوشتی بەرزو هەڵوێستی مەردانەی مام جەلال-ن ئەمرۆ بۆ شێواندنی رای خەڵکی و بۆ

وەدەستهێنانی چەند دەنگێک بۆ کۆمپانیاکەیان ئامادەی دارشتنی هەموو جۆرە سیناریۆیەک و داتاشینی هەموو جۆرە بوختان و تەشهیرێکن لەوانەشە ئەم فیشەکە چروکە ئیعلامییەی کۆمپانیای وشە ئەو ساروخە بێ کەنەوشیروان لەسەردانەکەی کەرکوکیدا بەڵێنی بەماتەبەقای لایەنگرانی خۆی دابوو کەئاراستەی راگەیاندنی یەکێتی بکات.

هەروەها لەهەمان فاصلی تەلەفزیۆنی KNNدا وێنەیەکی تری هەڤاڵ مام جەلال نیشاندەداو والێی دەدوێ. کەئەو وێنەیە سەردانی سەرۆک کۆمارە بۆ مەزاری کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا. بێگومان هەر چەندە لەنێوان وڵاتاندا هەندێ ریۆشوێنی پرۆتۆکۆلی هەیە کەدەبێ رەچاو بکرێ. وەک ئەوەی چوونە سەر گۆڕی کەمال ئەتاتورک یەکێکە لەپرۆتۆکۆلەکانی سەردانی سەرۆک کۆمارانی وڵاتان بۆ تورکیا. بەڵام ئەم بابەتەشیان بۆ موزایەدەی ئەوان دەست نادات، چونکە ئەسڵەن بەهۆی باری تەندروستییەوە سەرۆک تاڵەبانی لەو سەردانەدا بۆی نەکرا ئەو پرۆتۆکۆلە جێبەجێ بکاو لەجیاتی بەڕێزی چەند وەزیرێک سەردانەکەیان کردو ئەو گرتەیەی (KNN) بڵاوی کردەوە بەشێکی سەردانەکەیەتی بۆ مۆزەخانەی ئەتاتورک و هیچی تر.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5115 لە رۆژی 2010/3/3دا بەناوی مەکتەبی راگەیاندنەوە بڵاوبۆتەوە.

# با یەکێتییەکان خۆیان ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن

هیچ نەماوە ئێمە بیڵێن، با تەنانەت پێشمەرگەی رۆژنامەیەکی سیاسی و گشتی بین و لەهەندێک دەرفەتدا ماف و ئەرکی سەرشانمان ئەوە بێت بەناوی یەکێتی و هەڤاڵەکانیەوە قسە بکەین. هیچ نەماوە ئێمە بیڵێین مادام لەسەر جادەو کۆڵانەکان. لەناو کەمپینەکانی هەڵبژاردن لەشارو لادێ و لەهەرێم و لەناوچە دابڕاوەکان. لەکوردستان و نیشتەنی کورد لەعیراق و هەندەراندا. یەکێتییەکان گەورەترین هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بوو. ئەم کەمپینە سەوزە لەهەموو ئاستەکاندا لەمێژووی یەکێتی و لەمێژووی دیموکراسی کوردستاندا بەوێستگەیەکی گرنگی خەباتی دیموکراتی دادەنرێت. لەهەڵبژاردنی 1992دا هەمان ئەو جۆش و خرۆشەمان بینی. بەڵام هێشتاش ئەوی ساڵی 1992و ئەوی ساڵی 2005یش کەمپینێکی رێکخراوو بەتەگبیر بوو. پێشتر نەخشەو توانای بۆ دیاریکرا بوو. بەڵام ئەوی ئەمجارە لەتینوتاوێکی شۆڕشگێڕانەو دەستپێشخەرییەکی جەماوەرییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئەو هەڵمەتە جاماوەرییە جارێکی تر جۆشیدایەوە بەر یەکێتییەکان و بەهەق بووە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی ململانێی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. دۆست و هەوادارانی یەکێتی جەماوەری لیستی هاوپەیمانی، کچ و کوڕو کەسوکارو نەوەی شەهیدان بۆ رابوونەوەیەکی گەورەتری یەکێتی لەمەیدانی خەباتدا. بەبڕیاری خۆڕسکانە ئەمما بەرپرسانەی خۆیان هەڵمەتێکی جوان و بێگەردیان بەرپاکرد کەشێوەی دەرکەوتنی رێرەوی نمایشکردنی سادەیی و پڕ مەغزایی دروشمەکانی دەریخست هەڵمەتێکی نەخشە بۆ کێشراو تەگبیر

بـۆ دانـراو نیـیه ئەگەرچـی لەکەمپینـی هەڵبژاردنیـشدا رێکخـستن و بەرنامەڕێژی بـۆ هەڵمەتـی جۆشـدانی جەمـاوەر مـافی رەواو دیـاردەیەکی قـانوونی و شارستانیـشه. بەڵام جەمـاوەری یەکێتـی ئەم مـافه قـانوونی و شارسـتانییەیان وەرگـۆڕا بـۆ هاوکێـشەیەک کەهەم پابەنـدیتی تێـدا بێـت بەئەخلاقـــی کەمپینـــی هەڵبژاردنێکـــی دیمـــوکراتی و هەمـــیش دەستپێشخەری شۆڕشگێڕانەی تێدا بێت کەبۆ هەمـوو دروشـمێک، لۆگـۆو ئاڵایەک نەگەڕێتەوە بۆ بنکەو لیژنەکانی کەمپینی یەکێتـی و هاوپەیمـانی ئەم حزبه خۆی هی خەڵکه. خەڵک بەو جۆرەی خۆیان بیانەوێت هۆتـافی بۆ دەکێشن و گۆرانی بەبالادا دەڵێن.

یەکێتـیش چـاکی کـرد کەزوو لەم مەسـجه شۆڕشـگێڕییه تێگەیـشت و ئەم حزبەو کەمپینەکەی دایەوە دەسـت خەڵکـی  کەقەڵاو شـورای پـشتی یەکێتیـیه لەتەنگـانەی شـۆڕش و لەوێـستگه دیموکراتییەکـانی ململانێـی هەڵبژاردنیشدا. یەکێتـی  چـاکی کـرد کەتەنها پەیامی بـۆ جەمـاوەرەکەی ئەوەبـوو رێـز لەرکابەرەکانیـان بگـرن و پابەنـدی رێنماییەکانی کۆمـسیۆن بن.

ئیتر یەکێتییەکان خۆیان هەم گیانی دیموکراسی ململانێیان پاراسـت و رێزیـان لەملێلانێکارانیـان گـرت و هەمـیش لێـنەگەڕان بەنـاوی تـرس لەبیانووی تەشەقەڵەگرتنەوە کەس زاتی ئەوە بکات لەپەنا دیمـوکراتییەوە سـوکایەتی بەیەکێتـی و پەرچەمەکەی بکـات وەک هەنـدێک کەس وا لەدیمـــوکراتی تێگەیـــشتوون کەتەنهـــا بریتـــی بێـــت لەپەلامـــاردانی رکابەرەکەت بێئەوەی خۆت ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوت پێ بێت.

ئـێمه هیچمــان نیــیه لێــرەدا بیڵێــین ئەوە نەبێــت کەبەفیعلــی ئەوە دیموکراسـی راسـتەقینەیەکە دەبێـته مـایەی ئـاوەدانکردنەوەی رێـرەوی خەبـات و لابردنـی گەردو تـۆزی خـاوو خلیجکی رۆتینـی رۆژانەی کـاری حزبـــابەتی کەمپینـــی هەڵبـــژاردنیش هەر وەکـــو هەڤـــاڵ مـــام جەلال لەکۆبوونەوە فراوانەکەی کەرکوکدا رایگەیانـد تەنها پرۆپاگەنـدە نیـیه بـۆ بـردنەوەی کورسـی و سـەرکەوتن له هەڵبژارنـدا باتەنـانەت بەشـێوەیەکی

ماکیاڤیلی و چەواشەکاریش بێت، بەڵکو کەمپینی هەڵبـژاردن دەرفەتێکە بـۆ جۆشـدانەوەی پەیوەنـدیی نێـوان حـزب و جەمـاوەرەکەی پـەیـوەنـدی نێوان شۆڕش و ئەو ژینگە حەیاتییەی ئاوو هەناسەو خـۆراکی بەردەوامـی بـۆ تێکۆشـەرانی ڕێـی ڕزگـاری دابـین. دەکـات بەهەق ئەم کەمپیـنە ئەو ئەرکە حـــزبییە. نیـــشتمانییە شۆڕشـــگێڕەی جێبەجێکـــردو مـــاوەتەوە سـەرئەوەی جەمـاوەر لەرۆژی حەوتـی سـێدا ئەم ئیـرادە دەستپێـشخەرەی خـۆی بخـاتە نـاو سـندوقی دەنگـدانەوەو هەرخۆشـی لەلایەک بڕیـاری چارەنوسـساز بـۆ شـێوەی نـوێنەرایەتی کـورد لەبەغـدا بـداو لەلایەکـی تریـشەوە ئاینـدەی گەشـی ئەم یەکێتیـیە سـەوزو ئـاوەدانە دیـاری بکـات لەهەردوو حاڵەتیـشدا تـازە ئیتـر یەکێتـی ئیـرادەی یەکێتییەکـانی کـردۆتە کۆمبەســی کــارکردنی. بــۆ پێــشەوە بەرەو بەرجەســتەکردنی ئیــرادەی یەکێتییانە لەزەماوەندی حەوتی سێدا.

بۆ پێشەوە بەرەو سـەرکەوتن نـا، چـونکە سـەرکەوتن مـسۆگەرە، بەڵکـو بەرەو ئامادەسـازی بـۆ ئـاهەنگی سـەرکەوتنی لیـستی هاوپەیمـانی (372) ئاهەنگێک کەدیسانەوە با یەکێتییەکان خۆیـان دەستپێـشخەربن لەنمـایش و لەدەربڕینی.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5188 لە رۆژی 2010/3/5دا.

# ڕەوینەوەی مەترسییەکان

لەچەنــد ڕۆژی رابــردوودا، چەنــد روداوێکــی مەترســیداری ئەمنــی لەسنووری هەولێرو سلێمانیدا، نیگەرانییەکی زۆری لەئاستی حکومەت و خەڵکیـدا دروسـتکردو ئەو نیگەرانیـیەش ڕاسـت و لەجێـی خۆیـدا بـوو، پرسـیارەکانی خەڵـک و بگـرە ڕەخنەکانیـشیان لەجێـی خۆیـدا بـوون، بەتـایبەت لەسـلێمانی کەسـاڵانێکی زۆرە ڕووداوی ئـاوا ئـاڵۆزی تێـدا ڕوونەداوە، نیگەرانییەکـانی سـەرۆک مـام جەلال و سـەرۆکی هەرێـم و سەرۆکی حکومەت و دەزگا ئەمنییەکانیش لەجێی خۆیاندا بوون، چونکە ڕووداوەکان تەحەدایەکی گەورە بوون، بۆ حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان، هەر بۆیە بەدواداچوونی بەردەوامی سەرۆکی حکومەت و پەرۆشی دەزگا ئەمنییەکان و هاوکاری ئەو بنەماڵانە کەکارە تیرۆریستی و تاوانەکانیان ڕووبەڕو ببووەوە، بەتایبەت هەوڵی هاوبەشی دەزگاکانی ئاسایش و دژە تیـرۆرو هەواڵگیـری نـاوچەکەو ئاسایـشی کەرکـوک لەمـاوەیەکی زوودا سـەرەداوی تـاوانەکەی ڕفانـدن و تیرۆرکردنـی شـەهیدی جـوانەمەرگ مـحەمەدی شـێخ تاهیریـان دۆزیـیەوەو تاوانبارەکـان دەسـتگیرکران و بەمەش مەترسی و نیگەرانی شاری سلێمانی و ناوچە ڕەوایەوە.

ڕووداوێکـی لەو جـۆرە کەڕوویـدا، ئامـاژەیەکی ڕوونە کەتیرۆریـستان دەتـوانن شـێوازی جیـاوازی تێکـدانی بـاری ئەمنـی بگـرنەبەر، بەجۆرێـک کەڕەهەندی تیرۆریستانە بەڕەهەندی تاوانکاری پەردەپۆش بکەن و سـەر لەدەزگا ئەمنییەکان بشێوێنن، بـۆیە دۆزینەوەو دەستگیرکردنی ئەو شانە تیرۆریستییە کەجوگرافیای کارکردنی، ئەوەی تائێستا زانـراوە سلێمانی و کەرکوکی گرتووەتەوە، بەکارێکی نەوعـی ئەمنـی دەژمێردرێت، کەوێڕای

دەستخۆشـــی لایەنە ئەمنییەکـــان، پێویـــستە وەک شـــێوازێکی نـــوێی کـــاری تیرۆریستییانە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و پسپۆڕانی ئەو بوارە کاری لەسەر بکرێت.

دیـــاردە مەترســـیدارەکەی تـــر رفانـــدن و تیرۆرکردنـــی رۆژنامەنووســـی جوانەمەرگ سەردەشت عوسمانە، کەئەویش شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکەو پانتاییە جوگرافییەکەی ئەوە دەهێنێت کەوردتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و بەو خێراییەی دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی سەرەداوو تاوانکارەکانی بدۆزرێنەوەو دەستگیربکرێن.

هەموو ئەو رووداوانەی ئاماژەمان پێیاندان، یەک مەبەست کۆیان دەکاتەوە، ئەویش تێکدانی باری ئەمنی هەرێمی کوردستانە، کە لەهەموو عیراقدا وەک ئـارامترین نـاوچە ناسـراوە، رووداوی تیرۆرکردنـی جـوانەمەرگ سەردەشـت عوسـمان نیگەرانییەکـی قـوڵترو بەرفراوانتـری دروسـتکردووە، بـۆیە چـاوەڕوانی ئەوەمـان هەیە کەدەزگـا ئەمنییەکـانی هەولێـرو موسـڵ-یـش هەوڵەکانیـان چڕبکەنەوە کەدیارە بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری هاووڵاتیان و بنەماڵەی قوربانی تاوانەکەش کاریگەری خۆی دەبێت، وەک چۆن هاوکاری تەواوی میدیاکان و میدیاکارانیش کاریگەری دەبێت.

بەتـایبەتی کەئەو تـوێژەی هاووڵاتیـانی کوردسـتان تـاڕادەیەکی یەکجـار زۆر بریندارو پەرۆشن و ئەو برینداری و پەرۆشییەشیان بـۆ ئەمنیەتـی کوردسـتان و ئەمنیەتـی هاوپیـشەکانیان لەجێـی خـۆیەتی، بەتـایبەت کەهەمـوو دەسـەڵاتە باڵاکـانی کوردسـتان لەو بـرین قـوڵییەو لەو پەرۆشـییەدا لەگەڵ میـدیاکاران و رووناکبیران هاودەنگن.

لەکۆتایـدا، پێویـستە ئەوە بڵـین کەساڵانێکی دوورودرێـژە هاووڵاتیـان دەزگـا ئەمنییەکانی خۆیانیـان لەمەیـدانی تـاقیکردنەوەو ئەزمـوونە سـەرکەوتووەکانیاندا دیـوەو متمانەیـان پێیانـداوە، بـۆیە دۆزیـنەوەی تاوانبـاران و دەسـتگیرکردنیان لەتاقیکردنەوەی ئەمجارەی متمانەشدا سەرکەوتوویان دەکات.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5173 لەرۆژی 2010/5/12دا.

## پێشهاتە ئەمنییەکانی ئەمدواییە، چیمان پێدەڵێن؟

لەچەند رۆژی رابردوودا، هەولێرو سلێمانی چەند خروقاتێکی ئەمنیی وای بەخۆوە بینی کەبووە مایەی نیگەرانیی هاووڵاتیان و تاڕادەیەکیش هەمووومانی تووشی شۆک کرد بەتایبەتی، چونکە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا بەدەگمەن رووداوی تیرۆریستییانەی لەمجۆرە روویداوەو دانیشتووانی هەرێم بەو ئاسایش و ئارامییە راهاتووە کەچەند ساڵێکە بەهەوڵا و تەقەڵای هەموومان دەستەبەرکراوە.

ئەو کردەوە تیرۆریستییانەو ئاشکراکردنی ئەو گروپ و باندانەی لەپشت ئەو کردەوانەوەن، ئەوەمان پێدەڵێن هێشتا هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لەو عیراقەی لەدنیادا بەمۆڵگەو کوورەی تیرۆریزم ناسراوە، بێبەش نییە لەپریشکەی ئاگری ئەو کوورەیەو هەندێکجار پریشکەیەکی بچووکی ئەو کوورەیە، جەستەی ساردو ئارامی هەرێم رادەچڵەکێنێت.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر وریایی هاووڵاتیانی کوردستان بەناوچە دابڕاوەکانیش و لێهاتووی و دەستوبردی و کاری بە بەرنامەو لەخۆبردووانەی دامودەزگا ئەمنییەکانمان نەبێت لەکاری مەیدانی و کۆکردنەوەی زانیاریدا، ئەوا هەرێمیش بەهەمان دەردی ناوچەکانی دیکەی عیراق دەچوو و دەبووە مەیدانی تەڕاتێنیی دەیان گروپ و باندی تیرۆریستی و هەرگیز ئەو پێشکەوتنەش بەدینەدەهات کەئەمڕۆ لەکوردستاندا بەدیهاتووەو هەمووولایەک شایەدیی بۆ دەدەن، تیرۆریستان و شانە نووستووەکانیان، هەرچەندە پیلان و نەخشەی ورد دابڕێژن بۆ کردەوە چەپەڵەکانیان و هەرچەندە هەوڵی ئەوە بدەن تاکتیکی نوێی تیرۆریستیی بەکاربهێنێنن، بەڵام چونکە کۆمەڵگەی کوردستانی

تایبەتمەندیی خۆی هەیەو قبوڵی هیچ جۆرە دیاردەیەکی نامۆ بەژیانی مرۆڤایەتی ناکات، بۆیە ئەنجامیان هەر ئاشکرابوون و دەستگیرکردن و ریسوابوونە وەک ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوودا بینیمان کە لەماوەیەکی کەمدا گروپە تیرۆریستەکە بەخۆیان و بەمۆڵگەو شوێنە نهێنییەکانیانەوە لەسلێمانی ئاشکراکران و کەوتنە دەست یاساوە.

ئەو پێشهاتەی چەند رۆژی رابردوو، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە، کەهەڕەشەی جددی هێشتا لەسەر ئەزموونی کوردستان ماوەو شانە نووستووەکانی تیرۆریزم و گروپە توندڕەوەکان لەسەرخۆو بەهێواشی لەکاتی هەر نائارامییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا یان لەکاتی هەر پرۆسەیەکی جەماوەریی کەخەڵکی پێوە خەریک دەبێت و سەرنجی دامودەزگا ئەمنییەکانیش بۆ خۆی رادەکێشێت، دەکەونە خۆ بۆ چەکەرەکردن و خۆڕێکخستنەوە تا لەو کاتەی بەگونجاوی دەزانن، گورز بووەشێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەیان کەئەویش تێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و ژیانی خەڵکەکەیەتی.

زۆر گرنگە هەموومان درک بەوە بکەین تیرۆریزم کەهەڕەشەیە لەسەر هەموو جیهان، هەڕەشەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش و هێشتا ئەو هەڕەشە مەترسیدارە بەیەکجاری بەرۆکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتەکەی ئێمەشی بەرنەداوەو پێویستیشە لەسەر هەمووان بەتایبەتی لەسەر کەناڵەکانی میدیا، ئەو خاڵە لەبەرچاو بگرن لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵا هەر رووداوێکی ئەمنیدا بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و ئەزموونی دیموکراتی کوردستان بەهەند وەربگرن و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5176 لە 2010/5/16.

# بۆ ئەزموونێکی هەژدە ساڵی

هەژدە ساڵ بەر لەئێستا، لەکاتێکدا بۆشاییەکی سیاسی و ئیداریی لەهەرێمی کوردستاندا هەبوو، خەبات و ئەزموونی شۆڕشگێڕیی شاخیش ساڵێک و چەند مانگێک بوو گوێزرابۆوە بۆ شار، لەو کاتەدا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو بۆ نەخشاندنی سیمای دەوڵەتی و دامەزراوەیی بەدامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی کشانەوەی جومگە ئیدارییەکان لەلایەن حکومەتی عیراقەوە تووشی ئیفلج هاتبوون، بوێرانە بڕیاریدا هەڵبژاردن بکاتە ئەو ئامرازەی کەخەڵکی کوردستان لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە حوکمڕانیی خۆیان بکەن.

لەو سەردەمەدا، کەکوردو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی ئەزموونێکی سیاسی و ئیداریی ئەوتۆیان نەبوو بەتایبەتی لەڕووی بەڕێوەبردنی شارەکانی هەرێم و ئەنجامدانی پرۆسەیەکی فراوان لەشێوەی هەڵبژاردنی گشتی، ئەو پرۆسەیە گرنگییەکی گەورەی هەبوو و بووە جێی بایەخی هەموو نێوەندە میدیاییەکانی جیهان کەتەنها ساڵێک پێشتر سەرقاڵی گواستنەوەی هەواڵی کۆڕەوی ملیۆنیی کوردیی بوون و لەنێوەندە سیاسییەکانیشدا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری پرسەکە دەدرا.

بارودۆخی ئەوسای هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی ناسکی هەستیار بوو، خەڵکەکەی بەدەست دوو ئابڵوقەی ئابووریی دەینالاند کەیەکێکیان ئابڵوقەی رژێمی بەعس بوو لەسەر هەرێم و ئەویتریان ئابڵوقە نێودەوڵەتییەکەی سەر عیراق، ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان بەهۆی دابەزینی ئاستی دراوو گرانییەوە، لەوپەڕی خراپیدا بوو، لەڕووی

ئەمنیــشەوە، بەهەمانــشێوە تەقیــنەوە هەر جــارەی شــوێنێکی قەرەبــاڵغی دەکــردە ئامــانج و رۆژانەش لەنــاوچە هاوتخوبەکانــدا لەگەڵ ســوپای بەعــس، ســەربازانی عیــراق تۆپبــاران و گــولله بــارانی خەڵکیــان دەکــرد، بازگەکــانیش شــوێنێکی دیــکەی ئەشــکەنجدانی هاووڵاتیــانی کوردبــوو، لەڕووە سیاسییەکەشی، کەس دانی بەو دیفاکتۆ نوێیەی سەر گۆڕەپانی کوردســتان نەنــابوو و هەر پاڵپــشتیەک و پــشتیوانییەکیش کەبــۆ کــورد لەئارادابوو، هۆکارە مرۆییەکە زیاتر تێیدا زاڵ بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گەلی کورد کەتازە بەئازادی و دیموکراسیی شادببوو، بەوپەڕی پەرۆشی و جۆش و خرۆشەوە، بەشدارییان لەهەڵبژاردندا کرد کەدواتر لەهەمان ساڵدا چەند هەنگاوێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد هێنایە پێش وەک دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و ئیقرارکردنی فیدرالی.

وەبیرهێنــانەوەی ئەو رۆژە گــرنگە لەمێــژووی کــورددا، بەتــایبەتی کە لەســایەی بــوونی دیــاردەی چەکــداریی هاووڵاتیــان و ئەو بــارودۆخە هەمەلایەنە نالەبــارەی لەســـەرەوە ئاماژەمـــان پێـــدا، پرۆســـەیەکی دیموکراسیی سەرکەوتووی کەم وێنەو بێ کێشە پێشکەشکرا، بۆ نەوەی ئەمــڕۆو قۆنــاغی ئێــستامان زۆر گــرنگە، بــۆئەوەی هەمــووان ســەنگی دەستپێــشخەرییە نەتەوەییەکانمــان و ئەزموونەکەمــان هەردەم لەبەرچــاو بێــت و رێگە نەدەیــن هــیچ کەسێک بەهــیچ پاساوو بیانوویەک هەوڵــی لەکەدارکــردن و شــێواندنی بــارودۆخی کوردســتان بــدات لەکاتێکــدا کەچەنــدین قۆنــاغی نەتەوەییمــان بڕیــوەو لەهەمــوو ئاســتەکانی ژیــانی مرۆڤایەتیدا، پێشکەوتنی مەزن بەدیهاتووە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5179 لە 2010/5/19دا.

## کۆبوونەوەکانی کەرکوک

گوێگرتن لەمام جەلال گوێگرتنە لەباسوخواسە بەرزەکان، گوێگرتنە لەو خەم و خولیایانەی کەکوردایەتی پێ گەورە دەبێت و سیاسەتیش ماناو مەغزای بالای پێ پەیدا دەکات.

گوێگرتن لەمام جەلال، دانیشتنە بەدیار سەرنج و ئەزموون و روئیای نەتەوەیی و نیشتمانیی بەرزەوە، تێگەیشتنە لەناکۆکییە سەرەکییەکانی ململانێی سیاسیی کوردستان و ئەرکەکانی قۆناغی جیاجیای بزووتنەوەی کوردایەتی. کەس وەکو ئەو شەرحی ناکات و خوردی ناکاتەوە، کەس وەکو ئەو رەهەندەکانی کوردایەتی هاوچەرخ و بەستنەوەی ئەدەبیاتی دێرین بەپێدراوەکانی سەردەمەوە رووناناکاتەوە، چونکە کەس وەک هۆنەرەوەی ئەو ئەدەبیاتە ناتوانێت رۆح و ناوەرۆک و مەغزاکەی روون دەربخات.

دیدارەکانی لەکەرکوک هەر بەو ئاراستەیەن هەر لەسەر راستەڕێی کوردایەتی و دیموکراتییە، کوردایەتی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ هەموو عیراقییەکان، لەمێژیشە ئەدەبیاتی کوردایەتی پێشکەوتنخواز مەسافەی نێوان دیموکراتیزەکردنی ولات و سەرخستنی کوردایەتی کورت کردۆتەوە، وردە ناکۆکی هەر دەمێنێت، بەلام لەحوکمی نەبوودان بەپێوەری یەکێتی ستراتیژو ئامانجەکان، لەبەرئەمەیە مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی وەک حزبێکی کوردستانی هەر خۆیەتی مام جەلال-ی سەرۆک کۆماری عیراق. مام جەلال-ی کوردایەتی و مام جەلال-ی عیراقێکی دیموکرات و فیدرال، لازمو مەلزومی ستراتیژی یەکن با لەهەواڵ و راپۆرتەهەواڵەکاندا ئەم دوو پۆستە بەگوێرەی ئەرکی کۆبوونەوەو چالاکییەکان بگۆڕێن.

بۆئەوانەی کورتبینن لەکوردی بیرتەسک و لەعەرەبی شۆڤێنی ئەم کوردایەتییە شێلگیرانەیە ناکۆکن و پێکناگەن لەگەڵ عیراقی دیموکرات و فیدرالدا، بەلام ئێمە قسەمان لەسەر کوردایەتییەکی داخراوو گۆشەگیر نییەو باسی عیراقێکی بێ پاشگری دیموکراتی و فیدرالی، بێ ناسنامەی یەکێتی ئیختیاری، ناکەین، ئێمە ڕێک قسەمان لەسەر عیراقەکەی دەستووری عیراق و کوردایەتییەکەی دەستووری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە، قسەمان لەسەر ئەو دەستوورەیە کەماددەی (140)ی لەخۆگرتووەو مام جەلال وەک سەرۆک کۆمار سوێندی بۆ پاراستنی تەواوی دەقەکانی خواردووە. قسەمان لەسەر ئەو ماددە دەستوورییە عیراقییەیە کەنەخشەی ڕێگەیە بۆ سەرخستنی کوردستانێتی کەرکوک، جائیتر بۆئەم دوو ڕەهەندە لێک جودان؟.

گوێگرتن لەمام جەلال لەدیدارەکانی کەرکوکدا گوێگرتنە لە(حلم منعش للامال).

وەبیرهاتنەوەی ئەسڵی خەباتی کوردایەتییە کەبۆ هەموو کوردستانە، مام جەلال لەکەرکوکە بۆئەوەی مەسجێک بنێرێت، ئەسڵ لەخەبات ئامادەکارییە بۆ لابەلاکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکە، بۆئەوە نییە بەدیار ناکۆکییە لاوەکییەکانی ناو هەناوی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە دابنیشین و گیربخۆین.

لەبنچینەدا خەبات بۆ فەرامۆشکردنی بیری کوردستانێتی نییە، لەپێناو بیری لاوازی ناوچەگەرێتیدا، جا ئەم بیرە لاوازە ناوچەگەرییە لەهەرێمی تائێستا دانپیانراوبێت یان لەدەڤەری تائێستا جێی ناکۆکیدا بێت.

هەفتەی مام جەلال لەکەرکوک تەنیا هەفتەی تەداروکاتی حزبی یان ئیداری نییە، مام جەلال لەچەند ساڵی ڕابردووشدا بەدەوری کەرکوک و کەرکوکییەکانی بەسەرکردۆتەوە، بەڵکو هەفتەی مام جەلال لەشاری دڵخوازی کوردایەتیدا بۆ جۆشدانەوەی نیازو نییەتە ستراتیژییەکەیە. کوردستانێتی کەرکوک و جێبەجێکردنی سوێندی پاراستنی هەموو ماددەکانی دەستوور بەماددەی (140)یشەوە، بۆیە دەبێت

کەرکوکییەکان ستراتیژییانە بیربکەنەوە وەک بایەخی ستراتیژیی شارەکەیان و وەکو نەفەسی ستراتیژیی مامی بزووتنەوەکە، بزووتنەوەی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراتی لەعیراقی فیدرالدا.

*کوردستانی نوێ: 2009/11/14

بەشی شازدەیەم

# درێژەی ململانێ

## نەوشیروان مستەفا ئەفسانەی نەوەیەکی سیاسیی نوێ؟

لەدوا شەوی ڕێگەپێدراو بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، لەهەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی (بزووتنەوە)ی گۆڕان لەگەڵ دەستەیەک لەسەرکردە بەتەمەنەکانی گۆڕان کەهەمان لێپرسراوانی پێشووی باڵی بەناو (ریفۆرم) بوون لەیەکێتیدا، لە KNN دەرکەوت. بەجۆشوخرۆشێکی زۆرەوە. بەڵێنی زەردو سووری بەخەڵکی دەدا، لەناکاو وەک بڵێی هەستی کردبێت کەخەڵک سەرنج لە(ئینی تاس، ئینی حەمام) دەدەن و هەمان دەموچاوەکانی جارانە کەقژیان بۆیاخ کردووە تا گەنج دەربکەون، بۆیە بەپەلە وتی: (دوای هەڵبژاردن گۆڕان تەسلیمی نەوەیەکی سیاسیی تازە دەکەین) ئەگەرچی ئەو کاتە روون نەبوو ئەم لیستەی ناوی گۆڕانە، دواتر دەبێتە حزب، یان بەرە، یان گەلەکۆمەکێیەکی سیاسی ناموتەجانس؟ بەلام هەموو کەس دەیزانی مەبەست لەم دەستەواژەیە راگەیاندنی ئاراستەیەکی سیاسیی جیاواز بوو لەئاراستەی یەکێتی، هەرچەندە ئەوان بەناوی یەکێتییەوە بەشێک لەخەڵکیان فریودا.

### خۆ لە (گۆڕان)دا یەکێتی دەستی نەگرتوون

هەر ئەو شەوە، 5 دەقیقە دوای قسەکانی بەڕێز نەوشیروان لە KNN، لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە، هەڤاڵ ئازاد جوندیانی و خانم سۆزانی خاڵە شیهاب و بەندە قسەمان کرد و بەرپەرچی جوملەیەک قسەمان دایەوە. لەسەر ئەو قسەیەی کە گۆڕان تەسلیمی نەوەیەکی سیاسیی نوێ دەکات، بەکورتی بیروڕای خۆم گوت. هەم کاتی بەرنامەکەو هەمیش وادەی دیاریکراوی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەرفەتی زیاتری نەدەدا: چاک تەسلیمی

نەوەیەکی تازەی دەکات، ئەگەر وایبکردبایە لەچەندین قۆناغی دەسەلاتداریتی خۆیدا، لەناو یەکێتی، وایدەکردو ڕێی بەگەنج دەدا بێنە پێشەوەو دەورو تەسلیمی لەگەڵ نەوەی نوێدا دەکرد.

ئێستا چەند مانگ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێپەڕیوەو بەڕێز مستەفا نەبزووتنەوەکەی بەنەوەی نوێ سپاردووەو نەدەورو تەسلیمیشی لەگەڵ کردوون. بەو حاڵەشەوە ئەوان قسە لەسەر ئەوە دەکەن گوایە یەکێتی هیچ گۆڕانکارییەک ناکاو ئەم حزبە ئیتر پیر بووەو تەواو. جا لەناو یەکێتیدا یەکێتی دەستی گرتبوون ئەی بۆ لەناو گۆڕاندا گۆڕانێک ناکەن؟

بۆنەی ئەم ئاماژەیە ئەوەیە لەباسوخواسی دیاریکردنی کاندیدەکانی گۆڕان بۆ پەرلەمانی داهاتوو، دەمڕاستە تەقلیدییەکانی گۆڕان دیسانەوە دەڵێن ئێمە سەرقاڵی ئەوەین بزووتنەوەی گۆڕان تەسلیمی نەوەیەکی سیاسی تازە بکەین، لەنێوان بەڵێنی سەرزارەکی نەوشیروان و دوا قسەیان لەبارەی (سەرۆکە گەنجە بێلایەنەکانی لیستی گۆڕان لەپارێزگاکاندا) چەندین بەڵێن و موژدەی تۆمارکراو هەن کەگوایە ئەم سەرکردایەتییەی ئێستایان هیچ تەماع و غەرەزێکی پۆست و پایەداریان نییەو هاکە هەموو شتێکی خۆیان تەسلیمی نەوەی نوێ کرد. ئێستاش بیروڕای یەکەمی خۆم دەڵێمەوە:(چاکی تەسلیم دەکەن).

## کۆمپانیاکە خێرخوازییە

پێویستە بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە، ڕاستی تەشەبوسکردنی بەڕێز نەوشیروان مستەفاو (هاوڕێکانی لەبزووتنەوەی گۆڕان) وەکو خۆی وەسفیان دەکات، بەپایەداری و پۆستەوە، بەدوای جۆری پۆستەکاندا بگەڕێن و ناونیشانە لاوەکییەکان فریومان نەدەن. چونکە گەلێکجار دەرویش و موریدەکانی بەڕێز مستەفا ئیدعای ئەوە دەکەن کەسەرۆکەکەیان خەیاڵی پایەوپلەی لەمێشکدا نییەو ئەوی ئەو دەیکات لەڕێی خودایە و کۆمپانیای وشە تەنها دەزگایەکی خێرخوازییەو هیچیتر.

لەڕاستیدا پایەو پۆست لای سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان هەرگیز پۆستی (حکومەتی) یان (پەرلەمانی) نییە. کەسێک بۆ ئەم پۆستانە هەڵپەی دەبێت

کەباوەڕی بەمەرجەعیەتی حکومەت و پەرلەمان و دەزگا رەسمییەکانی ولات هەبێت. ئەم لەبنچینەدا دەزگا رەسمییەکان و نوێنەرەکانی خۆی لەوێدا بەدەسکەلاو داشی شەترەنج دەزانێت، ئەوانە سەربازن لەخزمەتی فەرماندەدا شەڕەکەی بۆ دەکەن، بەلام بردنەوە بۆ ئەوەو دۆڕان تەنها سەربازەکان لێی بەرپرسیارن. پایە لای سەرۆکی گۆڕان ئەندامێتی خۆی لەپەرلەمان یان سەرۆکایەتی فراکسیۆن نییە، پایە لای ئەو دەستبەسەراگرتنی بزووتنەوەی سیاسییە جا باپێشتر ئەو بزووتنەوەیە یەکێتی و ئەمڕۆش گۆڕان بێت.

## خۆدزینەوە لەجەهەنەمی بەرپرسیارێتی و جەنەتی لێپرسراوێتی

دیدی نەوشیروان لەسەر پلەو پایە حاڵەتێکە لەنێوان وەرگرتنی (دەسەلات و تێخورین) لەلایەک و خۆدزینەوە لەبەرپرسیارێتی لەلایەکی ترەوە، پۆستی شوێنێکی ناوەڕاستە لەنێوان جەنەتی لێپرسراوێتی و جەهەنمی لێپرسینەوە. پلەیەکی گەرەکە لەخەڵک بپرسێتەوەو کەس لێی نەپرسێتەوە. ئەمەش تەنها پلەی مەرجەعە دینییەکانەو شتی واش لەفەرهەنگی دینداری کورددا نییە کەزۆرینە سوونەن و لەسیاسەتی کوردستانیشدا تا ئێستا فەزای دینی، بە مانا سیاسییەکەی زاڵ نەبووە تا باوی مەرجەع هەبێت مەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لەمەودوا پەرە بەمەیلە دەرکەوتووە دینییەکانی خۆی بدات (کە ئەم باسە دەبێتە باسی و تاریکیتر).

## ماڵە باجێنە

ئەوانەی لەهەڵسەنگاندنی ئارەزووی دەسەلاتی نەوشیروان دەکۆڵنەوە نابێت سەیری دیاردە رووکەشەکانی وەک ناوەندی تەمەنی پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، یان ناوەندی تەمەنی کاندیدەکانی داهاتوو بکەن. لای نەوشیروان دەزگای حکومەت و پەرلەمان مەرجەعی سیاسەت و دەسەلات پەیداکردن نین، ئەمانە زیاتر دەزگای خزمەتگوزارین و دەسەلاتی راستەقینە لەمەرجەعیەت و سەرۆکایەتی خۆیدایەتی. لەدیدی بارگاوی بەمەزنی حزب لەچاو دەزگای ئیدارە کەفەزای بیرکردنەوەی نەوشیروان

مستەفایە، پەرلەمانتاری و وەزیرداری تەنها ماڵەباجێنەی قابیلی تێکوپێکدانن و ئەوی دەسەلات و هێزە لەسەرۆکایەتیکردنی قەوارەی سیاسیدایە.

بەو دیـــدەوە تەمەنێکـــی لەنـــاو یەکێتـــی بەڕێکـــرد کە چنـــگ لەســـەرۆکایەتییەکەی گیربکـــاو بەو دیدەشـــەوە ئێـــستا لە (گـــۆڕان) هەروا شکڵگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان دوا دەخاو دەستی دەستی بەو دەستە لەنەوەی نـویێ دەکـات کەدوای بـانگەوازی فریـودەرانەی بزووتنەوەیەکـی سیاسـی نـویێ بەسەرکردایەتی نەوەی نویێ کەوتن.

## سەرکردە دووبارە بووەکان

ئەم دەسـتەیە لەنەوەی نـویێ وا چەنـد مـانگە لەچـاوەڕوانی دەوروتەسـلیمدا ئیـدارەی ململانێیەکـی سـەخت دەکەن لەگەڵ سـەرکردایەتییە دووبـارەبۆکەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفاش خۆی لەناوەڕاستدا وەستاوە، دەمێک ناوبژیوان و دەمێکـی زیـاتریش یـاری بەم ململانێـیە دەکـات تـا نە(سـەرکردە دووبـارە بووەکان) بپەرژێنە سەر ئەوەی شان لەشانی سەرکردایەتی نەوشیروان بـدەن و نەگەنجەکانی گـۆڕان (ئەوانی خاوەنـداریتی لەمێـژووی جارانی یەکێتـی نـاکەن) داوای ئیـستحقاقاتی خۆیـان بـکەن. نەوشـیروان لەو نێوەنـدەدا مەسـافەیەکی لەنێـوان خـۆی و سـەرکردایەتییەکەی جـارانی ریفۆرمـدا دروسـتکردووەو وایلێکـردوون سـەرقاڵی شـوێنگەی دوو و سـێیەمی دوای خـۆی بـن، تـا داوای بەشی زەعامەت و مەرجەعیەت نەکەن لە گۆڕاندا. لەولاشـەوە نەوەی دووەمـی بەململانێ لەگەڵ سەرکردایەتی ریفۆرمەوە سـەرقاڵکردووە، ئەمەش فـاکتەرێکی هەرە جەوهەری تائێستا ساغنەبوونەوەی قەوارەی گۆڕانە.

## ناهێڵێت کەس رۆڵی ئەو بگێڕێت!

هەر لەم بوارەشـدا دەتـوانین بڵێـین زوڵمێکـی گەورە دەکەیـن ئەگەر بێـژین نەوشیروان کەڵک لەڕابردوو وەرناگرێت. تەجرەبەی خۆی وەک کەسی دووەم و هەنـدێکجار رەقەمـی یەکـی مـوکەڕەڕ لەناو یەکێتیـدا تەجـرەبەیەکە بۆ خـۆی دەسـت دەدات، بەلام چـاک نیـیە لەنـاو گۆڕانـدا کەس رۆڵـی پێـشینەی ئەو

بگیرێت. بۆ رۆڵێکی وا پێویست دەکات نەوشیروان وەک مام جەلال کەسێک بێت لەپێگەی خۆی نەترسێت، کەسێک بێت بتوانێت لەگەڵ دیاردەی دەرکەوتنی زەعاماتی تردا هەڵبکات و پرۆژەی سیاسی و ستراتیژیی بزووتنەوەی کوردایەتی لا گرنگتربێت لەئەگەرو نەگەری پەیدابوونی ململانێکار لەسەر پایەی یەکەم، بەڕێز نەوشیروان بەو تەجرەبەیەوە بە باشتری دەزانێت دەرگای وا لەخۆی نەکاتەوە کەگۆڕان لەهەیکەلەی حزبێکی سیاسی وەک ئەوەی خەڵق و خوای ئەم دونیایە دەربکەوێت (ئەو ناوی ئەم جۆرە حزبانە دەنێت حزبی شێوە ستالینی)و سەرەنجام ئەو حزبە سکرتێرو جێگری هەبێ و سەرکردایەتی هەبێت و سەرکردەکانی خاوەنی حەیسییەت و کەینوونەی خۆیان بن، بۆیە ئەم نەوزادە شەمزاوەی ناوناوە (بزووتنەوە) نەک حزب کە دەشێ ناوی لێ بنێیت (حزبی شێوە پۆلپۆتی)، لەلوتکەو هەرەمی ئەم حزبە نەوشیروان هەیە، دوای ئەوە بە چەندین فەرسەخ (سەرکردەکانی باڵی ریفۆرم)و ئیتر کارەکتەرەکانی خوارەوە. ئەمانە دەشێ بچنە پەرلەمانەوە، بچنە بەغداو تەنانەت بشبنە وەزیر، بەلام نابنە خاوەنی قودرەتمەندی و سەری گوریسەکە هەر بە دەست نەوشیروانەوە دەبێت و (هاوڕێکانم لەبزووتنەوەی گۆڕان) کە کینایەیە بۆ ناوی بەڕێزان عومەری سەید عەلی، قادری حاجی عەلی و محەمەد تۆفیق رەحیم و ئەوانی تر، هەر ئەمانە دەچنە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، سیناتۆر مەکین و لەگەڵ عیدەیەکی کەمدا کۆدەبنەوەو هەموو شتێک بڕیار دەدەن.

پێکەوە دەست هەڵدەبڕن و

بەتەنیا ناچنە سەردانی کەس

لەخوار ئەمانیشەوە فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەماندا پێکەوە دەست هەڵدەبڕن، پێکەوە هامشۆی فراکسیۆنەکانی تر دەکەن و بەتەنیاش ناچنە سەردانی کەس. دیارە هەرچۆنێک بێت پەراوێزێکیان هەیە بۆ ئازادی کەبەشێوازی جیاجیا، نەک بە یەک شێواز، گوزارشت لەبیروڕای نەوشیروان بکەن و تائێستاش یەک جل پۆشی، زەی موەحەدیان پەیڕەو نەکردووە.

چاکی تەسلیم دەکات!

ئێستا دوای چەند مانگ لەساغنەبوونەوەی تاریفی ڕێکخراوەیی قەوارەی گۆڕان کە دوورنییە ئیشکالی شەرعیەتی یاساییشی بەدواوە بێت. نەوشیروان بەردەوامە لەتەماکردنی نەوەی نوێ کەبزووتنەوەکەیان تەسلیم بکات. لەوانەیە دوای ئەم هەڵبژاردنە، لەوانەیە دوای ئەویترو لەوانەش قەت ئەو دەورانە نەیات، چونکە ئەگەر بهاتبایە ئەو دەمە دەهات کە نەوشیروان دەستی دەرۆیی لەدەسەلاتی سیاسی کوردستانداو نەیکرد، ئەگەر دەشێ گومان لەوەش بکەین لە ئەسڵدا خۆڕاپسکانی نەوشیروان لەچەند ساڵی رابردوودا لەبەر ئەوەبوو، پرۆسەی ئاڵوگۆڕێکی سروشتی دەسەلات لەنێوان نەوەکان پەکبخات، وەک چۆن پرۆسەی ئیدارەو بڕیاری سیاسیی پەکخستبوو.

دەشێ نەوشیروان هەر لەبەرپەرچی ئەگەرێکی وا بۆ هاتنەپێشەوەی نەوەیەکی نوێی سیاسی ئەم هەموو قالوبەلایەی دروستکردبێت.

بۆیە جارێکیتر ئەو هەڵسەنگاندنەم بۆ ئەوە هەیە: چاکی تەسلیم دەکات.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5056 لەرۆژی 2009/12/24دا.

# لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی نەوشیروان مستەفادا

(لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی نەوشیروان مستەفادا) ئەمە واژۆی ژێر زۆربەی نامەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفایە کە بۆ جەنابی مام جەلالی ناردووەو ئێستا پەیتا پەیتا بەگوێرەی بازاڕ گەرمیی سیاسەت و پێویستی ڕۆژانەی شەخسی خۆی لەگێڕانەوەی مێژوودا بڵاویاندەکاتەوە، لەناو کورددا ڕەنگە کە بەقەدەر بەڕێز مستەفا مێژووی بۆ پێویستی ساتەوەخت تەوزیف نەکردبێت، هەرچەندە شەهادەتی مێژوو نووس دەبێت شەهادەتێکی سەنگینی وابێت کەجێی متمانەبوونی زەمەنێکی زۆر بخایەنێت بەجۆرێک مەگەر دەرکەوتنی بەڵگەو دۆکیۆمێنتی نوێ کەمێک لەو تۆکمەییەی شەهادەتەکە لەق بکات.

(لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی نەوشیروان مستەفادا) دەستواژەیەکی ڕێزداری جوانی کە بەداخەوە لەگەڵ نەهجی بێحورمەتی ئێستای میدیای وشەدا یەک ناگرێتەوە کەبێ ئەندازە بێ ڕێزی بەرامبەر یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردو یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی عیراق دەکەن، شتێک کەتەنانەت شۆڤێنی و بەعسییەکانیش خۆیانی لێ دەبوورێن، سەرانی ڕژێمی پێشوو لەوەقائیعی دادگاییەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا کەباسیان دەهاتە سەر ناوهێنانی سەرکردایەتیی کورد چەند جار وتوویانە (ئەلئوستاز جەلال تاڵەبانی)، بەڵام ئەوی لەدوا بەلاغی بزووتنەوەی گۆڕاندا هاتووە، شتێکە هێندە شەرمهێنەرە کەمرۆڤ سەرسام دەبێت لەکوێ ئەم زمانە شیرینە کوردییەمان بەرگەی ئەوە دەگرێ بەڕێزکردنی جۆرێک لەجۆرەکانی ڕستە ئەو بێ حورمەتی و بێ ڕێزیەی پێ دابڕێژرێت؟.

(لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازە)مان بۆ بیرەوەریی و نووسینەوەی مێژوو کە لەدووتوێی خۆیدا دەیان ساڵ پێکەوە خەباتکردنی هەڵگرتووە، ئەو هەناسە

سوارییەی بەڕێز مستەفا لەکوڵاچکردنی (راستیەکان)دا خەرجیکردووە گومان دەخاتە سەر ئەوەی داخۆ خاوەنی بیرەوەرییەکان چەند پەندی لەسەر کردنە سەر مێژووی کۆن و نوێی کوردو لەسەر سپیکردنی ئەزمـوونی شەخسی وەرگرتووە،؟ چ تەخت و تاجێک و چ ناودەرکردنێک ئەوە دەهێنێ مرۆڤ ئەو هەموو بێ رێزییە بەرامبەر بەهەڤاڵەکان و هاوسەنگەرەکانی خۆی بکات و لەکەمترین دەستکەوت و شانازی بێبەشیان بکات؟ تەنانەت مێژوونووسی ئەفسانەکانیش لەدێواندنی هەر پاڵەوانێکدا ئامادەسازی و رێگە خۆشکردنی بۆ دەهۆننەوەو وەک ئەوە ناکەن کەبەڕێز نەوشیروان مستەفا لەپەسەندی خۆیدا کرد، لەم داستانی بیرەوەرییانەدا خێرو شەڕ، لەیل و نەهار، ململانێی نێوان لایەنەکان و تەنانەت ئەدەبیاتی (ئێمەو ئەوان)یش بەدی ناکەین کەوێردی سەر زمانی نەوشیروان بوو لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پێشوودا، لەم بیرەوەرییانەدا هەر تەنها (من و ئەوان)ێکی جارسکەر دەبینین.

-من-ێک کەهیچ نییەتێکم بەرامبەر هەڤاڵەکانم نییە، کەچی ئەوان پاشقوولم لێدەگرن.

-من-ێک کە پاکم و بێ گەردم و ئەوانی تر هیچ.

-من-ێکی چاکە خوازو ئەوانی تر شەیتان.

-من-ێک کەمام جەلال بۆ ئەوانی تر دەستبەردارم بووە.

....هتد

لەم بیرەوەرییانەدا تەنانەت بەشێک لەدۆستەکانی ئێستای نەوشیروان لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا کە ئەو کاتە لەسەرکردایەتی یەکێتیدا بوون بێ کەڵک و دەستەوەستان و بێ بەهرە بوون. هەر لەحەمە تۆفیق رەحیمەوە تا عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەرو ...هتد، بۆمان روونـدەبێتەوە ئەو کاتەی (من) هەبووم لەمەیدانەکەدا هەڤاڵانی دۆست و دوژمن-م موجەرەد ناوێک بوون و لەمەکتەبی سیاسییدا هەبوون.

(من) دێوی ناو ئەفسانەکانی ئەو سەردەمە بووم کە لەقانون و دارایی و سەحافەو شیعری نالی شارەزا بووم و ئەوانیتر هیچ بوون و نەدەبوایە مام جەلال بۆ ئەو هیچانەی من لە 1991 تا 2010 لەگەڵیان هەڵم نەدەکرد،

پشتی (من)ی بەربدایەو ئەگەر وایکرد ئەوا (من) کوردستانی بۆ بەجێدێڵم و هەرکاتێکیش گەڕامەوە دەبێت زەمەن وەستابێ و گەشەی ژیان و حزبایەتی لەشوێنێکدا چەقی بێت، شوێنی (من)و ئیعتباری (من) وەکو خۆی بێت و (من) ئەمر بفەرمووم و ئێوە خەیاری جێبەجێکردنتان هەیەو ئەگەر باشتان جێبەجێنەکرد ئەوا بڕیارە بەعاجزی بڕۆم و بەخشکەیی بێمەوە، رەخنە بگرم و قسەی رەق بکەم و کاتێکیش لێم هاتنە وەڵام ئەم تێگیرانە بەپیلان بزانم و زوو بەزوو نامەی ئیستیقالە بنووسم.

ئینجا (من)ی پاک و بێگەردو دوورە پەرێز لەهەر غەرەزێکی دژایەتی سیاسی خۆمی لێ بخەفێنم و بەوە رازی بم لەکۆنگرە بەتەزکیە ببمەوە بەسەرکردایەتی و لەولاشەوە دوای بڕانەوەی هەموو شتێک (عند الایجاب) رەخنە لەم جۆرە حزبایەتییە بگرم و بەستالینی و بلۆکی شەرقی بشوبهێنم.

لەگەڵ رێزی بێ ئەندازەمان بۆ ئەوانەی بەناوی گۆڕانەوە بەدروشمی جیاکردنەوەی حزب و حکومەتەوە دەنازن، ئەم بیرەوەرییانە دەریدەخات بەڕێز مستەفا کەدەستی بڕوات حزب دەخاتە گیرفانێکییەوەو حکومەتیش لەگیرفانەکەی تریدا قایم دەکات و بەمجۆرە تا ئەبەد لەیەک جیادەبنەوە.

کەسێک بنی زمان و سەری زمانی حوکمی موئەسەسات بێت، کەچی ئەمە خۆی بیرەوەرییەکانی بێت لەگەڵ موئەسەسەدا کەهەموو شتێک وەکو دوانەی شەمع و پەروانە لەدەوری خۆی بخولێنەوە، ئیتر چ ئومێدێکی بۆ سبەی پێبێت.

کەسێک لەزەمەنێکدا ئابلۆقەی چەند سەرە لەسەر سیاسەتی یەکێتی بێت و بەو مەترسیانەشەوە بەڕێز مام جەلال بۆ حورمەتی خاوخەباتی لەگەڵ ویدا بەشی زۆری پێشنیازەکانی جێبەجێ بکاو دەستکاری هەندێکی تریان بەپیلان تێبگات، کەچی دواتر خۆی بێتاقەت بکات و بەپێی پرەنسیپی (یان هەموو شتێک بەدڵی من بێت، یان هیچ) مامەڵە بکات، ئیتر بە چ ریوایەتێکی حزبی و سیاسییەوە ئەمڕۆی خۆی بەبێ تاوان و بەستەزمان نیشان دەدات؟

ئەم ریوایەتەی بەڕێز نەوشیروان ریوایەتێکی ناکامڵە، چەند لاپەڕەیەکی لێ کەوتۆتە خوارەوە، یان بەئیستیلاحی ئەدەبیاتی وشە ئۆتۆ سانسۆری (سبەی) لێی قرتاندووە.

ئـێمە ئەمـڕۆ لەکوردسـتانی نوێدا شـایەتی ڕیـوایەتێکی تـر دەبـین. ڕیـوایەتی کـاک کۆسـرەت، کەبەشـێکی (بیرەوەرییەکـان) ڕووی لەوەو داخێکـی قەدیـمە ئێستا هاتۆتە سویّ!

لەگەڵ ڕێـزی بـێ ئەنـدازەمان بـۆ بەڕێـز مـستەفا، ئەو پـێش خـواردن و خـۆ زیزکردن و منەت نواندنە، ئەو هەڵنەکردن و قەڵس بوون و پێچە بەدەورینە هــی ئەوە نیــیە سیاســەتی کــوردی متمــانەی لادروســت بێــت، کەخــاوەنی بیرەوەرییەکان دەشێ لەزەمەنی داهاتووشدا خاوەنی بڕیاردان و دەسەڵات پێ بەخـشین بێـت، کارەکتەرێـک لەهەر عـارزێکی سـەرماو سـۆڵە پـای دۆزی لـێ بکات، زویر بێ بڕواو بێتەوە، هی ئەوە نییە لەمەودوا سەری خۆی پێ سپێری و ئەمــانەتی بزووتنەوەیەکـی گەورەی وەکـو بـزووتنەوەی کـوردایەتی بـدەیتە دەسـت ئەمەش لەوانەیە نـامەیەک بێـت بـۆ ئەوانەی هـی یەکێتـین و کەوتە داوی لیستی گۆڕانەوە.

دوای کڵاوی بـابردوو مەکەون تـا لەبیرەوەرییەکی تـری نەوشـیرواندا زەمـی ئێـوەش نەیەتە نـاو نـاوانەوە، لەگەڵ ڕێـزی بـێ ئەندازەمانـدا بـۆ ئەوەی ئێـوەش نەبــنە باعیــسی ســەرەڕێی کــاروانی مەیلــی تــاکڕەوی و دێوانــدنی نەوشـیروان مستەفا.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5039 لەڕۆژی 2009/12/4دا.

# لێگەڕێن با چین خەوتبێ

ئەمە وتەزایەکی ناسراوە لەدونیای سیاسەتدا، داوایەکە بۆ ئەوەی دەستکاری چین نەکرێت و ئەژدیهای نێو ئەفسانەکانی چین و ماچین وەخەبەر نەیەنەوە، لێگەڕێن با چین خەوتبێ و هێزە پەنهانەکانی ئیستیفزاز مەکەن کە ناچاری وەقسەهاتن بێت، شتێکە بۆ دونیای ململانێی سیاسەتی ناو دەوڵەتان، بەڵام پەندێکی کوردیشی هاوشانە: بەردێک بنێنە بانی، یانی بەردێک بنێنە بان ئەو بابەتەو لەوە زیاتر مەیوروژێنن، چونکە بەزیانی خۆتان کۆتایی دێت. لەو بابەتانەش:

-داوای دادگاییکردنی بەڕێز مام جەلال دەکەن، داوای دادگاییکردنی پەرلەمانتارانیش دەکەن، یانی برادەران ژمارەیەکی تایبەتی ئۆرگانە حزبییەکەی خۆیانیان بۆ دادگاییکردنی خەڵک دەرکردووە، کەدەکرێت ناوی ژمارەی دادگانامەی لێبنێین، باشە سەرکۆمار وەک هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی لەوڵاتێکی دەستووریدا لەژێر سایەی دادو یاسادایە، ئیتر بۆ ئەم دۆسیەیە ناوروژێنن؟ بۆ سەرنووسەری خوازیاری دادگایی سەرکۆمار خۆی لەپێشدا ئەم داوایە تەحریک ناکات؟ ئەگەر ئەم نووسینە ئۆکەی سەرۆکی کۆمپانیای گۆڕانی لەگەڵ نییە بۆ دوو هەفتەیە لێی بێدەنگ بووە؟ کە ئاگاشی لێیەتی و کەچی روون نییە مام جەلال لەسەر چی دادگایی دەکرێت، ئەی بۆچی دوای ئەوە خەڵکی تریش دادگایی نەکرێن؟ بۆ نموونە ئەو دۆسێیانە هەڵبدرێنەوە کە ئەوان بەپارەی کێ رەوتێکی سیاسییان دامەزراندو پارەداریان کردو لەناوجەرگەی شاری سلێمانیدا گردێکیان داگیرکرد؟ کەهەر دادگا سەروەرەو ئەوان کەیفیان پێیدێت بەکام یاساو نەریت و ئەزموونی هاوشێوە کنەیان لەناو حزبێکدا کردو چەند هەوڵێکی کودەتاییان بەرپاکردو چەندان تۆن بەڵگەنامەو

راپۆرتیان لێ بـرد؟ کە داوای دادگایی پەرلەمانتارانی پێشوو دەکەن ئایا ئەم داوایە موخەزرەمەکـانی ئێـستای خۆشـیان و پەرلەمانتـارە هەوادارەکانیـشیان دەگریتەوە؟ ئایا دۆسێ دۆسێی تر بەدوای خۆیدا ناهێنێت کەئەمانە لەسەر سووکایەتی و جنێوی کۆمەڵایەتی و بوختانکردن و شکاندنی خەڵک لەسایت و پەناو پەسێوی رۆژنامەکاندا بدرێنە دادگا؟

-بێگومـان ئـێمە لێـرە تەنیـا باسـی دۆسـێ نزیکەکانمـان کـردو وەکـو تەلەفزیۆنەکەیان ناکەین کە لەمیوانداری کارەکتەرێکی میدیای گوایە ئەهلیدا وتارەکـانی دەیەی پێـشووی کوردسـتانی نـوێ-ی ریزکـرد، ئەمەش چـونکە سەرۆکی کۆمپانیای وشە لەچەند شوێنێکدا داوایکرد لاپەڕەکانی شەڕی ناوخۆ بپێچنرێنەوە (من پێمـوایە فایلی شەڕی ناوخۆ دابخەین باشترە، شەڕی ناوخۆ لەسـەر مەسـەلەی سیاسـی بـووە وەختێـک ئـێمە مەسـەلە سیاسـییەکانمان چارەسەرکرد، ئەوەش دابخرێ -نەوشیروان مستەفا، گۆڕان لەکوێوە گەیشتە کـوێ؟- چەنـد گفتوگـۆیەکی رۆژنـامەوانیی 2006-2009 لاپەڕە 77). ئەگینـا دەتـــوانین بڵێـــین نیـــوەی وتـــارو دەســـتەواژە ریزکراوەکـــانی بەرنـــامە تەلەفزیۆنییەکەیان هی سەردەمێکی وایە کەپاڵەوانەکانی ئێستای گۆڕان بەناوی خوازراوەوە نووسیویانەو ئێستا نووسینە زبرە خۆسەپێنەکانی خۆیان دەکەنە ماڵ بەسەر ئەوانەی بەئاشکراو ناوی خۆیانەوە گوتەو هەڵوێستی خۆیان بەیانکردووە. لەسـەرەوە سـەرۆکی کۆمپانیـا داوای پێچانەوەی لاپەڕەکانی ململانێـی نـاوخۆیی دەکات کەچـی لەخـوارەوە لەم پرسـەش، وەک پرسـەکانی تـر، دەخـوازن شانی خۆیـان لەدۆسـێکانی رابـردوو خـاڵیبکەنەوەو بەبیـانووی زبـری میـدیای جـارانەوە پاکانە بۆ نەک زبری، بەڵکو جنێوفرۆشی و بوختانەکانی ئەمڕۆی خۆیـان بـکەن، چـونکە خۆدزینەوەیـان لەهەر بەرپرسـیارێتییەک بـووەتە نەریتێـک و هەسـت دەکەن بۆیـان چووەتەسـەر، بـۆیە دەیانەوێـت دۆسـێی زمـانی زبـری جـاران و ئێستای خۆشیان هەر بەسەر خەڵکی تردا ساغبکەنەوە.

-ئـێمە گوتمـان لـێگەڕێن بـا چـین هەر خەوتووبێـت و بەئاگـانەیەتەوە، بەڵام ســەرۆکی گــۆڕان بــاوەڕی بەنمــوونە چینیــیەکە نیــیە، بــاوەڕی بەنمــوونە سۆڤێتییەکەیە، بۆیە لەدوا نزیکایەتی فیکری-سیاسی خۆیدا سەرکەوتوونەبوو

کاتێک پاساوی بۆ سیاسەتەکانی خۆی و لایەنگرانی هێنایەوەو ئاماژەی بەوە کرد قەیدی چییە ئەگەر کادیرەکانی حزبەکان گۆڕان بکەن ئەی لەمەعەسکەری جارانی سۆڤێت هەر ئەوان نەبوون گۆڕانیان کرد؟ جا پرسیار لێرەدا ئەوەیە کادیرەکانی گۆڕانی لای ئێمەش وەک ئەوەی سۆڤێتپەیرەو سەرەنجام ئەزموونەکە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبەن؟ یانی کادیرە وازهێنراوەکانی یەکێتی، یەکێتی بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبەن وەک کادیرە وازهێنراوەکانی یەکێتی سۆڤێت کردیان؟ یانی هەر هەڵوەشاندنەوەیە نەک بیناکردنەوە؟ یانی ئەگەر هەر کادیری حزبەکان دەیکەن وەک چین، بەشێنەیی، باشتر نییە دەستکاری بکەین لەوەی بەڕووخانی سۆڤێتی کۆتایی بێت؟ ناڵێم لێگەڕێن باچین هەر خەوتبێت و بەردێک بنێنە بانی.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4981 لەرۆژی 2009/9/24دا.

# گۆڕان ئەم خزمەتە پێشکەش بەکێ دەکات؟

هەفتەنامەی رۆژنامە لەژمارەی دوێنێیدا درۆیەکی خستۆتە سەر خەرمانی درۆکانی راگەیاندنی گۆڕان و نووسیویەتی گوایە( هاوپەیمانی لەکەرکوک زۆرترین تەزویر ئەنجامدەدات) بۆ ئەم درۆ شاخدارەش زنجیرەیەک زانیاری ناڕاستی ریزکردووە، بێئەوەی هیچ دۆکیومێنتێک یان وتەی کەسێکی بەرپرسی هەڵبــژاردن یــان تەنـانەت چـاودێری قەوارە سیاسـییەکانی پـشتڕاستکردنەوە هێنابێتەوە. تەنانەت پارێزەری رێگەپێدراویشیان لەئاماژەیەکدا تەنها باسی ئەوە دەکات (لیستی گۆڕان 62 سکاڵای لەسەر لیستی هاوپەیمانی تۆمارکردووە)

هەمان هەواڵیشیان بەهەماهەنگی لەکوردستان پۆستدا بەشێوەیەکی (لایق) بەو سایتە بڵاوکردەوە.

ئـێمە دەزانـین لەهەر شـوێن و جـێگەیەک و لەهەر بۆنەیەکـدا کەگـۆڕان بیـدۆڕێنێت و شکـست بخـوات، تـۆمەتی تەزویرکـردن و خروقـات دانەپـاڵی ململانێکارانی بـۆتە شتێکی ئاسایی و هەمـوو کەس دەزانێـت کەگـۆڕان باسـی تەوزیریکـرد. مانـای وایە زەمیـنەی دۆڕانـی خـۆی لەزیهنـی لایەنگرانـی سـاز دەکات و ئامادەیاندەکان بۆ قبوڵکردنی. بۆیە زۆر لەسەر ئەم بەیت و بالۆرەیان نەدەوەســتاین ئەگەر باســەکەیان بـازی نەدایە بــۆ کەرکــوک کەلەو شــارە کوردستانییەدا شکستێکی گەورەیان خوارد.

هەمـوو کەس دەزانێـت ئەم قەوانە سـواوە چیتـر بەدەردی خیتـابی ئیعلامـی گـۆڕان نـاخوات و ئەگەر واقیعـی تەزویـر لەئـارادابووایە. گـۆڕان هەر نەدەهـاتە سەر سەحنەی سیاسی کوردستان کەئەمڕۆ کەشوفشی تەزویـر و دەلەسـەی وا بڵاوبکاتەوە. بەڵام پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە گۆڕان بەقازانجی کێ و لەپێناوی چ مەرامێکدا ئەم خزمەتە هەرزانە پێشکەشی نەیـارانی کورد دەکات

کەدەڵێت هاوپەیمانی لەکەرکوک تەزویری کردووە. خۆ گۆڕان لەناوچە تێکەڵە عەرەب و کوردییەکانیشدا گوایە چاودێرو بارەگاشی هەبوو. ئەی لەوێ لەبەرخاتری کێ باسی تەزویر ناکەن و زوومی بۆ ختانەکانیان هەر لەسەر هاوپەیمانییە؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 5121 لە رۆژی 2010/3/10.

# راست و ڕەوان

کەململانێـی دیموکراسـی تونـد دەبێـت کاندیـدەکان دەکەونە ڕیـزی پـشتەوەی ململانێیەکـانەوەو هێـزە سیاسـییەکانی پـشتەوەیان دێـنە سـەر سـەحنەکەوە، بەڕێـز عیمـاد ئەحـمەد بەمە دەڵـێ: گێمـی دووەم هـی ڕاهێنەرەکـانە، بەڵام شـرۆڤەی سیاسـی ڕۆحـی وەرزشـی وا بەرزی نیـیە دەستەواژەی وەرزیش بۆ ئەمە بەکاربێنێت: لەشرۆڤەی سیاسییدا ڕاست و ڕەوان نـــاو لەشـــتەکان دەنـــــــرێت: لەململانێـــی هــــەڵبژاردندا کاندیـــدەکان و پادشـــاو ســـەربازو وەزیـــری دەســـتە ڕاســـتی یـــاری شەترەنجەکەن.

لەگەڵ ئەمەشـدا دیموکراسـی ڕاسـتەقینە، وەک ئەمەی لەعیراقـدا ڕوویـدا کەسروشـتی هەڵبـژاردنەکە هەڵبژاردنـی کاندیدەکانیـشی تێـدایە، دەرفەتێکـی زۆریـدا بەکاندیـدی لیـستەکان تـا خۆشیان ببـنە ناوەنـدی کەمەندکێشکردن و پاڵەوانی گۆڕەپانەکە. بەشێکیان پادشا بوون و هەندێک وەزیـری دەستە ڕاست و هەندێکیش سەربازی ونی جەنگی دیموکراسی کەدەنگیان بۆ لیستەکانیان هێنـا، بەڵام چانسی ئەوەیـان نەبـوو لەئـاهەنگی سـەرکەوتندا بەشـداری بـکەن. بەپێچەوانەی بیـری بـاوەوە کە واسـەیری خۆکانیـدکراو دەکات گوایە پـرۆژەی تەعـامێکی پەنهـانە لەکورسـی دەسـەڵات ئەوی لەم جەنـگە دیموکراسـییەدا بەشـداریدەکات شـایانی ڕێزگـرتن و دەستخۆشـییە لەهەر لیـستێکدا بێـت: بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسیانە بۆ بەشداریکردن لەشەئنی گشتی و خزمەتی میللیـدا ئـازایەتییەکی گەورەیە، ئەوی خـۆی کاندیـد دەکـات، چ لەلیـست یـان خـۆی وەک قەوارەیەک بێـت، بڕێکـی بـاش سـەرمایەی ڕەمـزی خـۆی، باسـی پارە نـاکەم، لەم ململانێیەدا خەرج دەکـات بەتـابەتیش ئەگەر ململانێکە توند

بێت و چانسی لیستەکان لەعیلمی غەیبدا بێت بۆیە راست و رەوان دەمەوێ دەستخۆشی لەجەنگاوەرانی شەترەنجی دیموکراسی بکەم.

کاندید هەیە خۆی کەسێکی بەتواناو لێوەشاوەیە، بەڵام لەوانەیە حزبەکەی یان قەوارەکەی چانسی نەبێت کەچی بەشداری کردووە، ئەمە لەخۆبووردەییە. لەنێو کاندیدەکاندا هەیە لەشارێک یان دەڤەرێک لەدایکبووە، بەڵام هەموو تەمەنی خۆی لەتێکۆشانی سیاسی لەناوچەی تر یان لەتەواوی کوردستاندا بەسەر بردووەو کەچی سروشتی یاسای هەڵبژاردنەکە ناچاری کردووە لەنیشتەنی ئەسڵی خۆی بچێتە ململانێوەکە ئەمەش چانسی بردنەوەی لێ سەندۆتەوە: ئەمە خستنەگەڕی سەرمایەی رەمزییە لەبازرگانییەکی نامسۆگەردا، هەمیشە شایستەی دەرچوونەو خۆی لەدەڤەرێک پاڵاوتووە کەنەیاری حزبەکەیەتی یان کەشی سیاسی و ئەمنی دەرفەتی پێنادات چاک هەڵسوڕێ. جا ئەگەر ئەمەیان خۆبەختکردن نەبێت ئەی چییە؟

هەموو ئەمانە شایانی رێزگرتنن و هەریەکەیان خاڵێکیان هەیە بۆ سەرفرازی، بەڵام کەمپینی حزبێکی هاوپەیمانی لەسلێمانی کە کچە شەهیدەو بەعەزمی پێشمەرگەیەکەوە لەکوچەو کۆڵان و لەناو خەڵکدا هانی دەنگدان و بەشداری دەدا، هی ئافەرین و حورمەتگرتنە. ئەم خانمە دەیزانی حزبەکەی چانسی بردنەوەی لەناو زلهێزەکاندا کەمبوو، بەڵام کۆڵی نەداو شانیدایە بەر ئەرکە جەماوەرییەکەی خۆی. ماڵی ئاوابێت. دیارە هەموو کاندیدەکان نایبەنەوەو کورسیەکان بەشی ئەم هەموو ئازاو دلێرانە ناکات، بەڵام پێشنیازم بۆ هاوپەیمانی و بەتایبەتیش یەکێتی ئەوەیە دەستبەرداری ئەم کچ و کوڕە باشانە نەبێت و لەشوێنی شیاوی تردا تواناکانیان بخاتەوەگەڕ.

# ئێمە کیسی بۆکسێن نین

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لەلێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا باسی ئەو بەڵگەنامە ئینگلیزییانە دەکات کەبەمەلیکی بەئاکام نەگەیشتووی کوردستان، شێخ مەحمودی حەفیدیان دەوت راهێنەری هێزی ئاسمانی بەریتانیا. بەو مانایەی ئینگلیزەکان هەموو جۆرە چەک و تفاقێکی جەنگی ئاسمانیان لەدژی شێخ مەحمودو شۆڕشەکەی و جوگرافیای سەرەکی ئەو شۆڕشەی، سلێمانی بەکارهێناوە، شێخ مەحمود چووە بەر دلۆڤانی خوداو ئەو ئامانجەی ئەو شۆڕشی لەپێناوداکرد هێشتا زیندووەو قوڵپ دەدات.

بەشێکی سەنگینی ئەو ئەمانەتە، تەواوکردنی شۆڕشی کوردایەتی، لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە کەوتۆتە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بۆیە ئاساییە داگیرکەران هەموو چەکێکی مۆدێرن، ریێپێدراو قەدەغەکراویان لەدژی یەکێتی تاقیکردبێتەوە. مادام هەردوولا وارسی یەک مەسەلەن.

بەڵام ئەوەی ئێستا لەناو دیموکراسی کوردستاندا دەیبینین کردنی یەکێتییە بەڕاهێنەری عەرەب وتەنی (کل من هب و دب) ئەگەر شێخ مەشقی بەهێزەکانی ئینگلیز کردبێت لەوە دەچێ ئەمڕۆ یەکێتی بووبێتە کیسی بۆکسێن بۆ هەر کەسێک حەزبکات فێری یاری بۆکسێن ببێت.

ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەر حزبێک بیەوێت فێری رەخنەو ئۆپۆزسیۆن بوون بێت گەڕ بەیەکێتی دەکات، لەوپەڕی ئیسلامییەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و لەسۆپەر دیموکراتخوازەکانەوە بۆ دێوەزمەکانی گۆڕەپانی سیاسی، لەرووناکبیری سەربەخۆوە بۆ روناکبیری سەربەگۆبەن، لەرۆژنامەی ئەهلییەوە بۆ کارگەی چلورەی ئەهلی، هەر هەموویان یەکێتیان لێ بۆتە کیسی بۆ کسێن و لەرێی یەکێتییەوە بەختی خۆیان لەزمان پژانی سیاسی تاقیدەکەنەوە.

ئیسلامی یەکێتی وەک ئەبوسفیانێکی موتلەق وێنا دەکەن، چەپ وادەزانێ یەکێتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری لەئەوروپا پەکخست و ئەوانی تریش هەروا لەچاوی نەیارە وەهمییەکانی خۆیانەوە گەڕ بەیەکێتی دەکەن. دەزانم بەشێکی ئەم دیاردەیە هۆکارەکەی بزێوی و ئامادەگی گەورەی یەکێتییە لەسەحنەی سیاسیدا، بەڵام پێموایەو ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین بەشێکی بەرچاویش بۆ سینگفراوانی خۆمان دەگەڕێتەوە کەوای کردووە یارو نەیاریش گەڕ بەیەکێتی بکەن، وەک ئەندامێکی ئاسایی یەکێتی لێتان دەپرسم، بەڕای ئێوە، ئەی یەکێتییەکان، هەقە وابین؟ بەرای ئێوە یەکێتی کەمی بۆ کورد کردووە؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 5137 لە 2010/3/31دا.

## دیارە کەرکوک کوردستان نییە؟

(کل حزب بما لدیهم فرحون) بۆیە گۆڕانیش هەقی خۆیەتی جەمع و تەرحی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بەدڵی خۆی بکات، جاریّ بڵیّ یەکەمین و جاریّ بڵیّ دوومین و جاریّکی تریش بڵیّ نیلی پۆش وزەی موەحەدو ئیتر بەمجۆرە. دیموکراسی خۆی وایە نوکتەو قسەی خۆشیشی تێدەکەوێت وەک ئەوەی (فەرماندەیەکی ناوداری) گۆڕان وتبووی یەکێتی تێکدەشکێنین لەکەرکوک و ئیتر ماتەبەقای خەڵکی کەرکوک سواری کەشتییەکەی نوح دەکەین، یان وەک ئەو قسەیەی سەرکردەیەکی تریان کەوتبووی من خۆم دەڵێم حەوت کورسی دەهێنین، بەڵام هەندێک برادەرمان دەڵێن گۆڕان هەشت کورسی کەرکوک دێنێت، جا ئێمە موعجبی خۆی نین، موعجبی رەقەمی دەقیقی برادەرەکانی ئەو برادەرەین، چونکە ئاواتی ئەو برادەرە هاتەدی و هەشت کورسییان هێنا ئەمما لەتەواوی کوردستان و عیراقدا نەک کەرکوک. ئێستا مادام هەشت کورسی بەدەست هات، مادام کەرکوک لێیان تەوەلا بوو، کەوابێ کەرکوکیان نەگەرەکە.

پێشمانوایە جەمع و تەرحی برادەران کەدەڵێن گۆڕان هێزی دووەمە لێرەوە هاتبێت، ئەوان کەدووەمی هەرێم بن کوردستانێتی کەرکوکیان بۆ چییە؟ کەهەشت کورسی لەهەرێم وەدەست هاتبێت، کەرکوک-یان بۆ چییە؟

بۆچی بەشێک بێت لەکوردستان.

*کوردستانی نویّ: ژ: 5137 لە 2010/3/31دا.

# لاوک و مەقام

زۆر کەس مەقام دەڵێ و بەزۆر دەیەوێ ئەوە بخاتە مێشکتەوە بەستەی گوتووە، لاوک دەڵێ و بەنرخی حەیران بەسەرتا ساغی دەکاتەوە، شیعرت بۆ دەخوێنێتەوەو دەقەکەی پەخشانێکی بێ ئەملاو لایە.

خۆ لەوانەیە مەقام خۆش بێت، لەوانەیە لاوک زیاتر لەحەیران دڵ بێنێتە جۆش و دووریش نییە پەخشانێک گەواهی هەستێکی شاعیرانەتر بێت لەهۆنراوەیەک کەپێوەرە کۆن، یان نوێیەکانی شیعری بەسەردا جێبەجێدەبێت، بەڵام مەقام هەر مەقامەو قەت نابێ بەبەستە، لاوک سنفێکی جیایە لەهونەری گۆرانی. ئەگەر حەیران بوایە ناوی لەگەڵ حەیراندا وەک خوشک و برا (لاوک و حەیران) ریز نەدەکرا. پەخشانیش پەخشی بەربڵاو و بێ حیسابی وشەیە بەسەر زەمینی دەفتەری گوزارشتداو خۆی لەگەڵ شیعردا ناگۆڕێتەوەو نابێ بەشیعر مەگەر لەپەخشانێتی بکەوێت!

گۆرانی، بەستە یان مەقام، حەیران یان لاوک، دووشتی جیان و بەتۆبزی یەک ناو هەڵناگرن.

بەڵام من ئەم بەستەو مەقامە بۆ کێ دەڵێم مادام لەکوردستان ئەو خەڵکانە کەم نین کەوەک مام چەوەندەر ئیللا گێزەریانە؟ بەدڵی خۆی بەستە بۆ دڵخوازێکی سیاسی خۆی دەڵێ کەچی بەم بەستەیە دەڵێ ئەوی گوێت لێ بوو مەقامی (بێ لایەنی) بوو، تا تاقەتی هەبێ جنێو بەلایەنێک دەداو پەسەندی لایەنێکی تر دەدات و بەم پەخشانەی لەمەمالیکی پێشکەوتوودا پێی دەڵێن (رۆژنامەنووسی لایەندار) دەڵێ: میدیای پرۆفیشناڵ.

ئەمرۆ لەکوردستان هەریەکەی گۆرانییەکت بۆ دەچرێت، بێگومان گۆرانی وتن مافێکی دەستووری دانپیانراوەو کەس ناتوانێ نکۆڵی لەم مافە بکات،

ئـازادی رادەربـڕین لەوڵاتـی نوێبـاوی ئـێمەدا هەم مـافێکی شـایان و هەمـیش ئەرکێکـی گـرنگە مـادام گەرەکمـانە پێمـان بێـژن وڵاتەکەیـان ئـازادو خۆشـیان حەزیـان لەدیمـوکراتییە. بەڵام دیمـوکراتی هاوشانی ناولێنانی شـتەکانە بەنـاوی خۆیـانەوە، رۆشـنبیرێک کەتاسـەر بیناقاقـای لایەنـدارەو بەشـێکە لەهەڵمەتـی تەبلیغاتی لایەنێک نابێ سەغڵەت بێت کەخەلکی دیکەش لەو دیمـوکراتییەی وڵات بەهەرمەنـد بێـت و پێـی بڵـێن عەزیـزم تـۆش مـوجەرەد بەشـێکی لەکەمپێینێک باتەنانەت ئەلقا بەگەلی شیرینی وەک رووناکبیری بێ لایەن و نووسـەری بێـوەی و نـازانم چـی و چیـت هەڵگرتبـێ، لەکـۆڕو کـۆمەڵە دیموکراتییەکاندا یەکەم شت کەدەبێ قسەکەرێک سفتاحی گفتوگۆی خۆی پێ بکات خۆناساندنێتی بەناوو ناونیشانی خـۆیەوە تا خەڵک بزانێ کێ لەکوێوەو بەچ ناوێکەوە قسە دەکات؟ عەیب نییە رۆژنامەیەک لایەنداری بکات، عەیب ئەوەیە زۆر سوێندی خوێنەرەکانی بدات و پێیان بڵێ: تووشـەرەفتان مـن بێ لایەنێکی باش نیم با ئـەو بەبالای یاری خۆیدا هەربڵێ: بەڵام ئـەمە مەقام و گوێ لەگۆرانیبێژ ناگرین، چونکە چاکی گوتـووەو بەستە بەناوی بەستەو مەقام لەحەیران و دەستە خوشکەکەی: لاوک، جیادەکاتەوە!

# دەنگی فەوتاوی کورد

کورد بەزووی بەرهەمی ئەو پەرتەوازەیی و فرە لیستییەی چنییەوە. ئێمە وەکو جارانی پێشوو پێویستیمان بەوە نەبوو چەند ساڵ و دەیەیەک گوزەر بکەن تابزانین ئەم فرە لیستییە لەم وێستگە نەتەوایەتییەدا زیان دەهێنێ نەک قازانج، مەگەر قازانجی ئەوەی بڵێین وەڵڵا وانەیەک فێربوون، لێ بەنرخێکی گران!

دیموکراسی بۆ پێدانەوەی ماف و نەهێشتنی زوڵم و زۆر دانراوە کەچی کورد لەم میانەدا زیانی بەرکەوتووە، هەڵەکە لەکوێیە؟ هەرگیز باوەڕ ناکرێت هەڵەکە لەدیموکراسی و ئامرازەکانیدا بێت. دەبێ هەڵە لە(دیموکراتخوازەکاندا) بێت نەک لەخودی دیموکراسیدا.

دیموکراسی بابەتێکی عەقڵانییە، بابەتێکی ژیرانەیە دەبێ بەوردی هاوسەنگی بکرێت و جەدوا سیاسییەکەی لێکبدرێتەوە. بەتایبەتی ئەو حیساب و کیتابە دەبێ نەتەوەی لیقەوماو و ماف خوراوەکانی وەکو کورد پەیڕەوی لێ بکەن. دیموکراسییەک وا فشۆڵ بێت دەیان هەزار دەنگی کورد لەناوچە جێناکۆکەکان بفەوتێنێت ئاماژەی لاسەنگییەکە دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و نەخرێتە ژێر لێوەوە، دیموکراسیەک هەزاران دەنگی زێڕینی کورد لەناوچە تەعریبکراوەکان بەهەدەر بدات چۆن هەڵەو پەڵەی تێدا نییە؟ دیموکراسی جەدوای سیاسی و دەستکەوتی گشتی بۆ میللەت و بۆ دیموکراسی کوردستانی تێدا نەبێت کەی دیموکراسییەو بەکەڵکی چی دێت کەفرە لیستی بێت دەنگەکانمان تەفروتونا بکات؟

کورد بەزوویی لەبەرهەمی ئەم فرە لیستییەی خوارد، ژەمێکی تفتوتاڵ بوو کەبۆنی رۆژە تفتوتاڵەکانی کوردی لێدەهات.

بەو حاڵەشەوە هەڵە لەدیموکراسیدا نییە، چونکە دیموکراسی کوڕی کۆمەڵگەیەکی ژیرو عەقڵانییە، هەڵە لە(سوپەر دیموکراتخوازەکان)دایە. ئەوانەی حیساباتێکی هەڵەیان بۆ ناوچەیەکی هەستیاری وەکو شریتی تەعریبکراوی دیالە کەرکوک موسڵ-تکریت کرد.

بریا ئەوانە لەشەمەکی دیموکراسی هەر ئەوەندەیان دەبردە کەرکوک کەبەشی ململانێی بۆ نەیارە سیاسییەکانی پرۆژەی نەتەوەیی کوردیان دەکرد. خۆزگە بۆ دیموکراسی سەرسەختانەو ملشاکاندنی یەکتری بەهەرێمی کوردستان دڵیان ئاوی دەخواردەوەو وازیان لەکەرکوک و خانەقین دەهێنا، چونکە هێمنی موکریانی گوتەنی (شوێنی دیکە زۆرن بۆ گاڵتەو جەفەنگ).

دیموکراسی بابەتێکی عەقلانییە ئەگەر هێزو مرۆڤ و قەوارەکان دیموکراسییان بەچاکترین چارەسەرو بەسوودمەندترین ئامرازی وەرگتنەوەی ماف و چاککردنی حوکمڕانی نەزاینبا پەنایان بۆ نەدەبرد، دیموکراسی ئامرازێکە لەجوگرافیای نیشتمانێکی دیایکرودا پەیڕەو دەکرێت کەسەرنجام لەقازانجی تاکەکان و لەقازانجی کۆی کۆمەڵگەش دەشکێتەوە کەدیموکراسی (فرەلیستی کورد) لەگەڵ ویستی نەتەوەیی کورددا، لەجێی ئەوەی جووت ببێتەوە، دژ بووەستێتەوە ئەوا خەتا لەدیموکراسی نییە، خەتا لەکوردایەتیش نییە کەهەندێک ئەمڕۆ پەلاماری کوردایەتی دەدەن و دەخوازن وا وێنای بکەن گوایە لەگەڵ دیموکراسی و هاووڵاتیبوون و ئازادییەکانی تاکدا ناگونجێت یان دەخوازن بەیتو بالۆرەی وا بڵاوبکەنەوە گوایە ویستێک هەیە کوردایەتی بکرێتە دەسکەلا بۆ کۆتکردنی دیموکراسی خەتای دیموکراسی و کوردایەتی نییە لەوەتەی هەردووکیان لەئەدەبیاتی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان پەیدابوون وەک دوانە پاڵپشتی بەکاردێن، بەڵکو خەتای (سوپەر دیموکراتخوازەکانە کەبەناوی دیموکراسییەوە هەڵە دەکەن کورسی لەدەست کورد دەدەن، ئینجا دەخوازن پێچە بەدەورە بەکوردایەتیش بکەن گوایە چاکیان کرد کەدیموکراسییان بەو دەردەبرد کەدەیان هەزار دەنگی کورد لەناویدا جێ ناکۆکەکان بفەوتێت.

*کوردستانی نوێ: 5135 لە 2010/3/29دا.

# لاپەڕەی نویٚ بۆ میٚژووی کورد

پیٚشنیاری چەند لاپەڕەیەکی تر دەکەم بۆ میٚژووی کورد، چەند لاپەڕەیەکی فەرامۆشکراو لەمیٚـژووی کوردستانی دوای راپەڕیـن کەهەستدەکەم هەنـدیٚک هیٚـزی سیاسـیی و هەنـدیٚک رووناکبیرو رۆژامەنووسـی کوردسـتان خۆیـانی لیٚـدەدزنەوە، نایـانەویٚ لەدەرگـای ئەو باسـە بـدەن و قـوژبنە تاریکەکـانی روونبکریٚتەوە.

بنەچەی تەوژمیٚکی نویٚباوی میدیای کوردی دەچیٚتەوە سەر هیٚزەکانی ئیـسلامی سیاسـیی، بـۆیە ئەمـانە قەد نـاچنەوە سـەر چەنـد لاپەڕەیەکـی بزربـووی میٚـژووی کـورد لەسایەی حـوکمڕانی خۆماڵیـدا وەک میٚـژووی هەڵەبـجە لەسـاڵانی نەوەدەکـان تـا تەفروتونـابوونی تیـرۆری چەکـدار لەشیٚوەی ئەنسارو ئیسلامی مەلا کریٚکاردا، کەس ئەو لاپەڕانەی هەڵەبجە ناخویٚنیٚتەوە نەکا ئەو پرسیارە دروستبیٚت ئەم شارە زامدارە کاتی خۆی چۆن حوکم دەکرا؟ بۆچی هیٚزی وەکو یەکیٚتی لیٚی یاساغ بوو لەهەڵەبجە نووسینگەو بارەگای هەبیٚت؟

بگرە بۆچی حکومەتی هەریٚم بۆی نەبوو لەویٚ بیٚت تا یاسای خۆی سەروەر بکاو ئەوەندەی لەتوانایدایەتی خزمەت بکات؟

زۆر کەس ئەمڕۆ فرمیٚسکی تیمساحی بۆ دیموکراسی و ئازادیی دەڕیٚژیٚت بەس کەسـیان لەوە ناپرسـنەوە ئەدی بـۆچی ئەم دیموکراسـی و ئازادییەیـان نەبـووە خەمیٚکی سەرتاسەری کە لەهەڵەبجەشدا رەنگی بدابایەوە، هیچ نەبیٚ لەبەرخـاتری شـەهیدانی هەڵەبـجەی شـەهیدا بـا یەکیٚتـی-ش لەهەڵەبـجە ئـازادبوایە؟ هەمـوو حـزب و هیٚزەکـان لەویٚ بنەوبارەگایـان هەبـوو، لـیٚ ئەمە لەیەکیٚتی قەدەغەبوو، ئەم دیموکراسیخوازو ئازادیخوازانە لەکویٚ بوون و چۆن

خەو چووە چاویان کەهێزێکی گەورەی وەکو یەکێتی بۆی نەبوو لەهەڵەبجەو خورماڵ و بیارەماڵدارو بنەدار بێت؟

هەموو شەڕیانە لەسەر دیموکراسی لەسایەی حوکمڕانی یەکێتیدا، لەبەشی یەکێتی دەخۆن کەچی هێشتا نارازی بوون. کەسێک نییە ئەم لاپەڕەیە بۆ پەند هەڵبدانەوە، بۆچی ئەوەی بۆ خۆتانتان رەوا دەبینی لەناوچەیە سایەی دیفاکتۆی ئیسلامی سیاسیدا بەیەکێتیان رەوا نەدەبینی؟

ئەم هێـزە دڵناسـکانە شـەو بەکەمـاڵی ئیـسراحەت خەو دەچـووە چاویـان بێئەوەی بپرسن توخوا ئەوە دیموکراسی بوو کەلەهەڵەبجەدا هەبوو؟ بێئەوەی بپرسن ئەمە ئازادی و خزمەتگوزاری بوو کەئێمە لێشی بێدەنگ بووین؟

مـن پێـشنیاز دەکەم ئەم لاپەڕانەش بنوسـرێتەوە تـابزانین چـۆن و بـۆچی مۆنـۆمێنتی هەڵەبجە سووتێنراو هەشبوون فەلسەفەیان بۆ ئەم کارە هانـدراوە دەهۆنییەوە؟

هەر بەڵایەک کەدێ ئەمـــانە دەیخـــەنە ئەســـتۆی یەکێتـــی، بەڵام لەبەلا گەورەکـانی وەک فەزای تـرس و فەزای توندڕەویـدا بەسـەبرو لەسـەرخۆن و پاکانەی فیکری بۆ دێننەوە. بەو حاڵەشەوە قسە لەسـەر ئەوە دەکەن دەسـەڵاتی کوردی هەڵەبجە بـۆ مەرامـی خـۆی بەکاردێنێـت، خـۆی راسـتییەکەی ئەوەیە ئەمـان هەڵەبـجە دەکەنە دەسـکەلای کەرەسـتەی ئۆپۆزسـیۆن بـوون و چـاو لەڕۆژانی رەشی هەڵەبجە لەدەمی حوکمڕانی توندڕەوی دەپۆشن؟

کێ ئەم لاپەڕە ونبووانە دەنووسێتەوە؟

# مەگەر نامانەوێ یاسا سەروەر بێت؟

بەگوێرەی هەواڵێکی سایتی هاوڵاتی یەکێک لەداواکانی نەوشیروان مستەفا بۆ هێورکردنەوەی (گرژی) نێوان یەکێتی و گۆڕان. (کشانەوەی داوا یاساییەکان)ە.

(هاوڵاتی) ئەم داوایە لەزاری مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییەوە گواستۆتەوە کەهەوڵێکی دۆستانەی دەستپێکردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی و نۆرماڵ لەنێوان هەردوولادا. با لەدیووە ئیلتیباسییەکەی داواکانی گۆڕان لەیەکێتی گەڕێن کەئایا تا چەند هەندێکیان راستن و لەبنچینەدا بابەتی پێخۆری میدیاکانی ئەوان و بابەتی دانوستاندنن وەک کارتێکی گوشار؟ لەجێی ئەوە راستەوخۆ لەم داوایە پێچینەوە: سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ داوای کشانەوەی داوا یاساییەکان دەکات؟

لەماوەی رابردوودا سەرکردایەتی گۆڕان لەلێدوان و دیدارو بانگەوازەکانیاندا کۆمەڵێک تۆمەتیان دایە پاڵ سەرکردایەتی یەکێتی و هەڵسوڕاوانی ئەم حزبە بەو هیوایەی هەم لەبەری ئەو لێدوانانە بخۆن و خەڵکی پێ چەواشە بکرێت و هەمیش یەکێتی وەکو جاران لەم تۆمەتانە بێدەنگ بێت و پەرچەکرداری رەوای خۆی نەونوێنێ، بەڵام ئەم بەڕێزانە ئەوەیان لەیادکردبوو، هەموو جارێک بێدەنگی مانای دەستەوستانی و بێ حوجەتی ناگەیەنێت، بەڵکو لەسیاسەتدا پرەنسیپێک هەیە (کەپارێزگاری لەمافی وەڵامدانەوە)ی پێدەوترێت، واتا کەسێک، هێزێک کەبوختانی پێدەکرێت و وەڵام ناداتەوە مەرج نییە ئەمە یەکسان بێت بەدەستەوەستانی لەدۆزینەوەی رێی سەندنەوەی ماف. یەکسان بێت بەلاوازیی حوجەو لاوازی بەڵگەی سیاسی و یاسایی، بەڵکو هەندێک جار هۆی بێدەنگی بۆ ئەوەیە بوختانکراو بەخۆیدا بچێتەوەو هەندێک

جاریش بۆ سنگفراوانی و دانبەخۆداگرتن و هەندێک جاری تریش بۆ تێوەگلانە بەناکۆکی و شەڕی لابەلاوە لەبەردەم ئەرکە گەورەکاندا، هەموو ئەم ئەگەرانە ڕێگە لەوە ناگرێت لایەنی بوختان بۆ کراو هەر کاتێک بەچاکی زانی و دۆخەکە لەباربێت داوای هەقی خۆی بکاتەوە، ئەم چەمکی (پارێزگاری لەمافی وەڵامدانەوە) ئەوکاتە ڕەوایی زیاتریش دەبێت کەپەناببرێتەبەر ناوبژیوانێکی بێلایەنی وەکو دادگاو یاساکانی. ئەمەش ئەو شتەیە کەلەماوەی رابردوودا زەنجیرەک شکاتی یاسایی لێکەوتەوە، هەر لەشکاتی سەرۆک کۆمار لەبوختانەکانی وتەبێژی گۆڕان تا شکاتی ئوسوڵی و یاسایی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لەتەوهینکردنی بەناوی پێشمەرگەو ڕەنگە شکاتی دیکەش بەڕێوەبێت. لەوانەشە ئەمە ببێتە کەلتوورێکی خوازراو و مەدەنی لەوڵاتدا بەوەی هەر کەسێک غەدری لێکراو بوختانی پێکرا پەنا بباتە بەر ڕێی ئوسوڵی و دادگایی.

جا سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان لەم دۆخەدا، لەپێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، مەرجی کێشانەوەی داوا یاساییەکان تەرح دەکات، ئەی مەگەر قەرار نەبوو یاسا سەروەر بێت بەسەر هەمووانەوەو هەموو بەپاشاو گەدا، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، ملکەچی بین؟

ئەی مەگەر یەکێک لەداواکانی ئەوان لەگۆڕان یاساو دادو دادگا نەبوو کەهەمووان لەبەردەمیدا یەکسان بین؟

سەیرە ئەوی هێزو دەسەڵاتی هەیە دادگا دەکاتە ڕێی وەرگرتنەوەی مافەکانی و ئەوی گوایە بێدەسەڵاتەو دەیەوێت (بیگۆڕێ) یەکەم داوای بۆ (ئاشتی) کشانەوەی داوا یاساییەکانە؟

کەوابێ دیارە ئەم داوا یاساییانە براوەن و لەسەر هەقن کەوابێ ئەم ئاشتییەی مەرجی بۆ دانراوە نابێتە سوڵحی سیاسی، بەڵکو دەبێتە سوڵحێکی عەشیایەری و السلام.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5130 لە ڕۆژی 2010/3/20دا.

# سیاسەتێکی نوێ بۆ.. (گۆڕان)

نیەتی ڕامالین و پەنابردن بۆ بژارەی دیموکراسی پێکەوە ناگونجێت. ئەمە وانەی گەورەی هەڵبژاردنە بۆ لیستی گۆڕان. من دڵنیام خەڵکە بەتەجرەبەکانی ناو گۆڕان لەدەرەوەی پەتای دروشمبازی کەمپینی هەڵبژاردن، دەرک بەم دەرهاویشتە تازەیەی دۆخی سیاسی کوردستان دەکەن. ڕوانینی دینی دابەشکردنی سیاسەت بەسەر (ئێمەو ئەواندا) ڕوانینێکی هەڵەیە لەڕووی ستراتیژییەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوەشمان قبولکرد کەبۆماوەیەک توانی حاڵەتێکی تەعبیئە (ئامادەسازی) لەدەوری تەوەریەکی سیاسی دروست بکات ئەم دەستکەوتە تەکتیکییە دەبێتە بەڵا بەسەر پەیڕوانییەوە ئەگەر وردە وردە نەخرێتە خزمەتی ستراتیژی دابینکردنی سیاسەتێکی ژیرانەی دوور مەوداو بۆ هەڵکردن و پێکەوە ژیان لەگەڵ نەیارو ناکۆکەکاندا.

ئەگەر لەخەیاڵدانی بزوتنەوەی گۆڕان و هەڵسوڕاوەکانیان گروپی (ئەوان)، بەتایبەتی یەکێتی، حزب و گروپێک بن کەبەهیچ شێوەیەک ناکرێ و ناشێ لەگەڵیاندا هەڵبکرێ و سات وسەودای سیاسییان لەگەڵدا بکرێت، ئەوا دیموکراسی و وێستگەکانی هەڵبژاردن قسەیەکی پێچەوانە دەڵێن. چونکە لەبنچینەدا دیموکراسی و ئامرازو تەگبیرەکانی هەڵبژاردن بۆ ڕامالین و (شەڕی مان و نەمان) دانەنراون.

دیموکراسی زۆر لەو گوناهترەو بێوەیترە ئەمجۆرە (شەڕە چارەنووسسازانە) یان پێ بکرێت. بەڵکو ئەمانە ئامرازی پێکەوە هەڵکردن و دەست و پەنجە نەرمکردنن لەگەڵ ناکۆک و دژە سیاستەکان کەدونیابینی تریان هەیە بۆ ژیان و سیاسەت و حوکمڕانی.

دیاره ئەم قسانە بۆ هەوادارو ئەندام گەلێک کەپێیانوابوو رۆژی هەڵبـژاردن رۆژی حەسـری نەیـارانە، کەمێـک قـورس دێـتە بەرگـوێ، بەڵام مـادامەکی بزووتنەوەی گۆڕان لەدوو وێستگەی سیاسییدا پەنای بۆ سندووقەکانی دەنگدان بـرد، پێویـستە دونیـابینی خۆیـان لەگەڵ ئەم گـرەوەدا بگـونجێنن، ئەو نیـازە فیکرییـانەی هەیـانە لەگەڵ ئەو رێبـازە سیاسـیەدا بگـونجێنن کە ئەمـڕۆ بـۆ ئیـدارەدانی سیاسـەت لەوڵاتەکەمانـدا رەچـاو دەکرێـت بێگومـان پتـر لەزەمینەیەکی هاوبەش هەیە تا پەیـڕەوی لەسیاسـەتێکی نـوێ بکرێـت لەوانە دەستووری عیراق، یاساو رێسا پەیڕەوکراوکانی وڵات و نێوەنـدە رەسمییەکانی وەک پەرلەمان و حکومەت، هەموو ئەمانە کەناڵی تەسریفکردنی سیاسـەت و ئیدارەدانی ململانێ و سەودای سیاسیین. ئەوی لەم میانەدا رەنگە بەربەستێکی سـایکۆلۆژی بێـت دەستپێـشخەرییە کە لەئەزموونـدارەکانی گـۆڕانەوە بەوەی تەعبیئەکارەکانیـان هێـورو ئاسایی بکەنەوە تادەستبەرداری بیـرۆکەی رامـاڵینی سیاسی بن کەئەوە کاری ئینقلاب و شۆڕشە نەک کاری گەمەی دیموکراسی.

هەڵبەت لەوانەیە هەبن بڵێن سەیر بکەن کێ ئامۆژگاری دەکات؟ لەڕاستیدا شـــرۆڤەکردنی سیاســـی قەت یەکـــسان نیـــیە بەئامۆژگـــاری و ئەگەر بەرژەوەندییەکیش لەم داوایەدا هەبێ بەڕاشکاوی دەیڵێم لەبەرخـاتری (گـۆڕان) نییە، لەبەرخاتری کەشێکی سیاسی تەندروستە لەکوردستان کەئێمەو ئەوانیش هەناسەی پاکی تێدا بدەین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5122 لە رۆژی 2010/3/11دا.

# دەمەتەقێ لەگەڵ گۆڕان

ئەگەر سەرۆک کۆمارت نەوێ، چۆن (برا بچووکی ڕەتدەکەیتەوە)

چاودێری وردی دۆخی سیاسی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە دەتوانێت دەستنیشانکردنی دۆخی نکوڵی و پێداگری لەسەر هەڵە، یان سووربوون لەسەر ئەو سیاسەتانە دەربخات کە لەمەنگەنەی واقیع دران و هیچ دەستکەوتێکیان بۆ کوردو کوردستان تێدا نەبوو، جا ئەگەر کوردو کوردستان وەک ئامانجی تێکۆشانی سیاسی هێزە رکابەرەکان قازانج نەکەن، ئەی ئیتر لەقازانجی کێ ئەم هێزە رکابەرانە رکابەرێتیان کردو تێکۆشانی سیاسییان بەرپاکرد؟ بەو حاڵەشەوە کەقازانج نابینین و بگرە لێرە بەدواوە وەرزی زەرەربژێری دەستپێدەکات ئەگەر بەگرتنەبەری ستراتیژی سیاسی هاوبەش بەر بەو پاشەکشێیە نەگرین بەو حاڵەشەوە هێشتا هەن پێداگری لەسەر هەڵە دەکەن و کوردە ناموسە خۆیان لەگۆشەیەکی تەسکی لێکدانەوەو پاساودا گرمۆڵە کردووە.

بەڕێز کاک ئاوات محەمەد سەرۆکی لیستی گۆڕان کەرکوک پێداگری دەکات لەسەرئەوەی ئەوان یەکریزی کوردیان تێکنەداوە، کەچی بەیاننامەیەکی لیستی گۆڕان لەرۆژی (2010/3/11) بەئاشکرا توانج لەیەک لیستی دەگرێ و رایدەگەیەنێت کەویستوویانە ئەو یەک لیستییە بسەپێنن، کەئەمەش دانپیانانە بەوەی ئەوان دژی یەک لیستی بوون، کەدەرنجام کردییە تێکدانی یەکریزی کورد.

ئێمە دەمانزانی و ئێستاش راستی ئەو زانینە دەرکەوت کەفرە لیستی کورد لەململانێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا چ لەهەرێم بەگشتی و لەناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتیش زیان لەکورد دەدات، هەم بەوەدا دەنگەکان

بەهەدەر دەداو هەم لەوەشدا هێزە کوردییەکان دەخاتە مەنگەنەی ناکۆکییەوەو ئەوەندەی مژولیان دەکات بەو ناکۆکییەی یەکتریەوە ئەوەندە نایانپەرژێنێتە سەر بەرەنگاربوونەوەی نەیارانی سیاسەتی کوردستانی، کەچی بەڕێزانی بزوتنەوەی گۆڕان بەهای هەڵبژاردنی (7/25)ەوە نەیاندەسەلماند کەفرەلیستی سەردەکێشێت بۆ فرە هەڵوێستیش. ئێستا ئەم راستییە بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە کەچی ئەوان هەر پێداگری لەسەر ئەو هەڵەیە دەکەن و پێچە بەدەورە بەدەورو خولی ئەو راستییەدا دەکەن کەهەموو کەسێک دەیزانێت و زانستی ناوەکی نییە کەتەنها ئێمە دەرکمان پێکردبێت.

فرەلیستی کورد سەری کێشا بۆ توندبوونی ململانێکان تارادەی ئەوەی لیستی براوەی کەرکوک، هاوپەیمانی کوردستان، (بەسکاندالی ساختەکاری) و تەزویری زۆری هەڵبژاردن تۆمەتبار بکرێت، ئەمەش بۆ شاردنەوەی واقیعی وەک رۆژی روونی ئەوەی دەیان هەزار دەنگی کورد لەکەرکوک فەوتان، چونکە دران بەو هێزانەی دەرنەچوون. هەڵەی فرە لیستی هاوپەیمانی هەڵەی پێداگری لەگەڵ خۆیدا هێناوە. وەختێک دەبینین تۆمەتبارکردنی بێ بنەمای لیستی هەڵەی بەتەزویر دەبێتە بنەمایەک بۆ تانەلێدانی هێزە عەرەبییەکان لەئاکامی هەڵبژاردنەکانی کەرکوک چ بۆ ئێستای موزادەی سیاسی و چ بۆئەوکاتەی بخوازن دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنی کەرکوک پووچەڵبکەنەوە، چونکە ئەمە لەدەقی بڕگەی تایبەت بەکەرکوک لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا هاتووە.

ئەو دەقەش ئەوە بوو کەبەڕێزان لەگۆڕان هەڵڵایەکیان لەسەری دروستکرد گوایە نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا سازشی کردووەو بەباری تایبەتی کەرکوک رازیبوە، کەچی وا ئێستا دەبینین سیاسەتەکەیان باری تایبەتی کەرکوک بەدیوە کوردییەکەیدا رەچاو ناکات، بگرە لەڕێی تانەلێدان لەئاکامی هەڵبژاردنی کەرکوکەوە خزمەت بەباری تایبەتی کەرکوک دەکرێت بەدیوە عەرەبییەکەیدا!

جێگەیداخە ئەم لێڵییە لەستراتیژی کار تەنانەت لەدوای هەڵبژاردنیش بەردەوام بێت تەنها، لەبەرئەوەی پێداچوونەوە بەسیاسەتی رابردوو نەکرێت و

وەک پەشیمانبوویەک دەرنەکەون. ئێستاش بەهەمان رەوانینی هەڵەوە سەیری پرسی سەرۆک کۆماری دەکەن، چونکە لەسەرەتاو رەنگێکی کەسێتیان بەململانێ سیاسییەکەداوە. ئێستاش لەهەمان گۆشە نیگاوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و وادەزانن پرسی سەرۆک کۆماری پرسی پۆستە بۆ سەرۆک تاڵەبانی.

ئێمە دەشێت تەنانەت لەدەرەوەی سەلاحیاتەکانی سەرۆک کۆماریش قسە لەسەر ئەم باسە بکەین، باهەر بەدیوە رەمزییەکەیدا تەماشای بکەین، ئایا سەرۆک کۆماری بۆ کورد ئاماژەیەک نییە بەوەی عیراق چیتر عیراقێکی عروبی نییە؟ بەڵکو عیراقێکی فرەنەتەوەیی، فیدراڵی، شەراکەت و ئارەزوومەندانەیە؟ ئایا نیشانەی ئەوە نییە کورد چیتر هاوولاتی پلە دوو نییە. یان وەک دروشمی هەڵبژاردنی گۆڕان دووپاتیدەکردەوە: (نامانەوێ برابچووکی برای گەورەبین) ئەگەر ئەم شەڕە رەمزییە شەڕێکی جەوهەری نییە بۆ کورد ئەی بۆ عروب خوازەکان لەم رەمزی سەرۆکایەتییەوە دەیانەوێت عیراق بەبۆیاخی عروبە رەنگڕێژبکەنەوە؟ ئەگەر سەرۆک کۆماری رەمزییەو هیچ نییە، ئەدی رەوتی شۆڤێنزمی عەرەبی کەدژی دەستوورەو مەیلی لەگەڵ دیموکراسی و فیدراڵیدا کەمە، بۆچی داوای ئەو پلە رەمزییە دەکەن؟ پاشان برایان ئەگەر لەم عیراقەدا شەڕی رەمزی گرنگ نییە بۆ ئێوە لەمیانەی حوجە بەحوجەی گفتوگۆدا لەو برگە ئاساییەی دەستوور دەپرسنەوە کەکوا ناوی کورد لەسەر پارەو پول و پاسپۆرت؟ مەگەر ئەوانەش داوای رەمزی نین کەدیسانەوەش داوای رەوان؟

ململانێکارانمان لەبزووتنەوەی گۆڕان لەجێی ئەوەی بێنە پای گفتوگۆیەکی سەنگینی واوە دەستنیشانی هەڵەکانی رابردوو و هەڵەکانی بەردەم بکەین مەیلێکی سەیر نیشاندەدەن بۆ درێژەپێدانی سیاسەتی سووربوون لەسەر کۆکردنەوەی خەرمانی بێ بەری هەڵە.

دەڵێن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان باشترە بۆ کورد، دەڵێن کورد بۆیە پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرت، چونکە نەیدەتوانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت لەکاتێکدا هەموو دەزانین ئەوکاتەی پۆل بریمەر جانتاکانی پێچایەوەو ئەخزەر ئیبراهیمی لەکۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەڵەتیدا

خەنجەری لەکورددا، تەنها پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان بەکورد ڕەوا بینی و بۆ ئەمەش بەپێچەوانەی خواستی برایانی (بەدەعوا شەخسی)ی گۆڕانەوە، هێزە عراقییەکان ڕێک ئومێدیان وابوو سەرۆک تاڵەبانی ئەو پۆستە وەربگرێت کەدواتر هەڤاڵ د. فوئاد مەعسوم بەو ئەرکە ڕابوو، بەداخەوە چونکە باسەکە چۆتە قالبی عینادی و پێداگرییەوە، دەبینین بەرزترین بنمیچی پێشبینی و داخوازییەکانی (گۆڕان) بۆ کورد سەرۆکایەتی پەرلەمانە کە ئەو پۆستە سەرەرای بایەخە تەشریعی و بنیادییەکەی بەڵام نزمترین بنمیچی پێشبینی و ئیستحقاقە کە تەنانەت بەڕێز د. ئیبراهیم جەعفەرییش بەکوردی ڕەوا دەبینێت. یانی تەماشا برادەران سەرۆکی پەرلەمانیان لێ بۆتە قیبلەی ئامالی کورد، کەچی هێزە شۆڤێنییەکان هەر لارییان لەوە نەدەبۆوەو نییە کەئەو پۆستە بدرێتە کورد. جا با کورد هەر سەرۆکایەتی تەشریع بکات و عەرەبیش لەپۆستی سەرۆک کۆماری بەهرەمەندبێت!

یەکێک لەخەسڵەتەکانی ململانێی دیموکراتی و دووبارەبوونەوەی ویستکەگانی هەڵبژاردن و بۆنەی ڕووداوە سیاسییە گەورەکان ئەوەیە چانسی ڕاستکردنەوەی هەڵەو کەموکورییەکان دەرەخسێنێت و دەرفەت دەداتە هێزە ململانێکارەکان بەگفتوگۆو پێ سەلماندن و یەکتری تەواوکردن هەڵەو زێدەڕۆیی و پاشەکشێ وەرزییەکان تیمار بکەن و یارمەتی یەکتری بدەن ئەو درزو کەلێنانە پڕ بکەنەوە کەئیتر ڕوویانداوە، چونکە کورد وتەنی زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەر باشە، بەڵام بەداخەوە پێداگری لەسەر هەڵەو تێکەوتن لەگەڵ مەبدەئی کوردە ناموسەو بەرزە کبریائیدا، ڕێگە لەگێڕانەوەی لانیکەمی زەرەری لەدەستچوو دەگرێت. بۆ ئەمە جارجار پێداچوونەوەی ڕەوتی ڕووداوەکانمان گەرەکە نەک بۆ تانەو زیندووکردنەوەی پەتای ململانێی هەڵبژاردن، بەڵکو بۆ ئەوەی لەکوێ پساوە لەوێوە گرێبدرێتەوە.

سەرەتای ڕێگە بەوە دەستپێدەکات لەکەلی پێداگری بێنەخوارەوەو دوور لەفەزای سیاسی جەنگی ساردی ململانێی هەڵبژاردن هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بۆ ئەرک و ئیستیحقاقاتەکانی قۆناغی داهاتوو بکەین.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5128 لە ڕۆژی 2010/3/18دا.

# نازو فیزی ئێوەش تەواو

ڕۆژی (3/14) ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕوونکردنەوەیەکی سەیری بڵاوکردۆتەوە وەک بڵێی هێشتا خۆیان بەسەربەخۆو ئەهلی بزانن. دیسان لافی بێلایەنی و (پرۆفیشنالی) لێدەدەنەوەو حەوسەڵەیان نەماوە لەوەی کوردستانی نوێ موخاتەبەی یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کردووە کەکۆمەکی دراییی هاوڵاتی دەکات.

پاشکۆی هەڵبژاردنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی کەلەلایەن ڕێکخراوی (IREX)ەوە ڕۆژانە دەردەچێت و وەک لەسەرەوەی پاشکۆکە نووسراوە گوایە تایبەتە بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، بەڵام لەلاپەڕە یەکی ژمارە (22)ی ڕۆژی (3/11) هەواڵێکی لەسەر هەڵەیەکی تەکنیکی سایتی کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوەو وەک سەبقێکی ڕۆژنامەنووسی گەورە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم هەڵە بچووکەدا کردووە بەبەڵگەی ئەوەی لەلاپەڕە یەکی پاشکۆکەیاندا (هەواڵەکەیان) بڵاوکردۆتەوە.

ڕۆژی دواتر کوردستانی نوێ لەو وتارەی کەلەسەر ئەم هەنگاوە نا پرۆفیشناڵیەی هاوڵاتی قسەیکرد، بەپوختی ویستی ئەوە بگەیەنێت کەمەفروز بوو هاوڵاتی هەڵەیەکی تەکنیکی کۆمسیۆنی باڵا یان سەرپێچیی لیست و قەوارەیەک، یان ململانێیەکی هەڵبژاردنی زەقبکردایەتەوە، چونکە پاشکۆکەیان تایبەتە بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، بەڵام ئەوان چونکە وەک بەشێک لەراگەیاندنی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو کار دەکەن، بۆیە ڕێبازی ئیشەکانیان تێکەڵ بەیەک بووەو هەردوولا لەماوەیەکی کەمدا قسەیان لەسەر یەکدو هەڵەی تەکنیکی کوردستانی نوێ و سایتەکەی کردو وەک سەبقی ڕۆژنامەنووسی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم هەڵە تەکنیکیانەدا کردووە، ئەمە

لەکاتێکدایە تائێستا کوردستانی نوێ لەسەر هەڵە تەکنیکییە زۆرو زەوەندەکانی هاوڵاتی و رۆژنامەو سایتەکەی کۆمپانیای وشە نەیکردۆتە هەڵڵا، چونکە ئەم مەسەلانە ئەوەندە بچوکن، ئەوەی رۆژێک لەرۆژان کاری رۆژنامەنووسی کردبێت دەزانێت ئەوە ناهێنێت ئەوەندە قسەیان لەسەر بکرێت و بقۆزرێنەوە بۆ مەبەستی سیاسی.

ئەگەر هاوڵاتی و هاوشێوەکانی پێیانوابێ هێشتا لەقۆناغی زێڕینی خۆیاندان، ئەوا بەهەڵەداچوون. سەردەمی نازو فیزی رۆژنامەگەریی بەناو (ئەهلی و سەربەخۆ) تەواو، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە قسە لەسەر داهات و سەرچاوەی دارایی ئەوانیش بکرێت و ئەو رێکخراوە بیانەش لەراستی و شێوازی کارو تەرەفگیریی ئەو جۆرە رۆژنامە ئاگاداربکرێنەوە کە بەناوی سەربەخۆبوون لەلایەک پارە لەو رێکخراوانە بەردەدەنەوەو لەلایەکی دیکەشەوە خەڵک چەواشە دەکەن بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو. کاتی ئەوە هاتووە ئیتر یەکێک ئەم رێکخراوە بیانیانە تێبگەیەنێت کەنەخێر ئێوە نەسەربەخۆن و نەبێلایەنن و نەپرۆفێشناڵ، بەڵکو لەژێر ئەم ناوانەدا لەرۆژنامە لایەندارەکان تەرەفگیرترن، چونکە ئەگەر لەهەڵبژاردنی (7/25) بەتەواوی دەرکەوتبێت کەرۆژنامەی هاوڵاتی سەربەخۆو بێلایەن نییە ئەوا لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی عیراقدا بەتەواوی ئەوە دەرکەوت کەسەر بەچ لایەنێکەو بۆ چ لایەنێک کار دەکات. باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیەمان بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بزوتنەوەی گۆڕانە بەناوی (ئێستەی بزوتنەوەی گۆڕان) کەبەئاشکرا لەیەکداو خاڵدا ئەرکی کەناڵەکانی راگەیاندنی سەر بەکۆمپانیای وشەو رۆژنامەگەریی ئازادی پێکەوە گرێداوەو نوسوراوە:

خەباتی راگەیاندنی: ئەرکی کەناڵەکانی کۆمپانیای وشەو رۆژنامەگەریی ئازادە..هتد

هەروەها لەشوێنێکی دیکەی هەمان بڵاوکراوەدا نوسراوە: تێکۆشانی راگەیاندن ئامرازەکانی راگەیاندنی کۆمپانیای وشەو رۆژنامەنووسی ئەهلی...هتد. واتا رۆژنامەنووسی ئەهلی و (ئازاد) کەهاوڵاتی خۆی بەپێشەنگ و

بەسـەرتویژی ئەم رۆژنـامەگەرییە دەزانێـت، یەکـێکە لەئامرازەکـانی (خەبـاتی) بزوتنەوەی گۆڕان.

ئەمڕۆ حزبایەتی یان تەرەفگیری رۆژنامەی هاولاتی وەک رۆژ دیارە و ئیتر هەقە ئەوانەی لەو رۆژنامەیەش ئیشدەکەن چیتر ئەو قەوانە سواوانە لێنەدەنەو لافی سەربەخۆبوون یان بێلایەن بوون نەبەرێکخراوە بیانییەکان بفرۆشنەوە بۆ ئەوەی پارەیـان لێـبەردەنەوو نەبەخـوێنەری نـاوخۆش بـۆ ئەوەی چەواشـەیان بکەن لەبەرژەوەندی گروپێکی سیاسی دیاریکراودا.

بـۆ لەمەودا مـاهیەتی ئێـوە بـۆ ئەو رێکخـراوانەو هەمـوو رێکخراوەکـانی تـر دەخەیـنەڕوو چـونکە پێمـانوانییە هـیچ کـام لەو رێکخـراوانەی پارەتـان پێدەدەن بەمەرجـی ئەوە پێتــان بــدەن ســوکایەتی بەرۆژنامەکــانی دیــکە بــکەن و ناپرۆفێشنالْ بن و لەخزمەت لایەنێکی سیاسیی دیـاریکراودا لەئامادەباشـیدا بـن. خـۆ ئەگەر بـشزانین بەو مەرجە هاوکاریتـان دەکەن ئەوا قـسەی تـر دەمێنێـت بیکەین. ئیتر پرۆفیشنالْ و بێلایەنی خۆتـان بـۆ خەڵکێـک بـاس بـکەن کەنەزانـن ئێوە چۆن و بۆ کێ کار دەکەن.

*کوردستانی نویَ: ژ: 5126 لە 2010/3/16دا.

## ململانێی گۆڕان-یەکگرتوو لەسەر پێگەی ئۆپۆزسیۆن

شەڕێکی نیمچە پەنهان و نیمچە ئشکرا لەنێوان بزوتنەوەی گۆڕان و رەوتی ئیسلامی کوردستان، بە تایبەتیش یەکگرتووی ئیسلامی، دروستبوو لەسەر:

یەکەم: کێ ئۆپۆزسیۆنی هێنایەکایەوە؟

دووەم: ئێستا کێ هێزی یەکەمی ئۆپۆزسیۆنە؟

لەسەر خاڵی یەکەم: یەکگرتوو دەڵێت یەکەم خشتی بناغەی ئۆپۆزسیۆن ئێمە داماننناو دواتر لەسەر بنچینەی ئەو چەمکانەی ئێمە گۆران هاتە کایەوە، بزوتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت: ئێمە ئۆپۆزسیۆنمان تاودا. هەروەک چالاکوانێکیان رایگەیاندبوو (لەپرتەو بۆڵەی روونا کبیرانەوە) گواستمانەوە ناو هۆڵی پەرەمان. بەشێکی دیکەی ئەو بزووتنەوەیە پێیوایە گۆڕان یەکگرتووی ئیسلامیشی لەگەڵ خۆیدا راکێشایە قۆناغێکی نوێی ئۆپۆزسیۆنەوە. لەسەر خاڵی دووەمیش: گۆڕانەکان هەست دەکەن داشیان سوارترەو لەمەشدا پێدراوەکانی سەر زەمینی واقیع پشتگیریان دەکات. چونکە (25) کورسیان هەیە لەپەرلەمانی کوردستان و لەدوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقیشدا لەیەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی زیاتریان هێناوە. لەبەرئەوە یەکگرتوو لەم ململانێیەدا هەوڵدەدات تەرکیز بکاتە سەر پێشەنگێتی نەک واقیعی ئەمرۆ، چونکە ئەمرۆ پێگەی ئۆپۆزسیۆنی ئەگەر بەژمارەی کورسییەکان بپێورێت ئەوا یەکگرتوو دەبێ تەسلیم ببێت. ساڵی 2007 کە نەوشیروان مستەفا دەستیکرد بەزنجیرە وتارێک لەسەر دۆخی گۆڕانکاری لەکوردستان ئەو زنجیرە وتارە ئیتر سەرەتای نیازی ناوبراو بوو بۆ تەقەموسکردنی کارەکتەری ئۆپۆزسیۆن. ئیتر دەرکەوت سەرۆکی کۆمپانیای وشە تەنها نیازی کۆمپانیایەکی میدیایی نییەو پرۆژەیەکی سیاسی پێیە، رێک لەوکاتەدا زنجیرەیەک وتار لەسەر ئەوەی کێ و چۆن و بۆ

ئۆپۆزسیۆنە؟ نوسرا. نووسەرانی چالاکوانی ئیسلامیش لەم بوارەدا وتاریان نووسی داخۆ نەوشیروان بۆی هەیەو دەتوانێ دوای چەندین ساڵ لەبەشداریکردنی لەدەسەڵاتدا پێگەی ئۆپۆزسیۆنیش داگیر بکات؟ ئەم گفتوگۆیە لەناکاو راوەستاو نەوشیروان بەفیعلی قەوارەیەکی بۆ خۆی پێکەوەناو توانی جەمسەرگەرییەک لەسەر حسابی ئۆپۆزسیۆنە دێرینەکان پێکبێنێت و ململانێی خاوەنداریتی لەئۆپۆزسیۆن کەوتە سوڕی متبوونەوە. ئەم ململانێیە هەتا پێش هەڵبژاردنی حەوتی سێ لەنێوان ویستی هاوکاری وەکو. دوو هێزی ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر هەردوو حزبە حوکمڕانەکەداو ململانێی شاراوەی نێوان هەردوولا گیری خواردبوو. پێدەچوو سەرکردایەتی هەردوولا توانیبێتیان زەبتی ئیقاعی ئەو ململانێیە بکەن. بەڵام لەدوای دوا هەڵبژاردنەوە کەلیستی گۆڕان نەیتوانی کۆی سنووری پارێزگای سلێمانی بباتەوەو هیچ کورسییەکی لەکەرکوک بەدەست نەهێنا. بۆ پاساودانی ئەمە ناچاربوو بڵێ ئێستا بوومەتە هێزی دووەم لەکوردستاندا. مەبەستی گۆڕان لە پاڵپێوەنانی یەکێتی بوو بۆ پلەی سێیەم، بەڵام مەسجەکە لەجیاتی یەکێتی گەیشتۆتە یەکگرتوو کەپێیانوایە گۆڕان لەوەختێکدا ناچێتە دەسەڵاتەوەو لەپێگەی ئۆپۆزسیۆندایە کەواتا مەبەستیشی ئەوەیە یەکگرتوو لەدوای خۆیەوە بەجێهشتووە. لەئێستادا هەندێک پریشکی ئەو ململانێیە لەمیدیای ئاشکرای دۆستی هەردوولا تێبینی دەکرێت، بەڵام ململانێی راستەقینەکە بەنهێنی و بەناوی خوازراوەوە لەسایتی گومانلێکراوی (کوردستان پۆست)ەوە بەڕێوەدەچێت.

لەماوەی رابردوودا بەشی مۆنیتەری کوردستانی نوێ چەند نموونەیەکی لەو نووسینانە تۆمارکردووە کەتوندی ململانێی (یەکگرتوو-گۆڕان) ئاشکرا دەکەن. لەوانەش (گۆڕان داینەمۆی ئۆپۆزسیۆنە، یەکگرتووشی گۆڕی) کەلەوە دەچێت گۆڕانخوازێکی ناو کوردستان پۆست نووسیبێتی. نووسینێکی کوردستانی نوێ لە ژمارە (5094) لەرۆژی 2010/2/8کەپێش هەڵبژاردنی ئەمجارە نووسراوە بەدواداچوونێکی ورد بۆ ئەو ململانێیە دەکات، ئەویش لەڕێی خوێندنەوەی چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی یەکگرتوو کەوەڵامی گۆڕان دەداتەوە، نووسینەکەی کوردستانی نوێ کەبەناونیشانی (یەکگرتوو و گۆڕان، ململانێی لەسەر

خاونـداریتی ئۆپۆزسـیۆن) دەڵێـت: (ئەو لایەنـانەی وەک ئۆپۆزسـیۆن خۆیـان ڕاگەیانـدووە، نەیـانتوانیوە پرۆژەیەکی هاوبەشـی ئۆپۆزسـیۆن پێشکەش بکەن و لەیەکتـر جیـان، لەکاتێکـدا لیـستی هاوپەیمـانی کوردسـتان وەک قەوارەیەکـی سیاسـی دەرکەوتـووە، ئەمەش وادەکـات کەئەو پانتـاییەی ڕابـردوودا کاریـان لەسـەر دەکـرد، پانتـاییەکی گـۆڕاو بێـت و ئەمەش وا دەکـات کەململانـێ و ڕکابەرێیەتی لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆندا فراوانتر بێت و لەپشت ململانێی و ناکۆکی لەسـەر ئەوەی کێ پێشەنگی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانە، ململانێییەکی شاراوەی نێوانیان لەسەر خاوەنداریتی ئۆپۆزسیۆن خـۆی مەڵاسـداوە، کەئەگەری ئەوە هەیە چەند ڕۆژێکی دیکە بەدەرهاوێشتەو بەرجەستەبوونی جۆراوجۆرەوە خـۆی دەربخـا) زۆری پێنەچـوو ڕاسـتی پێشبینیەکەی کوردسـتانی نـوێ ڕاسـت دەرچـوو و ململانێـی نێـوان یەکگرتـوو و گـۆڕان لەسـەر خاوەنـداریتی پـێگەی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتە سەر شانۆی سیاسی و ڕاگەیاندن.

لەدوا ژمـارە هەفتەنـامەی یەکگرتـووە، ژمـارە (781) لەڕۆژی 2010/3/11 وتارێک بەناوی (ئۆپۆزسیۆن کێ دروستی کردو چۆن گەشەی کرد) بڵاوبۆتەوە کەهەمان وتار لەسایتی کوردستان پۆستیشدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سـەرنجە ئەوەیە ئەوی لەڕۆژنـامەکەدا بڵاوبـۆتەوە هەنـدێک بـڕگەی لـێ قرتێنـراوەو جیـاوازە لەوەی کوردسـتان پۆسـت. ئەمەش ئەو پرسـیارە دێنێـتە ئـاراوە ئایـا دەستەی نووسـەرانی یەکگرتـوو وتارەکەیـان لەکوردسـتان پۆسـتەوە وەرگرتـووە یـان نووسـەرەکەی یەکگرتـوو خـۆی پێشتر دەقە ئەسڵییەکەی بـۆ کوردسـتان پۆسـت نـاردووە. هەروەهـا ئەو پرسـیارەش دێـتە گـۆڕێ ئایـا نووسەرەکانی یەکگرتووش بەشدارن لەئەدەبیـاتی کوردسـتان پۆسـت؟ یـان ئەو وتارەیان تەنیا بۆ داکۆکی لەخۆیان نووسیووە؟ لەوتارە لـێ قرتـاوەکەدا، دوو سێ بـڕگەی تـایبەت بەڕەخـنەی تونـدیان لەسـەر گـۆڕان لابـراوە، بەڵام هەرچییـان بەیەکێتـی و دەسـەڵاتی سیاسـی وتـووە وەکـۆ خـۆی بـێ دەسـتکاری بڵاویـان کــردۆتەوە تەنــانەت ڕەچــاوی زمــانی نەرم و نیــانی جــارانی ئەدەبیــاتی یەکگرتووشـیان نەکـردووە! جـا نـازانرێ ئەمە هەڵەیەکـی تەکنیکیـیە یـان سیاسەتێکی نوێیە کەزمانی زبرو تەجاوز بەرامبەر یەکێتی بەکاربێنن. یەکگرتوو

لەم وتارەدا کەئامانج محەمەد عەبدوڵڵا نووسیویەتی وەڵامی نووسەر عەلی سرینی دەداتەوە کەلەنووسینێکیدا بەناونیشانی (ئیسلامییەکانی کوردستان لەنێوان گۆڕان و گومڕاندا) ئاماژە بەوە دەکات (بەداخەوە ئەو چەپڵەو مێز لێدانەی ئەندامانی لیستی گۆڕان بۆ ئاشکراکردنی بودجە، دەبوایە ئەندام پەرلەمانە ئیسلامییەکان ساڵانێک لەمەوبەر پێی هەڵسابان، چونکە جۆرئەتیان نەکرد بەراستی ببنە ئۆپۆزسیۆن دژ بەگەندەڵی). لەوەڵامەکەدا یەکگرتوو بەیەکجار هەم وەڵامی عەلی سیرینی دەداتەوەو هیچی بۆ ناهێڵێتەوە. هەمیش بەناڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر سەرکردایەتی گۆڕان. بەرپەچدانەوەی نووسەرەکەی یەکگرتوو بەعەلی سیرینی نموونەیەکی زۆر زەقە لەمامەڵەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتیش ئیسلامییەکان لەگەڵ قەڵەمە نەیارەکانیان.

بەپێچەوانەی ئیدیعای هەندێک لەهێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کەگوایە لایەنگری بیروڕای ئازادن، وەڵامەکەی یەکگرتوو و پەلاماردانیان بۆ سیرینی بەڵگەی ئەوەیە ئەمانە تا ئەوێ لایەنگری بیروڕای ئازادن کەخۆیان نەگریتەوە کەخۆیانی گرتەوە وای پێی دەڵێن: (کەوەڵامی کاکە سیرینی دەدەینەوە دەبێت زۆر مەمنونمان بێت، چونکە بۆ ئەوەیە تووشی ئەو گاڵتەجاریە نەبێت، وەڵامدانەوەی هەموو بڕگەکانی نووسینەکە پێویست نیەو شایانی کات پێوە کوشتنیش نیە، من لەکاک سیرینی دەپرسم ئەو لەکوێ بوو کاتێک یەکگرتووەکان.. بناغەی ئەو ڕۆژەیان دانا کەئیستە بەڕێزتان لاف لێبدەن و وا بزانن هەروا بەئاسانی بەرهەمهاتووە؟ کەزۆر جێی خۆیەتی بڵێین هاتونەتە سەر حازر.. ئێوە هەق نییە ورتەتان لێ بێت و لەڕووتان بێت وشەیەک بڵێن، ئێوە هەتا توانیتان خۆتان فرۆشت و وڵاتتان هەراج کردو هەرچی پیرۆزی هەیە وەلاتان ناو خۆتان سوککردو ویستان کوردیش سوک بکەن. ئەو بەڕێزە زۆر نەزانانە کەوتووەتە هەڵەوە) ئەمانەی سەرەوە چەند نموونەیەکی قسە پێوتنن کەلەو نووسینەی نووسەرەکەی یەکگرتوودا هاتووە.

پاشان نووسەرەکەی یەکگرتوو بەتوندی ئاماژەی جیاجیا بەسەرانی گۆڕان دەدات لەمیانی ململانێیان لەسەر ناونیشانی ئۆپۆزسیۆن. نووسەرەکەی یەکگرتوو لەو نوسینەدا لەپەنا تانەلێدان لەسەرکردایەتی گۆڕان تەنانەت

تەجـاوزێکی بـێ مانـا دەکـاتە سـەر یەکێتـی و دەسـەڵاتی سیاسـی کوردسـتان کەهەق نیـیە بـێ وەڵامـی سیاسـی و فیکـری پێویـست ئەو تەجـاوزە نـارەوایە تێپەڕببێت:

(وەلانانی عەقڵییەتی یەکتری قبوڵ نەکردن وتوندڕەوی، پەنا بـردن بـۆ سـندوقەکانی دەنگـدان و ئـازادی رادەربـڕین و رۆژنـامەگەری ئـازادو شەفافەییەت و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دەیان ئامانج و دروشـمی تـر کەئێستە خۆشبەختانە کەسانێک دکۆکی لێدەکەن کەپێشتر خۆیان کۆسپی گەورەبون لەبەردەمیدا. ئەوەتا ئێستا وەک خۆیان دەڵێن تۆبەیان کـردووەو باوەڕیـان هێنـاوە بەو کـارانەو نەفـرەت لەو رابـردووە دەکەن کە ئـێمە قوربانیماندا لەپێناو کۆتایی پێهێنانیدا، ئەوەتا ئێستە باوەڕیان بەئازادی و یەکتـری قبـوڵکردن هێنـاوەو دژی سـەرکوتکردن و شـەڕو تونـدڕەوین و دەیانەوێت بەهەڵبژاردن گۆڕانکاری بکەن) لەشوێنێکی تـری نووسـینەکەی نووسەرەکەی یەکگرتوو بەقوڵی ناکۆکی نێوان ئەو دوو هێـزەی ئۆپۆزسـیۆن دەردەکەوێت و نووسەر هەندێک نهێنی هەڵسوکەوتی گـۆڕان دەدرکێنێت (سـەر شـۆڕی و سـوکی بـۆ ئەوانەیەکە ئێستا زمانیـان درێـژەو یەکگرتـوو فێری قسەی کردن و زاتی شکاندن و تۆبەی پێکردن و شـەرمەزاریکردن و لەکـۆیلایەتی رزگـاریکردن. گۆڕانکـاری لەوە زیـاتر چیـیە کەئێـستە تـۆو سـەدان و هەزارانـی وەک تـۆو هێـزە ئۆپۆزسـیۆنەکان دروسـت بـوون و خەبـاتی مەدەنیـانەی وەک یەکگرتوویـان دەسـتداوەتێ و وازیـان هێنـاوە لەتـاکڕەوی و خـوێن و ئـاگرو ئاسـن و فیـشەک) ئینجـا باسـی ئەوە دەکـات گـۆڕان لەیەکێتـی جیـابۆتەوەو بـێ پەروا پەلامـاری یەکێتـی دەدات (چـۆن بەگـژ سـتەمداو رووبەڕووی بـرادەرە دزو گەنـدەڵەکانی دوێنیـان بـونەتەوە، کەخۆیان باش دەیانناسن و لەفیکەی یەک تێدەگەن و نهێنییەکانیان لای یەکتـــر هەیە، ئەگەر ئەمە گۆڕانکـــاری نیـــیە چیـــیە). لەوەش زیـــاتر نووسـەرەکەی یەکگرتـوو باسـی ئەوە دەکـات گـوایە هەمـان (سـیناریۆ)ی پەلاماردانی بارەگاکانی یەکگرتوو لەدهۆک بڕیار بـووە لەسلێمانیش دوبـارە بکرێـت لەلایەن کـێ؟ لەلایەن سـەرکردایەتی گـۆڕان کەئەوکـاتە لەنـاو

یەکێتیدا بوون. کەلەراستیدا ئەم ئیدیعایە هەم بەڵگەی دەویێت لەلایەن یەکگرتووەو هەمیش وەڵامی دەویێت لەلایەن گۆڕانەوە (باباش بزانیت ئەو دەستەی دەیویست لەسلێمانی دژی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون بوەستێتەوە ئەوانەبوون ئێستا تۆ بەشانۆ باڵیاندا هەڵدەدەیت و بەئۆپۆزسیۆنیان دەزانیت و خۆت بادەدەیت پێیانەوە) نووسەرەکەی یەکگرتوو هەروا دەڵێت (ئایا ئەمە ستراتیج نەبێت چییە؟ سەرکەوتنی ستراتیجیەتی یەکگرتووە ئێستا لە جیاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ دەبینین حزبێکی توندڕەوی وەک یەکێتی دوو لەت دەبێت و بەخوێنی سەری یەکتر تینون، بەڵام لەترسی ریسوا بوونیان لەبەردەم جەماوەردا ناتوانن پەنا بەرن بۆ چەک) ئینجا دێتە سەر درکاندنی نهێنی تەپڵ لێدانی پەرلەمانتارانی گۆڕان لەپەرلەماندا (باشە خوێن بەخشین گەورەترە یان تەپڵی تەپڵ چییەکان لەبەر هەڵوێستی سیاسی و بەتەوجیهی سەرەوەی خۆیان نقەیان لێ نەهاتووە، باشە هەر لەسەرەتاوە لیستی یەکگرتوو تکای دنیای لێکردن کەهەڵوێستیان هەبێت لەسەر دانانی سەرۆک پەرلەمان و جێگرو سکرتێرو لیژنەکان و سەرۆکی حکومەت و چەندین یاسا، بەڵام ئەوان زۆر بەڕاشکاونە خۆیان لێدزیەوە) هی تریش دەڵێت (جاران ئەوانە بۆ دژی زۆری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بوون و تاتوانیان کردیانە گرمەو هاوار، بەڵام ئێستا وەک لەچاوپێکەوتنەکەی قەناتی جزیرەدا بەڕوونی دەرکەوت کەوازیان لەو مەسەلەیە هێناوە (وەڵامەکەی کاک نەوشیروان ئەوەندە تازەو سەیر بوو دوای تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکە کاک رێبین هەردی راوێژکاری سەر سوڕمانی نیشاندا لەوەڵامەکەی) ئەم بڕگەیەی رابردوو لەوتاری رۆژنامەکەی یەکگرتوودا قرتێنرا، نووسەرەکەی یەکگرتوو درێژەی پێدەدات: (ئێستەش ئەو بەڕێزانە چەندین چیەو پەیوەندی ژێر بەژێریان هەیە لەگەڵ پارتی و قەناعەت و ویژدانی خۆیان تجمید کردووە بۆ چەند دەفتەرە دۆلارێک و لەوانەیە پێمان بڵێن ئەوە سیاسەتە بۆ ئەوان حەڵاڵی ئەوان تەپڵی موزایەدەی کاتی هەڵبژاردنی تیا لێدەن. ئەو تەپڵ لێدەرانە تەنها دژی حزبێک و کۆنە

سکرتێره‌که‌یانن و ئه‌وان ئۆپۆزسیۆنی شارێکن و له‌په‌رچه‌کرداری وه‌زعێکی نائاسـایدا دروسـت بـوون و کـارێکی سیاسـی و کاتیـان هه‌یه‌و زۆربه‌ی چـاودێرانی سیاسـی باوه‌ڕیـان وایه‌ که‌تـا سـه‌ر وا نـامێنن و ئه‌وه‌ی ده‌یـکه‌ن وه‌ک ئه‌رکێکه‌و پێانسپێردراوه‌و له‌ئاینـده‌یه‌کی نزیکدا به‌ئاسانی لاوازییـان ده‌رده‌که‌وێت و زوو هه‌ڵچوون و زوش دێنه‌وه‌ جێی خۆیـان (که‌مـن ده‌ڵێم خۆزگه‌ وانه‌بووایه‌) به‌هه‌رحاڵ ده‌خـوازین به‌رده‌وام بـن له‌ته‌پڵ لێدان به‌ڵام بـۆ هه‌مـوو شـتێکی نـاڕه‌واو دژ به‌مـیلله‌ت، به‌ڵام نه‌ک دوای ته‌پـڵه‌که‌ یه‌کسه‌ر رابکه‌ن بۆ لای سه‌رۆکی په‌رله‌مان و نهێنی و ئامانجی کاره‌که‌یان بـدرێکنن). دواتـر نووسـه‌ره‌که‌ی یه‌کگرتـوو بـڕگه‌یه‌ک ده‌نووسـێت که‌ له‌کوردستان پۆستدا دابه‌زیـوه‌، به‌ڵام له‌وه‌ی رۆژنامه‌ی یه‌کگرتوودا لایان بـردووه‌ (رۆژی ته‌پـڵه‌که‌ی په‌رله‌مـان کوێـستان خـان سـه‌رۆکی کـوتله‌ی گـۆڕان دوای چـوونه‌ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌نـدام په‌ره‌مانه‌کان یه‌کسه‌ر چـووه‌ته‌ لای سه‌رۆکی په‌رله‌مان و  مه‌به‌ستی ته‌پڵه‌که‌ی بۆ روونکردووه‌ته‌وه‌).

چـاودێران له‌ده‌ره‌وه‌ی په‌سـه‌ندی هه‌ردوولا هه‌ریه‌که‌یـان بـۆ خۆیـان تێڕوانینـی تریـان هه‌یه‌ بـۆ ره‌وتـی ئۆپۆزسـیۆن بـوونی یه‌کگرتـوو و گـۆڕان. شـوان داودی سه‌رنووسـه‌ری هه‌واڵ له‌لێدوانیکیـدا بـۆ کوردسـتانی نـوێ واباسی یه‌کگرتـوو ده‌کات (له‌دوای راپه‌ڕینه‌وه‌ ئیسلامییه‌کانی کوردستان وه‌ک ره‌وشـێکی جیـاواز له‌سـه‌رجه‌م حزبه‌کـانی تـری کوردسـتان خۆیـان ده‌رخست و دواتر ململانێی سیاسی و چه‌کداری حزبه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی کوردسـتانیان کـرد، له‌به‌ر کێـشه‌کانی ناوخۆیـان له‌نێـوان بـاڵه‌ تونـدڕه‌و و میانڕه‌وه‌کان بۆماوه‌یه‌ک پاشه‌کشه‌یان پێکرا.

دوای سـه‌رهه‌ڵدانی یه‌کگرتـووی ئیـسلامی له‌ناوه‌ڕاسـتی نه‌وه‌ده‌کـان به‌سـوود وه‌رگـرتن له‌قه‌یرانه‌کـانی عیـراق و هه‌رێمـی کوردسـتان و شـه‌ڕی نـاوخۆ گه‌شـه‌یانکردو له‌سه‌رتاسـه‌ری کوردسـتان وه‌ک ئۆپۆزسـیۆنێکی ئیسلامی میـانڕه‌و درێژه‌یان به‌کاری ئیسلامی داو له‌ناوچه‌کانی یه‌کێتیش هه‌ر ئه‌وان بـوون) داودی تێڕوانینێکـی ئیجـابی هه‌یه‌ له‌سـه‌ر ره‌وتـی کـاری ئۆپۆزسـیۆنی یه‌کگرتـوو (ئێـستاش ئه‌وان واته‌ یه‌کگرتـووی ئیـسلامی

لەسەرتاسەری کوردستان لەزاخۆوە تاکفری کێبڕکێی سیاسی خۆیان دەکەن و لەبەغداش لەبازنەی کوردستانی نەچوونەتە دەرەوەو ئۆپۆزسیۆنی سیستمەکەن نەک حزبێکی دیاریکراو). بەڕای د. شوان عوسمان سەرنووسەری ڕێبازی نوێ کەگۆڤارێکی فیکریی ڕێکخراوەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، یەکگرتوو بەوە جیاوازە لەگۆڕان کە(یەکگرتووی ئیسلامی سەرەتا هەم لەدەسەڵات بوو، لەهەمانکاتیش خۆی وەک ئۆپۆزسیۆن دەردەبڕی، ئەمەش لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکاندا نەدەگونجا تا هەڵبژاردنەکانی 7/25 کەدووچاری شکست بوو، چونکە جگە لەمامەڵەی هەڵەی لەکۆکگیری لیستەکەیدا لەهەمانکاتیشدا سازشکردن بوو لەسەر مەسەلە ئاینییەکان وەک حزبێکی عقائدی. بەڵام دوای 7/25 شێوازی سیاسەتکردنی گۆڕی و زیاتر واقیعانە مامەڵەی لەگەڵ وجودی خۆی کرد، لەخولی رابردووی پەرلەمانی عیراقیش لەهەموو پرسە نەتەوەیی و کوردستانییەکان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان یەک هەڵویست بووەو هەست بەجیاوازییان نەکراوە). لەکاتێکدا گۆڕان هەروەکو د. شوان دەڵێت: (ئەوەی پەیوەندی بەگۆڕان هەیە ئەمە بەشێوەیەکی ناواقیعیانە مامەڵە لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکاندا دەکەن. بەشێوەیەک ئەگەر لەفەلەکی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی گۆڕاندا نەخولێنەوە ئەوە بەناجۆرو نەگونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بزوتنەوەی گۆڕان زیتر نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆنێکی نێگەتیڤانە دەکات چ لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەناوچە کێشە لەسەرەکان لەوانە کەرکوک و موسڵ و ..هتد کەبەهیچ شێوەیەک لەخانەی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیدا نییە بەتایبەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزو لایەنە دژ بەکوردو کوردستانییەکان ئەویش هیچ پاساوێکی ناوێت، هەموو هاوپەیمانییە لەپێناو لاوازکردنی هاوپەیمانی کوردستان لەناوەو دەرەوەی هەرێم، بۆیە لەرۆژگاری ئەمرۆدا گۆڕان هیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی بەخۆیەوە نەهێشتووە، بەپێچەوانەوە یەکگرتووی ئیسلامی لەرۆژگاری ئەمڕۆدا زیتر لەئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیڤانە

دەچێت لەگەڵ تێبینییەکانمان لەسەر هەڵوێستیان لەنێو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان). بەڵام داودی پێیوایە ئۆپۆزسیۆن بوونی گۆڕان هێشتا تەجاوزی سەقفی پێشینەی حزبایەتی سەرکردەکانی گۆڕانی نەکردووەو بە دیاریکراویش دەڵێت ئەوان تەنها ئۆپۆزسیۆنی بەڕێز مام جەلال-ن (بەداخەوە ئۆپۆزسیۆنی سیستەم نییە ئۆپۆزسیۆنی حزبێکی دیاریکراوە. ئەگەر زیاتر وردی بکەینەوە ئۆپۆزسیۆنی تەنها کەسێکە بەناوی مام جەلال تاڵەبانی).

بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییانە تێبینی ئەوە دەکرێت یەکگرتوو لەدوای پەیدابوونی بزوتنەوەی گۆڕانەوە جۆرێک توندی بەرەخنەکانییەوە دیارە. ئەمەش هەم جۆرێکە لەپشت قایمی بەدەرکەوتنی گۆڕان، لەهەمانکاتیشدا جۆرێکە لەهەوڵدان بۆ دانەبڕان لەکاروانی تیژرەوی گۆڕان کەبەشێوەیەکی توندو بێ رەچاوکردنی هیچ ئەتەکێتی سیاسی پەلاماری حوکمڕانی کوردستان و بەتایبەتی یەکێتی دەدات. ئەوی پێشتر لەیەکگرتوو ناسراو بووە ئەوە بوو بەمیانڕەوی رەخنەکانی خۆی دەگرت و ئەدەبیاتی لەچوارچێوەی ئەتەکێتی سیاسی کورستاندا بوو، بەڵام ئێستا یەکگرتووش دەیەوێت ئەو جەماوەرەی خۆی بەدەستبهێنێتەوە کە 7/25 دەنگیان بەگۆڕان دابوو. سەرکردەیەکی یەکگرتوو بەئاشکرا سەرکۆنەی رێبازی میانڕەوی یەکگرتووی کردبوو کە نەیتوانیوە درزبخانە دیواری دەسەڵاتەوە ئەو سەرکردەیە دەڵێت ئەو دەرگایە بەپۆستاڵی گۆڕان نەک کالەی یەکگرتوو دەشکێت).

بەپێچەوانەی بیروڕای شوان ئەحمەد شارەزا لەئیسلامی سیاسی و یەکێک لەڕەخنەگرانی یەکگرتوو کەپێیوایە گۆڕان هێزێکی عەلمانییەو بەمەش یەکگرتوو و هێزە ئیسلامیەکانی تر لەمامەڵەو سەودا لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان دوور دەخاتەوە (هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان لەهەڵکشاندانین، بەڵکو لەپاشەکشەیەکی بەردەوامدان.. پەیدابوونی هێزێکی عەلمانی وەکو گۆڕان هەموو دەنگە نارەزاییەکانی گرتۆتەخۆی) میترۆ ژمارە 47 پێنج شەممە 11ی ئازاری 2010، بەڵام پێدەچێ جگە لەپێگەی

ئۆپۆزسیۆن شـوێنی خۆڵەمێـشی لەئارادابێـت کە ململانێـی نێـوان گـۆڕان و یەکگرتـوو تونـدتر دەکەن. ئەو شـوێنەش جمهـورێکی مەیـلەو ئیـسلامییە کەچەند نزیکە لەئیـسلامێتییە میانڕەوەکەی یەکگرتـوو، ئەوەنـدەش نـزیکە لەعەلمـانییەتە لەقەکەی (گـۆڕان) گـۆڕان لەچەنـدین جـومگەدا نیـشانیدا جۆرێــک لەموغــازەلەی هەیە بــۆ ئیــسلامی سیاســی کەبنمێچــی ئەو موغــازەلەیە ئەوە تێــدەپەڕێنێت تەنیــا ڕێزگــرتن بێــت لەدابــونەریتە ئیسلامییەکان لەکۆمەڵێکی ئیسلامیدا. ڕێزگرتن لەئیسلام شتێکە نـزیکەی هەموو حزبەکانی کوردستان و عیراق لەسەری کۆکن، بەڵام ڕێزگرتن یان ڕوونتـر بڵێین موغـازەلەی ئیـسلامیی سیاسـی وەک ئەوەی گۆڕان دەیکات دڵخۆشـی و نیگەرانیـشی لای یەکگرتـوو دروسـتکردووە. دڵخۆشـی بەوەی هێـزی تـر پەیـدابوون بەبیـست و پێـنج کورسـییەوە لەدیـدگای ئیـسلامیی ئەوان نزیکبوونەتەوەو نیگەرانیش بەوەی ئەو هێـزە لەنـاوچەی خۆڵەمێـشدا دڵـی لایەنگرانـی ئیـسلامیی میـانڕەو کەمەنـدکێش دەکـات. لەوانەیە هەبـن هۆکاری ئەو موغازەلەیە بگێڕنەوە بۆئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی کـادیرو نووسـەرو میـدیاکاری گـۆڕان بەشـدارن لەفـۆرمەلەکردنی خیتـابی سیاسـی گۆڕانــداو هەنــدێک لەهەژموونــدارانی میــدیای ئەهلــیش بڵێــسەی ئەو موغــازەلەیەی گــۆڕان بــۆ ئیــسلامی سیاســی خــۆش دەکەن، بەڵام ئەم موغـازەلەیە لەو دەچـێ نەخـشەیەکی لەسـەرەوە داڕێـژراو بێـت لەلایەک بۆکـۆکردنەوەی دەنــگ لەلایەکــی تــر هەڵبــژاردن و هەروەک جۆرێــک لەپەشیمانبوونەوەی فیکری ئەو سەرکردایەتییەی ئێستا دەردەخات. گـۆڕان کەجـاران چەپ بـوون و ئێـستا وەک حزبـی عەمەلـی میـسری خیتابیـان لەئیسلامی سیاسی نزیک دەبێتەوە. لەم باریەوە نووسـەرو ڕووناکبیر خالد سـلێمان بەکوردسـتانی نـوێ-ی وت: (لەوانەیە هێـزی کـۆمەڵایەتی ئەوتـۆ پەیــدابووبن لەکوردســتان کەرەگــی موحافزکارانەیــان هەبێــت و هێــزە سیاسییەکانیش بخوازن لایەنگرو هێز لەم هێزە کۆمەڵایەتییانەوە وەربگـرن و بـۆئەمەش بـکەوەنە ململانێـی یەکتـرییەوە). ململانـێکەی نێـوان ئەم دوو هێــزە لەســەرتایەتی و لەوانەیە سەربکێــشێت بــۆ هەڵوێــست وەرگــرتن

لەبەرامبەر یەکتریدا کەریسەکەی ئۆپۆزسیۆن بکاتەوە بەخوری، لێ ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە عادەتەن هێزە سیاسییەکان لەململانێ و شەڕدا دەبن لەسەر پێگەی دسەڵات کەپێگەی براوەکان و پێگەی ئەوانەیە دەخوازن بەرنامە سیاسییەکانیان جێبەجێبکەن. کەچی دوو هێزی کوردستان شەڕ لەسەر پێگەی ئۆپۆزسیۆن دەکەن کەپێگەی ئەوانەیە نەیانبردۆتەوەو ناتوانن بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن. ولله في خلقة شؤون.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5127 لە رۆژی 2010/3/17دا.

بەشی حەڤدەیەم

# گاڵتەوگەپ

# نیگـەرانم

خزمێکی کەرکوکیم هەس، هەرکەس لێی دەپرسێت چۆنی؟ دەڵێت قەلەقم قەلەق، قەلەقم لەسەر ئەمڕۆ، لەسەر بەیانی و دوارۆژیش. حاڵی منیش، کە ئێستا هاتوومەتەوە خزمەت کوردستانی نوێ، هەروایە: قەلەقم، قەلەق. لەوانەیە، بپرسن لەبەر چی (قەلەقم)؟ رەنگە لەسەر ئەوەی وەختێک هاتوومەتەوە نەوەیەکی نوێ پێگەیشتوون، نامناسن و نایاننناسم، نیگەرانی ئەوەم چۆن مامەڵەیان بکەم و چۆن مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن؟ بۆ نا، ئەمەشیان گرفتە و قەلەقی کردووم. دەپرسن لەوانەیە نیگەرانی ئەوەبیت ئەمە جەریدەی حزبەو دوای دەورانێکی زۆری دوورکەوتنەوە لەئۆرگانی حزب، دوای ماوەیەک لەفڕین بەئاسمانی میدیایەکی ناحزبی کە پەراوێزێکی زیاتری هەیە، هەقتە نیگەران بیت، بۆ نا؟ ئەمەشیان تەحەدایەکی نوێیە کەچۆن دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەین؟ لەوانەیە نیگەرانی ئەوەبم لەڕۆژنامەی حزبدا چۆن هاوسەنگی رابگرم؟ لەرۆژنامەیەکی موڵکی گشتیدا کە هەموو خاوەنداریێتی لێدەکەن، چۆن هەواڵ و هەڤاڵێک پەراوێز نەخەم و کوردستانی نوێ وەک هەمیشە ئاوێنەی هەموو یەکێتی و هەموو یەکێتییەکان بێت، هەقمە برا ئەمە وەزیفەیەو وەزیفەش ناسکە! لێ برایان! نیگەرانی زیاتری من لەسەر شتێکی ترە کە لەم دوو رۆژەدا دوو راپۆرتم لەسەر خوێندەوە. خوێندمەوە عوسمان بانیمارانی لەدادگا شکاتی کردووەو داوای یەکێتی دەکاتەوە! نارەوا وتویەتی (ئیلان و بیلان هەر دەبێت تەسلیممان بکەنەوە)! منێک کە هێشتا تازە بەخێری هاتووم، نەک هەر نیگەران بووم، بەڵکو هەر دوو راپۆرتم بەوردی خوێندەوە، بەنیگەرانییەوە، لەڕاستەوە بۆ چەپ پێیداهاتمەوە، بۆم ساغنەبووەوە داخۆ بانیمارانی لەگەڵ داواکردنی یەکێتی، داوای کوردستانی نوێ-شی کردووە یان نا؟!

*کوردستانی نوێ: ژ: 4941 لەرۆژی 2009/8/4دا.

# شۆخی سیاسی

رۆژنامەی (رۆژنامە)، ئەها ئەوی کۆمپانیای وشە بڵاویدەکاتەوە، هەڵەیەکی بەشی ریکلامی قۆستۆتەوەو لەسەر کوردستانی نوێ-ی کردووە بەرێبازو سیاسەتی راگەیاندنی یەکێتی، جا شاعیرمان ویڕای پیرۆزبایی لەوەی رۆژنامە وازی لەناوچەگەرێتی هێناوەو پەرۆشی هەولێرە، ئەم غەزەلەی بۆ ئامادەکردووین:

**دوو هەفتە دەبێ دەرسو دەوریانە**
**تائیمەی کرمانج خێر لەخۆنەدیو**
**بزانین چییە حوکمەتی سێبەر؟**
**درامای هەش بەسەر؟**
**وتارو وەعزتان، شەرحیان داداوە،**
**تەختەو سەبوورە،**
**هیچ تێنەکەیم، مامۆستا ببوورە!**
**حکومەتی سێبەر ریفۆرم، یان کۆڕان،**
**کشتیان یەک تشتن،**
**وەخواو وەقورئان.**
**وشەن بۆ یەک کرد،**
**بۆ (رۆژنامە)یەک خەم و خەفەتێتی،**
**ناوزڕاندنی رێی حزبایەتی و**
**کێچەڵ کردنێک**
**هەر بەیەکێتی. دەنا ئەوە کێیە پەرۆشی ئەربیلە؟**
**ناوی (کوردستانی) هەر بەو قابیلە؟**

حکومەتی سێبەر،
موعارەزەی موعتەبەر،
هەنکی لەدارا دۆزیوەتەوە..
بەهەڵە داوان
کردی بەخەبەر.
ئەم (رۆژنامە)یەی رقی لەنوێ—یە،
جا (کوردستانی نوێ) بێت
یان ئەو (نوێ) بوونەوەیەی،
تایتڵ و رێبازی
حکومەتی دادێیە.
سەبوورە لابەن، واتێکەیشتم حکومەتی سێبەر:
عەینەن بەزمەکەی ریفۆرمچیانە،
خۆیان لەسێبەر پاڵبدەنەوە،
ئارەق و رەنجی هەتاوی هاوینیش، تاقە نەسیبـی حکومەتی فیعلی و
ئەرکی سەرشانی دڵسۆزەکانە.
لەبن سێبەری
قیافەی قانیدی،
حوکمەتی سێبەر؛
خۆتان بدزنەوە لەئەرکی خەتەر؛
لەداواو داخوازی هاووڵاتی دەنکدەر.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4956 لەرۆژی 2009/8/21دا.

# نانبڕین نییە، قۆڵبڕینە

جەماعەت بەرنامەیەکیان هەیە بەناوی بەربانگ لەگەڵ نانبڕاواندا، چەندیان پێ بڵێیت نانبڕین نییە، ئەوان باوەڕ ناکەن. چونکە بڕیاریانداوە وابیر بکەنەوە، کابرایەک کە بڕیاریداوە ڕێبازی خۆی بگۆڕێت، واز لەیەکێتی بێنیت، وەک لەبەرنامەکانیاندا باسیان دەکرد لەسەر (بیروڕای جیاواز)، خۆیان دەست لەکار بکێشنەوە، خێرە یەکێتی مووچەی بداتێ؟. ئەوان کەدەیانەوێت حزبایەتی و سیاسەت لەکوردستان بگۆڕن و بەمجۆرە حزبایەتییەی یەکێتی دەڵێن مشەخۆری، خێرە دەیانەوێت یەکێتی هەر مووچەی ئەوانە بدات بە مشەخۆری ڕازی نین، خێرە ڕەتکەرەوەی مشەخۆری هەر دەبێت مشەخۆربن؟! جەماعەت بەرنامەیان هەیە بەناوی بەربانگ لەگەڵ نانبڕاواندا، جا بۆ بەربانگیان لەگەڵدا دەکەنەوە کە ئێوە خۆتان نانبڕاوتان کردن؟ ئێوە خەڵکتان هەڵخەڵەتان گوایە سەر لەبەری هەڵبژاردن دەبەنەوەو حکومەتیان بۆ تەشکیل دەکەن، کەچی ئێستا دەتانەوێت ئاکامی فریودانەکەتان بەسەر یەکێتیدا ساغ بکەنەوە؟ بۆچی بەخەڵکتان نەوت ئێوە بۆ ئەمە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، تابنە ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی سێبەریان بۆ دروست بکەن لەجێی حکومەتی فیعلی؟ کێ لە ئێوە پێش هەڵبژاردن باسی سێبەرو ئۆپۆزسیۆنتان دەکرد؟ ئەوی دواتان کەوت بۆ پێتان نەوت کاکە ئێمە تۆمان بۆیە دەوێت تابچینە پەرلەمان و لەوێشەوە نەچینە پەرلەمان و کورسییەکانتان بە چۆڵی جێبێڵن؟ بۆ خەڵکتان فریو دا لە کەسابەت و ئیشی خۆیان دوورتان خستنەوەو ئێستا خۆتانی لێ نەبان دەکەن. بەربانگ لەگەڵ کام نانبڕاودا دەکەنەوە کە سەرۆکەکەتان خاوەنی تیۆری نانبڕینی کادیری حزبە. هێشتا سەدام نەڕووخابوو لە مەڵبەندی سلێمانی ئەوکاتە نەوشیروان مستەفا بەکادیرانی

مەڵبەنـدی سـلێمانی وت: کەسـەددام رووخـا، ئـیش لەعیـراق پەیـدادەبێت و هەمووتان بچن لەبەسرە ئیش بکەن و بەشداری ئاوەدانکردنەوەی ئەوێ بکەن. چەند مانگێک بوو سەددام رووخابوو کادیرانی کەرکوکی بە دادۆشینی حـزب تۆمەتبـارکرد، لە حـزبەکەی خـۆی هەڵـگەڕایەوەو دەیـان کادیریـان بەنـاوی ریفۆرمەوە فریوداو دواییش پێیانی وت: بەسەد دۆلار دەنگی خۆیان دەفرۆشـن. حـزبەکەی جێهێـشت هەر کەسـێک دوای کەوت پێیـوت: کێ پێیوتـووی وەرە. بەوەشـەوە نەوەسـتا لەم هەڵبژاردنەشـدا دەیـان کـادیری تـری سـەرگەردانکرد، کەچی هەڵبژاردن تەواوبوو ئیـشی پێیـان نەمـاو رەوانەی لای یەکێتـی کـردنەوە. ئەرێ خەڵکینە ئەم داستانە داستانی نانبڕینە، یان داستانی قـۆڵبڕینە؟ قـۆڵبڕینی خەڵـک بـۆ بەدەستهێنانی چەنـد کورسـییەک. قـۆڵبڕینی خەڵـک بەوەی بەڵێنـی دروسـتکردنی حکـومەت بە ئەنـدامی دامـاو بـدەیت و دواتـریش بـالۆرەی حکومەتی سێبەر لێبدەیت.

# زرم

**زرمی بەرگوێ**

شوکر، سەقافەتی لێدەباری، سەقافەتێک لای کەس دەستناکەوێت، کاکم لەیەکگرتوودا ئیش بۆ پەرتکردن دەکات، گوایە ئیسلامی سیاسیش فێرە نوکتەو ئوسولی نووسینی گاڵتەجاری بووە، دەیەوێ ئۆپۆزسیۆن بێت، بەڵام چونکە نازانێ لەپێناو چیدا دەئۆپۆزسیۆنێ، بۆیە بەڕاست و چەپدا قسە فڕێدەدا، چەند هەفتە پێش ئێستا بەو مانایە نووسیبووی گوایە ئیتر بەرپرسەکانی حکومەت هەمووی بەعسی و فایلدارن، نازانین ئەم زانیارییە بەنرخەی لەکوێ هانی؟ (شوکر) ئەمڕۆ هەر کەس لەخۆیەوە رەقەم لێدەداو زرمە لەهەموو شتێک هەڵدەستێنێ، مەعل عیلم ئەم (شوکر) موسەقەفە بەرماڵی خۆی لەمزگەوتێکی ئیسلامیدا خستۆتەگەڕ، کەدەبێ نوێژی حەقیقەتی تێدا بکات، نەک زەموزەمکاری و بوختان.

**زرمێکی تر..** 2009/12/19

ماوەیەکە (ئیخوانەکان) فێربوونە، زرم دەکوتن. لەوەتەی (گۆڕان)چییەکان زرمەیان لەگوێی (قاعیدە)ی ئەوان هەڵسانەوە تەبعی نەرمونیانی و جلی میانڕەویان، عەیب نەبێ، داکەندووە، رەبی کەما خەلەقتەنی رووی راستەقینەی توندڕەوی دەرکەوت. زرمەوکوتیانەو چیتر بەچرپە قسەناکەن. شوکر زمانیان پژاوەو سەقافەتیان لێدەبارێ (برایانی هەڵەچن ئاگاداربن وشەی سەقافەتەکە هەڵەی چاپی تێنەکەوێت) ئەوەتا لەدواژمارە نووسیویانە (ئەحبابەکان کەشفی مازی دەکەن) وەک بڵێی زۆر خەمباری مازی و موستەقبەلی کورد بن.

بەمجـۆرە ئەغیارەکـان نیفـاق دەکەن گـوایە خەمبـاری مـازی ئەحبابەکـانن، لەوەش زیــاتر خەمبــاری مــازی و موســتەقبەلی ئەو مــیللەتەن کەبۆیــان نووسـیوە:(لەوە بێئاگـا ئەگەر تەقەیەکیـان لەبەعـس کردبـێ ئەوا دەتەقەیـان لەیەکتر کردووە).

تەبــعەن ئەم ئیخــوانەی حــازر خــۆری بەرســفرەی ئــازادی کــوردایەتین (شـوکر)ی خوانـاکەن کەئەگەر تەقەی کـوردایەتی لەبەعـس نەبـوایە قەت نە دەبـوونە ساحیبــی زەمـان و نەزمانحاڵێکیـان دەبـوو. کەلەم زمانحـاڵەوە لەجێـی کـارکردن بـۆ (یەکگرتـوو)ی کـورد هەر خەریکـی پەرتکردنـی کـوردبن، لەجێـی ناولێنانی میللەتی زرنگی کورد بەمیللەتێکی خاوەن ژیری، بەبێئاگای دەناسێنن. نــابرا، نــا، مــیللەت بەئاگــایەو دەزانــێ ئەگەر کــوردایەتی تەنهــا تەقەیەکــی لەبەعـسیش کردبێ و دەی بەخـۆوە نـابێ، ئەوا ئێـوە تەقەی خۆشـیش نـازانن و سەرەڕای رووخانی بەعس-یش کەچی لی زروفین (قاهیرە) لەپایتەختی میسر لەگەڵ کـۆنە بەعـسییەکان فیـدراڵی دەقـرتێنن. جـا شـکور ئەغیارەکـان بەچـکە ئیخوانەکان هان دەدەن لە شوێنیتر مازی ئەحبـاب هەڵبـدەنەوە، چـونکە خۆیـان خەریکن خۆیان لەئێستا گێل دەکەن و مەشغوڵی تێکدانی موستەقبەلن.

# سەرچاوەیەک پاڵ بەسەرچاوەیەکی ترەوە دەنێ!

سەرچاوەیەک کەنەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکات، فەرمووی:
دۆخی میدیای کوردی شڕە،
کەس حەسوودی پێ نابات
سەرچاوەیەکی نزیک لە(هاوڵاتی)یش
بەدراوسێی خزمی ئەو بەرگدرووەی جلی بوکی دووریوە وتی:
کەس پەی بەئەهلیبوونی هاوڵاتی نابات!
نازانن ئەم رۆژنامەیە،
بۆ ئازادی کورد لەکارە،
یان بۆ نابوودکردنی وڵات؟
سەرچاوەکەی ئەو رۆژنامەیە
چاوی تیژە بۆ هەواڵی یەکێتی
بەڵام بۆ دۆست و ئەحبابان خۆی لەڕاستی لادەدات!
سەرچاوەیەک نەیویست ناوی بەکەس بڵێ
نەکا کەسێک پێمان بڵێ هاوڵاتی برا،
پێمان بڵێ چۆلەکەی چ دارو چڵێ
لێدوانی فشەی پێداوی واپێخاوسی باوەڕت کرد،
کەوتییە داوی؟
هەفتەی پێشوو سەرچاوەیەک
ئەمڕۆش سەرچاوەیەکی نوێ
جا مەعلومە ئیشی میدیا لەکوردستان
ئاشی نەزانەو خوا دەیگێڕێ

**سەرچاوەیەک بەسەرچاوەیەکی راگەیاند:**
**کەسەرچاوەیەک بۆ سەرچاوەکەی**
**ئەولاتری روونکردەوە ئەگەر**
**زاراوەی سەرچاوە لەهاولاّتی بکەیتەوە**
**مانای وایە ئەم جەریدەیەت لەوشەو پیت و**
**لاپەڕە رووتکردەوە هۆنراوەی:**
**شاعیرێک کەنەویست ناوی ئاشکرا بکات.**

*کوردستانی نوێ: ژ: 4976 لەرۆژی 2009/9/14دا.

# تۆ کەخۆت پیاوی رژێمی

لەفەرهەنگــی چ ئەدەبیــاتێکی سیاســیدا پەیــت بەم دۆزراوە نەدۆزراوەیەت بـرد؟ کێ فێـری کردیـت بەحکومەتی کوردستان بڵێیـت (رژێـم)؟ لەچ دەورو مەکتەبێـک ئەم دەرسـە بەپێـزە فێربـووی کە بەبەرهەمـی خـوێنی شـەهیدان بڵێیـت رژێـم؟ ئەو مـاریفەتە لەکـام گـردو تەپـۆڵکەی شۆڕشگێڕییەوە پەخش دەکرێـت کەرۆژێـک بەرۆژنـامەگەریی کوردسـتانیی بگوترێـت لاسایی بەعـس دەکــاتەوەو جــارێکی تــر حزبــی کــوردی بەمەجلیــسی قیــادەی ســەورە بــشوبهێندرێت؟ لەکـام قوتابخـانەی بەراوردکارییــدا فێریانکردیـت بەراوردی حکومەتی هەرێم بەرژێم بکەیت؟ ئەوکاتەی ئەو ئیشتباهە گەورەت خستەسەر پەڕی رۆژنامەکە، کەسێک نەبوو لەوانەی (18) ساڵ لەم (رژێمە) (فاشیلە)دا کاربەدەست و پارە بەدەست بوون، پێت بڵێن تف لەڕابردووی ئێمەو ئەوانیش مەکەن؟ ئەوکاتەی ئەم وەسفە جوانەت گواستەوە بـۆ تەلەفزیـۆن، کەس نەبـوو لەو فەرمانـدە کۆنانەی لای خۆتـان، کەهەر بـۆ گیـانی خەڵـک و بـۆ کەشـوفش فەرماندەن، پێت بڵێن چۆن بەحکومەتی پێشمەرگە دەڵێیت رژێـم؟ کە شـوڵت لـێ هەڵکێـشاو جـاری دیـکەش گـوتتەوەو کەس لەوانەی رابـردوو بەئینتقـائی سـەیردەکەن لەشـوێنی خـۆیـان ئیستێکیان پـێ نەکردیـت، ناچـارین ئێمە بڵێـین ئەی فەتـواچی نـاو گـردەکە کەبەڕاسـت و چەپـدا تـۆمەت و نـاوو نـاتۆرە دەبەخشێنێتەوە، راوەسـتە تـا پێـت بڵێـین (رژێـم) چیـیەو نرخـی بوختـان چەنـد گـرانە؟ رژێـم لەبنچیـنەدا یـانی سیـستم، بەڵام چـونکە لەیـادەوەریی میللەتـی ئێمەدا رژێم بەو بەعسە گوتراوە کەهەمـوو شتێـک حـوکمی تێداکردووە تەنیا سیستم نەبێت و ئەو رژێمە لەهەموو شتێک چووە تەنیا لە(رژێم) نەبێت، بۆیە چەمکـی رژێـم دەبێـت هەر مانـای ئەوەبێـت هەڵگری ئەم نـاوەو هەڵگری ئەو

خەسڵەتانەی بەعس بێت کە بەعسی لای ئێمە قێزەونکردووە. کەوای لێکردووین شۆڕش لەدژی بەعس بەرپابکەین. رژێم لەیادەوەریی ئێمەدا یانی بەعسێکی شۆڤێنی عەرەبی نامۆ بەکوردستان و گەلەکەی، یانی بەعسێکی سەرکوتکەرو دیکتاتۆرو خاوەنی ئەنفال و کیمیاباران، یانی رژێمێکی سەرکوتکەری ئازادیدزی رۆژنامەگەروانی قەدەغەکردوو، یانی رژێمێک ئەگەر رێبدات بە رۆژنامەی نابەعسیش ئەوا هەر لەفەلەکی بەعسیبووندا دەخولێتەوە، ئایا تۆ کەرۆژنامەت هەیەو قسانی لێوەدەکەیت هەروا لەفەلەکی رژێمی هەرێمدا دەخولێیتەوە؟ یانی تۆش هەروا پیاوی رژێمی؟ لەکوێت هێنا ئەم ماریفەتە جوانە کە حکومەتی هەرێم بەرژێم بشوبهێنیت، ئایا ئەم فیتنەگێڕییەت بۆ ئەوەیە بڵێیت هەرێمیش ئەنفال و کیمیابارانی کردووەو یان ئەگەر نەیکردووە دەبێت بیکات تا وەسفە پڕ ماریفەتەکەی جەنابتانی بەباڵادا ببڕێت؟ جا تۆ ئەی پیاوی رژێم کە ئێستا پەرلەمانتاری داهاتووی، خۆت دەبییە پیاوی رژێم، چونکە لەسیستمی رژێمدا کە حکومەت رژێم بێت پەرلەمانەکەشی مەجلیسی وەتەنی ئەشهەدومابیللایە؟ ئەم زوڵمە چییە تۆ دەیکەیت، بەعس ئەگەر بیزانیبایە تۆ لە حزبێکی تری سەری دەبڕیت، حکومەتی هەرێم لەچیدا لەرژێم دەچێت کە تۆ سێ حزب و سێ رۆژنامەی جیاوازت کردو کەسیش لەگوڵ کاڵتری پێ نەوتی!

*کوردستانی نوێ: 4945 لەرۆژی 2009/8/9.

# گیراوە بۆ مام ڕۆستەم

لەڕاپەڕینـی سـاڵی 1991دا، پێـشمەرگەکان شـارۆچکەکانیان ڕزگـار دەکـرد، پاش دەمێکی تر لەسەر دیواری ماڵەکان و شوێنە گشتییەکان دەنووسـرا: (ئەم شوێنە گیراوە بۆ مام ڕۆستەم).

لەمیحــوەری چەمچەمــاڵ و پــردێ-وە فەرمانــدەکان و پێــشمەرگەکان و مارینزی ئەمریکا کەرکوکیان ڕزگار دەکرد، بۆ ئێوارە دیواری چەند خانوویەکی جوانت دەبینی لەسەری نووسراوە (گیراوە بۆ مام ڕۆستەم).

ئێـستاش ڕۆژانە دەبیـنم کەدەڵـێن گـردەکە کەسـی نیـیە لەسـەر کەرکـوک تەحلیلـی بـۆ بکـات مـام ڕۆسـتەم نەبێـت، ئەم بەڕێـزە ئێـستا وازی لەشـەڕی کەرکوک هێناوەو خەریکی سیاسـەتە، جا چونکە عەسکەر لەسیاسـەت وەک ساسـەتووانە لەعەسکەردا، بۆیە بەڕاست و بەچەپـدا لێدوانی هەیە، بڕیاریداوە یەکێتـی تێکبـشکێنێت لەکەرکـوک، مـام ڕۆسـتەم نازانێـت ئەو بەیەکێتیـیەوە دەیتــوانی هێــزی دوژمــن تێکبــشکێنێت نەوەک بتوانێــت بەتەنیــا یەکێتــی تێکبـشکێنێت، جـا میـدیای کـوردیش کەبـێ بـاس و بـێ بـابەتەو هەنـدێکی لەبنەماوە بۆتە میلیشیای ڕۆژنامەوانی ئۆپۆزسیۆن، حەزی لەم جۆرە نێچیـرانەیە کە نە تەحلیل دەزانن و نە تەخمین، تەنیا قسەی بێ سەروبەر.

جـا ئیتـر چ ڕۆژگـارێکە تێیکەوتـووین مـام ڕۆسـتەم گلەیـی هەیە، ریفـۆرمی گەرەکەو حەزی لەگۆڕانکــارییە، ڕاســتییەکەی ئەوەیە ئەگەر گــۆڕان بکرێــت دەبێت یەکەم شت مـام ڕۆستەم لەکایەکە دووربخـرێتەوە، بەڵکو ئەمە خـوایە ریفـۆرمی ڕاسـتەقینە لەکەرکـوک و لەتەواوی کوردسـتان بەرپابێـت و چیتـر دیواری ماڵێک نەبینین کەبێ تاپۆو حوکمی قانون لەسەری نووسرا بێت گیـراوە بۆ مام ڕۆستەم.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5097 لە ڕۆژی 2010/12/11.

## ئەدەبیاتی ئاخر مۆدێلی گۆڕان:
## ماددەی (140)مردووە، بەڵام جێبەجێی دەکەین!

جائە ئەدەبیاتە هەر فابیلی موناجاتە، هەر قابیلی ئەوەیە بکرێـە پەرداخەوەو وەک نوشتە دەرخواردی خەڵکی کەرکوک بدرێت.

خانمێـک کەپـێش وەخـت دەسـتی بەهەڵمەتـی هەڵبـژاردن کـردووەو خـۆی واناسـاندووە پـاڵێوراوی لیـستی گـۆڕانە بـۆ پەرلەمـانی عیـراق وا مـوژدەی چارەسـەری کێـشەی کەرکـوک بەخەڵکـی کەرکـوک دەدات کەمـاددەی (140)مـردووە، بەمردوویـی لەدایکبـووەو بەمـردوویش دەنێژرێـت، ئەم قـسانە ئەگەر بکرێنە زمانی عەرەبی ڕێک لەگەڵ قسەکانی نوجێفی و ساڵح موتلەگ و خەلەف عەلەیان یەکدەگرێتەوە، خانم لانە عەبدوڵڵا لەگۆڤاری جیهاندا شوێن پێـی ئوسـتادی خـۆی نەوشـیروان مـستەفا کەوتـووە، بەدڵـی ئەو و لەدژی کوردستان و کەرکوک قسەدەکات.

فەرمـوو ئەمە نوتقەکـانێتی: جیهـان کەواتە دەبێـت چـۆن مـامەڵە لەگەڵ ماددەی (140) و پرسی ناوچە دابڕاوەکان بکرێت؟ لانە عەبدوڵڵا: دەزانی من پاڵپـشتی هەمـان ئەو بۆچـوونەی کـاک نەوشـیروان دەکەم کەدەڵێـت: مـاددەی (140) بەمردوویـــی لەدایکبـــووەو بەمـــردوویش مـــاوەتەوەو دەڕوات، ئـــێمە دەمانەوێــت جۆرێــک لەعەدالەت لەنێــوان نەتەوەکــانی عیراقــدا لەنێــوان نەتەوەکـانی عیراقـدا هەبێـت، ئـێمە ئەمانەوێـت لەسـەر حـسابی ئەوانـی تـر زۆرترین ماف بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین، هەروەک لەگەڵ ئەوەش نین سازش لەسەر مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکان بکەیـن، بەڵام بامن ئەوەت بۆ روون بـکەمەوە کەپرسـی کەرکـوک و نـاوچە دابڕاوەکـان زۆر ئـاڵۆزەو زۆریـش ئاڵۆزکراوە، بۆ نموونە ئاوارەیەکی کورد بۆ گەڕانەوە تەنیا (10) ملیۆن دینار

وەردەگریت، بەڵام ئاوارەیەکی عەرەب (25)ملیۆن دینار! ئەمە نموونەیەکە لەوەی کەچۆن ئیشکراوە لەو مەسەلەیەدا.

گۆڤاری جیهان ژمارە (24) لە (2010/1/1) لاپەڕە (34).

کەچی هەر خۆشی چەند دێڕ پێش ئەوە دەڵێت: لەدەورەی داهاتووی پەرلەمانی عیراقدا وەک لیستی گۆڕان کارەکەمان ئەوە دەبێت گوایە داکۆکی لەمافەکانی کورد دەکەین (تادەگاتە جێبەجێکردنی ماددەی 140)، جا خانم ئەگەر (140)مردووە، چۆن زیندووی دەکەیتەوە، تاجیبەجێی بکەیت؟

دەورانی هەڵبژاردنی پێشوو، خانمێکی تر پەیام ئەحمەد خانەقینی، ئەویش نوقڵانەی تەواوبوونی (140)ی دا، ئەم خانمەش هەروا دەڵێت: جائیتر بۆچی پێمان سەیربێت کەبێین بەرنامەی گۆڕان هاوپەیمانە لەگەڵ نوجێفی و عەلەیان و موتڵەگ-دا!

*کوردستانی نوێ ژ: 5064 لە رۆژی 2010/1/2.

# کاپشنی بێ لایەن و لێدوانی هەڵەقومەلەق

تۆ واز لەقسەکانی مام رۆستەم بێنە کەهەمان ئەو قسانەی چەند مانگ پێش ئێستایە کە لەهەمان رۆژنامەی ئاوێنەدا کردبووی، واز لەوێنەکەی مامۆستا جەمال محەمەدیش بێنە کەچەند مانگێک پێش ئێستا وتبووی شانەی نووستوومان لەناو یەکێتیدا هەیە ئەم دیاردەیە جاسووسییە شەرمهێنەرەی وەکو دەستکەوتێک دەگێڕایەوە کەتوانیویەتی لەناو دڵی دوژمنی داگیرکەردا عەناسر پەیدا بکات، واز لەڕوخساری تەماوەی ئومێدی ئەو گەنجانەش بێنە کە لەپشت هەردووکیانەوە وەستاون و چاوەڕێبوون لیستەکەی مام و مامۆستا بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن و سەرەنجام داوای لێبوردنیانکرد کەبەڵێنەکان یان پێ جێبەجێ ناکرێت، واز لەهەموو ئەمانە بێنەو سەیری بێ مەزەرەتەی رۆژنامەی ئاوێنە بکە کە لەژێر وێنەکەدا نووسیویەتی:

(مام رۆستەم، ئەو پیاوەی سلێمانی هەژاند ئێستا خەریکی کەرکوک)، ئەم کاپشنە سوێندو قورئان دەخوات کەڕۆژنامەی ئاوێنە ئەوەندە بێلایەنە کەڕۆژنامەکانی سویسراش بێلایەنی وایان بەخۆیانەوە نەبینیوە.

سەیری ئەم کاپشنە بکەن کەمام رۆستەم سلێمانی هەژاندو ئیتر عەیب نەبێت خەریکی کەرکوکە، یانی خەریکی تێکدانی کەرکوک و ئالودەکردنێتی بەپەتای دووبەرەکی و تێکدانی یەکڕیزی کەرکوک.

سەیربکەن لەکاتێکدا هێزە سیاسییەکان روو لەململانێی هەڵبژاردن دەکەن، رۆژنامە سەربەخۆکانیش دەکەونە ململانێوە لەسەر ئەوەی

کامیان لەململانێی کاپشنی لایەنـدارو لێدوانی ئـاگرینی مـام رۆستەمدا ئەوی تر دەدات بەزەویدا؟

*کوردستانی نوێ: ژ: 5068 لە رۆژی 2010/1/7.

# صنع فی گردەکە

زۆر وڵات کاریـان کـۆکردنەوەی پـارچەی یەدەگـی ئوتومبێـل وئینجـا سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەیین لە کارخانەیەکـدا. بـۆ نمـونە لە میـسر کـارگەی ئووتمبێـل هەیە کە ئوتـومبێلی نەسر دروستدەکات. ئەگەرچـی ئەمە لە چوارچێوەی دابەشکردنی کار و ئەرکەکان لە نیـوان دەولەت و ئوردوگا سیاسـییە لێـک نزیکەکانـدا شـتیکی ئاسـاییە، بەڵام ئەوە جیـاوازە لەو کـۆکردنەوەیەی هەنـدیک کەس بە قاچـاغ دەیکـات و پـیکەوەیـان دەنوسێنێ و ناویـان لـێ دەنێـت بەرهەمـی ناوخۆیی. ئەمە وەکو ئەوە وایە کارەکە کارخانە چییەک کردبێتـی نەک لە کارخانە کرابێت کوردستان لەم جـۆرە کارخـانەچییە دوورە لـێ ئەمـرۆ خەلکانێـک هەن شـت لەمـلا وئەلاوە کـــۆدەکەنەوە و رەنگێکـــی خۆیـــانی لـــی دەدەن گـــوایە ئەمە لە کارخانەی خۆیاندا کـراوە. بـزوتنەوەی گۆران لە مـاوەی کەمـی رابـردوودا چەند شتێکی تەجمیع کـردووە و وای خـستە بەردەم خەلکـی گوایە ئەمە کاڵای خۆماڵی خـۆیەتی و رەنجـی فەرهـادی لەگەڵ دراوە . نـاوی گـۆرانی لە دروشمەکەی بـاراک ئۆبامـاوە رفانـد, گـوایە سـەرۆکی کۆمپانیـای وشـە وەک سـەرۆکی ئەمریکا,مەیلـی گـۆرانخـوازی هـەیـە. هەرەشـەی ئەوەیکـرد کەئەگەر دۆخەکە بە دلـــی خـــۆی نەبێـــت ئەوا وەک ریفۆرمیـــستەکانی ئێـران خۆپیـشاندان ئەکەن. هێـشتا حکـومەتی هەرێـم پێکنەهـاتبوو رایـان گەیاند, کە ئەوان حکومەتی سیبەر دروستئەکەن کە ئەوەش نمـونەیەکی بەریتـانیە. ئێـستاش سـێرچێکی ئینتەرنێتیـان کـردووە و یاسـایەکی وڵاتـی ئـــوردنی دراوســـێیان خواســـتووە و بەکەمێـــک کلکوگوێـــوە پێـــشکەشی ســـەرۆکایەتیی پەرلەمانیـــان کـــردووە وەک بلێـــی دیـــوانی ســـەرۆکایەتی

پەرلەمان نەزانێ لە ئینتەرنێت سێرچ بکات و ئاگایان لە دەرودراوسێ نییە. بەم جۆرە لە ماوەی چەند مانگدا کەرەستە لە ئەمریکا و ئێران و بەریتانیا و ئوردنەوە کۆکراوەتەوە و لە گردەکە بەرهەم هێنراوە. گوایە ئەمە بۆ گۆران و گۆرانخوازییە, چونکە لیستی کوردستانی تەنها بەرهەمی خۆماڵیی برەو پیدەدات.

# شانە نووستووەکانی

خەڵکینە خۆتان حەکەم بن، توخوا ئەمە قسەی کەسێکی سیاسییە؟ توخوا ئەمە قسەی کەسێکە دەیەوێ لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتیدا مامەڵەی سیاسی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تردا بکات؟

لەکام فەرهەنگی دیموکراتیدا قسەی وا جێی قەوارەیەکی سیاسی کەناوی خۆی لەکۆمسیۆن بەژمارە تۆمارکردووەو بەڕەسمی کێبرکێی هەڵبژاردن دەکات و لەو هەڵبژارنەشدا بێگومان دیموکراتییانەو لەچوارچێوەی یاسادا رووبەڕووی قەوارەیەکی سیاسی تر (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەبێتەوە، کەچی شانازی بەدەستوەردان لەکاری قەوارەیەکی ترەوە دەکات و دەیەوێت ئەمەی لێ قبوڵ بکرێت. لەکام شەرعی دیموکراتیدا هێزێکی تر بۆی هەیە، جاسوسی هەبێ و شانەی نووستووی لەناو قەوارەیەکی تردا هەبێ؟ بەکام شەرعی دیموکراتی رەوایە کەکارەکتەری حزبێک بەئاشکرا بڵێ: (خەڵکێکی زۆرمان ماوە لەناو یەکێتی نامانەوێت بێنە دەرەوە، بەم شێوەی ماونەتەوە سودیان باشتریان لێوەردەگرین- بڵاوکراوەی بەرەو ژمارە (25) لەرۆژی (2009/9/15) کەمانگانە دەردەچێت.

رووناکبیرەکان خۆتان حەکەم بن، بەکام پێوەری ململانێی دیموکراتیی رەوایە قەوارەیەک دەستی لەناو قەوارەیەکی تردا بێت و بۆشی بچێتەسەر.

نەوشیروان مستەفا کەسی یەکەمی قەوارەی گۆران لەدوا چاوپێکەوتندا دەڵێ: ئێمە مونشەق نین و یەکێتیمان بۆ خاوەنەکانی بەجێهێشتووە رۆژانە دەشڵێین دەمانەوێت لەچوارچێوەی دیموکراتیدا

پەیوەندیمان هەبێ و یەکتری قبوڵ بکەین، ئایا ئەمە یەکتر قبوڵکردنە؟ جاسوس و لانەت لەناو حزبێکی تردا هەبێت بەئاشکراش شانازی پێوە بکەیت و بڵێیت: (سودی باشتریان لێوەردەگرین)؟ باشە چاودێران بەقسەی کێ باوەڕ بکەن؟ هی نەوشیروان یان م. جەمال؟ ئاوا سەیری سیاسەت دەکەن، ئاوەها سەیری کادیری سیاسی دەکەن کەبەم شێوەیە (سودی باشتریان لێوەربگرن)؟ ئاوەها لەدیموکراتی دەڕوانن، دەست لەناو رکابەرە دیموکراتییەکانی خۆتادا بچێنن و داواش لەرێورەسمی ململانێ دیموکراتییە بکەن کەرێزتان لێبگیرێ و بەتەیارێکی سیاسی مۆدێرن سەیر بکرێن؟ ئاوەها حورمەتی کادیرو تێکۆشەری سیاسی دەگرن کەحیسابی دەستچین و جاسوسییان بۆ بکەن و سبەی کەکەشفیش دەبن هاوارتان لێ هەڵدەستێ گوایە خەڵک لەسەر ئێوە نانبراو دەکرێت؟ ئەی ئەوانەی سەرتان لەناو مۆدێلەکانی حزبایەتیدا سپی کردووە، ئەم قسانەی جەمال حاجی محەمەد (ئەندامی سرِکراوی سەرکردایەتی یەکێتی وەک لەدیدارەکەدا تاریف کراوە) لەکوێی فەرهەنگ و نەریتی حزبایەتیدا جێی دەبێتەوە؟ لەهی بەلشەفییەکان؟ لەهی دیموکرات و کۆمارییەکانی ئەمریکا، لەنموونەکەی ئەنوەر خواجە، لەهی ئینکشاری عوسمانلی؟

ئەی کۆمسیۆن چیدەڵێت لەسەر قەوارەیەک کەبەئاشکرا شانازی بەدەستوەردانەکانی خۆیەوە دەکات لەکاروباری قەوارەیەکی تردا؟ ئایا قانونی قەرەقوشە کەهەندێک بێمنەتییان بگاتە ئاستێک فشەیان بەیاساو نەریتە دیموکراتییەکان بێت و بەئاشکرا تاوانی حزبی وا بەشانازی لەقەڵەمبدەن؟

یاساکانی کۆمسیۆن لەکوێیە کەقەدەغەی کاری وا دەکات؟ ئەی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی لەسەر ئەم باسە چی دەڵێن؟

کوردستانی نوێ: ژ: 4981 لە 2009/9/24دا.

# وشە، گوللەی بۆ چییە؟

هەرکەسێک پەیوەندی بەگردەکەوە دەکات و پێشتر عالی مەقام بووبێت، دەبێت ناونیشانێک وەربگرێت کەقەرەبووی ئەستێرەو نەجمەکانی جارانی بۆ بکاتەوە، ناونیشانی "ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە" وەک ئەلقابگەل شیرینی سەردەمی کۆماری مهابادی لێهاتووە. دەڵێن: چەند ئاغایەکی دەمی کۆمار داوای پلەو پۆست لەسەرکۆماری شەهید دەکەن، قازی کە دنیادیدەیەو دەزانێت پێشتر مهاباد چ ئازارێکی بەدەست ئەو ئاغایانەوە دیتووە، بەوە قەناعەتیان پێدەکات ئەستێرەو خەتی سەرشان وەربگرن بەمەرجێک تەنیا لەگوندی خۆیان دەبەری بکەن و بەو تیفتیفەیەوە نەیەنە ناو شارەوە. ئەمما کۆمپانیای وشە ئەم ئەلقابگەلە شیرینە لەجوگرافیای دارستانی چڕی پیلانگێڕیدا، یانی لە گردەکە قەتیس ناکات، بەڵکو بەو ئەستێرەو ئەندامێتییەوە لەسەر پەڕەی رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنەکان نمایشیان دەکات. لەم چەندانەشدا لەرۆژنامەیەکدا نووسیبوویان "مام رۆستەم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە رایگەیاند"... چی راگەیاند؟ ئەوە هەربەردێکی لەسەر دابنێن!، بەڵام بیرم لەو نوشتەیە کردەوە کەئەندامێتی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشەی کردووە بەسیحرێکی پەنهان. باشە مام رۆستەم چی داوە لە وشەو دەزگاو دایەرەی ئیعلام و رۆژنامەوانی؟ تۆبڵێی لەئەسڵدا ئەمرە ئیدارییەکە وانەبێت (ئەندامی باڵی عەسکەریی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە)و بەهەڵە لەهەواڵەکەدا قرتێنراوە؟ باشە با ئەهلی تیعدادو موحاسیب بپرسن (وشە) عەسکەر وتۆپ وتەیارەی بۆچییە؟ وشە ئەگەر لەرستەیەکی کاریگەردا بێت فەرماندەو ئەفسەری چەک بەدەستی بۆچییە؟ لەزەمەنێکدا ململانێی سیاسی و دیموکراتی جێی بەململانێی عەسکەری لێژکردووە، مام رۆستەم ئەندامێتی

ئەنجومەنی بۆچییە؟ سەروتار بۆ رۆژنامە دەنووسێت، یان دروسی عەسکەری لەو سەنتەرە ستراتیژییەدا دەڵێتەوە کە پارەی دامەزراندنیان وەرگرت و هەر دانەمەزرا؟ بیستوومانە گوڵ درکی بۆ پاراستنی خۆیەتی چونکە لەباخچەیەکی دیموکراتیدا ناژی. ئەگەر نیەتیان خراپ نەبێت، وشە گوللەی بۆچییە لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا؟ ئەگەر بۆ دڵڕاگرتنە ئەم دڵە بۆ چ تەنگانەیەک رادەگیرێت و ئەگەریش ئەمە حزبە ئەم شێرو رێوییەی بۆ چەس؟ ئەوان رەخنەیان دەگرت کە نابێ حزب کۆمپانیای هەبێت، کەچی ئێستا کۆمپانیا حزبی هەبێت، بەڕاستی ئەمە (گۆڕان)ە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 4942 لەرۆژی 2009/8/5دا.

بەشی هەژدەیەم

# دیـــدار

# بەداخەوە، لیستی گۆڕان تەرحێکی جیاوازی پێ نییە

بەرنـامەی کەوانە، کەبەرنـامەیەکی راسـتەوخۆی هەفتـانەیەو شـەوانی دووشـەممە لەسـەتەلایتی گەلـی کوردسـتانەوە لەلایەن رۆژنـامەنووس مـحەمەد نـوری پێـشکەشدەکرێت، لەبەرنـامەی پێـشووتریدا میوانـداری سـتران عەبـدوڵڵا سەرنووسـەری کوردسـتانی نـوێ-ی کـرد.بەرنـامەکە تەرخانبوو بۆ باسکردنی پرسەکانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، ئەرکی ئۆپۆزسـیۆن لە حکـومەتی نوێـدا، نیەتەکـانی بـزووتنەوەی گـۆڕان و هەڕەشـەکانی کوێـستان مـحەمەد کە بڕیاریانـداوە وەک بـزووتنەوەی گۆڕان،پێش ئەوەی حکومەتی نوێ کاری چاک و خراپ بکات، ئەوان هەر دژ بـن و بڕیـاری پێـشوەختیانداوە کە هەروابـن. کوردسـتانی نـوێ لێـرەدا پوختەی بەرنامەکە.

### دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن

سەرەتا لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتەوە، ستران عەبدوڵڵا وتی: دوای دوو دەورانی پێشووی هەڵبژاردن و دەورانی نوێ و ئێستای هەڵبژاردن، مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت، مۆدێل و ستایلی تازە بەخۆیەوە وەردەگرێت. دوای ئەنجـامی هەڵبژاردنەکـان، هێـزی ئۆپۆزسـیۆن پەیـدابووەو لەهەمانکاتـدا هێزێـک هەیە کەبـریتییە لە لیـستی کوردسـتانی کە متمـانەی خەڵکـی بەدەسـتهێناوە بـۆ پێکهێنـانی حکـومەت و گفتوگۆکـانی د. بەرهەم-یـش بـۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەو تەکلیفکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێـم و دەستکردن بەگفتوگۆکـان و شـێوازی ئـاڵوگۆڕکردنی حکـومەت، ئەمـانە هەمـووی نیـشانەی گەشبینین.

سەرنووسـەری کوردسـتانی نـوێ لەبـارەی ئەوەی کە ئەرکـی ئۆپۆزسـیۆن دەبێت چی بێت و ئەو هەنگاوانەی کەپێویستە ئۆپۆزسیۆن بینێت لەسەرەتای پێکهێنـانی هەرکـابینەیەکی نـوێی حکومەتـدا، ئامـاژەی بەوەدا کە هەرێمـی کوردسـتان فەزایەکـی سیاسـی هەیە جیـاواز لەو فەزای سیاسـییە لەوڵاتـانی دراوسـێدا هەیە. وتیـشی: لەم هەڵبـژاردنەی دواییـشدا بینـرا کە چەنـد ئۆپۆزسـیۆنێک هەیە کەجیـاواز لەجـاران دەرکەوتـن، قەوارەی گـۆڕان، قەوارەی لیستی چاکسازی کە یەکگرتـوو تێیدا سـەنگی خـۆی هەیەو ڕێژەکەشی کەم نیـیە، واتە ئۆپۆزسـیۆنێکی نەوعـی و ئیـسلامین، راشـیگەیاند: ئەرکە تەندروستەکانی هەر ئۆپۆزسیۆنێک بۆ کوردستان دەبێت لەسەر ئەم چوارچێوە دیاریبکرێت کەچ پێشبینییەک هەیە لەئۆپۆزسیۆن و هەر کەسێک کە دێتە ناومەیدانی دیموکراسی دەبێت بزانێت چ ئەرکێکی هەیەو ئەرکەکانی چین. هەر لەمبارەیەوە وتیشی: ئەرکی ئۆپۆزسیۆن لەفەرهەنگی وڵاتی دیکتاتۆردا ڕەنگە بەمانای روخاندن و تێکدان بێت، چونکە وا دەزانرێت کە دەسەڵات دەسـەڵاتێکی دیکتـاتۆریە، دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات نیـیەو دەسـەڵات هەڵبـژاردن ناکـات. هەر لەم روانـگەیەوە سـتران عەبـدوڵڵا ئەوەی راگەیانـد: ئەرکی ئۆپۆزسیۆن لەوڵاتێکدا کە لەچوارچێوەی یاساو دەستووردایە، هەڵبژاردن و ئـاڵوگۆڕی دەسـەڵات و قبـوڵکردنی یەکتـر هەیە، ئەرکەکەی دەگۆڕێـت لە ئەرکی ڕوخاندنەوە بۆ بەشداریکردن، مەسەلەی ئەو بەڵێنانەشی کەئۆپۆزسیۆن بەجەماوەرەکەی خۆی دەدات تا ئەو رادەیەی کە مەنتیقی و مەعقول بێت و لەچوارچێـوەی مـومکینی سیاسـیدا بێـت لەبـواری ئـابووری و لەبـواری کـۆمەڵایەتیەوە، ئەوە ئۆپۆزسـیۆن هەم سـەنگی خـۆی زیـاتر دەکـات و هەم نیـشانی خەڵـک و پرۆسـەی سیاسـی وڵاتەکەش دەدات کە ئەم ئۆپۆزسـیۆنە فەرهەنگێکی بەرزی سیاسی و تواناو قودرەتمەنـدی سیاسی باشی لەپشتەوە هەیە. کەموکورییەکـان لەئەسـتۆی ئەوانیـشدایە لەبـارەی ئەوەی ئایـا کە لەسـەرەتای پێکهێنـانی حکومەتـدا ئۆپۆزسـیۆن رۆڵـی ئیجـابی بینیـوە لەوەدا کە پرۆژەی نوێیان پێشکەش بە حکومەت کردبێت، سەرنوسەری کوردستانی نوێ ئەوە دەخاتە روو کە بەداخەوە ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی ئێستا لە کوردستاندا کە

لیستی گۆڕانە ئاماژە سەرەکییەکانی بۆ بینینی رۆڵێکی ئیجابی ئۆپۆزسیۆن ئاماژەیەکی باش نییە. لەخەسڵەتەکانی ئۆپۆزسیۆنێکی خراپ لەوڵاتەکانی جیهانی سێیەم دەچێت ئەوەندەی کار لەسەر میدیا و رۆژنامەگەریی و قسەکردن بۆ خەڵک دەکات ئەوەندە کار لەسەر ئەوە ناکات کەبتوانێت لەناو پەرلەماندا یاسایەک بڕوێنێت کە لەقازانجی خەڵکدا بێت. وتیشی: ئێستا ئۆپۆزسیۆن لەسەرەتای دروستبووندایەو هیوادارم کەئەزموونی 18 ساڵ حوکمڕانی لەکوردستاندا بەشی ئەوە تەجرەبەی تێدا بێت بۆ ئۆپۆزسیۆن کەچۆن بتوانێت مامەڵەی سیاسی بکات، بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێستای پەرلەمان کە بریتییە لە لیستی گۆڕان، کە خۆیان دوور نەبوون لەپرۆسەی حوکمڕانیکردن لەکوردستان و بەشێک بوون لەبەڕێوەبردنی دامودەزگاکان، بێگومان ئەوانیش بەشێک لەو کەموکوڕیانەی وڵاتی ئێمەیان دەکەوێتە ئەستۆ. هەموو کارەکتەرە سەرەکییەکانی لیستی گۆڕان و ئەو کارەکتەرانەی کەبەشداربوون لەحوکمڕانی کوردستاندا، ئەو ئاستەنگانە دەزانن کە حکومەت تووشی بووەو ئەو بەربەستانەی کەڕێگای لەکاری حکومەت و بەڕێوەبردنی وڵات گرتووە ئەوانیش پێی ئاشنان.

**گۆڕان تەرحێکی جیاوازی نییە**

لەبارەی پرسی ئەوەی کە ئێستا ئایا ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان لەچوارچێوەی ئۆپۆزسیۆن بووندایە یان ئۆپۆزسیۆنێکی حزبییە، ستران عەبدوڵڵا وتی: هیچ حزبێک لەحوکمڕانیدا ناتوانێت ئیدعای ئەوە بکات کەنوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات، بەداخەوە ئەم نەهجە نەهجی ئۆپۆزسیۆنیشە کە پڕوپاگەندە دەکات کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات. لەپرۆسە دیموکراسییەکاندا هەرکەس و هەر گروپێک، وەکو حزب نوینەرایەتی لەدیدگایەک، لەهێزێکی کۆمەڵایەتی دەکات وەکو ئێستای یەکێتی کە وەکو جاران نوێنەرایەتی هێزێکی بەرفراوان دەکات و هەتا ئەوانەش کە لەبواری رێکخراوەییەوە لەیەکێتی جیابونەتەوە هەتا ئێستا جگە لەهەندێک بیروڕای شێواو نەبێت تەرحێکی جیاوازیان نەبینراوە. کاتێک

ئەدەبیاتەکانیان دەخوێنمەوە داخۆ بیروڕایان چییە لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی کوردایەتی و تێڕوانینیان بۆ کێشەو گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، پەیوەستی دەکەمەوە بەپرسیاری ئەو بەڕێزەوە کەئۆپۆزسیۆن لە کوردستان دژی حزبەکانەو لەناو حزبەکانیشدا ئەوەندە لە دژی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە ئەوەندە لەدژی حکومەت نییە.

سەرنووسەری کوردستانی نوێ ئەوەشی خستەڕوو کە گۆڕان زیاتر نەیاریی سیاسی هەیە لەگەڵ یەکێتیی کە بەداخەوە ئەمەش یەکێکە لەو ئاماژانەی هەتا ئێستا ئالودەن بەو فەزا سیاسییە کە لەکاتی خۆی لەناو یەکێتیدا دروستیانکردووەو لەناو ئەو چوارچێوەیەدا دەژین کە کێشەکانیان حزبین لەگەڵ یەکێتیدا تاکو ئەوەی وەکو ئۆپۆزسیۆنێک بن کە کێشەکانیان پەیوەندی بەکۆمەڵگاو شێوازی حوکمڕانی و بەهەموو ئەو جۆرە چەمکانەوە هەبێت کەئەوان رۆژانە باسی دەکەن. لەبەرئەوە زۆرجار لەبەرەی شەڕی حکومەت وازدەهێنن، بەڵام ئێستا قورساییەکی زۆریان لەسەر حکومەتەو هەروەها سەرۆکی حکومەت لەیەکێتییە، واتە ئەوان بەس خەریکی ئەوە بوون کەیەکێتی چی دەکات و هەڵسوکەوتی چییە و چۆن دادەنیشێت و چۆن دەخەوێت؟ ئەوەندەش مەسەلەکان پەیوەندی بەکاروباری گشتییەوە هەبووە، بۆ لەبەرچاوخستنی یەکێتی لەبەرچاوی خەڵکدا، ئەمەش یەکێکە لەگرفتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەوڵاتی ئێمەداو یەکێکە لەکێشەکانی کە ئەو دەنگانە کەهێناویانە، ئەو میکانیزمە دەستووریانەش کە لەبەردەستیاندایە بۆ بەشداریکردنیان لەپەرلەمان و لەبەشداریکردنیان لەپرۆسەی سیاسیدا ئەوەندەی دەسکەلایەک بووە بۆ شکاندنی یەکێتی بەداخەوە ئەوەندە دەسکەلا نییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لەناو خەڵکاو بۆ دەورانێکی تری کارکردنی سیاسی.

### ئۆپۆزسیۆن کار لەسەر میدیا دەکات

هەروەها لەبارەی ئەو پرسیارەی کە سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی گۆڕان لەیەکێک لەرۆژنامەکاندا دەڵێت گۆڕان کۆمەڵێک شت لەسەر بەرهەم ساڵح

ئاشکرا دەکات، ستران عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە بەشی زۆری کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بەداخەوە لەسەر میدیایە، تەرزێکی تایبەت لەمیدیا هەیە کە سەرچاوەیەک وتی و سەرچاوەیەک دووبارەیکردەوە، یان سەرچاوەیەک روونیکردەوە، ئیتر ئەم تەرزە لە ناشەفافیەت و تەعبیرکردنە دەبێ بەسەربچێت. بۆ نموونە دەبوایە پرۆسەی سیاسی لەئەمساڵەوە سەبارەت بەوەی ئەوان کورسییان هەیە لەپەرلەمان دەبوایە بگوازرایەتەوە بۆ قۆناغێک کە قۆناغی بەکارهێنانی ئەو دەنگانەو ئەو کورسیانەیە. لەجێی جەلەحانێی سەرنووسەری کوردستانی نوێ پێشی وابوو کە لەوەدەچێ بۆ ئۆپۆزسیۆن میدیا بەکارهێنان و قسە دروستکردن ئاسانتربێت لەو ئاڵۆزیانەی کە دەستوورو یاسا دروستیدەکات. وتیشی: شایەتی ئەوە بووین کە لەماوەی پێشوودا لەرۆژنامەی هاوڵاتی بڵقێکی سەرئاویان فڕێدا کە کوێستان محەمەد وتی: (کاک نەوشیروان بەشی ئەوە بەڵگەی لایە کەحکومەتی پێ بڕوخێنێت) پاش ئەوە شایەتی دیدارێکی کاک نەوشیروان بووین لە کەی.ئێن.ئێن کەوتی ( ئەم دزەکردنی هەواڵە من نەمداوە )و دواتر کوێستان خان بەجۆرێکی تر لێدوانی دایەوە کە ئێمە شتمان هەیە. واتە مرۆڤ دەتوانێت ببەستێتەوە لەنێوان دوو حاڵەت کەئەوەی هاوڵاتی تەواوکاری ئەو قسانەیە کەئێستا کوێستان خان دەڵێت ئێمە شتمان هەیە، موفرەدی شت موفرەدێکی سیاسی نییەو من هیوادارم کەئەو شتانە بچێتە پەرلەمان و هیوادارم کەپێشتر ئاشکرا بکرێت، چونکە خەڵکی کوردستان حەقی خۆیانە زانیاریان هەبێت لەسەر ئەو مەسەلانەو هیواداریشم لەناو پەرلەماندا گفتۆگو لەسەر ئەوە بکرێت.

ستران عەبدوڵڵا وتیشی: کوێستان خان بەم لێدوانە هەڕەشە دەکات کەپێش ئەوەی شتی چاک و پێش ئەوەی شتی خراپ بکەن شتیان هەیە، ئەمجۆرە لەفاڵگرتنەوە دەشێ هی هێزێک بێت کە کورسی نەهێنابێت لەپەرلەمان. لە رابردوودا بینیمان کە هێڵی نارۆشن هەبوو لەپەیوەندییەکانی نێوان هەندێک رۆژنامەو گروپی سیاسی کاک نەوشیرواندا، بەڵام وردە وردە پەیوەندییەکە دەرکەوت، هاوڵاتی جاران بەجۆرێک لەجۆرەکانی بە پروفیشناڵی دەیکرد، بەڵام ئێستا پەردە لەڕووی مەسەلەکان لادران و زۆرجار بەپەلە

هەواڵەکە دادەڕێژرێت و بڵاودەکرێتەوە. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا گۆڕان قەوارەیەکەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان قەوارەیەکە و پارتیش قەوارەییەکە، ئەم قەوارانە لەناو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردندا نوسراون، یەکێک لەشێوازەکانی حورمەتگرتنی قەوارە سیاسییەکان و ئەوەی لەلانەیەکی تەندروستدا رووبدات ئەوەیە کەهیچ قەوارەیەک دەست لەناو ئیشەکانی ئەویتر وەرنەدات، برادەرانی گۆڕان ئەوەندەی سەرقاڵی ئەوەن کە یەکێتی چی دەکات، سەرقاڵی ئەوە نین کەپرۆسەی سیاسی وڵاتی ئێمە بەرەو کوێ دەڕوا.

ستران عەبدوڵڵا وتی: دەپرسم ئایا ئەمە چ مۆدێلێکی سیاسییە کە قەوارەی سیاسی خۆیان هەبێت، بەڵام شانازی بەوە بکەن کە جاسوسیان هەیە لەناو یەکێتی و خەڵکیان هەیە لەناو یەکێتیدا. راشیگەیاند: هەتا پێیان دەکرێت ململانێی سیاسیمان بکەن و ئێمەش هەتا پێمان بکرێت ململانێی سیاسی ئەوان دەکەین، بەڵام لەچوارچێوەی دیموکراسیداو با شەڕ بکەین لەسەر بەدەستهێنانی دڵی خەڵک و لەسەر ئەوەی کێ خزمەتی زیاتر بەخەڵکی کوردستان دەکات و ئاوەدانی زیاتر لەوڵاتەکەیدا بینا دەکات، وتیشی: کاتێک رەخنە لەئۆپۆزسیۆن دەگرم مانای ئەوەنییە کەئۆپۆزسیۆنم قبوڵ نییە بەڵکو باسی دیاردەکان دەکەین.

**خەڵکی متمانەیان داوە بەلیستی کوردستانی**

وتیشی: هەروەها خەڵکی کوردستان دوو شتیکردووە لەم هەڵبژاردنەدا کەزۆر گرنگە، یەکێکیان متمانەی داوە بەلیستی کوردستانی و دووەمیش شانسیدا بەئۆپۆزسیۆن کەبێتە سەر شانۆی سیاسی کوردستان و بگرە پێشنیازیشی هەبێت. بۆیە وەک چۆن لیستی کوردستانی هەوڵدەدات حورمەت لەو دەنگدەرانەی خۆی بگرێت و بەرنامەی ئاوەدانی جێبەجێبکات، دەبێت لیستی گۆڕان و لیستی یەکگرتوو و هەموو لیستەکانی تر حورمەت لەو دەنگدەرانەی خۆیان بگرن و دەنگەکان وەکو سەرمایەیەکی گرنگ و یاسایی لەشوێنی خۆیدا بەکاربهێنن نەک بۆ چەلەحانێ لەگەڵ فلان یان فیساردا، ئەو دەنگانەی کەئەوان بەدەستیانهێناوە دەنگی پیرۆزی خەڵکەو پێویستە

لەتەسفیەی حسابات لەگەڵ یەکتردا بەکار نەهێنرێت. لەبارەی حکومەتی ئایندەوە سەرنووسەری کوردستانی نوێ وتی حکومەتی د.بەرهەم کەحکومەتی هاوبەشی یەکێتی و پارتییە، دڵگەرمە بەپشتیوانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و دڵگەرمە بە بەپشتیوانیکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لەئەزموونی (5) کابینە لەحکومڕانی کوردی و بەئەزموونی تایبەتی خۆشی کە ئەوکاتە لەئیدارەی سلێمانی سەرۆکی حکومەت بووە، بۆیە پێموایە سەرکەوتوو دەبێت و پێشموایە خەڵکی کوردستانیش ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنیوە لەبەر دوو هۆکار، یەکەم ئیرادەیەکی سیاسی هەیە کەئەم حکومەتە سەربکەوێت و دووەم ئۆپۆزسیۆنێک هەیە کە چاودێری دەکات، بەڵام ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەبێت بەفاکتەرو توانایەکی بەهێزو لەشوێنی خۆی بەکاربهێنێت و لەهەمووشی گرنگتر بەرنامەی لیستی کوردستانی بەرنامەیەکی واقیعیەو خەیاڵی نیە کەجێبەجێنەکرێت لەو چوارچێوەدا کەبەرنامەیەکی هەڵقوڵاوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5006 لە رۆژی 2009/10/23دا.

# بەرنامەی هێڵی کراوە

## ستران عەبدوڵڵا: ئۆپۆزسیۆنی کوردستان دنیای بەسەر ئێمەو ئەواندا دابەشکردووە، بۆیە باوەڕی بەئاشتی نییە، باوەڕی بەهودنەیە

بەرنامەی هێڵی کراوەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان دیدارێکی لەبارەی چەمکی ئۆپۆزسیۆنی رەش و ئۆپۆزسیۆنی سپی، جۆرەکان و خەسڵەتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان و سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لەپەرلەمان و لەسەحنەی سیاسیدا، لەگەڵ ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری کوردستانی نوێ ئەنجامداوەو لەبەشێکی دیدارەکەدا ستران عەبدوڵڵا رایگەیاند: ئۆپۆزسیۆنی کوردستان دنیای بەسەر ئێمەو ئەواندا دابەشکردووە، بۆیە باوەڕی بەئاشتی نییە، باوەڕی بەهودنەیە، ئەمەی خوارەوەش پوختەی دیدارەکەیە.

**ئۆپۆزسیۆن چییە؟**

**لەسەرەتای بەرنامەکەوە دەمەوێت بپرسم ئۆپۆزسیۆن چییە؟ ئۆپۆزسیۆنی تەندروست چییە؟**

-ئەگەر هەر سیستمێکی سیاسی بەنموونە وەربگرین، کەرەنگە جیاوازی زۆریش لەنێوان سیستمی وڵاتەکاندا هەبێت، بەڵام ئەگەر وەک نموونە وەریبگرین ئۆپۆزسیۆنی تەندروست ئەوەیە یەکەم لە چوارچێوەی یاساو رێساکانی وڵاتدا خۆی رێکخستبێت، دووەم دەبێت یاساکانی وڵاتەکەش دەرفەت بدەن بەگەشەکردنێکی دیموکراتی لەوڵاتەکەدا بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەچوارچێوەی یاسادا کاری خۆی بکات و هیوایەکی هەبێت بۆ مەسەلەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و بەشداری سیاسی و ئەویش بەشێک لەچینی حوکمڕان لەوڵاتدا جا لەهەر دەزگایەکدا بێت، چی لەپەرلەمان یان نیوە بەشدارییەکی

هەبێت لەحکومەتدا، ئەگەر لەدەرەوەی پەرلەمانیش بێت کار بە یاساکانی وڵات بکات.

شێوەی ئسوڵی ئۆپۆزسیۆن بەندە بەناسین و ئیعترافکردن بەو ئۆپۆزسیۆنە لەرووی قانوونییەوە، هەروەها بەندە بەپابەندبوونی ئۆپۆزسیۆنیش بەو یاساو ڕێسایانەی کەپرۆسەی سیاسی وڵاتی پێ بەڕێوەدەچێت، لەو ناوەڕاستەدا دەبێت ناوبژیوان قانوون و دەستوورو ئەو یاسایانە بێت، یان ئەو عورفە دیموکراسییە بێت کە لەوڵاتێکی دیاریکراودا پەیڕەو دەکرێت کەواتە یەکەم شت ناساندنی شورعییەتی ئەو ئۆپۆزسیۆنە گرنگە.

*دەتوانین چۆن ئۆپۆزسیۆن پۆلێن بکەین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی رەش و سپی چۆنەو ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە خۆی لەکامیاندا دەبینێتەوە؟

-وەک لەسەرەتاوە باسمکرد پێویستە یاساکان ئەوەندە دەرفەت بدەن کەدان بەئۆپۆزسیۆندا بنێن بەشێوەیەکی شەرعی، دووەمیش ئۆپۆزسیۆن لەچوارچێوەی ئەو قانوون و شەرعییەتەدا هەڵسوکەوت بکات، واتا تاکە خەیاری سیاسەتکردنی لەچوارچێوەی ئەو سیاسەت و قانوونە بێت، ئەگەر تێبینیشی لەسەر رەوتی گەشەکردنی دیموکراسی وڵاتەکە هەبێت، دەبێت ڕێگا دەستوورییەکان رەچاو بکات بۆ گۆڕینی قانوونەکان، دیارە ژیان لەبەرەوپێشچوون و گەشەکردندایە، ئەمە وەک حاڵەتێکی سروشتی چاوەڕوان دەکرێت لەئۆپۆزسیۆن، وەزیفەو ئەرکی ئۆپۆزسیۆن چییەو چۆن ئەم ئەرکە جێبەجێدەکات، بۆ ئێمە سەختە بڵێین دەبێت ئۆپۆزسیۆن چۆن بێت، دیارە ئۆپۆزسیۆن خۆی بریاردەدات چۆن بێت؟ هەڵبەتە ئەو دانپێدانانە هاوبەشە هەبێت، مەرجی سەرەکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتێکی دیموکراتە لەدەسەڵاتێکی نادیموکرات، لەوڵاتێکی وەکو کوردستاندا کە بەقۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕێت دەبینین دەرفەتی کردووەتەوە بۆ گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆن ، یاساکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەو دەرفەتە دەدات کەئۆپۆزسیۆن لەناو پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا خۆی پێش بخات، باشترین بەڵگەشمان هەڵبژاردنی 7/25 بوو، ئەگەر لەهەڵبژاردندا ئۆپۆزسیۆن توانی کورسی بهێنێت و گەشە بکات، ئەوە لەهەمانکاتدا نیشانەی پاکژی پرۆسەی سیاسییە لەوڵاتدا، ئەگەر وانەبووایە

زەحمەت بوو بۆ ئۆپۆزسیۆن بتوانێت لەیەکەم بەشداربوونی خۆیدا ئەو ڕێژە کورسییە بەدەستبهێنێت، دیوی یەکەمی هاوکێشەکە کە حزبە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتە ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێکردووە کەپابەند بوون بەپرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و دەستوورو یاساوە، دیوی دووەمی ئەوەیە ئاخۆ ئۆپۆزسیۆن پابەند بووە بەیاساو ڕێساکان لەبەرامبەر ئەو پابەندبوونەی دەسەڵاتدا، ئەمە قسە هەڵدەگرێ و پێموایە دەبێت هەڵسەنگاندنێک بۆ پرۆسەی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن و هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات بکەین لەهەژدە ساڵی رابردوودا، بزانین بەشی ئۆپۆزسیۆن چەندە لەم بوارەداو مافی خۆی بدەینێ.

## حاڵەتێکی زۆر تایبەتمەند

***دەڵێن ئەزموونی 18 ساڵ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کەمە، ئایا بۆ ئۆپۆزسیۆنیش هەمان حاڵەت نایگرێتەوە کەئەزموونی کەمە؟**

-حاڵەتی کوردستان لەڕاستیدا حاڵەتێکی زۆر تایبەتمەندە، چونکە لەساڵی 1991ەوە ئێمە شاهێدین کەحزبە کوردییەکان، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، تووشی حاڵەتێکی دوو سەرە دەبن، حزبە کوردییەکان دەبن بەحوکمڕان لەکوردستانی رزگاردا، لەهەمانکاتدا دەبنە ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر حکومەتی دیکتاتۆری کە لەبەغدایە، واتە لەیەک کاتدا حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن بووین، ئەمەش سروشتێکە لەو وڵاتانەی کەبزووتنەوەی رزگاریخوازیان هەیە و نیوەی وڵاتەکەیان رزگار بووە، بۆیە لەو قۆناغەدا سروشتی دەسەڵاتی ئەم هەرێمەش بەو شێوەیە بوو، لەساڵی 1992دا کەیەکەمین هەڵبژاردن کرا، دیارە یەکێتی و پارتی دەیانتوانی لەناوخۆی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن بن بەرامبەر یەکتر، بەڵام لەبەر پێویستی بوونی هەردووکیان وەک ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر حکومەتی عیراقدا نەدەتوانرا ئەوە بکرێت، ئەمەش وایکرد لەبری ئۆپۆزسیۆن هاوپەیمانی رەچاو بکەن، دەبێت ئەوەش بڵێین ئەگەر هەڵبژاردنی 1992 بێنینە بەرچاو 8 حزبی تر لەحزبەکانی بەرەی کوردستانی بەشدارییانکرد بەلیستی جیاجیا، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی کوردسی بەدەست بهێنن ئەگەرچی ئەمە ڕێگر نەبوو

لەوەی کەئەوان بەشـێک بـن لەپرۆسـەی سیاسـی لەدەرەوەی پەرلەمـان و حکومەتـدا هەمیـشە تـاڕادەیەک بەشـداربوون لەحکومەتـداو بەشـێکیش بـوون لەئۆپۆزسیۆنی لاواز.

قۆنـاغێکی تـری دوای ئەوە پەیـدابوونی تەیـاری ئیـسلامی سیاسـی بـوو کە لەدەرەوەی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد وەک دیـاردەیەکی تـازە سـەرهەڵداو دەردەکەوتـن، ئەمـانە مـاوەیەک کەوتـنە ئۆپۆزسـیۆن بـوونێکی چەکـداری دژی حکومەتی ناوخۆی کوردستان و دژی دەسـەڵاتی سیاسـی کوردسـتان، دواتـریش کەوتنە موتارەکە وانە نە بەشداری حکومەت بوون و نەشـەڕیان دەکـرد، دواتـر قۆنـاغێکی ترمـان بینـی کە لەبەرامـبەر وازهێنـان لەئۆپۆزسـیۆنی چەکـداری ئیسلامییەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان لەحکومەتـدا بەشدارییان کـرد بێ ئەوەی بەفلتەری هەڵبژاردندا بڕۆن کەئەمە جۆرێک بوو لەویفاقی نەتەوەیی.

قۆناغی دواترو دوای رووخانی رژێـم، لەساڵی 2005دا جـۆرێکی ترمان بینـی لەئۆپۆزسـیۆن کە لەئاسـتی کوردسـتاندا لەگەڵ یەکێتـی و پارتیـدا هێـزە ئۆپۆزسیۆنەکان هـاتنە یەک لیـستەوە بەتەیـاری ئیشلامیـشەوە، جگە لەکۆمەڵی ئیـسلامی کە بەتەنیـا خـۆی دابەزی و تـوانی کورسـیش بهێنێـت، لەو قۆنـاغەدا ئـێمە ئۆپۆزسـیۆنمان بینـی، بەڵام ئۆپۆزسـیۆنێک رەچـاوی هەلـومەرجی دەکـرد، دواتـر ئۆپۆزسـیۆنی تەواوەتـی لەهەڵبژاردنـی سـاڵی رابـردوودا بینیمـان کەدەرکەوتنی گـۆڕان بوو، ئەم بزووتنەوەیە چەنـد کاریـان لەسـەر نارەزایییەکانی خەڵـک کـردووە ئەوەنـدەش خەسـڵەتێکی حزبـی هەیە، واتە خەسـڵەتی جیـابوونەوەی حـزبییە، بـۆیە کە بـاس لەئۆپۆزسـیۆن دەکەیـن دەبێـت، ئەو مێژووەمان لەبیر بێ ئۆپۆزسیۆن نەبووە، ماوەیەک لەماوەکان ئۆپۆزسیۆن نەبـووە بە مانای ئەوەی لەنـاو پەرلەمانـدا بێـت، بەڵام ئۆپۆزسـیۆن هەبـووە کە لەدەرەوە قسەی دەکرد لەمیدیاکاندا، بەڵام یەکەم دەرکەوتـنە گەورەکەی لە 7/25 بـوو کەئێـستاش گـۆڕان و کـۆمەڵ و یەکگرتـوو ئۆپۆزسـیۆنی کوردسـتانن ئێـستا ئەو لیستانە لەپەرلەمانـدا بەپێی یاساکانی هەرێم و عیراق دەتوانن ئۆپۆزسـیۆن بـن و کـاری خۆیـان بـکەن، ئەم مـۆدێلە کەقـانوون پـشتگیری دەکـات، مەرج نیـیە لەواقیعـی هاوکێـشەی سیاسـییدا وا بێـت، چـونکە ئۆپۆزسـیۆن خـۆی کۆمەڵێـک

کێشەی هەیە کەهیچی کەمتر نییە لەو گرفتانەی کەئەوان دەسەڵاتی سیاسی پێ تۆمەتبار دەکەن، بەداخەوە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە ئەو هەلومەرجەی بۆی رەخساوەو ئەو فاکتەری هێزانەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی هەم باشتر دەردەکەوێت و هەم بە قازانجی خەڵکی کوردستان کاربکات

.

## ئۆپۆزسیۆن ئالودەیە بەچەند کێشەیەک

***ئایا ئۆپۆزسیۆن لەوڵاتی ئێمەدا پابەند بووە بەیاساو رێسا گشتییەکان تا هێزێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان؟**

-بەبڕوای من ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا ئالودەیە بەچەند کێشەیەک یەکەمیان پێکهاتەی مێژوویی خۆیەتی، ئەگەر بەهێزترین ئۆپۆزسیۆن وەربگرین ئالودەی کێشەی مێژوویی خۆی و پێکهاتەی و شێوازی جیابوونەوەیەتی لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دووەم ئالودەی ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن بوون تەنیا بردنەوەی دەنگ و فیستیڤاڵی کۆکردنەوەی دەنگ نییە، بەڵکو ئێستا لەپەرلەماندا دەردەکەوێت ئۆپۆزسیۆن بەهێندەی حکومەت ئەرکی لەسەر شانەو دەبێت هیلاک بێت، ئالودەی شتێکی تریشە کە ئەویش هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراقە کەیەکێک لەخەسڵەتە خراپەکانی ئەم هەموو هەڵبژاردنە لەعیراقدا ئەوەیە بەردەوام لەبەردەم هەڵبژاردنداین، وەک هەڵبژاردنی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکە ئەمە وادەکات پرۆسەی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا ئالودە بێت بەکەش و هەوای هەڵبژاردنەکان، نموونەیەک بدەم، باوەڕ ناکەم هیچ ئۆپۆزسیۆنێک هەبێت چوار ساڵ تەنیا کاری دژایەتی کردنی حکومەت بێت، بۆیە من پێموایە ئەگەر هەڵبژاردنی 3/7 نەبووایە باوەڕ ناکەم ئۆپۆزسیۆنی کوردستان ئاوا لەحاڵەتی پەسیج بمایەتەوەو ناچار دەبوو دەست و پەنجە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی نەرم بکات و لەگەڵ پارتە سیاسییەکان گفتوگۆو دیالۆگ بکات، بەڵام چونکە ئێمە روومان لەهەڵبژاردنی داهاتووی عیراقەو ئەمەش پێویستی بەجۆرێک لەجۆشدانی سیاسی هەیە بەداخەوە هەلومەرجێکی وای دروستکردووە ئۆپۆزسیۆن هەمیشە لەگرژیا بێت و نایەوێت جەمسەرەکانی تێکەڵ بەجەمسەری حکومەت و حزبەکانی تر بکات

کەخاڵی هاوبەش بدۆزنەوە لەپێناو خزمەتکردنی خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو دەیانەوێت ئەو جەمسەرگیرییەی کەجیاکردنەوەی خۆیانە لەحکومەت، جیاکردنەوەی گۆڕانە لەیەکێتی دەیانەوێت ئەم حاڵەتی ئامادەباشییە لەحاڵەتی تەوەتوردا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەم شەحنە لەپەیوەندییەکاندابمێنێت و سوودی لێوەربگرن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنی داهاتوو نەبووایە بڕوا ناکەم چوار ساڵ ئۆپۆزسیۆن بتوانێت بوون بێت، ئەم تەوەتورە لەگەڵ ئەو باگراوندەی باسمکرد وایکردووە کە ئۆپۆزسیۆن نەتوانێت خاڵی هاوبەش بدۆزێتەوە لەگەڵ نەیارەکانیداو ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی سپی لەچوارچێوەی یاساکاندا.

## سروشتێکی ناوچەیی

***پێتوایە ئەمەی باستکرد دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق جێبەجێی بکات؟**

-ئەمە ئیمکانی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەگەرێکی ترمان لەپێشە ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە لەکوردستاندا. ڕەنگە ئەوە بۆخۆی نەبێتە گرفت، چونکە دوو هەڵبژاردن بەسە بۆ ئەوەی حاڵەتی ئەم ئۆپۆزسیۆنە تازەیە ئاسایی ببێتەوە، بەڵام ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی گرفتێکی تر دەبینەوە ئەویش ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان لەکوردستاندا سروشتێکی ناوچەیی هەیە، واتە دەرکەوتنێتی لەسلێمانیدا کە ئەم ناوچەیە هەمیشە شوێنێکی بەبزاوت و جوڵەی سیاسی بووە، ئەمە وادەکات بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دیسانەوە ئەو شەحنە تەوەتورە بێتەوە کایەی سیاسی، چونکە ئەم ئۆپۆزسیۆنە سلێمانی بەشوێنێک دەزانێت کە دەیەوێت شوێن پێگەی خۆی تیا بەهێز بکات. چونکە تەبیعەتی بزووتنەوەکە وای کردووە ئەوەندەی سەیری سلێمانی بکات بۆ شکاندنی ئیرادەی ململانێ سیاسییەکانی خۆی ئەوەندە سەیری نەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکە کە ئەو ئەنجومەنە حکومەتێکی ناوچەیی پێکدەهێنێت و ئەویش ئامانجەکەی خزمەتکردنە.

**کارکردن بەبابەتی ڕەش**

بەتێڕوانینی من بزووتنەوەی گۆڕان دوو خەسڵەتی هەیە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن، ئەم بزووتنەوەیە سەیری هەڵبژاردن ناکات کەبۆنەیەکە بۆ بردنەوەی کورسی، بەڵکو بەدوو ئاڕاستە سەیری دەکات.

یەکەمیان بۆ زانینی ئەندازەی شەعبیەتی خۆی و نەیارەکانی. دووەمیش وەک بۆنەیەک بۆ شکاندنی ئیرادەی یەکتر سەیری دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باگراوندی دروستبوونیان کە لەیەکێتی جیابوونەتەوە، بۆیە ئەوەندە چاویان لەیەکێتییە ئەوەندە چاویان لەکۆی پرۆسەی سیاسی کوردستان نییە، ئێمە لەقۆناغێکی گواستنەوەداین بۆیە دەبینین ئەم ئۆپۆزسیۆنە چەند مامەڵە بەبابەتی سپییەوە دەکات، واتە مامەڵە بەیاساو دەستوورەوە دەکات، بەڵام هێشتا ئەو خووەی قۆناغی پێشووتری سیاسەتی کوردستان و عیراقی جێنەهێشتووە کە ئەویش کارکردنە بە بابەتی ڕەش، بۆ نموونە لەپشتەوەبوونی سایتێک کە لەدەرەوەی یاساو ڕێساکانی وڵاتەکەدایەو پەلاماری کۆی بزووتنەوەی سیاسی و کاراکتەرەکانی وڵاتەکە دەدات.

دووەم چەند بایەخ بەهۆڵی ناو پەرلەمان دەدات وەک شوێنێک بۆ نمایشی سیاسی ئەوەندەش بایەخ بەمیدیاکان دەدات بۆ دەرخستنی تواناو وزەی خۆی. واتە چاوی لەوە نییە لەلیژنەکانی پەرلەماندا چی دەکەن بەقەد ئەوەی چاوی لەوەیە خەڵک لەسەر جادەو لەمیدیاکاندا بزانێت ئەمان چی دەکەن و چیان بەدەستەوەیە؟

ئۆپۆزسیۆن لەوڵاتانی تر بۆیە لەجادەیە لەبەرئەوەی ناتوانێت بچێتە ناو جومگەکانی دەسەڵاتدارییەوە، بەڵام هێزێک بە 25 کورسییەوە کە دەیتوانی بەشداری حکومەت بن و دەیتوانی ئۆپۆزسیۆنیش بێت لەناو دەسەڵاتی سیاسییدا، کەچی هێشتا خووە قەدیمییەکە بەری نەداون کەکارکردنە لەسەر جادەو لەسەر عاتیفەی خەڵکی، ئەمەش وەک وتم بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە لەبەردەم هەڵبژاردنداین و ئۆپۆزسیۆن پێویستی بەهێشتنەوەی

بارودۆخەکە هەیە بەشێوەیەک تەوەتوری سیاسی هەبێت، خەڵک سەنگەری ئەوان لەلایەنەکانی تری جیابکاتەوە.

*کوردستانی نوێ: ژ: 5097 لە رۆژی 2010/2/11دا.

## ستران عەبدوڵڵا: نەوشیروان مستەفا، عەرابی تێکەڵکردنی حزب و حکومەتە لەنێو سیاسەتی کوردیدا

لەماوەی ڕابردوودا هەندێك کەس و لایەن و ڕۆژنامە لەسەر ئەدائی بەڕێز د.بەرهەم ساڵح و کابینەکەی (ئیدارەی سلێمانی) و چۆنێتی کارکردن و ڕۆڵی بەڕێزیان لە بەغدا، بەشێوەیەکی سەلبی قسەیان کردووە و ڕەخنەیان گرتووە. تۆمەتی ئەوەیان دروستکردووە د.بەرهەم ساڵح بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەئاستی ئیداری و دیپلۆماسیدا کارەکانی ڕاییی نەکردووە.

بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەی ئاسۆ بەپێویستی زانی دیدارێك لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ستران عەبدوڵڵا کە لەکابینەکەی د.بەرهەمدا (ئیدارەی سلێمانی) بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە بکات بەوەی ئاگاداری وردەکارییەکانی کارەکانی حکومەت بووە، بکات.

***لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو بۆچوون و تێڕوانین لەبارەی د.بەهەم ساڵح-ەوە خراوەتەڕوو، هەندێک گەشبینین بەوەی کابینەی شەشەم دەبێتە کابینەی نوێبوونەوە و ئاوەدانی. هەندێکی تریش پێیانوایە د.بەرهەم سەرکەوتوو نابێت، چونکە لەماوەی سەرۆکایەتیکردنیدا لە ئیدارەی سلێمانی سەرکەوتوو نەبووە لەوەی هەرێمێکی خۆشگوزەران پێکەوە بنێت، جەنابتان لەوبارەیەوە چی دەڵێن؟**

- وەک جەنابت باسترد لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەکەی د.بەرهەم تاکو ئێستا دوو جۆر هەڵمەت لەبارەیەوە بەرێوەبرا. هەڵمەتێک بریتی بوو لە ئومێدبەخشین و هەڵچنینی گەشبینی لەسەری. هەڵمەتێکی تریش بەخشینەوەی نائومێدی و نوقلانە لێدان بۆ سەرنەکەوتنی.

بۆچوونی یەکەم کە لەلایەن دەستیەک لەدەستەبژێری سیاسی و حزبی و روناکبیری و بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانەوەیە سەبارەت بە رابردووی د.بەرهەمە لە سەرۆکایەتیکردیی ئیدارەی سلێمانیدا لەماوەی نێوان ساڵی 2001 تا نیوەی یەکەمی 2004، هەروەها ئەو ماوەیەی د.بەرهەم جێگری سەرۆک وەزیران بوو لە کابینەی د.ئەیاد عەلاوی. واتە ئەوەی کە ئومێدی بە د.بەرهەم هەیە لەسەر بنەمای مێژوویەک ، لەسەر بنەمای مێژووی کارکردن و ئەزمونێتی کە خەڵکی کوردستان شایەتی بۆ دەدەن. هی دەستەی دووەم کە هەڵمەت دەکەنەسەر کابینەکەی د.بەرهەم لەپیشدا هەڵمەتەکەیان دەخستە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتەی کەدژی یەکێتی و پارتی و لیستی کوردستانی و هاوپەیمانی کوردستان هەیانبوو، لەو چوارچێوەیدا رەخنەیان لە کابینەکەی د.بەرهەم دەگرت. دیارە بە درەنگەوە زانیان بەشێکی زۆری ئەو ئومێدانەی لەسەر کابینەکەی د.بەرهەم هەڵچنراوە بۆ مێژووی د.بەرهەم دەگەرێتەوە لەسەرۆکایەتیکردنی حکومەت لە ئیداری سلێمانی و سەرکەوتنەکانی تری لەنوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغدا. بۆیە ئێستا دەیانەوێت شکڵی هەڵمەتەکەیان لەشکڵێکی گشتی هەڵمەتکردنەوە بۆ سەر سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان، بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی بگۆرن بۆ سەر شەخسی د.بەرهەم، چونکە ئێستا د.بەرهم سەرمەشقی ئەو موهیمەیە دەکات کە بەرێوەبردنی کاری حکومەتە و ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن، یان رەخنەگرن، ئەزانن د.بەرهەم چانسێکی گەورەیە بۆ هەڵسانەوەیەکی تری ئیدارەی سیاسی لە کوردستاندا. بۆ هەڵسانەوەیەکی تری بەرێوەبردن لە وڵاتی ئێمەدا. بۆیە لەماوەی رابردوودا بەشێوەیەکی چڕ هەوڵیاندا کار لەسەر کەیسی د.بەرهەم و مێژووی لەبەرێوەبردنی حکومەتدا بکەن. ئەو مێژووەی ئەو لای خەڵکی کوردستان یادگارییەکی شیرینی هەیە و نموونەیەکە بۆ خزمەتکردنی خەڵک و لاکردنەوە لەکێشە و گیروگرفتەکانیان و خاکیبوون. دەیانەوێت لەو مێژووە و لەو نموونە جوانەی حوکمداری بدەن و لەبەرچاوی خەڵکی کوردستانی رەش بکەن، چونکە ئەم مێژووە نزیکە، نەک تەنیا لەیادەورەی یەکێتییەکان، بەڵکو لەیاردەورەی خەڵکی کوردستاندا و لای حزبەکانی تریش مێژووی سەردەمێکی

سەرکەوتووی کەسایەتیەکی سەرکەووتوو و خزمەتگوزارە. کەوا سووری بەر لەشکری ئەم هەڵمەت و جەنگە خاچپەرستانەیە لیستی گۆرانە ، چونکە لیستی گۆران پێیوایە بەدەستبەرکاربوونی کابینەکەی د.بەرهەم حوجەی لاواز بووە لەچەند بوارێکدا: یەکەم: دەیانوت یەکێتی لاواز بووە و حکومەتی پێوەرناگیرێتەوە، بەڵام بینیمان یەکێتی حکومەتی وەرگرتەوە. دووەم: دەیانوت هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی بایی ئەوەندە بەهێزنییە کە پارتی تەداولی سوڵتە بکات لەگەڵ یەکێتی و بەشەکەی یەکێتی بۆ حکومداریکردنی کوردستان بداتەوە. سێیەم: دەیانوت یەکێتی غەدر لە سلێمانی دەکات بەوەی سەرۆکی حکومەت لە سلێمانییەکان نابێت، ئەمەش درۆ دەرچوو بەوەی سەرۆکی حکومەت لە سلێمانییە رەسەنەکانیشە. بۆیە ئەمانە هەمووی فاکتەری هێزن بۆ لیستی کوردستانی و یەکێتی و د.بەرهەم و ئێستا لیستی گۆڕان دەیانەوێت لەم فاکتەری هێزانە بدەن و بەبیانووی جۆراوجۆرەوە نابووتی بکەن.

## ئۆپۆزسیۆن بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو ناگرێت

***هەردوو لایەنی گەشبین بەحوکمداری و پێشبینیکەر بۆ سەرنەکەوتنی د.بەرهەم، بیرکردنەوەیان لەسەر بنەمای مێژووی حکومەتداری بەرێزیان بنیاتناوە، بەڕای جەنابت ئەو دوو جۆرە لە بیرکردنەوە کامیان بنەمای لۆژیکی هەیە و پێوەرە بۆ سەرکەوتنی ئەو لەو ئەرکانەی کابینەی شەشەم دەبێت جێبەجێیان بکات؟**

- لایەنی ئۆپۆزسیۆن تەنها بەچاوی تەسکی بەرژەوەندی سیاسی خۆیانەوە سەیری مەسەلەکە دەکات، نەک بەچاوی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە، بەتایبەت لیستی گۆڕان و تارادەیەک یەکگرتووی ئیسلامیش کە لەگەڵ پەیدابوونی لیستی گۆڕان ماوەیەکە کاژی نەرمونیانی فرێداوە ، تەبعەن ئەمانە هەموویان لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا ئاساییین کە تۆ قسەبکەیت و رەخنە بگریت، بەڵام شرۆڤەکردنی ئەم ئۆپۆزسیۆنبوونە و ئەندازی ڕەوایی ئەو رەخنانەش دیسانەوە لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسی و دەستووردا واریدن. بۆیە کە رەخنە لەم ئەدائە سیاسیە ناجۆرەی یەکگرتوو و لیستی گۆڕان دەگرین لەبەر ئەوەیە ئێمەش حەقی خۆمانە قسەبکەین و رەخنەیان

لێبگرین وەک چۆن ئەوان قسەدەکەن و رەخنەدەگرن. جا ئەم ئۆپۆزسیۆنە دەیەوێت تەئریخی د.بەرهەم لە ئیدارەدانێکی سەرکەوتوو بشێوێنێ و چەواشەکردنی ئەو تەئریخەی گرتۆتە ئەستۆ. بۆیە ئەوانە دەیانەوێت لەو جەماوەریتی و ناوبانگەی د.بەرهەم بدەن کە لای خەڵکی کوردستان هەیەتی.ئۆپۆزسیۆن دەزانن ئەگەر یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانەکانیان بەرژەوەندییەکیان هەبێت لەپشتگیریکردنی د.بەرهەم، ئەوا خەڵکی کوردستان لە سەلیقەی خۆیانەوە و دوور لەبەرژەوەندی تایبەتی سەیری ئەدائی رابردووی دەکەن. بۆیە تەقیمی خەڵکی کوردستان بۆ د.بەرهەم تەقیمێکی بێ بەرژەوەندییە ولیستی گۆرانیش ئیش لەسەر شێواندنی ئەو هەڵسەنگاندنە ئیجابییەی خەڵک دەکەن کە هەڵسەنگاندێکی بێ غەلوغەشە.

جالەبەرئەوە ئیدارەی ئێستای د.بەرهەم مانگێکە دەستبەکار بووە و ناتوانی تەقیمی ئێستای بکەیت و دەبێت بگەرێیتەوە بۆ مێژووی ئەو پیاوە لە ئیدارەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان(ئیداری سلێمانی)، بۆیە برادەرانی لیستی گۆڕان دەیانەوێت ئەو تەئریخە بشێوێنن.

**باست لەوەکرد ئۆپۆزسیۆن لە کلاورۆژنەیەکی تەسک و بەرژەوەندی تایبەتەوە بیرکردنەوەکانیان لەسەر د.بەرهەم دەخەنەڕوو، لەکاتێکدا ئەوان ئەم تێهەڵچوونەیان بۆ خەمخۆری لەبەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی خەڵک دەگەڕێننەوە، پێناسە چییە بۆ بەژەوەندی گشتی بۆ ئەوەی حەقیقەتی بۆچوونەکانمان زیاتر بۆ روون بێتەوە؟**

-ئێمە دەبێت ئەو هەلومەرجەمان لەبەرچاو بێت کە تیایدا حکومەتەکەی د.بەرهەم دەستبەکاربووە، ئەمە ئەوشتەیە دوا دیداری بەڕێز عەدنان عوسمان پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان( ئەگەر بەنموونە وەریبگرین) رەچاوی نەکردووە. ئەو هەلومەرجەی کە تیادا د.بەرهەم کابینەی تێدا ئیستیلام کردووە لەساڵی 2001، کوردستان دوو ئیدارە بووە، سەدام حسێن رووی دەبابەکانی لە سلێمانی و هەولێر بووە، (تەبعەن ئەم شتانە کاک عەدنان لەبیری نییە، چونکە ئەو کاتە ئەو لەدەرەوەی وڵات بووە) گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان و عیراق بووە و ریگر بووە لەوەی ئەو شتانەی ئێستا گەنجێک لە بازارەکانی

کوردستاندا دەیبینیت، ئەوکاتە هەر وارید نەبووە لە کوردستاندا هەبێت. لەبەر ئەوە یەکێــک لەبنەماکــانی هەڵــسەنگاندنی بــابەتی  هێنــانە بەرچــاوی ئەو هەلـومەرجەیە کە تیایـدا کـابینەکەی د.بەرهەم کـاریکردووە. نەک تێروانینـی ئەمـرۆ بەسـەر هەلـومەرجی دوێنیـدا بـسەپێنی.  یەکەم شـتی زۆر گرنـگ کە د.بەرهەم لەو هەلومەجەدا کردی ڕێکخستنی  پێدانی مـووچەی مانگانەبوو کە بـۆ ئەو کـاتە شـتێکی زۆر جێگـای سـتایش وگرنگـی بـوو. خـالێکی جیـوازی تـر ئەوەیە لەماوەی کەمتـر لە دوو ساڵی کابینەکەی د.بەرهەمـدا بەشـێکی  زۆری کەرتە گرنگەکـانی کـۆمەڵگەی کـوردەواری وەک پەروەردە و تەندروسـتی و ئاســایش و نــاوخۆ و پێــشمەرگە و یادگــاری شــەهیدان و کەســوکاری ئەنفالکراوەکـان پەرە بە مـووچە وگوزەرانیـان درا. هەریەکەو بەرێژەیەکـی جیـا. هەردوو تـوێژی پەرەوەردە و تەندروسـتی بـایەخێکی زۆریـان  هەبـوو. بـۆیە ئێستاش خەڵک بەتامی ئەو کاتەوە و ئەو دستکەوتانەی کابینەکەی د.بەرهەم توانی تەحقیقی بکات تەقیمی ئەم مەسەلەیە دەکەن . بەچاوی ئەوە وە سەیری نـاکەن کە ئەمـرۆ خواسـتیان چیـیە؟ تـۆ باسـی هەرێمێـک دەکەیـت ئـابڵوقەی ئابووری دراوە، ستراتیژیترین پـرۆژە لەوکاتەدا ئیـدامەدانی ژیـانی خەڵـک بـووە. نەک مـوزایەدەی دوای نیـشتنەوەی قەیرانـی ئـابڵوقە وگەمـارۆدانی ئـابووری وبازرگانی

## کابینەی د.بەرهەم، قۆناغێکی زێڕین بوو

***کەواتە دەتوانێت بەبەراوردی بارودۆخی ئەوکاتە و ئەو پرۆژە و دەستکەوتانەی د.بەرهەم و کابینەکەی بەدەستیانهێنا، بەقۆناغێکی حکومەتداری نموونەیی ناوببرێت یان دابنرێت؟**

-بەڵێ دەتوانین، بەڵام من وەکو ئەو بەڕێزانە نامەوێت حەقی کابینەکانی تـر بخـۆم، چـونکە ئەوانـیش بەدەوری خۆیـان خزمەتـی گەورەیـان بەهەرێمـی کوردسـتان کـردووە. بەشـێک لە ئەزمـوونی حکـومڕانی لەهەرێمـی کوردسـتان بەنـــدە بەکـــابینەی یەکەم و دووەم و ســـێیەم و ئەو دەســـتکەوتانەی کە بەدیهاتوون. هەر کابینەیەک لەمنداڵدانی کابینەیەکی تـر لەدایکبـووە، ئێمە کە لەسـەر کـابینەکەی د.بەرهەم قـسە  دەکەیـن، چـونکە کـابینەکەی ئەو وەک

ئامانجێک بۆ پێکانی نارەوا لەبەرچاو گیراوە. بە تایبەتی لە راپۆرتەکەی گۆڤاری لڤین کە مانشێت و ناونیشانەکانی بیرورای بەریز عەدنان عوسمانە کەچی وەک (راستییەک) دەرخواردی خوێنەران دراوە. بیرورای پەرلەمانتارەکەی گۆران وەک بیروراکانی بەندە قابیلی هەڵە وراستییە وئیکتشافێکی رۆژنامەوانیی تێدا نییە تاوەکو راستییەکی رەها مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

پێم وایە لە هەڵسەنگاندنی کابینەی د.بەرهەم دەتوانین رەوتەکەی بکەین بەدوو بەشەوە، بەشێکیان هێشتا سەدام نەرووخاوە و ئەو ئابڵوقەیەی لەسەرە2001-بۆ نیوەی یەکەمی 2003، بەشێکی تریان دوای ئەوە دەستپێدەکات لەساڵی 2003ەوە تا نیوەمی یەکەمی 2004 لە قۆناغی دووەمدا دەست بەدانانی ئەو پرۆژە ستراتیژیانەکرا لە فرۆکەخانەی سلێمانییەوە تا زۆر پرۆژەی تر کە ئێستا قرتێلەکەی دەقرتێنرێ لەسەردەمی د.بەهەمدا بەردی بناغەکەی دانرا. وەختێ کە د.بەرهەم پرۆژەی کردنەوەی فرۆکەخانەی هێنایە ناو شاری سلێمانی، کورد خەیاڵدانی لەسەر فرۆکەخانە تەنها ئەوەبوو کە بۆمبارانت دەکات. ئەمە ئەو شتەیە کە د.بەرهەم لەوتارەکەیدا لەکاتی کردنەوەی فرۆکەخەنەکەدا ئاماژەی بۆکرد: کە ئێمە فرۆکەمان تەنها بۆ کوشتن بینیووە. یەکەم فرۆکە کە دابەزی لە کوردستاندا بۆ ئەو بەریزانەی کە لەبیریان نییە و ولاتان گەراون، چونکە خۆیان پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان نازانن، ئەوەندە بەسە کە بەبیریان بێنینەوە تا نزیکەی دوو مانگیش کە فرۆکە لە فرۆکەخانەی سلێمانی دەنیشتەوە خەڵکی لەخۆشیدا چەپڵەیان لێدەدا. لە بەرئەوە هەندێک لە رەخنەگرە (پرۆفیشناڵەکانمان) دەنگیان لەتێری دێت، چونکە ئەوانە موعاناتی ئەو کابینەیەیان نەبینییووە و خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستانیان لەبیر نییە لەو مەقتەعە مێژووییدا ، چونکە ئەوانە هاتوونەتە سەر باسێکی تر کە باسی دوای روخانی سەدام حسێن و هاتنی بەلێشاوی پارەیە بۆ کوردستان. ئەوانە بیروراکانی ئەمرۆی زەمانی تێریان بەسەر دوێنێی گەمارۆدراودا قلپدەکەنەوە و بۆ مەرامی ئینتخابی دەنگدەری ئەمرۆ فریوەدەدەن و دەخوازن وای تێبگەیەنن سەردەمی ئەوێ رۆژێ وەک ئێستا حکومەت پوشتەوپەرداخ بوو. برا ئێمە باسی زەمانێک

دەکەین کە خەڵک بە دە گەڵا خانوویەکی دەکڕی، تۆ دەزانی زیادکردنی 200 دینـاری سویـسری وەکـو مـووچە بـۆ کەسـوکاری ئەنفالکراوەکـان لەو بـارودۆخە نـاهەموارەدا چـی دەستکەوتێکی گەورە بـوو و چـی پەیوەسـتبوونێکی رۆحی دروستکرد لەنێوان کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و حکومەتدا؟

***بەڵام دەوترێت د.بەرهەم سەرکەوتوو نەبووە لە جیاکردنەوەی ئابووری حزب لە حکومەت و بەشێکی زۆری داهاتی حکومەت چۆتە قوڕگی حزبەوە؟**

-بێگومـان ئەمـانە قـسەی گـشتین نە بەرواری تێـدایە ونە رەچـاوکردنی هەلومەرجی ئەو کاتەو ئەولەویاتەکانی. من نامەوێت وەک ئەو بەرێزانە هەر لەخـۆمەوە رمـل لێـدەم و لە بەرامـبەر قـسەی زل و هەر لەخـۆوەی هەنـدێک کەسدا منـیش پێچەوانەکەی بڵێمەوە. مـن بەنمـوونەوە بـۆت باسـدەکەم. ئێمە باباسی کارنـامەی کابینەکەی د.بەرهەم بکەیـن (هەرچی د.بەرهەم کردویەتی لە سـاڵنامەی حکومەتـدایە و لەوێ بڵاوکـراوەتەوە و هەر وەزارەتە و بەجیـا و چیکـردووە و بریـاری 986 چیکـردووە تێیـدا نووسـراوە دەتـوانم بلـێم بەقەدەر ساڵنامەکانی سـەردەمی دەوڵەتـی عوسـمانی ژمـارە وداتـای تێـدایە کە بەتەنها کاری حکومەت نەبووە، بەڵکو هەمـوو ئەو ئەزمـوونە سیاسیەی لە کوردستاندا هەبـــووە تیایـــدا باســـکراوە) کە کارنـــامەی د.بەرهەم دەســـتپێدەکات تـــازە ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ سڕاوەتەوە، د.بەرهەم هەنگاوی زۆر گەورەی نـا بـۆ نزیکبـوونەوەی ئیـدارەی هەولێـر و سلێمانی لەیەکتـر. ئێمە باسـی ئیـدارەیەک دەکەیـــن لەســـلێمانی لەژێـــر دەســـەڵاتی یەکێتـــی نیـــشتیمانی کوردســـتاندا و ئیدارەیەک لە هەولێر لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بـوو. واتە ئێمە باسی فەترەیەک دەکەین لە هەیمەنەی حزبی کە کەس نەیتوانیووە خۆی لێ دەربـاز بکـات و کەسـیش لەو پاڵەوانـانەی ئەمـرۆ کە باسـی جیـاکردنەوەی حـزب لە حکومەتیـان کـردە بیـانوو بـۆ کەرتکردنـی یەکێتـی نەک نەیـانتوانی جیـایبکەنەوە، بەڵکـو یەکێکبـوون لەبەربەسـتەکانی ویەکێـک بـوون لەوانەی گەرمتـر لە خەڵکـی تـر حەزیـان لەشـەتەکدانی حـزب وحکـومەت بـوو . هەرکەسێک بچێتەوە سەر ئەو مـوفرەداتە سیاسیـانەی د.بەرهەم بەکاریهێناوە

له دەقی کارنامەکەیدا، ئەو کارنامەیەی کە ئاراستەی جەنابی مام جەلال، سەرۆکی ئەو کاتەی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) کرد، دەرک بەوە دەکات ئەو کارنامەیە موفرەداتی دیاریکراوی تێدایە کە هی ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو کاتەیە. کە موفرەداتی دروستکردنی حکومەتێکی ئیدارە مەدەنییە. و هەنگاونانە بۆ ئاشتی و هەنگاونانە بۆ پێشخستنی لایەنی ئابووری کوردستان. ئەولەویاتی ئەوکاتە ئەو ئەولەویاتانە نییە کە ئێستا خەڵک باسیدەکات. بەڕێز عەدنان عوسمان لە دیدارەکەی خۆیدا نارەوایانە دەڵێت د.بەرهەم بەڵێنی شەفافیەتی داوە. د.بەرهەم بەڵێنـــــی شـــــەفافیەتی هەر نەداوە. نەک لەبەرئەوەی لەگەڵ شەفافیەت نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتە ئەم موفرەدەیە ئەسڵەن بەکارنەهاتووە لە ئەدەبیاتی سیاسەتی کوردی و لەنووسراوەکانی دەسەڵاتی سیاسـی کوردسـتاندا. د.بەرهەم کوری کۆمەڵگەکەی خۆیەتی. راسـتە لە ئەمریکاوە گەڕابۆوە، بەڵام موفرەداتێک بەکارناهێنی کە هێشتا وەختی نەهاتووە. ئەم موفرەداتانەی کە ئەمڕۆ هەندێک خەڵک بەسەقەتییەوە بەکاری دەهێنێ و کارتەکانی پێ تێکەڵدەکات، بەرهەمی ساڵەکانی دوای روخانی سەدام حسێنە. بەرهەمی ساڵەکانی ئابڵوقەی ئابووری نییە، تۆ باس لە تێکەڵکردنی کام حزب و حکومەت دەکەیت لەکاتێکدا موجمەلی ئیداری سلێمانی ئیدارەی یەکێتی و ئیدارەی هەولێر، ئیدارەی پارتی بووە. حەزەکەم خاڵێکی تری باسبکەم. رەنگە لەکـابینەکەی د.بەرهەمـدا کەمتـرین دەسـتتیوەردانی حـزب هەبووبێـت لەکاروباری حکومەت لەبەر یەک هۆکاری زۆر گرنگ ئەویش: جەنابی مام جەلال کە سکرتێری گشتی یەکێتی نێشتیمانی کوردستانە لەهەمانکاتدا سەرۆکی هەرێمیش بوو، لەبەرئەوە ئەم ئیشکالە هەر لەئارادانەبووە، چونکە ئەوەی وەکو مەرجەعی سیاسیی کە د.بەرهەم ویستوویەتی بۆی بگەڕێتەوە و بۆی گەڕاوتەوە مام جەلالە کە لەو کاتەدا سەرۆکی هەرێم بووە. هەرچوونێکی حکومەت بۆلای مام جەلال چوون بۆ لای سەرۆکی هەرێمێکی دیانپێدانراو لەچوارچێوەی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 1992دا چوون جا کە مام لە کایەی دەسەڵاتی رەسمیدا بووبێت کێ توانیویەتی دەست لە کاروباری حکومەت وەربدات؟

نابێت دەستەواژەی جیاکردنەوەی حزب و حکومەت لەیەک موفرەدەی لەوێنەی شەفافیەت وەک چۆن لەکتێبەکاندا هەیە وەریبگرین، با باسی ئەو پێشکەوتنە ئابووری و سیاسی و ئیدارییە بکەین کە لەکوردستاندا روویانداوە وردە وردە موفرەداتی نوێ وخواستی نوێی هێناوەتە کایەوە وهیوادارم هەندێک لە پاڵەوانە تەقلیدییەکانی، وەک گروپی ریفۆرم، چیتر سواری شەپۆلی ئەو موفرەدە و خواستە نوێیانە نەبن بۆ درێژەپێدانی تەمەنی سیاسیی خۆیان. بەرێز نەوشیروان مستەفا کە جار بەجار بەدەست پرسیاری لە بابەت( ئەی خۆت بۆ لە هەژدە ساڵی رابردوودا هیچت نەکرد بۆ ئەم شتانەی ئێستا باسی دەکەیت جوابی ئەوەی پێیە (ئەوسا ئەولەویاتەکانمان جیا بوو) بەڵام ئەم موبەریرەی بۆ خەڵکی تر قبوڵ نییە وهەر رێباز وموفرەدەیەکی بە دڵبوو لە فەرهەنگ دەریدەکات و دەڵێ( بۆ واتان نەکرد)؟ لەراستیدا ئاستی ئەو دەستێوەردانانەی کە باسدەکرێت لە کابینەکەی د.بەرهەمدا زۆر زۆر کەمتر بووە لەو دەستێوەردانانەی کە بەرێز نەوشیروان مستەفا سەرکردەی لیستی گۆران کردویەتی دوای ئەوەی کە کابینەکەی د.بەرهەم نەما. کاتێک دیدارەکەی بەرێز عەدنان عوسمانم خوێندەوە لە گۆڤاری لڤیندا وامزانی شەجاعەتی ئەدەبی ئەوەی پەیداکردووە کە باسی مێژووی دەستوەردانی کاک نەوشیروان دەکات لە کاروباری حکومەتدا ، چونکە باسی هەندێک شت دەکات ( تێکەڵکردنی حزب و حکومەت) تەنها لە کاک نەوشیروان و هاورێکانی دەوەشێتەوە نەک لە د.بەرهەم. لە راستیدا عەرابی تێکەڵکردنی حزب و حکومەت لەناو سیاسەتی کوردییدا نەوشیروان مستەفایە، چونکە نەوشیروان مستەفا لەدوای ئەوەی دەستی واڵا بوو، دوای ئەوەی جەنابی مام جەلال بوو بەسەرۆک کۆمار و چووە بەغدا، بوو بەجێگری سکرتێری گشتی و سکرتێری گشتی موکەرەڕ رێک ئەو تێکەڵکردنی حزب و حکومەتی وا زەقکردەوە کە بینای مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچۆلانەوە گواستەوە بۆ نێو بینای دائیرەیەکی حکومی کە بینای ئەنجومەنی وەزیران بوو و پێم وایە مولکی پەروەردەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی تەقەکردنی (دۆستانە)ی ئەو دەمەی نەوشیروان مستەفا لە د.بەرهەم ئەوەیە کە دەستی کورتکردەوە لەدەستێوەردان

لە کاروبارەکانی حکومەتەکەی و د.بەرهەم بەقەدەر توانای ئەو کاتەی خۆی هەوڵیدا ریگری لێبکات.

د.بەرهەم کەمتــر لە ســاڵێک لە ســایەی نــازونیعمەتی بــودجەی هــاتوو لەبەغدای دوای روخانی رژێمەوە ژیا، چونکە ئەو چووە بەغدا و کابینەیەکی تر هـات و ئەو کـابینەیە لەبەر هەلـومەرجی زاڵبـوونی نەوشـیروان وگـروپەکەی کەوتە ژێر هەیمەنەی زیاتری حزبەوە، بەڵام کام حزب؟ بێگومان ئەو حزبە نا کە مام جەلال سکرتێری گشتییەتی و زۆربەی کات بە حیکمەت وهەیبەتی خۆی لە دەستوەردانی لە کاروباری حکومەت دووری دەخستەوە ، بەڵکو ئەو حـزبەی کە لە غیـابی مـام جەلالـی سـەرۆک کۆمـار وسـەرقاڵی ئەو بە ئەرکە کوردستانیی وعیراقییەکانەوە، نەوشیروان مستەفا هەوڵیدەدا پاوانی بکـات. شوکر بۆ خوا سەرکەوتوو نەبوو .

هەموو کەس دەزانێت تەئریخی حکومەتی بچووکراوە، تەئریخی کابینەکەی د.بەرهەم نییە، بەڵکو ئەو تەئریخەیە کە تێیدا کاک نەوشیروان حکومەتەی دەبردە ماڵەکەی خۆی کۆبوونەوەی پێدەکردن و خۆی بوو بووە کولفیکولی حکومەت و ئێستاش کاک عەدنان لەبەر سەرقاڵی بە حکومەتی سێبەرەوە کاتی ئەوەی نییە ئەو مەقتەعە زەمەنییەی هەیمەنەی کاک نەوشیروانمان بۆ هەڵبسەنگێنێ.

بـۆ وەبربیرهێنـانەوەش ئـارەزووی کـاک نەوشـیروان بـۆ کـۆنترۆڵکردنی حزب ئارەزوویەکی دێرینێتی، بەڵام لەبەرئەوەی کاک نەوشیروان نەیتوانی پـرۆژەکەی جێبەجـێ بکـات و هەڵیگـرت بـۆ کاتێـک کە تیایـدا د.بەهەم لە حکـومەت نەمـا و دوای ئەوە چیرۆکـی تێکەڵکردنـی حـزب و حکـومەت بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەسـتیپێکرد و هەژمـوونی حزبێـک کە نەوشـیروان مـستەفا بڕیـاردەری سـەرەکی بـوو تیایـدا ، بەسـەر حکـومەتی هەرێـمەوە دەرکەوت.

***کەواتە تۆ پێتوایە لیستی گۆڕان کە ئێستا وەک ئۆپۆزسیۆن خۆی دەردەخات لە رابردوودا بەشێک بووە لە هەوڵەکانی حزباندنی حکومەت؟**

-نەک بەشێک بووە، بەڵکو یەکێک بووە لەجێبەجێکارەکانی، ئەگەر خەڵکی تر لە کەم ئەزموونی ئیداری و سیاسییەوە تێکەڵیان کردبێت، ئەوا کاک نەوشیروان بەوپەڕی هۆشیارییەوە، بە دڵوبەگیان ئەم کارەی کرد . سەرکردەکانی لیستی گۆڕان ئەگەر گلەییەک یان داخێکیان لەدڵدا هەبووبێت لەسەر د.بەرهەم، ئەوە ئەو داخەیە کە د.بەرهەم (بەو لاوازییەی خۆیەوە )کە بەرێز عەدنان عوسمان باسیدەکات، نەیهێشت ئەوان بۆیان بچێتەسەر بەوەی خۆیان بکەن بەمەرجەع کە حکومەت هەفتانە بێتە بەردەمیان و ئەوان لەجیاتی پەرلەمان موحاسەبەی حکومەت بکەن.

## بڕوایان بە"پەیمان" نییە

***لەدرەوەی سەرۆکایەتی د.بەرهەم لە هەرێمی کوردستان، گلەیی ئەوە دەکرێت لە بەغداش هیچی وای بۆ کورد نەکردووە لەکاتێکدا بەرێزیان لە پۆستێکی حەساسدا بوون لە بەغدا و دەیتوانی کاری زۆرباش بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجامبدات، ئایا د.بەرهەم کاری کردووە و نایەوێت هەمیشە بەچاوی خەڵکدا بیداتەوە یان تەنها لەسەر ئاستی عیراق کاریکردووە و توانا و دیپلۆماسیەتی خۆی بۆ بەغدا بەکارهێناوە؟**

-یەکێک لەو کێشانەی ئێستا لە کایەی سیاسەتدا دەبینرێت لە هەرێمی کوردستادا ئەوەیە هەرکەسە و بۆخۆی رەقەم لێدەدات. برۆ سەیری ئەو ژمارە و ئامارانە بکە کە لەو کاتەدا وەک پرۆژە ئەنجامدراون و تەقیمی کابینەکەی د.بەرهەمی پێبکە. بزانە کاک نەوشیروان چەندی بەردەکەوێت و کاک بەرهەمیش چەندی بەردەکەوێت. دەتوان بڵێی د.بەرهەم لە بەغدا هیچی نەکردووە، چونکە ئەوەتانێ دەوڵەتی کوردی دانەمەزراوە، چونکە ئەگەر ئینسان لەروانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە، لەروانگەی ئایدیۆلۆژیای (گەڕی بارە ترێوە) سەیری شتەکان بکات، یەک نەتیجەی دەستدەکەوێت ئەویش ئەوەیە بڵێت: هیچ نەکراوە.

لەراستیدا دەبێت بپرسین د.بەرهەم دەیتوانی چیبکات و نەیکردووە؟ بۆ نموونە جەماعەت دەپرسن  د.بەرهەم چی دەورێکی گێرا لە باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا؟ باشە ئەی کێبوو ئاوی بە تەنگرەی

خانەقین دا کرد؟ لیستی گۆران چووە بەغدا حەلی کرد؟ بەڕێز نەوشیروان مستەفا گردەکەی بەجێهێشت و چووە بەغداو وتی: پێویستە حەلی بکەین و قبوڵ ناکەم لێتان؟

(عەهدی دەولی) کە ئەوانە فشەیان پێدێت، چونکە ئەوان فشەیان بەعەهد و پەیمان دێت، لەو پەیمانە نێو دەوڵەتییەدا 150 دەوڵەت کۆبوونەوە کە تەنانەت دەوڵەتی نەیاری عیراقیشی تێدابوو سەلماندوویانە کە فیدراڵی خیارێکی سیاسی عیراقە، سەلماندوویانە کە مەسەلەی کەرکوک لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا حەل بکرێت. ئەمە ئەو عەهدەیە کە ئێستا لەگەڵ هاتنەوەی د.بەرهەم لە بەغدا شۆڤێنییەکان هەوڵدەدەن هەڵیبوەشێننەوە و لەباری ببەن. چونکە هەندێکجار لە غیابدا دەردەکەوێت چی دەکەیت نەک لە حزوردا. تەقینەوە نەبووە لە کەرکوک د.بەرهەم نەچێت بۆ ئەو شارە. د.بەرهەم عەرابی دروستکردنی لیژنەی مادەی 140 بوو. راستە د.بەرهەم جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق بوو، بەڵام وەک سەرۆک وەزیرانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بوو، خەڵکی کەرکوک و شەنگار و مەخمور ئەم راستییە باش دەزانن. هەروەها ئەوەش دەزانن ئەوانە کێ بوون بەغدایان بەجێهێشت و حەوسەڵەیان نەبوو ئەرکی سەرشانیان تەواو بکەن، هاتنەوە کوردستان عەجزی خۆیان بە بەیتوبالۆرەی ریفۆرم شاردەوە

کاک عەدنان دەپرسێت دیپلۆماسیەت چییە؟ بێگومان دیپلۆماسیەت هەرچییەک بێت ئەوە نییە کە کاک نەوشیروان خۆی عاجزکرد و گەڕایەوە و لەسەر ناسنامەی سەماحەتی سیستانی خەریک بوو جەنگێکی ناوەختە بۆ کورد بخوڵقێنێ. د.بەرهەم چەندێک کەم ئیشی کردبێت هەر زیاترە لەوەی کاک نەوشیروان لەم چەند ساڵەدا کردوویەتی، زیارترە لەوەی کاک حەمە تۆفیق رەحیم یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی گۆڕان لە بەغدا کردوویەتی ئەوکاتەی وەزیری پیشەسازی بوو. بۆ کەرکوک چەندە کەم کرابێت زۆرترە لە سەردانەکانی ئەم چەند ساڵەی کاک نەوشیروان بۆ کەرکوک کە بۆ پرسەیەک، بۆ دوو شیش کەبابی موحسنیش بەو ناوەدا گوزەری نەکرد.

دەپرسم ساڵانە بودجەی کوردستان کێ جێگیری دەکرد؟ هەموو کەسێک دەتوانێت خاوەنداریتی لێبکات، ئەو شۆفێرەی کە پارەکەی هێناوە دەتوانێت بڵێت من کردم. بەڵام خۆ مێژوو وا نانووسرێتەوە؟

***یەکێک لەو شتانەی باسدەکرێت ئەوەیە د.بەرهەم لەئێستا و رابردووشدا وەزیرەکانی بەسەردا فەرزکراوە، بۆچی هیچ کات ئەو دەسەڵاتە بە د.بەرهەم نەدراوە خۆی کابینەکەی تەشکیل بکات و کەسانی بەتوانا و لێهاتوو بهێنێتە کابینەکەیەوە؟**

-بێگومان هەموو حکومەتێک بە تەوافوقات تەشکیل دەکرێت و تەنها یەک کەس نییە بڕیار لە پێکهاتەی کابینەی تازە دەدات. دکتۆر بەرهەم لە کوردستان سیاسەت دەکات کە نەوەکو بەریتانیایە هەموو شتێک نۆرماڵ بێت نەوەکو لوبنانیشە حکومەتەکەی نەک تەوافوقێکی ناوخۆیی، بەڵکو تەوافوقێکی ئیقلیمیشی گەرەکە.

دیسان من باسی ساڵی 2001 دەکەم کە حکومەت بەم شێوەیەی ئێستا تەشکیل نەبوو کە ئەوان باسیدەکەن. من دەپرسم کاک نەوشیروان دەستی نەبووە لەدانانی چەند وەزیرێک لە کابینەکەی د.بەرهەمدا لە ساڵی 2001؟ ئەگەر ئەمەی بۆ خەڵکی تر پێ هەڵەیە با خۆی نەیکردبایە. هەروەها باسی ئەوەشدکرێت د.بەرهەم لەوکاتەدا کابینەکەی خۆی ئیهمالکردووە و لەرێگای دەستەیەکی راوێژکارییەوە کاروبارەکانی حکومەتی بەرێوەبردووە. پیاوێک بتوانێت وەزیرەکانی ئیهمال بکات ناتوانێت دەستی هەبێت لەدانانی وەزیرەکانی کابینەکەیدا؟ بێگومان ئەوانە هیچی راست نیە نە ئەوەی کولەن وەزیرەکانیان بەسەردا سەپاندووە و نە ئەوەش وەزیرەکانی ئیهمالکردووە. نموونەیەکت دەدەمێ لە کابینەی د.بەرهەم لە ئیدارەی سلێمانیدا 3 ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەبووە دوای ساڵێک لە بردنەوەی گرەوی سەرکەوتن، بەرێز فەریدوون عەبدولقادر بوو بەوەزیری ناوخۆ و شەخسی خۆی هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەراندەوە کە کابینەی د.بەرهەم کابینەیەکی خۆشەویستە لای خەڵکی کورستان. هەروەها کاک عوسمانی حاجی مەحمود و مامۆستا جەلال جەوهەر کە ئێستا لەسەرکردەکانی لیستی گۆرانن، دوو وەزارەتی گرنگیان پێ بوو، بۆ

رازی بـــوون بەوەی د.بەرهەم ئیهمالیـــان بکـــات و گـــوایە لەرێگـــای راوێژکارەکانییەوە کاروبارەکانی حکومەت بەرێوەببات؟

تۆ باوەڕ دەکەیت ئەوانە ئامادە بوونە سەرمایەی ڕەمزی خۆیان بخەنە بـــواری کـــابینەیەکەوە کە ســـەرۆکەکەی وەزیرەکـــانی ئیهمـــال دەکـــات؟ هەریەکەیان لە ماوەی جیادا بوونەتە وەزیر، بۆ کەسیان یەکترییان ئاگادار نەکردەوە کە نەچنە ئەو حکومەتەی سەرۆکەکەی وەزیرەکانی ئیهمال دەکات وسەرۆکەکەی لاوازە و ناتوانێت ڕێگە لە هەیمەنەی حزب بەسەر حکومەتەوە بگرێت؟ من باوەڕ ناکەم ئەو بەرێزانە بەو تەعریفەی کاک عەدنان عوسمان رازی بن کە هەیبەت و مێژووی سیاسیی خۆیان لە کابینەیەکدا خەرج کردووە ئەو هەموو خراپەکاریانەی کردووە کە لە ڤیندا باس کراوە!

*